# چراکانی نیشتمان

خەلیل عەبدوڵڵا

ناوی کتێب: چراکانی نیشتمان

ناوی نووسەر: خەلیل عەبدوڵڵا

بابەت: کولتووری

نیگاری بەرگ: د.ڕێبوار سەعید

ڕێکخستنی زنجیرەی ئەلف و بێی ناوەکان: کەیوان سەعید

نەخشەسازی ناوەڕۆك و بەرگ: زانا کەمال

چاپ: چاپی دووەم

چاپخانە: ڕۆژهەڵات

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ١٠٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: (١١٥٥) ساڵی (٢٠٢١) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

**لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپکراوە**

# پێرست


پێشەکی .................................................. ١٧

أ

ئارام .................................................. ١٩

ئازاد خانەقینی .................................................. ٢١

ئازاد شەوقی .................................................. ٢٣

ئازاد هەورامی .................................................. ٢٤

ئاسۆ عومەر سوارە .................................................. ٢٦

أ.ب هەوری .................................................. ٢٩

د. ئەبوبەکر خۆشناو .................................................. ٣٠

ئەحلام مەنسور .................................................. ٣٢

ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ.................................................. ٣٣

ئەحمەد خواجە .................................................. ٣٥

ئەحمەد سەلام .................................................. ٣٧

ئەحمەد شەماڵ .................................................. ٣٩

ئەحمەد عەزیز ئاغا .................................................. ٤١

ئەحمەد کایا .................................................. ٤٣

ئەحمەد محەمەد .................................................. ٤٥

ئەحمەد موختار بەگی جاف .................................................. ٤٧

ئەحمەد هەردی .................................................. ٤٩

ئەختەر .................................................. ٥١

ئەخۆل .................................................. ٥٣

ئەسعەد مەحوی .................................................. ٥٥

ئەسیری .................................................. ٥٧

ئەفراسیاو هەورامی .................................................. ٥٩

| | |
|---|---|
| ئەکرەمی ساڵحی رەشە ........................................ | ٦٢ |
| ئەمیری حەسەن پور ........................................ | ٦٤ |
| ئەمین فەیزی بەگ ........................................ | ٦٦ |
| د.ئەمین موتابچی ........................................ | ٦٨ |
| شێخ ئەنوەر ........................................ | ٧١ |
| ئەنوەر قەرەداخی........................................ | ٧٤ |
| ئەنوەر مایی........................................ | ٧٨ |
| د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف........................................ | ٨٠ |
| ئومێد ئاشنا........................................ | ٨٢ |
| ئیبراهیم ئەمین باڵدار........................................ | ٨٤ |
| ئیبراهیم خەبات........................................ | ٨٦ |
| ئیسماعیل سەرهەنگ........................................ | ٨٨ |
| ب | |
| باکووری........................................ | ٩١ |
| بەختیار زێوەر........................................ | ٩٢ |
| بەدیع باباجان........................................ | ٩٤ |
| بەدیعە دارتاش ........................................ | ٩٧ |
| بەرزان عوسمان ........................................ | ١٠٠ |
| بەشیر موشیر ........................................ | ١٠٢ |
| بەنگینە ........................................ | ١٠٤ |
| برایم ئەحمەد ........................................ | ١٠٦ |
| بڵند حەیدەری ........................................ | ١٠٨ |
| بورهان جاهید ........................................ | ١٠٩ |
| بورهان قانع ........................................ | ١١١ |
| بێخود ........................................ | ١١٢ |
| بێدار ........................................ | ١١٣ |
| بێکەس........................................ | ١١٤ |
| بێوەی........................................ | ١١٦ |

پ
د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی ........ ١١٨
پەروینی موشیروەزیری ........ ١١٩
پیرەمێرد ........ ١٢٠
ت
تاهیر بەگ ........ ١٢٣
تاهیر تۆفیق ........ ١٢٥
تەحسین تەها ........ ١٢٦
تۆفیق وەهبی بەگ ........ ١٢٨
تیپی مۆسیقای سلێمانی ........ ١٣٠
ج
جەرجیس فە تحوڵڵا ........ ١٣٢
جەلال سەعید ........ ١٣٣
جەلال عەزیز ........ ١٣٤
جەلالی مەلەکشا ........ ١٣٧
جەلالی میرزا کەریم ........ ١٣٩
جەمال بەختیار ........ ١٤١
جەمال حەیدەری ........ ١٤٤
جەمال شاربازێڕی ........ ١٤٨
جەمال شاڵی ........ ١٥١
جەمال عەبدول ........ ١٥٤
جەمال عیرفان ........ ١٥٦
جەمال نەبەز ........ ١٥٨
جەمیل ڕە نجبەر ........ ١٦٠
جەمیل ڕۆژبەیانی ........ ١٦٢
جەمیل سائیب ........ ١٦٤
جگەرخوێن ........ ١٦٥
جیهاد دڵپاك ........ ١٦٧

ح


حاجی قادری کۆیی ........................ ١٦٨

حاجی مەکی........................................ ١٧٠

حامید فەرەج ............................................ ١٧٢

حەپسەخانی نەقیب ........................................ ١٧٤

حەریق ........................................................ ١٧٦

حەسەن جزیری ............................................ ١٧٧

حەسەن زیرەك .............................................. ١٧٨

شێخ حەسەن عەوالآنی ...................................... ١٧٩

حەسەن قزڵجی ................................................ ١٨١

حەسیب ساڵح ............................................... ١٨٣

حەسیب قەرەداخی .......................................... ١٨٧

حەکیم کاکەوەیس ........................................... ١٨٩

حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا ................................ ١٩١

حەمە جەزا ................................................... ١٩٩

حەمە حسێن هەڵەبجەیی ..................................... ٢٠٠

حەمەرەئوف کەرکوکی ...................................... ٢٠٣

حەمە ساڵح دیلان ........................................... ٢٠٥

حەمەی نێرگز ............................................... ٢٠٦

حەمدی ...................................................... ٢٠٨

حسێن حوزنی موکریانی ..................................... ٢١٠

شێخ حسێنی خانەقا .......................................... ٢١١

حسێن نازم.................................................... ٢١٤


خ


خادیم.......................................................... ٢١٦

خالید دلێر...................................................... ٢١٧

خالید زامدار.................................................. ٢١٩

خاڵە رەجەب.................................................. ٢٢٢

خەلیل خەیاڵی ........................................ ٢٢٤
خەلیل وەندی........................................ ٢٢٦
خواجە ئەفەندی ........................................ ٢٢٩
خودادادا عەلی ........................................ ٢٣١
خیام کارگەچی ........................................ ٢٣٣
د
داری ساری حەیدەر........................................ ٢٣٥
دانا جەزا ........................................ ٢٣٦
دەنگی خاك........................................ ٢٣٨
دەنگی شۆڕشی نوێ ........................................ ٢٤٢
درەخشان حەفید........................................ ٢٤٤
دلێر ئیبراهیم........................................ ٢٤٧
دڵدار........................................ ٢٤٩
دڵشاد مەریوانی........................................ ٢٥١
ڕ
رادیۆی کوردیی بەغدا ........................................ ٢٥٣
ڕازی ........................................ ٢٥٥
شێخ ڕەزای تاڵەبانی ........................................ ٢٥٦
ڕەسوڵ گەردی ........................................ ٢٥٨
ڕەسوڵ هەمزەتۆڤ ........................................ ٢٥٩
ڕەشاد موفتی ........................................ ٢٦١
ڕەشید نەجیب ........................................ ٢٦٤
ڕەشۆل ........................................ ٢٦٧
ڕەفیق حیلمی ........................................ ٢٦٩
ڕەفیق چالاك........................................ ٢٧٠
ڕەفیقی وێنەگر........................................ ٢٧١
ڕەمزی فەتاح ........................................ ٢٧٤
ڕەمزی مەلا مارف ........................................ ٢٧٦

| | |
|---|---|
| ڕەووف بێگەرد | ٢٧٨ |
| ڕەووف حەسەن | ٢٨١ |
| شێخ ڕەووفی خانەقا | ٢٨٤ |
| ڕەووف یەحیا | ٢٨٧ |
| ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقیلال | ٢٨٩ |
| ڕۆژنامەی بانگی کوردستان | ٢٩٠ |
| ڕۆژنامەی پێشکەوتن | ٢٩٢ |
| ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی | ٢٩٣ |
| د. ڕێبوار سەعید | ٢٩٤ |
| ز | |
| زاری کرمانجی | ٢٩٦ |
| زاهیر سدیق | ٢٩٨ |
| زەهرا یامولکی | ٣٠٠ |
| زێوەر | ٣٠٢ |
| س | |
| سابووری | ٣٠٣ |
| سابیر کوردستانی | ٣٠٥ |
| سادق بەهائەدین | ٣٠٨ |
| ساڵح حەیدەری | ٣١٠ |
| ساڵح زەکی ساحێبقڕان | ٣١٢ |
| ساڵح قەفتان | ٣١٤ |
| ساڵح یوسفی | ٣١٥ |
| سەبری بۆتانی | ٣١٦ |
| سەروەت سەوز | ٣١٨ |
| سەعدوڵڵا پەرۆش | ٣٢٠ |
| سەعید کابان | ٣٢٢ |
| سەعید گاباری | ٣٢٤ |
| سەعید ناکام | ٣٢٦ |

شێخ سەلام ........................................ ٣٢٩
شێخ سەلام سۆڵەیی ........................................ ٣٣١
سەلام مەنمی ........................................ ٣٣٣
سەید ئەحمەدی خانەقا ........................................ ٣٣٦
سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی ........................................ ٣٤١
سەید محەمەدی سەفایی ........................................ ٣٤٢
شێخ سەمەد خانەقا ........................................ ٣٤٤
سلێمانی شاری ڕۆشنبیری و ئەدەب ........................................ ٣٤٦
سمکۆ عەزیز ........................................ ٣٥١
سێوە ........................................ ٣٥٢
ش
شاکر خەسباك ........................................ ٣٥٣
شاکر فەتاح ........................................ ٣٥٩
شاکر مەجروم ........................................ ٣٦١
شاهۆ ........................................ ٣٦٣
د.شەفیق قەزاز ........................................ ٣٦٥
شەوکەت ڕەشید ........................................ ٣٦٧
شەماڵ سائیب ........................................ ٣٦٩
شوکروڵلای بابان ........................................ ٣٧٠
شوکور مستەفا ........................................ ٣٧٢
شوکری فەزڵی ........................................ ٣٧٣
شێرکۆ بێکەس ........................................ ٣٧٧
ع
عائیشە ڕەسوڵ ........................................ ٣٧٩
عایشە شان ........................................ ٣٨٢
ع.بەسۆز ........................................ ٣٨٤
ع.ح.ب ........................................ ٣٨٦
ع.ع.شەونم ........................................ ٣٨٨

| | |
|---|---|
| عەباس ئەلبەدری | ٣٩١ |
| عەباس ژاژڵەیی | ٣٩٣ |
| عەباسی کەمەندی | ٣٩٥ |
| مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس | ٣٩٦ |
| عەبدولخالق مەعروف | ٣٩٩ |
| د.عەبدولڕەحمانی قاسملو | ٤٠١ |
| عەبدولڕەقیب یوسف | ٤٠٢ |
| عەبدوڵلا پەشێو | ٤٠٥ |
| عەبدوڵلا جەوهەر | ٤٠٧ |
| عەبدوڵلا ساڵح شارباژێڕی | ٤٠٩ |
| عەبدوڵلا لوتفی | ٤١٢ |
| عەبدوڵلا میدیا | ٤١٤ |
| عەبدولواحید نوری | ٤١٦ |
| عەتا چاوشین | ٤١٨ |
| عەدنان کەریم | ٤٢١ |
| شێخ عەزیزی خانەقا | ٤٢٤ |
| عەزیزی مەلا ڕەش | ٤٢٦ |
| عەلادین سەجادی | ٤٢٨ |
| مەلا عەلی | ٤٢٩ |
| عەلی ئەشرەف دەروێشیان | ٤٣٠ |
| عەلی سیدۆ گۆرانی | ٤٣٢ |
| عەلی عارف ئاغا | ٤٣٣ |
| عەلی کەمال بەگ | ٤٣٥ |
| عەلی مەردان | ٤٣٧ |
| عەلی ناجی | ٤٣٨ |
| عەلی ناجی عەتار | ٤٤٠ |
| عوسمان خۆشناو | ٤٤٣ |
| عوسمان چێوار | ٤٤٥ |

عوسمان شاربـاژێڕی........................................ ٤٤٨
عوسمان شەیدا ........................................ ٤٥٠
عوسمان سەبری ........................................ ٤٥٢
عوسمان عوزێری ........................................ ٤٥٣
عوسمان عەلی........................................ ٤٥٥
عوسمان هەورامی........................................ ٤٥٧
مولازم عومەر........................................ ٤٦٠
عومەر ئەمین........................................ ٤٦٤
عومەر رەزا ........................................ ٤٦٦
عومەر ساقی........................................ ٤٦٨
عومەر عەبدولڕەحیم........................................ ٤٧١
عومەر عەلی ئەمین ........................................ ٤٧٢
عومەر مەعرووف بەرزنجی ........................................ ٤٧٤
عومەری مەکتەبە ........................................ ٤٧٩
عیزەت بەگی جاف ........................................ ٤٨٢
عیزەدین مستەفا رەسوڵ ........................................ ٤٨٤
عیزەدین فەیزی........................................ ٤٨٧
د. عیسمەت شەریف وانلی........................................ ٤٨٩

غ

غازی بـامەڕنی........................................ ٤٩١
غەسان نەعسان........................................ ٤٩٤
غەفور رەشید داراغا........................................ ٤٩٨
غەمناك........................................ ٥٠٠

ف

فاتمە محێدین ........................................ ٥٠٢
د. فازیل مەلا مەحمود ........................................ ٥٠٥
فازیڵ قەفتان ........................................ ٥٠٧
فایەق گوڵپی ........................................ ٥١٠

فایەق هۆشیار ........................ ٥١٣
فە تحی ........................ ٥١٥
فەرهاد شەریف ........................ ٥١٧
فەرەیدون عەلی ئەمین ........................ ٥١٩
فەلەکەدین کاکەیی ........................ ٥٢١
فەهمی قەرەداغی ........................ ٥٢٢
ق
قادر دیلان ........................ ٥٢٤
قادر زیرەك ........................ ٥٢٧
قادر کابان ........................ ٥٢٩
قالە مەڕە ........................ ٥٣١
قانع ........................ ٥٣٤
قەدری جان ........................ ٥٣٦
قەناتی کوردۆ ........................ ٥٣٧
ك
کاردۆخی ........................ ٥٣٨
کاکە حەمەی خانەقا ........................ ٥٣٩
کاکەمەم بۆتانی ........................ ٥٤١
کاکەی فەلاح ........................ ٥٤٥
د. کامەران بەدرخان ........................ ٥٤٦
کامەران موکری ........................ ٥٤٧
د.کامیل بەسیر ........................ ٥٤٨
کانی ........................ ٥٤٩
د. کاوس قەفتان ........................ ٥٥٢
کاوێس ئاغا ........................ ٥٥٤
کەریمی حسامی ........................ ٥٥٦
کەریم زانستی ........................ ٥٥٧
کەریم زەند ........................ ٥٥٩

کەریم شارەزا ........ ٥٦١
کەریمی عەلەکە ........ ٥٦٣
کەریم قەرەنی ........ ٥٦٥
کەریم کابان ........ ٥٦٧
کەمالی ........ ٥٦٩
کەمال جەلال غەریب ........ ٥٧٠
کەمال رەووف محەمەد ........ ٥٧٢
کەمال سابیر ........ ٥٧٥
د.کەمال فوئاد ........ ٥٧٧
کوردستان لە ویژدانی جەواهیریدا ........ ٥٧٩
کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد ........ ٥٨٢
کۆڕی زانیاریی کورد ........ ٥٨٥
کۆمەڵەی کوردستان........ ٥٨٦

گ

گوڵبەهار ........ ٥٨٧
گۆران........ ٥٨٩
گۆڤاری گەلاوێژ........ ٥٩١
گیوی موکریانی ........ ٥٩٥

ل

لەتیف حامد ........ ٥٩٧
شێخ لەتیفی حەفید ........ ٥٩٨
شێخ لەتیف قەرەداخی ........ ٦٠٠

م

ماجید مستەفا........ ٦٠٣
شێخ مارف بەرزنجی........ ٦٠٦
د. مارف خەزنەدار ........ ٦٠٩
شێخ مارفی نودێ ........ ٦١٠
مام جەلال ........ ٦١٢

مام جەلال لووتکەی گەورەیی ........................ ٦١٥

مەحمود جەودەت ........................ ٦١٧

شێخ مەحمودی حەفید ........................ ٦٢٠

مەحمود زامدار ........................ ٦٢٢

مەحمودی مەلا عیززەت ........................ ٦٢٣

مەحوی ........................ ٦٢٥

مەدهۆش ........................ ٦٢٧

مەرزییەی فەریقی ........................ ٦٢٨

مەزهەری خالقی ........................ ٦٣٠

مەسعود محەمەد ........................ ٦٣٤

مەعرووف جیاوك ........................ ٦٣٦

مەلای جزیری ........................ ٦٣٨

مەلیحە نەزهەت ........................ ٦٣٩

محەمەد ئەمین زەكی ........................ ٦٤٣

محەمەد تۆفیق وردی ........................ ٦٤٤

مەلا كاكە حەمەی حاجی سەیفوڵڵا ........................ ٦٤٦

مەلا محەمەدی چروستانی ........................ ٦٤٨

شێخ محەمەدی خاڵ ........................ ٦٥٠

محەمەد دانش ........................ ٦٥٢

محەمەد ڕەسوڵ هاوار ........................ ٦٥٣

محەمەد عارف سیامەنسوری ........................ ٦٥٥

محەمەد عارف جزیری ........................ ٦٥٦

محەمەد عەزیز قەفتان ........................ ٦٥٧

محەمەد عەلی عەونی ........................ ٦٥٩

محەمەد عومەر عوسمان ........................ ٦٦٠

محەمەد قودسی ........................ ٦٦٢

محەمەدی ماملێ ........................ ٦٦٤

محەمەدی مەلا كەریم ........................ ٦٦٦

محەمەد مەولود مەم ........................................ ٦٦٨
محەمەد موکری ........................................ ٦٦٩
مریەم خانی خانەقا ........................................ ٦٧١
مستەفا پاشا یامولکی ........................................ ٦٧٤
مستەفا ساڵح کەریم ........................................ ٦٧٦
مستەفا سایب ........................................ ٦٧٨
مەلا مستەفای سەفوەت ........................................ ٦٨٠
مستەفا سلێمان ........................................ ٦٨١
مستەفا شەوقی ........................................ ٦٨٣
مستەفا مەجیدخەزنەدار ........................................ ٦٨٦
مستەفا مەزهەر ........................................ ٦٨٩
مستەفا نەریمان ........................................ ٦٩١
موجتەبای میرزادە ........................................ ٦٩٣
موحەرەم محەمەد ئەمین ........................................ ٦٩٤
موسا عەنتەر ........................................ ٦٩٦
موفتی پێنجوێنی ........................................ ٦٩٧
مونیرە قەفتان ........................................ ٦٩٩
میر جەلادەت بەدرخان ........................................ ٧٠٣
میرزا مەنگوڕی ........................................ ٧٠٥
مێجەرسۆن ........................................ ٧٠٧

ن

ن ئاری ........................................ ٧١٠
ناری ........................................ ٧١١
ناسح حەیدەری ........................................ ٧١٢
نەجمەدین مەلا ........................................ ٧١٣
نەسرین شیروان ........................................ ٧١٥
نەسرین فەخری ........................................ ٧١٦
نەوشیروان مستەفا ........................................ ٧١٩

شێخ نوری شێخساڵح.................................................. ٧٢٢
نوری عەلی ئەمین.................................................. ٧٢٤
نوری غەربی.................................................. ٧٢٧
نوری وەشتی.................................................. ٧٣٠
ه
هاشم عەلی مەندی .................................................. ٧٣٢
هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد .................................................. ٧٣٦
هێمن.................................................. ٧٣٩
هۆشیار قەفتان.................................................. ٧٤١
و
وەفایی .................................................. ٧٤٤
د. وریا عومەر ئەمین .................................................. ٧٤٦
ولیەم یوحەننا .................................................. ٧٤٨
ی
یەحیا ئەفەنی .................................................. ٧٥١
یەحیا مەرجان .................................................. ٧٥٣
یەشار کەمال .................................................. ٧٥٤
یەکێتیی نوسەرانی کورد .................................................. ٧٥٨
یەڵماز گۆنای .................................................. ٧٦٠

# پێشەکی

**چراغی فیکری رووناکی، لەهەر شوێنێ کە داگیرسا**
**شەوی تاریکی وەك رۆژە، خەراباتی گوڵستانە**

**( بێکەس )**

**چراکانی نیشتمان، بیۆگرافی کەسایەتییە کولتوورییەکانو هەندێ بابەتی دیکەی پەیوەندیداری لەخۆگرتووە. لەم کتێبەدا تیشکم خستۆتە سەر ژیانو بەرهەمەکانی ئەو کەسایەتییانەی کە هەریەکەیان لەبوارێکدا خزمەتیان بەکاروانی کولتووریی کوردستان کردووەو شوێن پەنجەی رەنگینیان دیارە.**

**زانیارییەکانی ئەم کتێبەم، لەچەند سەرچاوەی جیاوازەوە وەرگرتووەو پاش شەنو کەوکردنو لێکۆڵینەوە، رێکمخستووەو دامڕشتووەو بابەتەکانم پێ دەوڵەمەندتر کردووە.**

**ئەم کتێبەم بەشێوەی ئینسکلۆپیدیا و بەپێی زنجیرەی ئەلف و بێی کوردی رێکخستووە، تاوەکو خوێنەر بەئاسانی ناونیشانەکان لە پێڕست بدۆزێتەوەو زانیاری وەربگرێت.**

**ساڵی ٢٠١٧ بەرگی یەکەمی کتێبی چراکانی نیشتمانم چاپکرد، کە ١٨٣ چرای لەخۆگرتبوو. ئەمجارە بەرگی یەکەمو دووەمم، بەپێی زنجیرەی ئەلف و بێی کوردی، لەدووتوێی ئەم کتێبەدا تێهەڵکێش کردووەو بەهەمووی ٣٥٤ چرایە.**

ئەم کتێبە بەرهەمی ٦ ساڵ گەڕانو کارکردنو ماندووبوونو شەونخوونییە، بۆ نووسینی بیۆگرافی ئەو کەسایەتییانەی لەقۆناغە جیا جیاکاندا خزمەتیان بەکاروانی رۆشنبیریو هونەری کوردستان کردووەو بەبیری رۆشنو بەرهەمەکانیان، وەك چرایەکی داگیرساو سەرانسەری کوردستانی گەورەیان رووناك کردۆتەوە.

هیوادارم ئەم کتێبە خوێنەران بەژیانو بەرهەمو کارەکانی ئەو کەسایەتییە ناودارانە ئاشنا بکاتو کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە.

بەپێویستی ئەزانم سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم، کە هەریەك بەشێوەیەك هاوکارییان کردم بۆ ئەوەی ئەم کتێبە رووناکی ببینێو چاپو بڵاو بکرێتەوە. بەتایبەت بۆ:

* وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.

* هەموو ئەو بەڕێزانەی هاوکارم بوون، لەپێدانی زانیاری و وێنە و بەڵگەنامە و نەخشاندنی نیگاری بەرگ و ڕێکخستنی زنجیرەی ئەلف و بێی ناوەکان و کاری تایپ و هەڵەبڕی و دیزاینکردنی بەرگ و ناوەوەی کتێبەکە.

* سوپاس بۆ هەر کەسێك، گەر بە وشەیەکیش هاوکاری کردبم.

خەلیل عەبدوڵلا

تشرینی یەکەمی ٢٠٢١

# ئارام



شەهید ئارام سەركردەیەكی دیار و ڕوناكبیری كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بوو، ڕۆڵی دیاری لە بواری سیاسی و ڕوناكبیردا هەبووە. لە غیابی سەركردایەتیی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستاندا، وەك ڕابەری كۆمەڵەو سەرۆكی كۆمیتەی هەرێمەكان ڕەفتاری كرد و هیمەتێكی گەورەی شۆڕشگێڕانەی نواند بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ ، بە ئەندازیاری ئەو دەستپێشخەرییە مێژووییە دادەنرێ.

شاسوار جەلال سەعید غەنی، كە لە خەباتی شار و شاخدا بە ئارام ناسراوە. ساڵی ١٩٤٧ لە گەڕەكی مەڵكەندیی شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا تەواو كردووە ، ساڵی ١٩٧٠ بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لەكۆلیجی بازرگانیی زانكۆی بەغدا بەدەستهێناوە.

ئارام لە سەرەتای دامەزراندنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە پەیوەندی كردووە و ڕۆڵی دیاری لە گەشەپێدان و بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕەكانیدا هەبووەو بایەخێكی زۆریشی بە ڕێكخراوەكانی خوێندكاران و لاوان داوە و یەكێك لە كادیرە دیار و هەڵسوڕاوەكانی ئەو دوو ڕێكخراوە بووە.

ئارام تێكۆشەرێكی ئازا و بەهەڵویست بووە و ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی كردووە و لەدوای شكستی ئەو شۆڕشە، لە تێكۆشان لە كۆمەڵەدا بەردەوام بووە و ڕۆڵێكی دیاری لە ئامادەكارییەكانی

دەستپێکردنەوە و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێدا هەبووە. هەر لەو پێناوەشدا گیانی خۆی بەخشی. جگەلە بواری سیاسی، ئارام بایەخێکی زۆریشی بە بواری فکری و ڕۆشنبیری داوە، لە ساڵی (١٩٧٢)ەوە وتارەکانی لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاو دەکردەوە . لە وتارەکانیدا بایەخی بەبیروباوەڕی چەپ و ئەزموونی خەباتی گەلان داوە و بەشێکی ئەو وتارانەی کە ساڵانی ١٩٧٢ و ١٩٧٣ لە و ڕۆژنامەیەدا بڵاوی کردونەتەوە، ساڵی ١٩٨٢ لە شاخ و لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی (ئارام و بزووتنەوەی ئینتەرناسیونالیستی)، کە مەلا بەختیار پێشەکی بۆ نووسیوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەشێکی دیکەی نووسینەکانی بە ناوی (هەڵبژاردەیەك لە نووسینەکانی شەهید ئارام)، کە نەجمەدین عەزیز (سالار) پێشەکی بۆ نووسیوە، لە ساڵی ١٩٨٠ لە چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ لە گوندی زەڵێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی، لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشێکی نووسینەکانی شەهید ئارامی لە دووتوێی کتێبێکی دوو بەرگیدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە. ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی (ی. ن. ك) لە چوارچێوەی چاپکردنەوەی ئەدەبیاتی شۆڕشی نوێدا، بەشێك لە بەرهەمەکانی ئارامی چاپ و بڵاوکردۆتەوە. ساڵی ٢٠١٢ فەرید ئەسەسەرد نامیلکەیەکی بە ناوی (ئارام و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی سیاسیدا) بڵاوکردۆتەوە و نامیلکەکە لێکۆڵینەوەیەکی وردە تیشك ئەخاتە سەر بیر و تێڕوانینە سیاسییەکانی ئارام.
ڕۆژی ٣١ی کانونی دووەمی ١٩٧٨ ئەم سەرکردە و ڕوناکبیرو گەورەیە بەدەستی خائینانی کورد شەهید کرا و لە گوندی تەنگیسەری ناوچەی قەرەداخ بە خاك سپێردرا.

# ئازاد خانەقینی



ئـــازاد خانـــەقینی هونەرمەنـــدێکی شۆڕشگێڕ و دیاری کوردستانە و لەڕێی هونـەری گـۆرانی بەگشـتی و سـروودە نیشتمانییەکانی بەتایبەتی، خزمەتێکی زۆری بـەکولتووری کـوردی کـردووە و ڕۆڵـی دیاری لـە جۆشدانی پێشمەرگە و جـەماوەردا هـەبووە و هونەرەکـەی هاوشانی چەکی پێشمەرگە لەسەنگەردا بووە.

ئازاد وەهاب عەبدولڕەحمان، کە بە ئازاد خانەقینی ناسراوە. ساڵی ١٩٥٨ لە شاری خانەقین لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە خانەقین و ئامادەیی کشتوکاڵی لە قەزای خاڵس تەواو کردووە. ئازاد هەر لە منداڵییەوە خولیای هونەری گۆرانی بووە و بۆ یەکەمجار لە یەکی ئایاری ١٩٧١ وەك کـۆرس بەشـداری ئاهـەنگێکی گـۆرانی لـە کۆمپانیـای نـەوتی خانەقین کردووە. ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ ژمارەیەك هاوڕێیدا تیپی مۆسیقای خانەقینیان دامەزراند و بەهۆی دەرکردنی کاسێتێکی گۆرانی بە زمانی کوردی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی بەعسەوە تووشی گرتن و ڕاونان بوونەوە.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد و لە گوندی توژەڵە بووە ئەندامی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان و لەوێ لەڕێی هونەر و سروودە نیشتمانییەکانییەوە ڕۆڵی دیاری هەبوو لە جۆشدانی خەبات و

گیانی بەرگری، سروودەکانی( ئاسودە بن و کەڵکی قەیوان ) لە ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە هاوشانی چەکی پێشمەرگە لە سەنگەردا بوون.
لەدوای ڕاپەرین ئازاد خانەقینی بەردەوام بوو لە کاری ڕاگەیاندن و هونەری، لە هەردوو بواردا خزمەتی زۆری کرد.
لە بواری دۆکیومێنتکردنی مێژووی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا شوێن پەنجەی دیارە و ئەو مێژووەی لە ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١) لە چوارچێوەی کتێبێکدا بەناوی (مادێنا، مێژوو و بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) نووسی و بڵاوکردەوە.
ئەم هونەرمەند و تێکۆشەرە ناسراوەی کوردستان لە ڕۆژی ١ی ئایاری ٢٠٠٦ لە تەمەنی ٤٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

# ئازاد شەوقی



ئازاد شەوقی هونەرمەندێكی شێوەكاری دیاری كوردستانەو لەرێی ئەو هونەرەوە خزمەتێكی گەورەی بەهونەری كوردی كردووە.
ساڵی ١٩٢٩ لەشاری هەولێر لەدایك بووە.
لەشارەكانی دیوانیەو كەركوكو بەغدا خوێندویەتیو ساڵی ١٩٥٥ پەیمانگای هونەرە جوانەكانی بەغدای تەواو كردووە.
ئازاد شەوقی ژیانی خۆی بۆ خزمەتی هونەر تەرخان كردبوو، لەو چوارچێوەیەدا بەدەستو پەنجە رەنگینەكەی سەدان تابلۆی جوانی نەخشاندووەو چەندین پێشانگای لەسەرئاستی كوردستانو عێراقو جیهان كردۆتەوە. تابلۆكانی ئاستێكی بەرزی هونەرییان هەبووەو جێگەی سەرنجی هونەرمەندانو هونەردۆستان بوون.
مامۆستا شەوقی وەك مامۆستای هونەر لەقۆناغە جیاجیاكانی خوێندن لەشاری سلێمانی خزمەتی كردووەو ١٣ ساڵ سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەری بووە. بایەخی زۆریشی بە وێنەو نیگاری منالاًن داوەو یەكەم شانۆی منالاًنیشی لەسلێمانی دامەزراندووە.
یەكەم مۆزەخانەی فۆلكۆری جلوبەرگی كوردی لەسلێمانی دامەزراندووەو بەشداربووە لە دامەزراندنی مۆزەخانەی فۆلكلۆری زانكۆی سلێمانی.
ئازاد شەوقی خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی هونەریو پەروەردەییەو شوێن پەنجەی بەگەشەپێدانی هونەری شێوەكاری كوردییەوە دیارە.
ئەم هونەرمەندە گەورەیەی كورد لەرۆژی ١٠ی ئابی٢٠٠٢ كۆچی دوایی كرد.

# ئازاد هەورامی



ئازاد هەورامی سەرکردەیەکی رووناکبیرو دیارو ناسراوی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

من ساڵی ١٩٨٧ بۆیەکجار لەبەرگەڵو بەدیداری ئەم سەرکردە مەزنە ئاشنا بووم، ئەوکاتە پێشمەرگە بووم لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان ، بەرێکەوت لەرێی هاوڕێی پێشمەرگایەتیم ( رزگار مەحموود) لەبەرگەڵو ئەو سەرکردەیەم ناسی و دیدارێکی کورت و راگوزاریمان کرد، لەو دیدارە کورتەدا بەلوتف و رووی خۆشی سەرنجی راکێشام، ئەوەی لام مایەوە سادەیی و خاکەڕایی ئەو سەرکردەیە بوو. ئەوە یەکەم بینین و دوا دیدار بوو.

ئازاد هەورامی سەرکردەیەکی دیاری کوردستان بوو، ئەو پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ و ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان و ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو سەرباری ئەرکە زۆرەکانی لەخەباتی سەختی شاخدا، لایەنی هونەری فەرامۆش نەکردبوو، لەو هەلومەرجە دژوارەدا دوانەی تفەنگ و گیتارەکەی لەکۆڵدا بوو، هونەریشی وەك چەك و پێداویستییەکی فیکری تێکۆشان سەیر ئەکرد و سروودە شۆڕشگێرییەکانی گەواهی ئەو راستیەن و لەدوا هەناسەو ساتەکانی شەهید بوونیدا وەك هاوڕێکانی باسی ئەکەن بەوپەڕی ورەی بەرزی شۆڕشگێڕانەوە سروودی رێی خەباتمانی وتۆتەوە.

ئازاد عەبدولمەجید عەبدولغەفار ناوی تەواوی ئەم سەركردەیەیەو بەئازاد هەورامی ناسراوە.
ساڵی ١٩٥٤ لەگەڕەكی ئیمام قاسمی شاری كەركوك لەدایك بووە، بەرەچەڵەك خەڵكی ناوچەی تەوێڵەی هەورامانەو هەر بۆیەش نازناوی هەورامی هەڵگرتووە.
تاپۆلی شەشەمی ئامادەیی لەشاری كەركوك خوێندووەو بەهۆی سەرقاڵی سیاسییەوە نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات.
سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بەیەكێتیی قوتابیانی كوردستانەوە كردووەو وەك پێشمەرگەش بەشداری شۆڕشی ئەیلولی كردووە.
ئازاد هەورامی خاوەنی بیروباوەڕی چەپ بووە، هەر بۆیەش لەساڵی ١٩٧٣ەوە پەیوەندی بەكۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانەوە كردو هەوڵو خەباتێكی بێوچانی دا بۆ بڵاوكردنەوەو بەرجەستەكردنی بیرو باوەڕی رێكخراوەكەی. ساڵی ١٩٧٦ لەشۆڕشی نوێدا بووە بەپێشمەرگەو لەناوچەی چەمی رێزان مەفرەزەیەكی سەرەتایی دروستكردو درێژەی بەتێكۆشانی سیاسیو پێشمەرگانە داوە. چەندین بەرپرسیارێتی باڵای لە ناو كۆمەڵەو یەكێتیدا هەبووەو لەساڵی ١٩٧٨ بە ئەندامی مەكتەبی سیاسیی یەكێتی دیاریكراوە. بەرپرسی چەندین ئۆرگانی كۆمەڵەو یەكێتی بووە، لەوانە: بەرپرسی (لقی دووی كەركوكی یەكێتی، دەزگای رۆشنبیری كۆمەڵە، مەڵبەندی بادینانی یەكێتی).
ئەم سەركردە مەزنو دیارەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەدوا قۆناغەكانی ئەنفالو لە رۆژی ٣٠ی ئابی١٩٨٨ لە گوندی كونەكۆتری دۆڵی باڵەیان بەهۆی بۆردومانی فڕۆكەكانی رژێمی بەعسەوە بەسەختی بریندار بوو، بەیانیی رۆژی دواتر لە كاتی گواستنەوەی لە شێخ ئایشەوە بۆ ئاڵوەتان بەهۆی سەختی برینەكەیەوە شەهید بوو.

# ئاسۆ عومەر سوارە



ئاسۆ عومەر سوارە هونەرمەندو نووسەرو میدیاکارێکی ناسراوی کوردستان بوو، لەرشتەکانی شانۆو سینەماو دراماو نووسین‌و میدیاو ئارشیف خزمەتێکی زۆری بەگەل‌و نیشتمانەکەی کردو لەو بوارانەدا شوێن پەنجەی رەنگینی دیارە. ئاسۆ عومەر حاجی محەمەد قوربانی ناوی تەواوی ئەو کەسایەتییە کولتوریەو بەئاسۆ عومەر سوارە ناسراوە.

لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوودا لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. بەڕەچەڵەك خەڵکی شاری پێنجوینی دڵگیرن، بەڵام خانەوادەکەی لەدوای بوومەلەرزەکەی ساڵی ١٩٤٦ی شارۆچکەی پێنجوینەوە ئەو شارۆچکەیەیان بەجێهێشت‌و لەشاری سلێمانی گیرسانەوە. ئاسۆ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی‌و ئامادەیی لەشاری سلێمانی تەواو کرد، دواتر لەپەیمانگەیی تەکنیکی بەغدا بڕوانامەی دبلۆمی لەبواری کارگێڕی بەدەستهێنا.

هێشتا خوێندکاری قۆناغی سەرەتایی بووە، کەخولیای هونەر بووەو بەو تەمەنە کەمەوە بۆتە جێگەی سەرنج‌و بایەخی مامۆستاکانی هونەری قوتابخانەکەی‌و پێی سەرسام بوون.

لەقۆناغی ناوەندی توانا هونەرییەکەی زیاتر دەرکەتووەوە. هەر بۆیەش تیپی هونەری لاوانی سلێمانی بەشانازییەوە بەئەندام وەریانگرتووە، ئەندامێکی چالاكو زرنگ بووە.

ساڵی ١٩٧٩ کە تەمەنی ١٥ ساڵ بووە، لەشانۆگەری (دڵدارانی باران) لەفیستڤاڵێکدا لەشاری هەولێر بەشداری کردووەو وەك ئەکتەرێکی کارامەو بەسەلیقە بۆتە جێگەی سەرنجی ئامادەبوانی نمایشەکە.

ئاسۆ عومەر سوارەی هونەرمەندی فرە بەهرە،لەدوای راپەرین زیاتر دەرکەوتو بووە ئەستێرەیەکی دیاری بواری هونەرو میدیا، بەهۆی کارە جوانو ناوازەکانی لەناو دڵو دەروونی خەڵکی کوردستاندا جێگەی خۆی کردەوەو بووە خۆشەویستی هەمووان .

وەك هونەرمەندێکی بەئەزموونو قاڵبووی هونەر لەرشتەکانی شانۆو دراماو سینەما، چەندین بەرهەمی جوانو ناوازەی پێشکەش کردو لەترۆپکی ئەو هونەرانەوە زیاتر ناسرا. بەشداری لەدەیان کاری هونەریدا کردووەو درامای گەردەلولو فیلمی ژانی گەل نموونەی دووکاری هونەری بەرزی ئەونو ئاسۆیان لەلوتکەدا نیشان دا.

ئاسۆ لەبواری میدیاشدا رۆڵێکی دیاری بینیو بەتوانایەکی بەرزی هونەریو رۆشنبیرییەوە،چەند بەرنامەیەکی رەنگینی پێشکەش کرد، بەرنامەی پێشبڕکێی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانو بەرنامەی وێنەکانی دوێنێی کەناڵی کوردسات ، دوو بەرنامەی زیندوو بوون، شاهیدی توانای بەرزی هونەریو رووناکبیری ئەو بوونو بینەرێکی زۆری بۆ ئەو دوو کەناڵە کێش کردبوو.

ساڵانێکی زۆریش لەبنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ لەبواری کارگێڕیو رۆشنبیری خزمەتی کردو زۆربەی فیستڤاڵەکانی ئەو بنکەیەی وەك پێشکەشکارێکی بەئەزموونو سەرکەش بەڕێوە برد.

ئاسۆ لەبواری نووسینیشدا خاوەنی خامەیەکی رەنگینو سەنگین بوو، کتێبەکانی( پێنجوێن مەملەکەتی گوڵەزەردە)و ( سلێمانیو خاکی) دوو شاکاری مەزن ئەونو مێژووی پێنجوێنو سلێمانی لەدوو کتێبی دۆکۆمێنتاریو ئەرشیفیدا بەرجەستە کردووە.

(سنوور)و (رەبەن) ناوونیشانی دوو پرۆژەی نووسراوی دیکەی هونەری ئەو بوون، مەرگ دەرفەتی نەدا بەچاوی خۆی بیانبینێ.

کاکە ئاسۆ پیاوێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بوو، هەر لەسەرەتای گەنجییەوە تێکەڵاوی جووڵانەوەی سیاسی بوو، لەنێو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا خەباتی لەدژی رژێمی بەعس کرد. بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکانییەوە تووشی گرتنو ئەشکەنجەو ئازاردان بۆوەو چەند ساڵێکی تەمەنی لاوی لەزیندانی فاشیستەکانی بەغدا بەسەر بردو لەکەناری مردن گەڕایەوە. سەربەرزانە ساڵی ١٩٨٨بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

ئەم هونەرمەندە بەتواناو فرە بەهرەیە، رۆژی ٣٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ بەنەخۆشی جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کردو لەرێورەسمێکی میللیو رەسمیدا لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

مەرگی لەناکاوی کاکە ئاسۆ کۆستێکی گەورە بوو، سەرجەم گەلی کوردستانی بەدەنگو رەنگە جیاوازەکانەوە خەمبار کردو لەدڵەوە بۆی گریانو فرمێسکی خەمیان بۆ هەڵڕشت.

# أ. ب هەوری



ئـــەدیبو نوســـەرێکی دیـــارو ناســـراوی کوردســـتانەو خزمـــەتێکی زۆری بەکایـــەکانی کولتووری کوردستان کردووە.

ئەبوبەکر شێخ جەلال موفتی ناوی تەواوی ئەم ئەدیبەیەو لەدنیای ئەدەبدا بە (أ. ب هەوری ) ناسراوە. ساڵی ١٩١٥ لەگوندی چنارە لەدایك بووەو ساڵی ١٩٢٥ بەماڵەوە چونەتە شاری سلێمانی. لەسلێمانیو بەغدا قۆناغـەکانی خوێندنی تـەواو کـردووەو زیـاتر لـە ٣٠ساڵ وەك مامۆسـتاو بەڕێوەبـەر خزمەتی بەبواری پەروەردە کردووە.

مامۆستا هەوری لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای جیهانی ئەدەبو هونەر بووەو بەشیعر دەستی پێکردووەو خاوەنی چەندین پارچە شیعری جوانو ناسکە. دواتر وەك نوسەرو ئەکتەر بایەخی بەهونەری شانۆ داوەو بەرابەرو سەرمەشقی ئەو بوارە دادەنرێت. بەرهەمەکانی لە ( گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە، هەتاو و بڵێسە) بڵاوکردۆتەوە.

دواتـر بەرهەمـەکانی بەشـێوەی کتێـب بڵاوکردۆتـەوە لەوانـە (دڵـداریو پەیمانپەروەری، ئازارو ئاوات، بیری ئازادی ڕێگەی رزگارییە، بوکی ژێر دەواری رەش، مەولەوی شای شاعیرانی کورد لەسەدەی نۆزدەهەمدا، دەستوری زمانی کوردی بەپیتی عەرەبی)و چەندانی تر. ئەم رونـاکبیرە هەڵکەوتووەی کوردستان کە نزیکەی نیو سەدە خزمەتی بە بوارەکانی پەروەردەو ئەدەبو هونەری شانۆ کرد، لە رۆژی ٨ی نیسانی ١٩٧٩ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

# د. ئەبوبەکر خۆشناو



د. ئەبوبەکر خۆشناو، کەسایەتییەکی سیاسی و ڕوناکبیری دیاری کوردستانە و وەك پێشمەرگە و ڕوناکبیر خزمەتی بە گەلی کوردستان کردووە و شوێن پەنجەی بەبوارەکانی ڕوناکبیری و ڕۆژنامەگەرییەوە دیارە.

ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی خۆرانی بناری چیای سەفین لەدایك بووە. لە هەولێر و بەغدا خوێندویەتی و خوێندکاری بەشی زمانی ئینگلیزیی کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا بووە، بەهۆی ئاشکرابوونی لە کاری سیاسی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات و زانکۆی بەجێهێشتووە و لە مانگی ئایاری ١٩٨٠پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە.

بەهۆی ئەوەی خولیای نووسین و کاری ڕۆشنبیری بوو، لە شاخیش بایەخی بەو بوارە داوە و یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و لە بواری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی خزمەتێکی زۆری لە شاخ پێشکەش کردووە.

سەرباری ئەوەی خۆشناو وەك ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بواری سیاسی خزمەتی کرد و چەندین پۆست و لێپرسراوێتی حزبی وەرگرتووە. بەڵام لە کایەی ڕوناکبیریش هەر بەردەوام بووە و بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە. ماوەی ٨ ساڵ بەرپرسی بەشی ڕوناکبیریی مەکتەبی ڕێکخستن و سەرنوسەری گۆڤاری ڕێبازی نوێ بووە و

سەرپەرشــتی دەرکردنــی ٤٥ ژمــارەی ئــەو گۆڤــارەی کــردووە. لــە بــواری وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە و چەندین کتێبی ناوازەی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە. خاوەنی سەدان وتار و ۳۸ کتێب و نامیلکەی چاپکراوە لە بوارەکانی ئەدەب و سیاسەت و روناکبیریدا.

ساڵی ۲۰۰۱ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردی بە دەستهێنا و تێزی ماستەرەکەی بە ناوونیشانی (شیعری بەرەنگاریی کوردی ۱۹۷۵-۱۹۹۱) بووە. ساڵی ۲۰۰٦ نامەی دکتۆرای بە ناوونیشانی (جیاوازی و نوێگەری لەنێوان گۆران و ئیمایوشیج) لە ئەدەبی کوردی وەرگرتووە.

ئەم سیاسەتمەدار و ڕوناکبیرەی کوردستان، ڕۆژی ۲٥ی تەموزی ۲۰۱۱ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. بەڵام ناو و ناوبانگ و بەرهەمەکانی بەنەمری دەمێننەوە.

# ئەحلام مەنسور



ئـــەحلام مەنســـور، نـــاوێکی دیـــارە لـــە نێوەنـدی ئـەدەب و ڕۆشـنبیریی کـوردی. وەك ژنێکــی بــوێر و یــاخیو دژەبــاو لــە گەرمەسێرەوە هاتـە نـاو کایـەی خـەباتی سەختی ڕۆشنبیری و شارستانیو شوێن پەنجەی بە خزمەتکردنی ئەو بوارانەوە دیارە.

ئـەحلام سـاڵی ١٩٥١ لـە شـاری خانـەقین لـەدایك بـووە. لەوشـارە و بەغـدا خوێندویـەتیو سـاڵی ١٩٧٤ بەشـی کوردیی کـۆلیجی ئـەدەبیاتی زانکـۆی بەغــدای تــەواو کــردووە و هــەر لەهــەمان شــار بڕوانامــەی ماســتەری بەدەسـتهێناوە. لـە سـەرەتای حـەفتاکانی سـەدەی ڕابـردووەوە وەك ژنێکـی ئازاو پێشەنگ هاتۆتە ناو دنیای ئەدەبو نووسینەوە ، وەك چیرۆکنووس و ڕۆمــاننووس و نووســەر خزمــەتی کــردووە و بەرهەمــەکانی ڕەنگدانــەوەی واقعـی ژیـانی کۆمەڵایـەتیی کۆمـەڵی کوردەواری بەگشـتی و شـاری خانـەقین بەتایبەتی بووە. کۆمەڵە چیرۆکی (پرد) بە نۆبەرەی بەرهەمەکانی دادەنرێت و دواتــر بەڕۆمانــەکانی( ئامــە ڕەش و ئــەڵوەن ) توانــا و ســەلیقەی بــەرزی ئەدەبی خـۆی سـەلماند. بێ لـە چیرۆك و ڕۆمـان، ئـەحلام مەنسـور وتاریشـی نووسیوەو وتارەکانی بەوپەڕی ئازایەتییەوە نووسیوە و ڕەخنـەی لـە دیـاردە دزێوەکان گرتووە.

ئەحلام وەك کەسێکی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆش لە هـەردوو زانکـۆی سلێمانی و کۆیە خزمـەتی بە ڕەوتـی خوێنـدن و فێربوون کـردووە. ئـەو ژنـە هەڵکـەوتووەی کـورد لـە ڕۆژی ١٠ی کـانونی دووەمـی ٢٠١٣ بـۆ دواجـار لـە شـاری سـلێمانی ماڵئـاوایی کـرد و لـە گـۆڕسـتـانی (خـدری زنـدە) لـە شـاری خانەقینی زێدی خۆی بە خاك سپێردرا.

# ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ



ئەحمەد بەی تۆفیق بەگ كەسایەتییەكی ناسراوو ناوداری بنەماڵەی خەندانی شاری سلێمانی بوو، لە رشتەكانی كارگێڕیو تەشریعیو رۆشنبیریو هونەری خزمەتێكی زۆری بەشاری سلێمانیو كوردستان كردووە.

ساڵی ١٨٩٨ لەشاری سلێمانی لەدایك بووەو هەر لەو شارە خوێندوویەتی.

لەدوای كۆتایی هاتنی یەكەمین جەنگی گێتی، هاوكاری جوڵانەوەی نیشتمانیی شێخ مەحموودی حەفید كردووە.

ساڵی ١٩٢٢ بەئەندامی (جەمعییەتی كوردستان ) هەڵبژێردرا كە مستەفا پاشا یامولكی سەرۆكی بوو.

لەگەڵ چەند كەسایەتییەكی شاری سلێمانی (كۆمەڵەی مودافەعەی وەتەن)یان دامەزراندووەو خۆی بەسەرۆكی كۆمەڵەكە هەڵبژێردراوە.

دوای روخاندنی حكومەتی شێخ، چۆتە بەغداو لە ٢٠ی كانوونی دووەمی ١٩٢٤ لەگەڵ ( شێخ قادری حەفید، عیزەت بەگی جاف، میرزا فەرەجی حاجی شەریف، محەمەد بەگی فەتاح پاشا) وەك نوێنەری پارێزگای سلێمانی بوونە ئەندامی (ئەنجومەنی تەئسیسی عێراق).

ساڵی دواتر، لەرۆژی ٧ی ئازاری ١٩٢٥ بەپارێزگاری سلێمانی دانراو وەك یەکەم پارێزگاری سەردەمی پاشایەتیی عێراق دەستەبەکار بوو.
لە پۆستی پارێزگاردا خزمەتێکی زۆری لەرشتەکانی ئاوەدانیو پەروەردەو رۆشنبیریو هونەریو رۆژنامەگەری پێشکەش کرد.
پشتیوانێکی بەهێزی دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستیی کوردان بوو، لە ١٣ی نیسانی ١٩٢٦ ئەو کۆمەڵەیە دامەزراو وەك پشتیوانییەکی مەعنەوی کۆمەڵەکە، خۆی وەك پارێزگار بوو بەسەرۆکی دەستەی کارگێڕی، کۆمەڵەی زانستیی کوردان خزمەتی زۆری لە بوارەکانی خوێندەواریو رۆشنبیریو هونەری پێشکەش کرد.
ئەحمەد بەگ هاوکاری زۆری کردنەوەی قوتابخانەی کچانی لەسلێمانی کرد، لەرۆژی ٢١ی نیسانی ١٩٢٦ ئەو قوتابخانەیە بەناوی قوتابخانەی زەهرای کچان کرایەوە، خزمەتێکی زۆری بەبواری خوێندنو پەروەردەی کچانو بوارەکانی دیکەی هونەریو رۆشنبیری لەو سەردەمەدا کرد.
ئەحمەد بەگ تا رۆژی ٩ی نیسانی ١٩٢٧ بەپارێزگاری سلێمانی مایەوە. جارێکی تر لەرۆژی ٢٨ی ئەیلولی ١٩٣٠ بۆتەوە بەپارێزگاری سلێمانی و تا رۆژی ٢٨ی نیسانی ١٩٣٤ لەو پۆستەدا ماوەتەوەو خزمەتی کردووە.
پاشان بووە بەپارێزگاری هەولێرو تا ٢٤ی ئازاری ١٩٣٩ لەو شارە خزمەتی کردووە. دواتر بووە بە پشکنەریی کارگێڕی لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق.
ساڵی ١٩٤١ لەوەزیفە خانەنشین بووە. ساڵی ١٩٤٣ وەك نوێنەری شاری سلێمانی بەئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردراوە.
ساڵانی کۆتایی ژیانی دوور لەکاری سیاسیو کارگێڕی لەشاری بەغدا بەسەر برد.
رۆژی ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردو چووە بەر دلۆڤانی خودا.

# ئەحمەد خواجە



ئەحمەد خواجە، کەسایەتییەکی گەورەی ڕوناکبیری‌و مێژووییە. لە ڕشتە جیاجیاکاندا خزمەتی زۆری بە بوارەکانی ئەدەب و مێژووی کورد کردووەو زیاتر وەك مێژوونووسێك ناسراوە، کتێبی (چیم دی)، کە لە دووتوێی چوار بەرگدا چاپکراوە، بەگەنجینەیەکی بەنرخ دادەنرێت بۆ گێڕانەوەی مێژووی ڕووداوەکانی سەردەمی شێخ مەحموودی حەفید.

ئەحمەد خواجە کوڕی عەزیز کوڕی عوسمان ئاغای ئەردەڵانە. ساڵی ١٩٠٣ لە سلێمانی لە دایك بووە. لە حوجرەی باوکی و قوتابخانەی ئاسایی خوێندویەتی‌و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. کەسێکی دڵسۆز و جێگەی متمانەی شێخ مەحموودی نەمر بووە، هەربۆیەش وەك گەنجینەداری خۆی دایناوە و زۆرجاریش نامەی پێدا ڕەوانە کردووە بۆ بەرپرسانی ئێران و ڕوسیا. ئەحمەد خواجە بە حوکمی ئەوەی کە نووسەر و ڕوناکبیر بووە، شێخ مەحموودی نەمر کردوویەتی بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال) ، ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بووە و زمانحاڵی ڕەسمی حکومەتی کوردستانی خواروو بووە. بایەخی

بــەبوارەکانی سیاســـی و ئـــەدەبی و کۆمەڵایـــەتی داوە و داکۆکییـــەکی شێلگیرانەی لـە مافی سـەربەخۆیی گـەلی کوردسـتان کـردووە. یەکـەم ژمـارەی ڕۆژنامەکە لە ڕۆژی ٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٣ دەرچووە و تا ١٥ی مایسی ١٩٢٤ بەردەوام بووە و ٢٥ ژمارەی لێدەرچووە.

ئەحمـەد خواجـە خـاوەنی چـەندین بەرهـەمی بەنرخـە لەوانـە: (چـیم دی-٤بـەرگ، ١٠١ پیـاوی کـورد، مامۆسـتا پـەری، فەرهـەنگی کـوردی، بلانجـۆ-وەرگێـڕان). ئـەم کەسـایەتییە گەورەیـەی کوردسـتان لـە ڕۆژی ٤ی ئـازاری ١٩٩٧ لـە شـاری بەغـدا کۆچـی دوایـی کـرد و تەرمەکـەی برایـەوە بـۆ شـاری سلێمانی و لەوێ لە گردی سەیوان بە خاك سپێردرا.

# ئەحمەد سەلام



ئەحمەد سەلام کەسایەتییەکی دیاریی ئـەدەبی و رووناكبیریی كوردسـتانە، لەرشـتەكانی پـەروەردەو ئـەدەب و وەرگێڕانـدا خزمـەتێكی زۆری بەگـەل و نیشتمانەكەی كردووەو خاوەنی زیاتر لـە ۲۰ كتـێبی چـاپكراوەو سـەدان وتـاری لـە گۆڤـارو رۆژنامـەكانی كوردستان و عێراقدا بڵاوكردۆتەوە.

ئەحمـەد سـەلام سـەعید كـە بەئەحمـەد سەلام ناسراوە، ساڵی ۱۹٤۱ لەگەڕەكی كانێسكانی شاری سلێمانی لەدایك بووە.

لەبەرئەوەی وەزیفەی باوكی لەشاری كـەركوك بووە، بەماڵـەوە چوونەتە ئەو شـارەو قۆناغـەكانی خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەیی لەشـاری كـەركوك تـەواو كـردووە. بـۆ خوێنـدنی زانكـۆی چـۆتە شـاری بەغـداو سـاڵی خوێندنی (۱۹٦٤–۱۹٦٥)، بەكالۆریۆسی لە زمانی كوردی لەكۆلیجی ئادابی زانكۆی بەغدا بەدەستهێناوە.

مامۆسـتا ئەحمـەد هـەر زوو تێكـەڵاوی جوڵانـەوەی سیاسـی بـووەو سـەرەتا لـەرێكخراوی یـەكێتیی قوتابیـانی كوردسـتانەوە دەسـتی پێكـردووە. لەبەرئەوەی خاوەنی بیری نەتـەوەیی بـووە لـەناو ریزەكانی كاژێكدا خـەباتی كردووە. وەك پێشمەرگەش بەشداری شۆڕشـی ئـەیلولی كـردووەو لەئیزگـەی شۆڕش خزمەتی كردووە.

ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووەو لە لقی سلێمانی خزمەتی زۆری پێشکەش کردووە.

مامۆستا ئەحمەد سەلام لەبواری پیشەکەی خۆی بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ وەك مامۆستاو یاریدەدەرو بەڕێوەبەر لەقوتابخانەکانی شاری سلێمانیو دەوروبەری خزمەتی کردووەو خوێندکارانی بەبیری نەتەوەییو نیشتمانی گۆش و پەروەردە کردووە.

مامۆستا ئەحمەد هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە، خولیای ئەدەب بەگشتیو شیعر بەتایبەتی بووە.

خاوەنی چەندین پارچە شیعرە کە لەبوارە جیاجیاکاندا نووسیویەتی، بەشی زۆری شیعرەکانی شیعری نەتەوەییو نیشتمانینو لەدوو توێی چەند کتێبێکدا چاپکراون.

بێ لەشیعر، مامۆستا ئەحمەد چیرۆکیشی نووسیوەو چیرۆکەکانی لەدوو توێی دوو کتێبدا بەناوەکانی ( رەچێتەی ژانو ژیان)و (رۆژگارە خەماوییەکان) چاپکراون.

هەروەها چیرۆکیشی بۆ منالان نووسیوەو لە گۆڤارەکانی (هەنگو گۆران)و گۆڤارو رۆژنامەکانی تردا بڵاوی کردونەتەوە.

مامۆستا ئەحمەد سەلام وەرگێڕێکی باشیش بوووەو چەند کتێبێکی بەنرخو ناوازەی لەزمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

مامۆستا ئەحمەد سەلام زیاتر لەنیو سەدە لەبوارەکانی ئەدەبو وەرگێڕانو پەروەردەو خوێندنو تێکۆشانی کوردایەتیدا خزمەتی کردو شوێن پەنجەی لەو بوارانەدا دیارە.

رۆژی ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ کۆچی دوایی کردو لەزێدی خۆی لەشاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# ئەحمەد شەماڵ



ئەحمــەد شــەماڵ ، یــاخود ئەحمــەدی خولــە ســنەیی هونەرمەنــدێكی میللــی كوردســـــتانەو خزمـــــەتێكی زۆری بـــــە هونەری میللی كوردستان كردووە.
ئەحمـــەد مـــەحمود محەمـــەد، نـــاوی تـــەواوی ئـــەم هونەرمەندەیـــەو لـــەناو خەڵكــدا بەئەحمــەدی خولــە ســنەیی، یــاخود ئەحمــەد شــەماڵ ناســراوە. ئــەم هونەرمەنـــــدە بەڕەچـــــەڵەك خـــــەڵكی خۆرهـەڵاتی كوردسـتانەو بـەهۆی كـاری كاروانچـێتییەوە بـاوك و بـاپیری لـە شـاری سـنەوە هاتوونەتـە شـاری سـلێمانی و لـەو شـارە نیشـتەجێبوون.
ئەحمەد شەماڵ، ساڵی ١٩٢٢ لە گەڕەكی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایك بـووە. كەسـێكی ڕەنجـدەر بـووە و ئیشـوكاری قورسـی وەك كاروانچـێتی و تونچێتی كردووە و ژیانێكی سەخت و دژوار، بەڵام سەربەرزانە ژیاوە.
لەسەرەتای گەنجییەوە خولیای هونـەری گـۆرانی بـووەو وەك هونەرمەنـدێكی خاكی و میللی لە بۆنەو ئاهەنگەكاندا گۆرانی وتووە. زۆربـەی گۆرانییـەكانی گـۆرانی فولكلـۆری، یـاخود لـە هۆنینـەوەی خـۆی بـوون و ڕەنگدانـەوە و ئاوێنەی ئەو ژیانە كولەمەرگیە بووە كە بەسەری بردووە.

ئەم هونەرمەندە نزیکەی نیو سەدە خزمەتی بە هونەری کوردی کردو ٦٧ گۆرانی تۆمارکراوی هەیە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، وەك پێویست ئاوڕ لەم هونەرمەندە نەدراوەتەوەو تیشك نەخراوەتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ساڵی ٢٠١٦ لە یادی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی هونەرمەند ئەحمەد شەماڵدا،کەسایەتیی نیشتمانیو کولتوورپەروەر (د. تەها ڕەسوڵ ) لەسەر ئەرکی خۆی پەیکەرێکی بۆ دروستکرد و لە زێدی هونەرمەند لە گەڕەکی چوارباخی سلێمانی دانرا. ئەم هونەرمەندە خاکی و زەحمەتکێشە لەرۆژی ٣ی نیسانی ١٩٩٧ بەهێمنی و بەهۆی نەخۆشییەوە بۆ دواجار لە شاری سلێمانی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

# ئەحمەد عەزیز ئاغا



مامۆستا ئەحمەد عەزیز ئاغا یەكێك لەمامۆستا رۆشنبیرو پێشەنگەكانی شاری سلێمانییە، لەبواری پەروەردەدا خزمەتێكی زۆری بەخوێندكاران و رەوتی خوێندن و زمانی كوردی كردووە.

مامۆستا ئەحمەد خزمەتێكی زۆری بەزمان و رێنووس و ئەلف و بێی كوردی كردووەو بەیەكێك لە پێشەنگە دڵسۆزەكانی ئەو بوارە دادەنرێت.

ساڵی ۱۹۲۹ كتێبی ئەلف و بێی بۆ خوێندكارانی پۆلی یەكەمی سەرەتایی دانا و لەچاپخانەی فورات لەبەغدا چاپی كرد،ئەو كتێبە كتێبێكی سادەو ساكار بوو بۆ ناساندنی پیتە كوردییەكان بەخوێندكارانی كورد دانابوو.

ئەو كتێبە بووە بە بناغەیەك كە دوای ئەو مامۆستا حامید فەرەج ئەلف و بێیەكی تری بەناوی (ئەلف و بێی كوردی) لەساڵی ۱۹۳٦ دانا.

دوای ئەویش مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار لەساڵی ۱۹٤۸ئەلفوبێیەكی تری بەناوی ئەلف و بێی نوێ دانا كە كتێبێكی جوانی وێنەدار بوو، بەزمانێكی كوردی پاراو نووسرابوو.

ئەحمـەدی کـوڕی عـەزیز ئاغـا کـوڕی عەبـدوڵڵا ئاغـا نـاوی تـەواوی ئـەم کەسایەتییە پەروەردەییە، ساڵی ١٨٩٤ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە.

لەقوتابخانـەی ئـاینی و روشـدییەی مـەدەنی خوێندوویـەتی و لەسـەردەمی حوکمـداری مـەلیك مـەحموددا وەك مامۆسـتا خزمـەتی کـردووەو دەرسـی بەخوێندکاران وتۆتەوە.

دواتر وەك فەرمانبەر لە فەرمانگەکانی پارێزگای سلێمانی خزمەتی کردووە.

مامۆسـتا ئەحمـەد کەسـێکی زیـرەك و بـەتوانا و قسـەخۆش و خۆشەویسـت بووە.

ئەم کەسایەتییە پەروەردەییە گەورەیە لەساڵی ١٩٦٨ بۆ دواجار ماڵئاوایی کرد.

# ئەحمەد كایا



ئەحمەد كایا هونەرمەندێكی دیار و كوردپەروەری كوردستانەو لە ڕێـــی گـــۆرانی و موزیكـــەوە خزمـــەتێكی زۆری بـــە ڕەوتـــی هونـــەری كـــوردی و جۆشـــدانی گیـانی كوردایـەتی لـە بـاكوری كوردسـتان كـردووە. كایـا سـاڵی ١٩٥٧ لـە شـاری مەڵاتیـەی بـاكور لەدایك بووە، بەخانەوادەوە كۆچیان كردووەو لە ئەستەنبوڵ گیرساونەتەوە. ئەستەنبوڵ بۆ كایا مەیدانی كاری سیاسی و نان پەیداكردن و خولیابوونی بە هونەر و شیعر بووە. كایا بۆ بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەكەی سڵی لە هیچ كارێك نەكردۆتـەوە، كـاری شـۆفێری و كرێكاری و فرۆشیاری گـەڕۆكی كردووە.

ئەو ژیانە وای لێكردووە زیاتر بە خەمە چینایەتی و نیشتمانییەكان ئاشنا بێ، شیعرو هونەری گۆرانی كردۆتە مینبەرێك بۆ ئەوەی ئێش و ئازارەكـانی میللەتەكەی لێوە دەربڕێ . لەو چوارچێوەیەدا سـاڵی ١٩٨٥ یەكـەم ئـەلبومی گـۆرانی خـۆی بـەناوی (مـەگری بچـكۆل)ی بڵاوكـردەوە . ئـەو ئەلبومـە لەبەرئەوەی ناوەرۆكێكی سیاسی هەبوو، لەلایەن دەوڵەتی توركیاوە قەدەغە كـرا. ئـەوەش بـووە هـۆی ئـەوەی كـە كایـا زیـاتر دەربكـەوێ و ئەسـتێرەی

بدرەوشـێتەوە. لەلایـەن خـەڵکی بـاکورەوە نازنـاوی گۆرانیبێـژی هـەژارانی پێبەخشـرا. بـەهۆی هەڵوێسـتە سیاسـی و گۆرانییـە نیشـتمانییەکانییەوە لەلایـەن حکومـەتی تورکیـاوە زۆر دژایـەتی کـراوە، بۆیـە بەناچـاری وڵاتـی بەجێهێشت و لەپاریس نیشتەجێ بووە.

ساڵی ١٩٩٩ بە غیابی لەتورکیا سزای ١٠ساڵ زینـدانی بەسـەردا سـەپێنرا. ئەم هونەرمەندە گەورەیەی کورد، لـە ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەمی٢٠٠٠ لـە تەمـەنی ٥٨ سـاڵیدا لـە دوورە وڵات و لـەپاریس کۆچـی دوایـی کـرد و لەگۆڕستانی ناودارانی ئەو شارە بە خاك سپێردرا.

# ئەحمەد محەمەد



ئەحمەد محەمەد شاعیرێكی ناوداری كوردستانە، ئەو ڕێچكەیەكی تایبەتی لەشیعر نووسیندا گرتۆتە بەر، ئەویش نووسینی شیعری گۆرانییە، زۆرترین شیعری جوانو ناسكی ڕۆمانسی بۆ گۆرانی نووسیوە. لەم بوارەدا شاسوارێكی بێ هاوتایە. زیاتر لە ٣٠٠ تێكستی شیعری لەسەرانسەری كوردستانی گەورەدا كراوە بەگۆرانی، چەندین هونەرمەندی ناودار شیعرەكانیان كردووە بەگۆرانیو ئاوێزانی موزیكیان كردووەو سەدایەكی سیحراویان پێبەخشیوە.

هونەرمەندان ( كەریم كابان، ناسری ڕەزازی، عەدنان كەریم، ئاڤان جەمال، كەمال محەمەد، دیاری قەرەداخی، دانا غەنی، ڕێبوار بەنگینە، لەیلا فەریقی، هانی)و چەندانی تر شیعرەكانی ئەحمەد محەمەدیان كردووە بەگۆرانی.

شیعرە جوانو بەرزەكانی ئەحمەد محەمەد جێگەی سەرنجی شاعیرانو هونەرمەندانی ناسراوی كوردستان بووە. هەریەك لە( شێركۆ بێكەس، ئەنوەر قەرەداخی، بێژەن كامكار، ناسری ڕەزازی، نامدار قەرەداخی) لەگۆشەنیگای جیاوازەوە، تیشك دەخەنە سەر شیعرەكانی ئەحمەد محەمەدو وەك شاعیرێكی بەتواناو تایبەتمەندی بواری شیعری گۆرانیی كەم وێنە بۆی دەڕوانن، كە خاوەنی زۆرترین شیعری ئەو بوارەیەو بێ ركابەرە.

شێرکۆ بێکەس بە ئارمی شیعری گۆرانی کوردی وەسفی کردووە.
ئەحمەد محەمەد، ساڵی ١٩٦٧ لەگەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایك بووە.
قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەو شارە تەواو کردووە.
لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای دنیای شیعر بووە، لە کۆتایی هەشتاکاندا شیعرەکانی بڵاوکردۆتەوە. خاوەنی چەندین نامیلکەی شیعرییە لەوانە: ( عەشقباران، ئەستێرەباران، حۆزگەی وەریو، دەشتی نێرگز، وەرزی گۆچان، هەتاوی سارد).
زۆربەی شیعرەکانی ناو ئەو نامیلکانەی کۆکردۆتەوەو لە دوو تویی دیوانێکدا بەناوی (تەمەن) چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.
چەند ئەلبومێکی شیعرەکانی بەدەنگی خۆی و( باست حەمە غەریب، د. دڵشاد مستەفا، شوان عەتوف، ناهد حسێنی) لەگەڵ موزیکدا بڵاو کراوەتەوە.
چەندین کۆڕی شیعر خوێندنەوەی لەشارەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات سازداوە، جەماوەرێکی زۆر بەشداری کۆڕەکانیان کردووە.
لەپای ئەو خزمەتە زۆرەی لەرێی شیعرەکانییەوە پێشکەشی کردووە، چەندین خەڵاتی رێزلێنانی لەلایەن ناوەندە رۆشنبیری و میدیایی و هونەری و زانستییەکانەوە پێبەخشراوە.
لەلایەن نووسەران و توێژەرانەوە لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی نووسراوەو بەسەرسامی لەجوانی شیعرەکانی راماون!.

# ئەحمەد موختار بەگی جاف



کەسایەتییەکی نیشتمانیو کۆمەڵایەتیو شاعیرو چیرۆکنووسێکی گەورەو پایەبەرزی کوردستانەو لەرێی بەرهەمە ئەدەبیەکانییەوە خزمەتێکی زۆری بەبوارەکانی ئەدەبیو کولتووری کوردستان کردووە.

ئەحمەد بەگی عوسمان پاشای محەمەد پاشای کەیخوسرەو بەگی جاف کە بەئەحمەد موختار بەگی جاف ناسراوە . لەساڵی ١٨٩٨ لەئامێزی خێزانێکی ناوداری هەڵەبجە هاتۆتە دنیاوە، باوکی کەسایەتییەکی مەزنو سەرداری هۆزی گەورەی جاف بووە، عادیلە خانمی دایکیشی ژنێکی ناودارو هەڵکەوتوو بووە.

ئەحمەد موختار لەشاری هەڵەبجە خراوەتە بەرخوێندنو قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ خوێندووە. لەرێی مامۆستای تایبەتەوە زمانو ئەدەبی عەرەبیو فارسیو تورکیو ئینگلیزی خوێندووە.

ئەحمەد موختار کەسایەتییەکی دیاری کۆمەڵایەتیو ئیداریش بووەو لەساڵانی ١٩١٩ تا ١٩٢٤ قائیمقامی شاری هەڵەبجە بووەو خزمەتی باشی پێشکەش بەخەڵكو ناوچەکەی کردووە. ساڵی ١٩٢٤بەئەندامی ئەنجومەنی تەئسیسی عێراق وەك نوێنەری عەشیرەتی جاف هەڵبژێردراوە، دواتر

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بووەو لەرێی خەباتی پەرلەمانییەوە بەرگری لەمافەکانی گەلی کورد کردووە. ئەحمەد موختار شاعیرێکی گەورەیە، هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە بایەخی بەشیعر داوەو لەژێر کاریگەری شیعرەکانی تاهیر بەگی برایو حافزو سەعدی شیرازیدا بووە. خاوەنی چەندین شیعری بەرزی نیشتمانیو نەتەوەییە، بەشیعرەکانی بەرگریی لە مافەکانی گەلی کوردستان کردووە. بێ لەبواری نیشتمانی، ئەحمەد موختار چەند دەقێکی شیعری جوانی بۆ عیشقو خۆشەویستی نووسیوە. هەموو شیعرەکانی لەدوو توێی دیوانێکدا چاپ کراوەو خاوەنی دیوانی خۆیەتی. بێ لەشیعر، ئەحمەد موختار جاف چیرۆکیشی نووسیوەو لەو بوارەدا بەپێشەنگو رچەشکێن دائەنرێو خاوەنی چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ە کە لەکۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوودا نووسیویەتیو ساڵی ١٩٧٠ د. ئیحسان فوئاد پێشەکی بۆ نووسیوەو چاپی کردووە. ئەم ئەدیبو کەسایەتییە گەورەیەی کورد لەرۆژی ٥ی شوباتی ١٩٣٥ لەلایەن دەستێکی چەپەڵو غەدارەوە تیرۆر کراو لەگۆڕستانی عەبابەیلێی نزیك هەڵەبجە بەخاك سپێردرا.

# ئەحمەد هەردی



ئەحمەد هەردی شاعیر و تێکۆشەرێکی ناوداری کوردستانە و خزمەتێکی گەورەی بەدنیای شیعر و ئەدەبی کوردی و کاروانی تێکۆشانی کوردایەتی کردووە.

ئەحمەد حەسەن عەزیز بەگ، کە بە ئەحمەد هەردی ناسراوە. ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٤١ بووە بەمامۆستا. هەردی هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی بووەو بەشیعرە ئاگرینەکانی کوانووی خەباتی کوردایەتی جۆشداوە و لەسەر شیعرە بەناوبانگەکەی (ئازادی خوای کوردین ئێمە) زیندانی کراوەو لەوەزیفە دەرکراوە.

هەردی ساڵی ١٩٥٧ یەکەم کۆمەڵە شیعری بە ناوی (ڕازی تەنیایی) بە چاپ گەیاندووە، ئەو شیعرە جوان و بەرزانەی ناو ئەو کتێبە، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووەو زیاتر هەردی ناساندو ناوبانگی دەرکرد. بێجگە لەمەیدانی ئەدەب، لە مەیدانی سیاسەتیشدا کاری کردووەو لە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیدا (کاژیک)یان دامەزراندووە و خۆی بەرپرسی یەکەمی بووە. لە ساڵی ١٩٦٣ چۆتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلولەوە و هەردەم لە ڕیزی

گەلەکەیدا بووە. ساڵی ١٩٩٢ وەك پەناهەندەیەك لە وڵاتی بەریتانیا گیرسایەوە. هەردی بەهۆی ئەو توانا ڕۆشنبیرییەی هەیبووە ، وەك موحازر لە زانکۆکانی سلێمانی و سەلاحەدین وانەی ئەدەبی کوردی پێشکەش کردووە. ئەندامی یەکێتیی نوسەرانی کورد بووە و ماوەکیش سەرۆکی لقی سلێمانی بووە. سەرباری ئەوەی شاعیر بووە، لێکۆڵینەوەشی لە بواری شیعر و ئەدەبدا کردووە و خاوەنی کتێبی (کێشی عرووز لە شیعری کوردی)یە. ئەم پیاوە هەڵکەوتووەی کوردستان لە ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ بۆ دواجار ماڵئاوایی کردو لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

بەهۆی هەڵویستی ڕاستگۆیانەی نیشتمانی و بەخششەکانی لە دنیای شیعرو ئەدەبی کوردیدا، ئەحمەد هەردی وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئاسمانی وڵاتدا ئەمێنێتەوە.

# ئەختەر



ئەختەر شاعیرێکی ناوداری کوردستانەو لەچەند رشتەیەکی ئەدەبی و هونەریدا خزمەتی بەکاروانی کولتووری کوردستان کردووە.

ئەمین ئاغای کوڕی حاجی بەکر ئاغای کوڕی محەمەد ئاغای حەوێزی ناوی تەواو ئەم شاعیرەیەو لەدنیای ئەدەبدا بەئەختەر ناسراوە. ئەختەر وشەیەکی فارسییەو بەمانای ئەستێرە دێ.

ئەختەر ساڵی ١٨٣٩ لەگەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیەی مەڵبەندی رۆشنبیری و هونەر لەدایك بووە.

لەئامێزی خانەوادەیەکی روناکبیرو ئەدەب پەروەردا گەورە بووە. حاجی بەکر ئاغا(قاسد)ی باوکیشی شاعیر بووە.

ئەختەر خراوەتە بەر خوێندنی ئاینی و لەسوختەخانەی مزگەوتی گەورەی کۆیە دەرسە ئاینیەکانی خوێندووە. لای مەلا سمایلی مەنتك دەرسی فارسی خوێندووە. لەگەڵ ئەسعەد ئاغای برای ماوەیەك لەبەغدا خوێندوویانە.

بەهۆی کۆچی دوایی باوکیەوە ، لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا واز لەخوێندن دێنێ و جێگەی باوکی ئەگرێتەوەو ئەبێ بەسەرۆکی بنەماڵەی حەوێزییان و ئەرکی بەرێوەبردنی بنەماڵەو دیوەخان لەئەستۆ ئەگرێت.

ئەختەر سەرۆکێکی جیاوازو دیوەخانێکی جیاوازی هەبوو، لەبەرئەوەی کە خولیای ئەدەبو هونەر بوو، دیوەخانەکەشی بوو بووە مەڵبەندێکی ئەدەبیو رۆشنبیریو هونەریو جێژوانی ئەدیبانو رووناکبیران بوو.

حاجی قادری کۆییو کەیفیو شێخ رەزای تاڵەبانی میوانی هەمیشەیی ئەم دیوەخانە ئەدەبییە بوون.

ئەختەر، ئاغایەکی سادەو خاکی بوو، کەسێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بووەو لەسەر هەڵوێستەکانی لەلایەن عوسمانییەکانەوە تووشی لێپرسینەوەو دوور خستنەوە بووە.

ئەختەر هەر سەرەتای ژیانی گەنجییەوە بایەخی بەئەدەب بەگشتیو شیعر بەتایبەتی داوەو مرواری شیعرەکانی هۆنیوەتەوەو خاوەنی چەندین شیعری بەرزو جوانی رشتە جیاجیاکانی دڵداریو خۆشەویستیو نیشتمانییە.

ئەختەر شاعیرێکی بەتوانا بووەو بەزمانەکانی کوردیو عەرەبیو تورکیو فارسی شیعری نووسیوە.

بێ لەشیعر، ئەختەر بایەخی بەهونەرەکانی مۆسیقاو گۆرانیو سروودی میللی داوەو ئاوازی بۆ شیعرەکانی خۆیو شیعری دیکە داناوەو لەلایەن هونەرمەندانی ئەو سەردەمەوە بەگۆرانی وتراون.

ئەم شاعیرە پایەدارەی کوردستان لە رۆژی ٢٨ی تشرینی یەکەمی١٨٨٨ کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی عارەبیانی شاری کۆیە لەتەنیشت گۆڕی باوکی نێژراوە.

# ئەخۆڵ



ئەخۆڵ شاعیرێكی دیاری كوردستانەو لەڕێی شیعرە بەرزەكانییەوە خزمەتێكی زۆری بەكاروانی ئەدەبی و روناكبیریی كوردستان كردووە.
ئەحمەد دەروێش عەبدوڵڵا ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیەو نازناوی شاعیری ئەخۆڵ بووە.
لەساڵی ١٩١١ لەگەڕەكی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووە.
بەهۆی هەلومەرجی دژواری ئەو سەردەمەوە، تەنها تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووە.
لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا بەكارمەندی چاپخانەی شارەوانیی سلێمانی دامەزراوەو لەڕێی ئەوچاپخانەیەوە ئاشنای جیهانی رۆژنامەگەری و رۆژنامەكانی ژیان و ژین و كتێب و بڵاوكراوەكانی دیكە بووە.
ئیدی لەوێوە ئاشنای ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بووەو لەتەمەنی بیست ساڵییەوە دەستی بەهۆنینەوەی مرواریی شیعرەكانی كردووەو بەرهەمەكانی لە ژیان و ژین و گەلاوێژو رۆژی نوێ بڵاوكردۆتەوە.
ئەخۆڵ هاوڕێی برایم ئەحمەدو بێكەس و شێخ سەلام و شێخ نووری و رەمزی قەزازو مەدهۆش و عەلی عارف ئاغا بووەو تاڕادەیەك لەژێر كاریگەری ئەواندا بووە.
بێ لە زمانی دایك، ئەخۆڵ زمانەكانی عەرەبی و فارسی و توركی زانیوەو شیعریشی لە زمانی فارسییەوە بۆ كوردی وەرگێڕاوە.

ئەخۆڵ بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٧٠ یەکەم دیوانە شیعری بەناوی (پەیمان‌و شیوەن) چاپ‌و بڵاوکردۆتەوە. ئەم دیوانە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووەو زیاتر شاعیرو ئاستی بەرزی شیعرەکانی ناساندووە.

ساڵی ١٩٨٤ ئەمینداریێتی رۆشنبیری‌و لاوان دیوانی (ئەخۆڵ)ی چاپ‌و بڵاوکردۆتەوە.

شاعیر خاوەنی چەندین شیعری بەرزی نیشتمانی‌و نەتەوەییە. بێ لەو بوارە بوارەکانی دیکەشی فەرامۆش نەکردووەو شیعری ئەوین‌و خۆشەویستی نووسیوەو لەبەر ناسکی شیعرەکانی هەندێکیان کراون بەگۆرانی.

ئەخۆڵ کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی‌و قسە خۆش بووەو هەمیشە مەجلیسی گەرم بووە.

ئەم شاعیرە ناودارەی کوردستان ، لە رۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٨٨ بۆ دواجار ماڵئاوایی کردو لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

# ئەسعەد مەحوی



ئەسعەد مەحوی بەدوا شاعیری كلاسیك دائەنرێو لەرێی شیعرە بەرزو جوانەكانییەوە خزمەتێكی زۆری بەئەدەبی كوردی كردووە.
ئەسعەد كوڕی مەلا خالید كوڕی شاعیری گەورە مەحوییە.
ساڵی١٨٩٨ لەگەڕەكی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایك بووەو لەئامێزی خێزانێكی ئاینیی رۆشنبیرو زانستپەروەردا گەورە بووە.
هەر لەمنداڵییەوە خراوەتە بەرخوێندنو لەلای باوكیو خواجە ئەفەندیو زانا ئاینییەكانی سەردەمی خۆی وانە ئاینیو شەرعییەكانی خوێندووەو ئیجازەی دوازدە عیلمی وەرگرتووە. ئیدی لەخانەقای مەحوی وەك مامۆستای ئاینیو ئیمامو پێشنوێژ خزمەتی كردووە.
مامۆستا ئەسعەد كەسێكی زیرەكو بەتوانا بووە لەبواری زانستە ئاینییەكان. خاوەنی چەند كتێبێكی بەنرخە لەو بوارەدا، لەوانە ( عقائد الرحمانیە، تحسین البیانیە، شرح علی العقائد الرحمانیە)
مامۆستا ئەسعەد بێ لەزمانی دایك، زمانەكانی عەرەبیو توركیو فارسی بەباشی زانیوە. ئەوەش بۆتە مایەی ئەوەی كە سەرچاوەی زانیارییەكانی فرەبنو سوود لە سەرچاوە ئاینیو ئەدەبییەكانی ئەو گەلانە وەربگرێ.
ئەسعەد مەحوی بەحوكمی ئەوەی لەخانەوادەیەكی رۆشنبیر پەروەردە بوو بوو، هەر زوو خولیای دنیای ئەدەب بەگشتیو شیعر بەتایبەتی بوو.

لەسەردەمی ژیانی گەنجییەوە دەستی بەهۆنینەوەی شیعر کردو خاوەنی دەیان تێکستی جوانو بەرزی شیعرییە. بەشی زۆری شیعرەکانی شیعری نیشتمانیو نەتەوەیین، بەڵام بوارەکانی دیکەشی فەرامۆش نەکردووەو شیعری بۆ جوانیو خۆشەویستی نووسیوە. ساڵی ١٩٧٠ بەشی یەکەمی شیعرەکانی لەدووتوێی دیوانێکدا چاپو بڵاوکردەوە.

ساڵی ٢٠٠٤ د. عەبدوڵڵا ئاگرین سەرجەم شیعرەکانی کۆکردەوەو پەراوێزی بۆ نووسینو لەدیوانێکدا لەدەزگای ئاراس چاپو بڵاویکردەوە.

سەرباری بایەخدانی بەشیعرو ئەدەب، مامۆستا ئەسعەد مەحوی وەك تێکۆشەرێکی رێگای رزگاری کوردستان خزمەتی زۆری بەگەلو نیشتمانەکەی کردووەو لەو پێناوەدا تووشی راونانو گرتنو ئاوارە بوون بۆتەوە.

ساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ شێخ لەتیفی حەفیدو چەند تێکۆشەرێکی تردا، حزبی (کۆمەڵی برایەتی) یان دامەزراندووە. بەهۆی چالاکییەکانی لەو حزبەو هەڵوێستە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی لەساڵی ١٩٤١ لەلایەن حکومەتی پاشایەتییەوە دەستگیر کراوە.

هەر بەهۆی ئەو هەڵوێستانەوە لەساڵی ١٩٤٣ کوردستانی باشوری بەجێهێشتووەو چۆتە خۆرهەڵاتی کوردستانو لەشاری سەردەشت گیرساوەتەوەو لە تێکۆشان بەردەوام بووەو لەگەڵ شێخ لەتیفی حەفید حکومەتی ئازادی کوردستانیان راگەیاندووە.

ئەم شاعیرە پایەدارەی کوردستان لە رۆژی ٢٥ی نیسانی ١٩٧٦ لەشاری سلێمانی بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردو چووە ریزی نەمرانی نیشتمانەوەو لەگردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

# ئەسیری



ئەسیری شاعیرێكی بەناوبانگی كوردستانەو لەرێی شیعرەكانییەوە خزمەتێكی زۆری بەرەوتی رۆشنبیریی كوردی كردووە.
عەبدولخالق كوڕی سەید حسێن نەقشبەندی ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیەو ئەسیری كردۆتە نازناوی ئەدەبی خۆی.
لەساڵی ١٨٩٠ لەشاری كەركوك لەدایك بووەو لەئامێزی خێزانێكی ئاینیی زانستپەروەردا پەروەردە بووە. لای زانا ئاینییەكانی ئەو سەردەمە دەرسە ئاینیەكانی خوێندووەو بۆ وەرگرتنی زانستی ئاینیی زیاتر چەندین ناوچەی كوردستان گەڕاوەو بۆ ئەو مەبەستە چۆتە سلێمانیو هەڵەبجەو هەورامانو جوانڕۆو بانەو سەقزو سنە. ساڵی ١٩٢٠ چۆتە بەیروتو ئەزمیرو ئەستەنبوڵ، لە ئەستەنبوڵ نەجمەدین شەمزینی ناسیوەو باسیان لەخەباتی نەتەوەیی كردووەو كەوتۆتە ژێر كاریگەری ئەوەوە. دوای ساڵێك گەڕاوەتەوە كەركوكو لەژێر كاریگەری شەمزینیدا زیاتر بایەخی بەپرسە نەتەوەییەكان داوەو ئەوەش لەشیعرەكانیدا رەنگی داوەتەوە.

ئەسیری زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی بەباشی زانیوەو ئەوەش وایکردووە کەسەرچاوەی زانیارییەکانی زۆر بن و بۆ هۆنینەوەی شیعرەکانی سوودی لێوەربگرێت. شیعرەکانی لە رۆژنامەکانی ژیان و ژین و پێشکەوتن و گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردۆتەوە. ئەسیری هەر لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە بایەخی بەبواری ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی داوەو خاوەنی چەندین شیعری بەرزو نایابەو بەشی زۆری شیعرەکانی شیعری نیشتمانی و نەتەوەیین.

د. کوردستان موکریانی دیوانی ئەسیری ئامادە کردووەو پێشەکی بۆ نووسیوەو لەدەزگای ئاراس چاپکراوە. بەحوکمی ئەوەی ئەسیری شارەزایی لەبواری شەرعدا هەبووە، زیاتر لە ٢٠ ساڵ وەك فەرمانبەر لەدادگای شەرعیی کەرکوك خزمەتی کردووە.

ئەم شاعیرە ناودارەی کوردستان لە رۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٦٢ بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووەو لەگۆڕستانی شێخ محێدینی شاری کەرکوك بەخاك سپێردرا.

# د. ئەفراسیاو هەورامی



د. ئەفراسیاو هەورامی کەسایەتییەکی گەورەی روناکبیریی کوردستانەو ئەو ماوەیەی لە یەکێتیی سۆڤیەت بوو، دەرفەتێکی زێرینی بۆ رەخسا بۆ ئەوەی بەڵگەنامەو ئەرشیفی ئەو وڵاتە هەڵبداتەوەو ئەو بابەتە گرنگانەی کە پەیوەندی بەمێژووی کوردەوە هەبوو وەك نووسین یاخود وەرگێڕان ئامادەیان بکاتو بەکتێب چاپو بڵاویان بکاتەوە.

د. ئەفراسیاو خاوەنی ٢١ کتێبە کە هەندێکیان چاپکراونو ئەوانی دیکەیان وەك دەستنووس ماونەتەوە.

ئەفراسیاو کوڕی حەمە شەریف کوڕی خواجە حسێنەو بەئەفراسیاو هەورامی ناسراوە. رۆژی ٢١ ئاداری ١٩٥٧ لەشاروچکەی نۆدشەی سەر بەناوچەی هەورامانی لهۆنی خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە.

لە نۆدشەو بەندەر عەباس قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووەو بووە بەمامۆستا. لەخانێو نۆدشە وەك مامۆستا خزمەتی کردووەو بەگیانی شۆڕشگێڕی خوێندکارانی کوردی گۆشکردووە.

د. ئەفراسیاو هەورامی کەسێکی کوردپەوەرو خاوەن هەڵوێست بووەو بەهۆی ئەوەوە تووشی زیندانو ئازاردان بۆتەوە.

لەشۆڕشی گەلانی ئێراندا رۆڵی دیاری بووەو لەگەڵ باوکیو برایەکی وەك پێشمەرگە بەشداری ئەو شۆڕشەیان لە کوردستانی خۆرهەڵات کردووە.

دواتر بەناچاری دێنە باشووری کوردستانو لەباشورو لەرێی حزبی شیوعی عێراقەوە، دەچێتە یەکێتیی سۆڤیەتو لەشاری دووشەمپەی کۆماری تاجیکستان دەگیرسێتەوەو لەوێ دەست بەخوێندنی یاسا ئەکاتو دواتر ئەچێتە روسیاو لەزانکۆی ئیڤانۆڤ درێژە بەخوێندن ئەداتو زانکۆ تەواو ئەکاتو بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست ئەهێنێ.

پاش ئەوەی خوێندن تەواو ئەکاتو زمانی روسی بەتەواوی فێر ئەبێ، دەرفەتێکی زێڕینی لەمۆسکۆ بۆ ئەرەخسێ بۆ ئەوەی ئەرشیفو بەڵگەنامە کۆنەکانی سۆڤیەت هەڵ بداتەوەو چەندین بابەتی گرنگ سەبارەت بەمێژووی کوردو کوردستانی دەست بکەوێو وەك سەرچاوە بۆ نووسینی چەندین کتێبی دانسقەو بەنرخ سوودیان لێوەربگرێت، هەندێ کتێبو بابەتی تریش لە زمانی روسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕێت.

بەگشتی د. ئەفراسیاو هەورامی خاوەنی ٢١ کتێبەو هەندێکیان چاپکراونو ئەوانی دیکەیان وەك دەستنووس لەدوای بەجێماون.

لەدیارترین کتێبە چاپکراوەکانی ئەمانەن(کورد لە جەنگی روسیا لەگەڵ ئێرانو تورکیادا، رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەردەمی دووەم جەنگی جیهانیدا، کورد لەئەرشیفی روسیاو سۆڤیەتدا، مستەفا بارزانی لەهەندێك بەڵگەنامەو دۆکیومێنتی سۆڤیەتیدا،کوردەکانی پشت قەفقاس، رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەبەڵگەنامەی سۆڤیەتدا، پەیوەندییەکانی کوردستانو ئازەربایجانو هەرەسهێنانی هەردوولا لەساڵی ١٩٤٦ لە بەڵگەو سەرچاوەکاندا، تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران)و چەندانی تر.

خاوەنی چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی ترە سەبارەت بەشوێنی کورد لەبەڵگەنامەکانی سۆڤیەتدا کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستاندا بڵاوی کردوونەتەوە.

مــن ئــەو كاتــەی لــە مەكتــەبی بیروهۆشــیاری (ی. ن. ك) كــارم دەكــرد، بەشانازییەوە دوو جار بەخزمەت دكتۆر ئەفراسیاو هەورامی گەیشتم دوو كتێبیشمان بۆ چاپكرد.

ئەو هەموو خەون و خولیای ئەوەبوو كە سەركردایەتیی سیاسیی كوردستان فریای ئەو سامانە گەورەیەی ئەرشیفی كورد لە بەڵگەنامەكانی روسیا و سۆڤیەتدا بكەوێ و كەسی ئەكادیمی بۆ بنێرێ بۆ ئەوەی ئەو مێژووە گرنگە بنوسنەوە و روونــاكی ببینــێ و بــۆ ئــەو مەبەســتە ســەردانی زۆربــەی سەركردەكانی كوردستانی كرد. بەڵام بەداخەوە ئاواتەكەی نەهاتە دی و مەرگی ناوەختی ئەو خەونەی زیندە بەچاڵكرد.

ئــەم كەســایەتییە ئــەكادیمی و هەڵكــەوتووەی كوردســتان لــەرۆژی ١٥ی كانوونی یەكەمی ٢٠١٠ لەشاری مۆسكۆ كۆچی دوایی كرد و رۆژی ٢٣ی كانوونی یەكەمی هەمان ساڵ، لەرێورەسمێكی شایستەدا تەرمەكەی بەرەو تاران بەرێكرا و دواتر برایەوە شاری مەریوان و لە گۆڕستانی (دار سەیران) لەرێورەسمێكی میللی گەورەدا بەخاك سپێردرا.

# ئەکرەمی ساڵحی رەشە



ئەکرەمی ساڵحی رەشە کەسایەتییەکی دیارو بەناوبانگی شاری سلێمانی بوو، ئەو بایەخێکی زۆری بەکایەکانی مێژوو و کەلەپوورو کولتووری شاری سلێمانی داوەو خاوەنی خەرمانێك وشەی نووسراوو چاپکراوە کە لەدوو توێی چەند کتێبێکدا مێژووی شاری سلێمانی تۆمار کردووە.

ئەکرەم مەحمود ساڵح کە بەئەکرەمی ساڵحی رەشە ناسراوە، رۆژی ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦ لەگەڕەکی مەڵکەندیی شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەسلێمانی تەواو کردووە.

بەهۆی تێکەڵاو بوونی بەجوڵانەوەی سیاسییەوە نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات.

لەناوەڕاستی پەنجاکانەوە پەیوەندی بەحزبی شیوعی عێراقەوە کردووەو کادرێکی چالاك و هەڵسوڕاوی ئەو حزبە بووەو لەخۆپیشاندانەکاندا رۆڵی دیاری هەبووە، هەر بۆیەش چەند جارێك دەستگیر کراوەو لەکونجی زیندان ماوەتەوە.

بێ لەکاری سیاسی، ئەکرەمی ساڵحی رەشە خولیای پاراستنی سامانی کەلەپوورو شوێنەوارو کولتووری شاری سلێمانی بووە، هەوڵێکی زۆری لەو

بوارانـەدا داوەو زانیـاریو بەڵگەنامـەی بـەنرخی کۆکردۆتـەوە، خـاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەند بووە. هەموو ئەوانەشی بۆ نووسینەوەی بەشێکی گرنگی مێژووی شاری سلێمانی بەکار هێناوە. زیاتر لە ٣٥ساڵی تەمەنی بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو شارە تەرخانکردووە. بەرهەمی ئەو ماندوو بوونو شەونخوونییەی چاپکردنی پێنج بەرگی کتێبی شاری سلێمانییە، کەسامانێکی بەنرخی مێژوویی و کولتووری ئەو شارەیەو رۆشنایی خستۆتە سەر چەند قۆناغێکی جیاجیای ئەو شارەو زۆر گۆشەو کەناری رۆشنکردۆتەوە.

کتێبێکی دیکەشی بەناوی شەوچەرەی شار چاپکردووە، کە ئەویش بایەخێکی زۆری مێژوویی بۆ شاری سلێمانی هەیە.

سەدان وێنەو بەڵگەنامەی جۆراو جۆری رشتە جیاجیاکانی شاری سلێمانی کۆکردبووەو بەنیازی چاپکردنیان بوو، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا.

ئەکرەمی ساڵحی رەشە خاوەنی خەرمانێك بەڵگەنامەو زانیاری بەنرخ بوو، گەر مەرگ وا زوو زەفەری پێنەبردایە،ئەبوونە سەرچاوەی نووسینی چەند کتێبێکی دیکەی بەنرخی مێژووی شاری سلێمانی.

ئەم کەسایەتییە گەورەو کولتوورپەروەری شاری سلێمانی، پاش خزمەتێکی زۆر بەشاری سلێمانی، رۆژی ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ کۆچی دوایی کردو لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# ئەمیری حەسەن پور



ئـەمیری حەسـەن پـور کەسـایەتییەکی گەورەی ئەکادیمی و زانا و بیرمەندێکی گــەورەی کوردســتانە، لــە رشــتەکانی زمــان و فیکــرو میــژوودا خزمــەتێکی گـــەورەی بەگەلەکـــەی و مرۆڤایـــەتی کردووە.

ســـاڵی ١٩٤٣لەشـــاری مـــەهابادی خۆرهـــەڵاتی کوردســـتانی لانکـــەی کوردایـەتی و رۆشـنبیری لـەدایك بـووە. لەمـــەهاباد و تـــاران و ئـــەمریکا خوێندویـــــەتی. ســـــاڵی ١٩٦٤ بەکالۆریۆسـی لـەزمانی ئینگلیـزی لـەزانکۆی تـاران بەدەسـتهێناوە. لەهـەمان زانکۆ بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرای لەسەر زماننـاسی وەرگرتووە.

مامۆستا ئەمیر لەساڵی ١٩٨٦رووی کردۆتە وڵاتی کەنەداو لـەوێ نیشتەجێ بـووە. بـۆ خوێنـدن چـۆتە ئەمریکا وسـاڵی ١٩٨٩ بڕوانامەیـەکی دیکـەی ماسـتەری لەسـەر زانسـتی زمـانی کۆمەڵایـەتی و میـژووی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئیلینیۆی ئەمریکی بەدەستهێناوە. دواتـر گەڕاوەتـەوە وڵاتی کەنەدا.

ئـەمیری حەسـەن پـور توانایـەکی زانسـتی گـەورەی هـەبووە و پلـەی زانسـتی پرۆفیسـۆر بـووە، هـەر بۆیـەش رێگـەی پێدراوە وەك مامۆسـتا لـەزانکۆکانی کەندا وانە بڵێتەوە و چەند ساڵێك لەو بوارەدا خزمەتی کردووە.

ئەمیری حەسەن پور زیاتر وەك نوسەرو بیرمەندێکی چەپ ناسراوەو لەو بوارەدا شارەزاییەکی زۆری هەبووە. خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوەی بەنرخە لە بوارەکانی فیکرو ئەدەبیاتی چەپو زمانەوانیو ناسیونالیستیو دیموکراسیو شارستانیو جینۆساید.

چەندین کتێبی چاپکراویشی بەزمانەکانی ئینگلیزیو فارسیو کوردی هەیە لەوانە (نەتەوەییو گیانی نەتەوەیی ، دەنگو رەنگی ژن لە هونەری زارەکی، ئەدەبیاتی زارەکی لەموکریان، زمانی ستانداردی کوردی، فەرهەنگی زارەکی)و چەندانی تر. مامۆستا ئەمیر زۆر بایەخیشی بەئاشتی داوەو چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو پرسە نووسیوەو ئەندامی کۆمەڵەی ئاشتیی جیهانی بووە. ئەم زاناو بیرمەندە ناسراوەی کوردستانو جیهان لەرۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٧ بەهۆی نەخۆشییەوە لەتەمەنی ٧٤ ساڵی لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی پایتەختی کەنەدا کۆچی دوایی کرد.

# ئەمین فەیزی بەگ



ئەمین فەیزی بەگ، نووسەر و شاعیرێکی دیاری کوردستانە و خزمەتێکی زۆری بەڕشتەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی کردووە. ساڵی ١٨٦٠ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. لە سلێمانی و بەغدا و ئەستەنبوڵ خوێندوویەتی و بڕوانامەی لەبواری سەربازی بە دەستهێناوە و بووە بەئەفسەر لە سوپای عوسمانی.

ئەمین فەیزی بەگ، هەرچەند لە سوپای عوسمانی کاری کردووە، بەڵام کەسێکی کوردپەوەر و خاوەن هەڵوێست بووە، هەربۆیەش لە ساڵی ١٩١٤ لە سوپا دوور خراوەتەوە و خانەنشین کراوە.

ئەمین فەیزی کەسێکی بەتوانا بووە و خاوەنی چەند کتێبێکی زانستیی بیرکاری و زانستیی سەربازییە کە بە زمانی تورکی نووسیونی لەوانە: (ئیجمالی نەتائیج کە تایبەت بووە بیرکاری و فیزیا، تەفرەقەی ڕیازیات، هەوای نەسیمی، شوعاعات).

بێ لەو بوارانە، لە بواری ئەدەبیشدا شارەزا بووە و شاعیرێکی دیار و هەڵکەوتوو بووە و بە زمانەکانی کوردی و تورکی و فارسی شیعری نووسیوە. بایەخیشی بەلێکۆڵینەوەی ئەدەبی داوە و کتێبی (ئەنجومەنی

ئەدیبانی كورد)ی بە زمانی كوردی لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەستەنبوڵ چاپ و بڵاوكردۆتەوە.

ئەمین فەیزی جێگەی ڕێزی زۆربەی شاعیران و ڕوناكبیرانی سەردەمی خۆی بووە، تەنانەت شێخ ڕەزای تاڵەبانی كە شیعری هەجووی لەسەر زۆربەی شاعیران نووسیوە، كەچی بەڕێزەوە باسی ئەمین فەیزی كردووە و بەم شێوە وەسفی ئەكات:

كە تەشریفی شەریفی هات ئەمین فەیـــزی بە میوانی
لە عوهدەی شوكری دەرناچم مەگەر خۆم كەم بە قوربانی

ئەم ئەدیبە گەورەیەی كورد لەرۆژی ١٦ی شوباتی ١٩٢٥ ماڵئاوایی لە ژیان كرد.

# د. ئەمین موتابچی



بنەماڵەی موتابچی یەکێك لەبنەماڵە ناودارەکانی شاری سلێمانین، لەم بنەماڵەیەدا دەیان کەسایەتیی نیشتمانیو ئەدەبیو رۆشنبیریو زانستیو کۆمەڵایەتی هەڵکەوتوونو خزمەتی زۆریان بەگەلو نیشتمان کردووە، ناویان بەشانازییەوە لەلاپەرە درەوشاوەکانی مێژوودا تۆمار کراوە.

د. ئەمین موتابچی یەکێك لەهێما دیارەکانی ئەو بنەماڵە هێژایەیە، زانایەکی ناوداری کوردستانەو لەبوارەکانی ئەدەبیو رۆشنبیریو زانستیدا خزمەتێکی زۆری پێشکەش کردووەو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارە.

د. ئەمین عەلی سەعید ناوی تەواوی ئەو کەسایەتییە مەزنەیەو بە(د. ئەمین موتابچی) ناسراوە. ساڵی ١٩٢٩ لەگەڕەکی سەرچیمەنی شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لەو شارە تەواو کردووە.

موتابچی خولیای فێربوونی زمانی فارسی بووە، هەر بۆیەش لەسەردەمی خوێندکاریو مامۆستایی لای شێخ نووری شێخ بابە عەلیو مەلا رەحیمی مەریوانی لەسلێمانی، رێزمانو ئەدەبی فارسی خوێندووە، بەگوڵستانی سەعدی شیرازی و شەرحەکەی ئاشنا بووە.

ساڵی ١٩٥١ چۆتە خولێکی پێگەیاندنی مامۆستایانو بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووەو بەمامۆستا دامەزراوە.

موتابچی خولیای خوێندن بوو، هەربۆیەش ساڵی ١٩٥٩ چووە بەشی کوردیی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغداو ساڵی ١٩٦٣ بەپلەی نایاب تەواوی کردو بەموعید لەهەمان زانکۆ دامەزرا.

دواتر چووە زانکۆی تارانو ساڵی ١٩٦٩ لەوێ بڕوانامەی دکتۆرای لەزمانو ئەدەبیاتی فارسیدا بەدەستهێنا.

دواتر گەڕایەوە وڵاتو لە کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا لەبوارەکانی ڕێزمانو ئەدەبی کوردیو فارسیدا خزمەتی کردو وانەی وتەوە، سەدان خوێندکار لەسەر دەستی ئەو بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرای بەدەستهێنا.

خۆشی پلەی زانستی بەرز بۆوەو بووە پرۆفیسۆر.

موتابچی، بێ لەبواری خوێندن، لەبوارەکانی ئەدەبو مێژوو و زانستدا بەنووسینو وەرگێڕان خزمەتی کردو خاوەنی چەندین کتێبو لێکۆڵینەوەی زانستییە.

(کوردنامە) لەدیارترین کتێبەکانی ئەوەو لەژێر کاریگەری شانامەی فارسیدا نووسیوویەتی، ئەم کتێبە باسی مێژووی کورد لەدامەزراندنی دەوڵەتی مادەوە تا کۆتایی کۆماری مەهاباد دەکات، ماوەی ٢٦ ساڵ خەریکی نووسینی ئەو کتێبە بووە، لەساڵی ١٩٧٠ دەستی پێکردووەو ساڵی ١٩٩٦ تەواوی کردووەو ساڵی ٢٠٠٢ پاکنووسی کردووەو ساڵی ٢٠٠٧ چاپی کردووە.

موتابچی چەندین کتێبی دیکەی چاپکراوو دەستنووسی هەیە. ئەمانە بەشێك لەکتێبە چاپکراوەکانین (تێهەڵکێشی موتابچی لە٣٦ غەزەلی حافزی شیرازی، دەفتەری یەکەمی مەسنەوی مەعنەوی جەلالەدین ڕۆمی بەکوردی- وەرگێڕان، دیوانی مەلا وەسمان- لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە، زەردەشتو

شەش چیرۆکی کورت، چوارده چیرۆکی کورت- وەرگێڕان، کوردستاننامە یا شێرکۆو ماری، دیوانی موتابچی-دوو بەرگ، کوردو مەسەلەی کورد- وەرگێڕان)و چەندانی تر.

موتابچی ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد بوو، لەرێی کۆڕو گۆڤارەکەیەوە خزمەتێکی زۆری بەئەدەبو زمانی کوردی کردووە.

ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی شاری بەغدای بەجێهێشتو لەشاری لەندەن نیشتەجێ بوو، لەوێش وەك مامۆستای زمانە رۆژهەڵاتییەکان لە زانکۆی لەندەن خزمەتی کرد.

پاش خزمەتێکی زۆر بەکایەکانی زانستیو ئەدەبی، رۆژی ١٢ی ئایاری ٢٠٢٠ لەوڵاتی غەریبی و لەشاری لەندەن کۆچی دوایی کرد.

تێبینی:

موتابچی، پیشەیەکی دەستیی کۆنی شاری سلێمانییە، ئەو پیشەوەرانە، لەمووی بزن، بەچەند ئامێرێکی سەرەتایی، (گوریسو قەیاسەو خەرار)یان دروست دەکرد.

# شێخ ئەنوەر



سەرەتای ساڵانی هەشتاكان، خولیای خوێندنەوەی بابەتە ئەدەبییەكانی وەك شیعرو چیرۆكو رۆمان بوومو سەردانی كتێبخانەكانی ناوشاری سلێمانیم ئەكرد، بۆ ئەوەی بەرهەمە ئەدەبییە نوێیەكان بكڕم، جارێك رێم كەوتە كتێبخانەكەی شێخ ئەنوەر، رۆمانی خەندە لێوی فیكتۆر هۆگۆی دامێ، وتی: ئەوە بخوێنەوە وەك رۆمانی دایكی مەكسیم گۆركی كاریگەرە، بەدڵنیایی كە خوێندمەوە رۆمانێكی جوانو كاریگەر بوو. جارێكی تر چوومە لای دیوانی فەرهەنگی خەمی حەسیب قەرەداخی بەدەستەوە بوو، شیعرێكی ناو دیوانەكەی خوێندنەوەو وتی: ئەم دیوانە بكڕە، هەر شیعرێكی لیرەیەك دێنێ،دیوانەكەم كڕیو بەشیعرەكانی شێخی شاعیران سەرسام بووم. ئیدی لەوەوە شێخ ئەنوەرم ناسیو زۆربەی جار كتێبم لەكتێبخانەكەی ئەو ئەكڕی.

شێخ ئەنوەر كێیە؟

شێخ ئەنوەر شاعیرێكی دیاری كوردستانەو لەرێی شیعرەكانییەوە وەك سەربازێكی ون خزمەتی زۆری بەكاروانی ئەدەبیو روناكبیریی كوردستان كردووەو شوێن پەنجەی لەو بوارانەدا دیارە.

شێخ ئەنوەر کوڕی شێخ ئیبراهیم کوڕی باوە مەحمووده، ساڵی ١٩٣١ لەگەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی لەدایك بووه.
لەقوتابخانەی فەیسەڵییە خراوەتە بەرخوێندن‌و تاپۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووه، ئیدی وازی لەخوێندن هێناوه‌و ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەی کەوتۆتە ئەستۆ.
بەهۆی هەلومەرجی سەختی ژیانی تایبەتییەوه، هەر زوو بەخەمە چینایەتی‌و نیشتمانییەکان ئاشنا ئەبێ‌و بۆ دەربڕینی ئەو خەم‌و ئازارانە پەنا بۆ شیعر دەبات‌و ئاشنایەتی لەگەڵ شاعیران‌و رووناکبیرانی سەردەمەکەی پەیدا دەکات‌و دەکەوێتە ژێر کاریگەرییان‌و سوود لەبەرهەم‌و بەهرەکانیان وەردەگرێت.
شێخ ئەنوەر لەگەڵ شاعیران‌و رووناکبیرانی گەورەی وەك( پیرەمێرد، ئیبراهیم ئەحمەد، گۆران، قانع، عەبدوڵڵا جەوهەرو نەجمەدین مەلا) ئاشنایەتی پەیدا دەکات‌و تێکەڵیان دەبێت‌و سوودیان لێوەردەگرێت.
شێخ ئەنوەر لەهۆنینەوەی شیعرەکانیدا بایەخی بەبوارە جیاجیاکان داوه‌و شیعری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و چینایەتی نووسیوه‌و سروشت‌و جوانیشی لەبیر نەکردووه‌و شیعری بەرزی لەو بوارانەشدا نووسیوه.
شیعرەکانی شێخ ئەنوەر هێندە جوان‌و بەرزن، لەلایەن چەند هونەرمەندێکی گەورەی وەك( حەمە جەزا، کەریم کابان، محەمەد رەئوف کەرکوکی، حەمەی نێرگز) بەمەقام‌و گۆرانی وتراون.
شێخ ئەنوەر تا لەژیاندا بووه بایەخی بەچاپکردنی شیعرەکانی نەداوه، لەدوای کۆچی دوایی مامۆستا (فوئاد محەمەد ئەمین سەراج)ی نووسەرو رووناکبیرو هاوڕێی دێرینی شێخ ئەنوەر ، لەساڵی ٢٠٠٩سەرجەم

شیعرەكانی كۆكردەوەو ساخی كردنەوەو لەدوو تویّی دیوانیّكدا بەچاپی گەیاند، كە جیّگەی ستایش و دەستخۆشییە.
شیّخ ئەنوەر وەك فەرمانبەری میریش خزمەتی كردووەو سالآنیّكی تەمەنی بەو بوارە بەخشیوە.
شیّخ ئەنوەر خولیای وەرزشیشی هەبووەو لەناوەڕاستی پەنجاكاندا دەچیّتە یانەی وەرزشی سلیّمانیو لەبواری پیّشبڕكیّی لەشجوانیدا چەند جاریّك پلەی یەكەمی بەدەستهیّناوە.
شیّخ ئەنوەر هاوڕیّییەكی دڵسۆزو سەرڕاستی كتیّب بووەو بەشیّكی زۆری تەمەنی لەگەڵ كتیّبو كتیّبخانەكەیدا بردۆتە سەرو لەسەر ئەركی خۆشی چەندین كتیّبی بۆ ئەدیبو نووسەران چاپكردووە.
ئەم شاعیرە ناودارەی كوردستان لەرۆژی ١٩ی شوباتی ٢٠٠٦ بۆ دواجار چاوەكانی لیّكناو چووە ریزی سەروەرانی نیشتمانەوەو لەگردی شیّخ مارف نۆدیّی شاری سلیّمانی بەخاك سپیّردرا.

# ئەنوەر قەرەداخی



ئەنوەر قەرەداخی هونەرمەندێکی گەورەی کوردستانە، لەهونەری موسیقاو کایەکانی دیکەی هونەردا خزمەتێکی زۆری بەکاروانی کولتووری کوردستان کردووەو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارەو جێی شانازیی گەلی کوردستانە.

قەرەداخی ساڵی ١٩٤٦ لەشاری هەڵەبجە هاتۆتە دنیاوەو لەئامێزی خێزانێکی ئاینپەوەری روناکبیردا پەروەردە بووە.

سەرەتای ژیانی مناڵی لەحوجرەی مزگەوتی پاشای هەڵەبجە دەرسە ئاینیەکانی خوێندووە. دواتر چۆتە قوتابخانەی حکومی و درێژەی بەخوێندن داوە.

ساڵی ١٩٥٤ بەماڵەوە چونەتە شاری سلێمانی و لەوێ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە.

دواتر چۆتە خانەی مامۆستایان و ساڵی ١٩٦٤ بەپلەی یەکەم تەواوی کردووە.

قەرەداخی هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە خولیای هونەر بووەو ئەو هونەرە لەدڵ و دەروونیدا چەکەرەی کردووە. مامۆستا ولیەم یۆحەننا کە لە قۆناغی سەرەتایی مامۆستای هونەری بووە، هەر زوو درکی بەحەزو خولیای هونەریی قەرەداخی کردووەو لە تیپی سروودی قوتابخانەی سەرەتایی فەیسەڵییە داینـاوە، ئەویش بەزرنگی و وریایی، توانای هونەریی خۆی

دەرخستووە، پـۆل بـەپۆل‌و قۆنـاغ بـەقۆناغ، زیـاتر هونـەر لـەناخ‌و دڵ‌و دەروونیدا ڕەگی داكوتاوە.

لەخانەی مامۆستایان بەتەواوی فێری لێدانی ئامێرەكانی( شمشاڵ‌و عود‌و كەمان) بوو.

كـە بەمامۆسـتاش دامـەزرا، بـووە ڕاهێنـەری هونـەری مۆسـیقا لەچـالاكی قوتابخانـەكانی سلێمانی‌و بەعیشـقەوە سەرپەرشـتی ڕشـتەكانی مۆسـیقا‌و سروود‌و گۆرانی لە سەرجەم قوتابخانەكانی سلێمانی كرد‌و چەندین تیپی سـرودی دروسـتكرد‌و خوێنـدكارانی بەهونـەر‌و سـروودە نیشـتمانییەكان ئاشنا كرد‌و گیانی كوردایەتی لەناخ‌و دەروونیاندا چاند.

بەرهەمـە هونەرەییـەكانی وەك پرشـنگی خـۆر لەسـلێمانییەوە هـەموو كوردستانی ڕۆشنكردەوە.

مامۆسـتا قـەرەداخی بەگـەرم‌و گوڕییـەكی كوردانـەوە لـەكارە هونەرییـەكانی بەردەوام بوو، دەستی بەكردنەوەی خولی فێربوونی مۆسیقا كرد‌و چەندین گەنج‌و خوێندكاری ئاوێزانی ئەو هونەرە كرد.

كاروانی هونەر‌و بەخششی بەردەوام بوو،چەندین تیپی هونەری مۆسیقای بەتەنیا‌و بەبەشداری هاوكارانی دامەزراند، لەوانە(تیپی مۆسیقای كۆمەڵی خۆشی‌و بەختیاری،تیپی مۆسیقای هیوا، تیپی مۆسیقای سلێمانی،تیپی نواندنی سلێمانی، تیپـی مۆسـیقای زانكـۆی سـلێمانی، تیپـی مۆسـیقای گرووپی كیژانی سلێمانی، ئۆركسترای نیشتمانی، تیپی مۆسیقای شۆڕش)‌و هی دیكەش.

تەنانـەت لەشـاخ‌و لـە گەرمـەی شۆڕشـی ئەیلولـدا، كـاروانی هونـەریی ڕانەوەستا، تیپی مۆسیقای شۆڕشی دامەزراند، بەرهەم‌و بەخششی هونەری بـەردەوام بوو،لـە شۆڕشـی نـوێی گـەلی كوردسـتانیش، لەشـارەوە‌و لـەژێر جەبـەرووتی بەعسـییەكانەوە، سـروودی (مەشـخەڵان)ی لـە سـتۆدیۆكەی

ماڵەوەی تۆمار کردو کردییە دیاریی شۆڕش‌و رۆژانە لەرێی رادیۆی دەنگی گــەلی کوردســتان ئــەبووە میــوانی هــەموو مــاڵێکی کوردســتان‌و گیــانی شۆڕشــگێڕی‌و بــەرخودانی زاخــاو ئەدایــەوە. لــەدورخراوەیی لەنیشــتمان‌و لەشاری سەماوەش، بەبێ کاری هونەری ئۆقرەی نەگرت، تیپی مۆسیقای پــەروەردەی ســەماوەی دروســتکردو لەســەر ئاســتی عێــراق پلــەی یەکــەمی بەدەستهێنا!

ئــەنوەر قــەرەداخی وەك مامۆســتای هونــەر لەقوتابخانــەکان‌و دواتــر وەك دامەزرێنەرو مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی خزمەتێکی زۆری بەرەوتی هونەرو پەروەردەو فێرکردن کرد.

وەك راوێــژکاری هونــەری لــە وەزارەتــی رۆشــنبیری‌و ئەنجومــەنی وەزیــران لەبواری پسپۆڕی خۆی خزمەتی زۆری کرد.

قەرەداخی ئاوازی بۆ زۆربەی هونەرمەندانی سەرانسەری کوردستان داناوەو بەرهەمــەکانی بــۆ تۆمــار کــردوون‌و هاوکــاری زۆربــەی تیپــەکانی مۆســیقای کوردستانی کردووە.

مۆسیقای بۆ چەندین فیلم‌و دراماو شانۆگەری کوردی‌و بیانی داناوە.

چــەندین ســروودی نیشــتمانی‌و کــۆراڵ‌و تــابلۆی هونــەریی هەڵپــەڕکێ‌و بەرهەمی دیکەی هونەری تۆمار کردووە.

لەچەندین فیستڤاڵ‌و چالاکی هەمەجۆری هونەری لەکوردستانی گەورەو دەرەوەی وڵات بەشداری کردووەو خەڵاتی بەنرخی بەدەستهێناوە.

چــەندین وتــاری لەســەر مۆســیقاو بوارەکــانی دیکــەی هونــەر لــە گۆڤــارو رۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

سەدان گەنج‌و خوێندکاری کورد لەرێی ئەوەوە لەهونەری مۆسیقاو گۆرانی بەهرەمەند بوون‌و ئێستا لەرشتە جیاجیاکاندا خزمەت ئەکەن.

چەندین بەرهەمی ناوازەی لە بوارەكانی نیشتمانیو ئاینیو منالاَنو بابەتی دراما بەدەنگی خۆی هەیە.
دوا كاری هونەری تۆماركردنی هەردوو سروودی نیشتمانی ئەی رەقیبو مەشخەلاَنە لەگەڵ ئۆركێسترای هەنگاریا.
مامۆستا قەرەداخی خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی هونەرییە، كارو بەرهەمی ئەو پێویستی بەچەند فیلمی دیكۆمێنتارىو كتێبو نامەی ماستەرو دكتۆرا هەیە.
مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی خاوەنی ئەو هەموو بەرهەمە هونەرییە جوانو رەنگینەیە، كە جێگەی شانازییە بۆ خۆیو گەلی كوردستانو سامانی هونەری نەتەوەیی دەوڵەمەند كردووە.

# ئەنوەر مایی



ئەنوەر مایی کەسایەتیی گەورەی نیشتمانیو ئەدەبی، بەچەكو بەقەڵەم خزمەتێکی زۆری بەگەلو نیشتمانەکەی کردووەو لەسەنگەری بەرخوداندا بەخوێنی گەشی خۆی، داستانی بەرگریی لەنیشتمان نووسییەوە.
ئەنوەر شێخ محەمەد تاهیر بەرواری کە بەئەنوەر مایی ناسراوە، ساڵی ١٩١٣ لەگوندی (مایی) ی ناوچەی بەرواری باڵا لەدایك بووە.
خوێندنی ئاینیو حوکمی خوێندووەو ساڵی ١٩٣٦ ئیجازەی مەلایەتی لە شوکری ئەفەندیی موفتیی ئامێدی وەرگرتووە. ماوەیەك وەك مامۆستای ئاینی خزمەتی کردووە.
ساڵی ١٩٣٩ بەشداری تاقیکردنەوەی مامۆستایی کردووەو بووە بەمامۆستاو لەچەند قوتابخانەیەکی ناوچەکانی بارززانو بادینان وەك مامۆستای سەرەتایی وانەی بە منداڵانی کوردستان وتۆتەوەو بەگیانی نیشتمانپەروەری گۆشی کردوون.
مامۆستا مایی لەسەرەتای ژیانی لاویدا، هەستی کوردایەتی لەدڵو دەروونیدا چەکەرەی کردو لەحزبەکانی (خۆیبوونو هیواو پارتی دیموکراتی کوردستان) خەباتی کرد. لەسەر هەڵوێستە نیشتمانییەکانی تووشی گرتنو راونانو دوور خستنەوە بۆ خوارووی عێراق بۆتەوە. کۆتایی

ساڵی ۱۹٦۱، پاش ئازادبوونی لەزیندان، پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە کردووەو وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە ناوچەکانی بەمۆی خانەقین و بادینان ڕۆڵی دیاری لەتێکۆشاندا هەبووە. ڕۆژی ۲۲ی حوزەیرانی ۱۹٦۳ بەبۆردومانی فرۆکەکانی بەغدا شەهید کراوەو لەگوندی (ئەرادن)ی ناوچەی بامەڕنی بەخاکی نیشتمان سپێردراوە.

مامۆستا مایی هەر زوو خولیای ئەدەب و نووسین بوو، بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکانی وەك: (گەلاوێژ، دەنگی گێتیی تازە، هاوار، خەبات، روناهی شام و عێراق، راستی–الحقیقە، صدی العراق، نصیر الحق،صدی الروافد) بلاوکردۆتەوە.

چەند کتێبێکی بلاوکردۆتەوە لەوانە( الاکراد فی بهدینان–۱۹٦۰، محاضرة عن الاکراد فی الصین–۱۹۵۹).

چەند کتێبێکی دەستنووسی بەنرخیشی لەدوا بەجێماوە، لەوانە:( الدولە الایوبیە –۲ بەرگ، الاکراد فی التاریخ، مەتەڵۆکێت کوردی، گرامیرا کوردی، دیارییا لاوا،دیوانی شیعر، چیرۆکی لەیلا کاسپیی گریگۆری پترۆف، کە لە عەرەبییەوە تەرجەمەی کوردی کردووە).

مامۆستا مایی ئەندامی ڕێکخراوە پیشەییەکانی وەك (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق، یەکێتیی ئەدیبانی عێراق و یەکێتیی مامۆستایان) بووەو ڕۆڵی دیاری لەو ڕێکخراوانەدا گێڕاوە. ساڵی ۱۹۵۹ لەگەڵ وەفدێکی میللی عێراق، سەردانی وڵاتانی خوارووی ڕۆژهەلاتی ئاسیا و چینی کردووەو لەیانەی نەتەوەکان لە پەکینی پایتەختی چین موحازەرەیەکی لەسەر مێژووی کورد پێشکەش کردووەو وتارەکە جێگەی سەرنج و بایەخی ئامادەبووان بووە، دوای گەڕانەوەی بۆ وڵات، ئەو موحازەرەیە وەك نامیلکە چاپ و بلاو کراوەتەوە.

دوای خزمەتێکی زۆری بەکایەکانی تێکۆشانی کوردایەتیی و ئەدەب و ڕۆشنبیری، ئەنوەر مایی ئەدیب و پێشمەرگە لەڕۆژی ۲۲ی حوزەیرانی ۱۹٦۳ بە بۆمبای فرۆکە مەرگچێنەکانی بەغدا شەهید بوو.

# د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف



ئەوڕەحمانی حاجی مارف زانایەکی گەورەی بواری زانستی زمان بەگشتیو زمانی کوردی بەتایبەتی بوو. نزیکەی نیو سەدە لەخزمەت لەخزمەتی وشەی پیرۆزی کوردیدا بوو، خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی نووسراوو چاپکراوەو بەیەکێك لەپایە سەرەکییەکانی زمانی کوردی دادەنرێت.

ساڵی ١٩٤٠ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە.

خەونو خولیای ئەوە بووە لەدەرەوەی وڵات بخوێنێ، ساڵی ١٩٦١ رووی لەیەکێتیی سۆڤیەت کردووە، لەشاری لینینگراد گیرساوەتەوە. لەوێ لەکۆلیجی ئادابی زانکۆی لینینگراد دەستی بەخوێندن کردووەو بەکالۆریۆسو ماستەری لە زمانو ئەدەبی روسیدا بەدەستهێناوە.

بەهاوکاری قەناتی کوردۆ،لەبەشی رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای سۆڤیەت لە لینینگراد وەرگیراوە، نامەی دکتۆرای لەبارەی (مێژووی فەرهەنگنووسی کوردیو شێوازی دانانی فەرهەنگی روسی-کوردی) بەدەستهێناوە.

دوای ١٣ساڵ مانەوە لەو وڵاتەو ئاشنابوون بەزمانو ئەدەبی رووسیو بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامە گرنگانە، لەساڵی ١٩٧٣ گەڕاوەتەوە بۆ شاری بەغدا.

ئیدی خۆی تەرخانکردووە بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی، لەزانکۆکانی بەغداو کوردستان، خزمەتی بەبواری خوێندن کرد، سەدان خوێندکار لەسەردەستی ئەو بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرایان لە بواری زمانی کوردیدا وەرگرت. وەك ئەندامی کارا لە کۆڕی زانیاری کورد خزمەتی کردو بەلێکۆڵینەوە زانستیەکانی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکەی دەوڵەمەند کرد. زیاتر لە ٣٠ کتێبی چاپو بڵاوکردۆتەوە کەزۆربەیان لەبوارەکانی ڕێزمانو فەرهەنگی کوردیدانو بوونەتە سەرچاوەیەکی بەنرخی زانستیو پرۆگرامی خوێندن لەزانکۆو پەیمانگاو قوتابخانەکان. یەکێك لە بەرهەمە نایابەکانی کتێبی (ڕێزمانی کوردی)یە کەلە دووتوێی پێنج بەرگدا چاپکراون، ئەم کتێبە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕێزمانی کوردی بەشێوەیەکی زانستی شیکردۆتەوە، بەسەرچاوەیەکی بەهاداری زانستی دادەنرێت.

چەندین کتێبی دیکەی لەبارەی فەرهەنگو ڕێزمانی کوردی هەیە. لەزمانی روسیشەوە چەند کتێبێکی ئەدەبی بەبەهای وەرگێڕاوەو بڵاوی کردونەتەوە.

دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە شاری سلێمانیو لەزانکۆی سلێمانی خزمەتی کرد.

کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی بەئەکادیمیای کوردی بەخشی.

ئەم زانا ناودارەی کوردستان، نزیکەی نیوسەدە خزمەتی ڕێزمانو ئەدەبی کوردی کرد، شوێن پەنجەی پرشنگداری بەو بوارەوە دیارەو بەرهەمە زانستییەکانی وەك یادگاریو سامانێکی بەپیتی نەتەوەیی ماونەتەوە.

شەوی٧ لەسەر ٨ی تەممووزی ٢٠٠٧، لەگەڕەکی راپەڕینی شاری سلێمانی بەڕوداوی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەستداو لەگردی سەیوانی سلێمانی بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

# ئومێد ئاشنا



ئومێد ئاشنا نوسەرو روناکبیرێکی دیاری کوردستانەو خزمەتێکی زۆری بەکایەکانی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی کردووە.

ئومێد عەباس ئیبراهیم ناوی تەواوی ئەم کەسایەتییە روناکبیرەیەو بە ئومێد ئاشنا ناسراوە.

ساڵی ١٩٥٥ لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایک بووەو لەئامێزی خێزانێکی خوێندەواردا پەروەردە بووە.

باوکیشی کەسێکی روناکبیر بووەو بایەخی بەنووسینی بابەتی مێژوویی و فۆلکلۆری و میللی داوە.

ئاشنا قۆناغەکانی خوێندنی لەسلێمانی و هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٩ خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو کردو بەمامۆستا دامەزراوەو لەبواری خوێندن و پەروەردەدا خزمەتی کرد.

ئومێد ئاشنا هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای بواری رۆشنبیری بووەو بەشی زۆری ژیانی خۆی بۆ ئەو بوارە تەرخان کردووە.

ئەندامێکی چالاکی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە.

مامۆستا ئاشنا پرۆژەیەکی گرنگی رۆشنبیری هەبوو، ئەویش پرۆژەی چاپکردنی ١٠٠کتێبی کوردی بوو، کەتوانی ٧٠ کتێبی ئەو پرۆژە روناکبیرییە چاپ بکات.

لەوانە( رەشید نەجیب، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، گۆران نووسین و پەخشانو وەرگێڕاوەکانی، پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیانو بەرهەمەکانی، ئەشکی باوان بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی کامەران موکری) و چەندانی تر.

چەند بەرهەمێکی دەستنووسیشی لەدوا بەجێماوە.

ئەم کەسایەتییە روناکبیرەی کوردستان، شەوی ١٦/١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ بۆ دواجار لە تەمەنی ٤٥ ساڵیداماڵئاوایی کردو لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# ئیبراهیم ئەمین باڵدار



ئەلف و بێی نوێ ئەو کتێبە سیحراوییە بوو کە ساڵی ١٩٥١، بۆ یەکەمجار دیدەی خوێندکارە چاو گەشەکانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی قوتابخانەکانی کوردستانی ڕۆشنکردەوە. ئەم ئەلف و بێیە بە زمانێکی سادەو شیرینی کوردی نوسرا بوو، پیتو وشە و ڕستەکانی بە خەتێکی جوان و ڕەنگاوڕەنگ لاپەڕەکانی کتێبەکەی ڕازاندبۆوە، لەگەڵ ئەوەدا هەر پیت و وانەیەکی ئەلف و بێکە، وێنەیەکی جوانی بۆ نەخشێنرابوو، کە تەعبیری لە گەوهەر و ناوەڕۆکی وانەکانی دووتوێی کتێبەکە دەکرد.

هەموو ئەوانەی لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا ئەم ئەلف و بێیەیان خوێندووە، ئێستاش بابەتە سەرنجڕاکێشەکانی لە هزرو یادەوەرییان ماوە و ڕستە و دەستەواژەکانی وەك: (دارا دوو داری دی ، مێووژی نایاب ، دۆی دادە ڕژاوە) لە گوێیاندا ئەزرنگێتەوە.

ئەم ئەلفوبێ جوان و شاکارە گەورەیە، بەرهەمی مێشکی ڕۆشنی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدارە کە چەندین نەوەی بە زمانی شیرین و وشەی ڕەسەنی کوردی پێگەیاندووە.

ساڵی ١٩٢٠ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانیو بەغدا تەواو کرد. ساڵی ١٩٤٠ خانەی مامۆستایانی لادێی لە

ڕۆستەمییەی شاری بەغدا تەواو كرد. هەمان ساڵ بە مامۆستای سەرەتایی دامەزراو لە قوتابخانەكانی ناوشار و گوندەكانی سەر بە پارێزگای سلێمانی و شارەكانی دیكە وانەی وتۆتەوە.

ساڵی ١٩٤٩ كتێبی ئەلف و بێی كوردی بۆ خوێندكارانی پۆلی یەكەمی سەرەتایی دانا و كتێبەكەی لەلایەن مەعاریفی سلێمانی و وەزارەتی مەعاریفی عێراق و یونسكۆوە پەسەند كرا و لە ساڵی ١٩٥١ چاپكرا.

ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٦ باڵدار دوو جار گۆڕانكاری لە ئەلفوبێكەیدا كرد و چاپی كردەوە. ئەلفوبێی باڵدار بۆ دەیان ساڵ بووە سەرچاوەی خوێندن و فێربوونی خوێندكاران و زیاتر لە ٣٥ جار چاپكراوەتەوە.

ساڵی ١٩٥٦ كۆلیجی بازرگانی و ئابووریی زانكۆی بەغدای تەواو كرد.

ساڵی ١٩٦١ بڕوانامەی ماستەری لە بواری پەروەردە و دەروونزانی لە زانكۆی سانفرانسیسكۆی ئەمریكا وەرگرت.

ساڵی ١٩٦٨ لە كۆلیجی ئەدەبیاتی زانكۆی سلێمانی بوو بە مامۆستا.

ساڵی ١٩٨١ بۆ بەشی كوردی كۆلیجی ئەدەبیاتی زانكۆی سەلاحەدین و ساڵی دواتر بۆ زانكۆی موستەنسریەی بەغدا گوێزرایەوە.

ساڵی ١٩٨٣ خانەنشین كرا. ساڵانی ١٩٨٤-١٩٩٨ وەك مامۆستای وانەبێژ لە كۆلیجی پەروەردەی زانكۆی بەغدا خزمەتی كرد.

ساڵی ١٩٩٥ پلەی پرۆفیسۆری پێبەخشرا.

باڵدار ساڵانێكی دوور و درێژ و تا دوا ڕۆژەكانی ژیانی ئەندامی كۆڕی زانیاری كورد بوو لە بەغدا.

لە ڕۆژی ١٢ی تەموزی ١٩٩٨ لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا لە شاری بەغدا كۆچی دوایی كرد و تەرمەكەی برایەوە بۆ شاری سلێمانی و لەسەر راسپاردەی خۆی لە گردی سەیوان بە خاك سپێردرا.

# ئیبراهیم خەیات



ئیبراهیم خەیات هونەرمەندێکی ناسراوو دەنگخۆشی کوردستانەو خزمەتێکی زۆری بەکاروانی هونەریی کوردستان کردووەو شوێن پەنجەی بەو بوارەوە دیارە.

ئیبراهیم محەمەد مستەفا ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندەیەو بە ئیبراهیم خەیات ناسراوە. ساڵی ١٩٣١ لەشاری سلێمانی لەدایك بووەو لە ئامێزی خێزانێکی رەنجدەر پەروەردە بووە. بەهۆی ئەوەی کەباوکی زوو کۆچی دوایی ئەکات، ناتوانێ درێژە بەخوێندن بداتو ئەبێتە شاگرد خەیاتو دواتریش بەوەستاو هەر بۆیەش بە ئیبراهیم خەیات ناسرا بوو.

مامۆستا ئیبراهیم هەر لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای هونەری گۆرانیو سروودو مەقام ئەبێ. یەکەمجار لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەویو دواتریش لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی کار ئەکاتو چەندین بەرهەمی جوان لەگەڵ ئەو تیپانە تۆمار ئەکات. سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو ئەچێتە ئێزگەی کوردیی بەغداو لەرێی ئەو ئێزگەیەوە چەند گۆرانییەك تۆمارو بڵاو ئەکاتەوەو بەوەش زیاتر لەسەر ئاستی کوردستان ئەناسرێ.

بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی دەنگێکی بەسۆزو رەسەن بووە، لەساڵی ١٩٥٨ داوای لێئەکرێ لە فیستیڤاڵی لاوان لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا بەشداری

بكات‌و لەو فیستیڤاڵەدا بەشداری ئەبێ‌و بەدەنگە خۆشەكەی سەرنجی ئامادەبوان رائەكێشێ.

مامۆستا بێجگە لە گۆرانی‌و مەقام، لەبەرئەوەی كەسێكی نیشتمانپەروەر بووە بایەخی زۆری بە سروودی نیشتمانی داوەو سروودەكانی كاریگەریان لەسەر جۆشدانی خەڵك‌و پێشمەرگە هەبووە. لەدیارترین سروودەكانی ( من پێشمەرگەی كوردستانم، خۆشم ئەوێ وڵاتەكەم، جەژنی نەورۆز ).

مامۆستا ئیبراهیم خاوەنی زیاتر لە ١٠٠ گۆرانی‌و سروودو مەقامی تۆمار كراوەو بۆ ئەوانەش سوودی لە شیعری شاعیران ( گۆران، هەردی، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)و شیعری فۆلكۆر وەرگرتووە.

ئەم هونەرمەندە گەورەیەی كوردستان لەرۆژی ٣ی مایسی ٢٠٠٥ بەیەكجاری ماڵئاوایی كرد. بەڵام بەرهەمەكانی‌و دەنگە بەسۆزەكەی هەمیشە بەنەمری ئەمێنێتەوە.

# ئیسماعیل سەرهەنگ



ئیسماعیل سەرهەنگ کەسایەتییەکی نیشتمانیی گەورەو خەباتگێڕێکی ئازاو جەسور بوو، ئەو زۆربەی تەمەنی خۆی بەکاروانی تێکۆشانی کوردایەتی بەخشی.
کە ژیاننامەکەی و وتارێکی سەنگینی سەرۆك مام جەلالم لەسەر ئەم تێکۆشەرە ماندوونەناس و هۆشیارە خوێندەوە، زۆر پێی سەرسام بووم. ئەوەشی زۆر سەرنجی راکێشام ئەوەبووکە ئەو پیاوە تێکۆشەرە لەپاڵ تێکۆشانیی سەختی کوردایەتیدا، بایەخی بەدۆزینەوەی گوڵ و گیای نوێ لەچیاکانی کوردستان داوەو لەو بوارەدا چەندین گوڵ و گیا و رووەکی نوێی دۆزیوەتەوەو بەشانازییەوە تۆماری کردوون.
ئیسماعیل سەرهەنگ ساڵی ١٩٢٠لەشاری شەمزینانی باکوری کوردستان لەدایك بووە.
لەئامێزی خێزانێکی کوردپەروەردا، گۆش و پەروەردە بووە. باوکی پیاوێکی تێکۆشەرو هەڵکەوتوو و بەدیمەنی سەردەمی خۆی بووە. ئەو یەکێك لە هاوڕێ خەباتگێڕەکانی سمکۆی شکاك بووەو بەشداری کاریگەری جوڵانەوەکەی کردووە. دوای شکستی بزووتنەوەکە، سەرهەنگ بەنهێنی چۆتە ئەستەنبوڵ و لەوێوە بۆ لوبنان و پاشان بەخێزانەوە خۆی گەیاندۆتە باشووری کوردستان و لەوێ گیرساوەتەوەو جێگیر بوون.

ئیسماعیل خراوەتە بەرخوێندن و قۆناغەكانی خوێندنی تەواو كردووەو بڕوانامەی خانەی مامۆستایانی بەغدای بەدەستهێناوەو لەساڵی ١٩٤٢لەشارۆچكەی رانیە بووە بەمامۆستاو بەگیانی نیشتمانپەروەری خوێندكارەكانی گۆش و پەروەردە كردووە.

مامۆستا ئیسماعیل لەهەرەتی گەنجییەوە، تێكەڵ بەدنیای سیاسەت بووە. لەنێو حزبەكانی هیواو رزگاری و پارتی دیموكراتی كوردستان خەباتی كردووەو ماوەی حەوت ساڵیش وەك پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی كردووە. مامۆستا ئیسماعیل شارەزاییەكی زۆری لەجیهازو دانان و كردنەوەی جفرەكاندا هەبووە. هەر بەهۆی ئەو شارەزاییەوە توانیبووی بچێتە ناو جیهازەكانی دوژمن و جفرەو نهێنیی پلان و هێرەشەكانیان بۆ سەر هێزی پێشمەرگە ئاشكرا بكات، بەوەش وەك سەرۆك مام جەلال لەوتارەكەیدا باسی ئەكات خزمەتێكی زۆری بەشۆڕش و پاراستنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان كردبوو.

مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ سەرباری خەبات و تێكۆشانی پڕ سەروەری، خولیایەكی دیكەی هەبووە ئەویش بایەخدان بەگوڵ و گیاو رووەك بووە، لەپاڵ تێكۆشانەكەیدا، چەند بواری بووبێ لەچیاو دۆڵەكانی كوردستان بەدوای گوڵ و گیاو رووەكدا گەڕاوەو شارەزاییەكی زۆری لەو بوارەدا پەیدا كردووە، بەوەش بوو بووە جێگەی سەرنجی شارەزایانی ناوخۆو دەرەوەو لەگەڵیدا چووبوونە چیاكانی قەندیل و هەڵگوردو دۆڵ و شاخەكانی تر، بۆ دۆزینەوەی گوڵ و گیاو رووەكی نوێ، ئەم پیاوە گوڵچن و گوڵپەروەرە زیاتر لە ٣٠٠ جۆر گوڵ وگیاو رووەكی نوێی تۆمار نەكراوی دۆزیوەتەوەو تەنها ٣٠جۆریان بەناوی ئەوەوە تۆمار كراون و لەگۆڤارە زانستییەكانی دنیادا بڵاو كراونەتەوە. ئەو ٣٠ جۆرە گوڵ و رووەكە لە مۆزەخانە رووەكییەكانی لەندەن و ڤییەنادا بەناوی سەرهەنگەوە تۆمار كراون و پارێزراون.

ئەوەش شانازییەکی گەورەیە بۆ خەباتگێڕێکی کورد، کە ئەو سەروەرییەی بۆ خۆی و گەلی کوردستان تۆمار کردووە.

ئەم پیاوە تێکۆشەرو گوڵپەروەرەی کوردستان، لەرۆژی ١٩ی ئاداری ٢٠٠٠ بۆ دوا جار لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

ئیسماعیل سەرهەنگ یەکێك لە هاوڕێ دێرینەکانی سەرۆك مام جەلال و خۆشەویستی ئەو بووە. دوای کۆچی دوایی مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ، سەرۆك مام جەلال وتارێکی جوانی لەسەر نووسیوەو لاپەڕەکانی تێکۆشانی و یادو یادەوەری و یادگارییەکانی هەڵداوەتەوەو وەك خەباتگێڕێکی دلێرو جوامێرو مەبدەئی و هۆشیارو شارستانی و خاکی و خۆشەویست و بێ تەماع و خۆنەویست وەسفی کردووە.

سەرۆك مام جەلال گوڵناسینەکەشی بەرز دەنرخێنێ کە چەندین گوڵ و رووەکی کوردستان لە فەرهەنگیی گوڵناسیی جیهانیدا بەناوی ئەوەوە تۆمار کراون و لەکوردستانیشدا وەك شۆڕە سواری ئەو بوارە بەشانازییەوە ماوەتەوە.

مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ لەباکوری کوردستانەوە هات و باشوری کوردستانی کردە مەکۆی تێکۆشانی و گوڵە جوانەکانی کوردستانی بەجیهان ناساندو لە فەرهەنگ و مۆزەخانەکانی ئەوروپا تۆماری کردن.

# باكووری



باكووری هونەرمەندێكی گەورەی كوردستانەوەو لە بوارەكانی هونەری گۆرانیو موزیكو نووسینو پەروەردە ، خزمەتی زۆری بەگەلی كوردستان كردووە. بەرەچەڵەك خەڵكی شاری وانی باكوری كوردستانن و بەهۆی ئەوەی لەنەتەوەی ئاسوری بوون لەسەردەمی جەنگی یەكەمی جیهان راونراونو بەناچاری بۆ عێراقو باشوری كوردستان كۆچیان كردووەو دواجار لەشاری كۆیە گیرساونەتەوە.
باكووری لەساڵی ١٩٢٨ لەقشڵەی كۆیە لەدایك بووە. لەكۆیەو هەولێرو بەغدا خوێندویەتیو بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لەزمانی ئینگلیزی بەدەستهێناوەو وەك مامۆستای ئینگلیزی لەكۆیەو هەولێر وانەی وتۆتەوە. لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای هونەر ئەبێو وەك گۆرانیبێژو ژەنیار خزمەتێكی زۆری كردووەو خاوەنی چەندین بەرهەمی ناوازەیە.
مامۆستا باكووری وەك نوسەریش خزمەتی كردووەو خاوەنی چەند كتێبێكی بەنرخە كە كتێبخانەی كوردیان دەوڵەمەند كردووە. لەدیارترین بەرهەمەكانی كتێبی(تەمەنێك)ە كە بیرەوەرییەكانی خۆی تێدا ئەگێڕێتەوەو تیشك ئەخاتە سەر ژیانی هونەری خۆیو سەردەمەكەی.
هەروەها كتێبی( گۆرانیبێژە نەمرەكان) كە بەسێ بەش بڵاوبۆتەوەو تێیاندا تیشك ئەخاتە سەر ژیانی هونەری گۆرانیبێژەكان.
مامۆستا باكوری لەكایەكانی هونەریو ئارشیفو پەروەردە خزمەتی زۆری پێشكەش بەوڵاتەكەی كردووە، كە جێگەی رێزو ستایشو پێزانینە.

# بەختیار زێوەر



بەختیار زێوەر شاعیرێکی دیاری کوردستانەو لەچەند رشتەیەکی ئەدەبی وەك شیعرو چیرۆك‌و وەرگێڕان خزمەتی کردووە. بەڵام زیاتر وەك شاعیر ناسراوەو پشکی شێری بەرهەمەکانی شیعرن‌و خاوەنی دیوانی خۆیەتی.

فایەق کوڕی عەبدوڵڵا زێوەری شاعیرەو بەبەختیار زێوەر ناسراوە. لەساڵی ١٩٠٨ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە.

سەرەتا چۆتە حوجرەو وانە ئاینییەکانی خوێندووە. دواتر چۆتە قوتابخانەی ئاسایی‌و قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووەو پاشان لەقوتابخانەی شەو قۆناغی ناوەندی خوێندووە.

بەختیار زێوەر خولێکی برینپێچی بەیتاڵی لەبەغدا دیوەو بەهۆی ئەوەوە وەك فەرمانبەر دامەزراوەو لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان خزمەتی کردووە.

بەختیار زێوەر، بەهۆی ئەوەی کوڕی زێوەری شاعیر بووەو لەخانەوادەیەکی رووناکبیردا پەروەردە بووە، هەر زوو لە سەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای دنیای ئەدەب بووەو لەتەمەنی حەڤدە ساڵییەوە، دەستی بەهۆنینەوەی شیعر کردووەو خاوەنی چەندین شیعری بەرزو جوانەو چەندین سروودی نیشتمانیشی هەیە.

هەموو ئەوانە لەدوو تویێی دیوانەکەیدا چاپکراون کە مەحمود زێوەر کۆی کردۆتەوەو د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ پێشەکی بۆ نووسیوەو ساڵی

١٩٨٩ لەچاپخانەی زەمانی بەغدا چاپكراوە. ساڵی ٢٠٠٣ یش لەلایەن دەزگای ئاراسەوە جارێكی تر دیوانەكەی چاپكراوەتەوە.

بێ لەشیعر، بەختیار زێوەر بایەخیشی بەنووسینی چیرۆك داوەو ساڵی ١٩٤٥ چیرۆكی( شەوێك لەسەر لوتكەی ئەڤەرەست)ی نووسیوەو هەمان ساڵ بەپێنج بەش لەگۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا بڵاوی كردۆتەوە.

بایەخیشی بەوەرگێڕان داوەو لەگەڵ بێكەسی شاعیردا پێكەوە وتارێكی جەمالەدینی ئەفغانیان بەناوونیشانی (شەرەف) وەرگێڕاوەو لەگۆڤاری گەلاوێژدا بڵاویان كردۆتەوە.

بەختیار زێوەر كەسایەتییەكی گەورەی كولتووریيەو خزمەتێكی زۆری پێشكەش بەگەلەكەی كردووە، بەڵام زۆر بایەخی پێنەدراوەو وەك پێویست تیشك نەخراوەتە سەر ژیانو بەرهەمەكانی.

تەنها د. عیزەدین مستەفا رەسوڵو كاكەی فەلاح لەسەریان نووسیوە.

ئەم شاعیرو روناكبیرەی كوردستان، لەرۆژی٣١ی كانونی یەكەمی ١٩٥٢ بەهۆی نەخۆشییەوە لەتەمەنی ٤٤ ساڵیدا كۆچی دوایی كردو لەگۆڕستانی گردی جۆگەی سلێمانی بەتەنیشت گۆڕی باوكییەوە نێژراوە.

# بەدیع باباجان



بەدیع باباجان کەسایەتییەکی گەورەی کولتووری کوردستانەو لە رشتەکانی هونەری نیگارکیشان و خۆشنووسی و موزیك و شیعردا خزمەتی زۆری کردووەو شوێن پەنجەی لەو بوارانەدا دیارەو وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لەمێژووی دوورو نزیکی کوردستاندا ئەدرەوشێتەوە.

بەدیع حسێن باباجان کە بە بەدیع باباجان ناسراوە، ساڵی ١٩٢٣ لەشاری کەرکوك لەدایك بووە.

قۆناخی خوێندنی سەرەتایی لەشاری سلێمانی و ناوەندی لەشاری کەرکوك تەواو کردووە.

هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای هونەر بووە، بۆ بەئاکادیمیکردنی ئەو خولیا خۆرسکەی، لەناوەڕاستی ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوودا، وەك یەکەم خوێندکاری کورد چۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا، ئەگەر چی حەزی بەوە کردووە موزیکی خۆرئاوایی بخوێنێ، بەڵام بەخت یاوەری نەبووەو لەو بەشە وەرنەگیراوە، بەناچاری چۆتەی بەشی هونەریی نیگارکێشان و بەسەرکەوتوویی و بەپلەی نایاب تەواوی کردووە.

پاش تەواوکردنی خوێندن، بەهۆی دەستڕەنگینی لەبەڕێوەبەرایەتیی رووپێوی بەغدا بەفەرمانبەری هونەری دامەزراوە. لەرێی سەلیقەی هونەرییەوە خزمەتی زۆری بەو فەرمانگەیە کردووە.

باباجان كەسێكی سادەو خاكی بووە، هەر بۆیەش بۆ بژێوی ژیان لەگەڵ هونەرمەندی خۆشنووس مەهدی ئەلجبوری لەشەقامی رەشیدی بەغدا، دوكانێكیان بەناوی(خەتی عەرەبی) داناوەو كاری هونەری خۆشنووسییان تێدا كردووە، بەوەش لەلای هونەرمەندان و روناكبیران زیاتر ناسراون.

بەدیع باباجان هونەرمەندێكی دەستڕەنگین بووە، دەیان كاری ناوازەی كردووە، كە لەمێژووی كوردستان و عێراقدا جێی شانازیی گەورەن.

ئەم هونەرمەندە گەورەیە لەسالآنی چلەكاندا هێلكاری و وێنەی بەرگ و وێنەكانی دیكەی گۆڤاری گەلاوێژی كیشاوە، وەك كاری دەستپێك و سەرەتایی جێی سەرنج و تێڕامان بوون. هەر لەو سەردەمەدا نەخش و نیگاری بۆ گۆڤاری نزاری مامۆستا عەلادین سەجادی كێشاوە.

هەروەها دیزاینی بەرگ و كلێشەی بۆ بەرگی كتێبی چەندان نووسەر و شاعیری كورد و عەرەب كێشاوە.

لەهەمووی گرنگتر بەخەیاڵ وێنەی بۆ چەندین شاعیری كلاسیكی و نووسەری كورد كێشاوە كە وێنەیان نەبووە، ئەو وێنانەی هێندە بەجوانی كێشاوە لە خەیاڵەوە كردوونی بەڕاستی، لەوانە(نالی،سالم،كوردی، حاجی قادری كۆیی، حەریق، بابا تاهیری هەمەدانی، مەلەوی، بێسارانی، مەلای جزیری، فەقێ تەیران، زێوەر، ئەحمەدی خانی، شەرەفخانی بەدلیسی، خانەی قوبادی) و چەندانی تر.

لەهەمووشی سەرنجڕاكێشتر ساڵی ١٩٥١ نیگاری بەرگ و خەت و وێنەكانی كتێبی ئەلف و بێی نوێی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵداری كێشاوەو بۆ خوێنكارانی پۆلی یەكەمی سەرەتایی ئەو سەردەمە وەك كتێبێكی وێنەداری جوان چاپكراوە، جێی سەرنجی خوێندكارانی پۆلی یەكەمی سەرەتایی ئەو سەردەمە بووەو بەتاسەوە پێشوازیان لێكردووە.

ساڵی ١٩٦٧لەسەر داوای وەزارەتی دارایی عێراق، باباجان دیزانی دراوەکانی ئاسن‌و دیناری عێراقی‌و بیتاقەی یانسیبی بەجوانترین شێوە کردووە.

لەبەر دەسترەنگینی‌و توانای بەرزی هونەری ، لەساڵی ١٩٧٣ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەك مامۆستا دایدەمەزرێنێت‌و ماوەی چوار ساڵ وانەکانی خۆشنووسی‌و هونەری نیگارکێشانی وتۆتەوە.

لەبەرئەوەی یەکەم لۆگۆی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کێشابوو، لە یادی یۆبیلی زێڕینی ئەو یەکێتییەدا، لەرۆژی ١٠ی شوباتی ٢٠٢٠ لەشاری هەولێر خەڵاتی زێڕین بەخانەوادەکەی بەخشرا.

ئەم کەسایەتییە ناودارەی کوردستان، پاش خزمەتێکی زۆر بەکایەکانی کولتووری کوردستان‌و عێراق، لەرۆژی ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٩٦ لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کردو هەر لەو شارەو دوور لە خاکی نیشتمان‌و زێدی خۆی بەخاك سپێردرا.

# بەدیعە دارتاش



بەدیعە دارتاش هونەرمەندێکی دیارو مەزنی کوردستانە، ئەو ژنێکی پێشەنگی بواری شانۆو درامایە. وەك خۆی ئەڵێ: یەکەم کچە کورد بووە، ساڵانی کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو چۆتە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغداو لەبەشی شانۆ وەرگیراوەو لەپۆلەکەیدا تەنها ئەو و کچێکی دیکەی مەسیحی هەبووە. بەحوکمی ئەوەی باوکی بەدیعە دارتاش شیوعی بووە، هانیداوە لەبەشی شانۆ بخوێنێ و پێی وتوە لەرێی شانۆوە ئەبی بەدایکی میللەت.

ئەگەرچی ئێستا بەدیعە ژنێکی بالاپۆش و ئیماندارە، بەلام ئێستاش کاریگەری رابەرانی سۆڤیەتی لەسەر ماوەو لەپێناسەی شانۆدا ئەڵێ: شانۆ قوتابخانەی گەلەو لینین گوتەنی: نان و شانۆم بدەرێ میللەتێکی هۆشیارت ئەدەمێ!

هەروەها بەچیخۆڤ ئەدیب و رۆماننووسی گەورەی رووس، وەك رزگارکەری ژنان سەرسامەو ئەڵێ لەدەقەکانی ئەوەوە نەخشەی ئازادیی ژنانی کوردمان دارشت!

(بەدیعە عەبدوڵڵا حەسەن) بە بەدیعە دارتاش ناسراوە، ئەو نازناوەش خوالێخۆشبوو( درەخشان حەفید) لێی ناوە کە بەرێوەبەریان بووە لە ئامادەیی سلێمانی کچان، دوو یاریدەدەری هەبووە بەناوی بەدیعە بۆ ئەوەی

لەیەکیان جیا بکاتەوە نازناوی دارتاشی پێبەخشیوە. دارتاش پیشەی باوکو باپیری بەدیعە بووەو ئیدی ئەو نازناوە بووە بەنازناوی ئەمو پێی ناسراوە.

بەدیعە دارتاش ساڵی ١٩٤٦ لە گەڕەکی مەڵکەندیی شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. دواتر بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٢ وەك مامۆستای هونەر لە ئامادەیی سلێمانی کچان دامەزراوەو هەشت ساڵ خزمەتی کردووە.

لەساڵی ١٩٨٠ لەدەستەی دامەزرێنەرانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بووەو بووە مامۆستا لەو پەیمانگایەو ماوەی ١٤ ساڵ سەرۆکی بەشی شانۆ بووە. دواتر وەك سەرپەرشتیاری هونەری و شارەزا لەوەزارەتی پەروەردە، درێژەی بەخزمەتی هونەر داوە.

بەدیعە دارتاش زۆربەی تەمەنی خۆی بەخزمەتکردنی هونەری کوردی بەخشی، تەنانەت هاوسەرگیریشی نەکردو خۆی گوتەنی شووی بەشانۆ کرد.

وەك مامۆستا لەبواری هونەر بەگشتی و هونەری شانۆ بەتایبەتی و ئەکتەری بوارەکانی شانۆو دراماو نووسەرو وەرگێڕو دەرهێنەر خزمەتی کردووە.

وەك ئەکتەرو دەرهێنەر بەشداری حەفتا شانۆگەری کردووەو لەزۆربەی ئەو شانۆگەرییانەدا رۆڵی دیارو سەرەکی بینیەوە.

لەچەندین درامای کوردیش رۆڵی بینیوە. شەش شانۆگەری بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە. خاوەنی چەند توێژینەوەیەکی بەنرخە لەبواری شانۆدا. لەشەستو پێنج درامای رادیۆیی لە رادیۆکانی بەغداو سلێمانی رۆڵی بینیوە.

بایەخیشی بەهونەری منداڵان داوەو پێنج شانۆگەری بۆ باخچەی ساوایان دەرهێناوە. بەشداری چەند كارێكی هونەری لە سویدو تارانو سەقز كردووەو خەڵاتی وەرگرتووە.
ئەو لە ئەدیبانی بیانی بە چیخۆف سەرسامەو لەكوردیش بەشێرزاد حەسەنو كەتان خادیمیو سوودی لەچیرۆكەكانیان وەرگرتووە.
ئەم هونەرمەندە شانۆپەروەرە، زیاتر لەنیو سەدەیە لەخزمەتی هونەری كوردی دایەو زۆبەی تەمەنی بەشانۆو دراما بەخشی، خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی هونەرییە. سەرباری ئەوەی لە وەزیفە خانەنشین بووە، بەڵام لەبەخششی هونەری بەردەوامە.

# بەرزان عوسمان



بەرزان عوسمان وەك مامۆستاو شانۆکارو شاعیرو پێشمەرگە خزمەتی کردووە و گیانی خۆشی کردۆتە خەلاتی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و بەخوێنی گەشی خۆی داستانی سەروەری خۆی نووسیوەتەوە.

بەرزان عوسمان ساڵی ١٩٥٧ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەسلێمانی تەواو کردووە. لەبەرئەوەی خولیای هونەری شانۆ بووە، بۆ خوێندن چۆتە پەیمانگای هونەرەکانی جوانەکانی بەغداو ساڵی ١٩٨٠ بڕوانامەی لەبەشی شانۆدا بەدەستهێناوە. دواتر بووە بەمامۆستاو لە پێنجوێن و کارێزە خزمەتی بەخوێندکارانی کورد کردووە. بەرزان بێ لەهونەر، حەزی بەدنیای ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی کردووە. هێشتا خوێندکار بووە کە دەستی بەنووسین و هۆنینەوەی شیعر کردووەو بەرهەمەکانی لە گۆڤارەکانی بەیان و ڕۆژی کوردستان بڵاو کرۆدتەوە.

مامۆستا بەرزان کەسێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بووەو سەرباری خزمەتی ئەدەبی و هونەری و پەروەردەیی، ویستویەتی لەڕێی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتیشەوە خزمەت بەگەل و نیشتمانەکەی بکات، بۆ ئەو مەبەستە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی( کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی

كوردستان)ەوە كردووەو ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە كردووە،

رۆژی ١٨ی كانونی یەكەمی هەمان ساڵدا لەئۆردوگای كارێزە لەلایەن هێزێكی گەورەی رژێمی بەعسەوە گەمارۆ ئەدرێ‌و ئەیانەوێ بەزیندوویی دەستگیری بكەن، بەڵام ئەو خۆی نادا بەدەستەوەو ئازایانە رووبەڕوویان ئەبێتەوەو تا دوا فیشەك شەڕیان لەگەڵ ئەكات‌و دواتر شەهیدی ئەكەن.

لەدوای شەهید بوونی بەرزان، عوسمان شەیدای هاوڕێی لەمانگی ئایاری ١٩٨٤ شیعرەكانی كۆكردەوەو لەدوو تویێی نامیلكەیەكدا بەناوی (دایە شیعر قەدەغەیە) وەك زنجیرەی بڵاوكراوەكانی یەكێتیی نووسەرانی كوردستان لەشاخ چاپیكرد. وەك وەفایەك بۆ ئەو پێشمەرگەو شاعیرە شەهیدە، ساڵی ٢٠١٧ نەوزاد عەلی ئەحمەد نوسەرو رۆژنامەنووسی دۆكۆمێنتار، شیعرەكانی شەهید بەرزانی بەهەمان ناوونیشان (دایە شیعر قەدەغەیە) ئامادە كردو چاپی كرد.

# بەشیر موشیر



بەشیر موشیر، ناوێکی دیار و ئەستێرەیەکی پرشـــنگدار و درەوشـــاوەی لاپـــەڕەکانی مێژووی گەلی کوردستانە.
موشـیر کەسـایەتییەکی هێنـدە دەگمـەن و سـەرنجڕاکێش بـووە، بەهەشـتی دکتـۆر عەبدولڕەحمانی قاسملۆ لە یادداشتەکانیدا بە کەسایەتییەکی دەگمەن وەسفی دەکاتو لـەو بڕوایـەدا بـووە، کـە هاوشـێوەی لـەناو هـیچ گـەلێکی تـردا نییـە!. ئـەم پیـاوە لـە سەرانسەری کوردستان و عێراقدا هەواداری هەبووە، لەوانە: (مام جەلال، د. قاسملۆ، د. کەمال فوئاد، ئەمین زەکی، د. جەمال نەبەز، ئەمین ڕەواندزی، مەعرووف جیاووك، ڕەفیق حیلمی،عەلادین سەجادی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسـوڵ، پیرەمێـرد، گـۆران، هـەردی، ئەسـیری و چـەندانی دیکـە). کـەمترین زانیاری لەسەر بنەچە و ژیانی تایبەتی بەشیر موشیر هەیە. هـەوادارانی لـە سلێمانی بـە خـەڵکی شـارەکەی خۆیـان قەڵـەمیان داوە و خۆشـی وەسـێتی کردبوو، لـە گردی مامـە یارە لەتەنیشـت پیرەمێـردی نـەمرەوە لـە سلێمانی بینێـژن، بـەڵام هەنـدێ سەرچـاوەی دیکـە، ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە زمـان و لەهجەی قسەکردنی هی دەڤەری نێوان هەولێر و کەرکووك بووە. بەپێی ڕای بەشێك لە شارەزایان بەشیر موشیر لە نێوان ساڵانی (١٨٨٠-١٨٨٨) لەدایك بووە.

دوکـانی بەرگـدرووی لـە شـەقامی رەشـیدی ناوچـەی حەیدەرخانـەی بەغـدا هـەبووە و هەرچـەند لـە ڕۆژنامـەکان زۆر ڕیکـلام بـۆ دوکانەکـەی کـراوە و بەمقەستی زێـڕین نـاوی بـراوە، بەڵام لـە کـاری بەرگـدروو بـەردەوام نـەبووە و دوکانەکـەی کـردووە بەکتێبخانــەو کتێــب و گـۆڤــار و ڕۆژنامــەکانی ئــەو سـەردەمەی تێـدا فرۆشـتووە. ئـەم کەسـایەتییە نازناوەکـانی (فەیلەسـوف، شـاعیر، زەعـیم ، موشـیر)ی خراوەتـە پـاڵ، بـەڵام مامۆسـتا بەشـیر خـۆی بەفەیلەسوف‌و شاعیر لەکاتی پێویست ناساندووە. خاوەنی چەندین پارچە شیعری جوانـە کە لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانی ئەو سـەردەمە بڵاوبوونـەتـەوە. نـەك هـەر ڕۆژنامەنووسـەکانی نـاوخۆ باسـی ئـەم کەسـایەتییەیان کـردووە، بـەڵکو ڕۆژنامەنووسـە بیانییـەکانیش پێـی سەرسـام بـوون لـە سـەریان نووسیوە. دەبوو لە کوردستان بایـەخ بەم کەسایەتییە بدرێ و پەیکەری بۆ دروست بکرێ و شـەقام و دەزگـا و سـەنتەری ڕونـاکبیری بەنـاوەوە بنرێـت و یادی بکرێتەوە و بەرهەمەکانی لە چاپ بدرێنەوە، بەڵام بەداخـەوە فـەرامۆش کراوە.

ئـەم کەسـایەتییە نـاودارەی کوردسـتان لـەرۆژی ٣٠ی حـوزەیرانی ١٩٦٣ لـە شـاری بەغـدا کۆچـی دوایـی کـرد، هەرچـەند وەسـێتی کردبـوو لـە گـردی مامـەیارە و لەتەنیشـت پیرەمێـردی نـەمرەوە بنێـژرێ، بـەڵام کەسـوکارەکەی وەسێتەکەیان بەجێنەهێنا و لـە گۆڕسـتانی شـێخ مـەعرووف لـە شـاری بەغدا بە خاکیان سپارد.

# بەنگینە



حاجی باقی بەنگینە، شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕی کوردستانە و هەمیشە لە ڕیزی گەلدا بووە و بە شیعر تەعبیری لە ئێش و ئازارەکانی هەژاران و میللەتەکەی کردووەن بۆیە بە شاعیری میللی و شاعیری گەل ناسراوە.
فەیزوڵڵا باقر ئەحمەد، ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیە و لە ساڵی ١٩٠٨ لە شاری سەقزی خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە. لە هەرەتی لاویدا ڕووی کردۆتە باشوری کوردستان و لە شاری سلێمانی گیرساوەتەوە. ئیدی بووە بەڕێبواری سەوداسەری پیرەمێردی نەمر و کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەوەوە و لە دوو ڕووەوە بۆتە خوێندکاری ئەو، لە قوتابخانەی زانستی ئێواران خوێندویەتی و لە ژین و ژیانیش بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە. ئیتر فەیزوڵڵا بووە بە حاجی باقی و پیرەمێردیش نازناوی بەنگینەی پێبەخشیوە، بەهۆی ئەوەی لە شانۆگەری مەم و زیندا دەوری بەنگینی بینیوە. بەنگینە ئامادەبوونی بەرچاوی هەبووە لە بۆنە نیشتمانییەکاندا و لە ساڵانی چلەکاندا لەگەڵ پیرەمێرد بە هۆنراوە و وتار بەشداری کاریگەری لە یادی جەژنی نەورۆز کردووە.
بەنگینە، شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و بەهەڵویست بووە و لە ساڵانی پەنجاکاندا لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەراندا بووە و بە شیعرە ئاگرینەکانی جەماوەری جۆشداوە. بەهۆی ئەو هەڵویستانەیەوە چەند جارێك زیندانی

كـراوه و تووشـی ئـازار و ئەشـكەنجەی زۆر بۆتـەوه و لـە سـەردەمی زەعـیم سدیقدا یـەكێك بـووه لـەو كەسانەی بڕیـاری گوللـەبارانكردنی هـەبووه، بـەڵام ئازایانه خۆی دەرباز كردووه.

بەنگینـە، خـاوەنی دیـوانێكی شـیعرییه كـه مامۆسـتا عوسمـان هـەورامی ئامـادەی كـردووەو لـە سـەردەمی ڕژێمـی بەعسـدا ڕێگـە بـە بڵاوكردنـەوەی نەدراوەو ساڵی ٢٠٠٣ بڵاو كراوەتەوه. سـاڵی ٢٠١٦ وەزارەتـی رۆشـنبیری‌و لاوان دیوانەكەی چاپ‌و بڵاوكردەوه. شیعرەكانی زۆربەی شیعری نیشتمانی و نەتـەوەیین، شـیعری دیكـەی خۆشەویسـتی و كۆمەڵایەتیشـی هەیـەو بـۆ مەرگی شاعیران و ناوداران بە شیعر شیوەنی گێڕاوه. بۆ ڕێزلێنـان لـەرۆڵی دیاری ئەم شاعیره نیشتمانپەروەره باخچەیەك لەگەڕەكی تووی مەلیك كراوه بەناویـــەوەو پەیكەرێكیشـــی لـــە ئەســـحابە ســـپیی شـــاری ســـلێمانی بـــۆ دروستكراوه. ئـەم شـاعیره نـاودارەی كـورد لـەرۆژی ١٥ی ئـەیلولی ١٩٧٢ لـە شاری سلێمانی كۆچی دوایی كرد و لە گردی سەیوان بە خاك سپێردرا.

# برایم ئەحمەد



ماموّستا برایم ئەحمەد سەرباری ئەوەی کە کەسایەتییەکی گەورەی سیاسیی کوردستان بووە، لە بوارەکانی ئەدەبی و ڕوناکبیریشدا قەڵەمێکی دیار و مەشخەڵێکی داگیرساوی بیری نویّ و پێشکەوتنخواز بووە. لە قۆناغێکی تاریکدا بەرهەمەکانی وەك چرایەکی ڕۆشن و پرشنگدار کوردستانیان ڕوناك کردۆتەوە.

ماموّستا برایم لە ڕۆژی ٥ی ئاداری ١٩١٤ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایك بووە. لە سلێمانی و بەغدا قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووەو ساڵی ١٩٣٧ بڕوانامەی حقوقی لە کۆلیجی مافی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.

ماموّستا برایم ئەحمەد هەر لە سەردەمی لاوییەوە خولیای جیهانی ئەدەب و نووسین بووە. لە تەمەنی ١٨ساڵییەوە لە ڕۆژنامەی ژیانی پیرەمێرد بەرهەمەکانی بلاّوکردۆتەوە و پیرەمێرد زۆر پێی سەرسام بووە و وەك کوردیزانێکی ڕەوان و نەوجەوانێکی هەڵکەوتوو وەسفی کردووە.

ماموّستا برایم لە سەردەمی خوێندکاری لە بەغدا لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێیدا کۆمەڵەی لاوانی کوردی دامەزراندووە و گۆڤاری دیاری لاوانی دەرکردووە.

ماموّستا برایم سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو بووە و لە حزبەکانی ژێکاف و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ڕۆڵی دیاری هەبووە و وەك سەرکردەیەکی ڕوناکبیر شوێن پەنجەی بەئەدەبیاتی سیاسی ئەو حزبانەوە دیارە. ماموّستا برایم لە کایەی ئەدەبی و ڕوناکبیریشدا شوێن پەنجەی دیارە و پیاوێکی فرە بەهرە بووە و

لـەبوارەكانی شـیعر و پەخشـان و ڕۆمـان و چـیرۆك و مێـژوو و زمـان و وەرگێڕان خزمەتی كردووە و خاوەنی ٢٦ كتێبە و ژانی گەل و كوێرەوەری و دوا تیری كەوان، لەنموونەی شاكارە بەرزەكانی ئەون.

مامۆستا برایم ئەحمەد لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا ڕۆڵی دیار و درەوشاوەی هەبووە، گۆڤاری گەلاوێژ بە یەكێك لەو ئەستێرە پرشنگدار و درەوشاوانە دادەنرێت، كە دەوری زۆری لە هۆشیاری سیاسی و ڕوناكبیریدا هەبووە.

ئەم گۆڤارە لەنێوان ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٩) بۆ ماوەی ١٠ساڵ دەرچووە و مامۆستا برایم ئەحمەد خاوەنی ئیمتیاز و مامۆستا عەلادین سەجادی سەرنوسەری بووە. گۆڤاری گەلاوێژ بایەخی بە بڵاوكردنەوەی بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی داوە، ئەوەش لەو كاتەدا خزمەتێكی گەورەی بە ڕەوتی ڕوناكبیری لە كوردستان كردووە و هۆكاری سەرەكی گەشەپێدانی ڕۆژنامەگەری و پاراوكردنی زمانی كوردی بووە.

ئەم گۆڤارە شێوازی ڕێنووسی نوێی كوردی هێنایە ئاراوە و زمانی كوردی لە وشەی بێگانە بژار كرد و كوردییەكی جوان و پاراوی هێنایە كایەوە. گۆڤاری گەلاوێژ گۆڤارێكی سەنگین بووە و قەڵەمی دیاری وەك: (ئەمین زەكی، پیرەمێرد، تۆفیق وەهبی، شاكر فەتاح، شێخ محەمەدی خاڵ، حسین حوزنی ، عەبدوڵڵا جەوهەر و چەندانی دیكە)، بەرهەمەكانیان تێدا بڵاوكردۆتەوە. دەركردنی گۆڤاری گەلاوێژ خزمەتێكی گەورەی بە هەموو كایە فكری و ڕۆشنبیری و مەعریفییەكانی كۆمەڵی كوردستان كردووە و ڕوخسارێكی جوانی ڕۆشنبیری بە شاری سلێمانی داوە و بۆتە هۆی ئەوەی هەر لەو سەردەمەوە بە هەوڵی مامۆستا برایم و ڕوناكبیرانی دیكە، سلێمانی وەك شاری ڕۆشنبیری بدرەوشێتەوە.

مامۆستا برایم ئەحمەد لە بوارەكانی سیاسی و ڕوناكبیری خزمەتێكی زۆری پێشكەش كردووە و شوێن پەنجەی دیارە. ئەم پیاوە گەورەیە لە ڕۆژی ٨ی نیسانی ٢٠٠٠ بۆ دواجار لە شاری لەندەن ماڵئاوایی كرد و لە گردی سەلیم بەگی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

# بڵند حەیدەری



بڵند حەیدەری، شاعیرێکی ناسراوی کوردە، بەڵام بەزمانی عەرەبی شیعرەکانی نووسیوە.
لە ٢٦ی ئەیلولی ١٩٢٦ لەدایك بووە. ئەم شاعیرە لە بنەماڵەی حەیدەرییە، کە بنەماڵەیەکی دیار و ناسراوی کوردستانەو خاوەنی چەندین کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەڵکەوتوون. بەهۆی ئەوەی باوکی ئەفسەری سوپای عێراق بووە، بڵند حەیدەری بەشی زۆری شارەکانی کوردستان و عێراق گەڕاوە. هێشتا گەنج بووە دایك و باوکی کۆچی دواییان کردووە. ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیان و گوزەرانی حەیدەری بەجێهێشووە و بەکاری کرێکاری و عەریزەنووسییەوە خەریك بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خولیای شیعر و ئەدەب بووە و بەشێکی کاتەکانی بۆ خوێندنەوە و خۆڕۆشنبیرکردن لە کتێبخانە گشتییەکان تەرخانکردووە و کتێبە ئەدەبی و فەلسەفی و دەروونییەکانی خوێندۆتەوە.
حەیدەری شاعیرێکی دیار بووە و بەپێشەنگی شیعری نوێی عەرەبی دادەنرێتوخاوەنی چەندین دیوانی شیعرە. لەرۆژی ٦ی ئابی ١٩٩٦ بۆ دواجار چاوی لێکنا و ماڵئاوایی یەکجاری لە دنیای ئەدەب کرد.

# بورهان جاهید



بورهـــان حـــاجی محەمـــەد عەبـدولڕەحمان، کـە نازنـاوی جاهید بووە. شاعیرێکی دیار و ناســـراوی کوردســـتانەو بەشـــیعرەکانی خزمـــەتێکی زۆری بەئـەدەب و ڕونـاکبیریی کوردی کردووە.

جاهید ساڵی ١٩١٨ لە ئامێزی بنەماڵەی ناوداری دۆغرەمەچی هۆزی جاف مـورادی لـە گـەڕەکی سـەرای قـەڵای هـەولێر لـەدایك بـووە. بنەماڵــەی دۆغرەمەچـی بنەماڵەیـەکی دێـرین و ناسـراوی شـاری هـەولێرن و چـەندین کەســایەتیی سیاســی و ڕونــاکبیری و ئیــداری و کۆمەڵایــەتییان تێــدا هەڵکــەوتووە و خزمــەتێکی زۆریــان بەشــاری هــەولێر کــردووە. وشــەی (دۆغرەمەچی) بە مانای دارتاشی و دروستکردنی نـەخش و نیگـاری سـەر کەلوپەلی تەختە دێت.

بەحوکمی ئـەوەی جاهیـد لـە بنەماڵەیـەکی ڕۆشـنبیر و ئەدەبدۆسـتدا گـەورە بـوو، هـەر زوو خولیـای دنیـای ئـەدەب بەگشـتیو شـیعر بەتایبـەتی بـوو. لەتەمـەنی ١٤ ساڵییەوە شیعری نووسـیوە و لـەژێر کاریگـەری شیعرەکانی شاعیرانی وەك کانی مامی و نامق کەمال و هیجری دا بووە.

**ئـەم شـاعیرە بـە زمانـەکانی کـوردی و عـەرەبی شـیعری هۆنیوەتـەوە و سـێ دیوانی بەناوی چوارینەکانی جاهیدەوە بە زمانی کوردی چاپکراوە. جاهیـد وەك فەرمانبـەری میریـش خزمـەتی کـردووە و کارمەنـدی کتێبخانـەی گشـتی عەینکاوە بووە.**

**ئــەم شــاعیرە گەورەیــە لــە ڕۆژی ٢٢ی کــانونی دووەمــی ســاڵی ١٩٩١ بەیـەکجاری ماڵئـاوایی لـە ژیـان کـرد، بـەڵام هـەر بـە نـەمری ئەمێنێتـەوە و شیعرەکانی یادگاری جوان و زیندوون.**

# بورهان قانع



بورهـان قـانع، یەکێـکە لـە نوسـەر و وەرگێـڕە دیارەکـان و خزمـەتێکی بەرچـاوی بـەڕەوتی ڕۆژنامەگــەری‌و ڕۆشــنبیری و کوردایــەتی کردووە.

سـاڵی ١٩٣٥ لـە گونـدی نـەوێی ناوچـەی شـارەزوور لـەدایك بـووە. بـەهۆی ئـەوەی لـە بنەماڵـەی ئەدەبپـەروەری قانعی شاعیر بووە، هــەر زوو تێکــەڵاوی بزاڤــی ئــەدەبی و ڕۆژنامەگەری بووە. ساڵی ١٩٤٨ لە چاپخانەکەی پیرەمێردەوە دەستی بەکار کـردو لـەوێوە دەرگـای دنیـای چاپەمەنی و ڕۆشـنبیری بـە ڕوودا کرایـەوەو کاروانی خزمەتەکانی لە بوارەکانی کاری تەکنیکی و نووسین و وەرگێڕان و بێـژەری لـە دەزگاکـانی ڕاگەیانـدنـدا دەسـتی پێکـرد. بـە حـوکمی ئـەزموونی کــارکردنی ڕۆژنامەنووســی، وەك پێشــمەرگەیەك خزمــەتێکی گــەورەی بــە میــدیاکانی شۆڕشــی ئــەیلول و شۆڕشــی نــوێ کــرد و شــوێن پەنجــەی بەپێشخستنی ئەو میدیانەوە دیار بوو.

بورهـان قـانع خـاوەنی ژمارەیـەکی زۆری کتـێبی نوسـراو و وەرگێـڕدراوە لـە دیارترینیان کتێبەکانی: (میدیا و فەرهەنگی نوێ)یە.

لـەڕۆژی ٢٧ی حـوزەیرانی ١٩٨٥ لـە تەمـەنی پـەنجا ساڵیدا لەسـەر ڕێگـەی هـەولێر- کۆیـە و لـە نزیـك دیگەڵـە، بـە کارەسـاتی ئۆتۆمبیـل کۆچـی دوایـی کـردو لـە گۆڕسـتانی گونـدی (بێرکـۆت)ی نزیـك شـاری هـەولێر بەتەنیشـت گۆڕی دایکییەوە بە خاك سپێردرا.

# بێخود



مەلا مەحموودی بێخود یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی کورد و خزمەتێکی گەورەی بەبواری ئەدەبی کوردی کردووە.
ساڵی ١٨٧٥ لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەری موفتی لەدایک بووە. لەڕێی زانا ئاینییەکانی سەردەمی خۆی دەرسە ئاینییەکانی خوێندووە و بایەخێکی زۆری بە بواری ئاینی داوە و بووە فەقێ و ماوەیەکیش دادوەری هەڵەبجە بووە. دواتر تا کۆچی دوایی لەسلێمانی موفتی بووە . بێخود لەگەڵ ڕوناکبیرانی هاوڕێی زێوەر و ڕەفیق حیلمی، ماوەیەك وەك خۆبەخش مامۆستا بووە و دەرسی بە منالآنی کورد وتووە.
بێخود شاعیرێکی دیار و ناودارە خاوەنی دیوانی خۆیەتی کە ١٧٢ لاپەڕەیەو مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم ئامادەی کردووە. ئەو دیوانە کۆمەڵێك شیعری جوانی لەخۆگرتووە. شیعرەکانی بێخود شیعری دڵداری و ئاینی و کۆمەلآیەتین. لەرۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٥٥ بێخودی شاعیر بۆ دواجار ماڵئاوایی کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

# بێدار



بێدار، شاعیرێكی ناوداری ناوچەی گەرمەسێر و كوردستانە، لەڕێی شیعرەكانییەوە خزمەتێكی زۆری بە بواری كولتووری كوردستان كردووە.
بابا عەلی كوڕی شێخ عەبدوڵڵا كوڕی شێخ عەلی، ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیە لە جیهانی ئەدەبدا بەبێدار ناسراوە.
ساڵی ١٨٩٤ لە ناوچەی بنكورەی سەر بەقەزای خانەقین لەدایك بووە. لای باوكی و پیاوە ئاینییەكانی سەردەمی خۆی خوێندویەتی و هەر لە سەردەمی لاوێتییەوە بە دنیای ئەدەب ئاشنا بووەو دەستی بە هۆنینەوەی شیعر كردووە. كەسێكی كوردپەروەر بووە و ئەندامی حزبی هیوا بووە و بێدار ناوی نهێنی بووە لەو حزبەدا و دواتر بووە بە نازناوی شاعیری. لەو سۆنگەیەوە بەشێكی شیعرەكانی شیعری نیشتمانین و ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی خەمە نەتەوەییەكان بوون.
بێجگە لەوە، بێداری شاعیر شیعری بۆ عەشق و خۆشەویستی نووسیوە. بێدار شیعری زۆری هەبووە، بەڵام بەهۆی دۆخی سیاسییەوە بەشی زۆری شیعرەكانی لەناوچوون. ئەو شیعرانەی كە ماونەتەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە دووتوێی دیوانێكدا لە چاپ دراون.
ئەم شاعیرە ناسراوەی كوردستان لەڕۆژی ٢٢ی تەمووزی ١٩٤٩ لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا بۆ دواجار چاوەكانی لێكنا و ماڵئاوایی كرد.

# بێکەس



بێکـــەس شـــاعیرێکی شۆرشـــگێڕو نیشـتمانپەوەری کوردسـتانە، شـیعرە نیشـــــتمانییەکانی وەك چـــــەکی پێشـمەرگە ڕۆڵــی خــۆی لەمەیـدانی تێکۆشـانو بـەرگریکردن لــە خـاکی کوردستان گێڕاوە.

نـاوی تـەواوی ئـەم شـاعیرە (فایـەقی کـوڕی عەبـدوڵڵای کـوڕی کاکـە حەمـە کـوڕی ئەلیاسـە قۆجە)یـەو لـەدنیای ئەدەبدا بەبێکەس ناسراوە.

سـاڵی ١٩٠٥ لەگونـدی سـیتەکی سەربەناوچـەی شـارباژێڕی پارێزگـای سـلێمانی لـەدایك بـووە. دواتـر بەماڵـەوە چـوونەتە سـلێمانی، قۆناغـەکانی خوێنـدنی لـە سـلێمانیو کـەرکوكو بەغـدا تـەواو کـردووە. چـەند سـاڵێك لەناوچە جیاجیاکانی کوردستانو عێراق وەك فەرمانبەرو مامۆستا خزمەتی کـردووە. زمانـەکانی عـەرەبیو فارسـیو تارادەیـەك ئینگلیزیشـی زانیـوە. بێکەس هەرزوو تێکەڵاوی جوڵانـەوەی سیاسـی بووەو یـەکێك لەرێکخـەرانی خۆپیشاندانەکەی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ی بەردەرکی سەرای سلێمانی بووەو لەسەر ئەوە زیندانی کراوە.

بەشی زۆری شیعرەكانی بێكەس شیعری نیشتمانیو شۆڕشگێڕینو بەهۆی هەڵویستە سیاسییەكانیەوە چەند جارێك زیندانی كراوەو لە وەزیفە دوور خراوەتەوە.

سەرباری شیعری نیشتمانی، بێكەس شیعری بۆ ژیانی كۆمەڵایەتیو هاندانی خوێندنو سروودی بۆ مناڵان نووسیوە.

مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم هەموو شیعرەكانی لەدووتوێی دیوانێكدا بەناوی دیوانی بێكەس چاپكردووەو چەند جارێك بڵاوكراوەتەوە.

ئەم شاعیرە ناودارەی كورد لە رۆژی ١٨ی كانونی یەكەمی ١٩٤٨ بەنەخۆشی كۆچی دوایی كردووەو لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردراوە.

# بێوەی



هەورامان ناوچەیەکی جوان و دڵگیری کوردستانە، ئەو سروشتە قەشەنگ و دڵفڕێنەی بۆتە ئیلهامبەخشی دەیان شاعیری ئەو ناوچەیەو شاعیرانی ناوچەکانی تر، لەشیعرو بەرهەمەکانیاندا رەنگی داوەتەوەو هەورامان بۆتە مەڵبەندی چەندین شاعیرو ئەدیب و زانای گەورەو لەوێوە بەرهەمەکانیان وەك چرایەکی داگیرساو هەموو سەرزەمینی کوردستانی گەورەیان رۆشنکردۆتەوە.

شێخ ئەمین نەقشبەندی یەکێکە لەو شاعیرو ئەدیبە پایەبەرزو گەورانەی ئەو ناوچەیەو لەبیارەوە مەشخەڵی وشەکانی پێشکەش بەکاروانی ئەدەبی و روناکبیریی کوردستان کردووەو خزمەتێکی زۆری بەکولتووری کوردی کردووە.

شێخ ئەمین کوڕی شێخ عەلادینی بیارەیەو بەشێخ ئەمین نەقشبەندی ناسراوەو نازناوی شاعیری (بێوەی) بووە. رۆژی ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٣١ لەشارۆچکەی بیارە لەدایك بووەو لەئامێزی خێزانێکی ئاینی و زانستپەروەردا پەروەردە بووە. سەرەتا لە مەدرەسەی خانەقای بیارە لەسەر دەستی مامۆستایانی ناودار مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مەلا بەهادینی بیارە دەرسە ئاینیەکانی خوێندووە. دواتر چۆتە قوتابخانەی میری و لەبیارەو سلێمانی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی خوێندووە.

بەهۆی هەلومەرجی سیاسییەوە بەشێکی ژیانی لە کوردستانی خۆرهەڵات و ئێران بەسەربردووەو لە دزڵی و مەحموود ئاغای دوو رۆ و کرماشان و تاران و سنە ژیاوەو ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە زێدی خۆی لە بیارە.

هەلی بۆ هەڵکەوتووە لەشاری تارانی پایتەختی ئێران خوێندوویەتی و توانیویەتی بڕوانامەی لیسانس لە ئەدەبی عەرەبی بەدەست بهێنێ.

بەحوکمی ئەوەی لەبنەماڵەیەکی زانا و رۆشنبیر پەروەردە بووە، هەر لەسەرەتای ژیانی لاوێتییەوە خولیای دنیای ئەدەب و نووسین بەگشتی و شیعرو تەسەوف بەتایبەتی بووە.

بێوەی شیعری لە رشتە جیاجیاکاندا نووسیوەو بایەخی تایبەتی بەشیعری نیشتمانی و نەتەوەیی داوەو خاوەنی چەندین دەقی جوان و بەرزە.

بەهەردوو شێوەزاری سۆرانی و هەورامی شیعری نووسیوە، شیعرەکانی لە دوو توێی دوو دیواندا چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

بێوەی بایەخیشی بە بابەتی تەسەوف داوەو بەشێوەیەکی زانستی لەسەر ئەو بوارەی نووسیوەو خاوەنی کتێبێکی بەنرخ و دانسقەیە بەناوونیشانی (تەسەوف چییە؟) کە بەزمانی کوردی نووسیبووی و چوار جار چاپکراوە.

لەبەر گرنگی و بایەخی کتێبەکە بۆ زمانەکانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕدراوە.

شێخ ئەمین بێ لەزمانی دایک، زمانەکانی عەرەبی و فارسیشی بەباشی زانیوەو ئەوەش ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر کردووەو سوودی لەسەرچاوە ئەدەبی و زانستییەکانی ئەو دوو گەلە وەرگرتووەو بەرهەمەکانی پێ دەوڵەمەند کردووە.

بێوەی شاعیرو نووسەر لە رۆژی ٩ی نیسانی ١٩٩٠ بۆ دواجار چاوەکانی لێکنا و لەزێدی خۆی بەخاک سپێردرا.

# د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی



پاکیزە ڕەفیق حیلمی، کەسایەتییەکی دیاری ڕوناکبیری و زانستی کوردستانە و لەڕێی نووسین و پەروەردەوە خزمەتی زۆری کردووە و ناوی بە شانازییەوە لەلاپەڕە درەوشاوەکانی مێژووی کوردستاندا تۆمار کراوە.

ڕۆژی ٤ی ئابی ١٩٢٤ لە ئەشکەوتی قازی ناوچەی سورداشی سەر بەپارێزگای سلێمانی لەدایك بووە، بەهۆی ئەوەی ئەوکاتە مامۆستا ڕەفیق حیلمی باوکی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید لە شاخ لە تێکۆشاندا بوون لە دژی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان.

د. پاکیزە قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا و ئەمریکا و بەریتانیا تەواو کردووە. ئەیلولی ١٩٥٩ ڕۆڵی دیاری لە دامەزراندنی بەشی کوردی لە زانکۆی بەغدا هەبووە و هەر خۆی پرۆگرامی خوێندنی ئەو بەشەی لە وانەکانی زمان و ئەدەبی کوردی و مێژوو و جوگرافیا داناوە. دەوری زۆری هەبووە لە دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد و ماوەیەك لەوێ خزمەتی کردووە.

د. پاکیزە وەك ئەکادیمییەکی بەتوانا کە هەردوو نامەی ماستەر و دکتۆراکەی لەسەر مێژووی کوردن، خزمەتێکی زۆری بە خوێندکارانی کوردو نەتەوەکانی دیکە کردووە و سەرپەرشتی دەیان نامەی ماستەر و دکتۆرای کردووە. مامۆستایەکی زیرەك و بەتوانا بووە، زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی بە باشی زانیوە. خاوەنی دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی و چەندان کتێبی بەنرخە لە دیارترینیان: (یاداشتەکانی، دیوانی شیعرەکانی ،هەردوو نامەی ماستەر و دکتۆراکەی کە لەسەر مێژووی کوردن).

ئەم کەسایەتییە زانستی و ڕوناکبیرەی کوردستان لە ڕۆژی ١٢ی ئابی ٢٠٠٣ بە یەکجاری ماڵئاوایی کرد.

# پەروینی موشیر وەزیری



پــەروینی موشــیر وەزیــری وەك بێــژەر و نوسەر، خزمـەتێكی گـەورەی بە بوارەكانی میدیا و ڕۆشنبیریی كوردی كردووە.
ئـە و بـەدەنگێكی خـۆش و ئەفسـوناوی لـە بەرنامـــەی هەوارگـــەی دلانـــی ڕادیـــۆی كرماشـاندا، شـیعری شـاعیرانی كـوردی خوێندۆتـەوەو لـەو ڕێگەیـەوە لـە سەرانسەری كوردستاندا ناسرا و هەوادارێكی زۆری پەیدا كرد.
پەروین كچی حسێن خانی موشیر وەزیریی موشیر دیوانی دووەمە، لەڕۆژی ١٨ی كانونی یەكەمی ١٩٤١ لە شاری سنەی خۆرهـەلاتی كوردستان لەدایك بـووە. قۆناغـەكانی خوێنـدنی لـە شـاری سـنە تـەواو كـردووە. سـالی ١٩٦٠ لەگـەل ئەسـعەد سیراجەدینی نەقشبەندی ژیانی هاوسـەرگیری پێكهێنـاوە و هـەردووكیان چوونەتە ڕادیـۆی كرماشـان و وەك بێژەر و نوسـەر خزمـەتیان كــردووە. پــەروینی موشــیر وەزیــری لەگــەل شــوكروللای بابــان و لــەڕێی بەرنامـەی هەوارگـەی دلانـەوە بـە خوێندنـەوەی شیعری شـاعیرانی كـورد بـە دەنگە بەسۆزەكانیان خـەلكی كوردسـتانیان سەرسام كـرد. موشیر وەزیـری لەڕێی كاری ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنیـەوە خزمـەتێكی زۆری بـە ئـەدەبی كـوردی كرد. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەهـەمان ڕۆژی لەدایكبوونیدا لـە سـالی ٢٠١٠ لــە یــەكێك لــە نەخۆشــخانەكانی لەنــدەن كۆچــی دوایــی كــرد و تەرمەكـەی هێنرایەوە بۆ كوردستان و لە بیارە بە خاك سپێردرا.

# پیرەمێرد



تۆفیـق بـەگی مـەحموود ئاغـای هـەمزاغای مەسـرەف، کـە دواتـر نـاوی پـیرە مێـردی لـەرۆحی خواجـە عوبێـدوڵڵای ئەنسـارییەوە وەرگـرتو کردیـە نازنـاوی خۆی،لـەدایکبووی سـاڵی ١٨٦٧ی گـەڕەکی گۆیـژەی شـاری سلێمانییە، لە حوجرەکانی ئەم شارەو شاری بانـە دەرسـە ئاینییـەکانی خوێند. دواتر وەك فەرمانبـەری مـیری لـە سـلێمانیو هەڵەبجـە خزمەتی کرد.

پیرەمێرد هـەر لەمنداڵیـەوە خولیـای ئـەدەبوخوێندنـەوەی شیعری شـاعیران ئەبێو ئەکەوێتە ژێر کاریگەری شیعرەکانی نالییـەوە، لـەو بارەیـەوە ئـەڵێ تـا مەولەویم نەناسی بوو، نالیم بەپێغەمبەری شیعری کوردی ئەزانی!

پیرەمێرد ٣١ ساڵی قۆناغی یەکەمی تەمەنی لەسلێمانی بەخوێندنو وەزیفەو خولیای ئەدەبەوە بەسەرئەبات. لەدوای ئەوە قۆناغی دووەمـی ژیـانی دەسـت پێـدەکات کـە لەسـاڵی ١٨٩٨ ەوە لەگـەڵ شـێخ سـەعیدی حەفیـد ئەچـێتە ئەستەنبوڵو چارەکە سەدەیەك لـەوێ ئەمێنیـەوە. سـەرەتا بـەهۆی شـارەزایی لـەزمانی فارسـی، لەکۆشـکی سـوڵتانەوە داوای لێئـەکرێ بـەزمانی فارسـی وەڵـامی نامەیـەکی شـا ناسـرەدینی پادشـای ئێـران بداتـەوە کـە بـۆ سـوڵتان عەبدولحەمیـدی نووسـی بـوو، پیرەمێـرد هێنـدە وەڵـامێکی جـوان بـەزمانی فارسـی ئەنووسـی، ئەبێتـە جێگـەی سـەرنجی کاربەدەسـتان، لـەپای ئـەوە سوڵتان پلەی بەگی ئەداتیو ئەیکاتە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئەستەنبوڵ. سەرباری وەرگرتنی ئەو پلەوپایە باڵایە، پیرەمێردپێی وابووە ئەوە شتێکی

كاتییــەو لای ئــەو خوێنــدنو خوێنــدەواری هەمیشــەییو گــرنگتر بــوون، هەربۆیــەش لــەویٚ ڕێگــەی خوێنــدنی گرتۆتــە بــەرو كــۆلیجی حقــوقی تــەواو كــردووەو دواتــر بــووە بــەپارێزەرو لەگــەڵ ئەوەشــدا كــاری ڕۆژنامەنووســی كردووەو ماوەی چوار ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری ڕەسملی كتابو خاوەنو سەرنووســەری ڕۆژنامــەی كــورد بــووەو لەچــەندین گۆڤــارو ڕۆژنامــەی تــری كوردیو توركیو فارسی وتارو شیعرو نووسینەكانی بڵاوكردۆتەوە.

تەنانەت بەرهەمەكانی بۆ ڕۆژنامەكانی ئێرانو میسرو فەرەنساش ناردووە. بیٚ لە كاری پارێزەریو ڕۆژنامەنووسی، پیرەمێرد كاری ئیداریشی كردووەو چەندین پۆستی باڵای وەك قائیمقامیو موتەسەریفی لەتوركیا وەرگرتووە. سەرباری ئەوەی ئەو پۆستە باڵایانەشی هەبووە، كێشەی ڕەوای میللەتەكەی هەرلەبیر بووەو خەباتی سیاسیو روناكبیری بۆ بەدیهێنانی مافەكانی گەلی كورد كردووەو لەچەند كۆمەڵەو ڕێكخراوی سیاسی كوردەكانی توركیادا خەباتی كردووەو خۆی وتەنی ماخۆلانی كوردایەتیو نیشتمانپەروەری كەوتبووە سەریو لەئەستەنبوڵ نەعرەی نیشتمانی كێشاوە. هەر بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەكانییەوە چەندین جار لە توركیا زیندانی كرابوو و بڕیاری لەسێدارەدانیشی بۆ دەرچوو بوو. بەڵام پیرەمێرد وەك لە وەسێتنامەكەیدا ئەڵی بەسەربەرزی ئەزانم كە لەرێی باوەڕی خۆما حەپسیو زیندانی زۆرم دیوە.

ئەستەنبوڵ وەك شارێكی گەورەو خاوەن شارستانی، مەڵبەندێكی گرنگ بووە بۆ پێگەیاندنی پیرەمێرد لەرووی خوێندن ونووسینو زمانو ڕۆژنامەگەریو پارێزەریو ئیداریو سیاسییەوە.

لەدوای چارەكە سەدەیەك مانەوەی لەتوركیا، لەساڵی ١٩٢٥ گەڕایەوە سلێمانی، لێرەوە قۆناغێكی تری خزمەتو بەخششەكانی دەستی پێكردو بڕیاری دا هیچ وەزیفەیەكی حوكمی وەرنەگریٚو خۆی بۆ خزمەتی خوێندەواریو ڕۆژنامەنووسی تەرخان بكات، كەبەلای ئەوەوە لەهەموو كارێكی تر پیرۆزتر بوو. هەر واشیكرد.

ئیدی بووە پشتیوانی ڕۆژنامەی ژیانو شیعرو نووسینەکانی لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو ئەکردەوە.
لە٥ی ئایاری ١٩٣٢ تا ١٥ی حوزەیرانی ١٩٥٠ لە قەلەندەرخانەکەیەوە ڕۆژنامەکانی ژیانو ژینی بەدوای یەکدا دەرکردو خزمەتێکی گەورەی بەرەوتی ڕۆشنبیریو ڕۆژنامەگەری کوردی کرد. بێجگەلە کاری ڕۆژنامەنووسی، پیرەمێرد بایەخێکی زۆریشی بەخوێندنو خوێندەواری داو باوکی روحی قوتابخانەی زانستیی ئێواران بوو، کە ماوەی ١٢ ساڵ بەردەوام بوو لەروبەروبونەوەی نەخوێندەواریو ئەنجامدانی چەندین چالاکی ئەدەبیو هونەری، سەدان کەس لەوێوە فێری خوێندەواری بوون.
یەکێك لەدەستکەوتە نایابەکانی تری پیرەمێرد بوژانەوەی جەژنی نەورۆز بوو وەك بۆنەیەکی نەتەوەیی گەلی کورد، ساڵانە سەرپەرشتی ڕێورەسمی ئاگرکردنەوەو سەیرانی نەورۆزی لە مامەیارەو کارێزی وەستا شەریف ئەکردو گیانی بەرزی نەتەوەیی بەبەر ئەو بۆنەیەدا کرد.
پیرەمێردی نەمر باوکی میهرەبانی ژیانو ژینو زانستیو نەورۆز بووەو چوار جگەرگۆشەی خۆشەویستی بوونو زیاتر لە ٢٠ساڵی تەمەنی بەوان بەخشی. بەوەش خزمەتێکی گەورەی بەبواری ڕۆژنامەگەریو خوێندەواریو کولتووریو بوژانەوەی بیری نەتەوەییو نیشتمانپەروەری کرد. سەرەڕای ئەوانە پیرەمێرد روناکبیرێکی پێشکەوتنخوازو پشتیوانێکی گەورەی ژنانو دابینکردنی مافەکانیان بوو. هەروەها بایەخێکی زۆری بەرشتەکانی هونەر بەگشتیو هونەری شانۆ بەتایبەتی دابوو. بەبایەخەوە لەرۆڵی پیرەمێردی نەمر دەڕوانرێ و بەیەکێك لەپایە بنچینەییەکانی ڕۆشنبیریو خوێندەواریی سلێمانی دادەنرێ و بەهەوڵەکانی ئەمو روناکبیرانی دیکە ئەو شارە بەشاری ڕۆشنبیری ناسراو دواتر بەرەسمیش بووە پایتەختی ڕۆشنبیریو شاری داهێنەری ئەدەب. ئەم کەسایەتییە گەورەیە لەرۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠ ماڵئاوایی یەکجاری کردو بەخاکی مامەیارە سپێردرا.

# تاهیر بەگ



شـــاعیرێكی دیـــارو نـــاوداری كوردســـتانە لـــەرێی شـــیعرە ناســـكو پاراوەكانیـــەوە خزمـــەتێكی زۆری بـــەكاروانی ئـــەدەبیو رۆشنبیریی كوردستان كردووە.

تـــاهیر بـــەگ كـــوڕی وەسمـــان پاشـا كـــوڕی محەمەد پاشای جافە، بەتاهیری بەگی جاف ناسـراوە. لـە شـاری هەڵەبجە لـەدایك بـووە، لـــەئامێزی خانەوادەیـــەكی پایـــەدارو زانستپەروەردا گەورە بووە.

باوكی كەسایەتییەكی گەورەو سەرداری هۆزی گەورەی جاف بووە، عادیلە خانمی دایكیشی ژنێكی هەڵكەوتوو و دەستڕۆیشتوو بووە. عیزەت بـەگی بـرای كەسـایەتییەكی دیـاری سیاسـیو كۆمەڵایـەتیو ئەنـدامی پەرلـەمانی عێـراق بـووە. ئەحمـەد موختـاری بـەگی بـرا بچـووكی شـاعیرێكی نـاودارو قائیمقامو ئەندامی پەرلەمانی عێراق بووە.

تـــاهیر بـــەگ لای چـــەند مامۆســـتایەكی شـــارەزا دەرســـی ئـــاینیو زمـــانی خوێندووە، زمانەكانی عەرەبیو فارسیو توركیو ئینگلیزی فێر بووە.

بێ لـەزمانی كـوردی، بـەزمانی فارسـیو تـوركی شیعری نووسـیوە. شـیعرە فارسـییەكانی بـەزمانێكی راقـی نووسـراونو لەئاسـت شـیعری شـاعیرانی فارسدایە.

شیعرە کوردییەکانی شیعری جوانن، بەکوردییەکی شیرین‌و پاراو نوسراون، شیعرە غەزەلەکانی هێندە ناسك‌و سەرنجڕاکێشن، لە لایەن هونەرمەندانی کۆن‌و نوێوە کراون بەگۆرانی.

تاهیر بەگ زیاتر خولیای ئەسپسواری‌و راوو شکارو ریکخستنی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان‌و کاروباری دیوەخان بووەو حەزی لەکاروباری دەسەلاّت‌و ئیداری نەبووە. ئەوەش هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی کەمتر دەربکەوێ‌و بناسرێ.

لەئەحمەد موختار بەگی برا بچوکی شاعیرتر بووە، ئەحمەد موختاریش دانی بەوەدا ناوەوەو بەشیعرەکانی تاهیر بەگ سەرسام بووەو ئیلهامی لێوەرگرتوون. بەلاّم لەبەرئەوەی ئەحمەد موختار، سەرباری ئەوەی شاعیر بووە، کاری قائیمقامی‌و پەرلەمانتاری عێراقی کردووە، ئەوەش بۆتە هۆی کە ئەحمەد موختار زیاتر بناسرێت. دەرنەکەوتن‌و نەناسینی تاهیر بەگ لەگەورەیی‌و بایەخی ئەو شاعیرە کەم ناکاتەوە، بەڵکو شیعرەکانی وەك زێر هەمیشە دەدرەوشێنەوە.

تاهیر بەگ پەیوەندی لەگەڵ شاعیرانی سەردەمەکەی هەبووەو هاموشۆی یەکتریان کردووەو شیعریان ئاڵوگۆڕ کردووە. ئەو پەیوەندییە زیاتر لەنێوان ئەووناریدا هەبووەو لەشیعرەکانیاندا رەنگی داوەتەوە.

تاهیر بەگ لەساڵی ١٩١٨ کۆچی دوایی کردووەو لەگۆڕستانی عەبابەیلێ بەخاك سپێردراوە

لەدوای کۆچی دوایی، شیعرەکانی تاهیر بەگ کۆکراونەتەوەو لەدووتوێی دیوانێکدا چاپ‌و بلاّو کراونەتەوە.

دیوانەکەی ساڵی ١٩٣٦ لەسلێمانی‌و ساڵی ١٩٣٧ لەبەغداو ساڵی ١٩٩٦ لەهەولێر چاپکراوە. چەند جارێکی دیکەش دیوانەکەی لە ئێران‌و رۆژهەلاّتی کوردستان چاپکراوە.

# تاهیر تۆفیق



تاهیر تۆفیق، هونەمەندێکی گۆرانیبێژی دیار و گەورە و ناسراوی کوردستانە. تاهیر تۆفیق ئەورەحمان حەمەد شێخانی، ناوی تەواوی ئەو هونەرمەندەیە و بەتاهیر تۆفیق ناسراوە.
ساڵی ١٩٢٢ لە گەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و هونەر لەدایک بووە. تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە. هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی بووە کە خولیای هونەری گۆرانی وتن بووە و لەوێوە کاروانی خزمەتی هونەری بەڕێکردووە. ساڵی ١٩٤٥ و لەدوای جەنگی دووەمی جیهان، چۆتە ڕادیۆی کوردیی بەغدا و لەوێوە دەنگە بەسۆزەکەی بە خەڵکی کوردستان گەیاندووە و لە سەرانسەری وڵاتدا ناسراوە و چەندین گۆرانی و مەقامی لە ئیزگە تۆمار کردووە.
تاهیر تۆفیق بایەخی بە بواری شیعر داوە و چەندین کتێبی تایبەت بەگۆرانی بەگشتی و گۆرانییەکانی خۆی بەتایبەت چاپ و بڵاوکردۆتەوە.
ئەم هونەرمەندە گەورەیەی کورد هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی هونەری گۆرانی کوردی تەرخان کرد و خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە گەلەکەی کرد. هونەرمەندی گەورە تاهیر تۆفیق بەهۆی نەخۆشییەوە لە ڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ کۆچی دوایی کرد و بە یەکجاری ماڵئاوایی لە دنیای هونەر کردو لەکۆیە بەخاك سپێردرا.

# تەحسین تەها



تەحسین تەها هونەرمەندێکی دیارو ناسراوی کوردستانەو لەچەند بوارو رشتەیەکی جیاوازدا خزمەتی بەهونەرەکانی گۆرانیو مۆزیکی کوردی کردووەو رۆڵی دیارو بەرچاوی لە نوێکردنەوەی هونەری گۆرانی لەناوچەی بادینان هەبووە.

تەحسین تەها محەمەد سەلیم ئامێدی ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندەیەو بەتەحسین تەها ناسراوە.

ساڵی ١٩٤١ لە ناوچەی بیبۆی سەر بەشارۆچکەی ئامێدی لەدایك بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە مانگێشو باتوفەو دهۆك تەواو کردووە.

لەبەر ئەوەی هەر منداڵییەوە خولیای هونەری گۆرانی بووە، دوای قۆناغی ناوەندی چۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداو لەساڵی ١٩٦٤ ئەو پەیمانگایەی تەواو کردووە.

ئەو ماوەیەی لەبەغدا بووە، هەلی بۆ رەخساوە چۆتە رادیۆی کوردی بەغداو گۆرانییەکانی بۆ ئەو رادیۆیە تۆمار کردووەو ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بەدەنگە بەسۆزەکەی ئاشنا بنو بیناسن.

بەپێی هەندێ ئامار نزیکەی ١٢٠ گۆرانی لەو ئیزگەیە تۆمار کردووەو بەگشتیش خاوەنی نزیکەی ١٥٠ گۆرانییە.

بێ لەگۆرانی، مامۆستا تەحسین تەها لەبواری ئۆپەرێتیشدا خزمەتی کردووەو لە ئۆپەرێتەکانی( داستانی شۆڕش‌و روباری ژیان‌و دەرگاکانی ژیان) وەك ئەکتەر بەشداری کردووەو رۆڵی دیارو سەرەکی بینیوە.

تەحسین تەها وەك مامۆستای هونەریش خزمەتی زۆری بەهونەرەکانی موزیك‌و سروودو گۆرانیی کوردی کردووەو لە مەخموورو هەولێر مامۆستای هونەر بووەو شوێن پەنجەی بە خزمەتکردنی هونەرو پەروەردەی هونەری خوێندکارانەوە دیار بووە.

یەکێکیش بووە لە دامەزرێنەرانی تیپی هونەری هەولێر، ئەو تیپەی خزمەتێکی زۆری پێشکەش بەهونەری کوردی کردووە.

ئەم هونەرمەندە گەورەیە بەشی زۆری ژیانی بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی تەرخانکردو بەرهەم‌و بەخششە هونەرییەکانی وەك سەرمایەکی هونەری بەنەمری ئەمێننەوە.

ئەم کەسایەتییە مەزنە هونەرییە لە ئاوارەیی‌و لەغەریبی لە رۆژی ٢٨ی ئایاری ١٩٩٥ بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە جیهانی هونەر کردو چووە دنیای نەمرانەوەو لەرۆژی ٤ی حوزەیرانی هەمان ساڵ تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ کوردستان و لە زێدی خۆی لەشاری ئامێدی دڵگیر بەخاك سپێردرا.

# تۆفیق وەهبی بەگ



تۆفیق وەهبی، کەسایەتییەکی گەورەی کوردە، وەك نووسەر و مێژوونوس و زمانناس خزمەتی بە کاروانی مێژوو و ئەدەب و کولتووری کوردی کردووە.

وەهبی لە رۆژی ١ی کانونی دووەمی ١٨٩١ لە شاری سلێمانی لە باوەشی خێزانێکی خوێندەواردا چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە.

قۆناغەکانی خوێندنی سەربازی لە سلێمانی و بەغدا و ئەستەنبوڵ تەواو کردو وەك ئەفسەر لە سوپای عوسمانیدا خزمەتی کرد. دوای جەنگی یەکەمی جیهان، گەڕایەوە کوردستان و عێراق وەك ئەفسەرێکی گەورە لە دامەزراندن و پەروەردەکردنی ئەفسەرانی سوپای عێراق ڕۆڵی دیاری هەبوو. دواتر وەك پارێزگاری سلێمانی و وەزیری ئابووری و بەرگری و مەعاریف لە حکومەتەکانی سەردەمی پاشایەتی خزمەتی کرد. لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ بووە ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان.

لەدوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ عێراقی بەجێهێشت و لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا گیرسایەوە و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەوێ مایەوە. تۆفیق وەهبی وەك نووسەر و مێژوونوس و زمانناسێکی کورد لە سەرەتای بیستەکان تا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، خزمەتێکی گەورەی بەگەلەکەی کرد. لەو چوارچێوەیەدا خاوەنی چەندین کتێبی بەنرخە کە

بەزمانـــەكانی كـــوردی و عـــەرەبی و ئینگلیـــزی نووســـیونی. لـــە دیـــارترین كتێبـەكانی ئەمانـەن: (دەسـتوری زمـانی كـوردی، خوێـندنی بـاو، فەرهـەنگی كوردی- ئینگلیزی كە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەدمۆنز دایناوە). تۆفیق وەهبی لە سـەرەتای حەفتاكانـەوە ئەنـدامی فـەخری كۆڕی زانیاری كورد بووە و لـە گۆڤارەكـەی كـۆڕدا چـەندین لیكۆڵینـــەوەی بـــەنرخی بڵاوكردۆتـــەوە. ئـــەم كەسایەتییە گەورەیـەی كـورد لـەرۆژی ٥ی كـانونی دووەمـی ١٩٨٤ لەلەنـدەن كۆچـی دوایـی كـرد و لەسـەر ڕاسـپاردەی خـۆی لـە ڕێـورەسمێكی شـكۆداردا بەئامادەبوونی جەنابی مام جەلال لە شاخی پیرەمەگرون بە خاك سپێردرا.

# تیپی مۆسیقای سلێمانی




هونەری مۆسیقا بەخۆراکی گیانو ئارامبەخشی دەروون دادەنرێو یەکێکە لەو هونەرە بەرزو راقییانەی گەلانی دنیا بایەخی زۆریان پێداوەو وەك پێداویستییەکی ژیارێو ژیانی کۆمەڵ سەیریان کردووە. لەو سۆنگەیەوە گەلی کوردستان بایەخی بەو هونەرە داوەو لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا تیپی جیاجیای موزیك دروستکراوە. کاروانی هونەری فێرکردنی موزیك لەشاری سلێمانیو لەماڵی (خواجە ئەفەنی)و لەرێی مامۆستا عەبدولواحید حاجی مستەفا کۆیی دەستی پێکردو ئیدی قوتابخانەکانی شاری سلێمانی بوونە مەڵبەندی دروستکردنی تیپی هونەری مۆزیك بۆ فێرکردنی خوێندکاران. ساڵی ١٩٥٥ تیپی مۆسیقای مەولەوی دامەزراو ساڵی ١٩٥٧ بەفەرمی کەوتە کارو چالاکیو خزمەتکردن بەهونەری کوردی. ساڵی ١٩٦٧ تیپی مۆسیقای سلێمانی دامەزراو دواتر لەرێی دەستیەك لەهونەرمەندان( ئەنوەر قەرەداخی، فەرەیدون دارتاش، فەرید عیسا، ولیەم یۆحەننا، محەمەد ئەمین) لە وەزارەتی راگەیاندنی عێراق مۆڵەتی رەسمی کارکردنی ئەم تیپەیان وەرگرت. ئەم تیپە لەماوەی نیوسەدە لەتەمەنی پڕ شکۆی خۆیدا گەورەترین خزمەتی پێشکەش کردووەو رۆڵی دیاری هەبووە لەپاراستنی رەسانەیەتیو بوژانەوەو گەشەپێدانی هونەری موزیكو گۆرانی کوردی. لەقۆناغە جیاجیاکانی تەمەنی ئەم تیپە زیاتر لە ٣٠٠ هونەرمەند خزمەتیان تێدا کردووەو لەرشتە جیاجیا هونەرییەکانی ئەو تیپەدا خزمەتیان کردووە. ئەم

تیپە لەبۆنە گشتیو نیشتمانیو نەتەوەییەکان بەشداری کاریگەری هەبووەو خزمەتی هونەری شایستەی پێشکەش کردووە. سەدان بەرهەمی هونەری بۆ رادیـۆو تەلەفزیۆنـەکان تۆمـار کـردووە. بەشـداری سـەدان فیسـتڤاڵو کۆنسێرتی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات کردووەو ئاستێکی بەرزی هونەری کوردی نیشانداوەو جێگەی سەرنجو رەزامەندی بینەرانی بووەو چەندین جار خەڵاتی شایستەی بەدەستهێناوە. ئەم تیپە هێژایە شۆڕشێکی هونەری بەرپاکردو کاروانی ئەو شۆڕشە کولتوورییە بەردەوامەو ئەنجامەکەی سەرکەوتنو بەدەستهێنانی خەرمانێکی گەورەی هونەری جێی شانازی گەلی کوردستانە.

سڵاوی رێزو وەفا بۆ گیانی پاكو پیرۆزی هونەرمەندانی شەهیدو کۆچکردووی ئەم تیپەو هیوای تەمەن درێژی ئەخوازم بۆ ئەو هونەرمەندە ئازیزانەی کە مەشخەڵی پیرۆزی ئەم تیپەیان بەبەرزی راگرتووە. بەهیوای بەردەوامیو سەرکەوتنو خزمەتو بەخششی زیاتر بەهونەری کوردی.

# جەرجیس فەتحوڵڵا



جەرجیس فەتحوڵڵا، سیاسەتمەدار و نووسەرو وەرگێڕ و پارێزەر و ڕۆژنامەنووس و ڕوناکبیرێکی دیار بوو. ساڵی ١٩٢٢ لە شاری موسڵ لە ئامێزی خێزانێکی مەسیحی لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە موسڵ و بەغدا تەواو کردووە و بووە بە پارێزەر. لەپاڵ پیشەی پارێزەریدا کاری سیاسی و ڕۆژنامەنووسی و ڕوناکبیری کردووە. لەپەنجاکاندا ڕۆڵی دیاری لە دامەزراندنی حزبی گەلدا هەبووە و یەکێك لە سەرکردەکانی بووە، بەڵام پاش ماوەیەك وازی لەو حزبە هێناوە و پەیوەندی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و تا کۆچی دوایی لە گەڵ ئەو حزبەدا ماوەتەوە. ئەگەرچی جەرجیس فەتحوڵڵا حزبایەتی کردووە، بەڵام لەناو حزبیشدا بایەخی بە بواری ڕ ۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری داوە. لە ڕۆژنامەکانی (ڕەوافد، ڕائد، ڕاستی، تەئاخی و خەبات) کاری کردووە. هێندە خولیای نووسین بووە، ئەوکاتەشی لە زیندان بووە و بڕیاری لە سێدارەدانیشی دراوە و پێنج ساڵ لە زیندان ماوەتەوە ، لەو پێنج ساڵەدا دوو کتێبی زۆر گرنگی تەرجەمە کردووە، ئەوانیش کتێبەکانی: (مهد البشريەو رحله الى رجال الشجعان). جەرجیس فەتحوڵڵا، بێجگە لە وتار و لێکۆڵینەوەکانی خاوەنی دەیان کتێبە کە بەشێکیان لە نووسینی خۆین و ئەوانی دیکە وەریگێڕاون. ئەم کەسایەتییە گەورەیە شانبەشانی خەباتی شار و شاخ و زیندان و ئاوارەیی، لە نووسین و خزمەتی بواری مێژوو و ڕوناکبیری بەردەوام بوو. بەوەش خزمەتێکی گەورەی بە بواری مێژوو و ڕوناکبیری کورد و پرسی نیشتمانی عێراق کرد. لە ڕۆژی ٢٣ی تەموزی ٢٠٠٦ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و لە شارۆچکەی عەینکاوە بە خاك سپێردرا. لەدوای خۆی دەیان کتێبی ناوازەی بەجێهێشت کە کتێبخانەی کوردی و عەرەبیان دەوڵەمەند کردووە.

# جەلال سەعید



جەلال سەعید، هونەرمەندێكی دیاری كوردستانەو لە بواری هونەر بەگشتی و هونەری میللی بەتایبەتی خزمەتێكی گەورەی پێشكەش بە هونەری كوردی كردووە.

ساڵی ١٩٥٣ لە شاری هەولێر لەدایك بووە.

لە سەرەتای لاوییەوە خولیای هونەری گۆرانی بووەو لە ساڵی (١٩٧٠)ەوە بەرهەمەكانی تۆمار كردووە. جەلال سەعیدی هونەرمەند لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر و تیپی هونەری میللی كاری كردووەو دەیان گۆرانی لەگەڵیاندا تۆمار كردووە.

جەلال سەعید، بەشداری سەدان بۆنە و ئاهەنگی هونەری كردووە و بەدەنگە بەسۆزەكەی ئەو بۆنانەی خۆشكردووە. هەروەها لەگەڵ نمایشی تابلۆی هونەری تیپە میللییەكان گۆرانی گوتووە و ڕەونەقێكی زیاتری پێبەخشیون.

جەلال سەعید، لە ژیانی هونەریدا سەدان گۆرانی تۆمار كردووە و خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی هونەرییە و ڕۆڵی دیاری هەبووە لە بوژانەوەی هونەری میللی و بە ستایلێكی نوێ تۆماری كردوون. بەوەش شوێن پەنجەی بەخزمەتكردنی هونەری كوردییەوە دیارە.

جەلال سەعید، هونەرمەندێكی خۆشەویست بوو و خاوەنی دەنگێكی خۆش و ڕەسەن بوو، هەواداریێكی زۆری هەبوو، ئێستاش بەتاسەوە گوێ لە گۆرانییەكانی دەگیرێت.

ڕۆژی ٩ی كانونی یەكەمی٢٠١٣ بەهۆی نەخۆشییەوە كۆچی دوایی كرد و لە ڕێورەسمێكی شایستەدا لە شاری هەولێر بە خاك سپێردرا.

# جەلال عەزیز



جەلال عەزیز، هونەرمەندێکی ناسراوو پەروەردەکارێکی دڵسۆزو تێکۆشەرێکی نیشتمانپەروەری کوردستان بوو. ئەو لەو کایەو رشتە جیاوازانەدا خزمەتێکی زۆری بەگەلو نیشتمانەکەی کردووە.

جەلال کوڕی عەزیز بەگی کوڕی حاجی رەسوڵ بەگ ناوی تەواو ئەم کەسایەتییە مەزنەیەو بەجەلال عەزیز ناسراوە.

ساڵی ١٩٢٩ لەگەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لەدایک بووەو لەئامێزی خانەوادەو بنەماڵەیەکی دیاری شاری سلێمانی پەروەردە بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لە هەڵەبجەو سلێمانیو بەغدا تەواو کردووە.

مامۆستا جەلال لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای هونەری موزیک بووەو هەر بۆیەش ساڵی ١٩٥٢ لەگەڵ ژمارەیەک لەهاوڕێکانیدا چوونەتە بەشی موزیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداو وەك یەکەم دەستەی خوێندکاری کورد لەو پەیمانگایە وەرگیراون.

بەهۆی هەڵویستی سیاسیو بەشداری لەخۆپیشاندانەکانی ئەو ساڵانەدا، تووشی گرتنو راونانو دوورخستنەوە بووەو کۆتایی ساڵانی پەنجاکان ئەو پەیمانگایەی تەواو کردووە.

لەدوای تەواوكردنی خوێندن، ساڵی ١٩٦١ بەمامۆستا لەپەروەردەی سلێمانی دامەزراوەو دواتر گوازراوەتەوە بۆ بەشی هۆكارەكانی فێركردن كە دواتر ناوەكەی بۆ چالاكی قوتابخانەكان گۆڕاوە.
ساڵی ١٩٨٤ بووە بە بەڕێوەبەری چالاكی قوتابخانەكانی سلێمانی و ڕۆڵی دیاری هەبووە لە پێگەیاندن و پەروەردەكردنی خوێندكاران لەرووی هونەرییەوە. ساڵی ١٩٨٤ كە لەفیستقاڵی باخچەی ساوایانی عێراقدا، شاری سلێمانی پلەی یەكەمی بەدەستهێناوە، پێشنیازی ئەوە كراوە بۆ مامۆستا جەلال و مامۆستا كاوەی ئەحمەد میرزا كە دیاری ڕێزلێنان لەلایەن سەدام حسێنەوە وەربگرن، بەڵام ئەوان پێشنیازەكە ڕەتئەكەنەوەو وەریناگرن. بەهۆی ئەوەوە لەكاتی گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی دەستگیر دەكرێن.
مامۆستا جەلال لەچالاكی قوتابخانەكان ڕۆڵی دیارو پێشەنگی هەبووەو شوێن پەنجەی بەگەشەپێدانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەوە دیار بووەو لەزۆربەی فیستڤاڵەكانی سەر ئاستی عێراق، سلێمانی پلەی یەكەمی بەدەستهێناوە.
مامۆستا جەلال لەهەر شوێنێ بوو بێ، خولیای كاری هونەری بووەو لێی دانەبڕاوە،لەئاوارەیی لەئێران و لە پەناهەندەیی لەبەریتانیا بەشداری چالاكییە هونەرییەكان بەگشتی و بۆنەی نەورۆزی بەتایبەتی كردووەو بەموزیك و سروود ئەو بۆنانەی ڕازاندۆتەوە.
مامۆستا جەلال خاوەنی چەندین سروودو گۆرانی ڕەسەن و ناوازەیە كە لەبۆنە جیاوازەكاندا پێشكەشی كردوون. سۆرانی كوڕی و خانەوادەیەكی بەشێك لەو سروودو گۆرانیانەیان لەسیدییەكدا بەناوی (وەیس) تۆمارو بڵاوكردۆتەوە.
مامۆستا جەلال ، كوردپەروەرێكی پاك و دڵسۆز بوو، زۆربەی تەمەنی خۆی بەتێكۆشانی كوردایەتی بەخشی و لەناو حزبەكانی هیواو پارتی دیموكراتی

کوردستان‌و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا خەباتی کردووەو کادرێکی پێشکەوتووی رووناکبیر بووەو رۆڵی دیاری خۆی گێڕاوە لەو حزبانەدا بۆ خزمەتی کوردو کوردستان.

بەهۆی هەڵویستە سیاسییەکانییەوە تووشی گرتن‌و راونان‌و ئازاردانی زۆر بووەو بەهەمووی نۆ جار زیندانی کراوە.

ئەم هونەرمەندە مەزن‌و رێبوارە ماندوونەناسەی کاروانی کوردایەتی لە ١٩ی نیسانی ٢٠٠٨ لە دوورە وڵات‌و لە پەناهەندەیی لەشاری لەندەن کۆچی دوایی کردو هەر لەوێش بەخاک سپێدرا.

# جەلالی مەلەکشا



جەلالی مەلەکشا، شاعیرێکی ناوداری کوردستانەو بەوشە ئاگرینەکانی کوانووی خەباتی کوردایەتی جۆشداوە.

ساڵی ١٩٥١ لەگوندی مەلەکشای سەر بەشاری سنەی خۆرهەلاتی کوردستان لەدایك بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لەشاری سنە تەواو کردووە.

لەسەرەتای تەمەنی لاویدا، لەرێی مامییەوە ئاشنای شیعر بووە.

سەرەتا بەزمانی فارسی شیعری نووسیوەو لەرێی ئەحمەدی شاملۆوە، شیعرەکانی لە گۆڤاری (دنیای سوخەن) بڵاوکردۆتەوە.

شیعری بەشێکی شاعیرانی کوردی وەك (شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەتو عەبدوڵڵا پەشێو)و هی دیکەی بۆ زمانی فارسی وەرگێڕاوە. شیعری شاعیرانی فارسیشی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

دواتر بەزمانی شیرینی کوردی شیعری نووسیوە، هێمنی شاعیر بەشیعرەکانی سەرسام بووەو لە گۆڤاری سروە بۆی بڵاوکردۆتەوە.

زۆربەی شیعرەکانی مەلەکشا، شیعری نەتەوەییو نیشتمانین، هەر بۆیەش چەندین جار زیندانی کراوەو لەسەر هەڵوێستەکانی ئازارو ئەشکەنجە دراوە.

شیعرەکانی هێندە جوان و بەرزن بۆ زمانە زیندووەکان وەرگێڕدراون.
جەلالی مەلەکشا، خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبییە، لەوانە ( زڕەی زنجیری وشە دیلەکان، کارەسات، دیوانی شیعرەکانی).
بەهۆی بەرهەمە جوان و بەپێزەکانییەوە، چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە، لەوانە خەڵاتی داربەڕووی زێڕینی ساڵی ٢٠١٤ی شاری مەریوان.
پاش خزمەتێکی زۆر بە کاروانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردستان، ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ دواجار چاوەکانی لێکنا و چووە ریزی سەروەرانی نیشتمانەوە.
لەرێوڕەسمێکی شکۆداری میللیدا، لەشاری سنە و لەزێدی خۆی بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

# جەلالی میرزا كەریم



جەلالی میرزا كەریم، شاعیرێكی دیار و نوێخوازی كوردستانە و شوێن پەنجەی بەنوێكردنەوەی شیعری كوردی لە ڕووی زمان‌و ناوەرۆك و شێوەوە دیارە، یەكێكە لە شاعیرە پێشەنگ و هەڵسوڕاوەكانی بزووتنەوەی نوێخوازیی ڕوانگەی ساڵی ١٩٧٠. ئەم شاعیرە پایەبەرزە لە ساڵی ١٩٣٥ لە خێزانێكی دیار و ناسراوی شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەو شارە تەواو كردووە.

جەلالی میرزا كەریم، لە تاڤ لاویدا تێكەڵاوی بزووتنەوەی سیاسی بوو، سەرەتا بەخەباتی قوتابیان لە ساڵی ١٩٥٥ دەستی پێكرد و كادرێكی چالاكی یەكێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق بوو، لەدوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ چەند هاوڕێیەكیدا گۆڤاری (هیوای كوردستان)ی ئۆرگانی قوتابیانیان دەركرد. بەهۆی هەڵوێستە سیاسی و بیر و بۆچوونە پێشكەوتنخوازەكانییەوە ڕووبەڕووی ڕاونان و زیندانی و ئەشكەنجە بۆتەوە. ئەم شاعیرە ناسراوە هاوشانی خەباتی سیاسی لە بواری ئەدەبیشدا خزمەتی كردووە و خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبییە.

جەلالی میرزا كەریم، لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا زۆر بە گۆرانی شاعیر سەرسام بووە و لەژێر كاریگەری ئەودا شیعرەكانی نووسیوە. دواتر بووە

بەخاوەنی ڕێچکە و دەنگ و ستایلی شیعری تایبەت بە خۆی و لەگەڵ (حسێن عارف، شێرکۆ بێکەس ، کاکە مەم بۆتانی و جەمال شارباژێڕی ) لە ساڵی ١٩٧٠ وەرچەرخانێکی گەورەیان لە بواری شیعردا کرد و بزووتنەوەی نوێخوازی (ڕوانگە)یان ڕاگەیاند کە تەوژمێکی گەورەی بەنوێکردنەوەی شیعرو ئەدەبی کوردی بەخشی.

ئەم شاعیرە گەورەیە لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، چووە دەرەوەی وڵاتو لە وڵاتی ئەمریکا گیرسایەوە، تا ساڵی ١٩٩١ لە وڵاتی غەریبی مایەوە و دواتر گەڕایەوە کوردستانی ئازادکراو. خاوەنی چەند بەرهەمێکی بەپێزی ئەدەبییە لەوانە: (کۆمەڵە هۆنراوەی (الولادە) بە زمانی عەرەبی، نامیلکەی چرپەی ژانێکی نقوم بوو، دیوانی ڕێگا دوورەکانی چاومان).

ئەم شاعیرە نیشتمانپەروەرە لە شەوی ١٤/١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٩٣ لە شاری هەولێر بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد و لە شاری سلێمانی زێدی خۆی بە خاک سپێردرا.

# جەمال بەختیار



جـــەمال بـــەختیار هونەرمەنـــدی نیگارکێشـــی نـــاوداری کوردســـتان، بەپەنجە رەنگینـەکانی دەیـان تـابلۆی جــوانی کێشــاوە، تابلۆکــانی ئــەو رەنگدانـــەوەی دیمـــەنی سروشـــتی کوردستان‌و کەسایەتییەکانی کوردو کارەسـاتو ئێش‌و ئازارەکانی گـەلی کوردســتان بــووە. لــەرێی هونــەرەوە گۆی زەوی تەیکردو پەیامی هونـەری خۆی گەیاند.

جـەمال حامیـد ئەسـعەد بەجـەمال بـەختیار ناسـراوە. سـاڵی ١٩٢٧ لەشـاری هەڵەبجـە لـەدایك بـووە. قۆنـاغی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە.

سـاڵی ١٩٤٥ بەماڵــەوە چـوونەتە گــەڕەکی چـوار بـاخی شـاری سـلێمانی. لەفەرمانگەی ئیدارەی محەلیی سلێمانی بە فەرمانبەر دامەزراوە.

ئـەو هــەر لەمنداڵییــەوە خولیـای هونــەرەکانی نیگارکێشـان‌و خۆشنووســی بــووە. لەشــەقامی مەولــەوی شــاری ســلێمانی دوکــانی خۆشنووســـی و نیگارکێشانی هەبووە.

دەیــان تــابلۆی سروشــتی کوردســتانی کێشــاوە. تــابلۆی (شــیرین تەشــی دەڕێســێ) جــوانترین تــابلۆی ئــەوە کــە لەســەردەمی خۆیــدا پێشــوازییەکی گەرمی لێکراو بووە میوانی زۆربەی ماڵەکانی شار.

ئەم تابلۆیەو زۆربەی تابلۆکانی ئەو هێندە جوانو نازدار بوون، کاتی خۆی کران بەکارتو ژمارەیەکی زۆریان لیٚ چاپکرا، خەڵکی لەکاتی جەژنو بۆنەکانی نەورۆزو سەری ساڵ، وەك کارتی جەژنە پیرۆزە بۆ یەکتریان دەنارد.
هەندی تابلۆی تری لە ئیران کران بەفەرشی بچووك، هەندێکی تریان خرانە سەرقوماشی ژنان.
جەمال بەختیار، خۆشنووسێکی دەستڕەنگیش بووە، بەشی زۆری تابلۆی دوکانەکانو شوێنەکانی تری سلێمانی، خەتو نیگاری ئەو بوون.
جەمال بەختیار لەهەڕەتی لاوییەوە، گیانی کوردایەتی لە خوێنیدا قوڵپی دەدا، هەر بۆیەش رووی کردە رۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی ١٩٤٦ لە رێورەسمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمەهاباد ئامادەبوو.
هەروەك خۆی باسی دەکات، تابلۆیەکی تایبەتی سەلاحەدینی ئەیوبیو قازی محمەدی پێکەدوە دروست کردبوو، لەگەڵ مستەفا بارزانی دەچێتە لای قازی محەمەدو تابلۆکەی پێشکەش دەکات. قازی بەهونەرەکەی سەرسام دەبیٚو بەڵێنی پێدەدات ساڵی داهاتوو لەگەڵ کۆمەڵێك خوێندکار رەوانەی زانکۆی باکۆی بکات بۆ خوێندن، بەڵام بەهۆی روخاندنی کۆمارەوە ئەو ئاواتەی نەهاتە دی.
جەمال بەختیار کەسێکی زرنگو چالاك بووە، بەشداری کاری رێکخراوە هونەرییە پیشەییەکانی کردووە. ساڵی ١٩٥٧ بۆتە ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەرکەزیی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی کە رەفیق چالاك سەرۆکی بووە.
کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ نوری وەشتیو چەند هاوڕێیەکی دیکەیدا بۆتە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردیو بەرەسمی مۆڵەتی ئەو کۆمەڵەیەیان لە حکومەت وەرگرتووە.

مامۆستا ڕەفیق حیلمی،بەتابلۆكانی جەمال بەختیار سەرسام بووەو بۆ كردنەوەی پێشانگاكانی هاوكاری كردووە.

جەمال بەختیار،كەسێكی دەنگ خۆش بووەو هاوڕێی نزیكی هونەرمەندان (ڕەفیق چالاك، حەمە ساڵح دیلان، شەماڵ سایب) بووە، لەهەندی مەجلیسی تایبەت لەگەڵ ئەواندا گۆرانی چڕیوە.

جەمال بەختیار، شارەزاییەكی باشی لەدروستكردنی دیكۆری سەر تەختی شانۆكان هەبووە، بەشێكی زۆری دیكۆری شانۆگەرییەكانو چالاكییە هونەرییەكانی سلێمانی ئەو دروستی كردوون، كەسێكی بەسەلیقەو دەستڕەنگین بووە لەو بوارەدا.

جەمال بەختیار كوردپەروەرێكی دڵسۆز بووە، هەمیشە لەریزی گەلەكەیدا بووە، بەشداری شۆڕشی ئەیلولی كردووە، دوای شكستی شۆڕش چۆتە ئەمریكا.

لەوێ بەردەوام بووە لەكاری هونەری، كارەساتەكانی گەلی كوردستان لەتابلۆكانیدا رەنگی داوەتەوە، بەچەكی هونەر بەرگری لەنیشتمان كردووە. هەندێ لەو تابلۆیانەی پێشكەش بە سەرۆكو بەرپرسانی ئەمریكا كردووە، بەوە سەرنجیانی بۆ ئازارو میحنەتەكانی گەلی كوردستان راكێشاوە.

جەمال بەختیار، لەشاری سانتیاگۆی ولایەتی كالیفۆرنیای وڵاتی ئەمریكا دەژیا، سەرباری خزمەتێكی زۆر لەكایەكانی هونەری نیگاركێشانو خۆشنووسی، تەمەن كۆڵی پێنەداوە، بەپەنجە لاوازو رەنگینو ئەزمووندارەكانی تا دوا رۆژەكانی ژیانی تابلۆی دەكێشا، لەدوا دیداریدا هیوای ئەوەی خواست ئاڵای كوردستان لەتەك ئاڵای وڵاتانی دی لەسەر باڵەخانەی نەتەوەیەكگرتووەكان لەبڵندی بشەكێتەوە.

پاش خزمەتو بەخششێكی زۆری هونەری، رۆژی ١٥ی تشرینی یەكەمی ٢٠٢٠ لەشاری سانتیاگۆی ویلایەتی كالیفۆرنیا كۆچی دوایی كرد.

# جەمال حەیدەری



بنەماڵەی حەیدەری بنەماڵەیەکی دیارو هەڵکەوتووی شاری هەولێرن، خاوەنی دەیان کەسایەتیی گەورەی سیاسیو فکریو رۆشنبیریو زانستیو ئایینیو کۆمەڵاتین. لە رشتە جیاجیاکاندا خزمەتێکی زۆریان پێشکەش بەگەلو نیشتمانەکەیان کردووە، ئارەقەو فرمێسکو خوێنی زۆریان لەرێی ئازادیدا رشتووە، ئێستاش نەوەکانیان ئالای ئەو بنەماڵە هێژایەیان بەبڵندی راگرتووەو لەخزمەتی کولتووریو زانستی بەردەوامنو شوێن پەنجەیان دیارە.

ئەم بنەماڵەیە شانازی ئەوەیان لەمێژوودا پێدەبڕێ، کە یەکەم نەمامی بیری نوێو پێشکەوتنخواز ئەوان لەشاری هەولێر ناشتویانەو بەخوێن پەروەردەو گەورەیان کردووە. ساڵح حەیدەری لەسەرەتای ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوودا، یەکەم شانەی مارکسی لەهەولێر دروستکردو گەشەی پێدا.

جەمال حەیدەری لەرێی ساڵح حەیدەری برا گەورەیەوە بەبیری مارکسیزم ئاشنا بوو، ئیدی لەو کاروانە سەختەدا درێژەی بەخەباتی چینایەتیو نیشتمانی دا، جیاواز لە شیوعییە ئینتەناسیونالەکان، هەر لەسەرەتای خەباتو تێکۆشانییەوە، بڕوای پتەوی بەمافی چارەنووسی گەلی کوردستان هەبووە، لەو پێناوەشدا قوربانی زۆری دا.

جەمالەدین كوڕی حەیدەر كوڕی عاسم كوڕی سبغەتوڵڵای حەیدەری ناوی تەواوی ئەم كەسایەتییە گەورەیەو بەجەمال حەیدەری ناسراوە.
ساڵی ١٩٢٦ لەشاری هەولێر لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەشاری هەولێر تەواو كردووە. ساڵی ١٩٤٥لە بەشی ئینگلیزی خانەی مامۆستایانی باڵا لەشاری بەغدا وەرگیراوەو گەیشتۆتە قۆناغی دووەم، بەڵام بەهۆی چالاكی سیاسییەوە دەستگیر كراوەو دواتر فەسڵكراوەو دەرفەتی خوێندنی لەدەستچووە.
ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ (سەلام عادل) سكرتێری حزبی شیوعی عێراق بۆ خوێندن چوونەتە مۆسكۆو بەشی فەلسەفەی (خوێندنگەی لینینی جیهانی)یان خوێندووە. حەیدەری هەر زوو تێكەڵاوی كاری سیاسی بووە ورۆڵی دیاری لەدامەزراندنی چەندین ڕێكخراوو حزبی سیاسیدا بووە لەوانە:(كۆمەڵەی میللەت،یەكێتیی تێكۆشین، شۆڕش، رزگاری)، دواتر دەچێتە ناو حزبی شیوعی عێراق و لەو حزبەدا درێژە بەتێكۆشان دەدات و وەك ئەندامی مەكتەبی سیاسی ئەو حزبە رۆڵی دیارو پێشەنگی دەبێ.
ساڵح حەیدەری لەخەباتی نهێنی و ئاشكرادا، بایەخی بەبوارەكانی رۆژنامەگەری و رۆشنبیری داوە، وەك دوو ئامرازی خەبات و هۆشیاری سیاسی لێی روانیون.
لەو سۆنگەیەوە ئەم گۆڤارو رۆژنامانەی لەچەند قۆناغێكی جیاوازدا بەزمانی عەرەبی و كوردی دەركردووەو بەهەردوو زمان وتاری بۆ نووسیون (دەنگی كورد،یەكێتیی تێكۆشین،شۆڕش، رزگاری، كارگەران، رێگا، ئازادیی كوردستان،تەریق شەعب، اتحاد شەعب).
حەیدەری لەنێو كۆڕی تێكۆشاندا، خولیای شیعر بووەو وەك چەكێكی هۆشیاری چینایەتی و نیشتمانی سەیری كردووەو بەهەردوو زمانی عەرەبی و كوردی شیعری نووسیوە.

پاییزی ١٩٤٨ یەکەم شیعری بەناوی رەنجبەران بڵاوکردۆتەوەو لەبەشێکی دەڵێ:

ئێمە چینی کارگەرین

لەرێی گەل و نیشتمان

تێدەکۆشین بێ وچان

دەبڕین رێگەی هەورازو دوور

تابەدی دەکەین ئاسۆی سوور

زۆربەی شیعرەکانی حەیدەری شیعری چینایەتی و نیشتمانین، بەڵام شیعری خۆشەویستی و دڵداریشی نووسیوە، وەك ئەم شیعرەی کە بەناوونیشانی( بۆ تۆ یارەکەم) لەساڵی ١٩٦٠ نووسیویەتی:

بەشانازی ئەڵێم یارە جوانی

دلێرو لاوەمەندو قارەمانی

گوڵاڵەی سووری نەورۆزی ژیانی

ئەوەندە ناسکی وەك دەنگی کەمانی.

پاش خەبات و تێکۆشانێکی نەپساوەو زیندانی و راوەدوونان و خۆشاردنەوە، لەرۆژی ١٩ی تەممووزی ١٩٦٣ دەستگیر کراو دوای ئازارو ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە، لەرۆژی ٢٠ی تەموزی ١٩٦٣ لە زیندان گیانی سپارد.

بۆ مەرگی ساڵح حەیدەری، شاعیرانی کوردو عەرەب بەشیعر شیوەنیان بۆ گێڕاوە لەوانە( جەواهیری، دڵزار، د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، شێرکۆ بێکەس، محەمەد ئەمین پێنجوێنی) و چەندانی تر.

د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، بەزمانی عەرەبی شیعرێکی بۆ مەرگی حەیدەری نووسیوە، ئەمە بەشێکی تەرجەمەکراوی شیعرەکەیە:

**لەبەردێك ناوت ئەتاشم**

**بەمۆمێك وێنەت ئەكێشم**

**لەسەر لوتكەی بەفردا**

**غەریبیم بۆت ئەنووسمەوە**

**بەئاوازو گۆرانی بۆت ئەڵێمەوە**

**دروودی رێزو وەفاو ئەمەكداری بۆ گیانی پاكی شەهیدی بیری ئازادو پێشكەوتنخواز جەمال حەیدەری، ئەو پیاوەی باشوری كوردستان‌و سەر زەمینی عێراقی عەرەبی كردە مەیدانی تێكۆشانی چینایەتی‌و نیشتمانی، گیانی شیرینی خۆشی كردە خەڵاتی رێگەی خەبات.**

# جەمال شاربـاژێڕی



جـەمال شـاربـاژێڕی شـاعیرێکی گـەورەی کوردستانە، دوای گـۆرانی مـەزن، دەنگێکی شیعریی دیارو ئەفسوناوی بووەو بەشیعرە جوان و ناسك و پاراوەکانی باخچەی ئەدەبی کـوردی رازاندۆتـەوە. گـۆران بەباشـترین شـاعیری لاوی سـەردەمی خـۆی و کاکـەی فەلاح بەئومێدی داهاتوو وەسفیان کردووە.
جەمال ئـەمین عـارف کە جەمال شـاربـاژێڕی ناسراوە، ساڵی ١٩٤١ لەگوندی واژەی ناوچەی شاربـاژێڕ لەدایك بووە. هێشتا تەمـەنی دوو ساڵ بووە بەماڵـەوە باریـان کـردووە بۆ چوارتا و لـەوێ نیشتەجێبوون.
قۆناغـەکانی خوێنـدنی لەچوارتا و سلێمانی و بەغدا تـەواو کـردووە. جـەمال شـاربـاژێڕی هـەر لـە سـەرەتای لاوییـەوە خولیـای شـیعر بـووە، هێشـتا خوێنـدکاری سـەرەتایی بـووە لـە چوارتا کە دەسـتی بەهۆنینـەوەی شـیعر کـردووە، یەکـەم شـیعری بـەناوی (گـەنجێك) لـەرێی مامۆسـتایەکییەوە بـۆ رۆژنامـەی ژیـن نـاردووەو بڵاوکراوەتـەوە، ئیـدی بەبـەردەوامی شـیعری بـۆ رۆژنامەی ژین و رۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکە ناردووە.
ساڵی ١٩٥٩ یەکەم کۆمەڵە شیعری بەناوی(کسپەو سۆز) بڵاوکردۆتەوە.
دواتر چەند بەرهەمێکی تری چاپ و بڵاوکردەوە لەوانە:(بەسـتەی مەبەسـت، پارچەیەك لە جەرگم، فرمێسکی نهێنی، لەئەلبومی یادگارا،ملوانکـەی هـەزار

دەنكەی شاربازێڕ، ژوانگەی هەژانو ژان، نامەكان، كۆی شیعری جەمال شاربازێڕی).

جەمال شاربازێڕی لەپەنجاكانی سەدەی رابردووەوە، یەكێك لەهێما دیارەكانی شیعری نوێی كوردی بووە، لەسەرەتای حەفتاكاندا یەكێك لە ئەندامانی گروپی روانگە بوو، كە پەیامی خۆیان راگەیاندوجاڕی نوێكردنەوەی شیعرو ئەدەبی كوردیان دا. ئەوەش لەو كاتەدا دەنگدانەوەیەكی گەورەی هەبوو.

جەمال شاربازێڕی، ئەگەرچی كەمترین ماوەی ژیانی لە شاربازێڕ ژیاوە، كەچی عەشقێكی قوڵی بۆ ئەو دەڤەرە هەیەو شیعری زۆری بۆ نووسیوەو تەنانەت دیوانێكی تایبەتی لەسەر زێدی خۆی بەناوونیشانی ( ملوانكەی هەزار دەنكەی شاربازێر) نووسیوە.

هەروەكو خۆی لەچەند چاوپێكەوتنێكدا باسی دەكات، خۆشەویستی ئەو بۆ ئەو ناوچەیە بەگشتیو بۆ چوارتا بەتایبەتی ئەوەیە، كە یەكەم شیعری لەوێ چاوی تروكاوەو بەناوی گەنجێك لەرۆژنامەی ژین بلاوی كردۆتەوە. دووەمیان لەو گرنگترە، چوارتا زەمینی یەكەم خۆشەویستی ئەوو پەری بووە، كە بەدڵو بەگیان یەكیان خۆشویستووە، هەستی سۆزی پاكی دڵو دەروونیان بەنامە بۆ یەكتر دەربڕیوە، داستانێكی ئەڤینداری دوو عاشقی بەیەكتر نەگەیشتووی ناكامە. هەرچەند وەك خۆی باسی دەكات چەند جارێك خەڵكی ناردبووە داخوازی، بەڵام باوكی رازی نەبوو، تەنانەت بەهۆی ئەو عەشقە پاكەوە تووشی هەڕەشەو هێرشو پەلاماری ناڕەواش بۆتەوە. عەشقو ئەڤینە پاكەكەی، شەڕو پەلامارەكانی بەشیعر داڕشتووە، وەك دەقی جوانی ئەدەبی بەپیرۆزی چۆتە دیرۆكەوە.

**ئەوەی جێگەی سەرنجە، دوای ئەو هەموو ساڵەو ئەو تەمەنە زۆرە، مامۆستا جەمال شاربازێری، بەقسەو بەشیعر باسی ئەوە دەکات کە کڵپەی ئەو عەشقە قووڵە لەدڵیدا بەگەرمی ماوەتەوەو لەبیری نەکردووە.**

**مامۆستا جەمال لەساڵی ١٩٩٧ەوە لەشاری لەندەن دەژیو بەردەوامە لەخزمەتو بەخششی ئەدەبی.**

**وەك ڕێزلێنانێك لەم شاعیرە ناودارە، دەزگای پەخشو چاپی سەردەم، ژمارەیەکی تایبەت (ڕۆڤار)یان لەسەر دەرکردووەو تیشکیان خستۆتە سەر ژیانو بەرهەمەکانی.**

# جەمال شاڵی



بنەماڵەی شاڵی بنەماڵەیەكی دیارو ناسراوی شاری سلێمانین. لەم بنەماڵە هێژایەدا دەیان كەسایەتیی سیاسیو كولتوریو زانستیو پەروەردەییو كۆمەڵایەتی هەڵكەوتوون.
لەبوارە جیاوازەكاندا خزمەتی گەلو نیشتمانیان كردووەو شوێن پەنجەیان بەپێشخستنی شاری سلێمانیو كوردستانەوە دیارە.
(جەمال شاڵی) كەسایەتییەكی ناوداری یاساییو رووناكبیرو كوردپەروەری ئەو ماڵباتە هێژایەیە، لەچەند بوارێكدا خزمەتی زۆری بەكوردو كوردستان كردووە. ناوی بەشانازییەوە لە لاپەڕە درەوشاوەكانی مێژووی گەلی كوردستاندا تۆمار كراوە.
جەمال كوڕی حاجی فەقێ كوڕی حاجی محەمەد كوڕی مەلا ئیبراهیمی شاڵی، ناوی تەواوی ئەم كەسایەتییەو بە(جەمال شاڵی) ناسراوە.
ساڵی ١٩٣١ لەگەڕەكی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە سلێمانی تەواو كردووە.
بۆ خوێندنی زانكۆ چۆتە بەغداو ساڵی ١٩٥٢ لەكۆلیجی حقوقی زانكۆی بەغدا وەرگیراوەو ساڵی ١٩٥٤ سەركەوتوانە تەواوی كردووە.
پاش تەواوكردنی خوێندن ماوەیەك كاری پارێزەری كردووە. دواتر وەك مافناس لەئەمانەی بەغدا دامەزراوەو بووە بە بەڕێوەبەری بەشی یاسای ئەو

فەرمانگەیـــە. دواتـــر وەك بەڕێوەبـــەری ئەنجومـــەنی كـــارگێڕیی كارگـــەی چیمەنتۆی سەرچنار درێژەی بەكارو خزمەتی یاسایی داوە.

جەمال شاڵی، بێ لەكاری پارێزەری و یاسایی، خولیای كاری رۆشنبیری و رۆژنامەگەری بووە. هەربۆیەش لەرۆژی ٢٢ی شوباتی ١٩٦٠ داوای مۆڵەتی دەركردنی گۆڤارێكی بەناوی (رۆژی نوێ) پێشكەش بە وەزارەتی ئیرشادی عێراق كردووە. داواكەی پەسەند كراوەو مۆڵەتی وەرگرتووە. ئیدی خۆی بـووە خـاوەن ئیمتیـازو سەرنووسـەری گۆڤارەكـە، كامـەران مـوكری بـە بەڕێوەبەری نووسین، ( ئیحسان عەبدولكەریم، كەریم زەند، عەبدوڵڵا ئەژدەر) بەدەستەی نووسەران.

گۆڤارەكە وەك گۆڤارێكی هەفتانـەی ئـەدەبی و سیاسـی و كۆمەڵایـەتی خـۆی ناساندو یەكەم ژمارەی لەرۆژی ١ی نیسانی ١٩٦٠ دەرچوو.

رۆژی نوێ بەحوكمی ستافەكەی، گۆڤارێكی سەنگین بوو،چەندین نووسەرو رووناكبیری دیاری لـە دەوری خـۆی كـۆكردەوە. بـۆ نموونـە لـەژمارە ١ی گۆڤارەكـەدا قەڵـەمی ناسـراوی وەك ( عـەلادین سـەجادی، نەجمـەدین مـەلا، شێخ محەمەدی خاڵ، كـەریم زەنـد، نەوشیروان مستـەفا، جـەمیل رۆژبـەیانی) وتاریان تێدا نووسی بوو.

سەرباری ئاستەنگەكان ، گۆڤاری رۆژی نوێ تا ٢ی ئەیلولی ١٩٦١بەردەوام بـوو، بەهـەمووی ١٨ ژمـارەی لێدەرچـوو. ئیـدی سەرنووسـەرەكەی( جـەمال شاڵی) زیندانی كراو گۆڤارەكەش داخرا.

بەهۆی هەڵوێستە سیاسـی و نیشتمانییەكانی، جـەمال شـاڵی چـەند جارێك زینـدانی كـرا، سـاڵی ١٩٦٢ كـە بـۆ دواجـار لەزینـدان ئـازاد كـرا، پەیوەنـدی بەشۆڕشی ئەیلولەوە كردو بوو بەپێشمەرگەو وەك دادوەر لەدادگای شۆڕش خزمـەتی كـرد. دوای شكسـتی شـۆڕش،جارێكی دی وەك دادوەرو پـارێزەر لەبواری یاسا خزمەتی كرد.

دوا ساڵەكانی ژیانی لەدەرەوەی وڵاتو لەشاری لەندەن بەسەر برد. بێ لە وتارە یاسایی و رۆشنبیرییەكانی كە لەگۆڤارو رۆژنامەكانی سەردەمی خۆیدا بڵاوی كردەوە، جەمال شاڵی خاوەنی چەند كتێبێكی بەنرخە، لەوانە(دان بەتاوانەكانمدا ئەنێم- ١٩٧٠،شۆڕشێكی نوێ لە كوردستاندا- ١٩٧١،بەشێك لە بیرەوەری و یاداشتی ژیانم).

دوای خزمەتێكی زۆر بەكاروانی ئەدەبی و رۆشنبیری و یاسایی و كوردایەتی، رۆژی ١ی ئایاری ٢٠١٦، جەمال شاڵی لەشاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بۆ دواجار چاوەكانی لێكناو چووە دنیای سەروەرانی نیشتمانەوە.

لەسەر راسپاردەی خۆی تەرمەكەی هێنرایەوە بۆ سلێمانی و رۆژی ٥ی ئایاری ٢٠١٦ لەگردی سەیوان بەخاكی شیرینی وڵات سپێردرا.

# جەمال عەبدول



جەمال عەبدول کەسایەتییەکی گەورەی نیشتمانیو رووناکبیریو پەروەردەیی کوردستانەو لەو رشتانەدا خزمەتێکی زۆری بەگەلو نیشتمانەکەی کردووەو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارە.

جەمال عەبدول محەمەد ئەمین، ناوی تەواوی ئەوەو بەمامۆستا جەمال عەبدول ناسراوە.

رۆژی ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٠ لەگەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لەدایك بووە. لەئامێزی خانەوادەیەکی ئاینیی نیشتمانپەروەردا گەورە بووە.

هەر لەو شارە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٥٩ بۆ خوێندنی زانکۆ چۆتە شاری بەغداو پاش چوار ساڵ خوێندن، ساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەزانستی کیمیا لە کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.

ساڵی ١٩٦٤ وەك مامۆستای کیمیا دامەزراوەو لەزۆربەی قوتابخانەکانی شاری سلێمانی وانەی کیمیای وتۆتەوە. مامۆستایەکی زیرەكو بەتواناو بەویقارو خۆشەویست بووە.

مامۆستا جەمال سەرباری خزمەتەکانی لەبوارەکانی پەروەردەو خوێندن، خولیایەکی دیکەی نووسینو وەرگێڕان بووە. خاوەنی ٤٦ کتێبی چاپکراوە، چەند کتێبێکی دیکەی دەستنووسیشی هەیە.

مامۆستا جەمال بەنووسین و فەرهەنگە زانستییەكانی ئەو راستیەی سەلماند، كە زمانی كوردیش وەك زمانە زیندووەكانی جیهان، زمانی نووسینی زانستەكانەو وشەو زاراوەی پێویستی زانستی لەو بوارانەدا هەیە. بێ لەكتێبەكانی، مامۆستا جەمال عەبدول، سەدان وتاری زانستی لە گۆڤارو رۆژنامەكاندا بڵاوكردۆتەوە.

فەرهەنگەكانی لەبوارەكانی كیمیا و راگەیاندن، كە بەزمانەكانی كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نووسیونی، خزمەتێكی زۆری زانستییان كردووەو دەیان وشەو زاراوەیان پێشكەش بەزمانی كوردی كردووە.

مامۆستا جەمال، پیاوێكی دڵسۆزو كوردپەروەرەو هەمیشە لەسەنگەری گەل و نیشتماندا بووە، لەبەر هەڵوێستە نیشتمانییەكانی، ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەستگیر كراو ئازارو ئەشكەنجە درا، ئەوەش كۆڵی پێنەداو بەدڵسۆزی خاك و نیشتمان مایەوە.

لەدوای راپەرینی ئازادیی ساڵی ١٩٩١، وەك كەسایەتییەكی پاك و دڵسۆزو كوردپەروەر، چەند پۆستێكی باڵای پێدرا، لەوانە: ( پارێزگاری سلێمانی، وەزیری رۆشنبیری)، لەهەردوو پۆستەكەدا بەوپەڕی پاكی و دڵسۆزییەوە خزمەتی كرد. بەهۆی خزمەت و بەخششەكانی، چەندین جاری خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشراوەو قوتابخانەیەكی هەژدە پۆلیش لەسلێمانی بەناوییەوە كراوە. بوار نورەدینی نووسەری ناسراو، وەك رێزێك بۆ مامۆستا جەمال عەبدول، بیبلۆگرافیایەكی بۆ كتێب و بەرهەمەكانی كردووەو تیشكی خستۆتە سەر ژیان و كارەكانی و لەدووتوێی كتێبێكدا چاپیكردووە. ئەوەش كارێكی ناوازەیە، جێگەی ستایش و دەستخۆشییە.

مامۆستا جەمال عەبدول، خۆشنووس و نیگاركێشیشەو لەو بوارانەشدا خزمەتی كردووەو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارە.

هەرچەند مامۆستا جەمال لەكاری رەسمی خانەنشینە، بەڵام سەرقاڵی كاری نووسین و خوێندنەوەیە، لە بەخشش و بەرهەمە ناوازە كانی بەردەوامە.

# جەمال عیرفان



جەمال عیرفان، نووسەر و مونەوەرێکی دیاری بیستەکانی سەدەی رابردووەو بەپێشەنگی قەڵەمە بوێر و بە هەڵویستەکان دادەنرێ، کە دڕی بە شەوەزەنگی بیری تاریکی و کۆنەپەرستی دا و گیانی خۆی کردە قوربانی بیرە نوێ و پێشکەوتنخوازەکەی.

جەمال بەگی عیرفان کوڕی عەبدوڵڵا عیرفان کوڕی مەلا ڕەسوڵی کاژاوی، کە بە جەمال عیرفان ناسراوە. ساڵی ١٨٨١ لە گەڕەکی کانی ئاسکانی شاری سلێمانی لە ئامێزی خێزانێکی ناسراو و ڕوناکبیر چاوی بۆ ژیان هەڵهێنا. لەلای باوکی و خواجە ئەفەندی دەرسە سەرەتاییەکانی خوێند و دواتر لە ڕوشدی مولکی و ڕوشدی سەربازی لە سلێمانی درێژەی بە خوێندن داو لە بەغدا و ئەستەنبوڵ لە بواری سەربازی ئامادەیی و کۆلیجی سەربازی خوێندو بووە ئەفسەر. وەك فەرماندەی سەربازی لە سوپای عوسمانی و لیڤی ئینگلیزی خزمەتی کرد. لە شەڕی نێوان شێخ مەحمودی حەفید و مەحمود خانی دزلی لەگەڵ سوپای لیڤی کە ئەو یەکێك لە فەرماندەکانی ئەو سوپایە بوو، وەك هەڵوێستێکی کوردپەروەرانە شەڕی بۆ سوپایە نەکرد و پشتی حەفید و دزلی گرت. ساڵی ١٩١٩ ماوەیەك بووە بەڕێوەبەری ناحیەی مەرگە، دواتر بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی ئیدارەی شاری سلێمانی.

جەمال عیرفان نووسەر و ڕوناكبیرێكی گەورە و پێشكەوتنخواز بوو،كە مێجەر سۆن ڕۆژنامەی پێشكەوتنی لە سلێمانی دەركرد، عیرفان یەكێك لە قەڵەمە بوێرەكانی ئەو ڕۆژنامەیە بوو، شیعرو وتار و لێكۆڵینەوەی تێدا بڵاوكردەوە كە دەربڕی بیروباوەڕێكی نوێ و پێشكەوتنخواز بوون و وشەكانی وەك چرایەك لەو سەردەمە تاریكەدا داگیرسان. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی كە لەلایەن كۆنەپەرستان و دوژمنانی ڕوناكییەوە لە شەوی ۱۳/۱۲ی كانونی یەكەمی ۱۹۲۲ شەهید بكرێ و ببێتە یەكەم شەهیدی بیرو قەڵەمی ئازاد.

# د. جەمال نەبەز



د. جەمال نەبەز کەسایەتییەکی دیاری نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەکادیمی کوردستانە. لە چەند بوارو رشتەی جیاوازدا خزمەتی بەگەل‌و نیشتمانەکەی کردووە و درەختێکی باڵابەرزی بەردار بووە و شوێن پەنجەی خزمەت و بەخششەکانی دیارو درەوشاوەیە.

لە رۆژی ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٣ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، لەئامێزی خێزانێکی ناسراودا پەروەردە بوو.

قۆناغەکانی خوێندنی لەشاری سلێمانی تەواو کرد. دواتر کۆلیجی زانستیی زانکۆی بەغدای تەواو کردو لەوانەکانی فیزیاو بیرکاری پسپۆری وەرگرت. شەش ساڵ وەك مامۆستا وانەکانی فیزیاو بیرکاری لەقوتابخانە ئامادەییەکانی شارەکانی هەولێر و کەرکوك و بەغدا و بەسرە وتەوە.

ساڵانی ١٩٥٦-١٩٥٧ سەردانی وڵاتانی سوریا و لوبنان و ئێرانی کردو چەندین کەسایەتی فیکری و رۆشنبیریی کوردی لەو وڵاتانە بینی و گفتوگۆی چڕی رووناکبیری لەگەڵ کردن و چەند بەرهەمێکی ئەدەبیان بەزمانی کوردی چاپکرد. ساڵی ١٩٦٢ بەیەکجاری کوردستانی بەجێهێشت‌و سەرەتا چووە سویسراو دواتر لەوڵاتی ئەڵمانیا گیرسایەوە. لەزانکۆی ئەڵمانیا درێژەی بەخوێندن داو لەڕشتەکانی زانستی ئسوڵی خوێندنی ئیسلامی و ئێرانی و زانستی سیاسەت و رۆژنامەگەری و قانون خوێندی و شارەزایی زیاتری پەیداکرد.

دواتـر وەك مامۆسـتای زانكـۆ لـە زانكۆكـانی ئـەو وڵاتـە و ناوەنـدەكانی توێژینەوەی زانستی و پەیمانگاكانی زمان و وەرگێڕان خزمەتی كرد.

د. جـەمال نەبـەز لەسـەرەتای ژیـانی لاوی و كـە خوێنـدكاری زانكـۆی بەغـدا بـووە، بایــەخی بەنووســین داوەو وتــارە سیاســی و كۆمەڵایــەتییــەكانی لەرۆژنامـەكانی بەغدا بـەزمانی عـەرەبی بڵاوكردۆتـەوە. كەلـە شـاری كـەركوك مامۆســتای بیركـاری و فیزیـا بـووە بـەزمانی كـوردی ئـەو دوو وانەیـەی وتۆتەوەو یەكەم كەسیش بووە كە كتێبێكی بۆ وانەی فیزیا بەزمانی كوردی داناو ساڵی ١٩٦٠ بڵاوی كردەوە.

د. جــەمال نەبــەز خــاوەنی خــەرمانێك بەرهــەمی مێــژوویی و ئــەدەبی و زانســتی و رۆژنامەگــەری و زمانــەو لــەو بوارانــەدا كتێبخانــەی كــوردی دەوڵەمەند كردووە.

رۆژی ٨-١٢-٢٠١٨ مامۆستاو زانای گەورەی كوردستان (د. جەمال نەبەز) لە ئەڵمانیا كۆچی دوایی كرد.

# جەمیل ڕەنجبەر



جەمیل ڕەنجبەر، شاعیرێکی بوێر و شۆڕشگێڕی کوردستانە، هەموو ژیانی بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمانەکەی تەرخان کرد و لە سەنگەری بەرگری لە وڵات بەشەستیری کۆپتەرەکانی بەعس شەهید کرا.

جەمیل ساڵح عەزیز، کە بە جەمیل ڕەنجبەر ناسراوە. ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی گۆمەگرووی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ خانەوادەکەیان چوونەتە ناوشاری هەولێر. ڕەنجبەر قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە و بووە بە مامۆستا. لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تێکەڵاوی ژیانی سیاسی بووە و سەرەتا لە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە دەستی پێکردووە و دواتر لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتی کردووە و ساڵی ١٩٧٤ بووە بەپێشمەرگە.

لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە پەیوەندی بەو ڕێکخراوەوە کردووەو بەهۆی تێکۆشانی سیاسییەوە تووشی چەرمەسەری زۆر بووە و چەند جارێك لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعسەوە دەستگیر کراوە.

دواجار لە ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراوە وهەمان ساڵ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە و یەکێك لە کادیرە پێشکەوتوو و هۆشیار و چالاکەکان بووە و بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ناوچەی هەولێری (ی. ن. ك) بووە. بێ لەخەباتی سیاسی و پێشمەرگانە،

ڕەنجبەر لە سەرەتای شەستەكانەوە خولیای جیهانی ئەدەب و شیعر بووە و خاوەنی چەند بەرهەمێكی ناوازەیە، زۆربەی شیعرەكانی ڕەنجبەر دەچنە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە كە لە زیندانی ئەبو غرێب و چیاكانی كوردستانەوە بۆ بەرگری لە خاك و نیشتمان و جۆشدانی خەباتی سیاسی و پێشمەرگانە نووسیونی.

ڕەنجبەر ساڵی ١٩٦٨ یەكەم دیوانە شیعری خۆی بەناوی (ڕاز و سكاڵا) بەچاپگەیاند. لەدوای شەهیدبوونیشی، یەكێتیی نوسەرانی كوردستان لە ساڵی ١٩٨١ لە شاخ نامیلكەیەكی بە ناوی (ڕوبارێكی خوێناوی) بە چاپگەیاند. لەدوای ڕاپەرینیش جەوهەر كرمانج هەموو شیعرەكانی لە دووتوێی دیوانێكدا چاپكرد. ئەم شاعیرە پێشمەرگەیە لە ڕۆژی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ لە نزیك گوندی پیرانە ڕەشی پشدەرە ڕەقەی چیای كێوە ڕەش بە شەستیری كۆپتەرەكانی بەعس شەهید كرا.

# جەمیل ڕۆژبەیانی



جـــەمیل ڕۆژ بـــەیانی، کەســـایەتییەکی گـــەورەی ڕونـــاکبیریی کوردســـتانە و لـــە بوارەکـــانی ئـــەدەبی و مێـــژوویی و زمانـــەوانی خزمـــەتی زۆری بـــە کـــاروانی کلتووری کردووە.

محەمـەد جـەمیل مـەلا ئەحمـەدی گـەورە، کـە بەجـەمیل ڕۆژبـەیانی ناسـراوە. ڕۆژی ۲۱ی تـەمموزی ۱۹۱۳ لـە گونـدی فرقـانی سەر بەناوچەی قەرەحەسـەنی شاری کـەرکوك لـەدایك بووە. لەسـەر دەسـتی بـاوکی و چـەند زانایـەکی دیکـەی ئـاینی دەرسـە ئاینییـەکانی خوێنـدووە و بڕوانامەی زانستی لەو بوارەدا بەدەستهێناوە. مامۆستا ڕۆژبەیانی کەسێکی کوردپـەوەر بـووە و لـە سـەرەتای ژیـانی لاوییـەوە تێکـەڵاوی ژیـانی سیاسـی بووەو لە حزبەکانی هیوا و پارتی دیموکراتی کوردستان خـەباتی کـردووە و لە شۆڕشی ئەیلولدا وەك پێشمەرگە بەشدار بووە.

لـە سـاڵانی ۱۹٦٤– ۱۹۷۹ لـە ئێـران بـووە و وەك نوسـەر و وەرگێـڕ لـە بەشـی کـوردی ڕادیـۆی تـاران خزمـەتی کـردووە. سـاڵی ۱۹۸۰ گەڕاوەتـەوە بەغـدا و بـووە بـە ئەنـدامی کـارای کـۆڕی زانیـاری کـورد و چـەندین لێکۆڵینـەوەی زانستیی مێژوویی و زمانەوانی لە گۆڤاری کۆڕدا بڵاوکردۆتەوە.

مامۆستا جەمیل ڕۆژ بەیانی، خزمەتێکی زۆری لە بوارەکانی نووسین و وەرگێڕاندا پێشکەش کردووە و بەحوکمی شارەزایی زۆری لە زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی چەندین کتێبی ناوازەی وەرگێڕاوە لەوانە: (شەرەفنامەی شەرەفخان، مێژووی سلێمانیی ئەمین زەکی بەگ، یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی) و چەندانی دیکە.
هێندە نووسینەکانی زانستی و کاریگەر بوون، ڕژێمی بەعس بە هەڕەشەی بۆ سەر خۆی ئەزانی، هەربۆیەش لە شەوی ٢٧/٢٦ی ئاداری ٢٠٠١ لە ماڵەکەی خۆی لە شاری بەغدا لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا شەهیدیان کرد.

# جەمیل سائیب



جەمیل سائیب، کەسایەتییەکی دیاری ڕۆشنبیریی کوردستانەو بە پێشەنگی چیرۆکی کوردی و ڕۆژنامەنووسە پێشەنگەکان دادەنرێت.

جەمیل مەلا ئەحمەد مەلا قادر مەلا حەسەن قەرەداخی، کە بە جەمیل سائیب ناسراوە. لە ساڵی ١٨٨٣ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. بەهۆی ئەوەی باوکی قازی بووە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە و لە هەڵەبجە و سلێمانی قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە.

جەمیل سائیب بەپێشەنگی چیرۆکی کوردی دادەنرێت و یەکەم چیرۆکی کوردی لە ساڵی ١٩٢٥نووسیوە کە چیرۆکی (لەخەوما) یە، ئەگەر چی چیرۆکەکە وەك خەوێك دەگێڕێتەوە، بەڵام سەراپای چیرۆکەکە ڕەخنەیە لە حوکمڕانی شێخ مەحموودی حەفید. سائیب بایەخێکی زۆریشی بە بواری ڕۆژنامەگەری داوەو لە ڕۆژنامەی ژیانەوە بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە. سەرنوسەری ڕۆژنامەی پێشکەوتن بووە لە ساڵی ١٩٢٤. لەدوا ڕۆژەکانی ژیانیشیدا و لە سەرەتای پەنجاکاندا سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژینی پیرەمێردی خاڵی بووە. لەرۆژی ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٥١ بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ شاری سلێمانی لە گردی مامە یارە لەتەنیشت گۆڕی پیرەمێردی خاڵی بە خاك سپێردراوە.

# جگەرخوێن



جگەرخوێن، شاعیرێکی نیشتمانپەروەری کوردستانە و بە شیعرەکانی خزمەتێکی گەورەی بە ئەدەبی کوردی کردووەو خەباتی کوردایەتی جۆشداوە.

شێخ مووس شێخ حەسەن شێخ محەمەد، ناوی تەواوی ئەو شاعیرەیە و نازناوی شاعیریشی جگەرخوێن بووە. ساڵی ١٩٠٣ لە گوندی حەساری نزیك شاری ماردین لەدایك بووە. بە هەژاری و کولەمەرگی ژیاوە و ساڵی ١٩١٤ بەماڵەوە چوونەتە شاری عامودە.

لە ساڵی ١٩٤٦ چوونەتە شاری قامیشلۆ. جگەرخوێن، خوێندنی ئاینی تەواو کردووە و بووە بە مەلا و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گەورەدا کاری مەلایەتی کردووە.

لە خۆرئاوا تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی بووە و لە چەند حزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا خەباتی کردووە. ساڵی ١٩٥٩ ڕووی لە باشوری کوردستان کردووە و دواتر چۆتە بەغدا بووە بە مامۆستای وانەبێژی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا. دواتر گەڕاوەتەوە سوریا و چۆتە لوبنان و پاشان بووە بە پەناهەندە لە وڵاتی سوید. جگەرخوێن، پشکی شێری بەرهەمەکانی

شـیعرن و لـەو بـوارەدا خـاوەنی هەشـت دیـوانی شـیعرە. چـەند کتێبێکـی دیکەشی لە بوارەکانی ڕێزمانی کوردی و فەرهەنگدا هەیە.

زۆربــەی شــیعرەکانی جگــەرخوێن شــیعری نیشــتمانی و نەتــەوەیین و لایەنەکانی دیکەشی فەرامۆش نەکردووە.

ئەم کەسایەتییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەی کورد خزمـەتی زۆری بـە کولتووری کـوردی کـردووە. لـە رۆژی ٢٢ی تشـرینی یەکـەمی ١٩٨٤ لـە وڵاتـی سـوید کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی برایەوە بۆ خۆرئاوای کوردستان و لـە شـاری قامیشلۆ بە خاك سپێردرا.

# جیهاد دڵپاك



جیهاد دڵپاك، خزمەتێکی گەورەی بەهونەرەکانی شانۆ و دراما و سینەمای کوردی کردووە. جیهاد زۆراب ئەحمەد، کە بەجیهاد دڵپاك ناسراوە. ساڵی ١٩٤٨ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لە کەرکوك تەواو کردووە و بووە بە مامۆستا.

لە سەردەمی گەنجییەوە خولیای هونەر بووەو سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوەوە دەستی بە کاری هونەری کردووە.

بەشداری لە دەیان کاری شانۆیی و سینەمایی و درامایی و تەلەفزیۆنی کوردی کردووە. ئەمانە هەندێ لەنموونەی کارەکانێتی: (مەرەزە، ژاڵە، بەهاری دزراو، مامەپیشە، گەردەلوول)و چەندانی دیکە.

جیهاد دڵپاك، نزیکەی چل ساڵ لە تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی تەرخانکرد و خزمەتێکی گەورەی لەو بوارەدا پێشکەش بەگەلەکەی کردو شوێن پەنجەی بە پێشخستنی هونەری کوردییەوە دیارە.

ڕۆژی ٢ی ئەیلولی ٢٠١٣ بە نەخۆشی لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ شاری سلێمانی و لە گردی سەیوان بە خاك سپێردرا.

# حاجی قادری کۆیی



حاجی قادری کۆیی، شاعیرێکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە و بە شیعرە بەرزەکانی داوای زانست و زانیاریی کردووە و هانی ڕۆڵەکانی گەلەکەی داوە کە خەبات بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەن.

حاجی قادری کۆیی، کە دوو سەدە لەمەوبەر هاتۆتە دنیاوە و لە سەردەمی ئەودا بیری نەتەوەیی لاواز بووە، بایەخی بەو مەسەلەیە داوەو لەو کاتەدا بەپێشەنگی بیری نەتەوەیی دادەنرێت و بەشیعرەکانی خەباتی کوردایەتی جۆشداوە.

عەبدولقادر کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا ساڵح کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە، لە بواری ئەدەبدا بە حاجی قادر کۆیی ناسراوە. ساڵی ١٨١٦ لە گوندی (گۆڕ قەرەج)ی خوارووی ڕۆژئاوای شارۆچکەی کۆیە لەدایک بووە. لە کۆیە و باڵەکایەتی و سەردەشت و مەهاباد و شنۆ دەرسی ئاینی خوێندووە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، بەڵام پیشەی مەلایەتی نەکردووە. ساڵی ١٨٨٤ ڕووی کردۆتە ئەستەنبوڵ و تا کۆتایی ژیانی لەوێ بووە. هەرچەند حاجی قادر هەر لە سەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای شیعر

بووه و شیعری دڵداری و كۆمەڵایەتی و نەتەوەیی نووسیوە، بەڵام شاری ئەستەنبوڵ بەو پێگە شارستانی و مەعریفییەوە، كاریگەری زۆری لەسەر حاجی هەبووە و زاخاوی بیری نەتەوەیی و كوردایەتی داوەتەوە و نایابترین شیعرە نەتەوەییەكانی لەوێ نووسیوە. هەموو شیعرەكانی حاجی لە دووتوێی دیوانێكدا بەناوی دیوانی حاجی قادری كۆیی چەند جارێك چاپ و بڵاوكراوەتەوە.

حاجی قادری بەپێی ڕۆژنامەی كوردستان لە ٢٠ی ئایاری ١٨٩٧ كۆچی دوایی كردووە و لە شاری ئەستەنبوڵ بە خاك سپێردراوە.

# حاجی مەکی



حاجی مەکی، هونەرمەندی ناوداری کوردستان لەرێی هونەرەکەیەوە، تیشکی خستە سەر دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، شۆڕشێکی هونەری بەرپاکرد بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك لەدیاردە کۆمەڵایەتییە دزێوەکانو لەو بوارەو بوارەکانی دیکەی هونەرەکانی نواندنو دراماو سینەما خزمەتی زۆری کردو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارەو لەدەروازەیەکی زێڕینەوە چۆتە ناو مێژووی کوردستانەوە.

(محەمەد مەکی عەبدوڵڵا مەعرووف) ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندەیەو بەحاجی مەکیو عەلی ئەفەنی لەناو خەڵکدا ناسراوە.

ساڵی ١٩٣٩ لەشارۆچکەی ئامێدیی پارێزگای دهۆك لەدایك بووە، بەهۆی ئەوەی باوکی فەرمانبەر بووە لەو شارۆچکەیە.

حاجی مەکی لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای هونەری نواندن بوو، لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە بەشداری کاری هونەری کرد، بۆیەکەمجار بەشداری لەشانۆگەری (پێکەنین بەبێ یاسا)ی کرد. دواتر تیپی هونەریی نواندنی دروستکرد، لەوانە گروپی هونەری خەباتو تیپی نواندنی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی. لەرێی ئەو تیپانەوە چەندین تەمسیلی بۆ تەلەفزیۆن ئامادەو تۆمارکرد، کە تیشکیان دەخستە

سەر دیاردە كۆمەڵایەتییە دزێوەكان، بەوەش وەك هونەرمەندێكی كۆمێدی خۆشەویست لەلای خەڵك ناسرا.

حاجی مەكی خاوەنی چەندین تەمسیلی سەرنجڕاكێشە، لەوانە ( باوەژن خوا بناسە، بەقەد بەڕەی خۆت پێت راكێشە، جام كە پڕ بوو لێی دەڕژێ، ژن بەژن، بڕیار)و چەندانی دیكە كە بەزنجیرە لەمانگی رەمەزاندا لە تەلەفزیۆنەوە پێشكەش دەكرا.

حاجی مەكی خولیای كاری سینەماییشی هەبوو، بۆ یەكەمجار لەساڵی ١٩٦٤ فیلمێكی سینەمایی كورتی نیو سەعاتی بەناوونیشانی( رەهێڵە) بەرهەمهێنا، كە لەنووسینی كامەران موكریو دەرهێنانی یوسف جەرجیسی هونەرمەند بوو. ساڵی ١٩٩٠ بەشداری لەبەرهەمهێنانی فیلمی ( نێرگز بووكی كوردستان)ی كرد كە لە دەرهێنانی هونەرمەند جەعفەر عەلی بوو، ئەم فیلمە وەك یەكەم فیلمی كوردیی پرۆفیشناڵ دەنگدانەوەی زۆری هەبوو.

حاجی مەكی زیاتر لەنیو سەدە خزمەتی بەهونەری كوردی كردو خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی هونەری تۆمار كراوەو وەك سامانێكی نەتەوەییو یادگاری هونەری ئەو ماونەتەوە.

پاش خزمەتێكی زۆر بەهونەری كوردی، شەوی ١٨ی كانوونی یەكەمی ٢٠١٥ لەنەخۆشخانەی فریاكەوتنی سلێمانی كۆچی دوایی كردو رۆژی دواتر لە گردی سەیوان بەخاكی نیشتمان سپێردرا.

# حامید فەرەج



حامید فەرەج نووسەرو روناکبیرێکی دیاری کوردستانەو بەیەکێك لە بناغەدانەرانی ئەلفو بێی کوردی دائەنرێتو لەناوەڕاستی سییەکانی سەدەی رابردوودا کتێبێکی ئەلفو بێی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی دانا کە بووە بناغەیەك بۆ رێنووسی کوردی نویێ.

حامید فەرەج سلێمان بەگ ناوی تەواوی ئەم روناکبیرەیەو ساڵی ١٩١١ لەگەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووە. لەسلێمانیو بەغدا خوێندوویەتیو ئەیلولی ١٩٣٤ خانەی مامۆستایانی بەغدای تەواو کردووەو هەمان ساڵ لە قوتابخانەی ئەیوبییەی سلێمانی بەمامۆستا دامەزراوەو وانەکانی کوردیو وەرزشی وتۆتەوە.

ساڵی ١٩٣٥چۆتە مەدرەسەی عەسکەری شاهانەو تەواوی کردووەو بووە بەئەفسەرو دواتر خولی ئەفسەرانی پۆلیسی تەواو کردووەو وەك ئەفسەرو بەڕێوەبەری پۆلیس لەشارەکانی کوردستانو عێراق خزمەتی کردووە. دوای خانەنشین بوونی کاسبی کردووەو دوکانی ئامێرەکانی کارەبایی هەبووە لەشاری بەغدا.

حامید فەرەج سەرباری ئەوەی کە وەك مامۆستاو ئەفسەر خزمەتی کردووە. پیاوێکی خوێنەوارو روناکبیر بووەو بایەخی زۆری بەزمانو رێنووسی کوردیو کایەکانی تری رۆشنبیری داوە.
یەکێك بووە لەو کەسانەی مامۆستا برایم ئەحمەد پرس و راوێژی پێکردووە بۆ دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژو ئەمیش پشتیوان وهاوکارێکی دڵسۆزی بووە. مامۆستا حامید فەرەج بەرهەمەکانی لە(گەلاوێژ، هاوار، رۆشنبیری نوێ) بڵاوکردۆتەوە. خاوەنی دوو کتێبی چاپکراوە کە ئەمانەن(ئەلفوبێی کوردی-١٩٣٦، رێنووسی کوردی لەسەدەیەکدا-١٩٧٦). پێنج دەستنووسیشی لەپاش بەجێماوە کە لە نووسینی خۆیو وەرگێڕانن.
حامید فەرەج لەبواری زمانو رێنووسو ئەلفو بێی کوردیدا خزمەتی زۆری کردووەو کتێبی ئەلفو بێی کوردی کە ساڵی ١٩٣٦ نووسیویەتی بەداهێنانو دەستپێشخەرییەکی گرنگ بۆ خوێندنی سەرەتایی دائەنرێو بووە بناغەیەك بۆ ئەوەی دواتر مامۆستا ئیبراهیم باڵدار سوودی لێوەربگرێو لەساڵی ١٩٤٨ئەلفو بێیەکی جوانو پاراو بۆ زمانی کوردی دابنێ.
ئەم نووسەرو روناکبیرە هەڵکەوتووەی کوردستان بەهۆی نەخۆشی دڵەوە لە ١٠ی مایسی ١٩٩٥ بۆ دواجار ماڵئاوایی کرد.

# حەپسەخانی نەقیب



حەپسەخانی نەقیب، کەسایەتییەکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و بەرگریکارێکی سەرسەختی مافەکانی ژنان و پشتیوانێکی بەهێزی پەروەردە و خوێندن و ڕوناکبیری بوو.

حەپسەخان، لە خانەوادەیەکی ناسراوی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و ئاینی شاری سلێمانییە، کچی شێخ مەعروف نەقیبی نەوەی کاك ئەحمەدی شێخ و هاوسەری شێخ قادری حەفید بووە. ساڵی ١٨٩١ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. حەپسەخان ، خەمخۆر و چالاکوانی کاروباری ژنان بووە . قوتابخانەیەکیی کچانی لە شاری سلێمانی کردۆتەوە و خانووەکەی خۆی پێشکەش بەو قوتابخانەیە کردووە.

ساڵی ١٩٣٠ یەکەم ڕێکخراوی بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنانی بە ناوی کۆمەڵەی ژنانی کورد دامەزراند.

حەپسەخان ژنێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر بووە و پشتیوانێکی بەهێزی جوڵانەوەی شێخ مەحموودی نەمر بووە و بەهۆی هەڵوێستەکانیەوە تووشی چەندین کێشە و گرفت بووە و ئاوارەیی بووە. حەپسەخان، بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە دەنگێکی دلێر بووە بۆ گەیاندنی داخوازییەکانی کورد بەدامودەزگا نێودەوڵەتیەکان. لە دیارترین کارەکانی لەو بوارەدا ئەوەبوو، ساڵی ١٩٣٠ نامەیەکی بۆ کۆمەڵەی گەلان نووسیوە و لە نامەکەدا داوای لەو

کۆمەڵەیـە کـردووە کـە دان بەمافـەکانی گـەلی کوردسـتاندا بنـێ و ڕێگـە لـە سیاسەتەکانی عێراق و بەریتانیا لە دژی گەلی کورد بگرێ.

حەپسـەخان، کەسـێکی خێرخـواز بـووە و هـەردەم بـە هانـای هـەژاران و لێقەوماوانـەوە چـووە و لـە سـاڵی ١٩٤٢ لیژنەیـەکی لـە ژنـان پێکهێنـا بـۆ هاوکاری هەژاران و لێقەوماوانی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان.

ئەم ژنە بەتوانایەی کورد هاوکاری و پشتیوانی مادی و مەعنەوی کۆماری کوردسـتانی لـە مـەهاباد کـردووە و لـەپای ئـەو هەڵوێسـتەی پێشـەوا قـازی محەمەد نامەیەکی سوپاسگوزاری بۆ نووسیوە.

ئەم ژنە ناودارەی کورد لە ڕۆژی ١٢ی نیسانی ١٩٥٣ لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا، بـەڵام نـاو و ناوبـانگ و خزمـەت و بەخششـەکانی بـە نـەمری و پـیرۆزی دەمێننەوە.

# حەریق



حەریق، شاعیرێکی دیاری کوردستانە و لەڕێی شیعرە بەرزەکانییەوە خزمەتێکی زۆری بە کاروانی ئەدەبی و ڕوناکبیریی کوردستان کردووە.
مەلا ساڵح مەلا نەسروڵلا، ناوی ڕەسمی ئەو شاعیرەیەو (حەریق) نازناوی شاعیری ئەوەو لە بواری ئەدەبدا بەو ناوە ناسراوە. ئەم شاعیرە پایەبەرزە ساڵی ١٨٥٦ لە گوندی زێوێی ئامێزی چیای پیرەمەگرون لەدایك بووە و لە باوەشی خانەوادەیەکی ئاینی و خوێنەواردا پەروەردە بووە. لە سلێمانی و قەرەداخ و بیارە و مەهاباد دەرسە ئاینییەکانی خوێندووە و مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە و چۆتە خۆرهەڵاتی کوردستان و لە مزگەوتی سەید حەسەنی شاری مەهاباد بووە بە ئیمام و تا کۆتایی ژیانی لە خزمەت ئەو مزگەوتەدا بووە. سەرباری ئەوەی حەریق هەر لە منالییەوە لە حوجرە و قوتابخانە ئاینییەکان خوێندبووی و لە کەشێکی ئاینیدا پەروەردە بوو، بەڵام هەر لە گەنجییەوە خولیای ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بووە و لەو سەردەمەدا مەڵبەندە ئاینییەکان شوێنی دەرسی ئاینی و خزمەتی ئەدەب و ڕوناکبیریش بوون.
حەریق سەرباری کاری مەلایەتی، لەڕێی هۆنینەوەی شیعرەوە خزمەتی بەئەدەبی کوردی کردووە و خاوەنی چەندین شیعری جوان و بەرزە لە ڕشتە جیاجیاکاندا و هەموو شیعرەکانی لە دووتوێی دیوانێکدا کۆکراونەتەوە و چەند جارێك چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەم شاعیرە ناودارەی کورد لە ساڵی ١٩٠٩ بۆ دواجار ماڵئاوایی کرد و لە گۆڕستانی مەلا جامیی شاری مەهاباد بە خاك سپێردرا و چووە ڕیزی نەمرانی نیشتمانەوە.

# حەسەن جزیری



حەسەن فەتاح ئەحمەد، ناسراو بە (حەسەن جزیری) هونەرمەند و گۆرانیبێژێکی دیاری کوردستانە و خزمەتێکی دیاری بە هونەری گۆرانی کردووە.

ساڵی ١٩١٧ لە ناوچەی جزیرە و بۆتانی باکوری کوردستان لە ئامێزی خێزانێکی هونەرپەروەردا لەدایك بووە.

دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە خێزانەوە باکوریان بەجێهێشتووە و هاتونەتە باشورو لە شاری زاخۆ نیشتەجێ بوون. جزیری لە تەمەنی دە ساڵییەوە نابینا بووە، بەڵام سەرباری ئەوەش کۆڵی نەداوە و وەك هونەرمەندێك خزمەتی کردووە.

لە ساڵی ١٩٤١ چۆتە بەغدا و لە ساڵی ١٩٤٢ لەڕێی مامۆستا عەلی مەردانەوە چۆتە ئیزگەی کوردی بەغدا و ماوەی ٣٥ ساڵ لە ئیزگە خزمەتی کردووە و ٣٠٨ گۆرانی و مەقامی تۆمار کردووە. لەرۆژی ٩ی تەموزی ١٩٨٣ کۆچی دوایی کرد.

# حەسەن زیرەك



حەسەن زیرەك، بە یەكێك لە هونەرمەندە مەزنەكانی كورد دادەنرێت، خزمەتێكی گەورەی بەبواری هونەری گۆرانی كوردی كردووە. بەقوتابخانەیەكی تایبەتی هونەری دادەنرێت.

زیرەك لەرۆژی ٢٩ی كانونی یەكەمی ١٩٢١ لە شاری بۆكان لەدایك بووە. بەهۆی مردنی باوكییەوە كە ئەو هێشتا منداڵ بووە تووشی ناخۆشی و چەرمەسەری زۆری ژیان دەبێتەوە و زۆربەی ژیانی بە كار و كاسبی و كرێكارییەوە بەسەر ئەبات. ماوەیەك ئاوارەی كوردستانی عێراق دەبێ و لە سەرەتای پەنجاكاندا دەرفەتی بۆ دەرەخسێ سەردانی شاری بەغدا دەكا و لەوێ لە ڕادیۆی كوردیی بەغدا دادەمەزرێ و ٥٦ گۆرانی تۆمار دەكات بەوەش ناوبانگ دەردەكا و ئەناسرێ. لەدوای شۆڕشی گەلاوێژی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە ئێران و دەچێتە ڕادیۆی تاران و لەوێ زیاتر لە ٤٠٠ گۆرانی تۆمار دەكات. بەردەوام ئەبێ لە خزمەتكردنی هونەری كوردی و خزمەتێكی گەورە لەو بوارەدا پێشكەش دەكات و ئەبێتە ئەستێرەیەكی درەوشاوە، تا لەرۆژی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٧٢ بە نەخۆشی كۆچی دوایی دەكات و لە ناڵەشكێنەی شاری بۆكان بە خاك دەسپێردرێ.

# شێخ حەسەن عەوالأنی



شێخ حەسەن عەوالأنی شاعیرێكی دیارو نیشتمانپەوەری كوردستانە، لەرێی شیعرەكانی بەگشتی و شیعرە نیشتمانییەكانی بەتایبەتی خزمەتێكی زۆری بەگەل و نیشتمانەكەی كردووەو كوانووی شۆڕشی گەلی كوردستانی جۆشداوە.

شیعری ئەو شەهیدانەی كە بۆ دوو شەهیدی خزمی خۆی لە سالّی ١٩٦٢ نووسیوەو كراوە بەسروود، بەدەقێكی بەرزو پیرۆز دائەنرێ و گیان و ورەی تێكۆشانی خەڵك و پێشمەرگەی بەرز كردۆتەوەو تا ئێستا ئەو دەقە بەزیندوویی و نەمری ماوەتەوە.

بەدرێژایی شۆڕشەكانی كوردستان، ئەو سرووده لەرادیۆكانی شۆڕشەوە بەبەردەوامی پەخشكراوە.

شێخ حەسەن عەوالأنی سالّی ١٩٣٢ لە گوندی عەوالأنی ناوچەی سورداشی سەر بەپارێزگای سلێمانی لەدایك بووە.

لەباوەشی خانەوادەیەكی نیشتمانیی ئاینپەوەردا گەورە بووە. لەناوەڕاستی سالأنی شەستەكانی سەدەی رابردوو بەماڵەوە چوونەتە چەمچەماڵ و دوای دوو سالّ باریان كردووە بۆ شاری سلێمانی و لەوێ نیشتەجێ بوون.

لەكارگەی جگەرەی سلێمانی وەك كرێكار دامەزراوە، بەحوكمی خوێنەواری و هۆشیاری سیاسی و چینایەتی لە سەندیكای كرێكاران كاری كردووە.

شێخ حەسەن عەوالانی هەر لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای شیعر بووەو لەرێی شیعرەوە تەعبیری لەخەمە چینایەتی و نەتەوایەتییەکان کردووە، خاوەنی چەند دیوانێکی شیعری چاپکراوە لەوانە(باخی عەوالان، چەمی ڕەزانی قارەمان، چیای پیرەمەگروون). چەند دەستنووسی شیعریشی لەدوا بەجێماوە کە تا ئێستا چاپ نەکراون و رووناکیان نەدیوە.

شێخ حەسەن عەوالانی لەرێی بەرهەمەکانییەوە خزمەتێکی زۆری بەرەوتی رۆشنبیری بەگشتی و ئەدەبی بەرگری بەتایبەتی کردووە.

شیعرە نیشتمانییەکانی بەدەقی بەرزی ئەدەبی بەرەنگاری دادەنرێن، کە خۆی لەناوجەرگەی رووداوەکانەوە نووسیونی و تەعبیری لەئێش و ئازارەکانی گەلەکەی کردووەو هانی شۆڕش و بەرگری و کۆڵنەدانی داوە.

وەك لەشیعری نەورۆزدا ئەڵێ:

من ناڵێم نەورۆز نەورۆزی منە

جەژنە پیرۆزە پیرۆزی منە

هەتا نەبینم کوردستان گشتی

یەکی گرتووە ورد و درشتی

ئەوساکە ئەڵێم چەکوشەکەی کاوە

لە کەللەی سەری زوحاکی داوە

ئەم شاعیرە خەون و خولیای ئازادی و رزگاری نیشتمانەکەی بووە، وەك لەشیعرەکانیدا ئاماژەی پێکردووە، بەڵام بەداخەوە مەرگ بواری نەدا ئەو ئازادییە ببینێ.

لەرۆژی ٩ی شوباتی ١٩٩٠لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لەگردی شێخ محێدینی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# حەسەن قزڵجی



حەسەن قزڵجی، ئەدیب و نوسەر و وەرگێڕو زمانزانێکی دیاری کوردستانە. ساڵی ١٩١٤ لە گوندی قزڵجەی سەر بە شاری بۆکانی خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە.
لەسەر دەستی باوکی و پیاوە ئاینییەکانی شارەکەی دەرسە ئاینییەکانی خوێندووە. پاش تەواوکردنی خوێندن بووە بەفەرمانبەر. قزڵجی لە سەرەتای تەمەنی گەنجییەوە خولیای ئەدەب بووە. لە دەرگای ڕوناکبیرییەوە چۆتە ناو دنیای سیاسەت و پەیوەندی بە کۆمەڵەی ژێکافەوە کردووە و یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی پێشەوا قازی محەمەد بووە.
لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، قزڵجی ڕۆڵێکی دیاری لە بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕوناکبیریدا هەبووە و سەرنوسەری گۆڤاری هەڵاڵە بووە، لەم گۆڤارەو ڕۆژنامەکانی کوردستان و ئاوات بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە.
لەدوای ڕوخانی کۆماری کوردستان، ئاوارەی باشوری کوردستان دەبێ و لە گوندی سیتەك و لای شێخ لەتیفی حەفید دەگیرسێتەوە و لە باشوریش درێژە بە کار و چالاکی ئەدەبی و ڕوناکبیری دەدات و بە نهێنی ڕۆژنامەی ڕێگا دەردەکات و بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی: (هیوا، ڕوناهی، ڕۆژی نوێ، نوسەری کورد، بەیان) بڵاو دەکاتەوە. بەهۆی ئەوەی حکومەتی عێراق تەنگی پێدەچنێ، بە ناچاری دەچێتە بولگاریا و لەوێ پەیوەندی بەحزبی تودەی ئێرانەوە دەکات. دوای ڕوخانی ڕژێمی شا دەگەڕێتەوە

ئێـران و دەبێتـە سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (مـەردم)، کـە بـە زمـانی کـوردی لەلایەن حزبی تودەوە دەردەچێت. ساڵی ١٩٨٣ لەلایـەن حکومـەتی ئێرانـەوە دەسـتگیر دەکـرێ و بـەهۆی ئـازار و ئەشـکەنجەوە لـەرۆژی ٢٨ی ئـەیلولی ١٩٨٤ شەهید دەبێ و لـەژێر چاودێری حکومەتدا تەرمەکەی لە گۆڕستانی بەهەشــتی زەهــرای تــاران بــە خــاك دەســپێردرێ. قزڵجــی زیــاتر وەك چیرۆکنووس ناسراوەو کۆمەڵە چیرۆکی (پێکەنینی گەدا) کە ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدا بڵاوکرایەوە، یەکێکە لە بەرهەمە دیارەکانی، بەڵام سەرباری ئەوە قزڵجی شاعیر و ڕۆژنامەنووس و زمانزان و وەرگێڕ و سیاسەتمەدار بووە و چەند بەرهەمێکی دیکەی چاپکراو و چاپنەکراوی هەیە.

# حەسیب ساڵح



ئەگەرچی چەندین تەلارو پرۆژەی گەورەی تەلارسازی لەسەرانسەری عێراقدا دروست کردووە، بەڵام دروستکردنی تەلارێکی بڵند لە سەر شەقامی سالم‌و دەروازەی شەقامی مەولەویی شاری سلێمانی لەکۆتایی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، زیاتر ئەو ئەندازیارو بەڵێندەرەی بەخەڵکی سلێمانی‌و کوردستان ناساند. سەرباری ئەوەی تەلارەکە بەڕەسمی بەهۆتیل سلێمانی ناونرا، بەڵام هەر بەناوی خۆی‌و بەبینای حەسیب ساڵح ناسراو لەدوای راپەرین ناوەکەی بۆ سلێمانی پالاس گۆڕا.

حەسیب ساڵح کێیە؟

ئەندازیارو بەڵێندەرێکی زیرەك‌و ناوداری کورد بووە، نەك لەسەر ئاستی کوردستان‌و عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش ناسراوە، شوێن پەنجەی بەدروستکردنی چەندین تەلاری بڵندو مەزن‌و دڵگیرەوە لەسەرانسەری عێراقدا دیارە، کە وەك سامانێکی تەلارسازیی نیشتمانی‌و یادگاری حەسیب ساڵح ماونەتەوە.

حەسیب ساڵح لەرۆژی ١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٣٠ لەشاری کەرکوك لەدایك بووە. بەڵام بەڕەچەڵەك خەڵکی گوندی خەرپانیی ناوچەی هەورامان بوون‌و باوکی مەلا بووە، بەڵام زۆر کاری مەلایەتی نەکردووەو چۆتە شاری

کەرکوك و لەوێ هاوسەرگیری کردووە، بەکاری ئازادو بازرگانییەوە خەریك بووە.

خانەوادەی حەسیب ساڵح ماوەیەك لە گوندی (هۆمەر قەوم)ی ناوچەی سورداش ژیاون. حەسیب ساڵح چەند ساڵێك لە قوتابخانەی سەرەتایی لە ناحیەی سورداش خوێندویەتی و قۆناغەکانی تری خوێندنی لە شارەکانی کەرکوك و بەغدا تەواو کردووە.

خویندکارێکی زیرەك و بەتوانا بووە و نمرەیەکی بەرزی هێناوە و لەکۆلێجی ئەندازیاری زانکۆی بەغدا وەرگیراوە.

لەساڵی ١٩٥٤ یەکەمی بەشی شارستانی کۆلیجی ئەندازیاری بووە، بەهۆی ئەوەوە لەلایەن مەلیك فەیسەڵی دووەمەوە خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشراوە.

بۆ ماوەیەکی کەم وەك ئەندازیار لە فەرمانگەی ئاوی بەغدا دامەزراوە، دواتر وازیهێناوە وخەریکی کاری بەڵێندەرایەتی بووە و کۆمپانیایەکی بەڵێندەرایەتی بەناوی خۆیەوە دامەزراندووە.

چەندین پرۆژەی گەورەی تەلارسازی و ئاوەدانی جێبەجێ کردووە لەوانە:

١-مۆنۆمێنتی ئازادی لەگۆڕەپانی تەحریری بەغدا لەساڵی ١٩٦٠، کە کارێکی تەلارسازی و هونەریی پەیکەرتاشی هونەرمەندی گەورە جەواد سەلیمی لەسەر نەخشێنراوە.

٢-تەلاری کۆمپانیای دڵنیایی لەشەقامی جمهوری ١٩٦٣.

٣- تەلاری بانکی رافدەین لەشەقامی رەشید ١٩٦٥.

٤-تەلای کتێبخانەی نیشتمانی و هوڵەکانی وانە وتنەوە لەبەغدا ١٩٧٨.

٥- هۆتێل سلێمانی١٩٧٩.

٦- کۆمپانیای دڵنیایی نیشتمانی لە گۆڕەپانی خەلانی ١٩٨٥.

٧- تەلاری وەزارەتی تەندروستی لەبابولموعەزەم- ١٩٩٠.

چەندین پرۆژەی تری نیشتەجێبوون و تەلارسازی لەشارەكانی عێراق و كوردستان.
حەسیب ساڵح بایەخیشی بەكاری كولتوری داوەو تەلاری كتێبخانەی نیشتمانی و هۆڵەكانی وانەوتنەوە لەشاری بەغدا بەرهەمی كاری ئەون.
هەر لەروانگەی بایەخدانی بە كایەی رۆشنبیریی كوردی، لەسەر ئەرك و بودجەی خۆی كتێبخانەی زانكۆی سلێمانی لەساڵی ١٩٧٩دا دروستكردووە. هەروەها تەلاری یانەی رۆشنبیریی زانكۆی سلێمانی لەبەرهەمە تەلارسازییەكانی ئەوە.
حەسیب ساڵح لەدامەزرێنەرانی یەكێتیی بەڵێندەرانی عێراق بووەو لەكۆتایی هەشتاكاندا سەرۆكی ئەو یەكێتییە بووە. لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەكاندا ماوەیەك سەرۆكی یەكێتیی بەڵێندەرانی عەرەب بووە.
حەسیب ساڵح هەر لەقۆناغی ئامادەییەوە خولیای كاری پیشەیی بووەو لەرێكخراوی خوێندكاران كاری كردووەو هەڵگری بیری چەپ و پێشكەوتنخواز بووەو داكۆكی لەبیرو باوەڕو بۆچوونەكانی كردووە.
ساڵی ١٩٤٨ نوێنەری هەڵبژێردراوی خوێندكارانی شاری كەركوك بووە بۆ كۆنگرەی خوێندكارانی عێراق لە گۆڕەپانی(السباع) لەبەغدا كە یەكەم كۆنگرەی خوێندكاران بووە لەمێژووی عێراقدا. هەر لەو كۆنگرەیەدا سەرۆك مام جەلال وەك نوێنەری خوێندكارانی شاری كۆیە بەشدار بووە، شاعیری گەورەی عەرەب محەمەد مەهدی ئەلجەواهیریش ئامادەی ئەو كۆنگرەیە بووەو شیعرە بەرزەكەی شەهیدی خوێندۆتەوە.
حەسیب ساڵح لە كۆلیجی ئەندازیاری بەغداش بەتوندی بەرگری لە بیری چەپ و پێشكەوتنخواز كردووەو خوێندكارێكی چالاك و هەڵسوڕاو بووە.

حەسیبساڵح کەسایەتییەکی گەورەی نیشتمانی و کوردپەروەر بووەو لەقۆناغە سەخت و دژوارەکانی سەردەمی رژێمی بەعسیشدا بەوپەڕی ئازایەتی و چاونەترسییەوە بەرگری لەمافەکانی گەلی کوردستان کردووە.

مێژوونووسی گەورەی کوردستان (د. کەمال مەزهەر) لەپرسەنامەیەکدا بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو حەسیب ساڵح ئاماژە بەوە ئەکات کە لەناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکاندا، لەسەر داوای سەدام حسێن، سەعدی مەهدی ساڵح ئەندامی مەجلیسی قیادەی سەورە لەگەڵ ژمارەیەك لەکەسایەتییە کوردەکانی شاری بەغدا کۆبۆوە، لەو کۆبوونەوەیەدا سەعدی مەهدی ساڵح باسی ئەوەی کردووە کە گوندەکانی سەر بەقەزای چەمچەماڵ بخرێنە سەر پارێزگای کەرکوك و لەسەر ئیدارەی حکومەتی هەرێم نەمێنن، د. کەمال مەزهەر لەو بارەیەوە ئەڵێ، حەسیب ساڵح کە یەکێك لەئامادەبوانی کۆبوونەوەکە بوو وتی: من خزمم لەو ناوچانە هەیەو پێیان باشە کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بمێننەوە، چونکە مامەڵەی لەگەڵیان خراپ بووە.

د. کەمال ئەڵێ هەر لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیازی ئەوە کرا حزبی کوردیی لایەنگری بەغدا دابمەزرێ، حەسیب ساڵح ئەوەشی ڕەتکردەوەو وتی ئەو ئەزمونە شکستی خواردووەو پێوستە لەگەڵ حزبەکانی کوردستان گفتوگۆ بکرێ و ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ.

بەڵێ تا دوا رۆژەکانی ژیانی، حەسیب ساڵح لەگەڵ خەم و خواستی گەلەکەیدا بوو. دوای خزمەتێکی زۆر بەپرۆژەکانی ئاوەدانی و تەلارسازی، حەسیب ساڵح ئەندازیارو بەڵێندەری زیرەك و شارەزاو نیشتمانپەروەر لە١٨ی شوباتی ٢٠١٢لەشاری عەممانی پایتەختی ئوردن کۆچی دوایی کرد. لەسەر راسپاردەی خۆی ، تەرمەکەی برایەوە بۆ شاری کەرکوك و لەگۆڕستانی شێخ محێدین بەخاك سپێردرا.

# حەسیب قەرەداخی



حەسیب قەرەداحی، شاعیرێكی دیار و نیشتمانپەوەری كوردستانە و لەڕێی شیعرەكانییەوە خزمەتێكی زۆری بەكاروانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی كوردی كردووە. حەسیب كوڕی شێخ عەلی كوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی قەرەداخی، ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیە و بە حەسیب قەرەداخی ناسراوە.

ئەم شاعیرە كە لە بنەماڵەی شێخانی مەردۆخییە لە ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی سۆڵەی چرچە قەڵای سەر بە ناوچەی قەرەداخی پارێزگای سلێمانی لە خێزانێكی ڕوناكبیرو زانستپەروەردا لەدایك بووە. سەرەتا لەسەر دەستی باوكی وانە ئاینییەكانی خوێندووە و دواتر هەر لە گوندەكەی خۆی خراوەتە بەر خوێندن و لەوێ و لە قەرەداخ قۆناغی سەرەتایی خوێندووە و ساڵی ١٩٤٧ لە خانەی مامۆستایانی لادێ لە ناحیەی محاویلی سەر بەپارێزگای بابل وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سیاسییەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات.

حەسیب قەرەداخی هەر زوو تێكەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی بووە و بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانی و سیاسییەكانییەوە ڕووبەڕووی ڕاونان و زیندان و ئازاردان و دەركردن لە وەزیفە بۆتەوە، بەڵام هەموو ئەوانە كۆڵیان پێنەداوەو مەیدانی تێكۆشانیان پێ چۆڵ نەكردووە.

حەسیب قەرەداخی، لە کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە خولیای دنیای ئەدەب بەگشتی و دنیای شیعر بەتایبەتی بووە و بەرهەمە شیعرییەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەك: (ژین، هیوا، شەفەق، بیری نوێ، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، کاروان) و چەندانی دیکەدا بڵاوکردۆتەوە. شیعرەکانی قەرەداخی زیاتر ڕەنگدانەوەی خەمە نیشتمانی و چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان بوون و هەربۆیەش چوار دیوانی شیعری بەناوی (فەرهەنگی خەم) بڵاوکردۆتەوە و دوای ماڵئاوایی دەزگای ئاراس هەموو شیعرەکانی لە دووتوێی دوو بەرگدا بە قەبارەی ۹۰۳ لاپەڕە بەهەمان ناونیشان بڵاوکردۆتەوە. ئەم شاعیرە ناودارەی کورد لە سەرەتای ساڵی حەفتاوە پەیوەندی بە یەکێتیی نوسەرانی کوردەوە کردووە و لە هەموو کۆنگرە و فیستیڤاڵەکانی ئەو ڕێکخراوەدا بەشداری کردووە و بە شیعرە بەرزەکانی ئەو بۆنانەی ڕازاندۆتەوە. ئەم شاعیرە گەورەیەی کورد لە ڕۆژی ۹ی کانونی دووەمی ۱۹۹۷ بۆ یەکجاری ماڵئاوایی کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

# حەكیم كاكە وەیس



حەكیم كاكە وەیس ناوێكی دیاریی ناو كایەی ئەدەبی و رووناكبیریی كوردستانە، لەو رشتانەدا خزمەتێكی فرەی پێشكەش بەگەل و نیشتمانەكەی كردووەو بەرهەمەكانی وەك دەقی رەسەن و پاراو بەنەمری دەمێننەوە.

حەكیم عەبدوڵڵا كاكەوەیس كە بەحەكیم كاكەوەیس ناسراوە، ساڵی ١٩٤٩ لەگوندی حەساریی گەورەی نزیك شاری كەركوك لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و لەشاری كەركوك تەواو كردووە. ساڵی ١٩٧٣ بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە زانستی بیركاری لە كۆلیجی زانستیی زانكۆی سلێمانی بەدەستهێناوە.

مامۆستا حەكیم پیاوێكی دڵسۆزو كوردپەروەر بووە، بەهۆی ئەوەوە خۆی و خانەوادەكەی تووشی راونان و دەربەدەری بوون. بەڵام ئەوانە كۆڵیان پێنەداوەو هەڵویستی جوامێرانەو مەردانەی هەبووەو ساڵی ١٩٧٤ وەك پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی كردووەو بەڕێوەبەری فرۆشگای شۆڕش بووە لەچۆمان.

لەساڵانی ١٩٧٥-١٩٨٠ وەك فەرمانبەر لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق خزمەتی كردووە. بەهۆی شارەزایی زۆری لەبواری زانستیی بیركاری و پرۆگرامسازی ساڵی ١٩٨١ یەكەم كتێبی لەسەر زانستی كۆمپیوتەر

نووسـی و بڵاوکـردەوە، ئـەوەش بـۆ ئـەو کاتـە بابـەتێکی زانسـتی نـوێ و سەرنجڕاکێش بووە.

ساڵی ١٩٨٤ وڵاتی بەجێهێشتووەو وەك پەنابەر لەسوید گیرساوەتەوە.

حەکیم کاکە وەیس لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، چووە ناو کایەی ئەدەبی و رووناکبیری و خاوەنی چەندین چیرۆك و رۆمانی ناوازەیە کە هـــەڵقوڵاوی ئـــێش و ئازارەکـــانی گەلەکەیـــەتی، لەوانە(تـــەونی جاڵجاڵۆکە،مەملەکەتی سەگەکان، سەگەکە چوارەمیان بوو) و چەندانی تر.

بێ لەچیرۆك، کاکەوەیس وتارنووسێکی باشبووەو خاوەنی سەدان وتاری ئـــەدەبی و زمانـــەوانی و سیاســـییە کـــە لـــەگۆڤارو رۆژنامەکانـــدا بـــڵاوی کردونەتەوە.

بـێ لـەزمانی دایـك، زمانـەکانی عـەرەبی و ئینگلیـزی و فارسـی و سـویدی بەباشی زانیوە، سوودی لەو زمانانە وەرگرتووەو چەندین شاکاری ئەدەبی و رۆشنبیری لەو زمانانەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

زۆربەی بەرهەم و شاکارە بەرزەکانی مامۆستا مەسعود محەمەدی بیرمەندی ناسراوی کوردی لە زمانی عەرەبییەوە بۆسەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە، کە ١١ کتێبی ناوازەن.

بەنووسـین و وەرگێـڕان خـاوەنی ٢٨ کتـێبی چـاپکراوە کـە کتێبخانـەی کوردییان رەنگین و دەوڵەمەند کردووە.

ئەم ئەدیب و وەرگێڕو نووسەرە هەڵکەوتووەی کوردستان لە رۆژی ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ بەهۆی نەخۆشییەوە لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی برایەوە بۆ کەرکوك و لەزێدی خۆی لە گوندی حەساری گەورە بەخاك سپێردرا.

# حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا



زۆر جار لەكتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا، ناوی حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغام ئەهاتە پێش چاو، كە وەك كەسایەتییەكی نیشتمانی و نەتەوەیی لەنیوەی یەكەمی سەدەی بیستدا لەبوارەكانی سیاسی و كارگێڕی و پەرلەمانی و كۆمەڵایەتیدا خزمەتی كردووەو لەو قۆناغەدا ڕۆڵی دیارو درەوشاوەی هەبووە. بەڵام ئەوەی تێبینم كرد سەرباری ئەو هەموو كارو چالاكی و خزمەتەی پێشكەش بەگەل و نیشتمانەكەی كردووە، تیشك نەخراوەتە سەر ژیان و كارەكانی و وەك سەربازێكی ون ماوەتەوە، هیچی ئەوتۆی لەسەر نەنوسراوەو لێكۆڵینەوەی لەسەر نەكراوە، بۆیە بەپێویستم زانی تیشك بخەمە سەر ژیان و كارو خزمەتەكانی ئەم كەسایەتییە ناودارەی شاری سلێمانی و كوردستان، بۆ ئەوەی خوێنەران بەگشتی و نەوەی تازە بەتایبەتی بیناسن.

یەكەم: حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا كێیە؟

حەمە ئاغا كوڕی ئەوڕەحمان ئاغا كوڕی عەبدوڵڵا ئاغا كوڕی عەزیز ئاغا كوڕی مەحمود ئاغای مەسرەف بووە، لەبنەماڵەی بابان و ئاغاكانی مەسرەفن، كە بنەماڵەیەكی دیاری حوكمڕانی بابان بوون، (مەحمود ئاغای مەسەرەف) ی باپیرە گەورەی لە سەردەمی بابانەكاندا سەرۆك وەزیران بووە.

حەمە ئاغا ساڵی ١٨٨٧ لەشاری سلێمانی لەدایك بووەو لەئامێزی خانەوادەیەکی ناوداردا پەروەردە بووە.

کەسێکی دەوڵەمەندو خاوەن موڵك و زەوی و زار بووە لەشاری سلێمانی و دەوروبەری. پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی هەبووە، دیوەخانەکەی شوێنی کۆبوونەوەی کەسایەتییە دیارەکانی شاری سلێمانی و کوردستان و عێراق و چین و توێژە جیاجیاکان و شاعیران و نووسەران بووە.

حەمە ئاغا کەسایەتییەکی نیشتمانپەوەرو خەباتگێڕ بووەو یەکێك بووە لە هاوکارو پشتیوانە بەهێزەکانی شێخ مەحموودی نەمر.

لەهەموو قۆناغە جیاجیاکان و تا کۆچی دوایی بەسەربەرزییەوە لەبەرەی گەل و نیشتمانەکەیدا بووە.

دووەم: ئەندامی ئەنجومەنی شار

ساڵی ١٩١٨ کە ئینگلیزەکان هاتنە شاری سلێمانی، شێخ مەحموودی نەمریان کردە حوکمداری شاری سلێمانی و دەوروبەری. لەدەورانی یەکەمی حوکمڕانیدا،شێخ مەحموود بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شاری سلێمانی، بەرەزامەندی ئینگلیزەکان ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنی بەسەرۆکایەتی سەید عومەر بەرزنجی پێکهێنا، یەکێك لەئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنە، حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا بوو.

ئەندامەکانی دیکە ئەمانە بوون( ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ،سەید کەریم سەید ئەحمەد، ساڵح زەکی بەگی ساحیبقڕان، حەمە بەگی قادر پاشا،ئەحمەد خواجە).

سێیەم: وەزیر لەکابینەی دووەمی حکومەتی شێخ

ڕۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ لەکابینەی دووەمی حکومەتەکەی شێخ مەحموودا، حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا، لەبەر شارەزایی و لێهاتوویی، بەوەزیری نافیعە دانرا.

ئەمەش ناوی تەواوی ئەندامانی كابینەی حكومەتە:

١-شێخ قادری حەفید: سەرۆك وەزیران و سوپاسالاری كوردستان

٢- شێخ حەمە غەریب: رەئیسی داخلییە

٣- عەبدولكەریمی عەلەكە: رەئیسی مالیە

٤-مستەفا پاشا یامولكی: رەئیسی مەعاریف

٥-ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ:رەئیسی گومرگ

٦-حەمەئاغای ئەوڕەحمان ئاغا: رەئیسی نافیعە

٧- سەید ئەحمەد بەرزنجی: رەئیسی ئەمنییەتی عومومی

٨- میر لیوا سدیق ئەلقادری: موفەتیشی عومومی حكومەتی كوردستان.

سەرەتای ساڵی ١٩٢٣ لەسەر راسپاردەی شێخ مەحموودی نەمر، حەمە ئاغا بەئەندامی وەفدی دانوستانكاری كورد بۆ گفتوگۆ كردن لەگەڵ كاربەدەستانی ئینگلیز لەبەغدا دانرا.

چوارەم: كۆمەڵەی زانستیی كوردان

نیسانی ١٩٢٦ كۆمەڵەیەك بەناوی (كۆمەڵەی زانستی كوردان) دامەزراو مۆڵەتی رەسمی لەوەزارەتی ناوخۆی عێراق وەرگرت. ئامانج لەدامەزراندنی ئەم كۆمەڵەیە بڵاوكردنەوەی زانستو زانیاریو رۆشنبیریوخوێندەواریو فێركردن بووە.

حەمە ئاغا ئەندامی ئەم كۆمەڵەیە بووەو لەرێی ئەم كۆمەڵەیەوە خزمەتی كردووە.

ئەمەش ناوی سەرۆكو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی كۆمەڵەی زانستی كوردانە، كە شەوی ١٣ی نیسانی ١٩٢٦ لە فەرمانگەی شارەوانی بەرێكەوتن دەستنیشان كران.

١-ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ-پارێزگار: سەرۆك

٢-جەمال بەگی بابان: جێگری سەرۆك

٣-شێخ مستەفا قەرەداخی:ئەندام
٤-حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا: ئەندام
٥-عیزەت بەگی وەسمان پاشا: ئەندام
٦-غەفور ئاغا: ئەندام
٧-رەمزی ئەفەندی:ئەندام
٨-فایەق بەگ: ژمێریار
٩-رەفیق ئەفەندی:پارێزەر

**پێنجەم: ئەندامی هەیئەی وەتەنییە**

لەدوای شکستی جوڵانەوەی شێخ مەحموود، پیاوە ناودارەکانی سلێمانی کۆمەڵەیەکیان بەناوی (هەیئەی وەتەنییە) دامەزراند بۆ داواکردنی مافەکانی گەلی کورد بەشێوازی مەدەنی و ئاشیتخوازانە.

حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا ئەندامی ئەو هەیئەتە بوو، زۆربەی کۆبوونەوەکانی ئەو هەیئەتە لەماڵی حەمە ئاغاو عەزمی بەگی بابان ئەنجام دەدران. لەبەر ئەوەی عەزمی بەگ لەهەموویان بەتەمەنتر بووە کردبوویان بەسەرۆکی ئەو هەیئەتە.

مەعروف جیاوك لە بارەی ئەو هەیئەتەوە نووسیویەتی:( جەمعیەتێك لەسلێمانی پێکهات بۆ داواکردنی سەربەستی و سەربەخۆیی، دامەزرێنەرەکانی وەك لەبیرم بێ ئەمانە بوون( حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا، شێخ قادری حەفید، محەمەد سالح بەگ، تۆفیق قەزاز، رەمزی فەتاح، عیزەت مەدفەعی، عەزمی بەگی بابان، عیزەت بەگی عوسمان پاشا، ئەوڕەحمانی ئەحمەد پاشا، فایەق بەگی بابان، شێخ محەمەدی گولانی، رەشید نەجیب).

ئەم هەیئەتە بڕوای بە بەکارهێنانی توندو تیژی نەبووە. وەك عیزەت بەگی جاف لەکۆبوونەوە لەگەڵ وەکیلی مەندوبی سامی بەریتانی و وەکیلی

سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق لەسلێمانی وتبووی(ئـەمجارە سـیلاح و تفـەنگمان قەڵەم و موڕاجەعاتە)!.

شەشەم: هاتنی وەكیلی مەندوبی سامی و سەرۆك وەزیران بۆ سلێمانی

حەمـە ئاغـا لەهـەموو قۆناغەكانـدا دڵسـۆزیی گەلەكـەی بـووە و بەشـێوازی جیاجیا بەرگری لەمافەكانی گەلی كوردستان كردووە، یەكێك بووە ڕێبەرانی جوڵانـەوەی نـاڕەزایی و ئەنـدامی دەسـتەی وەتەنییـە بـووە. لـەكاتی هـاتنی وەكیلـی مەنـدوبی سـامی بـەریتانیا و وەكیلـی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق بـۆ سلێمانی و كۆبوونەوەیان لەگەڵ سـەرۆكی فەرمانگـەكان و ئەشراف و سـەرۆك هۆزەكـان و نوێنـەرانی شـار لـە١٠ی ئـابی ١٩٣٠دا، لـەدیوانی پارێزگـا كۆبوونەوە، لەدوای ئەوەی كە وەكیلـی سـەرۆك وەزیـران و وەكیلـی مەنـدوبی سامی بەیاننامەی خۆیـان خوێندۆتـەوە، حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا وەك كەسایەتییەكی دیارو ناوداری شار یەكەم كەس قسـەی كردووە وتوویـەتی: ئامـادەبوان كـە نوێنەرایـەتی لیـوای سـلێمانی و بەشـێك لـە لیـوای كـەركوك ئەكـەن بەگشـتی،(ڕەمزی ئەفەنـدی)یان تـەوكیل كـردووە كـە وەڵامـی بەیاننامـەكانی مەنـدوبی سـامی و سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق بداتـەوە و داوای مافەكانی میللەت بكات.

دوای وەڵام و داواكـانی ڕەمـزی ئەفەنـدی، حەمـە ئاغـا موداخەلـەی كـرد بـوو، گوتبـوی: (ئێمـەكوردین و كوردسـتان عیبـارەت نییـە هـەر لەسـلێمانی، لەزاخۆوە هەتا خانەقین هەموو كوردەوارییە و نایانەوێ لەگەڵ عێراقدا بژین، حكومـەتێكی سـەر بـەخۆی كوردیمـان ئـەوێ لـەژێر ئینتدابـدا، ئەگـەر ئینگلیزیش ناماندات، موڕاجەعەت بە عەسبەتولئومەم ئەكەین).

لەدرێژەی قسەكانیدا حەمە ئاغا ڕووی كردبووە وەكیلـی سـەرۆك وەزیـران و وتبـووی: (فەخامـەتتان زۆر چـاك ئـەزانن كـە حەیسـییاتی میللـی بـەجۆرێك چـۆتە مێشـكی عونسـری كـورد و عەرەبـەوە، هـیچ هێزێـك نییـە مـەحوی

بکاتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە ئیمکانی ژیانێکی هاوبەش لەنێوان عەرەبو کوردا نییەو هیچیان سوود لەیەکتری وەرناگرن، بۆ هەردوولا واچاکە کوردستانێك لەژێر ئینتدابی عوسبەتولئومەمدا هەبێ، چونکە ئەم ئینتدابە بەجۆرێك عەرەبەکان ئیستفادەیان لێکرد کە ئەوەتا لەماوەی ٩ساڵدا دەستبەرداری حکومەتی ئینگلتەرە ئەبن).

حەمە ئاغا رووشی کردۆتە وەکیلی مەندوبی سامی وتوویەتی:( ئەم دەنگی کوردایەتیە وەك جەنابتان ئەفەرموون تایبەت بەدۆڵی سلێمانی نییە، هەولێرو کەرکوك لەژێر تەزیقی مەئمورینی عەرەبدان، ئەگەر بانگ بکرێنە ئێرە مەعلووم ئەبێ کە هەموو ئامانجمان یەکە).

لەکۆتایی قسەکانیدا حەمە ئاغا وتبووی: (هەموو ئەزانین کە فەخامەتی سەرۆك وەزیران شەخسییەتێکی نیشتمانپەروەرەو بۆ ئامانجی نیشتمانی زۆر هەوڵی داوە، لەسەر ئەو بنەمایە ئەبێ تەقدیری ئێمەش بکاتو حەقمان بداتێ، بۆ حەقێکی مەشروعی وەتەنیو میللی تێئەکۆشین).

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا عیزەت بەگ قسەی کردووەو داوای حکومەتی سەربەخۆی کوردی کردووەو وتویەتی: ئەمجارە سیلاحمان قەڵەمو موڕاجەعاتە).

نەوشیروان مستەفا بەو دەستەواژە مێژووییەی عیزەت بەگ سەرسام بووە، کتێبێکی لەسەر ئەو قۆناغە مێژووییە نووسیوەو ناوی ناوە (کوردستانی عێراق، سەردەمی قەڵەمو موڕاجەعات).

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا شێخ قادرو مەجید ئەفەندیو میرزا تۆفیق قسەیان کردووەو داکۆکیان لەمافەکانی گەلی کورد کردووە.

لەدوای ئەوەی کە ئینگلیزو حکومەتی عێراق، داخوازییەکانی نوێنەرانی کوردیان لەبەرچاو نەگرت، ناڕەزاییەکانی خەڵکی سلێمانی زیادی کردو لەرۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠دا لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی خۆپیشاندانیان

ئەنجامـدا، كەچـەندین شـەهیدو برینـداری لێكەوتـەوەو چـەندین كـەس دەسـتگیر كـران، حەمـە ئاغـاو ژمارەیـەك لـەهاوڕێكانی بەتۆمـەتی سەرپەرشـتیكردنی ئـەو خۆپیشـاندانە دەسـتگیر كـرانو چـەند مانگێـك لەزیندان مانەوە. كە ئەمانە بوون(شێخ قادری حەفید، میرزا تۆفیق، رەمزی ئەفەندی، عەزمی بەگی بابان، عیزەت بـەگی جاف، حەمە ئاغا، ئەوڕەحمان ئاغـای ئەحمـەد پاشا، محەمـەد ساڵح بـەگ، مەجید ئەفەنـدی، فایـەق بـەگی بابـان، شـێخ محەمـەدی گـوڵانی). زۆربـەی ئەمانـە ئەنـدامی هەیئـەی وەتەنیـە بوون.

حەوتەم: ئەندامێتیی ئەنجومەنی نوێنەران

حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا وەك پاڵێوراوی لیوای سلێمانی، رۆژی ٢٠ی شـوباتی ١٩٣٧ بەشـداری هەڵبـژاردنی خـولی حەوتـەمی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێراقی كردووەو لـەو هەڵبژاردنـەدا خـۆیو پێـنج پاڵێوراوی تـر سـەركەوتنیان بەدەستهێناوەو بوونەتـە ئەنـدامی ئەنجومـەنی نوێنـەران كـە ئەمانـە بـوون(میرزا توفیـق قـەزاز، حەمـەی ئەوڕەحمان ئاغا، سـەبری عـەلی ئاغا، شێخ جەلال، حامد جاف، محەمەد ساڵح محەمەد عەلی).

حەمـە ئاغـا ئەنـدامێكی چـالاكو دڵسـۆزی پەرلـەمان بـووەو سەرسـەختانە داكۆكی لەمافەكانی شاری سلێمانیو گەلی كورد كردووە.

هەشتەم:دوا رۆژەكانی تەمەنو سووربوون لەسەر هەڵویستەكانی حەمە ئاغا تـا دوا رۆژەكـانی ژیـانیو ماڵئـاوایی كردنـی، لەسـەر هەڵوێسـتە نیشتمانییەكانی بەردەوام بووە.

عـەلی كـەمال بـەگی هـاوڕێی لـە یاداشـتەكانیدا ئامـاژە بەهەڵوێسـتەكانی دەكاتو بەنیشتمانپەروەرێكی جوامێر وەسفی دەكات، باسـی ئـەوە دەكات لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٠دا خەڵك بەگشتیو خـەڵكی كوردستان بەتایبـەتی لەعەبدولكـەریم قاسـمو هەڵوێسـتەكانی بەرامبـەر بـەكورد بێـزار بـوو بـوون،

ئەوەش وایکرد لەحکومەتی ئەو سەردەمە کە مەزبەتەی مەدح و ستایش بۆ عەبدولکەریم قاسم بە کەسایەتییە ناودارەکانی کورد ئیمزا بکەن، بۆ ئەو مەبەستە داوا لە حەمە ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغاش کرا کە ئەو مەزبەتەیە ئیمزا بکات، بەڵام حەمە ئاغا ئەو داوایەی ڕەتکردەوە، بەهۆی ئەوەوە خرایە زیندانەوە، لەزیندان وەك ڕێزێك بۆ کەسایەتیی حەمە ئاغا قەرەوێڵەیان بۆ دانابوو کە لەسەر بنوێ، بەڵام ئەو وەك عەلی کەمال بەگ باسی ئەکات، ئامادە نەبوو لەسەر ئەو قەرەوێڵەیە بنوێ، بەڵکو بۆ ماوەی زیاتر لەسێ مانگی زیندان لەسەر زەوییەکە نوست، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە تووشی نەخۆشییەکی ترسناك ببێ، دوای ئازاد بوونی پزیشکەکان ڕێنماییان کرد بۆ چارەسەری خێرا بچێتە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ بۆ چارەسەر چوو بۆ بەریتانیا و گەڕایەوە.
ڕۆژی ٨ی ئابی ١٩٦٢کۆچی دوایی کرد و لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# حەمە جەزا



حەمە جەزاعەلی بەگ، هونەرمەندیکی دیار و دەنگخۆشی كوردستانەو خزمەتێكی گەورەی بەهونەرەكانی گۆرانیو سروودی نیشتمانی و مۆسیقای كوردی كردووە.

حەمە جەزا، لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. هەر لە سەرەتای گەنجییەوە خولیای هونەری گۆرانی بووە و بە دەنگە بەسۆزو ڕەسەنەكەی چەندین گۆرانی و سروود و مەقامی چڕیوە. ئەم هونەرمەندە سەرباری كاری هونەری كەسێكی دڵسۆز و نیشتمانپەوەر بووە، هەربۆیەش هەمیشە لە سەنگەری گەلەكەیدا بووە و لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێدا وەك پێشمەرگە بەشداری كردووە و هونەرەكەشی خستۆتە خزمەت تێكۆشانی كوردایەتی و بە وتنی چەندین سروودی نیشتمانی، خەڵك و پێشمەرگەی بۆ خەبات و بەرگری جۆشداوە.

بەهۆی خزمەت و بەخششە هونەرییەكانی چەندین جار خەڵاتكراوە، دوا خەڵاتی ڕێزلێنانی لە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە پێبەخشراوە.

ڕۆژی ٢٠١٠/١/١ بەهۆی نەخۆشییەوە كۆچی دوایی كرد و لە ڕێورەسمێكی شكۆداردا لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

# حەمە حسێن هەڵەبجەیی



حەمە حسێن هەڵەبجەیی ناوێکی دیاری نێو ئەدەبی کوردییە، لەرێی شیعرەکانییەوە خزمەتی زۆری بەکاروانی رۆشنبیریی کوردستان کردووە.
ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی پیر محەمەدی شاری هەڵەبجە لەدایك بووە.
هێشتا منداڵ بووە، بەماڵەوە چوونەتە شاری سلێمانی.
لەتەمەنی هەرزەکاریدا، لەدوو لایەنەوە ئەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو شارەوە، لەلایەك لەو شارەی پێشەنگی هەڵمەتو قوربانی، تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی ئەبێ و پەیوەندی بەریزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دەکاتو خەباتی نهێنییی ژێرزەمینی ئەکاتە سەنگەری روبەروبوونەوەی رژێمی بەعس.
سلێمانی وەك شاری ئەدەبو رۆشنبیریش کاریگەری لەسەر حەمە حسێن ئەبێ و بۆ نێو دنیای شیعر کێشی ئەکاتو مرواری وشەکانی بۆ خەمو ئازارە چینایەتی و نیشتمانییەکان ئەهۆنێتەوە. بوارەکانی دیکەش فەرامۆش ناکاتو شیعر بۆ سروشتو جوانی و خۆشەویستی ئەنووسێ.
ساڵی ١٩٧٨ یەکەم بەرهەمی شیعری خۆی بڵاو ئەکاتەوە.
حەمە حسێن بەحوکمی ئەوەی ئەندامی شانە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووە، بەشێك لەشیعرەکانی بۆ بڵاوکراوەکانی شاخ

ئەنێرِێ‌و بەناوی خوازراوی (بڵێسە)ەوە، لەگۆڤاری نووسەرانی کوردستان بڵاو ئەکرێتەوە.

لەشاریش شیعرو بەرهەمەکانی لەگۆڤارو رۆژنامەکانی وەك (بەیان، هاوکاری، پاشکۆی عێراق، رەنجی کرێکار، نووسەری کورد، رۆژی کوردستان، کاروان) بڵاو ئەکاتەوە.

بەشێك لەشیعرەکانی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون.

شیعرەکانی حەمە حسێن شیعری نیشتمانی‌و چینایەتی‌و خۆشەویستی بوون.

ئەمە نموونەی شیعرێکێتی:

با لە بەر تیشکی تەماشای (شنروێ)دا
ژوان بگرین‌و بەیەکەوە هەتاو بێنین
بۆ ئەو شارە بێ گزنگە

لەشیعرێکی تردا ئەڵێ:

ئاخ خۆزگایە
بم توانیایە، هەرچی وشەی
زارت هەیە، بمکردایە
بەهۆنراوەو
لەسەر زاری
گشت دڵدارێکی کورد بووایە.

ساڵی ١٩٨٥ شاعیر، بەشی زۆری شیعرەکانی کۆکردۆتەوەو بەنیازی ئەوە بووە لەدووتوێی دیوانێکدا بەناوی (پرِوشە)ەوە بڵاوی بکاتەوە، بەڵام دەرفەتی بۆ نەرەخساوە چاپی بکات.

ئەم شاعیرە بەهەڵوێستەی کوردستان، ئامادەی ئەوە نابێ بچێتە خزمەتی سەربازی، لەگەڕەکی سەرچناری سلێمانی بۆ بژێوی خێزانەکەی کاری

نانەوایی ئەکات، ڕۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٨٩ بەکارەساتێکی دڵتەزین، لەتەمەنی گەنجیی ٣٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کۆچی لەناکاوی حەمە حسێن، کارەساتێکی بەسوێو بەئازار بووە، ژمارەیەك لە نووسەرانو شاعیران بەشیعر شینیان بۆ گێڕاوە، لەوانە حەسیب قەرەداخی، شیوەنی بۆ گێڕاوەو لەبەشێکی شیعرەکەیدا ئەڵێ:

هۆ برالەی هەڵەبجەیی کاکە حەمە

ئەم کۆچەی تۆیش چەشنی کۆچەکەی کەژاڵ بوو

کۆچی ڕۆژێکی تاریكو ساڵێکی ناساڵ بوو.

ساڵی ٢٠٠٦، د. هەڤاڵ ئەبوبەکر کۆی بەرهەمەکانی شاعیری لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی (سێبەری دەنگەکانی محەمەد حسێن هەڵەبجەیی) چاپو بڵاوکردەوە. بەوەش بەرهەمەکانی ئەو شاعیرەی لەفەوتان ڕزگارکردو بەدیدەی خوێنەرانی ئاشنا کرد.

# حەمەرەئوف كەركوكی



حەمە رەئوف كەركوكی ناوێكی دیارو پرشنگدارە لەئاسمانی هونەری كوردیداو لەرێی هونەرەكانی گۆرانیو سروودی نیشتمانییەوە خزمەتێكی زۆری بەكاروانی هونەریو كولتووری كوردستان كردووە.
ساڵی ١٩٥٦ لەگەڕەكی بەرتەكیەی تاڵەبانیی شاری كەركوك لەدایك بووە. هەرلەو شارە خراوەتە بەرخوێندنو تاپۆلی شەشەمی ئامادەیی خوێندووە. هێشتا خوێندكاری قۆناغی سەرەتایی بووە كە خولیای هونەری گۆرانی بووەو لەئاهەنگی قوتابخانەكاندا گۆرانی وتوەو لەوێوە كاروانی هونەری بەرێخستووەو بەردەوام بووە تا ئێستا كە بۆتە ئەستێرەكی دیاری هونەری كوردی.
حەمە رەئوف بۆ یەكەمجار لەساڵی ١٩٨٦ یەكەم گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی كەركوك تۆمار كردو لەرێی ئەو گۆرانیەوە ناسرا. لەساڵی ١٩٩١ لەشاری سلێمانی نیشتەجێ بوو، ئەو شارە بۆ ئەوو لەسەردەمی ئازادیدا دەرگای هونەری زیاتر بۆ والا كردو سەرباری سەرقاڵی بەكارو كاسبی، بەشێكی كاتی خۆی بۆ هونەرەكەی تەرخان كردو لە گەڵ تیپە مۆسیقییەكانی (سلێمانی، مەولەوی، شنروێ، كەركوك، پاشای گەورە) كاری كردو بەشداری لەچەندین كۆنسێرتو فیستیڤاڵی هونەری لەناوخۆو دەرەوەی وڵات كردووە.

هونەرمەنـد حەمـە رەئـوف کـەرکوکی خـاوەنی چـەندین ئـەلبومی جـوانی گۆرانییە لەوانە(عاشقی بێدڵ، ئاسەوار، ناڵـەی دڵ، سیاپۆش،عیشوە). ئـەم هونەرمەنـدە خـاوەنی هەسـتێکی بـەرزی نیشـتمانییەو بێ لـەگۆرانی، چـەند سـروودێکی نیشـتمانی تۆمـار کـردووە کـە لەئاسـتێکی بـەرزی هونەریـدان و گیـانی کوردایـەتی و بـەرخودان جـۆش ئـەدەن، ئەوانـەش وەك (پێشـمەرگەی گەل، ئاوو هەوا، من کۆبانیم من شنگالم، هۆرەی خاك، ئێوارەی ئەنفال).

ئــەم هونەرمەنــدە ئــازیزو خۆشەویســتە بەدەنگــە بەســۆزو رەســەنەکەی بەبەرهەمە بەرزو نایابەکانی و بـەهێمنی خزمـەتێکی زۆری بەهونـەری کوردی کردووەو شوێن پەنجەی بەو بوارەوە دیارە.

# حەمە ساڵح دیلان



دیلان شاعیر و هونەرمەندێكی شۆڕشگێڕ و بەهەڵویستی كوردستانەو خزمەتێكی زۆری بەبوارەكانی ئەدەب و هونەری كوردی كردووە.
محەمەد ساڵح ئەحمەد ساڵح قادر، كە بە حەمە ساڵح دیلان ناسراوە، ساڵی ١٩٢٧ لە گەڕەكی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایك بووە. تا قۆناغی ناوەندی خوێندووە و بە فەرمانبەر دامەزراوە و خزمەتی كردووە. ماوەیەك بەڕێوەبەری كتێبخانەی گشتی سلێمانی بووە. دیلان هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە خولیای شیعر و گۆرانی و مەقام بووە. زۆربەی شیعر و گۆرانییەكانی نیشتمانی و نەتەوەیی بوون و ڕۆڵیان لە بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی و جۆشدانی گیانی شۆڕشگێڕیدا هەبووە. بەهۆی ئەو هەڵویستە نیشتمانی و نەتەوەییانەوە، چەندین جار دەستگیر كراوە و ئازار و ئەشكەنجە دراوە. دیلان خاوەنی چەندین گۆرانی و مەقامی تۆماركراوە و كە تائێستاش گوێگری تایبەتی خۆیان هەیە. دیلان لە بواری نووسینی شیعریشدا شوێن پەنجەی دیارە و خاوەنی چەندین پارچە شیعری نیشتمانییە و بوارەكانی دیكەشی لە سروشت و جوانی فەرامۆش نەكردووەو بایەخی پێداون. سەرجەم شیعرەكانی لە دووتوێی دیوانێكدا لە ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرینەوە چاپكراوە.
ئەم شاعیر و هونەرمەندە بەهەڵویستەی كوردستان، لەرۆژی ٢٨ی تشرینی یەكەمی ١٩٩٠ لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا لە شاری سلێمانی كۆچی دوایی كردو لەگردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

# حەمەی نێرگز



حەمـــەی نێرگـــز هونەرمەنـــدی ناســـراوی کوردســـتان، لـــەرێی هونـــەری گۆرانییـــەوە خزمـــەتێکی زۆری بـــەکاروانی هونـــەری کوردســـتان کـــردووە، بۆیـــە بەزینـــدوویی و نـــــەمری لـــــەدڵ و دەروونـــــی خـــــەڵکی کوردستاندا دەمێنێتەوە.

محەمەد ساڵح شەریف ناوی تەواوی ئەو هونەرمەندەیـــەو لـــەدنیای هونـــەردا بـــە حەمەی نێرگز ناسراوە.

نازنـاوی نێرگـزی لـەناوی دایکییـەوە وەرگرتـووە، ئـەو دایکـەی، شـوێنی باوکیشـی بـۆ گرتبوونـەوە، چـونکە بـاوکی بینـایی هـەردوو چـاوەکانی لەدەستدابوو، توانای کارکردنی نەبوو، ئیدی نێرگز خانی دایکی ئەرکی بەخێوکردنی ٧ جگەر گۆشەکەی گرتە ئەستۆ، وەك کرێکارێکی رۆژانە کارو بژێوی خانەوادەکەی دابین دەکرد و سەربەرزانە پەروەردەی کردن.

حەمەی نێرگز، وەك خۆی باسی دەکات، بەهۆی هـەژاری خانەوادەکەیـەوە، نەیتوانی بەرۆژ بچێتە قوتابخانە، بەرۆژ کاری دەکرد و شەوان لەقوتابخانـەی فەیسەڵییە دەیخوێند، لەو دۆخە ناهەموارەی خانەوادەکەیدا توانی تاپۆلی پێنجەمی سەرەتایی بخوێنێ. ئیدی خۆی گوتەنی وێڵی دوای پەیداکردنی نان بوو، بەشی زۆری ژیانی بە کرێکاری و شاگردی بردە سەر، شاگردی (خەیات، چایچی، نانەوا).

حەمەی نێرگز هەر لەتاقی لاوییەوە خولیای هونەری گۆرانی بوو، مامۆستا (گۆران)ی شاعیر کە گوێی لەدەنگی دەبێ، پێی سەرسام دەبێ و ئامۆژگاری دەکات کەلاسایی هونەرمەندانی تر نەکاتەوە، ئەویش ئامۆژگارییەکەی لەگوێ دەگرێ، دەبێتە خاوەن ستایلی دەنگی خۆی و رازیش نابێ کەس لاسایی بکاتەوە و گۆرانییەکانی بڵێتەوە، تەنانەت وەسێتیشی کردووە دوای مردنی کەس گۆرانییەکانی نەڵێتەوە. سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو، لەرێی قادر برسیی شاعیرو شەماڵ سایبی هونەرمەندەوە دەچێتە رادیۆی کوردی بەغدا، سەرباری دەنگە خۆشەکەی و تاقیکردنەوەی، رازی نابن گۆرانیی لەو ئیزگەیە بۆ تۆمار بکەن!

ئەو هەڵویستە لە هونەر ساردی ناکەتەوە، لەرێی تیپی مۆسیقای مەولەوی و تیپی مۆسیقای هونەرو وێژەی کوردییەوە، گۆرانییەکانی تۆمار دەکات و دەبێتە ئەو هونەرمەندە مەزنەی لەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا بناسرێ و خەڵکی ئاشقی دەنگە بەسۆزەکەی بن.

ئەگەرچی گۆرانی زۆری نییەو بەدوای بەرهەمی پوخت و نەختدا گەڕاوە، خۆشی لە چاوپێکەوتنێکدا باسی ئەوە دەکات کە بڕوای بەزۆری و بۆری نەبووە و کەمی و پوختی شیعرەکانی مامۆستا ئەحمەد هەردی بەنموونە دەهێنێتەوە و دەڵێ: ( من بە دوو گۆرانی ناسرام و ناوم دەرکرد، ئەوانیش گۆرانی خەوو ئاواتی دووری بوون).

بێ لە هونەری گۆرانی، حەمەی نێرگز خولیای هونەری شانۆ بوو، وەك ئەکتەر لە شانۆگەری جەنابی موفەتیشدا بەشداری کردووە و بەشێوەیەکی جوان رۆڵی بازرگانەکەی بینیوە.

دوای ژیانێکی سەربەرزانە و خزمەتێکی زۆر بەهونەری کوردی، رۆژی ٢٣ی ئەیلولی ٢٠١٣، هونەرمەندی ناوداری کوردستان کاکە حەمەی نێرگز کۆچی دوایی کرد.

# حەمدی



حەمدی، شاعیرێکی نیشتمانیی ناسراوو بەهەڵوێستی کوردستانە و خزمەتێکی گەورەی بە بواری ئەدەبی و ڕوناکبیریی کوردی کردووە. ناوی تەواوی ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی حاجی برایم بەگی مەحمود بەگی ساحێبقڕانەو بەحەمدی ناسراوە. حەمدی لە بنەماڵەی پایەداری ساحێبقڕانە. ساڵی ١٨٧٦ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. سەرەتا لە حوجرەی مزگەوتەکانەوە دەستی بە خوێندن کردووە و دواتر چۆتە قوتابخانەی ڕوشدیەی سەربازی. هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە خولیای شیعر بووە و لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا یەکەم شیعری نووسیوە. لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا، ماڵەکەی تالآنکراوەو کتێبخانەکەی سوتێنراوە و ڕەنجی چەندین ساڵی بەبا دراوە. حەمدی، شاعیرێکی نیشتمانپەوەر و بەهەڵوێست بووە و هەمیشە بە شیعرە بەرزەکانی بەرگری لە مافەکانی گەلەکەی کردووە، یەکێك بووە لە هاوکارە دڵسۆزەکانی شێخ مەحموودی نەمر و کە شێخ دەستگیر کراوە و دوورخراوەتەوە، حەمدی چۆتە شاخ و سێ ساڵ بەکولەمەرگی ژیاوە و دوای ئازادبوونی شێخ و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی و پێکهێنانەوەی حکومەتەکەی، حەمدی بۆتە نازری گومرگی کوردستان و چەند ڕۆژێك دەوامی کردووە و وازی هێناوە.

كە شێخ شاری بەجێهێشتووە و چۆتە ئەشكەوتی جاسەنە حەمدی یاوەری بووە. لە ساڵانی ١٩٢٤-١٩٢٦ حەمدی سەرۆكی شارەوانی سلێمانی بووەو خزمەتێكی زۆری بە شار كردووە و دوای ئەوە وازی لە هەموو كاروبارێكی حكومی هێناوە و خۆی بۆ شیعر و ئەدەب تەرخان كردووە. حەمدی، كەسێكی ڕۆشنبیر و خاوەن فكر بووە و زمانەكانی عەرەبی و فارسی بەباشی زانیوە. زۆربەی شیعرەكانی شیعری نەتەوەیی و نیشتمانین، لە بوارەكانی دیكەی وەك خۆشەویستی و ئاینی و وەسفی سروشت شیعری نووسیوە، شیعرەكانی حەمدی لە دووتوێی دیوانێكدا كۆكراونەتەوە و چاپكراون.

ئەم شاعیر و ڕوناكبیرە گەورەیەی كورد لە تەمەنی ٦٠ ساڵی و لە ڕۆژی ١٢-١١-١٩٣٦ كۆچی دوایی كرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# حسێن حوزنی موکریانی



مێژوونووس و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسێکی دیاری کوردستانە. ساڵی ١٨٨٣ لە شاری مەهابادی خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. بەدوای زانست و زانیاری دا وێڵ بووەو ئاوارەی وڵاتان بووە. لە ئەستەنبوڵ بە دنیای چاپ و چاپخانە و هونەری خۆشنووسی ئاشنا بووە، دواتر چۆتە ئەڵمانیاو ساڵی ١٩١٥ لەوێ چاپخانەیەکی کڕیوەو هێناویەتییەوە بۆ شاری حەلەب لە شام و دەستی کردووە بە کاری ڕۆژنامەنووسی و چاپکردنی کتێبی کوردی. ساڵی ١٩٢٥ چاپخانەکەی هێناوەتەوە بۆ ڕەواندز و لەوێ ڕۆژنامەی زاری کرمانجی دەرکردووە و چەندین کتێبی مێژوویی گرنگی کوردی چاپکردووە. دواتر ڕۆژنامەی ڕوناکی لە هەولێر و دەنگی گێتی لە بەغدا دەرکردووە. حوزنی موکریانی خزمەتێکی گەورەی بە بواری مێژوو و ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی کوردی کردووە.

ڕۆژی ٢٠ی ئەیلولی ١٩٤٧ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە شاری هەولێر بە خاک سپێردراوە.

# شێخ حسێنی خانەقا



بنەماڵــەی خانــەقا، یــەكێك لەبنەماڵــە دیــارو ناسـراوەكانی شـاری كەركوكن،ئـەم بنەماڵەیە لـە دوو سـەدەی رابـردوودا، خزمــەتێكی زۆریــان بەكایــەكانی نیشــتمانیو ئــاینیو زانســتیو ئـەدەبیو رۆشـنبیریی كوردسـتان كـردووە، شوێن پەنجــەیان لــەو بوارانــەدا دیــارەو مێــژوو بەشانازییەكی زۆرەوە تۆماری كردووە.

خانـەقای كـەركوك مەڵبەنـدێكی گـەورەی ئـاینیو زانستیو كۆمەڵایەتیو ئەدەبیو عیرفانیو نیشتمانی بووە.

خانەقای كەركوك بۆ یەكەمجار لەساڵی ١٧٧٨ لەسەر دەستی شێخ قادری سوور، باپیرە گەورەی بنەماڵەی خانەقا دروستكراوە، سەرەتا بە مزگەوتی سـەرا ناسـراوە. دواتـر لەسـەر فـەرمانی سـوڵتانی عوسمـانی، مزگەوتەكـە فراوان كراوەو پێشكەش بەبنەماڵەی سەردار كراوە، كە دواتر بە بنەماڵەی خانەقا ناسراون.

مەلای گەورەی كۆیە ئەو خانەقایەی بەسەفارەتی گەورەی كورد لەكەركوك وەسف كردووە. ئەگەرچی ئەم بنەماڵەیە لەرووی بنەچەی ئاینییەوە سەر بەسەیدەكانی بەرزنجەنو ئـەو سەیدانەش سـەر بەتەریقـەتی قـادرین، بـەڵام بنەماڵەی خانەقا سەر بەتەریقەتی نەقشبەندین،ئەوەش لەو كاتـەوە بـووە كـە سـەید ئەحمـەدی سـەردار بـاپیرە گـەورەی ئـەو بنەماڵەیـە، لەسـەر دەسـتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی تەریقەتی نەقشەبەندی وەرگرتووەو ئەندامانی بنەماڵەكە لەسەری رۆیشتوونو پەیرەویان كردووە.

ئەم بنەماڵە هێژایە، چەندین کەسایەتیی گەورەی تێدا هەڵکەوتووەو ڕۆڵی دیارو درەوشاوەیان لەمێژووی کوردستاندا هەبووە، ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە تیشك بخەمە سەر ژیان‌و کارەکانی، شێخ حسێنی خانەقایە.
شێخ حسێن کوڕی سەید ئەحمەدی خانەقایە. کەسایەتییەکی گەورەی نیشتمانی‌و ئاینی‌و کۆمەڵایەتی بووە، لەدوای مردنی باوکی لەساڵی ١٩٥٢ ئەرکی بەڕێوەبردنی خانەقاکەی گرتۆ ئەستۆ.
شێخ حسێن ساڵی ١٩٠٣ لەشاری کەرکوك لەدایك بووە.
لەئامێزی خانەوادەی ناوداری خانەقادا گەورەو پەروەردە بووە.
هەر لەو شارە خراوەتە بەر خوێندنی ئاینی، دەرسە ئاینیەکانی لای مەلا تاهیر ئەفەندی خوێندووە. زمان‌و ئەدەبی تورکی‌و فارسی‌و عەرەبی لای مەلا سادق خوێندووە. خوێندکارێکی زیرەك‌و زرنگ بووە، شارەزایی لەبواری ئاینی‌و زمان‌و ئەدەبدا پەیدا کردووەو بایەخی زۆریشی بەزمان‌و ئەدەبی کوردی داوەو دۆستی نزیکی شاعیران‌و نووسەران بووە.
شێخ حسێن هەرزوو تێکەڵاوی دنیای سیاسەت بووە، لەحزبەکانی (هیواو رزگاری‌و حزبی دیموکراتی کورد)دا خەباتی کردووەو رۆڵی دیاری هەبووە.
شێخ حسێن بەبیرو بۆچوونی هەقەکان سەرسام بووە، ماوەیەك کەرکوکی بەجێهێشتووەو لەگەڵ ئەواندا ئیشی کردووە. ساڵی ١٩٤٢ سەید ئەحمەدی خانەقا، داوای لەمستەفا قەرەداخی پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی کردووە، کەهەوڵی گەڕانەوەی شێخ حسێنی کوڕی بۆ خانەقای کەرکوك بۆ بدات، بۆ ئەوەی هاوکاریی لەبەڕێوەبردنی خانەقادا بکات.
ئیدی شێخ حسێن ، لەسەر داوای پارێزگار دەگەڕێتەوە خانەقا، لەدوای کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی ١٩٥٢،ئەرکی تەواوی بەرێوەبردنی خانەقا دەگرێتە ئەستۆ.
شێخ حسێن کەسایەتیەکی گەورەو کاریگەرو خۆشەویستی خەڵك بوو، هەر بۆیەش لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا، بۆ دوو خولی پەرلەمانی بەنوێنەری کەرکوك بۆ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردراوە.

ئەندامێكی دڵسۆزو چالاك بووەو سەرسەختانە بەرگری لەمافەكانی گەلی كوردستان كردووە.
بەشداری شۆڕشی ئەیلولی كردووەو دوای شكستی شۆڕش، چۆتە ئێران و لەوێ ماوەتەوە، تا هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێران و روخانی شا لەساڵی ١٩٧٩لەوێ بووە. دواتر گەڕاوەتەوە عێراق و لەشاری بەغدا نیشتەجێ بووە. رژێمی بەعس رێگەی نەداوە بگەڕێتەوە كەركوك و خانەقاكەیان بەڕێوە ببات. دەستی تەعریب گەیشتبووەو خانەقا، رژێمی بەعس ناوەكەی لە خانەقاوە بۆ مزگەوتی قادسیە گۆڕی بوو، لەلایەن خۆیانەوە بەڕێوە دەبرا. بەڵام ئەو تەعریب و ناو گۆڕینەوە بەس لەسەر كاغەزو دیوار بوو، خانەقا هەر بەپیرۆزی لەناو دڵی خەڵكدا مایەوە.
شێخ حسێن پیاوێكی قسەخۆش و دەست و دڵ باش بوو، خانەقا لانەی هەژاران و غەریبان و لێقەوماوان بووە.
شوێنی خۆحەشاردانی سیاسیەكان بووەو چەندین كەسایەتیی وەك (هەمزە عەبدوڵڵا، عومەر دەبابە، مەلا ماتۆڕ) خۆیان لەو خانەقایەدا بەنهێنی شاردبۆوەو پارێزراو بوون.
خانەقا دەرگای والا بوو بۆ شاعیران و نووسەران و روناكبیران، شێخ حوسێن پەیوەندی پتەوی لەگەڵ ئەواندا هەبووە. شاعیران بەشیعر هەستی خۆشەویستی خۆیان بۆ دەربڕیوەو بۆ مردنیشی بەشیعر شیوەنیان بۆ گێڕاوە.
پاش خزمەتێكی زۆر بەكایەكانی نیشتمانی و ئاینی و كۆمەڵایەتی و كولتووری، رۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٨٤، شێخ حسێنی خانەقا كۆچی دوایی كردو چووە بەر دلۆڤانی خودا، لەناو خانەقای كەركوك بەخاكی نیشتمان سپێردرا.

# حسێن نازم



حسێن نازم، نوسەر و مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسێکی دیاری کوردستان بوو، لەو کایانەدا خزمەتێکی زۆری بە گەل و نیشتمانەکەی کردووە.

حسێن نازم کوڕی عەبدولفەتاح کوڕی ئەحمەد باش خەیاتە و برازای ئەمین موفتی شاعیرە. ساڵی ١٨٧٠ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایك بووە. سەرەتا لای خواجە ئەفەندی فێری خوێندنەوەو نووسین بووە و دواتر قۆناغەکانی دیکەشی تەواو کردووە.

حسێن نازم، کەسێکی ئیداری بووە و لەو بوارەدا وەك بەڕێوەبەری ناحیە لە مەرگە و ماوەت خزمەتی کردووە. خولیای نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی بووە. لە سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوودا خزمەتێکی زۆری لە بواری نووسین و مێژوو و ڕۆژنامەنووسی پێشکەش کردووە. کەسێکی نزیك و جێی متمانەی مەلیکی کوردستان بووە و هەربۆیەش کردوویەتی بەسەرنووسەری ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال. ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بووە و بایەخی بە بوارەکانی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی داوەو داکۆکییەکی شێلگیرانەی لە مافی سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد کردووە. ئەم

ڕۆژنامەیە زمانحاڵی ڕەسمی حکومەتی کوردستانی خواروو بوو. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکە لەرۆژی ٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٠ دەرچووە و تا ١٥ی مایسی ١٩٢٤ بەردەوام بووە و ٢٥ ژمارەی لێدەرچووە.

حسێن نازم، سەرنووسەری ١٠ ژمارەی کۆتایی ڕۆژنامەکە بووەو ڕۆڵی دیاری لە گەشەپێدان و پێشخستنی ڕۆژنامەکە هەبووە. لەدوای ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال، حسێن نازم لەساڵی ١٩٢٩ بووە بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ژیان) و بە سەرنوسەری ماوەتەوە تا لە ڕۆژی ٦ی ئایاری ١٩٣٢ کۆچی دوایی کردووە. ڕۆژنامەی ژیان ڕۆژنامەیەکی سەنگین بووە و شوێن پەنجەی حسێن نازمی پێوە دیار بووە.

# خادیم



خادیم، شاعیرێکی دیاری کوردستانە و بە شیعرە ئاینی و نیشتمانییەکانی خزمەتی زۆری بە کاروانی ئەدەبی کوردی کردووە.

حاجی میرزا عەبدوڵڵا حاجی محەمەد مەولود چاوڕەشی کۆیە، ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیە و بەنازناوی خادیم ئەو ناوە دوور و درێژەی لە کۆڵ خۆی کردۆتەوە. خادیم، ساڵی ١٨٨٥ لە شاری کۆیەی لانکەی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری لەدایك بووە. هەر لەو شارە خوێندنی ئاینی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٢٠ بەماڵەوە چوونەتە شاری قەڵادزێ و بە حوکمی خوێنەوارێکەی نازناوی میرزای وەرگرتووە. ساڵی ١٩٤٦ چوونەتە شاری سلێمانی و لە شەقامی مەولەوی دوکانی هەبووە، دوکانەکەی شوێنی کۆبوونەوەی شاعیران و ڕوناکبیرانی شار بووە.

خادیم، سەرەتا بە شێوازی کلاسیکی شیعرەکانی نووسیوە و لەژێر کاریگەری شاعیرانی وەك نالی و سالم و مەحوی و حاجی قادری کۆییدا بووە و دواتر شاعیرە نوێخوازەکان کاریان تێکردووە و ئەو کاریگەرییە ڕەنگدانەوەی بەسەر شیعرەکانییەوە هەبووە. شیعرەکانی خادیم لە دووتوێی دوو بەرگدا لە ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٢ لەلایەن دەزگای ڕۆشبیریو بڵاوکردنەوەی کوردییەوە چاپکراون.

لە ڕۆژی ٥ی کانونی دووەمی ١٩٧١ کۆچی دوایی کرد.

# خالید دلێر



خالیــد دلێــر شــاعیر و ئــەدیب و هونەرمەند و تێكۆشەرێكی دڵسۆزی كاروانی كوردایەتی بوو. لە هەموو ئەو بوارانەدا خزمەتێكی گەورەی بە گەل و نیشتمانەكەی كرد.

خالیــد عەبدولواحیــد ئەحمــەد سلێمان، كە بەخالید دلێر ناسراوە. ســاڵی ١٩٣٣ لــە گــەڕەكی بــەفری قەندی شاری كۆیە لەدایك بووە و قۆناغەكانی خوێندنی تەواو كردووە و بووە بە مامۆستا. لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای ئەدەب و هونەر دەبێ و لە ناوەڕاستی چلەكاندا لەگەڵ بەڕێز مام جەلال كۆمەڵەی پێشكەوتنی خوێندەواری لە شاری كۆیە بۆ هاندانی گەنجان بۆ خوێندنەوە. پێك ئەهێنن. هەر لەو كاتەشەوە تێكەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی دەبێ وەك تێكۆشەرێكی پێشكەوتنخواز بەشی زۆری تەمەنی بۆ خەبات و تێكۆشان تەرخان دەكات. بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانییەكانییەوە سێ جار زیندانی كراوە.

مامۆستا خالید دلێر، چەند خولیایەكی ئەدەبی و هونەری هەبووە و لەسەرەتای پەنجاكانەوە دەستی بە نووسین كردووە و یەكەم شیعری ساڵی ١٩٥١ لە ڕۆژنامەی هەولێر بڵاوكردۆتەوە. مامۆستا دلێر شیعری بۆ ٣٠

سروود و گۆرانی داناوە و دیارترین سروودی نیشتمانی سروودی (پێشمەرگەی بە هەڵمەتین)، کە سروودێکی بەرزە و لە شەستەکانەوە گیانی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگایەتی جۆشداوە.

مامۆستا خالید، خزمەتێکی زۆری بە ڕشتەکانی ئەدەب و هونەر و ڕۆژنامەگەری کردووە و لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نوسەرانی کورد بووە و زیاتر لە ٢٠ کتێب و نامیلکەی بە چاپگەیاندووە و خاوەنی چەندین سروود و گۆرانییە. ئەم کەسایەتییە هەڵکەوتووەی کورد لە شەوی ١٦/١٧ی کانونی یەکەمی ٢٠١١ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی برایەوە بۆ زێدی خۆیو لە شاری کۆیە لەتەنیشت دڵداری شاعیر بە خاك سپێردرا.

# خاليد زامدار



خاليـــد زامـــــدار هونەرمەنـــدێكى نيگـــاركێشو خۆشنووســـى ديـــارى كوردستان بوو،لەرێى ئەو دوو هونەرە جوانـەوە خزمـەتێكى زۆرى پێشكەش كــردووە، نــاوو يادگارييــە هونەرييــە جـــوانو شـــيرينەكانى بەنـــەمرىو زيندوويى ماونەتەوە.

خاليـد محەمـەد ئـەمين، كـە بەخاليـد زامدار ناسراوە، ساڵى ١٩٤٥ لەگەڕەكى كانێسكانى شارى سلێمانى لـەدايك بووە.

هـەر لـەو شـارە خراوەتـە بەرخوێنـدن، لەقوتابخانـەكانى (غـازىو پيرەمێـرد) قۆناغى سـەرەتايى خوێندووەو ئيـدى بـەهۆى هەلومـەرجى نالـەبارى ژيانـەوە وازى لەخوێندن هێناوە.

خاليد لەقۆناغى خوێندنى سەرەتاييەوە خولياى هونەرەكانى خۆشنووسىو نيگاركێشـان بـووە، لەسـەردەمى خوێنـدكارى زيـاتر بايـەخى بەهونـەرى وێنەكێشان داوە.

مامۆستاى هونەرو كارى قوتابخانەكەى، هەستى بەخولياو تواناى هونەريى خاليـد كـردووەو گرنگـى پێـداوەو بـۆ نێـو جيهـانى رەنگينى هونـەر كێشـى كردووە. مامۆستاو هونەرمەندى شێوەكار (فـەرەج محەمـەد سێوە)، يەكـەم مامۆسـتاى خاليـد بـووە كـە خۆشەويسـتى هونـەرى نيگاركێشـانى لـەدڵو دەروونيـدا چـاندووەو هاوكـارى بـووە. دواتـر مامۆسـتا( شـێخ مسـتەفا

بەرزنجی)ی شێوەکارو مۆمیاکار زیاتر ئەو هونەرەی لاخۆشەویست کردووەو وای لێکردووە لەدوای وازهێنانیشی لەخوێندن، لەهونەر بەردەوام بێ.

دوای دوورکەوتنەوەی لەخوێندن، خالید زامدار دوکانێکی بۆ نیگار کێشان و خۆشنووسی لەگەڕەکێ لەئەزمڕ دانا.

هونەرمەندی نیگارکێشی ناسراو مامۆستا ( جەمال بەختیار) یەکێك لەهاوکارو پشتیوانەکانی دیکەی خالید زامدار بوو، لەدوکانەکەیدا ڕێنمایی هونەری دەکردو تابلۆکانی لەگەڵدا دروست دەکرد.

تابلۆی (شیرین تەشی دەڕێسێ) کە تابلۆی مامۆستا جەمال بەختیار بوو، زامدار جارێکی دیکە بەجوانیو وەك خۆی دروستی کردەوە، ئەو کارە زامداری زیاتر ناساند.

زامدار دوکانەکەی گواستەوە بۆ شەقامی پیرەمێرد، دواتر لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لە شەقامی سابونکەران دوکانی داناو جێگیر بوو، لەوێ لە سەر دیواری بەرامبەر دوکانەکەی، پەندەکانی پیرەمێرد، یاخود شیعری شاعیرانی ناوداری وەك ( مەولەوی، وەلی دیوانە، هێمن، مەدهۆش، گۆران، بێکەس ) ی بەخەتە جوانەکەی دەنووسیو سەرنجی خەڵکی رادەکێشا. هەندێ لە شیعری ئەو شاعیرانە، یاخود هی دیکە، کە شیعری نیشتمانیو نەتەوەیی بوون، کێشەو سەرئێشەیان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بۆ دروست دەکردو تووشی لێپرسینەوەو هەڕەشە دەبووەو زۆرجار نووسینەکەیان پێدەسڕییەوە.

هەر لە سەرەتای سالأنی هەشتاکاندا، ئەمنی سلێمانی هەڵمەتێکیان بۆ دەستگیرکردنی منالأنو مێردمنالأن دەست پێکردبوو، ئەو هەڵمەتە درێژە کاری لەزامدار کردبوو، ئەم شیعرەی لەسەر دیوارەکە نووسی بوو:

منالآنی كورد رۆڵەی شارێكن
ترساوی دەستی زەردە مارێكن
وا بەهێزی گەل مار بنبڕ كرا
ئەمشەو ئەو مارە لە كونا گیرا

لەسەر ئەم شیعرە، ئەمن دوكانەكەیان پێداخستووەو شیعرەكەشیان پێسڕیوەتەوە. یەكێك لەتابلۆ جوانەكانی زامدار ئەو تابلۆیەیە كە تائێستاش ماوە، لەپێشانگای دیاریی ئەحمەدی دیاری لەبازاڕی عەسری بەرووی شەقامی مەولەویدا هەڵواسراوەو ئەم كۆپەلە شیعرەی لەسەر نووسراوە:

بەدەستی بەتاڵ، مەڕۆ بێ دیاری
دیاری پێویستە، بۆ یادگاری

پاش خزمەتێكی زۆر لەهونەرە جوانەكانی نیگاركێشان و خۆشنووسی، ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی نەخۆشی و لەتەمەنی گەنجی ٤٢ ساڵیدا، خالید زامداری هونەرمەندی دەستڕەنگین بۆ دواجار ماڵئاوایی كردو لەگردی سەیوان بەخاكی نیشتمان سپێردرا.

# خاڵە رەجەب



خاڵە رەجەب، کەسایەتییەکی قسەخۆش و سوعبەتچیی شاری سلێمانی بووە، بەنوکتەو قسە خۆشەکانی خەندەی خستۆتە سەر لێوی خەڵك و دڵ و دەروونیانی ئارام کردۆتەوە.

رەجەب کوڕی حاجی محەمەد کوڕی سلێمان، ناوی تەواوی ئەم کەسایەتییەو بەخاڵە رەجەب ناسراوە.

ساڵی ١٩١٣ لەگەڕەکی سەرکارێزی شاری سلێمانی لەدایك بووە. سەرباری ئەوەی کەسێکی سادەو قسەخۆش بووە، شاعیرێکی میللی بووە، کارمەندی شارەوانی سلێمانی بووە، شیعرەکانی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی خۆی بەگشتی و رۆژنامەی ژین و بڵاوکراوەی سلێمانیی شارەوانی سلێمانی بەتایبەتی بڵاوکردۆتەوە. کە ئەو کاتە (ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٩) مامۆستا (جەمال بابان) سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بووە.

مامۆستا جەمال بابان، بەهۆی ئەوەی کە خاڵە رەجەب کارمەندی شارەوانی بووە، لەنزیکەوە ناسیوێتی و هاوکاریی کردووە بەرهەمەکانی لە بڵاوکراوەی شارەوانی بڵاو بکاتەوە.

مامۆستا جەمال بابان، داوا لە خاڵە رەجەب دەکات نوکتەو قسەخۆشەکانی کۆبکاتەوەو بۆ ئەوەی تۆمار بکرێ و لەفەوتان رزگار بکرێ، بۆ ئەو مەبەستە

کارمەندێکی شارەوانی راسپاردووە کە قسەخۆش و نوکتەکانی خاڵە رەجەب بنووسیتەوە، ئەویش بۆماوەی شەش مانگ لەگەڵ خاڵە رەجەب خەریك بووەو بەشی زۆری قسەخۆش و نوکتەکانی تۆمار کردووە.

ئیدی مامۆستا جەمال بابان، پێشەکی بۆ نووسیوەو بەناوی (ترش و شیرینی خاڵە رەجەب، لەگاڵتەو قسەی بەتوێکڵ) لە دوو توێی کتێبێکدا وەك بەرگی یەکەم لەساڵی ١٩٦٩ چاپ و بڵاوی کردۆتەوە، پێشوازییەکی گەرم لەو کتێبە کراوەو خوێنەران بەتاسەوە کڕیویانە. بەداخەوە هەرئەو بەرگەی تۆمارو بڵاو کرایەوە. خۆزگە شیعرەکانی و ئەم کتێبەی جارێکی تر چاپ و بڵاو دەکرایەوە.

خاڵە رەجەب هێندە خۆشەویست و جێی سەرنجی خەڵك و نووسەران، دوای مردنی چەند گۆڤارو رۆژنامەیەك بەناوی ئەوەوە گۆشەیان دانا بۆ بڵاوکردنەوەی نوکتەو قسەی خۆش.

دوای خزمەتێکی زۆر بەدنیای ئەدەبی تەنزو خۆشکردنی دڵی خەڵك و ئارامکردنەوەی دەروون، خاڵە رەجەب لە ٣٠ی ئایاری ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردو لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# خەلیل خەیاڵی



خـەلیل خـەیاڵی یەکێـکە لـەو کەسایەتییە ناودارانـەی کوردسـتان کـە لەچـەند بـوارو رشــتەیەکی جیــاوازدا خزمــەتی بەگــەل و نیشتمانەکەی کردووە.

دانانی یەکەم ئەلف و بێی کوردی لەلایـەن خەلیل خەیاڵییەوە بەتاجی شانازیی سـەر بەرهـــەم و دەســـتکەوتەکانی دیکـــەی دادەنرێ.

خـەیاڵی سـاڵی ١٨٦٤ لەگونـدی مۆتکی سـەر بـەپارێزگای بەتلیسـی باکوری کوردستان لەدایك بووە.

لەســەردەمی گــەنجێتی بــۆ خوێنــدن چــۆتە شــاری ئەســتەنبوڵ و لــەوێ خوێندوویــەتی، دەرفــەتی بــۆ رەخســاوە چــەندین کەســایەتیی سیاســی و رونـاکبیری بناسـێت. لەچـەندین رێکخـراوو کۆمەڵـەی سیاسـی و کولتـووری کاری کردووە لەوانە: (کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی، کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کوردی، کۆمەڵەی هێڤی، کۆمەڵەی تەعالی کوردستان).

خـەلیل خـەیاڵی سـەرباری ئـەوەی زمانـەکانی عـەرەبی و فارسـی و تـورکی و فەرەنسـی بەباشـی زانیـوە، بـەڵام زۆر بایـەخی بـەزمان و رێنووسـی کـوردی داوە، بەوتارو نووسینەکانی هانی لاوانی کوردی داوە کە بـەزمانی شیرینی کوردی بنوسن و بخوێننەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش ساڵی ١٩٠٧ کتێبێکی ئەلف و بێیەکی کوردی بەناوی (ئەلفبای کرمانجی) لەشاری ئەستەنبوڵ نووسی و چاپ و بڵاوی کردەوە. ئەوەش بەیەکەم ئەلف و بێی کوردی دادەنرێت، کە رۆڵی دیاری لەدارشتنی بناغەی ئەلف و بیٚ و رێنووسی کوردی هەبووە.

پیرەمێردی نەمر زۆر هاوڕێی خەلیل خەیاڵی بووە کە لەئەستەنبوڵ بووە، زۆربەی کات پێکەوە بوون، زۆر پێی سەرسام بووە و بەکەسێکی رووناکبیرو خوێنەوارو بەویقار وەسفی کردووە.

پاش خزمەتێکی زۆر بەکاروانی وشەو زمان و رێنووسی پیرۆزی کوردی، خەلیل خەیاڵی لە رۆژی ١٤ی حوزەیرانی ١٩٤٦ کۆچی دوایی کرد.

# خەلیل وەندی



خەلیل موراد وەندی هونەرمەندێکی ناوداری کوردستانە، لەرێی ئاوازو گۆرانییەکانییەوە خزمەتێکی زۆری بەکاروانی هونەری رەسەنی کوردستان کردووە.

خەلیل موراد خان عەلی ناوی تەواوی ئەو هونەرمەندەیەو بە خەلیل موراد وەندی ناسراوە.

ساڵی ١٩٤٧ لەشاری خانەقین لەدایک بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لەشارەکانی خانەقین و بەغدا تەواو کردووە. دواتر بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەشی کوردیی کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدای بەدەستهێناوە.

بەمامۆستا دامەزراوەو لەشارەکانی فەللوجەو بەغداو هەولێر وانەی وتۆتەوەو خزمەتی بە خوێندکاران و رەوتی خوێندن کردووە.

لەزانکۆکانی سەلاحەدین و سۆران و پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر وەك مامۆستای وانەبێژ دەرسی مۆسیقاو دەروونناسی وتۆتەوە.

خەلیل وەندی لەسەرەتای ژیانی لاوی و هێشتا خوێندکار بووە، خولیای هونەری گۆرانی بووە، ساڵی ١٩٧١ یەکەم گۆرانی بەناوی (خۆشەویستەکەم) لە هۆنراوەی ئیبراهیم ئەحمەد و ئاوازی عەلی مەردان لەرادیۆی کوردی بەغدا تۆمار کردووە، گۆرانییەکەی هێندە خۆش و بەسۆز بوو، دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، ئەو هونەرمەندەی بەخەڵکی کوردستان

ناساند. دواتر ٨٥ گۆرانی دیکەی بۆ رادیۆی کوردی بەغدا و ٢٠ گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنەکان تۆمار کرد، بەگۆرانی و ئاوازە رەسەنەکانی لەناو دڵ و دەروونی خەڵکی کوردستاندا جێگەی خۆی کردەوەو هەوادارێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کردو تا ئێستا بەتاسەوە گوێی لێدەگرن.

مامۆستا خەلیل وەندی لەسەرەتای کاری هونەرییەوە بەمامۆستا عەلی مەردان سەرسام بوو، ئەو دەستی گرت و بۆ ناو دنیای سیحراوی هونەر کێشی کرد، ئاوازی بۆ یەکەم گۆرانی دانا و لەگەڵ دەنگە بەسۆزەکەی وەندی ئاوێزان بوون و لەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا دەنگی دایەوە.

خەلیل وەندی هێندە شەیدای مەقام و دەنگی عەلی مەردان بوو، دە ساڵی رەبەق لەگەڵی کاری کردو چێژی لەدەنگی ئەفسووناوی مەقامەکانی وەرگرت و لێیەوە فێر بوو، کاریگەری بەسەر خۆی و هونەرەکەیەوە بەجێهێشت و لەگۆرانی و مەقامەکانیدا رەنگی دایەوە.

وەندی خولیای فێربوونی ئامێرەکانی مۆسیقا بوو، هونەرمەندانی وەك ئەنوەر قەرەداخی و خالید سەرکارو ئەلبێرت عیسا و رزگار خۆشناو، بۆ ئەو قوتابخانەی فێربوونی زانستی مۆسیقا بوون، بەزۆربەی ئامێرەکان و تایبەت عود ئاشنایان کرد. سوودی زۆری لەزانستە هونەرییەکانی ئەوان وەرگرت، هێندە قاڵ و شارەزا بوو، لەپەیمانگاکانی بەغداو هەولێر دەرسی مۆسیقای وتۆتەوەو چەندین خوێندکار لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتوون.

مامۆستا وەندی شاعیریش بووە، شیعری هەندێ لەگۆرانییەکانی خۆی نووسیونی و ئاوازی بۆ داناون.

مامۆستا خەلیل وەندی بەشداری بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و بۆنە هونەری و فیستڤاڵەکانی لەسەرانسەری کوردستان و عێراق کردووەو بەدەنگە بەسۆزەکەی ئامادەبووانی سەرمەست و سەرسام کردووە.

خــەلیل مــوراد وەنــدی هونەرمەنــدێکی کوردپــەروەرو بەهەڵوێســت بــووە، لەساڵی ١٩٨٣ ەوە بەنهێنی پەیوەندی بە یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لەشاخ کردووە. لەدوای راپەرینیش لەریزی ئەو رێکخراوە هونەرییەدا کاری کـردووەو سـکرتێری لقـی هـەولێر بـووەو لـەو رێگەیـەوە خزمـەتی بەهونـەرو هونەرمەندان کردووە.

مامۆستا خـەلیل وەندی خزمـەتێکی زۆری بەرشـتەکانی گۆرانیو مۆسیقای کردووەو شوێن پەنجەی لەو بوارانەدا دیارە.

# خواجه ئەفەندی



خواجــه ئەفەنــدی کەســایەتییەکی گــەورەی پــەروەردەیی و زانســتی کوردســتان بــووە، لەقۆناغێکی تاریك و نوتەکدا لەرێی حوجرە یان دروســتتر قوتابخانــە ئاینییــە زانســتییەکەیەوە خزمەتێکی گەورەی بەرەوتی خوێندن و زانست و فێرکردن کردووە و وەك چرایەکی داگیرساو هەموو کوردستانی رۆشن کردۆتەوە، دەیان کەسایەتیی گەورەی کورد لەرێی قوتابخانەکەیەوە فێری خوێندن و نووسین بوون و دواتر پلەو پایەی گەورەیان بەدەستهێناوە.

لەوانە( سەعید پاشا، شەریف پاشا و ئیبراهیم پاشا) کە سێ کەسایەتیی گەورە و کاریگەری بنەماڵەی خەندان بوون و پۆستی باڵایان لە دەوڵەتی عوسمانیدا وەرگرتووە. هەروەها کەسایەتیی گەورەی وەك: (شێخ مەحموودی حەفید، مستەفا پاشا یاموڵکی، ئەمین زەکی، بابەکر ئاغا)و دەیان کەسی تر دەرچووی قوتابخانەکەی خواجە ئەفەندین.

عەزیز ئەفەندی کوڕی عوسمان ئاغا کوڕی رەسوڵ ئاغای گەڵاڵی ناوی تەواوی ئەم کەسایەتییە و بە خواجە ئەفەندی ناسراوە و لەنەوەی ئەحمەد خانی میری ئەردەڵان و حاکمی ماوەت و شارەزوور بووە. خواجە پلەیەکی زانستیی ئاینییە و بەمانای مامۆستا دێ.

خواجــە ئەفەنــدی لەســاڵی ١٨٤١ لەشــاری ســلێمانی لــەدایك بــووە. هــەر لەمنداڵییــەوە خراوەتــە بەرخوێنــدنی ئــاینی و لای مــەلا عــەزیز زلزڵــەیی و کاکــە ئەحمــەدی شــێخ خوێندوویــەتی و خوێنــدکارێکی زیــرەك و زرنــگ بــووە، کاکــە ئەحمەد شێخی پێی سەرسام بووە، داوای لێکردووە قوتابخانەیەك بکاتــەوە بۆ

ئەوەی منالانی شار بە وانە ئاینی و زانستییەکان پەروەردە بکات. خواجەش لەساڵی ١٨٦٠ماڵی باوکی کردۆتە قوتابخانە، ئیدی ئەو ماڵە بووە بەمەڵبەندێکی گرنگی خوێندن و فێربوون و منالانی شار روویان تێکردووە، سەدان کەس لەرێی ئەو قوتابخانەیەوە فێری خوێندنەوە و نووسین بوون. لەقوتابخانەکەی خواجە ئەفەندی کە چوار قۆناغ بووە دەرسەکانی ئاینی و زانستی و زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی و بابەتەکانی مێژوو ئەخوێنران. خواجە تێبینی ئەوەی کرد بوو، تەنها کوران لەو سەردەمەدا لەقوتابخانەکەی ئەیانخوێند، ئیدی حەپسەی تاقانە کچی وەك خوێندکار بردە قوتابخانەکەی بۆ ئەوەی کچانی تریش چاوی لێبکەن و بخوێنن.

کاتێك تەحسین پاشای والی عوسمانی سەردانی قوتابخانەکەی کردووە، زۆر بەپرۆگرامی خوێندن و ئاستی بەرزی خوێندکارانی سەرسام بووە، بڕیاری داوە وەك قوتابخانەیەکی رەسمی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و نازناوی خواجەشی پێبەخشیوە و بڕیاریشی داوە خواجە ئەفەندی وەك مامۆستا لەقوتابخانەی روشدی موڵکی وانە بڵێتەوە، کە تاکە قوتابخانەی رەسمی ئەو سەردەمە بووە لەسلێمانی.

دەتوانین بڵێین خواجە ئەفەندی بەیەکەم دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی ئاینیی زانستی لەشاری سلێمانی دائەنرێت. کە بێجگە لە وانە ئاینییەکان، وانەی زانستەکانی دیکە و زمانی تێدا خوێنراوە، ئەوەش رۆڵی دیاری لەپێگەیاندنی دەیان کەسایەتیی سیاسی و روناکبیری و ئیداری هەبووە.

کە ژیاننامەی روناکبیران و کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمە ئەخوێنیتەوە ئەبینی زۆربەیان دەرچووی قوتابخانەکەی خواجە ئەفەندین.

ئەم کەسایەتییە پەروەردەیی و مونەوەرە بەتوانا و سەرنجڕاکێشە، پاش خزمەتێکی زۆرو ناوازە بەرەوتی خوێندن و پەروەردە، لەساڵی ١٩٤٢لەتەمەنی ١٠١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. بەڵام وەك چرایەکی داگیرساو بەنەمری ئەمێنێتەوە.

# خودادا عەلی



هونەرمەنـدێكی دیـاری كوردسـتانەو لەرشتەكانی گۆرانی و مەقامو هۆرەدا خزمـەتی زۆری پێشـكەش بـەكاروانی هونـەریی كـوردی كـردووە. ئـەم هونەرمەنـدە مەزنـە سـاڵی ١٩١٢ لەگـەڕەكی (ئاغـاو خەلیفـە)ی شـاری خانەقین لەدایك بووە.

لـەئامێزی خانەوادەیـەكی هـەژاردا پـەروەردە بـووەو چـۆتە حـوجرەو خوێنـدنی ئـاینی تـەواو كـردووەو بۆتـە مامۆسـتای ئـاینی لـە حـوجرەو مزگەوتەكاندا خزمەتی كردووە.

مامۆستا خوداداد عـەلی بەهۆی نەخۆشییەوە چاوێكی لەدەست ئـەداتو بەهۆی ئەوەوە واز لەمامۆستای ئاینی دێنێو بۆ دابینكردنی بژێوی ژیـانی خۆیو خێزانەكەی بەكاری كرێكارییو جووتیارییەوە خەریك بووە.

مامۆستا خوداداد هـەر لەمنداڵییـەوە خولیـای هونـەرەكانی گۆرانی و مـەقام بووە. بەهۆی ئـەوەوە زۆربـەی گوندەكانی گـەرمیانو خۆرهـەڵاتی كوردستان گەڕابوو، سوودی لە سامانی فۆلكلۆری ئەو ناوچانە وەرگرتبوو.

لەجـەژنو بۆنـەكانی خانەقینـدا گـۆرانیو مـەقامی چـڕیوەو بەدەنگـە بەسۆزەكەی خەڵكی سەرسام كردووە.

ساڵی ١٩٥٨ چۆتە رادیۆی كوردیی بەغداو ئەو رادیۆیە دەروازەیەكی گرنگ بووە بۆ ئەوەی لـەوێوە دەنگـە بەسـۆزەكەی بەخـەڵكی كوردسـتان ئاشـنا بێ.

نزیکەی ١٠٠ گۆرانی بۆ رادیۆی کوردی بەغدا تۆمار کردووەو مەقامەکانی (ئەڵوەن ئای‌و ئەی هاوار ئەی) لەنموونەی مەقامە بەرزەکانی ئەون‌و لەرێی ئەو رادیۆوە ئەم هونەرمەندە زیاتر ناسرا.

مامۆستا خوداداد عەلی بەهرەی دیکەشی هەبووەو وەك گوتنی مەنەلۆج‌و خۆشنووسی‌و شیعر نووسین‌و لەو بوارانەشدا خزمەتی کردووەو شوێن پەنجەی دیارە.

ئەم هونەرمەندە گەورەیە کەسێکی کوردپەوەروەر بووە، بەهۆی هەڵویستە سیاسییەکانی لە سالآنی شەستەکان‌و حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، چەند جارێك لەلایەن رژێمەکانی عێراقەوە دەستگیر کراوەو ئازار دراوەو تەنانەت سزای لەسێدارەدانیشی بۆ دەرچووە، بەڵام بەلێبووردنی گشتی ئازاد کراوە.

ئەم هونەرمەندە گەورەو فرە بەهرەیە لەرۆژی ٢٠ی شوباتی ١٩٨٧ بۆ دواجار ماڵئاوایی کردو لەگۆڕستانی عەلەمداری نزیك رووباری ئەڵوەن بەخاك سپێردرا.

# خیام کارگەچی



خیام کارگەچی، ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگداری ئاسمانی ئەدەب و هونەری کوردەوارییە، لەرشتەکانی شیعرو هونەرو نیگارکێشان و میدیا و ژینگە و وەرزش خزمەتی زۆری بەکوردستانەکەی کردووە و شوێن پەنجەی رەنگینی دیارە.
ساڵی ١٩٥١ لەگەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایک بووە، لەئامێزی خانەوادەیەکی هونەری پەروەردە بووە.
کوڕی هونەرمەندی دەنگخۆش ساڵح کارگەچییە.
باوکی لەخۆشەویستی خیامی شاعیری گەورەی فارس ناوی ناوە (خیام).
خیام کارگەچی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی کشتوکاڵی لەسلێمانی تەواو کردووە.
خیام کەسێکی زرنگ و فرە بەهرە بووە، وەك بەرێوەبەری دارستان، رۆڵی دیاری هەبووە لەسەوزکردنی بەشێکی چیا و ناوچەکانی کوردستان و هەزاران نەمامی چاندووە، کەوەك یادگاری ئەو سروشتی ئەو ناوچانەیان رازاندۆتەوە و ژینگەکەیان خۆشکردووە.
کارگەچی هەر لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای شیعر بووە و لەرشتە جیاجیاکاندا شیعری نووسیوە. شیعرەکانی لەگۆڤارو رۆژنامەکانی(رەنجی

کرێکار، هاوکاری ، کوردستانی نوێ، ڕەنگین، گۆڤاری کەلەپوور، پاشکری عێراق) بڵاوکردۆتەوە.

دواتر هەموو شیعرەکانی لەدووتوێی دیوانێکدا بەناوی(شەپۆلی هەژاو) چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

خاوەنی چەند کتێبێکی تری بواری کشتوکاڵییە کە پسپۆڕی خۆیەتی.

کارگەچی چەند کتێبێکی دەستنووسیشی لەپاش بەجێماوە.

بایەخی بەبواری کەلەپوور داوەو ئەندامی کۆمەڵەی کەلەپوور بووەو خزمەتی زۆری لەو بوارەدا پێشکەش کردووە.

ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووەو لەزۆربەی کۆڕو بۆنەکانی ئەو یەکێتییەدا بەشداری کارای کردووە.

خیام هونەرمەندێکی دەستڕەنگینی بواری نیگارکێشان بووەو بەتابلۆ جوانەکانی بەشداری پێشانگاکانی شێوەکاری کردووە.

کارگەچی لەژێر کاریگەری دەنگە ئەفسوناوییەکەی باوکیدا بووە، ئەویش دەنگخۆش بووەو بەدەنگە سیحراوییەکەی گوێگرانی سەرسام کردووە.

دوای خزمەتێکی زۆر بەکایەکانی هونەرو ئەدەب و ژینگە، خیام کارگەچی لەڕۆژی ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ بۆ دواجارماڵئاوایی کرد.

# داری ساری حەیدەر



داری ساری حەیدەر، شاعیر و نوسەر و مێژوونووسێكی دیاری كوردستانە و خزمەتێكی گەورەی پێشكەش بە گەلەكەی كردووە.
ساڵی ١٩٣٧ لە شارۆچكەی زرباتیەی سەر بەشاری كوت لەدایك بووە. لە كۆتایی پەنجاكانی سەدەی ڕابردووەوە تێكەڵاوی جوڵانەوەی سیاسیی كوردستان بووە. بەهۆی هەڵوێستی سیاسی و تێكۆشانی كوردایەتییەوە ساڵی ١٩٧٤ بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و دواتر بە لێبوردن ئازاد كراوە. شانبەشانی خەباتی سیاسی، خەباتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریشی كردووە لەو بوارەدا شوێن پەنجەی دیارە. داری ساری، وەك شاعیرێك بە شێوەزاری لوڕی و بەزمانی عەرەبی شیعری نووسیوە. هەروەها بایەخی بە لێكۆڵینەوە لە زمان و ڕەچەڵەك و مێژووی كورد داوە، كتێبی دەستنووسی لەو بوارانەدا هەیە و لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا بە هۆكاری سیاسی ڕێگە بەبڵاوكردنەوەیان نەدراوە.
داری ساری، وتار و لێكۆڵینەوەكانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە كوردی و عەرەبییەكاندا بڵاوكردۆتەوە. ئەم ڕوناكبیرە گەورەیەی كورد، پاش خزمەتێكی زۆر بە بوارەكانی ئەدەبی و مێژوویی و فەرهەنگی كورد، لەڕۆژی ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری بەغدا كۆچی دوایی كرد و هەر لەوێ بە خاك سپێردرا. وەك ڕێزلێنانێك بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی پێشكەشی كردووە، یەكێك لە قوتابخانەكانی كەرتی ڕەسافەی شاری بەغدا بە ناوی ئەوەوە ناونراوە.

# دانا جەزا



دانا جەزا، هونەرمەندێکی دیارو ناسراوی شاری سلێمانیو کوردستان بوو، لەرێی کەمانچەکەیەوە خزمەتێکی زۆری بەهونەری موزیکی کوردی کردو شوێن پەنجەی رەنگینی لەو بوارەدا دیارە.

دانا جەزا محەمەد خونچەلە ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندەیەو بە دانا جەزا ناسراوە. ساڵی ١٩٧٠ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، لەئامێزی خانەوادەیەکی دیاری ئەو شارەدا پەروەردە بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەییو پەیمانگای تەکنیکی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە.

ئەو هەر لە منداڵییەوە خولیای هونەری موزیك بوو، هێشتا خوێندکاری سەرەتایی بوو، ئەو حەزو خولیا هونەرییە زیاتر لەدڵو دەروونیدا چەکەرەی کرد، هەر بۆیەش بەتاسەوە بەشداری خولەکانی فێربوونی هونەری موزیکی بۆ منداڵان کرد، لەرێی ئەو خولانەوە شارەزایی لە هونەری موزیكو ئامێرەکان پەیدا کرد، ئەو لەناو هەموو ئامێرەکاندا شەیدای ئامێری کەمانچە بوو، هەر بۆیەش ئەو ئامێرەی کردە هاورێی هەمیشەیی خۆیو زیاتر تێیدا قاڵو شارەزا بوو.

ئیدی كەمانچە بووە ناسنامەی هونەری ئەوو لەناو ئەو تیپە موزیكیانەی خزمەتی ئەكرد، ئامێری كەمانچەی ئەژەنی.

لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەكاندا، پەیوەندی بەتیپی مۆسیقای مەولەوییەوە كرد، وەك ئەندامی كارای ئەو تیپە خزمەتی كرد، لەچالاكییە هونەرییەكانی ئەو تیپەدا بەو پەڕی عیشقەوە بەشداری كرد، لەزۆربەی چالاكیو فیستڤاڵو بۆنە نیشتمانیو نەتەوەییەكاندا ئامادەبوونی بەرچاوی هەبوو، بەرهەمە هونەرییەكانی شاهیدی زیندوون.

دانا جەزای هونەرمەند، لەگەڵ چەند هاوڕێیەكی هونەرمەندیدا، گروپی موزیكی (شەن)یان دامەزراند، لەرێی ئەو گروپە هونەرییەوە، خزمەتی بەكایەكانی هونەری گۆرانیو موزیكی كوردی كرد.

دانا جەزا لەبواری تەكنیكیشدا شارەزا بوو، هەربۆیەش وەك فەرمانبەرێكی دەستڕەنگینو دڵسۆز لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی هاتوچۆی سلێمانی خزمەتی كردو شوێن پەنجەی لەو فەرمانگەیە دیار بوو.

ئەم هونەرمەندە گەنجو خۆشەویستە، چەندین پڕۆژەو خەونو خولیای هونەری لەدڵو دەروونیدا بوو، بەڵام بەداخەوە مەرگ زەفەری لێهێناو لە رۆژی ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٠ بۆ دواجار چاوە گەشو پڕ هیواكانی لێكناو ماڵئاوایی یەكجاری كرد. لە گۆڕستانی بەكرەجۆ بەخاكی نیشتمان سپێردرا.

# دەنگی خاك




دەنگـی خـاك، کتێبێکـی گـەورەی ٧٦٤ لاپەڕەییە،کـە تێیـدا کاکە(حەمـەی حەمـە سـەعید) بیرەوەرییـەکانی سـاڵانی تێکۆشـانی لـە (١٩٧٦-١٩٩١) دەگێڕێتـەوە. خوێندنـەوەی ئـەم بیرەوەرییانـە وەك خوێندنـەوەی هـەر ڕۆمـانێکی وەك (ژانـی گـەل، حەمـەدۆك، دایـك) وایـە، بـەڵام جیـاوازی لەگـەڵ ئـەو ڕۆمانانە ئەوەیە، ئەوان بەرهەمی خەیاڵو ئەندێشەی نووسەرن، کەچی دەنگی خاك پانۆرامـای راسـتەقینەی ژیـانی پێشـمەرگەیەکی ڕێگـای رزگـاری کوردسـتانو تێکۆشـەرانی دیکـەی هاوخەباتێتی.

ئەم کتێبە کە ناوی (دەنگی خاك)ە و ئیلهامی ناوەکەی لەڕۆمانێکی (یەشار کەمال)ەوە وەرگرتووە، بەڵام نەك هەر دەنگی خاك، بەڵکو هاوارو ئاهوناڵـەو ئازاری گەلێکە بۆ ئازادی، لەو پێناوەش روبارێك خوێنی بەخشیوە.

ئەوەی لەم کتێبەدا زۆر سەرنجی راکێشام ئەوە بوو، کە کاکە حەمە هێشتا مێرمنداڵو خوێندکاری ناوەندی بووە، لەدوای شکستی شۆڕشی ئەیلول خۆڕسـکانە لـەدژی پـڕۆژەی بەبەعسـیکردنی زێـدو نیشـتمانەکەی دەوەستێتەوە، ئـەوێك گونـدو ناوچـەکەی هـەر بـەئازادی دیـوە، پێـی قبوڵ ناکرێ داگیرکـەر چـەپۆکی رەشـی بەسـەردا بکێشـێ. هەربۆیـەش لەگـەڵ دوو

هاوڕێیـدا دژی پـڕۆژەی دزێـوی بەبەعسـیکردن دەوەسـتنەوە،بۆ مەبەسـتەش شەوان بەدزییـەوە تفەنگەکـەی بـاوکی دەردەهێنێ، کـە هـی شـۆڕشـی ئـەیلول بـووەو حەشـاری داوە، بـۆ دوو هاوڕێشـی چـەك دابین دەکـات بـۆ یـەکێکیان بڕنـەوێکی داریـن دروسـت دەکـات، ئـەو دیکەشـیان دەمانچـەیەکی دەداتـێ. شـەوان دەموچـاویان هەڵدەبەسـتنو دەچـنە سـەر ئەومالانـەی کـە بـەپیر پرۆژەکـەی بەعسـەوە چـوونو بـوون بەبەعسـی، بـەناوی پێشـمەرگەوە هەڕەشـەیان لێدەکـەن کـەواز بهێـنن، بـەوەش تـرس دەخەنـە دڵـی تـازە بەعسییەکانەوەو لەترسا ژێوان دەبنەوە. ئیدی ئەو دەبێتە جێگەی سـەرنجی پێشـمەرگەو بـانگی دەکـەن بـۆ لای خۆیـان، وەك چاوسـاغو ڕێنیشـاندەر سـوودی لێـوەردەگرن، لەشـەوانی نوتـەكو ئەنگوستەچـاودا بەدزییـەوە، پێشـەنگیان دەبێ بۆ شـارو مـاڵو شـوێنەکانی دوژمـن، ئیـدی کاکـە حەمـە دەبێتـە جێگـەی متمانـەی شـۆڕشو بەعسییەکانیش چاوی لێخافڵ ناکەنو چـاودێری دەکـەن، هەربۆیـەش لـەو تەمەنـە کەمـەدا بەیـەکجاری شـار بەجێدێڵیو دەبێ بەپێشمەرگە.

لەبیرەوەرییەکانیـدا ئـەوە سـەرنجی ڕاکێشـام، ئەوەیـە سـاڵی ١٩٧٧، کـە مێرمنداڵێکە خولیای ئەوە دەبێ ڕۆژانە یاداشتەکانی پێشـمەرگایەتی تۆمـار بکات،دەسـت پێـدەکاتو لەدەفتەرێکـدا ڕوداوەکـان تۆمـار دەکـات، ئەحمـەد گریانـەییو عـەلی شـامار کـە بەرپرسـی دەبـن لێـی دەکەونـە گومانـەوەو دەفتەرەکەی لێدەسێننو دەیدڕێنن، پێی دەڵێن لەبەر باری ئـەمنی ئـەو کـارە نـەکات، ئـەویش بـەنا بـەدڵی وازی لێـدەهێنێو پـاش سـاڵێك کـە کاکـە حەمـە خۆی دەبێ بەفەرماندەی مەفرەزە دەست بە یاداشت نووسینەوە دەکاتـەوەو کۆڵ نادا!

ئەوە جێی سەرنجو تێڕامانە کە ئەم گەنجە لەو تەمەنەدا بیر لـەوە دەکاتـەوە کـە یاداشـتو بیرەوەری خـۆی بنووسـیتەوە، لەکاتێکـدا چـەندین بەرپرسـی گەورەو دیار لەشۆڕشەکانی کوردستاندا یەك دێڕیان نەنووسیوەتەوە.

کاکــە حەمــە ئــەم بیرەوەریانــە بــۆ مــاوەی دەســاڵ لەچــەند دەفتەرێکــدا دەنووسـێتەوە،دوای ئەنفالـەکان لەگونـدی هـاوارە کـۆن لەگـەڵ چـەند نامـەو بەڵگـەدا لــەژێر خاکــدا دەیانشــارێتەوە،حەز ناکـات بیانباتــە نــاو خــاکی ئێرانـــەوە، بەئومێــدی ئــەوەی لەدەرفــەتێکی تــردا بێتــەوەو هــەڵیان بگرێتەوە،دوای راپەڕین دەچێتەوە ئەو گوندە بۆ یاداشتەکانی، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئـەو گونـدە، بـەعس داری بەسـەر بەردییـەوە نەهێشـتووە، یاداشـتو بەڵگـەکانی نادۆزێتــەوەو ون دەبــن . بەناچـاری دواتــر جـارێکی تــر ئــەو یاداشتانە دەنووسێتەوە.

ئــەم یاداشــتانە مێــژووی دەســاڵی تێکۆشــانی کاکــە حەمــە دەگێڕیتــەوە، تێکۆشانی خـۆیو خانەوادەکـەی کـە لـە هـەردوو دیـوی باشـورو خۆرهـەڵاتی کوردســـتانو هــاوڕێو هاوخــەباتی بــوون، بــاوکیو دوو بــرای دیکــەی پێشمەرگە بوون، دایكو خوشـکەکانی لـەو رۆژە سـەختانەدا هاوڕێـی بوونو لەخزمەتی هێزی پێشمەرگەدا بوون.

یاداشــتەکانی بەشــێوەیەکی ئــەدەبی جــوان نوســراون، کاریگــەری رۆمــانی حەمـەدۆكو نووسـینەکانی نەوشـیروان مسـتەفای لەسـەرەو لـەرێی شـێوازی نووسینو داڕشتنەوە سوودی لێوەرگرتوون.

کاریگەری شیعرەکانی گۆرانو قانعو ئەحمـەد موختـار بـەگی لەسـەر بووەو ئیلهامی لێوەرگرتوونو لەچەند شوێنێکدا باسیان دەکات.

کاکــە حەمــە لەلاپــەڕە ١٣٦ی ئــەم کتێبەدا،باشــی ئاوێتــەبوونی خــۆیو پێشــمەرگەکان بەسروشــتی بــەهاری هــەورامان دەکــاتو دەڵێ(لــەبن هــەر دارێکــدا پشــوومان بدایــە، بەباوەشــێنی ســرووە ئارەقــەیان دەســڕینو مانـدووبوونیان لـەبیر دەبردێنـەوە. باڵنـدەکانیش بەسـەماو چریکەی دڵگیر، بەئاوازی خۆشو رەنگاو رەنگ ناخیان دەکردینە هێلانەی شادی، دیمەنی جــوانو دڵگــیری گوڵــە کێویلــەکان بەعــەترباران و قەڵبــەزەو تافــەکانیش بەسەدای خۆڕەیان مەستیان دەکردین).

لەشوێنێکی تردا نووسیویەتی( زێی سیروان ئەسپەشێ ئاسا چەپۆکانی دەکرد وەکو دەروێشێکی حاڵێهاتوو سەری دەدا بەکەنارەکانی ئەمبەرو ئەوبەردا، چەشنێ هاواری دەکردو لرفەی لێهەڵدەساو دەینالاند، وەك بەئێمە بڵێ رۆڵەکانم ئێوەش رێگای دژوارتان لەبەرە).

دوای وێرانکرنی گوندەکان لەلایەن بەعسەوە، لەشوێنێکی ترو بەرەبەیانێك لەلای گوندێکی روخاودا دەڵێ:(خۆر لەپشتی چیاکەوە وەستاوە، دڵی نایەت هەڵبێ ئەو گوندە وێران بووە ببینێ).

چەندین وێنەی شیعری دیکەی جوان لەم کتێبەدا هەیە کە وەك گەشتی هەورامانەکەی گۆران، جوانی سروشتی هەورامانی نەخشاندووە.

ئەم کتێبە خەباتو بەرخودانی نووسەرو پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ لە هەورامانو ناوچەکانی دیکە دەگێڕتەوە،کە چەند بەناخۆشیو کولەمەرگی ئەو قۆناغەیان بڕیوە ماندووبوونی خەڵكو ئارەقەو خوێنی گەشی پێشمەرگەو داستانەکانی بەرگریو سەرکەوتنی نووسیوەتەوە. نەك هەر ئەوە باسی مێژووی گوندو ناوچەو خەڵکەکانو شاخو دۆڵو درەختی ناوچەکەش دەکا.

خاڵێکی دیکەی تری جێی بایەخ لەم کتێبەدا ئەوەیە کەچەندین وشەی نوێی شێوەزاری هەورامی بەکارهێناوە، کە وشەی رەسەنی کوردین، خۆزگە لە کۆتایی کتێبەکەدا فەرهەنگۆکێکی بۆ دەکراو مانای وشەکان دەخرانەروو.

ئەم کتێبە کتێبێکی مێژوویی گرنگو پڕ بایەخەو بەشێکی شۆڕشی نوێی کوردستانی تۆمار کردووە، کە ئەچێتە نێو تۆماری مێژووی گەورەی کوردستانەوە.

دەستخۆشی لەکاك حەمەی حەمە سەعید ئەکەم بۆ تۆمارکردنی ئەم بیرەوەریانە کە زۆر پێوەی ماندوو بووە،بەڵام ماندووبوونەکەی بەخەسار نەچووەو کەلێنێکی مێژووی شۆڕشی نوێو کوردستانی پڕ کردۆتەوە.

# دەنگی شۆڕشی نوێ



بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ، یەکێك لەو بوارانەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بایەخی زۆری پێدا بوو بواری میدیا بوو، هەربۆیەش لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا مشوری پەیداکردنی ئیزگەیەکی ڕادیۆی لە سوید خوارد و لەڕێی سوریا و تورکیاوە گەیەنرایەوە کوردستان. لە ڕۆژی٢١ی ئاداری ١٩٧٩ لە گوندی نۆکانی سەر سنوورەوە پەخشی ئەو ئیزگەیە بەناوی ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق دەستی پێکردو لەوێوە پەیام و چالاکی و سیاسەت و هەڵوێست و تێڕوانینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە کۆمەڵانی خەڵك ئاشنا کرا.

ئەو ئیزگەیە ڕۆڵی دیاری هەبوو لە جۆشدانی خەڵك و پێشمەرگە و بەهێزکردنی گیانی فیداکاری و بەرخودان. لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا ناوەکەی بۆ ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان گۆڕا.

لە سەردەمی شۆڕشدا ئیزگە وەك مەفرەزەكانی پێشمەرگە لەیەك شوێندا نەسرەوت، بەڵكو چەند جارێك جێگۆڕكێی كرد و لەم شوێنانەوە پەخشی كرد: (نۆكان، توژەڵە، گردی مامەولا، زەڵێ، باوزێ، بەرگەڵو، دۆڵەكۆگە، سەقز، گەلاڵە، چوارتا، سلێمانی).

ئێزگەی دەنگی گەلی كوردستان لە قۆناغە جیاجیاكانی شۆڕشی نوێدا، كاریگەرترین دەزگای میدیایی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بووەو ڕۆڵی دیار و پرشنگداری لەو شۆڕشەدا بەگشتی و لە سازدان و ڕێكخستن و جۆشدانی كۆمەلانی خەڵكی كوردستان بۆ ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١ بەتایبەتی هەبوو، كە لەلاپەڕە زێرینەكانی مێژوودا بە شانازییەوە دەنوسرێتەوە.

سڵاو بۆ هەموو ئەو جوامێرانەی وەك سەربازی ون لە قۆناغە جیاجیاكاندا خزمەتیان كرد و دەنگی ئەو ئیزگەیەیان بە زولاڵی هێشتەوە.

دروودی ڕێز و وەفاش بۆ گیانی پاك و پیرۆزی ئەو پێشمەرگە و میدیاكارانەی ئیزگە كە شەهید بوون یان كۆچی دواییان كردووە. سڵاو لەو ستافەی ئەمڕۆش كە مەشخەڵی ئیزگەی دەنگی گەلی كوردستانیان بەرزی ڕاگرتووە و درێژە بە كاروانە پڕ شكۆ و سەروەرییەكەی ئەدەن.

# درەخشان حەفید



درەخشان حەفید ژنێکی ناوداری کوردستان بوو، لە رشتەکانی خوێندن و پەروەردەو خەباتی رێکخراوەیی ژنان و تێکۆشانی کوردایەتیدا خزمەتی زۆری کردووە. رۆڵی دیارو درەوشاوەی لە لاپەڕەکانی مێژوودا بەشانازییەوە تۆمار کراوە.

درەخشان شێخ جەلال شێخ ئەحمەد شێخ سەعید ناوی تەواو ئەم ژنە مەزنەیە، بەدرەخشانی شێخ جەلالی حەفید ناسراوە.

رۆژی ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٤ لەگەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەو شارە تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٥٦ لە کۆلیجی مامۆستایانی باڵا لەشاری بەغدا وەرگیراوەو دوای چوار ساڵ خوێندن، لەساڵی ١٩٦٠ بەکالۆریۆسی لەمێژوو بەدەستهێناوە. لەخانەی مامۆستایانی کچانی کەرکوك بەمامۆستا دامەزراوەو وانەکانی مێژوو و جوگرافیای وتۆتەوە.

دواتر گواستراوەتەوە بۆ شاری سلێمانی لەئامادەیی سلێمانی کچان وەك مامۆستا خزمەتی کردووەو لەخزمەت بەردەوام بووە تا بووە بە بەڕێوەبەری ئەو ئامادەییە.

دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ کەمال موفتی کردووە، بەهۆی ئەوەوە وەزیفەکەی بۆ بەغدا گواستۆتەوەو لە ئامادەیی تەلیعەی کچان بووە بەمامۆستاو بەردەوام بووە لەخزمەتی پەروەردەو خوێندن، ساڵی ١٩٨٧ خانەنشین بووە.

درەخشان حەفید هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە، تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی بووەو سەرەتا لەرێکخراوە پیشەییەکانی خوێندکارانو لاوانو ئافرەتان خەباتی کردووە. دواتر لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا درێژەی بەتێکۆشان داوە.

لەدەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بووە، لەرۆژی ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢ بەنهێنی لەگەڵ ٩ ئافرەتی دیکەدا یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانیان لەماڵی میرزا غەفور لەسلێمانی دامەزراندووە. رۆڵی کاراو پێشەنگی لەو رێکخراوە پیشەییەدا هەبووەو بەردەوام بووە لەخەباتی پیشەییو نیشتمانیو بەشداری کاریگەری لەچالاکیو خۆپیشاندانەکانی سەردەمی خۆیدا کردووە.

لەرێکخراوەکانی خوێندکارانو لاوانو مامۆستایانو یانەی سەرکەوتن ئەندام بووەو شوێن پەنجەی لە خەباتی رێکخراوەییو پیشەیی دیارو درەوشاوە بووە. بەشداری شۆڕشی ئەیلولیشی کردووەو لەشاخیش رۆڵی خۆی بینیوە.

درەخشان حەفید بایەخیشی بەنووسینو ئەدەبو شیعر داوەو شیعری بەشێکی زۆری شاعیرانی کوردی لەبەربووە. وتاریشی لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە.

لەژیانی خۆیدا زۆر بەحەپسە خانی نەقیب سەرسام بووەو رێچکەی ئەوی گرتبوو لەکاری پیشەییو خێرخوازیدا. لەخۆشەویستی بۆ حەپسە خان دوو کتێبی لەسەر نووسیوە، یەکێکیان بەناوی(ژیانو تیکۆشانی حەپسە

خانی نەقیب)، ئەو دیکەیان ئەلبومێکی وێنەییە بەناوی (ئەلبومی حەپسە خانی نەقیب). کتێبێکی دیکەشی هەیە لەسەر مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنانو تیشکی خستۆتە سەر مێژووی تێکۆشانی ژنانی باشوری کوردستانو زانیاری گرنگی لەو بارەیەوە تۆمار کردووە.

بەحوکمی پسپۆڕیو شارەزایی لەمێژوو، لەساڵی ١٩٩٧ بەئەندامی بۆردی ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان دانراوە کە مامۆستا جەمال عەبدول سەرۆکی بووە.

دوای خزمەتێکی زۆر لەکایەکانی پەروەردەو خوێندنو خەباتی پیشەییو نیشتمانی، درەخشان حەفید لەرۆژی ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردو لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

درەخشان حەفید، لە قۆناغێکی سەختو دژواردا، ئالآی خەباتی پیشەییو نیشتمانی بەرز کردەوەو ئالآکەی تا دوا مەنزڵ بەبەرزی راگرت. ئەوەی نیشاندا ژنو پیاو دوانەیەکن یەکتر تەواو دەکەن.

# دلێر ئیبراهیم



هونەرمەند دلێر ئیبراهیم ناوێكی دیارو ئەستێرەیەكی پرشنگداری هونەری مۆسیقای كوردستانەو وەك سەربازێكی ون خزمەتی زۆری پێشكەش بەگەل‌و نیشتمانەكەی كردووە.

كاروانی كارە هونەرییەكانی كە لەسەرەتای سالانی حەفتاكانی سەدەی رابردووەوە دەستی پێكردووە، تائێستا بەردەوامە.

سالی ١٩٧٣ بووە بەئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی‌و پاش ماوەیەك بەئەندامی دەستەی كارگێڕی‌و ئەندامی لیژنەی هونەریی تیپەكە هەڵبژێردراوە. سالی ١٩٧٤ پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە كردووەو بووە بەپێشمەرگەو لەتیپی مۆسیقای شۆڕش خزمەتی كردووە.

دوای شكستی شۆڕش گەڕایەوە سلێمانی‌و خۆی بۆ كاری پەروەردەو هونەر تەرخان كردو وەك مامۆستایەكی بەتوانای هونەری رۆڵی دیاری گێڕا لەپەروەردەكردنی هونەریی منالانداو لەوچوارچێوەیەدا سەرباری وتنەوەی وانەی هونەر بەخوێندكاران، چەند تیپێكی مۆسیقای منالانی دروستكرد، لەوانە تیپی مۆسیقای شێخ مەحموودی سەرەتایی‌و تیپی مۆسیقای نەورۆزی سەرەتایی. ئەوانە بوونە ناوكی دروستكردنی تیپی مۆسیقای میللی منالانی سلێمانی، كە تیپێكی هێندە بەتوانا بوو، توانی لەسالانی ١٩٧٦و ١٩٧٧ دوو جار لەفیستڤاڵە هونەرییەكانی وەزارەتی پەروەردەی عێراقدا پلەی یەكەم بەدەست بهێنێ.

هونەرمەند دلێر ئیبراهیم كەسێكی دڵسۆزو كوردپەروەر بوو، هەربۆیەش لەساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە كردو وەك كادرێكی سیاسیی پێشكەوتووی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەكەرتی رێكخستنی دوكان خزمەتی كرد.

مامۆستا دلێر ئیبراهیم لەشاخیش هونەری لەبیر نەكرد، ساڵی ١٩٨٣ بەشداری لەدامەزراندنی یەكێتیی هونەرمەندانی كوردستان كردو ئەندامێكی چالاكو هەڵسوڕاوی ئەو رێكخراوە پیشەییە بوو. رۆڵی دیاری هەبوو لەبەگەرخستنەوەی تیپی مۆسیقای شەهید كارزانو بوو بەسەرۆكی ئەو تیپەو چەند بەرهەمێكی هونەریی بەرگری ناوازەی تۆمار كرد.

هونەرمەند دلێر ئیبراهیم لەبەرهەمە هونەرییەكانیدا ئامێرەكانی كەمانو ڤیۆلاو بێزگیتاری بەكارهێناوە. ئاوازو شیعری بۆ چەندین گۆرانیو سروود داناوە كە هونەرمەندانی وەك ئازاد خانەقینیو شوان كابانو عەتای حاجی عەلیو عەبدولقادر حەسەن وتویانە.

مامۆستا دلێر ئیبراهیم لە تیپەكانی مۆسیقای سلێمانیو شۆڕشو شەهید كارزانو پیرەمێرد وەك موزیكژەنو موزیكدانەر خزمەتی كردووەو هاوكاری تیپەكانی ترو هونەرمەندانی بەبێ جیاوازی كردووە.

بایەخی بەنووسینی هونەری داوەو خاوەنی كتێبی( تیۆریی مۆسیقا)یە كە ساڵی ١٩٧٦ نووسیویەتیو ساڵانی ١٩٩٠و ٢٠٠٥ دووجار چاپی كردۆتەوە.

مامۆستا دلێر ئیبراهیمی هونەرمەند بەرهەمو خزمەتێكی زۆری هونەری پێشكەش كردووەو خاوەنی چەندین بەرهەمی بەنرخە، بەرهەمەكانی هێندە جوانو ئاستبەرز بوون، چەندین خەڵاتیان بردۆتەوە.

خۆشی وەك هونەرمەندێكی گەورەو نمونەیی چەندین خەڵات كراوە لەوانە خەڵاتی بلەو خەڵاتی وەزارەتی رۆشنبیری عێراق .

# دڵدار



دڵداری شاعیری نیشتماپەروەر و شۆڕشگێڕ، سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیبی بۆ کۆماری کوردستان (مەهاباد) نووسی و ئەو سرووده بووە مارشی ئەو کۆمارە ساوایە و ئیدی لەوکاتەوە ئەو سروودە بەرزە وەك دەقێکی پیرۆز و مارشی نیشتمانیی کوردستان سەیری دەکرێ . تا ئێستا هێندە پێگەیەکی نەتەوەیی بەهێزی هەیە، هیچ سروودێکی دیکە جێگەی پێ لەق نەکردووە و بە بەرزی و پیرۆزی ماوەتەوە. دڵدار، ئەگەر چی تەمەنێکی کەم ژیاو لە تاڤ لاویدا کۆچی دوایی کرد، بەڵام بەهۆی ئەو سروودە بەرزە و بەرهەمەکانی دیکەیەوە وەك شاعیرێکی گەورە و نەمر و پایەدار ماوەتەوە.

دڵدار، ناوی تەواوی (یونس ڕەئوف مەحمود)ە و لە ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ١٩١٨ لە شاری کۆیەی مەڵبەندی زانست و ڕۆشنبیری و هونەر لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە کۆیە و ڕانیە و کەرکوك و بەغدا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٤٥ بڕوانامەی حقوقی لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە و بووە بە پارێزەر.

دڵدار لە کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا تێکەڵاوی ژیانی سیاسی بووە و بووە بە ئەندامی حزبی هیوا و بەهۆی چالاکی و هەڵسوڕانی سیاسییەوە زیندانی کراوە.

سەرباری خەباتی سیاسی، دڵدار لە مەیدانی ئەدەبیشدا ڕۆڵی خۆی گێڕاوەو هەر زوو کەوتۆتە ژێر کاریگەری شیعرەکانی نالی و حاجی قادری کۆیی و عەونی و وەفایی و بێکەس و پیرەمێرد، چەندین شیعری جوانی لە ڕشتە جیاجیاکاندا نووسیوە.

دڵدار خاوەنی چەندین بەرهەمە، لەدیارترینیان دیوانی شیعرەکانی و یاداشتەکانێتی. ئەم شاعیرە شۆڕشگێڕ و ناودارەی کوردستان لە تاقی لاوی و بەجوانەمەرگی و لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا لە ڕۆژی ١٢-١١- ١٩٤٨ بەیەکجاری لە شاری هەولێر سەری نایەوە وماڵئاوایی لە ژیان کرد، بەڵام بۆ هەتا هەتایە ناوی بە نەمری لەلاپەڕە درەوشاوەکانی مێژووی کورد و کوردستاندا دەمێنێتەوە.

# دڵشاد مەریوانی



دڵشاد مەریوانی، ئەدیب و ڕوناكبیرێكی ناسراو و تێكۆشەرێكی قارەمانی كوردستان بوو، لەڕێی قەڵەم و تفەنگەوە خزمەتێكی زۆری بە گەل و نیشتمانەكەی كرد و گیانی خۆشی كردە قوربانیی بیرو باوەڕو كوردستانەكەی.

دڵشاد محەمەد ئەمین فەتاح، كە بە دڵشاد مەریوانی ناسراوە لەرۆژی٢٨ی ئاداری ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. نازناوی مەریوانی لەوەوە هاتووە كە خانەوادەكەیان بە ڕەچەڵەك خەڵكی ناوچەی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بوون. مەریوانی قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو كرد . بۆ خوێندنی زانكۆ چووە بەغدا و ساڵی ١٩٧٢ بەكالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی كوردی لە زانكۆی بەغدا وەرگرت. مەریوانی هەر لە سەرەتای گەنجییەوە خولیای تێكۆشانی كوردایەتی بوو، لە كۆتایی ساڵانی پەنجاكانی سەدەی ڕابردوودا لەڕێی یەكێتیی قوتابیانی كوردستانەوە تێكەڵ بە جوڵانەوەی پیشەیی و سیاسی بوو، بەشداری شۆرشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی كردو خزمەتێكی زۆری بەخەباتی كوردایەتی كرد. بەهۆی هەڵویستە سیاسییەكانییەوە چەندین جار تووشی گرتن و ئازاردان و ڕاونان بۆوە، تا ڕژێمی فاشی بەعس لە زیندان شەهیدی كرد.

بوارەکانی ئەدەبی و ڕوناکبیری و هونەری مەیدانی ئەساسی تێکۆشانی مەریوانی بوون ، لەو بوارانەدا خزمەتێکی زۆری پێشکەش بەکاروانی کولتووری کوردستان کرد و شوێن پەنجەی بە خزمەتکردنی ئەو بوارانەوە دیارە.

مەریوانی وەرگێڕێکی بەتوانا و بەسەلیقە بوو، شیعری بەرگریی شاعیرانی عەرەب و فارس و ئەوروپی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

دڵشاد مەریوانی خاوەنی چەندین کتێب و نامیلکەی چاپکراوە لەوانە: (فرمێسك و زەردەخەنە، یەکەم هەنگاو، دڵدارانی شۆڕش، پێشوازی خاوەنشکۆ، ببین بە تیشك، بەپەنجەکانم ئەتبینم، سەمفۆنیای وەنەوشە، دێر یاسین) و چەندانی دیکە.

مەریوانی وەك ئەکتەری شانۆیی و سینەمایی خزمەتی هونەری کوردی کردووە. بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکانیەوە لە ڕۆژی ١٢ی شوباتی ١٩٨٩ لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە دەستگیر کرا و لەڕۆژی ١٣ی ئاداری ١٩٨٩ بە شێوەیەکی دڕندانە لە زیندان شەهید کرا.

# رادیۆی كوردیی بەغدا




رادیـــۆی كـــوردی بەغـــدا لەســـەردەمی پاشایەتیو كۆماریدا ٦٤ سـاڵ خزمـەتی كـرد، سـەرباری ئـەوەی ئـەو رادیۆییـە رادیۆیـــەكی رەسمـــی دەوڵـــەت بـــوو، تـەعبیری لەسیاسـەتی رەسمـی دەوڵـەت ئـــەكردو لەســـۆنگەی بەرژەوەنـــدیی دەوڵەتـەوە كـاری ئـەكرد، بـەڵام لـەرووی رۆشـــنبیریو هونـــەریو مێژووییـــەوە خزمـــەتێكی زۆری بەگـــەلی كوردســـتان كـــــردووە. رۆژی ٢٩ی كــــانوونی دووەمـی١٩٣٩، بۆیەكـەمجار ئـەم رادیۆیـە وەك بەشـێكی بچووكی رادیـۆی عەرەبیی بەغدا بۆ ماوەی چارەكە سەعاتێك بەرنامەكانی پەخشكرد. سەرەتا هەواڵـەكانو یـەك دوو گـۆرانی پـەخش ئـەكرد، دواتـر مـاوەی پەخشـی بەرنامـەكانی زیـادی كـردو رادیۆكـە لەبەشـەوە بـوو بەرێوەبەرایـەتیو لـەدوا ساڵەكانی تەمەنیدا ١٨ سەعات بەرنامەكانی پەخش ئەكرد.

لەساڵانی سـەرەتاو لەسـەردەمی پاشـایەتیدا رادیۆیەكـە بایـەخی بەهونـەرو رۆشـنبیریو ئـەدەبی كـوردی ئـەداو سانسـۆرێكی ئـەوتۆی لەسـەر نـەبوو. هەربۆیـــەش چـــەندان هونەرمەنـــدی كـــورد روویـــان لـــەو رادیۆیـــە كـــردو بەرهەمەكانیان لەوێ تۆمار و بڵاوكردەوە.

هونەرمەنـــدانی گـــەورەی وەك( عـــەلی مـــەردان، حەســـەن زیـــرەك، تـــاهیر تۆفیق،شـــەماڵ ســـاییب، حەســـەن جزیـــری، بـــاكووری، نەســـرین شـــێروان،

رەسـول گـەردی، محەمـەد عـارف جزیـری)و چـەندانی تـر لـەو رادیـۆوە گۆرانییـەکانیان تۆمـارو پەخشـکراو لەسەرانسـەری کوردسـتاندا دەنگیـان دایەوەو لەلایەن خەڵکەوە ناسران.

ئـەم رادیۆیـە لەسـاڵانی چلو پەنجاکانـدا، هێنـدە گـرنگو بایەخـدار بـوو، روناکبیرانی گـەورەو ناسـراوی وەك (ئیبراهیم ئەحمەد،محەمـەد ئـەمین زەکـی بـەگ، تۆفیـق وەهـبی، رەشـید نەجیب،جـەمال بابـان)و چـەندانی تـر خۆبەخشانە پشتیوانی ئەدەبیو رۆشنبیرییان ئەکرد.

تـا سـەردەمی رژێمـی بـەعس، ئـەو رادیۆیـە خزمـەتی زۆری لـەبوارەکانی رۆشـنبیریو هونـەری پێشـکەش کـردو نزیکـەی ٥٠٠ هونەرمەنـد گۆرانییەکانیان لەو رادیۆیەوە پەخش ئەکرا.

دەیان بەرنامەی رۆشنبیریو هونەریو مێژوویی پەخشکرد.

بەڵام لەسـەردەمی رژێمـی بەعسـدا، مـەوداکانی ئـازادی کلۆم دراو رادیۆکـە بـووە زوڕنـاژەنی رژێمـی بـەعسو بـەرگری لەسیاسـەتە دزێوەکـانی ئـەکردو دژی شۆڕشی کوردستان پڕوپاگەندەی ژەهراوی ئەکرد.

ساڵی ٢٠٠٣ لەهێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر شاری بەغدا، دەزگا ئیعلامییـە دزێوەکانی ئەو رژێمە کرانە ئامانجو رادیۆی کوردیی بەغداش بەرکەوتو بۆ هەتا هەتایە ئەو رادیۆیە بێدەنگ کرا.

# ڕازی



بەرەبەیانی ٩ی ئابی ٢٠١٥ شاعیری هەست ناسك (ڕازی) لە شاری سلێمانی كۆچی دوایی كرد. ئەم شاعیرە گەورەیە كە خزمەتێكی گەورەی بە بواری ئەدەب و ڕوناكبیریی كوردی كردووە، بە هێمنی ژیا و بە هێمنی ماڵئاوایی كرد، بەداخەوە مردنەكەی نەبووە جێگەی بایەخی میدیاكان.

سابیر سەعید شوكری، لە دنیای ئەدەبدا بە(ڕازی) ناسرابوو. ساڵی ١٩٣٧ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. بە كار و كەسابەتەوە سەرقاڵ بووە و كاری سەعاتچێتی و گوڵفرۆشیی سروشتی كردووە. هەر لەمنداڵییەوە خولیای شیعر بووە و سەردانی قەلەندەرخانەكەی پیرەمێردی نەمری كردووە. دوكانەكەی لە شەقامی مەولەویی سلێمانی شوێنی كۆبوونەوەی ئەدیبان و نوسەران بووە، هاوڕێی نزیكی شاعیران (عەلی باپیر ئاغا، ئەخۆڵ و دیلان) بووە. لە ڕووی شیعرەوە خاوەنی تایبەتمەندی خۆی بووە و بە شێوازی كلاسیكی شیعرەكانی نووسیوە. شیعرەكانی شیعری نیشتمانی و عەشق و جوانپەرستی و وەسفكردنی دیمەنەكانی سروشتی كوردستان بوون. لەبەر ناسكی شیعرەكانی بەشێكیان كراون بە گۆرانی.

ڕازی بەرهەمەكانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەكانی كوردستاندا بڵاوكردۆتەوە. خاوەنی چەندین بەرهەمی ناوازەیە لەوانە: (دیوانی ئازار و ئەوین، داستانی سورمە خان، دیوانی وەلی دێوانە، كە لەهەورامییەوە بۆ شێوە زاری كرمانجی خواروو وەریگێڕاوە). خاوەنی چەند شیعرێكی دیكەیە كە بە چاپ نەگەیەنراون.

# شێخ ڕەزای تاڵەبانی



شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیرێکی گەورە و دیاری کوردستانە و خاوەنی دەنگێکی جیاوازی شیعرییە ، زۆربەی شیعرەکانی شیعری هەجوو و توانج و پلارن، لەو بوارەدا لەناو ئەدەبی کوردیدا کەسێکی بێ ڕکابەر و خاوەنی قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆیەتی و نەتوانراوە درێژەی پێ بدرێ و شوێنی پڕ نەکراوەتەوە.

شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی مەلا مەحمودی زەنگنەیە و بە شێخ ڕەزای تاڵەبانی ناسراوە . ساڵی ١٨٣٥ لە گوندی (قرخ)ی سەر بەناوچەی چەمچەماڵ لە خێزانێکی ئەدەبدۆست و زانستپەوەردا لەدایك بووە.

باوکی زانا و شێخی عیرفان و شاعیر بووە. سەرەتا لەسەر دەستی باوکی خوێندویەتی و دواتر بۆ خوێندن و وەرگرتنی زانست چۆتە کەرکوك و کۆیەو سلێمانی، لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا خوێندنی تەواو کردووە و بووە بە مەلا و ئیمامی مزگەوت.

شێخ ڕەزا هەرسێ زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی بە ڕەوانی زانیوە. دووجار سەفەری ئەستەنبوڵی کردووە و لەوێ ماوەتەوە و بەوەش بە زمان و ئەدەبی تورکی ئاشنابووە و توانیویەتی بە زمانی تورکی شیعر بهۆنێتەوە. بە زمانەکانی فارسی و عەرەبیش شیعری نووسیوە.

ساڵی ١٨٩٨ لە ئەستەنبوڵ گەڕاوەتەوە و بە یەكجاری لـە بەغدا و لەتەكیـەی تاڵەبانی جێگیر بووە تا دوا ڕۆژەكانی ژیانی لەوێ بووە.

ئەم شاعیرە گەورەیەی كورد جێگەی سەرنجی ڕوناكبیران و توێـژەران بـووە، چـەندین لێكۆڵینـەوە لەسـەر شـیعرەكانی كـراون. خـاوەنی قوتابخانەیـەكی تایبـەتی شـیعریی ئـەدەبی كوردییـە. شـیعرەكانی شـێخ ڕەزا لـە دووتـوێی دیوانێكـدا بـەناوی دیـوانی (شـێخ ڕەزای تاڵـەبانی) كۆكراونەتـەوە و چـەند جارێك چاپ و بڵاوكراوەتەوە. ئەم شـاعیرە پایەبـەرزەی كوردسـتان لـە ڕۆژی ١٣ی كـانونی دووەمـی ١٩١٠ لـە شـاری بەغـدا كۆچـی دوایـی كـرد و لـە گۆڕسـتانی گـەیلانی و لـە نزیـك شـێخ عەبـدولقادری گـەیلانی بـەخاك سپێردراوە.

# ڕەسوڵ گەردی



ڕەسوڵ گەردی، هونەرمەندێکی دیار و ناسراوی کوردستانە و خزمەتێکی گەورەی بەهونەری کوردی کردووە.
ڕەسوڵ ئیبراهیم سوڵتان، بە ڕەسوڵ گەردی ناسراوە. ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی قەلادگەی نزیك شاری هەولێر لەدایك بووە. لە هەولێر خوێندویەتی و هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە خولیای هونەری گۆرانی و مەقام و حەیران بووەو لەو بوارانەدا خزمەتێکی گەورەی پێشکەش کردووە.
گەردی ساڵی ١٩٤٧ چۆتە شاری بەغداو لەڕێی ڕادیۆی کوردیی بەغداوە بەرهەمە هونەرییەکانی پێشکەش بە خەڵکی کوردستان کردووە و لەو ڕێگەوە لە سەرانسەری کوردستاندا ناسراوە. گەردی ئەو ماوەیەی لە ڕادیۆی کوردی بەغدا بووە ٦٨٠ گۆرانی و مەقام و حەیرانی تۆمار کردووەو وەك گەنجینەیەکی هونەری بەنرخ ماوەتەوە. ڕەسوڵ گەردی شاعیریش بووەو نازناوی شاعیری (بێزار) بووە و هەربۆیەش حەزی کردووە بە ڕەسوڵ بێزار گەردی ناوی بهێنرێ. لە بواری شیعر و ئەدەبدا خاوەنی چەندین کتێب و نامیلکەیە.
ئەم هونەرمەندە ناودارەی کورد لەرۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤ و لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

# ڕەسوڵ هەمزەتۆڤ



ئەگەرچـی ڕەسـوڵ هـەمزەتۆڤ لەگونـدێكی بچـووكی بـاكوری ڕۆژهـەڵاتی قەفقاسـی سـەر بـەكۆماری داغسـتان لـە دایـك بـووەو بەرهەمـەكانی بـەزمانی ناوچـەیی ئاڤاری نووسـیوە، كـە لـەو كاتـەدا تـەنها ١٧٠٠٠٠ كـەس قسـەیان پێكـردووە. كەچـی شـیعرو بەرهەمەكانی هێندە جوانو سەرنجڕاكێش بوون، بۆ زمانی ڕوسیو زۆربەی زمانە زیندووەكانی جیهان وەرگێڕدراون.

خوێنـەری كورد، لـەڕێی كتـێبی ( داغسـتانی مـن) ەوە، ڕەسـوڵ هـەمزەتۆڤی ناسی، ئـەو كتێبە مامۆستا عـەزیز گـەردی لـەزمانی ئینگلیزییـەوە بۆ سـەر زمانی شیرینی كوردی لە دووتوێی دووبەرگی ٦٦٨ لاپەڕەییدا وەریگێڕا، هێندە بەجوانی دایڕشتووە، ئەڵێی لەبنەڕەتدا بەكوردی نووسراوە.

ڕەسـوڵ هـەمزەتوڤ، سـاڵی ١٩٢٣ لەگونـدی (تسـاد)ی بـاكووری ڕۆژهـەڵاتی قەفقاسی سەر لێواری دەریای قەزوینی كۆماری داغستان لەدایك بووە.

لەداغستانو مۆسكۆ خوێندوویەتی، ساڵی ١٩٥٠ پـەیمانگای گۆركی تـەواو كردووە.

بـەهۆی ئـەوەی بـاوكی شـاعیر بـووە، هـەر زوو خولیـای شـیعر بـووە، بـاوكی دەسـتی گرتـووەو فێـری هونـەری شـیعر نووسـینی كـردووە، لەتەمـەنی ١١ ساڵیدا یەكەم پارچە شیعری بڵاوكردۆتەوە.

سـاڵی ١٩٤٣ یەكـەم دیـوانی شـیعری بـەناوی (خۆشەویسـتی گـەرمو ڕقـی سـوتێنەر) بڵاوكردۆتـەوە، سـاڵی ١٩٩٤ دوا دیـوانی خـۆی چـاپو بڵاوكردۆتـەوە. خـاوەنی زیـاتر لـە ٣٠ دیـوانی شـیعرو پەخشـانە. بەشـێكی

شیعرەکانی کراون بەگۆرانی. ئەگەرچی هەمزەتۆڤ، زۆربەی ڕۆژانی ژیانی لە گوندەکەی و داغستان بەسەر بردووەو بەزمانی ناوچەیی شیعرو بەرهەمەکانی نووسیوە، لەبەرجوانی و بەپێزی بەرهەمەکانی سنووری گوندو شارو وڵاتەکەی بەزاندووەو لەسەرانسەری گۆی زەویدا بڵاو بوونەتەوە.

هەمزەتوڤ دەڵێ: سەرەتا شیعرم بۆ خێزان و گوندەکەم دەنووسی، دواتر بۆ داغستان و رووسیا، لەکۆتاییدا شیعرەکانم ئەو سنورانەیان بەزاندو بوون بە بەرهەمی هەموو مرۆڤایەتی.

مامۆستا عەزیز گەردی لە کتێبی (داغستانی من)دا بەشیلەی میهرەبانیی مرۆڤایەتی وەسفی دەکات. بەهۆی شیعرە بەرزەکانییەوە، چەندین جار لەسەر ئاستی وڵات و جیهان خەڵات کراوەو ڕێزی لێنراوە.

ساڵی ٢٠١٣ لەناوەڕاستی شاری مۆسکۆدا، پەیکەرێکی شایستەی بۆ دروستکرا.

هەمزەتۆڤ، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیتات و سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی داغستان بووە. وەك شاعیرو نووسەر ڕەخنەی لە سیاسەتی ڕەسمی یەکێتیی سۆڤیەت هەبووەو دژی سیستمی چاودێری بەرهەمی نووسەران بووە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەروخانی یەکێتیی سۆڤیەت نیگەران بووە، هەمیشە لەگەڵ ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتی شاخان( کۆماری داغستان) بووەو وتویەتی:

داغستان وەك ئەسپی ڕەسەنە، لەژێر سایەی کەسێکی تردا هەڵناکات!

ئەم نووسەرە ناودارەی داغستان و هەموو جیهان، لە ڕۆژی ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٣ بۆ دواجار چاوە پڕ لەهیواکانی لێکناو چووە ریزی نەمرانی جیهانەوە.

# رەشاد موفتی



بنەماڵـەی مـوفتی یـەكێك لەبنەماڵـە دێـرینو ناسراوەكانی شاری هەولێرن ، مێـژووی ئـەوان ئـاوێزانی مێـژووی قـەڵا بـووە، ئـەم بنەماڵـە نـاودارە خـاوەنی چـەندین كەسـایەتیی نیشـتمانیو ئـاینیو زانسـتیو ئـەدەبیو كۆمەڵایـەتین، لەقۆناغـە جیاجیاكانـدا خزمـەتی زۆریـان بـە هـەولێرو كوردسـتان كـردووە. بەرهـەمو بەخششـەكانیان لـە لاپـەڕە درەوشاوەكانی مێژووی كوردستاندا بەشانازییەوە تۆمار كراوە.

رەشـاد مـوفتی ئەسـتێرەی درەوشـاوەی ئـەو بنەماڵەیەیـەو كەسـایەتییەكی گەورەی نیشتمانیو ئاینیو ئەدەبی كوردستان بوو، لەو رشتە جیاوازانەدا خزمەتێكی زۆری پێشكەش بەگەلو وڵاتەكەی كردووە.

رەشاد كوڕی محەمەد موفتی كوڕی مەلا عوسمان كوڕی مەلا ئەبوبەكر كوڕی حـاجی عومـەر ئەفەنـدی نـاوی تـەواوی ئـەم كەسایەتییە گەورەیـەو بەرەشـاد موفتی ناسراوە. لە نێو جەرگەی یەكـەمین جـەنگی گێتیو لەسـاڵی ١٩١٥ لـە قەڵای دێرینو سەركەشی هەولێر لەدایك بووە.

لەو شارەدا خراوەتە بەرخوێندنو قۆناغی سـەرەتایی خوێنـدووە. دواتـر لای باوكیو مەلا ئەفەندی دەرسە ئاینییـەكانی خوێنـدووەو زمانـەكانی تـوركیو فارسیو عەرەبی فێر بووە.

ساڵی ١٩٣٤ بۆ خوێندن چۆتە زانكۆی ئەزهەر، دوو ساڵ لەو زانكۆیە خوێندوویەتیو سەركەوتوو بووەو بڕوانامەی وەرگرتووەو گەڕاوەتەوە شاری هەولێر.

ئیدی لە مزگەوتی گەورەی قەڵا، كەباوكی پێشنوێژی بووە، خزمەتی كردووە، ئەركی ئاینیو وتنەوەی دەرسە ئاینیەكانی لەئەستۆ گرتووە.

دوای كۆچی دوایی باوكی لەساڵی ١٩٤٦، بووە بەپێشنوێژی مزگەوتی گەورەی قەڵاو ئەركە ئاینیەكانی وەك پێشنوێژیو وانەوتنەوەو فەتوای لەئەستۆ گرتووە.

ڕەشاد موفتی زانایەكی كوردپەروەر بووەو بایەخی زۆری بەزمانی شیرینی كوردی داوەو هەوڵی پێشخستنی داوە.

یەكەم مەلا بووە كە لەو ساڵانەدا وتاری نوێژی هەینی بەزمانی كوردی پێشكەش كردووە.

هەروەها مەولودنامەی پێغەمبەری كردووە بەكوردیو ساڵی ١٩٥٠ لەچاپخانەی كوردستانی گیوی موكریانی چاپی كردووەو لە بۆنەی مەولوددا بەزمانی كوردی پێشكەشی ئامادەبوانی كردووە. میعراجنامەو ئیسماعیلنامەشی كردبوو بەكوردیو چاپی كردبوون.

ڕێورەسمی حەجی ماڵی خوداشی هەر بەزمانی كوردی بەڕێوە بردبوو.

بەهۆی ئەوەی شارەزایی تەواوی لەشەرعو یاسادا هەبووە، ساڵی ١٩٥٦كراوە بە قازی لە دادگای كەركوك، ساڵی ١٩٥٧ وەك قازی بۆ دادگای سلێمانی گوازراوەتەوە. ساڵی دواتر وەك قازی گەڕاوەتەوە دادگای هەولێرو تا كاتی خانەنشین بوونی لەساڵی ١٩٧٨ بەردەوام بووە.

ڕەشاد موفتی سەرباری كاروباری شەرعو ئاینی، بایەخی زۆریشی بەئەدەب بەگشتیو شیعر بەتایبەتی دابوو،خاوەنی چەندین دەقی شیعری جوانو بەزرە كە بەزمانەكانی (كوردیو عەرەبیو توركیو فارسی)

نووسیونیو لە دوو تویّی دیوانیّکدا چاپو بڵاو کراونەتەوەو شیعری بڵاونەکراوەشی هەیە. بۆ یادی کۆچی دوایی کانی شاعیر ئەم شیعرەی نووسیوە:

بیر لە میّژووی کۆچی شاعیر واجبی ئینسانی یە

با لەبۆ هەمووی بنیّرین فاتیحەی ئینسانی یە

کۆڕەکەی ئەمرۆکەمان بۆ شاعیریّکە زۆر بەناو

جەبری نەقسی شیعرە جەبباره، تەخەلوس کانی یە

رەشاد موفتی زانایەکی کراوە بووە، بەشداری ریّورەسمە ئاینیو ئەدەبیو کۆمەڵایەتییەکانی کردووە. ئەندامی یەکیّتیی نووسەرانی کوردو کۆڕی زانیاری کوردو سەرۆکی ئەنجومەنی زانایانی هەولیّر بووە.

رەشاد موفتی زمانەکانی عەرەبیو فارسیو تورکی بەباشی زانیوە، خاوەنی کتیّبخانەیەکی دەوڵەمەند بووە، سەدان کتیّبو دەستنووسی بەنرخی بەزمانی کوردیو زمانەکانی دیکە تیّدا بووەو وەك یادگاری لەدوای بەجیّماوەو نووسەرانو تویّژەرانو خویّندکارانی ماستەرو دکتۆرا بۆ نووسینی تیّزەکانیان سوودی لیّوەردەگرن.

رەشاد موفتی خاوەنی زیاتر لە ٢٠ کتیّبی بەهاداری ئەدەبیو ئاینیە، کە بەزمانەکانی کوردیو عەرەبی نووسیونیو چاپکراون. چەندین دەستنووسی بەنرخیشی لەدوا بەجیّماوەو تائیّستا چاپ نەکراون.

پاش خزمەتیّکی زۆر بەبوارەکانی ئاینیو ئەدەبیو میّژوویی، رۆژی ١٢ی ئەیلولی ١٩٩٢، رەشاد موفتی زاناو ئەدیبو کوردپەروەر، لەشاری هەولیّر کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی بنەماڵەکەیان لە گوندی باداوە بەخاکی نیشتمان سپیّردرا.

# ڕەشید نەجیب



کەسایەتییەکی دیاری ئیداریو ڕۆشنبیریی کوردستانە، لەو ڕشتانەدا خزمەتێکی زۆری پێشکەش بەگەلو نیشتمانەکەی کردووە.
ڕەشید کوڕی نەجیب ئەفەندی کوڕی مەحمود ئاغا کوڕی هەمزاغایەو لەبنەماڵەی (فەرخە)یە کە بنەماڵەیەکی دیار بوونو لەسەردەمی میرنشینی باباندا پێگەی شایستەیان هەبووە.
ساڵی ١٩٠٦ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە.
لەسلێمانیو بەغدا خوێندوویەتیو وەك فەرمانبەری میری لەزۆربەی شارەکانی کوردستانو عێراق خزمەتی کردووە.
کەسێکی زیرەك بەتوانا بووە، هەر بۆیەش چەندین پلەی باڵای ئیداری وەرگرتووەو لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا وەك پارێزگار لەشارەکانی هەولێرو کەرکوكو موسڵو بەسرە خزمەتی کردووە.
ڕەشید نەجیب کەسێکی ڕوناکبیر بووەو لەبواری ئەدەبی و کولتووریدا بەرهەمەکانی بەنازناوی (فەرامەزر) بڵاوکردۆتەوە، سەرەتا بەشیعر دەستی پێکردووەولە ساڵانی کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا شیعرەکانی لە ڕۆژنامەی ژیان بڵاوکردۆتەوە. دواتر بەرهەمەکانی لەژیانەوەو دیاری لاوانو یادگاری لاوانو گەلاوێژ بڵاوکردۆتەوە.
شیعرەکانی هێندە شیعری جوانو پاراو بوون،جێگەی ستایشی پیرەمێرد بوونو لەڕۆژنامەکەیەوە بەشیعر دەستخۆشی لێکردووە.

گـۆران بەوپــەڕی سەرسـامییەوە لەشـیعرەكانی روانیـوەو وەك مامۆسـتای خـۆیو وەك یـەكێك لەپێشـەنگەكانی نوێكـەرەوەی شـیعری كـوردی سـەیری كردووە.

نەوشـیروان مسـتەفا لەلێكۆڵینەوەیەكـدا بەناوونیشـانی (ژیـان بەتەمـەنترین رۆژنامـــەی كـــوردی ١٩٢٦-١٩٣٨)، رەشـــید نـــەجیب وەك یـــەكێك لەنوێكەرەوەكانی شیعری كوردیو نوسەرێكی بەتواناو ئاگاداری دنیای ئەو سەردەمە وەسفی ئەكات، كە لەرۆژنامەی ژیان بەرهەمەكانی بڵاوكردۆتەوە.

رەشید نەجیب بایەخیشی بە وتارو پەخشانو رەخنەو لێكۆڵینـەوەی زمـانو ئـەدەبی داوەو بەكوردییـەكی جـوانو پـاراوو شـیرین نووسـیویەتی، بـۆ ئـەو سـەردەمەی سـاڵانی سـییەكانو چـلەكانی سـەدەی رابـردوو، ئـەو شـێوازە پاراوەی نووسین جێگەی سەرنج و نیشانەی تواناو سەلیقەی ئەو نووسـەرە بووە.

رەشید نەجیب ئەندامی كۆمەڵەی زانستیو وەرگێڕی ئینگلیـزی ئـەو كۆمەڵـە بووە. وەك مامۆستای خۆبەخشیش لە قوتابخانەی زانستی وانەی وتۆتەوە.

سكرتێری كۆمەڵـەی پشـتیوانی كـوردانو ئەنـدامی جەمعییـەتی هیـوا بـووە. سـاڵی ١٩٤٩ بەرێوەبـەری هـەردوو بەشـی عـەرەبیو كـوردی رادیـۆی بەغـدا بووەو وتاری بۆ رادیۆكە نووسیوە.

رەشـید نـەجیب چیرۆكیشـی نووسـیوەو خـاوەنی دوو چـیرۆكی كورتـە كـە لـــەگۆڤاری گەلاوێـــژ بـــڵاوی كردونەتـــەوە. هەرچـــەند بـــەهۆی ســـەرقاڵی بـەكاروباری ئیدارییـەوە وازی لەنووسـین هێنـابوو، بـەڵام سـاڵی ١٩٦٧ واتـە ساڵێك پێش كۆچی دوایی رۆمانێكی بەناوی (مامۆستا برزوو) نووسی بـوو، بەڵام تەواوی نەكردبوو.

رەشید نـەجیب بـەهۆی ئـەوەی كـە زمانـەكانی ئینگلیـزیو عـەرەبیو فارسـی بەباشی زانیبوو، چەند بەرهەمێكی بۆ سەر زمانی كوردی وەرگێڕابوو.

لەکۆتایی ساڵانی چلەکاندا، وانەکانی پەروەردەو مێژووی پرۆگرامەکانی خوێندنی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕا بوو.

ئومێد ئاشنا ژیان و بەرهەمەکانی رەشید نەجیبی لەدووتوێی کتێبێکدا ئامادە کردو لەلایەن دەزگای ئاراسەوە چاپکراوە.

ئەم کەسایەتییە ئیداری و روناکبیرییە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٨ لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی ئەعزەمییە بەخاک سپێردراوە.

بەبۆنەی کۆچی دواییەوە، د. مارف خەزنەدار نووسینێکی پڕ هەستی جوانی لە رۆژنامەی برایەتیی رۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٨ لەسەر نووسیوە.

# ڕەشۆڵ



ڕەشـــۆڵ، هونەرمەنـــدێكی دیـــار و ناســـراوی كوردســـتانە و بـــە دەنگـە بەســــــــــۆز و ئەفســــــــــوناوییەكەی خزمـەتێكی زۆری بە هونـەری كـوردی كردووە.

ڕەشید حاجی عەبدوڵڵا میرزا عـەزیز، نـاوی تـەواوی ئـەو هونەرمەندەیـەو بە ڕەشـــۆڵ ناســـراوە. ســـاڵی ١٩١٢ لـــە گەڕەكی سەرشەقامی شاری سلێمانی لـە بنەماڵەیـەكی نـاودار لـەدایك بـووە. ڕەشـۆڵ هـەر لـە سـەرەتای ژیـانی لاوێتییەوە خولیـای هونـەری گـۆرانی و مـەقام بـووە. لـە بیستـەكانی سـەدەی ڕابـردوودا لەگـەڵ مـەلا كـەریمی هونەرمەنـد چـوونەتە بەغـدا و لـەوێ چـەند گـۆرانییـەكیان لەسـەر قـەوان تـۆمـار كـردووە. لـەدوای كردنـەوەی ئیزگـەی كوردی بەغدا، چەند گۆرانی و مەقامێكی دیكەی تۆمار كردووە و لەڕێی ئـەو ئیزگەیەوە لە سەرانسەری كوردستاندا ناسراوە.

ڕەشـۆڵی هونەرمەنـد بایـەخی زۆری بـە مـەقام داوە و لـە سـاڵانی چـلەكاندا چـەند مـەقامێكی تـری تـۆمـار كـردووە. ڕەشـۆڵ لەگـەڵ تیپـی مۆسـیقای مەولـەوی كـاری كـردووە و چـەند گـۆرانی و مـەقامێكی دیكـەی لەگـەڵ ئـەو تیپیـە تـۆمـار كـردووەو بەرهەمـەكانی لەگـەڵ ئـەو تیپـەدا شـكڵێكی بـەرزی

هونەری وەرگرتووە. سەرباری کاری هونەری، ڕەشۆڵ پیاوێکی کوردپەروەر بووە و بەشداری کاریگەی کردووە لە ڕاپەرینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ و بەشداری شۆڕشەکانی کوردستانی کردووە و ئەو کاتەی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە بەهۆی نەخۆشییەوە لە ١٤ی تەموزی ١٩٧٤ کۆچی دوایی کردووە و لە دەربەندی ڕایات بە خاك سپێردراوە.

ئەختەری خێزانیشی ژنێکی ئازا و تێکۆشەر بووە و لە خۆپیشاندانی هێنانەوەی تەرمی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی حەفید لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سلێمانی بە گوللەی دوژمنان شەهید کراوە.

# ڕەفیق حیلمی



ڕەفیق حیلمی، مێژوونوس و ئەدیب و سیاسەتمەدارێکی ناسراوی کوردستان بوو. لە چەندین بوار و ڕشتەی جیاجیادا خزمەتی کردووە. ساڵی ١٨٩٨ لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك لەدایك بووە و دواتر بە ماڵەوە چوونەتە سلێمانی. لە کەرکوك و کفری و سلێمانی و بەغدا خوێندویەتی. خوێندنی باڵای سەربازی لە ئەستەنبوڵ تەواو کردووە. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، بۆتە ڕاوێژکار و وەرگێڕو نوسەری شەخسیی شێخ مەحمودی نەمر. ڕاوێژکاری پەروەردەیی مستەفا پاشا یامولکی وەزیری مەعاریفی حکومەتەکەی شێخ مەحموود بووە.

لە ڕۆژنامەی بانگی کوردستان نووسەر بووە، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال بووە و لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی خۆی بەرهەمەکانی بلاوکردۆتەوە. دەستەی دامەزرێنەری حزبی هیوا و سەرۆکی ئەو حزبە بووە. لە بواری پەروەردەشدا خزمەتێکی بەرچاوی کردووە و پڕۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکانی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە و بەڕێوەبەری مەعاریفی کەرکوك و چەند پارێزگایەکی دیکەی عێراق بووە.

خاوەنی چەندین کتێبی مێژوویی و ئەدەبییە، یاداشتەکانی لە دیارترین بەرهەمەکانێتی کە ئاوێنەی مێژووی ڕووداوەکانی کوردستانی سەردەمی خۆیەتی.

لەرۆژی ٤ی ئابی ١٩٦٠ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوان بە خاك سپێردرا.

# ڕەفیق چالاک



ڕەفیق تۆفیق مەحمود ڕەسوڵ ، کە بە (ڕەفیق چالاك) ناسراوە هونەرمەندێکی دیار و ناسراوی کوردستانە. ساڵی ١٩٢٣ لە گەڕەکی پیرەمەسووری شاری سلێمانی لەدایك بووە. لە قوتابخانەکانی سلێمانی و سەرسەنگ و کۆیە خوێندویەتی و دواتر لە ساڵی ١٩٤١ خانەی مامۆستایانی لادێی لە شاری بەغدا تەواو کردووە و بووە بەمامۆستا.

چالاك لە سەرەتای ژیانی لاویدا خولیای هونەرەکانی شانۆ و گۆرانی بووە و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٣ چۆتە سەر تەختەی شانۆ. لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهاندا لەگەڵ گۆرانی شاعیر و چەند هاوڕێیەکیدا چوونەتە ڕادیۆی یافا لەفەلەستین و بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە بەشی کوردی ئەو ڕادیۆیە خزمەتیان کردووە.

لە ساڵانی ١٩٥٠ –١٩٥٦ لە ڕادیۆی کوردی بەغدا کاری کردووە. ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا، (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان)یان دامەزراندووە و خۆی بووە بە یەکەم سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە.

ڕۆژی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە حامیەی سلێمانی دەستگیر کراوە و بەکەفالەت ئازاد کراوە. چالاك وەك هونەرمەندێك لەسەر هەڵویستە سیاسییەکانی چەند جارێك لە وەزیفە دەرکراوە و زیندانی کراوە. بەشداری لە چەندین شانۆگەریدا کردووە و خاوەنی دەیان گۆرانی و مەقامو سروودی نیشتمانییە. ئەم هونەرمەندە ناودارەی کورد لەڕۆژی ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٣ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسێتی خۆی لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

# ڕەفیقی وێنەگر




ڕەفیقی وێنەگر كەسایەتییەكی دیاریی كولتووریو هونەریی كوردستانە، خۆیو باوكی لەچاوی كامێرا بچووكەكانیانەوە، مێژووییەكی مەزنیان تۆمار كردووە. وێنەی كەسایەتیی نیشتمانیو سیاسیو كۆمەلایەتیو زانستیو فەرهەنگی، دیمەنی شارو گەڕەكو گوند، سروشت، بۆنەی نیشتمانیو نەتەوەیی، شوێنی گشتی، ئاهەنگ، شەڕ، كارەساتی سروشتی، كەوتوونەتە ناو بۆسەی چاوی ئەو كامێرانەوەو تۆمار كراون.

ئیدی ئەو وێنانە بوونەتە تۆمارێكی ڕاستو زیندووی شاری سلێمانیو شارو ناوچەكانی دیكەی كوردستانی گەورە. بەوەش ئەو خانەوادەیە لەڕێی چاوی گەشی كامێرەكانیانەوە، هەزاران وێنەیان گرتووە، بەوەش خزمەتێكی گەورەیان بەمێژووی گەلی كوردستان كردووەو ناویان لە لاپەڕە زێڕینەكانی مێژوودا بەشانازییەوە تۆمار كراوە.

ڕەفیق مەحموود محەمەد كە بەڕەفیقی وێنەگر ناسراوە، ساڵی ١٩٣٢ لەگەڕەكی گۆیژەی شاری سلێمانی چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە.

لەئامێزی خێزانێكی خوێندەوارو نیشتمانپەروەردا پەروەردە بوو. هەر لەمناڵییەوە بەهۆی مەحموود ئەفەنی ڕەسامی باوكییەوە، بە كامێراو فۆتۆ ئاشنا بوو. چونكە باوكی بەفۆتۆگرافەرە پێشەنگو دێرینەكانی شاری

سلێمانی دادەنرێ‌و دوای جەنگی یەکەمی گێتی، بەخۆی‌و کامێراکەیەوە لەشاری قودسەوە بۆ شاری سلێمانی گەڕایەوە. مەحموود ئەفەنی لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا ئەفسەری سوپای عوسمانی بوو،لەلایەن سوپای ئینگلیزەوە بەدیل گیراوەو لەشاری قودس زیندانی بووە. لەزیندان بەشداری خولێکی فۆتۆگرافەری کردبوو و سەرکەوتوو بوو، کامێرایەکی بەدیاری دراوەتێ. دوای ئازادبوونی بەخۆی‌و کامێراکەیەوە گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی. ئیدی کاری فۆتۆگرافەری کردە خولیاو سەرچاوەی بژێویی ژیانی، بەوەش ئەو پیشەیە لای رەفیقی کوڕی خۆشەویست دەبێت‌و درێژەی پێدەدات.

رەفیق سەرەتای ژیانی منداڵی دەخرێتە حوجرەو لەوێ قورئانی پیرۆزو دەرسە ئاینیەکانی دیکە دەخوێنێ،دواتر دەچێتە مەکتەبی رەسمی‌و لەقوتابخانەی فەیسەڵییە درێژە بەخوێندن دەدات.

بەهۆی ئەوەی محەمەد قودسی برای لەگەڵ سێ ئەفسەری دیکەدا بەشداری کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکەن‌و دوای روخانی کۆمار دەگەڕێنەوە عێراق، لەرۆژی ١٩ی حوزیرانی ١٩٤٧ لەلایەن رژێمی پاشایەتییەوە لەسێدارە دەدرێن‌و دواتریش خانەوادەکەی بۆ شارەکانی هەولێرو کۆیەو رواندز نەفی دەکرێن، ئیدی رەفیق دەرفەتی خوێندنی لەدەست دەچێ‌و خۆی بۆ کاری فۆتۆگرافەری تەرخان دەکات.

ساڵی ١٩٥٤ دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی‌و لە نزیک سەرا ستۆدیۆیەکی بەناوی خۆیەوە دادەنێ‌و بەکاری فۆتۆگرافییەوە سەرقاڵ دەبێ‌و ئەرشیفی وێنەیی باوکی دەوڵەمەندتر دەکات.

ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە دەکات‌و دەبێ بەپێشمەرگە، لەژیانی پێشمەرگایەتیش بایەخ بەهونەری وێنەگرتن دەدات‌و چەندین وێنەو ڤیدیۆی جوان‌و ناوازەی ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا دەگرێت.

دوای پێشمەرگایەتی و هاتنەوەی بۆ ناو شاری سلێمانی لەسەر کاری فۆتۆگرافەری بەردەوام دەبێ و زۆربەی تەمەنی خۆی بەو کارە دەبەخشێت.

ئەو وەك خۆی باسی دەکات نزیکەی نیو ملیۆن وێنەی جیاجیای سەرانسەری کوردستانی گەورەی هەیەو نزیکەی ٣٤ هەزار جامی وێنەی نەشۆراوەی هەیە، کە هەموو ئەوانە سامانێکی گەورەو بەنرخی مێژووی کوردستانە.

رەفیق زۆربەی تەمەنی لەگەڵ کامێراو پیشەی فۆتۆگرافەری بەرێکردو بەچاوی کامێراو دەستە رەنگینەکانی مێژوویەکی پڕ شانازی بۆ خۆی و خانەوادەکەی و کوردستان تۆمار کردووە، کە جێگەی ستایش و دەستخۆشییە.

رەفیق بەشێکی وێنەکانی لەگەلەرییەکەی نمایش کرد ، کە مێژوومان بۆ دەگێڕنەوە. ئەو هیوای ئەوە دەخواست کە وێنەو بەرهەمەکانی پارێزراو بن و لەخزمەتی کوردو کوردستاندا بن.

ئەم پیاوە مەزنە لەرۆژی ٨ی ئەیلولی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کردو لەگردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

# رەمزی فەتاح



کەسایەتییەکی دیاری نیشتمانپەوەرو دڵسۆزو دبلۆماتکارو داکۆکیکاری سەرخستی مافەکانی گەلی کوردستان بووەو لەچەند رشتەیەکدا خزمەتی زۆری بەگەل‌و نیشتمانەکەی کردووە.

ساڵی ١٨٩٠ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لەسلێمانی‌و بەغداو ئەستەنبوڵ تەواو کردووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەزانستی سەربازیی لە کۆلیجی سەربازی لە ئەستەنبوڵ بەدەستهێناوەو وەك ئەفسەر لەسوپای عوسمانی خزمەتی کردووە.

یەکێك لەروخسارە سیاسیی‌و دبلۆماتییە دیارەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست بووەو رۆڵی دیارو بەرچاوی لەجوڵانەوەی سیاسی ئەو سەردەمەدا هەبووەو ئەندامی زۆربەی کۆمەڵەو رێکخراوە سیاسی‌و روناکبیرییەکان بووە.

زۆربەی ئەو یاداشت‌و سکاڵایانەی ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان‌و بەرپرسانی ئینگلیزو حکومەتی عێراق کراوە، ناوو ئیمزای رەمزی فەتاحی لەسەر بووە.

یەکێك لەکارە دیارەکانی رەمزی فەتاح ئەوەبوو، وەك دبلۆماتکارێکی ئازاو بەئەزموون لەرۆژی ١٠ی ئابی ١٩٣٠لەگەڵ وەفدی ئینگلیزو حکومەتی عێراق لەشاری سلێمانی وتووێژی کردووەو لەبەر رۆشنایی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان‌و حکومەتی بەریتانیادا، بەرگرییەکی جوامێرانەی لەمافەکانی گەلی کوردستان کردووەو بەتوندی روبەڕووی وەکیلی مەندوبی سامی‌و وەکیلی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆتەوە.

لەو گفتۆگۆیەدا لەتەلاری پارێزگای سلێمانی لەلایەن ئەشراف پیاوماقوڵان و سەرۆك هۆزەكانی بەشداری كۆبوونەوەكەوە تەخویل كرابوو قسە بكات. رەمزی فەتاح رووی كردۆتە وەكیلی مەندوبی سامی و وەكیلی سەرۆك وەزیرانی عێراق و لەبەر رۆشنایی بڕیارەكانی كۆمەڵەی گەلان و حكومەتی بەریتانیا ئاماژەی بەوە كردووە كە گەلی كورد حكومەتی سەربەخۆی ئەوێ و چۆن عەرەبەكان لەبڕیاری كۆمەڵەی گەلان سوودمەند بوون، ئەبێ كوردەكانیش سوودمەند بن و حكومەتێكی كوردی لەژێر ئینتدابی بەریتانیا دروست بكرێ.

رەمزی فەتاح لە گفتوگۆكانیدا جەختی كردۆتەوە كە ئەو داوایانە تەنها داوای شاری سلێمانی نییەو داوای هەموو خەڵكی كوردستانە.

رەمزی فەتاح بەتوندی رووبەڕووی جەعفەر پاشا وەكیلی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆتەوەو بەتوڕەیی وتویەتی دین، ئیمان، مەفكورەی میللی، حكومەتی میللیی كوردی ئەوێ. هەروەها لە وەڵامی قسەكانی جەعفەر پاشادا وتویەتی قسەكانت ناچێتە جەواڵی كوردەوە، هەمووی ئیغفالاتەو بیخەرە جەواڵەكەی خۆتەوەو دەرگاكەی ببەستەوە.

نوێنەرانی دیكەش لەو كۆبوونەوەیە قسە ئەكەن و سووربوونی خۆیان بۆ دابینكردنی مافەكانی گەلی كورد دەردەبڕن. ئەوەی جێگەی سەرنجە داخوازییە رەواكانی نوێنەرانی كورد لەو كۆبوونەوەیەدا بەهەند وەرناگیرێ و دواتر راپەرینی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ی لێئەكەوێتەوەو چەندین خۆپیشاندەر شەهیدو بریندار ئەكرێن. لەدوای ئەو خۆپیشاندانە رەمزی فەتاح و ژمارەیەك لەهاوڕێكانی دەستگیر ئەكرێن و چەند مانگێك لەزیندان ئەمێننەوە. ساڵانی دواتر رەمزی فەتاح ئەركی ئیداری پێسپێردراو لەساڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٤٧ وەك قائیمقام لەكەركوك و كفری و خانەقین و شنگال و چەمچەماڵ خزمەتی كرد. ئیدی خانەنشین بووەو دەستی بەكاری ئازاد كردووە. ساڵی ١٩٧٩ كۆچی دوایی كرد.

# ڕەمزی مەلا مارف



ڕەمزی مەلا مارف، شاعیرێکی دیار و ناسراوی کوردستانەو لەڕێی شیعرە بەرزەکانییەوە خزمەتێکی زۆری بە کاروانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردستان کردووە.

ئەگەرچی لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا ژیاوە، کەچی شیعرەکانی هەر بەتەڕ و پاراوی و بەرزی ماونەتەوە و لەگەڵ گیانی ئەم سەردەمەدا ئاوێزانن.

محەمەد مەلا مارف، کە بە ڕەمزی مەلا مارف لە دنیای ئەدەبدا ناسراوە.ساڵی ١٩٠٢ لە شاری سلێمانی شاری ڕۆشنبیری و هونەر لەدایك بووە. لەخوێندنگەی ئاینی و ڕوشدیەی عەسکەری و ئامادەیی مولکی خوێندویەتی، لەبەرئەوەی خوێندکارێکی زیرەك و بلیمەت و ڕەوشت بەرز بووە مامۆستاکانی نازناوی (ڕەمزی)یان پێبەخشیوە. دوای تەواوکردنی خوێندن، مامۆستا ڕەمزی ماوەی ٣٤ ساڵ وەك فەرمانبەری میری خزمەتی کردووە.

ڕەمزی مەلا مارف هەر لە سەرەتای لاوییەوە لەژێر کاریگەری شیعرەکانی بێخودی خاڵیدا، خولیای شیعر و ئەدەب بووە و دەستی بە هۆنینەوەی شیعر کردووە و شیعری بۆ جوانی و خۆشەویستی نووسیوە. ڕەمزی

شاعیرێکی کوردپەروەر بووە و خەم و ئازارەکانی نیشتمان لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و جوانترین شیعری ئەدەبی بەرگری بۆ ڕاپەرینی ٦ی ئەیلولی١٩٣٠ی بەردەرکی سەرای سلێمانی نووسیوە. شیعرەکانی ڕەمزی هێندە بەرز بوون و پیرەمێردی نەمر پێیان سەرسام بووەو بە شای شاعیران وەسفی کردووە. هەموو شیعرەکانی ڕەمزی مەلا مارف لە دووتوێی دیوانێکدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە. ئەم شاعیرە ناودارەی کوردستان لەڕۆژی ١٨ی تەموزی ١٩٧٦ بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. بەڵام ناو و ناوبانگ و شیعرەکانی بەنەمری دەمێننەوە.

# ڕەووف بێگەرد



ڕەووف بێگەرد نووسەرو ئەدیبێکی مەزن و ناوادارو بەهەڵوێستی کوردستانە، لەرشتەکانی (شیعر، چیرۆك، ڕۆمان، شانۆ) بەنووسین و وەرگێڕان خزمەتی زۆری کردووەو خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی نووسراوو چاپکراوە.

ڕەووف سابیر سەعید کە لەدنیای ئەدەب و لەناو خەڵکیشدا بەرەووف بێگەرد ناسراوە، ساڵی ١٩٤٢ لەماڵی باپیری لەشاری کەرکووك لەدایك بووە. زۆربەی ژیانی لەشاری سلێمانی بەسەر بردووە. سەرەتا لای باپیری فێری زمانی فارسی بووەو دواتر سوودی لەو زمانە وەرگرتووەو بەئەدەبی فارسی ئاشنا بووەو چەندین بەرهەمی ئەدەبیی لە زمانی فارسییەوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی وەرگێڕاوە.

بێگەرد قۆناغەکانی خوێندنی لەشاری سلێمانی تەواو کردووەو ساڵی ١٩٦٠ بەشداری خولێکی پێگەیاندنی مامۆستایی کردووەو بووە مامۆستاو لەرێی ئەو پیشە پیرۆزەوە بۆ ماوەی چل ساڵ خزمەتی بەخوێندکارانی کوردستان کردووەو بەگیانی کوردپەروەری گۆش و پەروەردەی کردوون.

مامۆستا بێگەرد لەسەرەتای ژیانی گەنجی و لەرێی باپیرە ڕووناکبیرەکەیەوە، ئاشنای زمان و ئەدەب بووە. سەرەتا کەوتۆتە ژێر کاریگەری تەوژمی شاعیرانی کلاسیك و لەسەر تەرزی ئەوان شیعری

هۆنیوەتــەوە، هەنــدێ لــە شــیعرەكانی هێنــدە جــوان و ناســك بــوون كــراون بەگۆرانی.

بێگــەرد دنیــای ئەندێشــەی ئەفســوناوی شــیعر بەجێــدەهێڵێ و لەســەرەتای ساڵی ١٩٧٠ەوە خۆی بەنووسینی چیرۆكەوە سەرقاڵ دەكات، لەو بوارەدا خــاوەنی ســامانێكی زۆری ئــەو پەلــەی ئەدەبــەو ســەدان چــیرۆكی نایــابی نووسیوەو لەدووتوێی چەند كتێبێكدا چاپی كردوون، لەوانە( بوار، هەوار، هەڵۆ،بــەرەو چــیا، كۆڵان،ســەما، فــڕین بەمــەرزی حەرامــدا، دەســتی خــوداو چەندانی تر).

ڕەووف بێگەرد وەرگێڕێكی بەتواناو بەسەلیقەیە، بەرهەم و شاكاری دەیان نووســەری گــەورەی جیهــانی لــە زمانــەكانی فارســی و عەرەبییــەوە بــۆ ســەر زمانی شیرینی كوردی وەرگێڕاوە بەوەش خزمەتێكی گەورەی بەكتێبخانەی كوردی كردووە.

بێگــەرد ڕۆمــان و چــیرۆك و شــانۆگەری دەیــان نووســەرو ئــەدیبی وەك دیستۆڤسكی و چیخۆف و ماركیزو كافكاو ناكانزاكی بۆ سەر زمانی كوردی وەرگێــڕاوە، وەرگێڕانــەكانی هێنــدە جــوان و پــاراون ئــەڵێی لەبنەڕەتــدا ئــەو بەرهەمانە بە زمانی كوردی نووسراون.

بێگــەرد پیــاوێكی ڕاســتگۆو بەهەڵویســت بــووەو هەمیشــە لەبــەرەی گــەل و نیشتماندا بووە، بەچەك و قەڵەم بەشداری شۆڕشەكانی كوردستانی كردووە، لەســەردەمی شــۆڕشــی نوێــدا ســەربازی ئــەوەی كــوڕە تاقانەكــەی پێشــمەرگە بووە، قەڵەمەكەی خۆشی هەمیشە لەسەنگەردا بووەو بەناوی خوازراوەوە بەرهەمەكانی لەبڵاوكراوەكانی شاخدا بڵاوكراوەتەوە.

لــەدوای شكســتی ئەنفالــەكان، لــەڕێی ڕێكخــراوی سلــێمانییەوە نامەیــەك بــۆ ئاری كوڕە تاقانەكەی دەنێرێت، كە لەگەرمیان پارتیزان بووە، پێی دەڵێ هەرگیز بیر لە تەسلیم بوونەوە بەرژێمی بەعس نەكاتەوە، ئەڵێ پێم خۆشە

تەرمەکەت بێتەوە نەك خۆت تەسلیم بیتەوە! ئەوە ترۆپکی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی ئەدیبێکە بۆ جگەرگۆشە تاقانەکەی کە مێژوو بەشانازییەوە تۆماری دەکات.

بێگەرد لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا خاوەنی هەڵوێستی خۆی بووەو ملکەچی هیچ زۆرداریێك نەبووە، بەهۆی ئەوەوە تووشی گرتن‌و راونان‌و سزا بۆتەوە، بەڵام هەر بەسەربەرزی‌و گەردنکەشی ماوەتەوە.

بێگەرد لە رێکخراوە پیشەیی‌و دەزگا رووناکبیرییەکاندا خزمەتی کردووە، لەدوای راپەرینی ئازاری ١٩٩١ بەسەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵبژێردراوەو لەرێی ئەو رێکخراوەوە خزمەتی بەنووسەران‌و ئەدەبی کوردی کردووە.

ساڵی ١٩٩٧ بۆتە سەرۆکی بنکەی ئەدەبی‌و رووناکبیریی گەلاوێژو خزمەتی بەرچاوی رۆشنبیری پێشکەش کردووە.

ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ شێرکۆ بێکەس‌و چەند هاورێیەکیدا (دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم)یان دروستکرد. لەرێی ئەو دەزگایەوە خزمەتێکی گەورەیان بەبواری ئەدەبی‌و هونەری‌و رووناکبیری کرد. دوای کۆچی دوایی مامۆستا شێرکۆ بێکەس، مامۆستا بێگەرد ئەرکی سەرۆکایەتی ئەو دەزگایەی پێسپێردرا.

مامۆستا رەووف بێگەرد لەرشتە جیاجیاکانی ئەدەب‌و هونەرو رووناکبیریدا، خزمەتێکی زۆرو زەوەندی پێشکەش بەگەل‌و نیشتمانەکەی کردووەو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارەو وەك سیمبولێکی گەورەی ئەدەبی لەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا ناسراوە.

# ڕەووف حەسەن



ئەدیب و نووسەرێکی دیاری کوردستان بوو، لەرشتەکانی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی و وەرگێڕاندا خزمەتی زۆری کردووە.

خاوەنی خەرمانێك وشەی نووسراوو چاپکراوە. چەند بەرهەمێکی دیکەی لەدوا بەجێماوە کە هێشتا چاپ نەکراون.

ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایك بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە. خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لەپەیمانگای بەریتانی لەشاری بەغدا بینیوە.

لەسالآنی ١٩٥٨- ١٩٦٤ وەك کرێکار لەکارگەکانی چیمەنتۆی سەرچنارو جگەرەی سلێمانی کاری کردووە.

مامۆستا ڕەووف هەر لەسەرەتای گەنجییەوە خولیای خوێندنەوە و نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی بووە، هەربۆیەش لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا، (کۆمەڵەی ئەدیبانی پرشنگ)یان لە ساڵی ١٩٥٩ دامەزراندووە، گۆڤاری پرشنگیان بەدەست و خەت دەرکردووە.

دواتر لەگەڵ مامۆستا عومەر مەعرووف بەرزنجی پێکەوە هەفتەنامەی (تریفە)ی بەدەستوخەت دەرکردووە. دواتر هەر خۆی بەتەنها هەفتەنامەی (کەژی)ی بەدەستوخەت دەرکردووە.

مامۆستا ڕەووف حەسەن لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لەژێری کاریگەریو تەوژمی بیری چەپدا بووە،حەوتی شوباتی ١٩٦٣ بۆتە ئەندامی حزبی شیوعی عێراقو تا ساڵی ١٩٦٧ بەردەوام بووە، ماوەی سێ ساڵ لەبەغدا وەك خۆبەخش لەڕاگەیاندنی حزبی شیوعی کاری کردووە. بەهۆی دووبەرەکی نێو ئەو حزبەوە، لێیان دابڕاوە.

ڕەووف حەسەن ماوەی ١٠ ساڵ وەك مامۆستا لەشارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان خزمەتی کردووەو وانەی ئینگلیزی وتۆتەوە.

لەچەند ڕێکخراوێکی پیشەیی و ڕۆشنبیریدا کاری کردووەو لەئاستی باڵای ئەو ڕێکخراوانەدا خزمەتی کردووە، لەوانە (کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی– مەڵبەندی گشتی، تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی، یەکێتیی نووسەرانی کورد، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سەنتەری دیالۆگی ڕۆشنبیری کورد، یانەی سارای مناڵان، بزاڤی ڕۆشنبیری).

ڕەووف حەسەن ڕۆژنامەنووسێکی بەسەلیقەش بووەو لەچەندین گۆڤارو ڕۆژنامە کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، لەوانە (ڕۆشنبیری نوێ، بەیان، هاوکاری، بیری نوێ، ڕۆژی کوردستان، ئەستێرەی مناڵان، دیالۆك، وڵات، ئاڵای ئازادی). وتارو نووسینی بۆ چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی دیکە نووسیوە.

هەروەها بەرنامەی ڕۆشنبیری لەڕادیۆی کوردیی بەغداو تەلەفزیۆنی کەرکووك هەبووە.

مامۆستا ڕەووف حەسەن خاوەنی نزیکەی ٢٥ کتێبی چاپکراوە، کە لەبوارەکانی ئەدەبو هونەرو زانستو ڕۆشنبیری نووسیونی یاخود وەریگێڕاون، لەوانە( گەردوون، تیۆری نیسبی چییە؟، چەکەرە، سبەینێ باوکت دێتەوە، کرێکارو چیرۆکی کوردی، وێنەکەی خوشکت، خۆری تار، دیداری سەرۆك کۆمار، هونەری جەنگ، سۆفیگەرێتی، ئەندێشە جوانەکانی

ڕۆح، خولیـای مەیمونـە سـپییەکان، کوردناسـی، مـارکس‌و مارکسـیزمی کــوردی‌و ئــاین، لــەودیو شــتە جوانەکانــەوە، چــیمەن ، دەرزی ئــاژنی خەمەکان)و چەندانی تر.

مامۆســتا ڕەووف نیشــتمانپەروەرێکی دڵســۆز بــووە، لەســەر بــیروڕاو هەڵویسـتەکانی لەسـەردەمی بەعسـدا تووشـی گـرتن‌و ئـازارو ئەشـکەنجەو ڕاونان‌و دەرکردن لە وەزیفە بۆتەوە.

پــاش زیــاتر لــەنیو ســەدە لەخزمــەتکردن بەکایــەکانی ئــەدەب‌و هونــەرو ڕۆژنامەنووســی‌و ڕۆشــنبیری، ڕۆژی ٢١ی کــانوونی یەکــەمی ٢٠١٨ کۆچــی دوایی کردو لەگردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

# شێخ رەووفی خانەقا



شـێخ رەووف خانـەقا، كەسـايەتييەكی نـاوداری نیشـتمانی و كولتـووری و كۆمەڵايەتيی كوردستان بوو. لەرشتەكانی ئـەدەب و روونـاكبيری خزمـەتی زۆری كـردووەو شـوێن پەنجـەی لـەو بوارانـەدا ديارو درەوشاوەيە.

شـێخ رەووف كـوڕی شـێخ سـەعيد كـوڕی شـێخ محەمـەدە. بەبنەچـە ئەچـنەوە سـەر شێخەكانی سەنگاوو قەرەداخ. خوشكەزای سەيد ئەحمەدی خانەقايەو لەژێر سايەی ئەودا پەروەردە بوو، سەيد زۆری خۆشويستووەو وەك كوڕی خۆی هەڵسوكەوتی لەگەڵدا كردووەو نازناوی خانەقای پێبەخشيوە.

هەر لەمنداڵييەوە بردۆتييە لای خۆی و لەگەڵ عەبدولقادری كوڕيدا پێكەوە خستوونييەتە بەرخوێندنی ئاينی و دواتر لە قوتابخانەی روشديە درێژەيان بەخوێندن داوە.

شێخ رەووف گەنجێكی زرنگ و وريا بووە، جێی متمانەی سەيد ئەحمەدی خـاڵی بـووەو هاوكـارێكی دڵسـۆزی بـووە لەبـەڕێوەبردنی كاروبارەكـانی خانـەقادا، ئـەركی سـەروكاری گونـدی فـەرقان و گونـدەكانی شـێخانی قەرەخەسەنی پێسپاردووەو بەرێكوپێكی بەڕێوەی بردووە.

شێخ رەووف بـەهۆی فەرمانبـەری و ئیش و كـاری ديكـەوە ، چـەند سـاڵێك لەدەرەوەی كەركوك ژياوە. لەشاری هەولێرو شارۆچكەكانی هەريرو پردێ و

تەقتەق بەشێکی تەمەنی بردۆتە سەر. دوا کاری حکومی بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی کەرکووك بووەو لەساڵی ١٩٦٦ خانەنشین بووە.
شێخ ڕەووف کەسێکی کوردپەروەر بووەو لەبەشێکی حزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا خەباتی کردووە. بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکانییەوە تووشی گرتنو ڕاونانو دوورخستنەوە بۆتەوە.
ماوەیەك لەشۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگە بووەو تا کۆتایی ژیانی لەریزی گەلەکەیدا بووەو بەپاکیو دڵسۆزی ماوەتەوە.
شێخ ڕەووف، هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای شیعر بووەو چەندین دەقی جوانی شیعری هەیە کە لەدوو تویێی کتێبێکدا بەناوی (یادگاری خانەقا، یاداشتو شیعر) لەلایەن مامۆستا (کەمال ڕەووف محەمەد) ەوە ئامادە کراوەو لەسەر ئەرکی خانەوادەکەی چاپکراوە. ئەم کتێبە شیعرەکانیو بەشێك لەیاداشتەکانی لەخۆگرتووە.
کتێبێکی دیکەی لەسەر بەشێك لەهۆزەکان هەیە، کە توێژنەوەیەکی کورتە. فەرهەنگێکی تایبەت بەزمانی کوردیشی هەیە.
شێخ ڕەووف زمانەکانی فارسیو تورکیو عەرەبی بەرەوانی زانیوە، ئەوەش هاوکاری بووە بۆ ئەوەی سوود لەئەدەبی ئەو گەلانە وەربگرێت.
شێخ ڕەووف لەنزیکەوە گۆرانی شاعیری ناسیووەو دۆستی نزیکی بووە. گۆران ستایشی بەرهەمەکانی شێخ ڕەووڤ کردووە.
دوای ئەوەی لەرۆژی ١٠ی شوباتی ١٩٧٠، یەکێتیی نووسەرانی کورد مۆڵەتی رەسمی لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق وەرگرتو دامەزرا، شێخ ڕەووفو چەند هاورێیەکی هەوڵی خۆیان بۆ دامەزراندنی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەران خستەگەڕو ڕەزامەندی حکومەتی عێراقیان بۆ کردنەوەی ئەو لقە وەرگرت.
دواتر هەڵبژاردن بۆ دەستەی کارگێڕی لقی کەرکوك کراو شێخ ڕەووف خۆی

پـالاوت و یەکـەم دەنگـی هێنـا و بـوو بەسـەرۆکی لقـی کـەرکوکی یـەکێتیی نووسەران. لەرێی ئەو لقەوە خزمـەتی زۆری بەکایـەی ئەدەبی و رۆشـنبیریی کـەرکوک کـرد و لەسـەردەمی ئـەودا یەکـەمین فیسـتڤاڵی شـیعری کـوردی لەکەرکوک سازدرا، کە چالاکییەکی گەورەو کەم وێنە بوو.

شـێخ رەووف لـەژیانی خۆیـدا خزمـەتێکی زۆری بەکایـەکانی ئـەدەبی و رۆشنبیری پێشکەش کرد و خاوەنی چەند بەرهەمێکی ناوازەیە.

شێخ رەووف زۆر دڵـی بەشارۆچکەی تەقتـەق ئەکرایـەوە، هـەر بۆیـەش دوا ساڵەکانی تەمـەنی لـەو شارۆچکەیە بردە سـەرو لەسـەر راسپاردەی خۆی ، دوای ئـەوەی لـەرۆژی ١٧ی ئایـاری ١٩٧٣ کۆچـی دوایـی کـرد، لـە تەقتـەق بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

# ڕەووف یەحیا



ڕەووف یەحیا ئەستێرەیەكی دیارو درەوشاوەی هونەری كوردییەو ئێستاش لەڕێی بەرهەمەكانییەوە لە درەوشانەوە نەكەوتووە. ئەو لەسەردەمێكی تاریكو نوتەكدا، لەڕێی چرای شانۆوە دڕی بەشەوەزەنگ داو وەك ئەكتەرێكی كارامە تیشكی خستە سەر دیاردە دزێوە كۆمەڵایەتییەكانی ئەو سەردەمەو ڕێگەی ڕاستو دروستی نیشانی خەڵك دا.

ئەم هونەرمەندە ناسراوو خۆشەویستە لەساڵی ١٩٢٦ لەگەڕەكی كانێسكانی شاری سلێمانی لەدایك بووە.

لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای هونەر بەگشتی و هونەری شانۆو نواندن بەتایبەتی بووە.

ئەم هونەرمەندە وەك ئەكتەر بەشداری دەیان بەرهەمی شانۆییو دراماو تەمسیلی تەلەفزیۆنی كردووەو لەزۆربەیاندا ڕۆڵی پاڵەوانی سەرەكی بینیوە.

ڕەووف یەحیا بۆ یەكەم جار لەساڵی ١٩٤١ لەشاری سلێمانی چووە سەر تەختەی شانۆو لە شانۆگەری ( بازرگانی ڤینیسیا) ڕۆڵی كاراكتەری سەرەكی شایلۆكی بینی، ئەوەش بۆ ئەو لەو سەردەمەدا وەك ئەكتەرێكی گەنج كاریگەری زۆری لەسەر دروست كردو شانۆی زیاتر لا خۆشەویست كرد. دواتر لەچەندین شانۆگەری تردا ڕۆڵی بینیوە. پاش كردنەوەی

تەلــەفزیۆنی کــوردی، دەرگــای نوانــدنی تەلــەفزیۆنی بــەڕوودا کرایــەوە، بەشــداری چــەندین کــاری تەمســیلی تەلــەفزیۆنی کــردووەو ڕۆڵــی دیــاری هــەبووە بــۆ هۆشــیار کردنــەوەی کۆمــەڵی کــوردەواریو لــەڕێی ئــەو تەمسیلیانەوە کە زیاتر ڕۆڵی ئەکتەری کۆمیدی ئەبینیو زیاتر ناسراو لای خەڵك خۆشەویست بوو. مامۆستا ڕەووف بەشداری دەیان کاری دراماو شانۆگەری کردووە لەوانە (مەم و زین، مەنوچەر، چاوی ڤێتنام، گریان، مرۆڤو زەوی ، کێچ ، فرۆکەو بیلتو زاوا)و چەندانی تر.
مامۆستا ڕەووف یەحیا لەچەند کۆمەڵەیەکی هونەری پیشەیی خزمەتی کردووەو ڕۆڵی دیاری لە گەشەپێدانو پێشخستنیان هەبووە. ئەندامی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانیو کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی بووەو لەئاستی بالای ئەو ڕێکخراوانەدا کارو خزمەتی کردووە. ڕەووف یەحیا کەسێکی نیشتمانپەروەرو بەهەڵویست بوو، وەك پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووەو هەمیشە لەسەنگەری گەلەکەیدا بووە، لەسەر هەڵوێستە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی تووشی گرتنو ڕاونانو نەفیکردنو ئازاردانی زۆر بۆتەوە، بەلام هەموو ئەوانە نەیانتوانیوە لەشاڕێی کوردایەتی لای بدەنو هەر بەدڵسۆزی گەلو نیشتمان ماوەتەوە. ئەم هونەرمەندە گەورەیەی کوردستان لەرۆژی ٢٧ی نیسانی١٩٨٩ بەیەکجاری ماڵئاوایی کرد. بەلام بەرهەمو هەڵوێستەکانی هەمیشە بەنەمریو زیندوویی هێشتوویانەتەوە.

# ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقیلال



امید استقلال

دوای ئــەوەی لــەرۆژی ١٧ی حــوزەیرانی ١٩٢٣ هێزەکــانی ئینگلیــز لــە شــاری ســلێمانی کشــانەوە. شــارەکە کەوتــەوە دەســت شــێخ مــەحموودی نــەمر، ئــەویش کاروباری حکومەتی ڕێکخستەوە و بڕیاری دا ڕۆژنامەیەك دەربکات.

ڕۆژنامەکە بە ناوی (ئومێدی ئیستقلال)ەوە دەرچــوو. ئــەم ڕۆژنامەیــە ڕۆژنامەیــەکی هەفتانــە بــووە و بایــەخی بــەبوارەکانی سیاســی و ئــەدەبی و کۆمەڵایــەتی داوە و داکۆکییــەکی شــێلگیرانەی لــەمافی ســەربەخۆیی گــەلی کوردســتان کــردووە. ئــەم ڕۆژنامەیــە زمانحــاڵی ڕەســمی حکومەتی کوردستانی خواروو بوو. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکە لەرۆژی ٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٠ دەرچووە و تارۆژی ١٥ی مایسی ١٩٢٤ بەردەوام بووە و ٢٥ ژمــارەی لێدەرچــووە. لــەو ماوەیــەدا ســێ سەرنوســەری گۆڕیــوە کــە ئەمانــە بوون: ( ڕەفیق حیلمی، ئەحمەد خواجە، حسێن نازم).

# ڕۆژنامەی بانگی کوردستان


بانگ کردستان

ئــەو کەســایەتییە ئیــداری و ســـەربازی و ڕوناکبیرییانەی کە لە ئەستەنبوڵ ژیابوون و لـەدوای جـەنگی یەکـەمی جیهـان گەڕانـەوە کوردســـتان، لـــەژێر کاریگـــەری شـــەپۆلی پێشـکەوتنی ئـەو وڵاتـە بەگشـتی و دنیـای ڕۆژنامەگەریدا بەتایبەتی بوون. یـەکێك لـەو کەســـــایەتییە ســـــەربازی و سیاســـــی و ڕوناکبیرییانە، مستەفا پاشا یامولکی بوو، کــە لــەدوای جــەنگی یەکــەمی جیهــان گەڕایـەوە سلێمانی و هەوڵـەکانی خـۆی خستەگەڕ بـۆ ئـەوەی کۆمەڵـەیـەکی سیاسـی و ڕۆشـنبیری دروسـت بکـات، بـۆ خـەباتکردن بـۆ بەدەسـتهێنانی مافەکانی گەلی کورد، ئەوەبوو کۆمەڵەیەکی بە ناوی (کۆمەڵـەی کوردستان) دامەزراند و ئەم کۆمەڵەیە مۆرکێکی سیاسـی و ڕوناکبیری هـەبوو. لەڕۆژی ٢١ی تـەموزی ١٩٢٢ لـە کۆبوونەوەیـەکی گشـتی پیاوماقوڵان و ڕۆشـنبیرانی شـاری سـلێمانیدا دامەزرانـدنی کۆمەڵەکـە بەفـەرمی ڕاگەیـەنرا و دەسـتەی بـەڕێوەبردنی هەڵبـژێردرا. لـە هەڵبژاردنەکـەدا مسـتەفا پاشـا یـامولکی بـە سەرۆکی کۆمەڵەکە و هەر یەك لە: (ڕەفیق حیلمی،ئەحمەد تۆفیق بەگ، شێخ محەمەد گولانی، فائق مەعروف، ساڵح قەفتان، شێخ عـەلی سـەرکار و سدیق ئەلەکە)، بە ئەندام هەڵبژێردران. ئەم کۆمەڵەیە ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (بـانگی کوردســـتان) دەرکـــرد، کـــە مســـتەفا پاشـــا یـــامولکی خـــاوەن ئیمتیـــاز و سەرنوســـەری بـــوو. یەکـــەم ژمـــارەی ڕۆژنامەکـــە لـــە ڕۆژی ٢ی ئـــابی ١٩٢٢

دەرچوو. ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی هەمەڕەنگی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسی بوو، تا مانگی ئابی ١٩٢٣،(١٣) ژمارەی لێدەرچوو، دواتر لە ساڵی ١٩٢٦ لە شاری بەغدا مستەفا پاشا یامولکی سێ ژمارەی دیکەی لێ دەرکرد.

ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، سەرەتا زمانحاڵی کۆمەڵەی کوردستان بوو، بەڵام دوای دامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحموود و بوونی مستەفا پاشا یامولکی بە وەزیری مەعاریفی حکومەت، ڕۆژنامەکەش بووە زمانحاڵی حکومەتی شێخ و مستەفا شەوقی ئەفەندی بووە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە و کەریم ڕۆستەمیش بە بەڕێوەبەری کارگێڕی، دواتر ناوی ڕۆژنامە بۆ (ڕۆژی کوردستان) گۆڕا.

# ڕۆژنامەی پێشکەوتن



دوای ئەوەی ئینگلیزەکان شێخ مەحموودی نەمریان بە دیل گرت و شاری سلێمانیان داگیر کرد. بەسەرپەرشتی خۆیان و بە هاوکاری هەندێ ڕۆشنبیری شاری سلێمانی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)یان دەرکرد.

ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی چوار لاپەڕەیی بووە و تەعبیری لە سیاسەتی ڕەسمی حکومەتی ئینگلیز کردووە. ڕۆژنامەکە بایەخی بە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مێژوویی داوە. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن لەرۆژی ٢٩ی ئەیلولی ١٩٢٠ لە شاری سلێمانی دەرچووە و بەگشتی ١١٨ ژمارەی لێدەرچووە و دوا ژمارەی لەرۆژی ٢٧ی تەموزی ١٩٢٢ دەرچووە.

ڕۆژنامەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن حاکمی سیاسی ئینگلیزەوە لە سلێمانی سەرپەرشتی کراوەو بەدوای یەکدا هەریەك لە مێجەرسۆن و مێجەرگۆلد کە دوو حاکمی سیاسی ئینگلیز بوون، سەرپەرشتی ڕۆژنامەکەیان کردووە و سیاسەتی ڕەسمییان داڕشتووە، مستەفا مەزهەر کە ڕوناکبیرێکی خەڵکی شاری سلێمانی بوو هاوکاریان بووە بۆ سەرپەرشتی نووسین و چاپ و کۆکردنەوەی ئابوونەی بەشدارانی ڕۆژنامەکە. سەرباری ئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەرکراوە، بەڵام بایەخێکی زۆری بۆ گەلی کورد هەبووە، چونکە مێژووی ڕوداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و ناوچەکەی تۆمار کردووە و گرنگی بە زمان و ئەدەب و مێژووی کورد داوە و بۆتە بەردی بناغەی چەسپاندنی ڕۆژنامەگەری لە ناوچەی سلێمانی ، هەموو ڕۆژنامەکانی دیکە، کە دوای پێشکەوتن دەرچوون سوودیان لە ئەزموون و شێواز و ناوەرۆکی ئەو ڕۆژنامەیە وەرگرتووە.

# ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی


تێگەیشتنی ڕاستی

لــە ســەردەمی جــەنگی جیهــانی یەکەمــدا، ئینگلیزەكــان كــە لایــەنێكی بــەهێزی ئــەو جەنگــە بــوون، شانبەشــانی ماكینــەی جەنگی بایەخیشان بەماكینەی چاپەمەنی دابوو، لە بەرئەوە هەر شوێنێكیان داگیر كردبێ هەوڵیان دابوو، كە ڕۆژنامەیەكی تایبەت بە زمانی خەڵكی ئەو ناوچەیە دەربكەن، بۆ ئەوەی سیاسەت و تێڕوانینی خۆیان لە ڕێی ئەو ڕۆژنامەیەوە بە خەڵك بگەینن. لەو چوارچێوەیەداو لەناو گەلە كۆلۆنیكراوەكاندا بایەخیشیان بە گەلی كورد دابوو لەو ڕووەوە ڕۆژنامــەی تایبــەتیان بــە زمــانی كــوردی دەركــردووە بــۆ ئــەوەی سەرنجی گەلی كورد بەلای خۆیاندا ڕابكێشن. هەردوو ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی و پێشكەوتن، یەكەمیان لە بەغدا و دووەمیان لە سلێمانی دوو نموونەی بەرچاون كە ئینگلیزەكان ئاڕاستەی كوردیان كردووە و هەردوو ڕۆژنامەكەش لەلایەن مێجەرسۆنەوە سەرپەرشتی كراون‌و بەڕێوە براون. ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لەرۆژی (١)ی كانونی دووەمی ١٩١٨ لە بەغدا دەرچووە و تا رۆژی٢٧ی كانونی دووەمی ١٩١٩ بەردەوام بووە و ڕۆژنامەكە ڕۆژنامەیەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی بووە و بانگەشەی ئەوەی كردووە كە لە خزمەتی یەكبوون و سەربەستی كوردایە. ڕۆژنامەكە ناوی خاوەنی ئیمیتیازو سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی لەسەر نییە و تەنانەت وتارەكانیشی ناوی نووسەرەكانی لەسەر نییە، بەڵام ئەوە ڕوونە، كە مێجەر سۆن سەرپەرستی ڕۆژنامەكەی كردووە و نوسەر و ئەدیبی ناوداری كورد (شوكری فەزڵی) هاوكاری كردووە. سەرەتا هەفتەی دوو ژمارەی لێدەرچووە و دواتر بووە بەهەفتانەو بە هەمووی ٦٧ ژمارەی لێدەرچووە. ئەگەرچی ڕۆژنامەكە دەربڕی سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەتی بەریتانیا بووەو بانگەشەی بۆ ئەو سیاسەتە كردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك ڕۆژنامەیەكی كوردی خزمەتی بە زمان و ئەدەب و مێژووی كورد كردووە.

# د. ڕێبوار سەعید



بەرگەڵو ناوچەیەکی تەنگەبەرەی ئامێزی چیا سەرکەشەکانی کوردستان بوو، هێندە سەخت و رووتەڵە بوو، نەبوو بووە شوێنی گوندو ئاوەدانی. هەڵکەوتە جوگرافییەکەی وایکردبوو باوەش بۆ پێشمەرگەو چەند بارەگایەکی راگەیاندن و چاپەمەنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بگرێتەوەو لەوجوگرافییە بچووکەوە کاروانی دەنگی زوڵاڵی ئیزگەو وشەی بەرخودان و پەیامی ئەدەب و هونەر بۆ هەموو کوردستان بەرێ بکەوێ.

من بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٨٦ لەو جوگرافییە بچووکەی بەرخوداندا، هونەرمەند رێبوار سەعیدم ناسی، کە پێشمەرگەی چاپخانەی شەهید براهیم عەزۆ بوو، رێبوار پێشمەرگەیەکی فرە بەهرە بوو، ئەو وەك هونەرمەندی شێوەکار، سەرباری ئەوەی بەرپرسی هونەریی بەشی زۆری بڵاوکراوەکان بوو، بەتابلۆ جوان و سەرنجڕاکێشەکانی رۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکانی ئەڕازاندەوەو سیما و روخساری ئەدەبیاتی شۆڕش و بەرگری لە بەرگێکی قەشەنگی هونەریدا بەرجەستە ئەکرد.

رێبوار وەك ئەدیب و نووسەر بابەتی هونەری و ئەدەبی لەبڵاوکراوەکانی شاخدا بڵاو ئەکردەوەو هەر لەو سەردەمەدا دیوانە شیعرییەکانی (ئاوابوون و ئاژێر)ی چاپ و بڵاوکردەوە. بەرپرسی هونەری هەردوو گۆڤاری (کەلتوورو رەنگاڵە) بووە. وەك هونەرمەندێکی شێوەکار چەندین تابلۆی

هونەری كێشاوەو كارەساتی هەڵەبجە زۆر كاریگەری لەسەری هەبووەو لەتابلۆو كارە هونەری‌و شیعرەكانیدا رەنگی داوەتەوە. ساڵانی نەوەدەكان ئەچێتە ئەوروپاو لەوێ دەرگایەك بەروویدا ئەكرێتەوە بۆ بەدیهێنانی خەون‌و خولیا هونەرییەكانی‌و بڕوانامەكانی بەكالۆریۆس‌و ماستەرو دكتۆرا لە هونەردا دەخوێنێ‌و بەوەش لەرووی ئەكادیمییەوە زیاتر بەسەر هونەرەكەیدا زاڵ و باڵادەست ئەبێ‌و ئەوەش لەكوالیتی بەرهەمەكانیدا رەنگ ئەداتەوە. ئیدی بێ لەناوخۆی وڵات‌و وڵاتانی ناوچەكە، پایتەخت‌و شارەكانی ئەوروپاو خۆرئاوا بەشانازییەوە پێشوازی لە تابلۆو پیشانگاكانی ئەكەن‌و وەك سەفیری هونەری گەلێكی بێ دەوڵەت، كولتووری گەلەكەی بەجیهان ئەناسێنێ‌و ئەوە نیشان ئەدات كە گەلی كوردستان خاوەنی دەنگ‌و رەنگێكی هونەری بەرزە.

هونەرمەند رێبوار سەعید ساڵی ١٩٦٢ لەناوچەی تەوێڵەی سەر بەهەڵەبجە لەدایك بووەو لەتەوێڵەو سەیدسادق‌و سلێمانی‌و بەغداو لەندەن خوێندوویەتی‌و خاوەنی بڕوانامەی دكتۆرایە لە هونەرداو ئێستا راگری كۆلێجی هونەرە جوانەكانی زانكۆی سلێمانییە. خاوەنی دەیان بەرهەم‌و پرۆژەی هونەری‌و ئەدەبی‌و دەیان پێشانگای تایبەت‌و هاوبەشە كە لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە كردونیەتەوە.

د. رێبوار سەعید خزمەتێكی زۆری بەكاروانی هونەری‌و ئەدەبی‌و كولتووری كوردستان كردووەو شوێن پەنجەی رەنگینی بەو بوارانەوە دیارەو ئەو كاروانە هونەرییەی لەبەرگەڵووی بەرخودانەوە دەستی پێكردو زۆربەی وڵاتانی جیهانی تەیكرد، نموونەیەكی جوانی هونەریی كوردەواری پێشكەش كرد. هەر بۆیەش شایستەی ئەوەیە وەك سەفیری هونەری كوردی پێناسە بكرێ.

# زاری کرمانجی

حسێن حوزنی موکریانی ناوێکی دیارە لە دنیای ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ئەو پیاوە لە شاری مەهابادی خۆرهەڵاتی کوردستانەوە، وێڵ و ئاوارەی وڵاتان بوو، گەشتێکی درێژی بەدوای پیتی چاپ و چاپخانەو کاری ڕۆژنامەنووسی دەست پێکردو بۆ ئەو مەبەستە تورکیا و ئەڵمانیا و شامی تەیکرد. ساڵی ١٩٢٥ بەچاپخانەیەکەوە گەڕایەوە شاری ڕەواندز.

مامۆستا حسێن حوزنی موکریانی لە شاری ڕواندز، گۆڤاری (زاری کرمانجی) دەرکردووە. ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و هونەری و ئەدەبی مانگانە بووە.

ژمارە (١)ی ئەم گۆڤارە لەرۆژی ٢٥ی مایسی ١٩٢٦ لە ڕەواندز دەرچووە و تا ساڵی ١٩٣٢ (٢٤) ژمارەی لێدەرچووە. زاری کرمانجی بایەخی بەبوارەکانی مێژوویی و ئەدەبی داوە، ئەوەش بۆ ئەو سەردەمە بایەخی خۆی هەبووەو ڕۆڵی دیاری لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی هەبووە. چەندین نوسەر و ئەدیبی دیاری ئەو سەرەدەمە وەك: (شێخ نوری شێخ ساڵح، بێکەس، ئەسیری، مامەند کەرکوکی، عەبدولڕەحمان نوری خان)

بابـەتیان لـە زاری كرمـانجی دا بڵاوكردۆتـەوە. مامۆسـتا موكریـانی خـۆی پشكی شێری نووسینی بابەتـەكانی بەركەوتووە. حـوزنی موكریـانی بـێ لـە دەركردنی زاری كرمانجی، چەندین كتێبی مێژوویی و گرنگی كوردی چاپ كـردووە. دواتـر ڕۆژنامـەی (ڕونـاكی) لـە شـاری هـەولێر و( دەنگـی گـێتی) لـە بەغدا دەركردووە. حوزنی موكریانی خزمەتێكی گەورەی بە بـواری مێژوو و ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی كوردی كردووە. لە سەرووی هەموویانەوە گۆڤاری زاری كرمـانجی شـوێنێكی دیـاری لـە ڕۆژنامەگـەری كوردیـدا هەیـە و بەقوتابخانەیەكی تایبەتی ڕۆژنامەگەریی كوردی دادەنرێت.

# زاهیر سدیق



سەرەتای ئاشنابوونی من بەکارە هونەرییە پەیکەرتاشییەکانی هونەرمەند زاهیر سدیق بۆ ساڵی ١٩٨٦ ئەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی ئەو کارێکی ناوازەی کرد، لەگوندی چۆخماخی دۆڵی جافەتی یەکەم پەیکەری بۆ پێشمەرگە بەناوی سەرەتا دروستکردو دانا، ئەو کارە لەو کاتەدا لەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا بۆ ئێمەی پێشمەرگەو خەڵك مانایەکی گەورەی هەبوو، زاهیر ئەوەی نیشاندا کە هونەر هاوشانی پێداویستییەکانی دیکەی شۆڕش فاکتەری پشتیوانیو بەرخودانو بەردەوامی شۆڕشە، چەکی فیکریی هونەر بۆ گەلێکی ژێردەستە، هێندەی چەکی پێشمەرگە کاریگەری هەیە، بەداخەوە رژێمی بەعس ئەو پەیکەرەو هەموو روخسارە جوانەکانی دیکەی ژیانو سروشتی لەو ناوچەیەدا لەگەڵ شاڵاوی رەشی ئەنفالو چەکی کیمیاویدا بەخەزان سپارد.

بەڵام ئەو کارەساتە گەورانە نەیتوانی چرای ئومێدی گەلێکی زیندوو بەتەواوی خامۆش بکەن، بەخۆڕاگریو بەردەوامی تێکۆشانو بەسازدانی راپەڕین دەرگای ئازادی بۆ گەلی کوردستان واڵا کراو قۆناغێکی نوێی ژیانی ئازاد دەستی پێکرد.

ئەم قۆناغە نوێیە کاریگەری لەسەر ژیانی هونەری هونەرمەندی پەیکەرتاش زاهیر سدیق هەبوو، ئیدی لەجیاتی جوگرافیای بچووکی گوندەکان، هەموو کوردستانی ئازادی کردە مەکۆی کارەکانیو لەهەڵەبجەوە تا زاخۆ بەبێ

جیاوازی بەپەنجەی ڕەنگینی نەخشاندنی و بەدەیان پەیكەری جوان و پڕ مانای دەربڕی كارەسات و سەركەوتن و كەسایەتییە مێژووییەكان و جوانیەكانی دیكە، كوردستانی ڕازاندەوە. بەوەش خزمەتێكی گەورەی بەهونەر بەگشتی و هونەری پەیكەرتاشی بەتایبەتی كرد و لەدەرگایەكی گەورەوە ئەچێتە مێژووی گەلەكەیەوە.

زاهیر سدیق ساڵی ١٩٦٥ لەسلێمانی لەدایك بووە و دەرچووی بەشی پەیكەرتاشی پەیمانگای هونەرە جوانەكانی سلێمانییە و دوای تەواو كردنی خوێندن وەك هونەرمەندێكی بەهەڵوێست و كوردپەروەر پەیوەندی بەشۆڕشەوە كردووە و هونەرەكەی وەك چەكێكی فیكری خستە خزمەت تێكۆشانی نوێی كوردایەتی.

لەدوای ڕاپەڕین و لەقۆناغی ئازادیدا دەستپێشخەری گەورەی بۆ بەئەنجامدانی دەیان پڕۆژەی هونەری و دروستكردنی گەلەری كردووە، كە بەرهەمەكەی خەرمانێك پڕۆژەی هونەری پەیكەرو دیواربەندی لێكەوتۆتەوە و كوردستانی ئازادی پێ هونەرپۆش كردووە.

زاهیر سدیق بەشداری دەیان پێشانگای هاوبەشی شێوەكاری كردووە و وەك مامۆستای وانەبێژ بۆ ماوەی دەساڵ وانەی هونەری بەخوێندكاران وتۆتەوە. ڕۆژنامەنووسێكی كارا بووە و بەقەڵەمەكەی دەیان بابەتی ڕۆژنامەوانیی هونەری و مێژوویی لەڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا بڵاوكردۆتەوە. دەیان بەرنامەی مێژوویی و دۆكۆمێنتاری لە هەردوو كەناڵی كوردسات و خاك ئامادەكردووە.

ئەم هونەرمەندە گەورەیە ئەو كاروانەی كە لەگوندی چۆخماخەوە بەگیانێكی پاكی كوردانە و پێشمەرگانەوە دەستی پێكردو بەهەمان گیانەوە بەردەوامە و نەگۆڕاوە.

# زەهرا یامولْکی



زەهـــرا یـــامولْکی ژنێکـــی نـــاوداری کوردســـــتانەو لـــــەرێی خوێنـــــدن‌و فێربوونـــــــەوە خزمـــــەتێکی زۆری بەخوێندکارانی کچی سەردەمی خۆی کـــردووە، وەك ژنێکـــی روونـــاکبیرو پێشەنگ لەکۆتایی سالأنی بیستەکانی سەدەی رابردوو،رۆڵی دیاری لەکایەی خوێندن‌و پەروەردە لەشاری سلێمانی بووەو سەدان کچ لەرێی قوتابخانەکەی ئـــەوەوە فێـــری خوێنـــدن‌و نووســـین بـــوون‌و مەکتـــەبیان تـــەواو کـــرد. زەهـــرا کچـــی مســـتەفا پاشـــا یـــامولْکی کەسایەتیی نیشتمانی‌و روناکبیرو وەزیری پـەروەردەی حکومەتکـەی شێخ مـــەحمودە. زەهـــرا ســـاڵی ١٨٩٢ لەشـــاری ســـەڵماس لـــەدایك بـــووە، چـــونکە ئەوکات مستەفا پاشای باوکی،سەرکونسڵی عوسمانی بووە لەو شارە.

زەهرا لەگەڵ باوکی گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی، ئافرەتێکی جوان‌و شۆخ‌و شەنگ بووە، زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمە پێی سەرسام بوون، رەمزی مەلا مارف شەیدای بووەو شیعرێکی غەزلی جوانی بۆ نووسیوە کە ئەڵێ:

تەعاڵڵا لەزیبایی قەدی رەعنایی زەڕین تاج

کە عیشەوەو نازو لەنجەو غونجەو سەرتاپیی زەڕین تاج

کەچاوی کەوت بەنەخلی قامەتی سەرووی چەمەن، دەرحاڵ

سەری شۆڕ کردەوە بۆ سوجدەی بەر باڵای زەڕین تاج

زەهرا وەك مامۆستا خزمەتی بەمناڵانی كوردستان كردووەو لەبەر زیرەكی و لێهاتوویی قوتابخانەیەكی كچان بەناوی ئەوەوە ناونراوە، بەناوی قوتابخانەی زەهرای كچانی سلێمانی، ساڵی ١٩٢٩ بووە بە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەو رۆژنامەی ژیان لە ژمارە(٢٠٥)ی رۆژی ١٧ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٩، هەواڵی بوون بە بەرێوەبەری زەهرای بلاوكردۆتەوە.

زەهرا ئەو ماوەیەی بەرێوەبەر بووە خزمەتێكی زۆری بەرەوتی خوێندن كردووەو بایەخی بەبوارەكانی ئەدەب و هونەری شانۆ داوەو كچانی لەو سەردەمەدا بردۆتە سەر تەختەی شانۆ.

لەساڵی ١٩٣٠ خوێندنی شەوانی بۆ ژنانی نەخوێندەوار لە قوتابخانەكەی كردۆتەوە، چەندین ژنی فێری خوێندەواری كردووە. ئەو بابەتە بۆتە جێگەی سەرنجی رۆژنامەی ژیان و هەواڵێكی لەسەر بلاوكردۆتەوە.

پاش خزمەتێكی زۆر بە بوارەكانی خوێندن و پەروەردە ، ساڵی ١٩٧٢ لەشاری بەغدا كۆچی دوایی كرد.

وەك رێزلێنانێك لەم مامۆستا ناودارە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی قوتابخانەیەكی كچانی بەناوی ئەوەوە ناو ناوە.

# زێوەر



زێوەر، شاعیرێکی دیار و نیشتمانپەروەری کوردستانە. ناوی تەواوی عەبدوڵڵا محەمەد مەلا ڕەسوڵە و زێوەری وەك نازناوی شاعیری بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

ساڵی ١٨٧٥ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. خراوەتە بەر خوێندنی ئاینی و لە حوجرە و مزگەوتەکاندا دەرسە ئاینییەکانی خوێندووە و فێری خوێندەواری بووە.

زێوەر زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی بە باشی زانیوە و لەڕێی ئەو زمانانەوە بە ئەدەبی ئەو گەلانە ئاشنا بووەو لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

زێوەر هەر زوو لە حوجرەکانەوە خولیای دنیای ئەفسوناوی شیعر بووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری شیعرە بەرزەکانی نالی و مەولەوییەوە.

زێوەر بە شاعیرێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەوەر ناسراوە و بەشێکی شیعرەکانی بۆ ئەو بوارە بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوارەکانی دیکەی لە بیر نەکردووە و شیعری بۆ جوانی سروشتی دڵگیری کوردستان و خۆشەویستی و کۆمەڵایەتی و پەروەردە و خوێندن گوتووە. شیعرەکانی زێوەر لەلایەن مەحمود زێوەرەوە کۆکراونەتەوە و پێشەکی بۆ نوسراوە و لە دووتوێی دیوانێکدا دووجار چاپکراوە و چاپی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە کراوە. هەروەها مەحمود زێوەر کتێبێکی دیکەی زێوەری بە ناوی گەنجینەی زێڕینی زێوەر ئامادە کردووەو بەچاپی گەیاندووە.

ئەم شاعیرە ناودارەی کورد،لە ١٠-١١-١٩٤٨ بۆ دواجار ئۆغری کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

# سابووری



هونەرمەنـــــدێكی گـــــەورەی كوردســـــتان‌وخاوەن دەنگێكـــی خـــۆش‌و ئەفســـوناوییە. دوور لەزێدی خۆی‌و لەپارچەیەكی تری نیشـــتمان، لەشـــاری ســـلێمانی پایتـەختی رۆشـنبیری ماڵئـاوایی كــردو هــەر لــەو شــارە بــەخاك سپێردرا.

كـە لاپـەڕەكانی ژیـانی هونـەریی سـابوری هەڵئەدەینـەوە، ئـەبینین ئـــەم هونەرمەنـــدە گەورەیـــەی كوردسـتان خزمـەتێكی زۆری بـەكاروانی هونـەریی كـوردی كـردووەو شـوێن پەنجەی لەو بوارەدا دیارە.

ئەو لەدایكبووی شاری كرماشانی شاری كەلتوورو مێژوو بوو، لـەو شارەو لـەئامێزی خێزانێكـی هونەرپـەروەردا، بـەدنیای هونـەر ئاشـنا بـوو، لـەوێوە دەسـتی پێكردو دەنگـە سیحراوییەكەی سـنورەكانی بڕی‌و لەسەرانسـەری كوردستانی گەورەدا دەنگی دایەوە.

سابوری هێندە خولیای هونـەرو موزیك بوو،بەشێوەیەكی ئەكادیمی رێگـەی هونـەری گرتەبـەرو چـووە زانكـۆی تـاران، لـەو زانكۆیـە كـۆلیجی هونـەرە جوانەكانی تەواو كردو دەنگە بەسۆزەكەی بەزانستی هونـەر موتوربـە كرد،

نزیکەی نیو سەدە خزمەتی بەهونەرەکانی گۆرانی و موزیك کردو خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەی هونەرییە.

سابوری هونەرمەندێکی کوردستانی بوو، هەربۆیەش دوور لەزێدی خۆی شاری سلێمانی هەڵبژاردو نزیکەی ١٥ساڵی کۆتایی تەمەنی لەو شارەدا بردە سەر، لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی و چەند تیپێکی تردا خزمەتی بەرەوتی هونەریی کوردستان کرد.

بەرهەمو بەخششە هونەرییەکانی سابوریی نەمر جێی شانازین و وەك سەرمایەیەکی بەنرخی کولتووریی کوردستان ئەمێنێتەوە.

# سابیر كوردستانی



سابیر كوردستانی هونەرمەندی ناوداری كوردستان، لەرشتەكانی هونەرو ئاوازو شیعردا، خزمەتێكی زۆری بەكولتووری كوردستان كردووەو شوێن پەنجەی دیارە. وەك گۆرانبێژو ئاوازدانەرو شاعیر خزمەتی كردووە، ئەو سێ پەلەی هونەرو ئەدەبی پێكەوە موتوربە كردو گۆرانی ناوازەی لێ بەرهەم هێنا.

(سابیر محەمەد ئەحمەد) كە بەسابیر كوردستانی ناسراوە، ساڵی ١٩٥٥ لەگەڕەكی حەمام عەلیی شاری كەركوك لەدایك بووە. هێشتا مناڵ بووە، بەهۆی بەكارهێنانی دەرمانی هەڵەوە بۆی ، رووناكی چاوەكانی كز بووە. لەشاری كەركووك خوێندویەتی و ژیانی مناڵی و گەنجیی لەوێ بەسەر بردووە.

هەر لەوێ خولیای هونەری گۆرانی بووە، سەرەتای ساڵانی حەفتاكانی سەدەی رابردوودا، لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا بۆ یەكەمجار چۆتە سەر تەختەی شانۆی ناوەندیی ئیمام قاسم و بەدەنگە بەسۆزەكەی ئامادەبووانی سەرسام كردووە.

ساڵی ١٩٧١ یەكەم گۆرانی لەتەلەفزیۆنی كەركووك تۆمار كردووە.

ساڵی ١٩٧٢ لەرێی مامۆستا عەلی مەردانەوە دەچێتە رادیۆی کوردیی بەغدا، گۆرانیی ( میوانی هاتم بۆ لای تۆ) کە لەئامادەکردنی مامۆستا عەلی مەردان بووە، لەو رادیۆیە تۆماری کردووە، دواتر چەندین گۆرانی تری لەو رادیۆیەو تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کردووەو وەك هونەرمەندێکی دەنگخۆش لەسەرانسەری کوردستاندا دەناسرێت.

ساڵی ١٩٨٠ کوردستانی وەك کارمەند لەتەلەفزیۆنی کەرکوك دادەمەزرێت، ئیدی لەوێوە خزمەت بەهونەرمەندانی کوردستان دەکاتو بەشیعرو ئاوازی خۆی هاوکارییان دەبێت.

کوردستانی، چەند گۆرانییەك لەو تەلەفزیۆنە تۆمار دەکات کە شیعرو ئاوازی خۆی بوون، هەر وەکو خۆشی لە دیدارەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە، زۆربەی گۆرانییەکانی چیرۆکێکی ژیانی خۆی لەپشتەوە بووەو باسی ژیانی سەختو پڕ میحنەتی خۆی بوون.

کوردستانی، سوودی لەشیعری شاعیرانی ناوداری کوردستان وەرگرتووەو کردوونی بە گۆرانی، لەوانە شیعرەکانی هێمنو پەشێو کە لەگەڵ ژیانو خەمەکانیدا ئاوێتە بوون.

سەرباری ئەوەی کە کوردستانی گۆرانبێژو شاعیرو ئاوازدانەر بووە، شارەزایی لەچەند ئامێرێکی موزیکدا هەبووەو لەئامێرەکانی عودو زەڕبو نەی بەباشی زانیوەو بەکاری هێناون.

کوردستانی، نیو سەدە خزمەتی بەکایەکانی هونەری کوردی کردو خاوەنی زیاتر لە ٦٠ گۆرانییە، سەرباری ئەوەی شیعری گۆرانی نووسیوەو ئاوازی بۆ خۆیو هونەرمەندانی دیکە داناوە.

ساڵی ١٩٩٧ ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوەو خاوەنی سێ کچو کوڕێکە.

كوردستانی، كەسێكی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بوو، هەر بۆیەش لەسایەی بەعسدا هەڵی نەكردو كۆتایی نەوەدەكان شاری كەركووكی بەجێهێشت و لەشاری سلێمانی نیشتەجێ بوو.

ئەوی كەركوكی دیدێكی كوردستانی هەبوو، هەربۆیەش وشەی كوردستانی كردە نازناوی خۆی و لەگەڵ زۆربەی تیپە هونەرییەكانی كوردستاندا بەبێ جیاوازی كاری كردووەو خزمەتی بەكاروانی هونەری كوردی كردووە.

پاش نیو سەدە لەخزمەتكردن بەرشتەكانی هونەرو رۆشنبیریی كوردستان، رۆژی ١٠ی ئابی ٢٠٢٠، پاش دوو هەفتە جەنگین لەگەڵ ڤایرۆسی نەگریسی كۆرۆنادا، بۆ دوا جار چاوە كزە پڕ هیواو ئومێدەكانی لێكنا و كۆچی دوایی كردو لەسەر راسپاردەی خۆی تەرمەكەی برایەوە بۆ شاری كەركووك و لە گۆڕستانی رەحیماوا بە خاكی نیشتمان سپێردرا.

# سادق بەهائەدین



سادق بەهائەدین، کەسایەتییەکی گەورەی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردستانەو لەکایەکانی ئەدەب و رێزمانی کوردی و مێژوو و جوگرافیا و پەروەردەو خوێندن خزمەتی زۆری بەکورد و کوردستان کردووە.
ساڵی ١٩١٨ لەشاری ئامێدی لەدایك بووە، لەئامێزی خێزانێکی ئاینی زانستپەروەردا گەورە بووە. سەرەتا لای باوکی دەرسە ئاینیەکانی خوێندووەو زمانەکانی عەرەبی و تورکی فێر بووە. باوکی زانایەکی گەورەی زانستەکانی ئاین و زمان بووەو سوودی زۆری لێوەرگرتووە. دواتر قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە ئامێدی و موسڵ تەواو کردووە.
ساڵی ١٩٤٤خانەی مامۆستایانی باڵای لەشاری بەغدا تەواو کردووەو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە جوگرافیا بەدەستهێناوە.
وەك مامۆستای جوگرافیا دامەزراوەو لەشارەکانی کەرکووك و سلێمانی و هەڵەبجەو بەغداو دهۆك و زاخۆ، وانەی جوگرافیای وتۆتەوەو خزمەتی کردووە. لەبەرئەوەی مامۆستایەکی دڵسۆزو کوردپەروەر بووەو خوێندکارانی بەگیانی کوردایەتی پەروەردە کردووە، سزا دراوە بۆ شارۆچکەی هیتی سەر بەپارێزگای ئەنبار نەقڵ کراوە.
ساڵی ١٩٥٦ چۆتە رادیۆی کوردی بەغدا، لەوێ وەك بێژەرو وەرگێڕو ئامادەکاری بەرنامە کاری کردووە.
چەندین بەرنامەی لەسەر مێژوو و رێزمان و ئەدەبی کوردی ئامادەو پێشکەش کردووە. لەبەر توانای زۆری لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی،

سالّی ١٩٥٩ بۆتە جێگری بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی لەبەغدا، لەبەر هەمان هۆ، سالانی ١٩٦٣-١٩٦٥ کراوە بەمامۆستای وانەبێژی زمانو ئەدەبی کوردی لە بەشی کوردیی کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا.
لەسەرەتای سالانی چلەکانی سەدەی رابردوودا بۆتە ئەندامی یانەی سەرکەوتنی کوردان لەبەغداو هاوکاریی گۆڤاری ( هیوا)ی ئەو یانەیەی کردووەو بابەتی ئەدەبیو رۆشنبیری تێدا بلاوکردۆتەوە.
سالّی ١٩٥٨ یەکێك لەدامەزرێنەرانی سەندیکای مامۆستایانی عێراق بووەو وەك نوێنەرێکی کورد رۆلّی دیاری تێدا بینیوە.
یەکێك لەئەندامە دیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد لەسالّی ١٩٧٠ بووەو ئەرکی سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەکەی لەئەستۆ گرتبوو و بەسەرکەوتوویی بەڕێوەی بردووە.
مامۆستا سادق، هەر زوو خولیای نووسین بوو، وتارەکانی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی (هیوا، روناهی، رۆژی کوردستان، برایەتی، بەیان، رۆشنبیری نوێ، هاوکاری، دەفتەری کوردەواری، نووسەری کورد، کۆڕی زانیاریی کورد) بلاوکردۆتەوە.
مامۆستا سادق بەهائەدین چەندین کتێبی گرنگی ئەدەبیو مێژوویی بەچاپ گەیاندووە لەوانە: (دیوانی مەلای جزیری-لیکۆلّینەوە، نەوبەهاری خانی-لێکۆلّینەوە، شاعیرانی کورد-لێکۆلّینەوە، دیوانی پرتۆ بەگی هەکاری-لێکۆلّینەوە، مەولودنامە، لێکۆلّینەوە، شێوەزاری کرمانجی ژووروو، رێزمانی کوردی- بەراوردکردن لەنێوان کرمانجی خواروو و ژووروو)و چەندانی تر.
دوای خزمەتێکی زۆر بە بەرێزمانو ئەدەبی کوردیو مێژوو، لە رۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٨٢، مامۆستا سادق بەهائەدین کۆچی دوایی کرد.

# ساڵح حەیدەری



بنەماڵەی حەیدەری بنەماڵەیەکی دیارو هەڵکەوتووی کوردستانو خاوەنی دەیان کەسایەتیی گەورەی سیاسیو روناکبیریو کۆمەڵاتینو لە رشتە جیاجیاکاندا خزمەتێکی زۆریان پێشکەش بەگەلو نیشتمان کردووە.

ساڵح حەیدەری یەکێکە لەروخسارە دیارە فیکریو سیاسیو روناکبیرییەکانی ئەو بنەماڵە هێژایەو بەیەکێك لە پێشەنگە دیارەکانی بیری چەپو نوێی پێشکەوتنخوازو قەڵەمێکی جەسور لەکوردستانو عێراق دادەنرێت.

ساڵح حەیدەر عاسم ناوی تەواوی ئەم کەسایەتییەو بەساڵح حەیدەری ناسراوە. رۆژی ٩ی مایسی ١٩٢٢ لەگەڕەکی عارەبانی شاری هەولێر لەدایك بووە. لەهەولێرو بەغدا قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووەو ساڵی ١٩٦١ بڕوانامەی حقوقی لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.

ساڵح حەیدەری هەر لەسەرەتای چلەکانی سەدەی رابردوەوە تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی بووەو بە یەکێك لە پێشەنگەکانی بیری نوێ دادەنرێ. ساڵی ١٩٤٢رێکخەری یەکەم شانەی مارکسی بووە لەشاری هەولێرو لەحزبەکانی (شۆڕشو رزگاری و حزبی شیوعی عێراقو پارتی دیموکراتی کوردستان) وەك سەرکردەیەکی دیار خەباتی کردووەو داکۆکیکاری بیری

چەپو پێشکەوتنخواز بووەو شوێن پەنجەی لەو بوارەدا دیار بووە. سالّح حەیدەری قەلّەمێکی دیارو سەنگینو بوێر بووەو وەك خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرو رۆژنامەنووس خزمەتێکی زۆری بەکاروانی رۆژنامەگەری نهێنیو ئاشکرای کوردستانو عێراق کردووە. لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی (یەکێتی تێکۆشین، رزگاری ، شۆڕش، ئازادی، ئازادیی کوردستان، خەبات، خەباتی کوردستان، کادر، گەلاوێژ، العراقو پاشکۆ کوردییەکەی) کاری کردووەو بەرهەمەکانی بلاّوکردۆتەوە. ئەندامی یەکێتیی نوسەرانو سەندیکای رۆژنامەنوسانو کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردی بووە لەبەغدا.

سالّح حەیدەری بیرەوەرییەکانی لەدوو توێی کتێبێکدا چاپ کردووەو چوار کتێبی تری دەستنووسی هەیە. ئەم کەسایەتییە هەڵکەوتووەی کوردستان لەرۆژی ٦ی ئابی ٢٠٠١ بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردولە گۆڕستانی حەیدەریان لەشاری هەولێر بەخاك سپێردرا.

# ساڵح زەکی ساحێبقڕان



ساڵح زەکی سەرکردەیەکی سەربازی و ئیداری و ئەدیبێکی دیار بووە و لە هەر یەك لەو کایانەدا خزمەتێکی گەورەی بە گەل و وڵاتەکەی کردووە.

ساڵی ١٨٨٦ لە شاری هەڵەبجە لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا و ئەستەنبوڵ تەواو کردووە و بڕوانامەی بەرزی لە زانستی سەربازیدا بەدەستهێناوە و ساڵی ١٩٠٦ بووە بە ئەفسەر و لە سوپای عوسمانیدا خزمەتی کردووە. دوای بڕانەوەی یەکەمین جەنگی جیهان و لە ساڵی ١٩٢١ گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و ساڵی ١٩٢٢ کراوە بە قائیمقامی ئاکرێ و پاش ماوەیەکی کەم وازیهێناوەو پەیوەندی بە شێخ مەحموودی نەمرەوە کردووە و لە تەشکیلەی دووەمی وەزارەتەکەیدا بووە بە سەرکردەی هێزە چەکدارەکان و پلەکەی هاوشانی وەزیری بەرگری بووە. دوای تێکچوونی حکومەتی شێخ چۆتە بەغدا و لەوێ لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسیدا خزمەتی کردووە و گۆڤاری(دیاری کوردستان)ی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی دەرکردووە. کە گۆڤارێکی بە ڕەونەقی وێنەدار بووە لە( ١١-٣-١٩٢٥ تا ١١-٥-١٩٢٦) ئەو گۆڤارە بەردەوام بووە. ساحێبقڕان وتاری بۆ ئەو گۆڤارە نووسیوە . شاعیریش بووە و شیعریشی نووسیوە.

ئەو لە ڕووی ئەدەبی كەسێكی بەتوانا و هەڵكەوتوو بووە و بە حوكمی ئەوەی زمانەكانی توركی و عەرەبی و فارسی و فەرەنسی بە باشی زانیوە سوودی لە ئەدەبیاتی ئەو گەلانە وەرگرتووە و سەرچاوەی ڕۆشنبیری خۆی پێ دەوڵەمەند كردوون. دواتر جارێكی دیكە لە بواری ئیداریدا وەك بەڕێوەبەری ناحیەی قزانیە و شارەبان و قائیمقامی كۆیە و پارێزگاری سلێمانی و هەولێر و دیالە خزمەتی كردووە.

لەرۆژی ١٣ی كانونی یەكەمی ١٩٤٤ لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا كۆچی دوایی كردووە و لە شاری بەغدا بە خاك سپێردراوە.

# ساڵح قەفتان



ساڵح قەفتان، مێژوونووس و پەروەردەکار و ڕۆژنامەنووسێکی دیاری کوردستانە و لەو بوارانەدا خزمەتێکی زۆری بە کاروانی ڕوناکبیریی کوردستان کردووە.
ساڵی ١٨٨٥ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە.
لەسلێمانیو بەغداو ئەستەنبوڵ خوێندوویەتی.
کۆلیجی سەربازی لە ئەستەنبوڵ تەواو کردووەو بووە بە ئەفسەر لە سوپای عوسمانی. لەسەردەمی شێخ مەحموودی نەمر گەڕاوەتەوە سلێمانی و بووە بەمامۆستای مێژوو و جوگرافیا لە قوتابخانەکانی سلێمانی و لەو سەردەمەدا خزمەتێکی زۆری لەو بوارەدا پێشکەش بە منداڵانی کوردستان کردووە.
ساڵح قەفتان ڕۆژنامەنووس بووە و لە دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٣٧ ڕۆژنامەی زبانی لە سلێمانی دەرکردووە. ساڵی دواتر گۆڤاری زانستی دەرکردووە. ئەوەش بۆ یەکەمجار بووە گۆڤارێکی زانستی دەر بکرێت. ساڵح قەفتان بایەخی زۆری بە لێکۆڵینەوە و نووسینەوەی مێژوو داوە، هەربۆیەش زیاتر وەك مێژونووس ناسراوە.
خاوەنی چوار کتێبی چاپکراوە، کە ئەمانەن: (پەندی تەئریخی، بەراوردێکی تەئریخیو ئەهەمیەتی زمان، کورد تورکمان نییە، مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ).
لەرۆژی ٣٠ ی ئابی ١٩٦٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردو لەگردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

# ساڵح یوسفی



ساڵح عەبدوڵڵا نەجمەدین، ناسراو بە (سەیدا ساڵح یوسفی) نووسەر و سیاسەتمەدارێکی دیاری کوردستانە.
لە ساڵی ١٩١٨ لە بامەڕنی لەدایك بووە. لەبامەڕنی و بەغدا خوێندوویەتی و کۆلیجی شەریعەی بەغدای تەواو کردووە. لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابردوەوە بەشداری جوڵانەوەی سیاسی کردووە و کەسایەتییەکی دیاری سیاسی بووە و لە دەستەی دامەزرێنەری حزبی هیواو پارتی دیموکراتی کورد و بزووتنەوەی سۆسیالیست بووە. دوا کاری سیاسی سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە.
سەرباری کاری سیاسی، سەیدا ساڵح یوسفی شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی دیار بووە. سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی و سەرنووسەری گۆڤارەکانی (ڕۆژی کوردستان و نووسەری کورد و ستێر) بووە. وتار و نووسینەکانی لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە و ئەوانی دیکەدا بڵاوکردۆتەوە. سەرۆکی یەکێتیی نوسەران و سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد و چەند کۆمەڵە و سەندیکایەکی دیکە بووە.
سەیدا ساڵح یوسفی، بێجگە لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی، خزمەتێکی گەورەی بەبواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی کردووە. رۆژی ٢٥ی حوزیرانی ١٩٨١ ڕژێمی بەعس لەڕێی نامەیەکی بۆمبڕێژکراوەوە شەهیدی کرد.

# سەبری بۆتانی



سەبری بۆتانی شاعیر و تێکۆشەرێکی ناسراوی کوردستانە و مەیدانەکانی خەباتی کوردایەتی و ئەدەب و ڕۆشنبیری، دوو مەیدانی گرنگی کار و خزمەتکردنی ئەو بوون.

ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی شوشی سەر بەدەڤەری وانی باکوری کوردستان لەدایک بووە.

لەدوای کوژانەوەی چرای شۆڕشی ئاگری داخی باکوری کوردستان، لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابڕدووەوە بە ماڵەوە ئاوارەی باشوری کوردستان بوون و لە شاری زاخۆی دەلال نیشتەجێ بوون. بۆتانی کوردستانی وەك یەك نیشتمان و یەك گەل بینیوە، هەربۆیە لە سەرەتای لاوێتیدا چۆتە نێو کۆڕی تێکۆشانەوە و لە ناو حزبەکانی هیوا و پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتی کردووە و وەك پێشمەرگەیەك بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە. هاوشانی خەبات و تێکۆشان، مەیدانی خەباتی ئەدەبی و کولتووری فەرامۆش نەکردووە و وەك شاعیر و ڕۆژنامەنووس ڕۆڵی دیاری هەبووە.

لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی وەك برایەتی و ڕۆشنبیری نوێ و بەیان و نووسەری کورد و ئەلتەئاخی بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە. بۆتانی

ژیـانێكی سـەخت و دژوار ژیـاوە، ماوەیـەك وەك پەنابـەر لـە وڵاتـی نـەرویج بـووە. پشـكی شـێری بەرهەمـەكانی بۆتـانی شـیعرن، شـیعرەكانی شـیعری هەمەجۆرن، بەشێكیان شیعری نیشـتمانی و نەتـەوەیین و ئـەوانی دیكـەی بۆ سروشـت و جـوانی بـوون. خـاوەنی سێ دیـوانی شـیعرە ئـەوانیش: (شین و شــادی، دڵســتان، دەنگــی مــەتین و گــارە). بەداخــەوە ئــەم كەســایەتییە نیشتمانی و ئەدەبییەی كوردستان، لە ئاوارەیی و وڵاتی غەریبی لـە نـەرویج لە رۆژی ٢٥ی تشرینی یەكەمی ١٩٩٨ كۆچی دوایی كرد.

# سەروەت سەوز



سەروەت سەوز، هونەرمەندێکی دیارو ناسراوی کوردستانە، لەبواری هونەری گرافیکدا خزمەتێکی زۆری پێشکەش کردووەو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارە.
ساڵی ١٩٥٤ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لەسلێمانیو بەغدا تەواو کردووە.
سەروەرت سەوز هەر لەتاڤ لاوییەوە خولیای هونەری نیگارکێشان بووە، بۆ ئەوەی ئەو خولیایەی بەزانستی بخوێنێ، رووی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا کردووە.
ساڵی ١٩٧٠ لەبەشی گرافیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراوەو بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە.
دوای ئەوەی بەشێوەی زانستی ئەو هونەرەی خوێند، رەنگدانەوەی لەسەر کوالیتی هونەریی تابلۆکانی هەبوو.
ساڵی ١٩٧٦ یەکەمین پێشگای نیگارکێشیی گرافیکی خۆی لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تر لەزانکۆی سلێمانی کردەوە، تابلۆکانی بوونە جێی سەرنجی هونەرمەندانو هونەردۆستانو پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. ئەوەش وزەی زیاتری بۆ بەردەوامی پێبەخشی. ئیدی چەندین پێشانگای تایبەتی خۆی لەشارەکانی کوردستانو عێراقو دەرەوە کردەوەو زیاتر لەسەر ئاستی ناوخۆو جیهان ناسرا.

ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ هونەرمەند نامیق عەلی قادر پێشانگایەكی لەشاری پاریس كردەوە.
ساڵی ١٩٩٣ لەسەر داوەتی رەسمی سەرۆك فرانسوا میتران، لەگەڵ چەند هونەرمەندێكی دیكەی كورد پێشانگایەكی هاوبەشیان لەپاریس كردەوە، سەرۆك فرانسۆ میترانو دانیال میتران بەگەرمی پێشوازی لێیان كرد،ئەوەش دەنگدانەوەیەكی زۆری هەبوو. دواتر هونەرمەند سەروەرت سەوز له وڵاتانی بەریتانیاو ئیتالیاو ئەلمانیا، پێشانگای تایبەتی كردەوەو زیاتر هونەرەكەی بەدنیا ناساند.
دواهەمین پێشانگای لەیادی كیمیابارانی هەڵەبجە لە١٦ی ئازاری ٢٠٠٤ كردەوە. هەر لەو رۆژەدا ئۆتۆمبیل لێی داو بەسەختی بریندار بوو، بۆ چارەسەر برایە شاری بەغداو بەهۆی سەختی برینەكەیەوە لەرۆژی ٢٨ی ئازاری هەمان ساڵدا لەنەخۆشخانەی جادریە گیانی پاكی بەدنیای هونەر بەخشیو تەرمەكەی برایەوە بۆ شاری سلێمانیو لەوێ بەخاكی نیشتمان سپێردرا.
هونەرمەندی خۆشەویست سەروەت سەوز، هونەرمەندێكی جدیو بەهەڵوێست بوو، هونەرەكەی بۆ خزمەتی گەلو نیشتمانەكەیو مرۆڤایەتی بەكارهێناوە. لەسەر هەڵویستی بەرزی نیشتمانی، ئارام سەعیدی هاوڕێی لەوتارێكدا ئاماژەی بەوە كردووە، كە سەروەت سەوز بۆی گێڕاوەتەوە، لەسەردەمی دەسەڵاتی رژێمی بەعسدا، بانگیان كردووە بۆ بنكەی حەتینی حزبی بەعس لەسلێمانی، داوایان لێكردووە، وێنەی سەدام حسێن بكێشێ، ئەویش وتویەتی گەر نەیكێشم چیە؟، وتویانە هەركەس نەیكێشێ، تفێك ئەكەینە ناو چاوی، سەروەت سەوز وتویەتی دە من ناتوانم ئەو وێنەیە بكێشێم ،بەعسییەكان تفیان كردۆتە ناو چاوی، سەرەوت ئەو سووكایەتییە گەورەیەی پێ باشتر بووە لەوەی وێنەی دیكتاتۆر بكێشێ!

# سەعدوڵلا پەرۆش



سەعدوڵلا پەرۆش، شاعێرێکی ناوداری کوردستانەو لەرێی شیعرە بەرز و جوانەکانییەوە خزمەتێکی زۆری بەکایەی کولتووری کوردستان کردووە.

سەعدوڵلا سەعید مام شێخ ناوی تەواوی ئەو شاعیرەیەو بەسەعدوڵلا پەرۆش ناسراوە.

پەرۆش ساڵی ١٩٥٠ لەشاری هەولێری دێرین لەدایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لەو شارە تەواو کردووە.

سەعدوڵلا هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای شیعربوو، دەستی بەهۆنینەوەی مرواری وشەکانی کرد.

پەرۆش شیعری بۆ نیشتمان و گەلەکەی، بۆ سروشت و جوانی و عیشق و خۆشەویستی نووسیوە. هەموو شیعرەکانی بەرزو جوانن، هەندێکیان هێندە ناسک و نازدارن، لەلایەن هونەرمەندانەوە کراون بەگۆرانی و لەگەڵ مۆزیك و دەنگدا تابلۆیەکی زیندووی هونەری بەرزی سترانیان نەخشاندووە.

ئەو خاوەنی چەند دیوانێکی شیعرە، یەکەم دیوانی بەناوی کۆشی ئارام لەساڵی ١٩٦٩ چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

دوا دیوانی بەناوی (تینووتر لەئاو) لەساڵی ٢٠١٨ بڵاوکردەوە.

چەند دیوانێکی دیکەشی هەن لەوانە ( شەوانی تەنیایی، ناسنامەی با، نەفرین).

شـیعرەكانی هێنـدە شـیرین‌و سـەرنجڕاكێش بـوون، بـۆ زمانـەكانی دیكـە وەرگێڕدراون.

پـەرۆش پیـاوێكی كوردپـەروەر بـوو، هـەر بۆیـەش هاوشـانی تێكۆشـانی كولتـووری، وەك پێشـمەرگە بەشـداری شۆڕشـی ئـەیلول‌و شۆڕشـی نـوێی كوردسـتانی كـردووە، لەكایـەی ئـەدەبی‌و رۆشـنبیریی ئـەو شۆڕشـانەدا خزمەتی زۆری كردووە.

ئەندامێكی چست‌و چالاكی یەكێتیی نووسەرانی كورد بوو، لەدوای راپـەڕین چەند خولێك بەهەڵبـژاردن بەسـەرۆكی لقی هـەولێری یـەكێتیی نووسـەرانی كورد هەڵبژێردراو لەرێی ئەو رێكخراوە پیشـەییەوە خزمـەتی زۆری بـەبواری ئەدەبی‌و رۆشنبیری كوردستان كرد.

سەعدوڵلا پـەرۆش لەكایـەی حوكمیشدا وەك راوێـژكارو بەرێوەبەری گشـتی لـە وەزارەتـی رۆشـنبیری‌و لاوان خزمـەتی كـردو لـەو بـوارەدا رۆڵـی بەرچاوی هەبوو، شوێن پەنجەی خزمەتی دیار بوو.

پەرۆش زیاتر لەنیو سەدە لە كایەكانی ئەدەبی‌و رۆشنبیریدا خزمـەتی كـرد، شـیعرو بەرهەمـە ئەدەبییـەكانی وەك یادگـاری شـیرینی ئـەو بـەجێماون، هەمیشە بەنەمری‌و زیندوویی دەمێننەوە.

بەداخـەوە ڤایرۆسـی نەگریسـی كۆرۆنـا زەفـەری لـەمیش هێنـاو رۆژی ٢٩ی تشرینی یەكەمی ٢٠٢٠، بەو ڤایرۆسـە ماڵئـاوایی لـەژیان كـرد. بـەڵام بـەهۆی بەرهەمە ئەدەبیەكانییەوە هەمیشە بەنەمری دەمێنێتەوە.

# سەعید کابان



مامۆستا سەعید کابان کەسایەتییەکی گەورەی پەروەردەیی کوردستانەو زیاتر لەنیو سەدە خزمەتی بەرەوتی خوێندن و پەروەردەو رێزمانی کوردی کرد.

مامۆستا سەعید لەبنەماڵەی کابانە، ئەو بنەماڵە دیارەی شاری سلێمانی کەزیاتر لەیەك سەدەیە لەخزمەتی کۆمەڵی کوردەواریدان و دەیان کەسایەتی سیاسی و روناکبیری و هونەری و پەروەردەیی و کۆمەلایەتییان تێدا هەڵکەوتووەو لەکایەو رشتە جیاجیاکاندا خزمەتیان بەگەل و نیشتمانەکەیان کردووە.

سەعید کابان بەسەرقافڵەی ئەو بنەماڵە هێژایە دادەنرێ کە لەمەیدانی زمان و پەروەردەدا خزمەتێکی زۆری کردووەو بەیەکەم کەس دادەنرێ لەکوردستانی باشوردا کە لەسەر رێزمانی کوردی نووسیوەو دوو کتێبی لەوبارەیەوە نووسیوە ئەوانیش کتێبەکانی (گوڵزار، موختەسەری سەرف و نەحوی کوردی)ن. مامۆستا زێوەر بۆ بەرز نرخاندنی ئەو بەرهەمەی مامۆستا سەعید کابان، لەسەر دەستنووسەکەی بەخەتی خۆی ئەم شیعرەی بۆ نووسیوە:

تەماشاو دەیقەتم کرد، دەکەم تەحسینی ئەفکارت
موبارەك بێ لەمیللەت ئەی رەفیقم تازە ئاسارت
لەمەیدانی مەعاریفدا لەبۆ ئەم میللەتی کوردە
حەقیقەت باغەبانیت کرد بمێنێ باغ و گوڵزارت

که سەرفی هیممەتی خۆت کرد لەسەرف و نەحوی کوردیدا

لەتەئریخی هەزارو سێ سەدو سی و هەشتی هیجریدا

مەتاعی قاعیدەی کوردیت نیشان دا بۆ خڕیدارت

شانازییەکی دیکەی مامۆستا کابان ئەوەیە کە لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوودا لەسەر دەستی ئەمدا خوێندن لە حوجرەوە گوازرایەوە بۆ قوتابخانەی ئاسایی.

مامۆستا سەعید کابان لەساڵی ١٨٦٦ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. لەسلێمانی خراوەتە بەر خوێندنی ئاینی و ماوەی ١٥ساڵ خوێندویەتی و مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە.

دواتر چۆتە شاری موسڵ و لەخانەی مامۆستایان تاقی کراوەتەوەو بەپلەی نایاب دەرچووەو بڕوانامەی دراوەتێ کە وەك مامۆستای قوتابخانە وانەبڵێتەوە. لەدوای ئەوە بووە بەمامۆستا لەسلێمانی و لەقوتابخانەکانی روشدیەی عەسکەری و تەشویقیەو سەعادەت و خالیدیەو مەحمودیەو نموونەیی و قوتابخانەی یەکەم وانەی وتۆتەوە. لەدەرەوەی سلێمانیش لە سەرگەڵو و قەرەداخ و قەمچووغە مامۆستا بووە. ساڵی ١٩٣٦ خانەنشین کراوە. لەدوای خانەنشینکردنی بەردەوام بووە لەخزمەتکردنی پەروەردەیی و لەسەر داوای پیرەمێردی نەمر ئەرکی بەڕێوەبەریی قوتابخانەی زانستیی ئێوارانی لەئەستۆ گرتووەو خزمەتی بە خوێندن و پەروەردە کردووە.

ئەم کەسایەتییە هەڵکەوتووەی کوردستان، دوای خزمەتێکی زۆر بەخوێندن و پەروەردەو زمانی کوردی لەرۆژی٥ی تەمووزی ١٩٦١ لەتەمەنی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لەگردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

# سەعید گاباری



سـەعید گابـاری هونەرمەنـدێکی گـەورەی کوردسـتان بـوو، لـەرێی هونـەری مۆسـیقاو گۆرانییـەوە، خزمـەتێکی زۆری گـەلی کوردسـتانی کرد. هونـەری ئەو بەتـەنها بۆ ئارامی رۆح و دەروون نـەبوو، هونـەری ئـەو چـەکی شۆڕشـگێڕانەی رابـوون و بێدارکردنـەوەی گەلەکـەی بـوو لـەدژی داگیرکـەرانی کوردسـتان، هەربۆیـەش دوژمنان لەدەنگی دلێری دەترسان و لـەهیچ پارچەیەکی کوردسـتان جێگـەی نەدەبووەوە، لەبەرئەوە چووە شاخ و سەنگەری پێشمەرگە لەئامێزی گرت.

سەعید گاباری ساڵی ١٩٥٦ لەگونـدی (خربێ کـەژێ)ی سـەر بەشارۆچکەی حەسەکەی رۆژئاوای کوردستان لەدایك بووە.

لەتەمـەنی ٨ ساڵیدا بینـایی چاوەکانی لەدەسـت دا، بـەڵام رووناکی هونـەر چاو و دڵی رۆشنکردەوە.

لەسـەرەتای ژیـانی گەنجییـەوە شـەیدای هونـەری گۆرانی و ئامێری تـەمبور بـوو، ژیـانی ژێـر دەسـتەیی وێڵـی دوای ئـازادی کـرد و شـیعرە شۆڕشگێڕییەکانی (جگەر خوێن و سـەیدا تیرێژ) رێگـای خـەبات و ئازادییـان نیشـاندا، ئیـدی شـیعری ئـەوانی کـردە سـتران و سـروود، گۆرانییـەکانی بەگشتی و گۆرانی (بولبولی دڵشاد) بەتایبـەتی دەنگدانـەوەی زۆری هـەبوو، عەرشی داگیرکـەرانی لەرزاند، هەربۆیـەش خستیانە زیندانـەوە و وەك خۆی

باسی دەكات ئازاری وەحشیانە درا. دوای ئازادبوونی نەیتوانی لەرۆژئاوا بمێنێتەوە.
ساڵی ١٩٧٨ هاتە باشووری كوردستان و شاری هەولێر لەئامێزی خۆشەویستی گرت. ئیدی لەهەولێرەوە لەگەڵ كاروانی هونەر رێی كرد.
لەگەڵ چەند هونەرمەندێكی دیكەدا تیپی هونەری میللی هەولێریان دامەزراند، لەرێی ئەو تیپەوە بە گۆرانی و لاوك و مەقام خزمەتی زۆری هونەری كوردی كرد. ئیتر چالاكی و هونەرەكەی لەهەولێر بووە جێی سەرنجی پیاوانی رژێمی بەعس و لەدژی وەستانەوە. هەربۆیەش لە ساڵی ١٩٨٠ رووی كردە چیاو سەنگەری بەرگری هەڵبژاردو بووە ئەندامی تیپی هونەری شۆڕش، دەنگە دلێرەكەی لەپاڵ چەكی شانی پێشمەرگەدا لەدژی رژێمی بەعس چووە سەنگەرەوە، بەدەنگی بڵندو زوڵاڵی گیانی خەبات و بەرخودانی جۆش داو تاراپەڕین لەشاخ بەردەوام بوو.
دوای راپەڕین چووە دەرەوەو لە وڵاتی ئەڵمانیا بووە پەناهەندە، لەوێش لەرێی هونەرەكەیەوە خزمەتی كرد.
لەكاتی شەڕی داعش لەدووره وڵات ئۆقرەی نەگرت و هاتەوە كوردستان و بەچەكی هونەری گۆرانی و بەكلیپێك دژی بیری تاریكی وەستایەوە.
ئەم هونەرمەندە مەزنەی كوردستان، نیوسەدە لەژیانی خۆی خستە خزمەت هونەرو نیشتمانەكەیەوە، خاوەنی (٤٧١٢) گۆرانی و لاوك و مەقامی هەمەجۆری نیشتمانی و ئەڤینداریيە. بەوەش خاوەنی زۆرترین بەرهەمی هونەرییە.
دوای خزمەتێكی زۆر بەگەل و نیشتمانەكەی و كاروانی هونەری كوردی، بەرەبەیانی ٤ی ئایاری ٢٠٢٠ لەنەخۆشخانەی سەردەمی هەولێر لەتەمەنی ٦٤ ساڵیدا كۆچی دوایی كرد. لەسەر راسپاردەی خۆی و لەخۆشەویستی بۆ هەولێر، لە گۆڕستانی مەلا ئۆمەر بەخاك سپێردرا.

# سەعید ناكام



سەعید ناكام كەسایەتییەكی گەورەی سیاسی و روونـاكبیریی كوردستانەو خزمەتێكی زۆری بەكاروانی تێكۆشانی كوردایەتی و رشتە جیاجیاكانی ئەدەبی و رۆژنامەوانی كردووە.

محەمەد سەعید حەسەن ناوی تەواوی ئەو كەسایەتییە مەزنەیەو بەسەعید ناكام ناسراوە.

ساڵی ١٩١٧ لەگوندی دەوەشاری سەر بەسابلاغ لەدایك بووە.

لەقوتابخانەی ئاینی و رەسمی خوێندوویەتی و فێری خوێندەواری بووە.

بەهاری ١٩٣٣ هاتۆتە باشووری كوردستان و لە رایات و رواندز گیرساوەتەوە. پاییزی هەمان ساڵ بەهاوڕێیەتی مامۆستا حسێن حوزنی موكریانی چۆتە شاری سلێمانی و ماوەیەك لەو شارە ماوەتەوەو لەچاپخانەی رۆژنامەی( ژیان)ی پیرەمێرد كاری كردووە.

دواتر دامەزراوەو وەك فەرمانبەر لەناوچە جیاجیاكانی كوردستان و عێراق خزمەتی كردووە.

بەنامەی مامۆستا برایم ئەحمەد چۆتە مەهابادو پشتیوانی كۆماری كوردستانی كردووەو سەرۆكی نووسینی رۆژنامەی كوردستان بووەو خزمەتێكی زۆری بەرەوتی نووسین و رۆژنامەنووسی لە مەهاباد كردووە.

پاش روخانی کۆماری کوردستان جارێکی تر هاتۆتەوە بۆ باشووری کوردستان و پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە کردووەو کادرێکی چالاکی ئەو حزبە بووەو سەرپەرشتی دەرکردنی گۆڤاری (ئازادیی کوردستان)ی بەنهێنی لەشاری کەرکوك کردووە.

بەشداری شۆرشی ئەیلولی کردووەو بایەخی بەکاری چاپەمەنیو رۆژنامەوانی داوەو بەرپرسی چاپخانەی خەبات بووە لەشاخ ، ١٢ ژمارەی لەگۆڤاری دەنگی پێشمەرگەی دەرکردووە.

لەدوای بەیانی ئازاری ١٩٧٠ گۆڤارەکانی برایەتیو رۆژی کوردستانی بەڕێوە بردووە.

بەشداری لەدامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورددا کردووەو لە دووەم کۆنگرەدا بەئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن هەڵبژێردراو سەرۆکی نووسینی کۆڤاری نووسەری کورد بووە.

ئەیلولی ١٩٧٨بەسەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەران هەڵبژێردراوە.

مامۆستا سەعید ناکام پیاوێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بووەو لەسەر هەڵوێستەکانی چەندین جار زیندانی کراوەو ئەشکەنجە دراوەو دوور خراوەتەوە، بەڵام ئەوانە هەرگیز کاری تێنەکردووەو لەتێکۆشانی کوردایەتیو کاروانی رووناکبیری داینەبڕیوەو بەردەوام بووە.

مامۆستا ناکام خاوەنی چەندین وتارە کە لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی وەك (رووناکی، گەلاوێژ، رۆژی کوردستان، برایەتی، کادر)و چەندانی دیکەدا بڵاوی کردونەتەوە.

چەند کتێبێکی بەنرخیشی هەیە وەك (ئاگری بن کا، ئەوەی بۆ بڵاوکردنەوە ناشێ، هۆنراوەی نوێ، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام).

ئەم کەسایەتییە تێکۆشەرو روناکبیرەی کوردستان لە رۆژی یەکی شوباتی ٢٠١١ کۆچی دوایی کرد. بەڵام بۆ هەتا هەتایە بەنەمری ئەمێنێتەوە. وەك رێزلێنانێك لەخەبات و بەرهەمو بەخشش ئەدەبی و رۆژنامەنووسییەکانی، لەشاری سلێمانی باخچەیەك بەناوی ئەوەوە ناونراوەو دیواربەندییەکیشی بەوێنەی خۆی بۆکراوە، د. تەها رەسوڵ کەسایەتیی کولتوورپەروەر ئەو کارەی ئەنجام داوە.

# شێخ سەلام



شێخ سەلام شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕی کوردستانە و بەشداری شۆڕشەکانی سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردووی بە ڕێبەری شێخ مەحموودی نەمر کردووە. زۆربەی شیعرەکانی شیعری نیشتمانی و نەتەوەیین و ڕۆڵی دیاری لە هۆشیارکردنەوە و جۆشدانی خەڵك بۆ تێکۆشان هەبووە.

شێخ سەلام کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ عەبدولکەریم، ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیەو لە دنیای ئەدەبدا بە شێخ سەلام ناسراوە. ساڵی ١٨٩٢ لە گوندی عازەبان لەدایك بووەو لە ئامێزی خێزانێکی ئاینیدا پەروەردە بووە و لە هەورامان و سلێمانی لە بواری ئاینیدا خوێندوویەتی. پیاوێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بووە و بەشدارێکی چالاکی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بووە . ساڵی ١٩٢٨ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا کۆمەڵەی زەردەشتی دامەزراندووە. بەهۆی هەڵویستی سیاسی و بەرگری لە گەل و نیشتمان ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی زۆر بۆتەوە . چەند جارێك لە وەزیفە فەسڵکراوە و دوور خراوەتەوە. مەیدانی سەرەکی کار و خزمەتی ئەو ئەدەب بووە و لەو بوارەدا وەك شاعیرو وەرگێڕ خزمەتی زۆری بە کاروانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردستان کردووە. هەر لە سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردووەوە شیعری بەکوردییەکی ڕەوان نووسیوە و شیعرەکانی شیعری

نیشتمانی و وەسف و فەلسەفین . هەموو شیعرەکانی لە دووتوێی دیوانێکدا چاپکراون. بە حوکمی ئەوەی زمانی فارسی بە باشی زانیوە، چوارینەکانی هەردوو شاعیری بەرزی ئێرانی خەیام و نوخعی بە شێوازێکی زۆر جوان لە فارسییەوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی وەرگێڕاوە و چاپی کردوون. ئەم شاعیر و ڕوناکبیرە مەزنەی کوردستان، لە رۆژی ٣ی ئازاری ١٩٥٩ لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا لە گوندی دۆڵانی ناوچەی قەرەداخ کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

# شێخ سەلام سۆڵەیی



شێخ سەلام سۆڵەیی شاعیرو ئەدیبێکی ناسراوی کوردستانەو قەڵەمەکەی تەعبیری لەخەمە چینایەتی و نیشتمانییەکان کردووەو بەقەڵەم و تفەنگ بەرگریی لەهەژاران و نیشتمان کردووەو بەرهەمەکانی ئاوێنەی روونی ئیش و ئازارەکانی گەلەکەی بووە.

سەلام کوڕی سەید ئەحمەد کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ ئەمین کوڕی شێخ عەبدولسەمەدەو لەبنەماڵەی شێخەکانی سۆڵەیەو بەشێخ سەلام سۆڵەیی ناسراوە.ساڵی ١٩٤٢ لەگوندی شێخ تەویلی قولایی گەرمیان لەدایك بووە. لەحوجرە خراوەتە بەرخوێندن و دەرسە ئاینییەکانی خوێندووەو کەسێکی زیرەك و وریا بووە.

هەر لەگەنجییەوە خولیای ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بووە، شیعرەکانیشی ئاوێنەی نیشاندانی زوڵم و زۆرو خەمە چینایەتی و نیشتمانییەکان بووە.

سۆڵەیی لەژێر کاریگەری شاعیرانی کلاسیك بەگشتی و قانع دا بەتایبەتی بووە، چونکە قانع شاعیری چەوساوەکان و خاوەن بیری نوێ و پێشکەوتنخواز بووە، ئەویش رێچکەی ئەوی لەشیعردا گرتووە.

ساڵی ١٩٧٠ شیعرەکانی لەدووتوێی دیوانێکدا بەناوی (شاخی سۆڵە) لەچاپخانەی راپەڕینی شاری سلێمانی چاپکردووە. ساڵی ٢٠١٧

خانەوادەکەی ئەو دیوانەو چەند بەرهەمێکی دیکەی بڵاونەکراوەی ئەویان لەدووتوێی کتێبێکدا، لەسەر ئەرکی خۆیان چاپو بڵاوکردەوە.

سۆڵەیی دیوانێکی دیکەی تەواو نەکراوی هەبووە بەناوی (دەردی دڵ)، بەڵام رووناکی نەبینیو زۆربەی شیعرەکانی فەوتان.

زۆربەی شیعرەکانی سۆڵەیی شیعری چینایەتیو نیشتمانیو خۆشەویستی وڵاتن، شیعریشی بۆ سروشتو جوانیو هاندانی خوێندن وتووە.

شێخ سەلام بایەخیشی بەنووسینی چیرۆك داوەو چیرۆکێکی بەناوی (وەفای کچە کوردێکی لادێیی) نووسیوە، بەداخەوە لەکۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ فەوتاوە. خولیای ئەوەشی هەبووە نوکتەو قسەی خۆش کۆبکاتەوەو هاوشێوەی رشتەی مرواریی مامۆستا عەلادین سەجادی چاپی بکات، بەڵام مەرگی ناوەخت رێی لەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی گرت ئەو لەبەشێك لەشیعرەکانیدا، داوای یەکێتیو یەکبوونی گەلی کوردی کردووەو دژی تەفرەقەو شەڕی ناوخۆ بووە، بەڵام بەداخێکی زۆرەوە بەپێچەوانەی ئەو باوەڕەیەوە، لەرۆژی ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧٣ لەشەڕی براکاندا لەقەڵاسوورەی کانی سارد لەتەمەنی گەنجیی ٣١ ساڵیدا گیانی سپاردو لەگوندی زەلەرەشی ناوچەی شارەزوور بەخاك سپێردراو دوای چەند ساڵێك لەگۆڕستانی شەهیدانی بانی خێڵان بەخاك سپێردرایەوە.

# سەلام مەنمی



ماموستا سەلام مەنمی هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتكردنی گەل‌و نیشتمانەكەی تەرخانكردو لەبوارەكانی ئەدەبی‌و پەروەردەییدا خزمەتێكی گەورەی پێشكەش كردو شوێن پەنجەی بەو بوارانەوە دیارە. ماموستا سەلام سەرەتا چۆتە بەرخوێندنی ئاینی‌و لەسەردەستی مەلا غەفوری باوكی‌و ماموستایان مستەفا زەڵمی‌و شێخ توفیق بەرزنجی دەرسە ئاینییەكانی خوێندووە. هێندە خولیای خوێندن‌و فێربوون بووە، ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ چەند هاوڕێیەكیدا بۆ خوێندن چۆتە قاهیرەو ساڵێك لەوێ خوێندوویەتی‌و بەهۆی تێكچوونی پەیوەندییەكانی نێوان میسرو عێراقەوە، نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بداتو گەڕاوەتەوە بەغدا، بەڵام كۆڵی لەخوێندن نەداوەو كۆلیجی شەریعەی بەغدای تەواو كردووەو بەكالۆریۆسی لە زمانی عەرەبیدا بەدەستهێناوە. دواتر بەماموستای زمانی عەرەبی دادەمەزرێتو خزمەتێكی زۆر پێشكەش بەخوێندكارانی شاری سلێمانی ئەكاتو بەهۆی خزمەتو لێهاتوویییەوە دەبێ بەسەرپەرشتیاری پسپۆری زمانی عەرەبی لەقوتابخانە ناوەندی‌و ئامادەییەكانی سلێمانیداو لەبواری خوێندن‌و پەروەردەدا خزمەت ئەكات. بێجگە لەبواری پەروەردە، مەیدانی كارو خزمەتی ئەساسی ماموستا سەلام مەنمی ئەدەب‌و نووسین بووە. سەرەتای نووسینی بۆ ساڵی ١٩٧٠

ئەگەڕێتەوەو لەو ساڵەدا یەکەم چیرۆکی دریـژی بەناوی (جوتیارێکی کۆڵنەدەر)ەوە بەچاپ گەیاندووە. دواتر لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی وەك هاوکاریو بەیانو رۆشنبیری نویو رۆژی کوردستان، چیرۆكو نووسینەکانی بڵاوکردۆتەوەو خاوەنی بیست کتێبی چاپکراوە. بەرهەمەکانی مامۆستا سەلام بوارەکانی چیرۆكو فولکلۆرو کەلەپوورو ئەفسانەو کولتووری لەخۆگرتووەو شوێن پەنجەی بەو رشتانەی ئەدەبو رۆشنبیرییەوە دیارە. چیرۆکەکانی مامۆستا سەلام مەنمی کە پشکی سەرەکی بەرهەمەکانین، لەگۆشەنیگای چینایەتیو کۆمەڵایەتییەوە بەزمانێکی میللی پاراو نووسراونو دەربڕی ئازار و خەمەکانی جووتیارانو رەنجدەرانن. مامۆستا مەنمی بایەخیشی بەئەدەبی منداڵان داوەو چەندین چیرۆکی بۆ منداڵانی کوردستان نووسیوەو لەدوو تویی چەند کتێبێکدا چاپی کردوون. بێجگە لەدنیای چیرۆك، مامۆستا مەنمی بایەخی بەرشتەکانی دیکەی رۆشنبیری وەك فۆلکلۆرو کەلەپوورو ئەفسانە داوەو چەند کتێبێکی تایبەت بەو بوارانەی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردووە. بەهۆی ئەزموونو توانای رۆشنبیرییەوە، ماوەیەك وەك شارەزا لەبەرێوەبەرایەتی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوەی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیریو لاوان خزمەتی کردووە. مامۆستا سەلام مەنمی پیاوێکی تێکۆشەرو بەهەڵوێست بووەو هەردەم لەبەرەی گەلو نیشتمانەکەیدا بووەو ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووەو لەراگەیاندنی شۆڕشو ئێزگەی دەنگی کوردستان خزمەتی کردووە. لەسەردەمی شۆڕشی نوێشدا هەڵوێستی دیارو ئازایانەی هەبووەو قەڵەمەکەی لەسەنگەری بەرگریی نیشتماندا بووەو لەشارەوە بەنهێنی چیرۆکەکانی بۆشاخ ناردووەو لەگۆڤاری نووسەری کوردستاندا بەناوی خوازراوەوە بڵاوبوونەتەوە. مامۆستا سەلام مەنمی پەروەردەکارو ئەدیبو چیرۆکنووسو خەمخۆری

فۆلكلۆرو كەلەپور، پێشمەرگەو تێكۆشەری بەهەڵوێست، نزیكەی نیوسەدە لەو بوارانە خزمەتی دیاری كرد. لەبەرئەوە رۆڵی جوامێرانەی هەرگیز لەبیرناكرێ‌و لەلاپەڕە درەوشاوەكانی مێژووی گەلەكەماندا بەشانازییەوە تۆمار دەكرێن. مامۆستا سەلام مەنمی كەسایەتییەكی دیاری ئەدەبی‌و پەروەردەیی بوو، شایستەی ئەوەیە شەقام‌و باخچەو قوتابخانەو دەزگای رۆشنبیری بەناوەوە بكرێت‌و بەرهەمەكانی سەرلەنوێ چاپ بكرێنەوە. خزمەتی پەروەردەیی‌و ئەدەبی‌و تێكۆشانی كوردایەتی مامۆستا سەلام مەنمی جێی رێزو ستایشە.

مامۆستا سەلام لە رۆژی٩ ی نیسانی٢٠١٥ كۆچی دوایی كردو لەشاری سلێمانی بەخاك سپێردرا. كۆچی دوایی مامۆستا سەلام خەسارەتێكی گەورە بوو بۆ بوارەكانی پەروەردەو فێركردن‌و ئەدەب‌و كولتووری كوردی .

# سەید ئەحمەدی خانەقا



بنەماڵەی خانەقا، یەکێك لەبنەماڵە دیارو ناسراوەکانی شاری کەرکوکن،ئەم بنەماڵەیە لە دوو سەدەی رابردوودا، خزمەتێکی زۆریان بەکایەکانی نیشتمانی و ئاینی و زانستی و ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردستان کردووە، شوێن پەنجەیان لەو بوارانەدا دیارەو مێژوو بەشانازییەکی زۆرەوە لەلاپەڕە زێڕینەکانیدا تۆماری کردووە.

خانەقای کەرکوك مەڵبەندێکی گەورەی ئاینی و زانستی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و عیرفانی و نیشتمانی بووە.

خانەقای کەرکوك بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٧٧٨ لەسەر دەستی شێخ قادری سوور، باپیرە گەورەی بنەماڵەی خانەقا دروستکراوە، سەرەتا بە مزگەوتی سەرا ناسراوە.

دواتر لەسەر فەرمانی سوڵتانی عوسمانی، مزگەوتەکە فراوان کراوەو پێشکەش بەبنەماڵەی سەردار کراوە، کە دواتر بە بنەماڵەی خانەقا ناسراون.

ئەم خانەقایە دەیان گوندیان لەدەوروبەری کەرکوك هەبووە. مەلای گەورەی کۆیە ئەو خانەقایەی بەسەفارەتی گەورەی کورد لەکەرکوك وەسف کردووە.

ئەگەرچی ئەم بنەماڵەیە لەرووی بنەچەی ئاینییەوە سەر بەسەیدەکانی بەرزنجەن و ئەو سەیدانەش سەر بەتەریقەتی قادرین، بەڵام بنەماڵەی خانەقا

سەر بەتەریقەتی نەقشبەندین،ئەوەش لەو كاتەوە بووە كە سەید ئەحمەدی سەردار باپیرە گەورەی ئەو بنەماڵەیە، لەسەر دەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندی تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتووەو ئەندامانی بنەماڵەكە لەسەری رۆیشتوون و پەیڕەویان كردووە.

ئەم بنەماڵە هێژایە، چەندین كەسایەتیی گەورەی تێدا هەڵكەوتووەو رۆڵی دیارو درەوشاوەیان لەمێژووی كوردستاندا هەبووە، ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە تیشك بخەمە سەر ژیان و كارەكانی، سەید ئەحمەدی خانەقایە، كە كەسایەتییەكی دیارو ناوداری ئەو بنەماڵەیەیەو لەنیوەی یەكەمی سەدەی رابردوودا رۆڵێكی دیارو جوامێرانەی لە بوارەكانی نیشتمانی و نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی و ئەدەبی و رووناكبیریدا بینیوەو جێگەی رێزو متمانەی خەڵك بووەو لەسەرانسەری كوردستانداو وەك هێمایەكی مەزنی كوردەواری سەیری كراوە.

سەید ئەحمەدی خانەقا ساڵی ١٨٦٨لەشاری كەركووك لەدایك بووە. لەناو خانەوادەیەكی ئایینی ناوداردا پەروەردە بووە، هەر لەمنداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندنی ئایینی و دەرسە ئاینییەكانی خوێندووەو خوێندكارێكی زیرەك و بلیمەت بووەو لە خوێندنەكەیدا سەركەوتوو بووە.

سەید ئەحمەد بێ لەزمانی دایك، زمانەكانی فارسی و توركی و عەرەبی بەڕەوانی زانیوە.

سوودی لەو زمانانە وەرگرتووە بۆ خوێندنەوەی سەرچاوە ئەدەبی و ئاینی و زانستییەكان و لەو رێگەیەوە خۆی پێگەیاندووە. خانەقاكەی هەمیشە دەرگای كراوە بووە بەسەر رێبواران و غەریبان و هەژارانداو بۆیان هەبووە سێ ژەمە لەوێ نان بخۆن. رێبواران و غەریبانیش شەوانە لەوێ ماونەتەوە. لەكاتی قاتوقڕی جەنگی یەكەمی جیهانیشدا، ئەو خانەقایە سكی هەزاران كەسی برسی و نەداری تێر كردووەو لەمردن رزگاری كردوون.

ئەو خانەقایە جێژوانی شاعیران و نووسەران و ئەدیبان بووەو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە روویان تێکردووەو بەدیداری سەید ئەحمەد شادبوون، کە پیاوێکی بەویقارو قسەخۆش و زمانپاراوو ئەدەبدۆست بووەو سەدان پارچە شیعری شاعیرانی کوردو عەرەب و فارس و تورکی لەبەربووە.

ئەدیبان وشاعیرانی وەك (پیرەمێرد، گۆران، زێوەر، بێکەس، دڵدار، شێخ رەزا، ئەسیری، شێخ نوری شێخ ساڵح، سابیری، وەفایی، شێخ محەمەدی خاڵ، عەلادین سەجادی، بێخود، مەلای گەورەی کۆیە، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، مەلا فەندی، عەبدولڕەحمان بەگی بابان) و چەندانی تر سەردانی سەید ئەحمەدیان کردووەو لەلای ماونەتەوە.

شانازییەکی دیکەی نەتەوەیی ئەو خانەقایە ئەوەیە کە سروودی (ئەی رەقیب) وەك شیعرو وەك ئاواز لەهەناوی ئەودا لەدایك بووە، شیعرەکە لەلایەن شاعیری ناسراو دڵدارو ئاوازەکەی لەلایەن شیخ حسێن بەرزنجی لەو خانەقایە دانراوەو بەگوێی خەڵکدا دراوە.

سەید ئەحمەد هێندە حەزی بەمەجلیس و هاوڕێیەتی شاعیران کردووە، ساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ پیرەمێردو وەفایی و چەند خزمێکیدا چووە بۆ حەج و لەدوای بەجێهێنانی فەرزی حەج و لە گەڕانەوەیاندا لەبیابانی حیجاز، وەفایی نەخۆش کەوتووەو وەفاتی کردووە. سەید ئەحمەدو پیرەمێرد بەدەستی خۆیان ناشتوویانە. پیرەمێرد لە یاداشتەکانیدا ئەڵێ: سەید ئەحمەدی خانەقا زۆر سەغڵەت بووە بۆ کۆچی دوایی وەفایی، تا ئاوەدانی بەکوڵ گریاوە.

سەید ئەحمەد بەحوکمی پێگەی کۆمەڵایەتیی، ئینگلیزەکان زۆر جار ویستوویانە پلەو پۆستی باڵای بدەنێ و تەنانەت بیشیکەن بە موتەسەریفی کەرکووك، بەڵام ئەو هەموو پۆست و پلەیەکی رەتکردۆتەوە.

هەمیشە بەرپرسانی ئینگلیزو عەرەبو کوردو تورکمان سەردانی خانەقاکەیان کردووەو بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە.

شێخ مەحموودی حەفید هێندەی خۆشویستووە، پێی وتووە بچێتە سلێمانیو ببێ بە حوکمداری کوردستانو ئەویش لەژێر فەرمانڕەوی ئەودا ئەبێ، بەڵام سەید ئەحمەد ئەوەشی رەتکردۆتەوە.

سەید ئەحمەد کەسایەتییەکی سادەو خۆشەویستی خەڵك بەگشتیو شاعیرانو نووسەران بەتایبەتی بووە. کەهێشتا لەژیاندا بووە، شیعرو وتاریان لەسەر نووسیوەو ستایشی میهرەبانیو دڵسۆزیان کردووە.

پیرەمێرد لە رۆژنامەکانی (ژینو ژیان) وتاری لەسەر نووسیوەو بەڕێزەوە باسی کردووەو وەك پیاوێکی هەڵکەوتوو و ناودار وەسفی کردووەو بەدڵێکی خەمگینەوە نووسیویەتی: (ئەگەر سەید ئەحمەد نەمێنێ، نەك کەرکووكو سلێمانی، عالەمی کوردەواری دەبێ چی بکەن؟ چونکە نایەتە عەقڵەوە یەکێکی تری وا هەڵکەوێتەوە)!.

ئەدمۆنز لە کتێبی( کوردو تورکو عەرەب)دا وەك دیارترین کەسایەتیی شاری کەرکووك باسی ئەکاتو نووسیویەتی: (کەسێکی سادەو خاکی بووەو هەردەم دەرگای بەرووی خەڵکدا کراوە بووە، زۆر قورس بوو کۆنترۆڵ بکرێ)!

ساڵی ١٩٤٧ ئەدمۆنز لەگەڵ تۆفیق وەهبی بەگدا بۆ خواحافیزی سەردانی سەید ئەحمەدی خانەقا ئەکاتو لەکۆتایی دیدارەکەدا سەید ئەحمەد دێڕە شیعرێکی حافزی شیرازی بۆ ئەدمۆنز بەفارسی ئەخوێنێتەوە کە ماناکەی ئەوەیە( تەمەنتان درێژ بێ ئەی بادەگێڕانی بەزمی جەم، ئەگەرچی پیاڵەکەی ئێمە پڕ بادە نەبوو لەسەر دەمی ئێوە). ئەوەش توانجێك بووە لە ئەدمۆنزی داوە کە کورد لەسەردەمی ئینگلیزەکاندا هیچی دەستنەکەوتووە.

ئەم کەسایەتییە مێژوویی و ناودارەی کوردستان، پاش خزمەتێکی زۆر بە کایەکانی کوردایەتی و ئاینی و زانستی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و روناکبیری، لە رۆژی ١٨ی تەمووزی١٩٥٢ کۆچی دوایی کردو لەخانەقاکەی خۆی لەرێو رەسمێکی رەسمی و میللدا بەخاکی نیشتمان سپێردرا. مردنی سەید ئەحمەدی خانەقا، کۆستێکی گەورە بوو لەسەرانسەری کوردستان و عێراقداو بووە خەمی هەمووان و هەریەك بەشێوەیەك تەعبیری لەو کۆست و خەمە گەورەیە کردو زۆربەی شاعیرانی کورد بەشیعر شیوەنیان بۆ گێڕا.

مەلا جەمیل رۆژبەیانی سەبارەت بەمەرگی سەید ئەحمەدی خانەقا نووسیویەتی:(دیواری کۆشکی کوردایەتی لەبناغەوە لەرزی و کەوتە داتەپین و نیمچە فەرمانڕەواییەکی کورد روخا، خەم و ماتی بەسەر کەرکووك و کوردستاندا هێنا و هەموو کوردی خستە شین و واوەیلا)!.

# سەید عەلی ئەسغەری كوردستانی



هونەرمەنـــدێكی دیـــاری كوردســـتانە و خاوەنی دەنگێكی بەسۆز و ڕەسەنە. ناوی تـــەواوی ســـەید عـــەلی كـــوڕی ســـەید نیزامەدینی كوڕی سەید جامییە. لە ساڵی ١٨٨٢ لە گوندی سەڵوەتاوای نزیك شاری ســـنەی خۆرهـــەڵاتی كوردســـتان لـــەدایك بووە.

سـەید عـەلی لـە ئـامێزی خێزانێكـی ئاینیـدا پـەروەردە بـووە و لـە بنەماڵـەی شاعیری ناسراو بابا تـاهیری هەمەدانییـە. سـەرەتا خراوەتـە بـەر خوێنـدنی ئاینی لای مامۆستایانی ئاینی شاری سنە دەرسە ئاینییەكانی خوێندووە.

سـەید عـەلی لـە بۆنـە ئاینییەكانـدا قورئـان و موناجاتـی ئـاینی خوێنـدووە و لـەوەوە دەركـەوتووە كـە دەنگێكـی خۆشـی هەیـە، ئیـدی لـە دنیـای ئاینـەوە هاتۆتـە نـاوی دنیـای گـۆرانی و مـوزیكی كـوردی و ١٤ گـۆرانی بـە دەنگـە بەسـۆزەكەی تۆمـار كـردووە. سـەرباری ئـەوەی كـە تـەنها ئـەو ١٤ گۆرانییـەی هەیە، بەڵام بەهۆی دەنگـە سـیحراوی و بەسـۆزەكەیەوە، وەك هونەرمەنـدێكی گـەورە لـە سەرانسـەری كوردسـتان و دەرەوەدا ناسـرا. لـەڕۆژی ٦ی ئـابی ١٩٣٧ كۆچی دوایی كردووە.

# سەید محەمەدی سەفایی



سەید محەمەدی سەفایی، هونەرمەندی میللیی دیاری کوردستانەو لەرێی گۆرانییە خۆشەکانییەوە کۆڕو مەجلیس‌و بۆنەو ئاهەنگەکانی گەرمکردووەو خۆشی‌و بەشەراتی زۆری بەهەوادارانی بەخشیوە.

سەفایی ساڵی ١٩٣٢ لەگوندی بلوزی سەفاخانەی ناوچەی هەوشاری کوردستانی رۆژهەڵات لەدایك بووە.

لەخانەوادەیەکی ئاینی پەروەردە بووە، هەر بۆیەش سەرەتای ژیانی گەنجی لای شێخێك بووە بەدروێش‌و بەخۆی دەفەکەیەوە بەوپەڕی حەماسەوە لەکۆڕی زیکری دەروێشاندا بەشدار بووە.

سەفایی دەروێش حەز لەکیژێکی جوانی ناوچەکەیان دەکات‌و بڕیار دەدات داخوازی بکات‌و بیکاتە هاوسەری، بۆ ئەو مەبەستە داوا لەشێخەکەی دەکات بۆی داوا بکات، شێخیش دەچێتە داوای کچەکە بۆی، بەڵام کە کچەکە دەبینێ، بەجوانییەکەی سەرسام دەبێ‌و بۆ خۆی داوا دەکات‌و دەیخوازێ. ئەم هەڵویستەی شێخ، سەفایی تووڕەو نیگەران دەکات، واز لەدەروێشی دەهێنێ‌و لەرقی شێخ روو دەکاتە دنیای گۆرانی‌و ئەم شیعرەش بۆ شێخ دەنووسێ:

ریشەکەم تاشی، پرچەکەم لەبێخ
بەرماڵ‌و تەزبیحم ، ناردەوە بۆ شێخ
وتم یا شێخ گیان، من تۆبە ناکەم
بەڵکو تا جوانم، یەکێك پەیدا کەم

پەیداشی دەكات‌و سێجار هاوسەرگیری دەكات! ئیدی دەڤ دەروێشی كردە دەڤ گـۆرانی، كـۆڕی هونـەری پـێ گـەرم كـردو جـۆش‌و خـرۆش‌و كـەیف‌و خۆشی‌و بەشارەتی بەهەوادارانی بەخشی.

سـەفایی لـەكۆڕو بۆنـەو ئاهەنگەكانـدا، بەدەنگـە خـۆش‌و زوڵاڵەكـەی، دەیـان گـۆرانی‌و بەنـدی فۆلكـۆری رەسـەنی كـوردی چـڕی‌و ئـەو دەقـە دێرینانـەی زینـدوو كـردەوەو لەفـەوتان رزگـاری كـردن. سـەرباری ئـەوەی نەخوێنـدەوار بـوو، توانایـەكی زۆری هونـەری هـەبوو لـەگۆرانی وتـن‌و دەفلێـدان، تەنانـەت هەر خۆشی شیعری میللی دادەناو دەیكردە گۆرانی.

لەزۆربـەی ناوچـەكانی رۆژهـەڵات‌و باشـوری كوردسـتان، لـەكۆڕی هـاوڕێ‌و ئازیزانیدا گۆرانی چڕیوەو دڵ‌و دەروونـی خەڵكەكەی پڕ كردووە لـەزەوق‌و خۆشی.

سـەفایی مـاوەی چـوار سـاڵ ئـاوارەی باشـووری كوردسـتان بـووەو لەگـەڵ هونەرمەندی ناودار حەسەن زیرەك پێكەوە لەخانوویەكدا ژیاون.

سـەفایی هـاوڕێی هونەرمەنـدان (رەشـید فـەیزی نـەژاد، رەسـوڵ میـرزا پـوور، فەردین تـاهیری، عـەلی عابـدی‌و عوسمانـە سـوور) بووەو پێكـەوە گۆرانییـان وتوە.

ئـەم هونەرمەنـدە نـاودارە لـە ساڵەكانی كۆتـایی تەمـەنی تووشـی نەخۆشـی شێرپەنجە بـوو، هـەر بـەهۆی ئـەو نەخۆشـییەوە لـەرۆژی ٨ی ئـەیلولی ١٩٩٥ لەشاری سەقز كۆچی دوایی كردو لەگۆڕستانی شانازی ئەو شارە بەخاك سپێردرا.

ئـەو هونەرمەنـدە خزمـەتێكی گـەورەی بەهونـەری میللـی كوردسـتان كـرد، گـۆرانی‌و شـیعری میللـی‌و فۆلكـۆرو جلوبـەرگی كـوردەواری پاراسـت‌و لەتابلۆی بەرهەمەكانیدا بەزیندوویی‌و كەیف‌و زەوقەوە تۆماریكردن.

# شێخ سەمەد خانەقا



شێخ سەمەد خانەقا نووسەرو ئەدیبێکی ناسراوی کوردستان بوو، لەبەرئەوەی شارەزای زمانی عەرەبی بوو، وتارو چیرۆکەکانی بەزمانی عەرەبی دەنووسی و بڵاودەکردەوە.

عەبدولسەمەد کوڕی شێخ عەبدولقادر کوڕی سەید ئەحمەدی خانەقا ناوی تەواوی ئەم ئەدیبەیەو بەشێخ سەمەدی خانەقا ناسراوە.

ساڵی ١٩٢٩ لەگەڕەکی خانەقای شاری کەرکوك لەدایك بووە، لەگەڵ شێخ عەزیزی برای دوانە بوون.

شێخ سەمەد قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو ئامادەیی لەشاری کەرکوك تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٥١ کۆلیجی یاسای لەبەغدا تەواو کردووەو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە.

ساڵانێکی زۆر لەشاری کەرکوك کاری پارێزەری کردووە، پارێزەرێکی ژیرو بەتوانا بووە، هەر بۆیەش لەساڵی ١٩٧٤ بووە بەدادوەری لێکۆڵینەوە لەکەرکوك.

شێخ سەمەد پیاوێکی کوردپەروەرو دڵسۆز بووە، بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانییەوە، چەندین جارێك زیندانی کراوەو لە وەزیفە دوور خراوەتەوە، بەڵام هەڵوێستی نەگۆڕ بووەو بەدڵسۆزی گەل و نیشتمان

ماوەتەوە. دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول بۆ خوارووی عێراق و پاشتر بۆ شاری سلێمانی دوور خراوەتەوە.

شێخ سەمەد لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای خوێندنەوە بووە، بەهۆی ئەوەی بەزمانی عەرەبی خوێندبووی، سەرچاوەی خۆرۆشنبیرکردنی سەرچاوە عەرەبییەکان بوو.

کە دەستیشی بەنووسین کرد هەر بەزمانی عەرەبی وتارو چیرۆکەکانی دەنووسی و لە رۆژنامەو گۆڤارە عێراقی و عەرەبییەکاندا بڵاوی دەکردەوە.

ماوەیەك وەك موحەڕیر لە گۆڤاری شەفەقی کەرکووك کاری کردو بەرهەمەکانی لەو گۆڤارەدا بڵاوکردەوە.

ئەمەش بەشێکن لە بەرهەمە چاپگراوەکانی ( فی الغاب- کۆمەڵە چیرۆك- ١٩٥٢، محاولات فی النقد الادبی- لێکۆڵینەوە-١٩٥٨، قصص مختارە بەهاوبەشی لەگەڵ چەند چیرۆکنووسێکی تر- ١٩٦١).

پاش خزمەتێکی زۆر بەبوارەکانی یاساو ئەدەب و رۆشنبیری، ساڵی ١٩٧٧ لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کردو هەر لەو شارە بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

# سلێمانی: شاری ڕۆشنبیری و ئەدەب



ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، ڕێکخراوی یونسکۆ، شاری سلێمانی بەشاری داهێنەری ئەدەب و شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی بەشاری داهێنەری موزیک ناسی، پێشتریش لەساڵی ٢٠١٥ شاری غازی عەنتابی باکوری کوردستانی بەشاری داهێنەری هونەری خۆراک دروستکردن ناسی بوو.

ئەو سێ شارە بوون بەئەندام لە تۆڕی شارە داهێنەرەکانی سەر بەرێکخراوی یونسکۆ. بەوەش بوونە دەستەخوشکی ٢٤٣ شاری تر لەسەرانسەری جیهاندا. بایەخی بوونە ئەندامی تۆڕی شارە داهێنەرەکان چییە؟ مەرجەکان و ئیمتیازو پابەندێتی ئەو ئەندام بوونە چییە؟

هەوڵ ئەدەم تیشک بخەمە سەر هەموو ئەو لایەنانەو بۆ خوێنەری کوردستانی ڕوون بکەمەوە.

یونسكۆ ئاژانسێكی تایبەتی سەر بە ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكانەو لەساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ دامەزراندنی ئەو ڕێكخراوەدا دامەزراوەو ساڵی ١٩٤٦ دەستی بەكارەكانی كردووە.

یونسكۆ ئاژانسێكی ڕەسمی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكانەو بایەخ بەرشتەكانی پەروەردەو زانستو ڕۆشنبیری ئەدات.

بارەگای سەرەكی یونسكۆ لەشاری پاریسی پایتەختی فەرەنسایەو لەزۆربەی وڵاتانی جیهان ئۆفیسیان هەیە.

یەكەم: تۆڕی شارە داهێنەرەكان

یونسكۆ لەساڵی ٢٠٠٤وە بەرنامەیەكی دانا بۆ ئەوەی بایەخ بەشارە داهێنەرەكان لەحەوت بواردا بداتو پشتیوانیان بكات بۆ ئەوەی زیاتر گەشە بكەن. یونسكۆ بۆ ئەو مەبەستە تۆڕێكی دروستكرد بەناوی تۆڕی شارە داهێنەرەكان.

یونسكۆ لە ڕۆژی جیهانی شارەكاندا لە ٣١ی تشرینی یەكەمدا، ژمارەیەك شار بەشاری داهێنەر ئەناسێنی لەچەند بوارێكی جیاوازدا كە ئەمانەن: (ئەدەب، موزیك، هونەرەكانی میدیا، فیلم، پیشەوهونەرە میللییەكان، دیزاین، هونەری خۆراك دروستكردن).

تا ئێستا ٢٤٦ شار لەسەرانسەری جیهاندا ئەندامی تۆڕی شارە داهێنەرەكانن.

دووەم: مەرجەكانی ئەندامێتی

بۆ هەر شارێك كە لە هەر بوارێكدا ئەبێتە ئەندام چەند مەرجێك هەیە، باسەكەی من زیاتر لەسەر شاری سلێمانییە كە بۆتە شاری داهێنەری ئەدەب، مەرجەكانی تایبەت بەشاری ئەدەب ئەنووسم، كە ئەمانەن:

١-بوونی بەرهەمی زۆری چاپکراوی ئەدەبی لەرشتەکانی (شیعرو چیرۆک‌و رۆمان).

٢-ئەو شارە سیمایەکی ئەدەبی‌و رۆشنبیری هەبێ‌و فیستڤاڵ‌و کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدەبی‌و رۆشنبیری زۆری تێدا ئەنجام بدرێ.

٣- کتێبخانەی گشتیی حکومی‌و ئەهلی‌و سەنتەرو ناوەندی رۆشنبیریی زۆری تێدا بێت.

٤-جوڵانەوەی وەرگێڕانی تێدا بێ، وەرگێڕان لە زمانە زیندووەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی‌و بەپێچەوانەوە.

کەسەیری ئەو مەرجانە دەکەیت، دەبینی هەمووی لەشاری سلێمانیدا هەیە، شاری سلێمانی لەسەرەتای دروستبوونی‌و لەسێکوچکەی بابانەوە ( نالی‌و سالم‌و کوردی)، شارێکی ئەدەبی و رۆشنبیری بووەو ئەو کاروانی رۆشنبیرییەی بەردەوام بووەو لە هەموو قۆناغێکدا روخسارو ناوەڕۆکێکی کولتووری هەبووەو بەشاری رۆشنبیری ناسراوە، هەر بۆیەش ساڵی ٢٠١٢ پەرلەمانی کوردستان بەرەسمی بەپایتەختی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان ناساندی. بەهۆی ئەو مێژووە پرشنگدارە ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌و بوونی مەرج‌و پێوەرەکانی یونسکۆ، لەلایەن ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییە بەشاری داهێنەری ئەدەب ناسرا، ئەوەش نازناوێکی گەورەی جیهانییەو ئەبێتە تاجێکی پیرۆزو ئەچێتە سەر گەنجینەی سەروەرییە کەلتوورییەکانی تر.

سێیەم: ئامانجەکان

ئامانجی یونسکۆ لە دامەزراندنی ئەم تۆڕە ئەمانەیە:

١-پتەوکردنی پەیوەندی شارە داهێنەرەکان‌و هاوکاریکردنیان، لەبەر رۆشنایی پلانی ستراتیجی گەشەپێدانی شارستانی بەردەوام، بەمەبەستی

داهێنانی زیاتر لەبواری كولتورو پیشەسازی كولتوری كەرتەكانی حكومیو تایبەتو دانانیان لەپێشەنگی نەخشەی ئاوەدانی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە.

٢- بایەخدان بەچالاكیو خزمەتگوزاریی كولتووریو گەشەپێدانی ناوەندەكانی داهێنانو رەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ داهێنەرانو شارەزایانی بواری رۆشنبیری.

٣-بایەخدان بەكولتووری پێكهاتە جیاوازەكانو گروپە پەراوێزخراوەكانو تاكو گروپی خۆبەخشو كردنەوەی دەرگای خزمەتگوزاریی كولتووری بەرووی هەمواندا بۆ ئەوەی لێی بەهرەمەندبنو ئاستی كۆمەڵ لەرووی كولتوورییەوە پێشكەوتنی گەورە بە خۆیەوە ببینێت.

٤-ئاوێتەكردنی تەواوی كولتوورو داهێنان لەپلانی ستراتیجی گەشەپێدانی ناوخۆیی.

٥-شارەكان دەكرێنە دەستەخوشكو دەبنە خاكێكی بەپیت بۆ كارو چالاكی كولتووری هاوبەشو جێبەجێكردنی پلانی گەشەپێدانی شارستانی تا ساڵی ٢٠٣٠.

چوارەم: پابەندێتی

١-پێویستە هەر شارێك پابەند بێت بە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی تۆڕی شارە داهێنەرەكانو لەبەر رۆشنایی پلانی گەشەپێدانی شارستانی بەردەوام بۆ ساڵی ٢٠٣٠ كار بكات.

٢- بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەو شارە لەژێر تێستدا ئەبێو پێداچوونەوەی دەوری ئەكرێو راپۆرتی چاودێری ئەندامێتی لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوە پێشكەش دەكرێو ئەگەر ئەو شارە پابەند بووبێ پلانو

بەرنامەی ئەو تۆڕەوەو کارو چالاکی پێویستی ئەنجام دابوو، ئەبێتە ئەندامی هەمیشەیی ئەو تۆڕە، بەپێچەوانەوە ئەندامێتی لێئەسێنرێتەوە.

٣-ئەبێ ئەو شارە بەشداری کۆبوونەوەی ساڵانەی تۆڕەکە بکات.

٤- ئەبێ شارەکە لەگەڵ شارەکانی دیکەی دەستە خوشك چالاکی هاوبەش ئەنجام بدەن.

٥- لەکارو چالاکییەکاندا ئەتوانن ناوو لۆگۆی تۆڕی شارە داهێنەرەکان بەکاربهێنن.

٦- ئەبێ شارەکان بەرنامەی ساڵانە بەتایبەتی و بۆ چوار ساڵ بەگشتی ئەنجامدانی بۆ کاروچالاکییەکانیان دابنێن.

٧- ئەبێت هەر شارێك ئیشتراکی دارایی ساڵانە بدات.

# سمكۆ عەزیز



سمكۆ عەزیز، هونەرمەندێكی دیاری كوردستانە و خزمەتێكی زۆر بە هونەرەكانی شانۆ و سینەمای كوردی كردووە و ڕۆڵی دیار و پرشنگداری لە گەشەپێدان و پێشخستنی ئەو هونەرانەدا هەبووە. هونەرمەند سمكۆ عەزیز ساڵی ١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا تەواو كردووە. ساڵی ١٩٦١ بڕوانامەی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەكانی بەغدای بەدەستهێناوە. ئەم هونەرمەندە ناودارە هەر لە سەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای هونەری شانۆ بووەو بۆ یەكەمجار بەشداری شانۆگەری جەنابی موفەتیشی كردووە كە لە ئامادەیی سلێمانی نمایشكراوە.

سمكۆ عەزیز ماوەیەكی زۆر وەك ڕاهێنەر لە بەشی چالاكی قوتابخانەكانی سلێمانی خزمەتی بە خوێندكاران كردووە و یەكێك بووە لە دامەزرێنەرانی تیپی نواندنی سلێمانی. ئەم هونەرمەندە بەهرەدارە خزمەتێكی زۆری لە بواری شانۆ و سینەمای كوردیدا پێشكەش كردووە و بەشداری لە ٥٠ كاری شانۆیی و ١٢ فیلمی كوردیدا كردووە و لە زۆربەیاندا ڕۆڵی سەرەكی بینیوە.

ئەم هونەرمەندە ناسراوەی كوردستان لە ڕۆژی ٢٨ی ئازاری ٢٠٠٤ بۆ دواجار ماڵئاوایی لە جیهانی هونەر كرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا. بەڵام بەرهەمە هونەرییە جوانەكانی هەمیشە بەزیندوویی لە دڵ و دەروونی خەڵكی كوردستاندا دەیهێڵنەوە.

# سێوە



هونەرمەندی مەقامبێژ (سێوە)، خاوەنی دەنگێکی بەسۆز و ئەفسوناوییە، خاوەنی ئەم دەنگە خزمەتێکی زۆری بە هونەری مەقامی کوردی کردووە. سڵێوە کوڕی خواجە یەڵدە سڵێوەیە و بەسێوە ناسراوە.

ساڵی ١٨٩٠ لە گەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیە لە ئامێزی خێزانێکی مەسیحی لەدایك بووە. سێوە، هەر لە سەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای هونەر و ئەدەبیات بووە و بە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و ئەختەر و قاسید و دڵدار و ساقی هیرانی سەرسام بووە. ژیانێکی سەخت و ناخۆشی بردۆتە سەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وازی لە خولیای هونەری نەهێناوە و بەردەوام بووە . ساڵی ١٩٥٢ لەڕێی قادر دیلانی هونەرمەندەوە چۆتە ڕادیۆی کوردی بەغدا و لەوێ پێنج مەقامی تۆمار کردووە، بەوەش لەسەر ئاستی کوردستان ناسراوە. خاوەنی چەندین مەقامی دیکەشە. لەدیارترین مەقامەکانی سێوە ئەمانەن: (سەحەر، ئایشە گوڵ، گوڵێ، خەرامان، بەهار و کراسی تەنگ میرەم). سێوە کەسێکی زیرەك و بەتوانا بووە و زمانەکانی کوردیو سریانیو فەرەنسی و عەرەبی و فارسی زانیوە. ئەم هونەرمەندە ناسراوە لەڕۆژی ٩ی کانونی یەکەمی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی هەرموتەی شاری کۆیە بە خاك سپێردرا. بەڵام دەنگە ڕەسەن و ئەفسوناوییەکەی هەر بە نەمری دەمێنێتەوە.

# د. شاكر خەسباك



د. شاكر خەسباك نووسەرو ئەدیبو زانایەكی ناوداری بواری زانستی جوگرافیا بوو. ئەگەرچی زیاتر وەك ئەكادیمیو زانایەكی بواری زانستی جوگرافیا ناسرابوو، ئەو سیفەتە زانستییە، سیفەتە ئەدەبییەكی داپۆشی بوو، بەڵام كەلاپەڕەكانی بەرهەمە ئەدەبییەكانی هەڵدەیتەوە، دەبینی كە شاسوارێكی شارەزاو پێشەنگی بوارەی ئەدەب بووەو لەرشتەكانی چیرۆكو رۆمانو شانۆو رەخنە، شوێن پەنجەی رەنگینی دیارەو خاوەنی ٣٥ كتێبی بەنرخە كەبەحەوت بەرگ لەدوو توێی ٨٠٠٠لاپەڕەدا چاپكراونو وەك سامانێكی نیشتمانی بەیادگاری ماونەتەوە.

یەكەم: هەڵوێستی بەرانبەر بەكورد

شاكر خەسباك یەكێكە لەو نوسەرو روناكبیرە ناودارانەیە لەساڵانی پەنجاكانەوە لەنووسینە سیاسیو جوگرافییەكانیدا بەروونیو راشكاوی بەرگری لەمافە رەواكانی گەلی كوردستان كردووە.

ساڵی ١٩٥٩ لەكتێبی (كوردو مەسەلەی كورد) زۆر بەروونی داكۆكی لەمافەكانی گەلی كورد كردووەو رای وابووە گەلی كورد گەلێكی جیاوازە لەگەلی عەرەبو خاوەنی ناسنامەو مێژووو خاكی تایبەت بەخۆیەتیو ئەبێ كێشەی كورد بەئاشتیانە چارەسەر بكرێتو مافی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی عێراقدا پێ بدرێ. ئەوەش بۆ ئەوكاتە بەهەڵوێستێكی

ئازایانەو بوێرانە دادەنرێت و لەلاپەڕە درەوشاوەکانی مێژوودا بەشانازییەوە تۆمار کراوە.

لەکتێبەکانی( الاکراد و العراق الشمالی)و نووسینە جوگرافیەکانی دیکەیدا زۆر بەروونی سنووری جوگرافی باشوری کوردستانی دوور لەدەمارگیری نەتەوەیی دیاریکردووە. سەرکردەکانی کوردستان و نووسەران و رووناکبیران وەك سەرچاوەیەکی رەسەن و بەڵگەنامەیەکی مێژوویی کەسایەتییەکی ئەکادیمی دیاری عێراق بۆ دیاریکردنی سنووری باشوری کوردستان ئاماژەیان پێداوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم کەسایەتییە نیشتمانییە گەورەیە، بەهۆی هەڵویستە جوامێرییەکانییەوە تووشی زیندانی و ئازارو ئەشکەنجەو راونان و دەرکردن لە وەزیفە بۆتەوەو بەناچاری وڵاتی بەجێهشتووە ٢٥ ساڵی تەمەنی لەغەریبی و لەشاری سەنعای پایتەختی یەمەن بەسەر بردووەو دوا ساڵەکانی تەمەنی بۆ چارەسەری پزیشکی چۆتە ئەمریکاو هەر لەوێ لەرۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ کۆچی دوایی کرد. هەرچەند وەسێتیشی کرد بوو کە لەشاری سلێمانی بنێژێ، بەڵام لەئەمریکا بەخاك سپێردراو وەسێتەکەی جێبەجێ نەکرا.

خەسباك لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا هەڵویستی نەگۆڕو مرۆڤدۆستانەی بەرامبەر بەگەلی کوردستان هەبووە.

لەخۆشەویستییشی بۆ گەلی کوردو شاری سلێمانی ساڵی ١٩٦٢ کتێبێکی بەناونیشانی(کوردەکانی لیوای سلێمانی) بەزمانی عەرەبی نووسی کە توێژینەوەیەکی جوگرافیی کۆمەڵایەتییە.

خەسباك یەکێك لەهاوڕێ و دۆستە نزیکەکانی سەرۆك مام جەلال بووە. سەرۆك مام جەلال لە قۆناغە جیاجیاکاندا پەیوەندی لەگەڵیدا هەبووەو ئەوکاتەشی کە سەرۆك کۆمار بووەو خەسباك لە شاری سەنعا بووە، سەرۆك

مام جەلال بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ كردووەو هەواڵی پرسیوەو ئامادەیی بۆ هەموو هاوكارییەكی دەربڕیوە.
وەك رێزلێنانێك لەم كەسایەتییە گەورەیەو دۆستی راستەقینەو بەردەوامی گەلی كوردستان، رێكخراوی برایم ئەحمەد فاوندەیشن خەڵاتی رێزلێنانی بلەی پێبەخشیو هەر لەهۆڵەكەدا لەلایەن نوێنەرەكەیەوە لەسەر راسپاردەی دكتۆر خەسباك، خەڵاتەكەی پێشكەش بەكەسوكاری سەربەزری شەهیدانی كوردستان كرا.
هەڵویستو بۆچوونەكانی د. خەسباك بەرانبەر بەگەلی كوردستان، هاوشێوەی دیدو تێڕوانینی د. ئیسماعیل بێشكچیی نووسەری ناوداری توركە، كە ئەویش چەندین كتێبی لەسەر كورد هەیەو سەرسەختانە داكۆكی لەدابینكردنی مافەكانی گەلی كوردستان لە توركیا دەكاتو لەو پێناوەدا قوربانی زۆری داوەو تووشی چەندین ساڵ زیندانو سزای جەستەییو دەروونیو دوورخستنەوە لە وەزیفە بۆتەوە، بەڵام هەر كۆڵی نەداوە.
دووەم: خەسباكو ئەدەب
دكتۆر خەسباك هەر لەمنداڵییەوە خولیای خوێندنەوە بووە، ئەو هێشتا خوێندكاری قۆناغی سەرەتایی بووە، كە كتێخانەی گشتیی شاری حللە، بۆتە جێی سەرنجیو كتێبو گۆڤارو رۆژنامە نازدارەكانی ئەو كتێبخانەیە بۆ لای خۆیان كێشیان كردووەو لەئاوێنەی ئەو كتێخانەیەوە ئاشنای ئەدەب بووەو كاریگەرییان لەسەر بەجێهێشتووە. هەربۆیەش ئەو كتێبخانەیە بەیەكەم مامۆستای راستەقینەی خۆی وەسف ئەكات.
لەقۆناغی دووەمی ناوەندییەوە دەستی بەنووسین كردووەو سەرەتا بەچیرۆكو رەخنە دەستی پێكردووەو دواتر لەقۆناغی ئامادەیی بایەخی بەبوارەكانی دیكەی وەك رۆمانو شانۆو یاداشت داو وەك ئەدیبێكی ناسراو لەسەر ئاستی عێراقو نیشتمانی عەرەب دەركەوتووە. ئەو پرۆژەیەكی

فیکری نوێی لەدژی زوڵم و چەوسانەوە هەبوو، ئەو پرۆژەیە بووە هۆی نوێکردنەوەی ئەدەبی عەرەبی و بەرگێکی نوێی پێبەخشی. ئەو سەرباری ئەوەی لەخانەوادەیەکی هەژار نەبوو، ئەندامی حزبی شیوعی عێراق و هیچ حزبێکی تری چەپ نەبوو، بەڵام ئەو خاوەن بیروباوەڕێکی چەپ و پێشکەوتنخوازو مۆدرێن بوو، هەمیشە لایەنگری هەژاران و زەحمەتکێشان بوو، خەمە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان لەنووسینەکانی بەگشتی و چیرۆك رۆمانەکانیدا بەتایبەتی رەنگی دابۆوە.

بەهۆی هەڵوێست و نووسینەکانی کەوەك نووسەرو ئەدیبێکی چەپ ئەیناساند، دوو جار زیندانی کراو ئازارو ئەشکەنجە دراو لەزانکۆ دەرکرا، بەڵام کۆڵی نەداو دواتر خەم و ئازارەکانی ناو ژوورە تاریکەکانی زیندان بوونە سەرچاوەی ئیلهامی نووسینەکانی و لەچیرۆك و رۆمانەکانیدا رەنگی دایەوە.

بەهۆی نووسین و هەڵوێستەکانی چیتر نەیتوانی لەولاتەکەی خۆی بژی و مەترسی بۆ سەر ژیانی پەیدا بوو، بۆیە بەناچاری ولاتی بەجێهێشت و ٢٥ ساڵ تەمەنی لەئاوارەیی و دوور لەنیشتمان لەولاتی یەمەن بەسەر برد، زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی بەتایبەت رۆمانەکانی لەشاری سەنعای پایتەختی ئەو ولاتە نووسی و لەوێ و لەلوبنان چاپ و بلاوکرانەوە، بەهۆی جوانی و کاریگەری بەرهەمەکانی، هەندێ لەرۆمانەکانی بۆ سەر زمانی عیبری وەرگێڕدران و لەئیسرائیل بلاوکرانەوە.

ئەو هەمیشە دژی ستەم و چەوسانەوە و دیکتاتۆریەت بوو، هەر بۆیەش لەسەردەمی رژێمی سەدام حسێندا، ناوو بەرهەمەکانی قەدەغەو بقە بوو، چونکە ئەو دژی ستەمی دیکتاتۆری بوو، دوو کتێبیشی لەوبارەیەوە نووسیوە ئەوانیش بەناوی ( پەڕاوەکانی سەرۆك و دیکتاتۆر)، خۆی گوتەنی

بەوپــەڕی بوێرییــەوە رووبــەڕووی گــەورەترین دیکتــاتۆری جیهــانی عــەرەب بۆتەوە کە سەدام حسێن بووە.

خەسباك لـەژێر کاریگـەری چیخۆفدا رۆمانـەکانی بەچڕی‌و پـڕی‌و پـوختی لـەنێوان (٨٠–١٠٠)لاپـەڕە نووسـیوەو حـەزی لـە درێـژدادڕی نـەبووەو رای وابـووە خوێنـەری سـەردەمی ئـەو کـاتی زۆری نییـەو ئـەبێ بەرهـەمی چـڕو پــوختی بــدرێتێ‌و وەك خوێنــەری ســەردەمی ســەدەی ١٩ نییــە کــە کتێبی(١٠٠٠–١٥٠٠) لاپەڕەیی بخوێنێتەوە.

پشـکی شـێری بەرهەمـە ئەدەبییـەکانی دکتـۆر خەسـباك خـۆی لەرۆمانـدا ئەبینێتەوەو لەکۆی ٣٥ بەرهەمی ئەدەبی ١٥یان رۆمانە.

ئـەو هـەر زوو بەئەدیبـە ناودارەکـانی جیهـان سەرسـام بـووەو زۆر لـەژێر کاریگـەریی شـێوازی نووسـین‌و دەربـڕینی چـیخۆفدا بـووەو لەپەنجاکانـدا کتێبێکی لەسەر ژیان‌و بەرهەمەکانی چیخۆف نووسیوە.

کەچووە لەندەن بۆ خوێندن، بەرهەمی ئەدیبانی جیهانی بـەزمانی ئینگلیـزی خوێندۆتەوەو بەبەرهەمەکانی تۆلستۆی‌و دیستۆڤسکی سەرسام بووە. بەڵام ئـەوەی جێـی سـەرنجە شـیعری نەنووسـیوەو بایـەخی پێنـەداوە، هـەر وەك خـۆی باشـی ئـەکات، ئـەڵێ هەرچـەند (محەمـەد مەهـدی ئەلبەسـیر)ی خـاڵم شـاعیرێکی نـاودار بـوو، بەشـاعیری شۆڕشـی بیسـت ناسـرابوو، بـەڵام مـن لەشیعر تـۆرام، ئـەوەش بـەهۆی ئـەوەی جارێـك پارچـە شـیعرێکم نووسـی‌و پیشانی خاڵم دا، ئەویش گوتی چیت داوە لەشیعر خـەریکی خوێندنەکەت بە!، ئیدی لەوەوە شیعرم لەبەرچاو کەوت‌و بەلایدا نەچوومەوە.

سێیەم:خەسباك‌و جوگرافیا

د. خەسـباك لـەدوا قۆنـاغی خوێنـدنی ئامـادەیی نمرەیـەکی بـەرز دێنـێ‌و ئەچیتە زانکۆی قاهیرەو لـەوێ لەبەشـی جوگرافیا بڕوانامـەی بەکالۆریۆس بەدەسـت ئـەهێنی‌و دواتـر ئەچـێتە لەنـدەن‌و بڕوانامـەی دکتـۆرا لـەبواری جوگرافیای مرۆیی وەرئەگرێ.

وەك دكتۆرو پرۆفیسۆری بواری زانستی جوگرافیا لەزانكۆكانی بەغداو ریازو سەنعا خزمەتی كردووەو سەدان خوێندكار لەسەردەستی ئەو بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرایان وەرگرتووە.

سەرباری خزمەتەكانی لەبوارەكانی پەروەردەو خوێندن، د. شاكر خەسباك بایەخی بەنووسین و توێژینەوەی زانستی لەبواری جوگرافیا داو خاوەنی چەندین كتێبی بەنرخە لەو بوارەدا، ١٤ كتێبی بەنرخ و دانسقەشی لەبواری جوگرافیادا بۆسەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە كە بەشاكارەكانی ئەو بوارە دائەنرێن. هەر بۆیەش وەك زانایەكی بواری زانستی جوگرافیا لەسەر ئاستی جیهان ناسراوەو بەهۆی ئەوەوە چەندین جار خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشراوە.

د. شاكر خەسباك وەك شاسوارو پێشەنگێكی بواری ئەدەب و زانایەكی قاڵبووی زانستی جوگرافیا، نزیكەی ٧٠ساڵی تەمەنی بەخزمەتكردن بەبوارەكانی خوێندن و پەروەردەو نووسین و لێكۆڵینەوەی زانستی و ئەدەبی بەخشی و خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی ناوازەیە كەبەشانازییەوە لەلاپەڕە درەوشاوەكانی مێژوودا تۆمار كراون.

ئەم ئەدیب و زانا ناسراوو دۆستە جوامێرەی گەلی كوردستان، رۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ لەیەكێك لەنەخۆشخانەكانی شاری كالیفۆڕنیای ویلایەتی لۆس ئەنجلۆسی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە غەریبی و دووره وڵاتی سەری نایەوە.

# شاکر فەتاح



شاکر فەتاح نوسەرو رۆژنامەنووسێکی دیاری کوردستانەو لەچەند رشتەو کایەیەکی جیادا خزمەتی بەولاتەکەی کردووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانیو بەغدا تەواو کردووەو ساڵی ١٩٣٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی حقوقی لەزانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە. لەناوچە جیاجیاکانی کوردستانو عێراق وەك بەڕێوەبەری ناحیەو قائیمقام خزمەتی کردووە.

مامۆستا شاکر فەتاح سەرباری خزمەتە ئیدارییەکانی، بەشێکی زۆری ژیانی بۆ خزمەتی ئەدەبو کولتوور تەرخانکردو هەر لەسییەکانەوە بەرهەمەکانی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوەو وەك نووسەرو رۆژنامەنووسێك لەرێی قەڵەمەکەیەوە خزمەتی زۆری کردو خاوەنی سەدان وتارە بەزمانەکانی کوردیو عەرەبی. وەك نوسەرێکیش ٦٤ کتێبی چاپکراویشی هەیە کە لەنووسینی خۆین یاخود وەریگێڕاون.

مامۆستا شاکر فەتاح ئەندامی یەکێتیی نوسەرانی کوردو کۆڕی زانیاری کورد بووە. ئەگەرچی ماوەیەك ئەندامو جێگری سەرۆکی دەزگا کارتۆنییەکەی مەجلیسی تەشریعی رژێمی بەعس بوو لەهەولێر، بەڵام بەهەڵوێستێکی بوێرانەو بەگیانو خوێنی خۆی ئەو لەکەیەی سڕییەوە. ئەویش بەوەی کە لەرۆژانی ١١-١٣ی ئازاری ١٩٨٨ ئەمینداریێتی گشتیی

ڕۆشـــنبیری و لاوان لەهـــەولێر ســـیمنارێکی بەناوونیشـــانی (گـــەلی کـــورد لەویژدانی سەرۆك سەدام حسێن)دا ڕێکخستبوو. بەشدارانی ئەو سیمینارە بەشـانو بـاڵای سـەدامو دەسـتکەوتەکانی ڕژێمـی بـەعس بـۆ کـورد هـەڵیان دابوو، بەڵام مامۆستا شاکر فەتاح بەپێچەوانەی ئەوانـەوە قسـەی کردبوو و بـەرگری لـە شـۆڕشو گـەلو نیشـتمانو زمانەکـەی کردبـوو، وتبـووی ئـەبێ حکومـەتی عێـراق گفتوگـۆ لەگـەڵ هێـزە کوردسـتانییەکان بکـاتو گـەمارۆی سـەربازی لەسـەر شـارو گونـدەکان لاببـاتو بەنـدەکانی بەیاننامـەی ئـازار جێبـەجێ بکـاتو زمـانی کـوردی بـەپێی ئـەو بەیاننامەیـە کـارا بکـات. ئـەو هەڵوێسـتە نیشـتمانییەی ئامـادەبوانی سەرسـامو نیگـەران کردبـوو، هـەر لەتۆڵـەی ئـەوەدا شـەوی ١٨ لەسـەر١٩ی ئـازاری ١٩٨٨ لەماڵەکـەی خـۆی لەشـاری سلێمانی دەسـتگیری دەکـەنو دەیبـەن بـۆ ئـەمنی هـەولێرو پـاش ئـازارو ئەشـکەنجەیەکی زۆر لـەڕۆژی ٢٧ی حـوزەیرانی ١٩٨٨ شـەهیدی دەکـەنو بەنوسراوێك وەك تێکدەر پێناسـەی ئەکـەنو داوا لـە نەخۆشـخانەی کۆماری هـەولێر ئەکـەن کـە بڕوانامـەی وەفـاتی بـۆ دەربکـەن. ئـەمنی هـەولێر تەرمەکەی تەسلیم بەکەسوکاری ناکەنەوەو تائێستا گۆڕ ونە.

# شاكر مەجروم



شاكر مەجروم كەسایەتییەكی دیارو روناكبیری كوردستانەو خزمەتێكی زۆری بەگەل‌و نیشتمانەكەی كردووە.
ئەمین زەكی بەگ‌و رەفیق حیلمی لەنووسینەكانیاندا بەڕێزەوە باسی رۆڵی شاكر مەجرومیان كردووە.
شاكر عەبدولعەزیز محەمەد عەبدولئەمیر كە بەشاكر مەجروم ناسراوە، ساڵی ١٨٩٤ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. بەبنەچە خەڵكی شاری وانی باكوری كوردستانن. عەبدولعەزیزی باوكی‌و مامێكی شاری وان بەجێدەهێڵن‌و روو دەكەنە عێراق‌و لەشاری دیوانیە لەماڵی محەمەد شەواف دەگیرسێنەوە، دواتر دەچنە شاری سلێمانی لەوێ نیشتەجێ دەبن. عەبدولعەزیز یەكەم كەس دەبێ تەلەگراف دەباتە شاری سلێمانی.
شاكر مەجروم هەر لەسلێمانی دەخوێنێ‌و دواتر لەفەرمانگەی پۆستە دادەمەزرێت‌و لەگەڵ كچێكی ئەو شارەدا هاوسەرگیری دەكات.
مەجروم بەحوكمی ئەوەی باوكیشی شاعیر بووە، ئەویش هەر لەسەرەتای ژیانی لاویدا خولیای شیعر دەبێ‌و بەزمانەكانی كوردی‌و فارسی‌و توركی شیعری نووسیوە.

شیعرەکانی هەر بەدەستنووس لای بووەو بڵاوی نەکردوونەتەوە، بەهۆی ئەوەی تووشی زیندانیو نەفیو چەرمەسەری زۆر بووە، زۆربەی شیعرەکانی ون بوونو روناکییان نەبینیوە.

مەجروم کەسێکی کوردپەوەر بووەو بەشداری جولانەوەی شێخ مەحموودی کردووە، لەدوای دامەزراندنی حکومەتی شێخ، کراوە بە بەرێوەبەری پۆستەو تەلەگراف لەشاری سلێمانیو لەو بوارەدا خزمەتی زۆری کردووە.

بەشداری کاریگەری لە راپەرینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ی بەردەرکی سەرای سلێمانی کردووە، بەهۆی ئەوەوە دەستگیر کراو حوکمی لەسێدارەدانی دراوە، دواتر حوکمەکەی بۆ نەفیکردن دەگۆڕدرێو بۆ شاری بەغدا دوور دەخرێتەوە.

پاش ماوەیەك ئازاد دەکرێ، بەفەرمانبەر دادەمەزرێو لەشارەکانی کفریو رانیەو چەمچەماڵ خزمەت دەکات.

ساڵی ١٩٣٧ دەچێتە شاری رواندزو بەردەوام دەبێ لەخزمەتی فەرمانبەریو ساڵی ١٩٥٤ خانەنشین دەکرێت. ئیدی بەکاروباری باخداری سەرقاڵ دەبێ. لەرۆژی١٤ی ئەیلولی ١٩٥٧ کۆچی دوایی کردو لەشاری رواندز بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

# شاهۆ



مەلا حەسەنی قازی کە بە(شاهۆ) ناسراوە، شاعیرێکی ناوداری کوردستانەو لەرێی شیعرە بەرزەکانییەوە خزمەتی زۆری بەکاروانی ئەدەبو رۆشنبیریی کوردی کردووە.

مەلا حەسەن کوڕی مەلا عەبدولقادر کوڕی مەلا عەبدولڕەحمان ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیە ، سەرەتا نازناوی (شایق)ی بۆ خۆی هەڵبژاردو دواتر بەنازناوی (شاهۆ) شیعرەکانی نووسیو بەو ناوەوە ناسرا.

شاهۆ ساڵی ١٨٨٢ لە بیارە لەدایك بووە، لەئامێزی خێزانێکی ئاینیدا پەروەردە بووە.

سەرەتا دەرسە ئاینییەکانو زمانەکانی فارسیو عەرەبی خوێندووە، دواتر چۆتە بەغداو لەوێوە سەفەری ئەستەنبوڵی کردووەو لەوێ پەیوەندی بەکۆمەڵەی تەعالی کوردستانەوە کردووە.

دواتر گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمانو لەساڵی ١٩٢٦ بووە بەقازی لەشاری هەڵەبجە. پاشان وەك قازی لە شارۆچکەی چوارتا خزمەتی کردووە.

وەك فەرمانبەر لەدادگاکانی بەغداو کەرکوكو هەولێرو چەمچەماڵ خزمەتی کردووەو ساڵی ١٩٥٣ لەسەر خواستی خۆی خانەنشین بووە.

دوای خانەنشینبوونی، دەچێتەوە هەڵەبجەو بەخواپەرستیو خوێندنەوەو نووسینو شیعرو ئەدەبەوە سەرقاڵ دەبێت.

شاهۆ کەسێکی زیرەكو بەتوانا بووە، زمانەکانی فارسیو عەرەبیو تورکی بەباشی زانیوە، بەکوردیو عەرەبیو فارسی شیعرەکانی هۆنیوەتەوە. لە رشتەکانی نەتەوەییو ئاینیو خۆشەویستی شیعری نووسیوە.

مامۆستا محەمەد ئەمین کاردۆخی هاوڕێی شاعیر، شیعرەکانی کۆکردۆتەوەو ساڵی ١٩٧٦ بەرگی یەکەمی دیوانەکەی بەناوی دیوانی شاهۆ لەچاپخانەی راپەڕینو بەرگی دووەمی لەساڵی ١٩٨٠ لەهەمان چاپخانە چاپکردووە. دواتر هەردوو بەرگەکەی پێکەوە بەچاپ گەیاندووە.

پاش خزمەتێکی زۆر بەکایەکانی ئاینو ئەدەبو دادوەری، رۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٧١ کۆچی دوایی کردو لەزێدی خۆی لەبیارە بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

مەلا حەسەنی قازی(شاهۆ)، لەبیارەوە هاتو زۆر شارو ناوچەی کوردستانو وڵاتانی دی گەڕاو خزمەتی بەوشەی پیرۆزی کوردی کردو دوانەی ئاینو ئەدەبی وەك دوو چرای رۆشنگەرەوەی رێگا تاریکەکان بەکارهێنا.

# د. شەفیق قەزاز



د. شەفیق قەزاز كەسایەتییەكی نیشتمانی و زانستی و فەرهەنگی كوردستانەو لەو رشتە جیاوازانەدا خزمەتی زۆرو زەوەندی پێشكەش بەگەلەكەی كردووە.

د. شەفیق تۆفیق قەزاز، ساڵی ١٩٣٤ لە گەڕەكی قەزازەكانی شاری سلێمانی لەدایك بووە. لەئامێزی خانەوادەیەكی ناوداری ئەو شارەدا پەروەردە بووە. قۆناغەكانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغداو واشنتۆن تەواو كردووە.

ساڵی ١٩٧١ بڕوانامەی دكتۆرای لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان لەزانكۆی واشنتۆن دی سی بەدەستهێناوە.

د. شەفیق كەسێكی چالاكو هەڵسوڕاو بووە، لەرێكخراوە پیشەیی و فەرهەنگی و نێودەوڵەتییەكان كاری كردووە، لەرێی ئەو رێكخراوانەوە خزمەتی بەگەل و نیشتمانەكەی كردووە.

د. شەفیق، بایەخی زۆری بەبواری رۆشنبیری داوە، لەو بوارەدا خزمەتی زۆری كردووە، خاوەنی چەندین وتارو لێكۆڵینەوەی زانستییە، دامەزرێنەرو سەرنووسەری گۆڤاری (زە كوردیش جۆرناڵ) بووە كە لەساڵانی ١٩٦٤-١٩٦٩ لە واشنتۆن دەرچووە.

بایەخیشی بەزمان و وشەو فەرهەنگ داوە، فەرهەنگێکی کوردی– ئینگلیزی بەناوی فەرهەنگی شارەزوور داناوەو ساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن دەزگای ئاراسەوە چاپکراوە.

دامەزرێنەرو سەرۆکی کۆڕی زانیاریی کوردستان و ئەکادیمیای کوردی بووە، لەرێی ئەو رێکخراوە فەرهەنگی و زانستییانەوە خزمەتی زۆری بەوشەی پیرۆزی کردووە.

لەبواری زانستیشدا، رۆڵی دیاری هەبووە، سەرۆکی بۆردی زانکۆی کوردستان بووە، لەرێی ئەو زانکۆیەوە خزمەتی بەخوێندن و خوێندکاران کردووە.

لەکابینەی سێیەم و چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەزیری هاوکاریی مرۆڤایەتی بووەو رۆڵی دیاری لەگەشەپێدانی پەیوەندییەکانی حکومەت بەدنیای دەرەوە هەبووە.

پاش خزمەتێکی زۆر بەبوارەکانی زانستی و فەرهەنگی، شەوی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، د. شەفیق قەزاز بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆچی دوایی کردو لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

درود بۆ ئەو پیاوەی زۆربەی وڵاتانی سەر گۆی زەوی تەیکردو وێڵی خزمەتکردن بەگەل و نیشتمانەکەی بوو، لەو پێناوەدا زۆر تێکۆشاو ماندوو بوو، شوێن پەنجەی دیارەو خزمەت و بەخشش و بەرهەمەکانی لەلاپەڕە درەوشاوەکانی مێژووی کوردستاندا تۆمار دەکرێن.

# شەوكەت رەشید



هونەرمەندێكی ناسراوی كوردستانەو وەك گۆرانیبێژو ئاوازدانەرو موزیكژەن و شاعیر خزمەتی بەكاروانی هونەری و ئەدەبی كوردستان كردووە.

شەوكەت رەشید عیزەت ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندەیەو ساڵی ۱۹۳۱ لەگەڕەكی مەڵكەندی شاری سلێمانی لەدایك بووە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری سلێمانی تەواو كردووە.

كۆتایی ساڵانی چلەكانی سەدەی رابردوو، قوتابخانەی مۆسیقای سەربازی لەشاری كەركوك خوێندووەو شارەزایی لە ئامێری كلارنێت پەیدا كردووە.

ساڵی ۱۹٦۳ لەگەڵ چەند هاوڕێیەكیدا تیپی مۆسیقای (سۆلاڤ)یان دامەزراند.

ئەم هونەرمەندە لەگەڵ زۆربەی تیپە مۆسیقییەكانی كوردستاندا كاری كردووە لەوانە(مەولەوی، سلێمانی، سۆلاڤ، باواجی، هونەرو وێژەی كوردی، تەلەفزیۆنی كەركووك).

شەوكەت رەشید خاوەنی چەندین گۆرانییە كە تائێستا گوێگری تایبەتی خۆی هەیە. وەك موزیكژەن بەئامێری كلارنێت خزمەتی كردووەو لەدوای قادر دیلان دووەم هونەرمەندی كورد بووە كە ئەم ئامێرەی بەكارهێناوەو داهێنانی تێداكردووەو لەشێوازی هونەری رۆژئاوایی بۆ شێوازی هونەریی

ڕۆژهەڵاتی سوودی لێوەرگرتووەو لەگەڵ هونەری کوردی موتوربەی کردووە.
ئاوازیشی بۆ گۆرانییەکانی خۆی و زۆر هونەرمەندی تر داناوەو خاوەنی چەندین ئاوازی ناوازەیە. هەروەها شیعریشی نووسیوەو کردوویەتی بەگۆرانی.
هەر لە بواری خزمەتکردنی هونەری کوردیدا، ساڵی ١٩٨٤ بەرنامەیەکی لە تەلەفزیۆنی کەرکووك بەناوی (ئارەزوومەندان) پێشکەش کرد کە بایەخی بەدیداری هونەرمەندانی گەنج ئەداو لەرێی ئەو بەرنامەیەوە چەند هونەرمەندێکی لاو دەرکەوتن و ناسران.
هونەرمەند شەوکەت رەشید کاریگەری هونەری لەسەر خانەوادەکەشی هەبووەو هەر بۆیەش سێ کوری رێچکەی هونەری ئەویان گرتووەو خزمەتیان بەبواری هونەریی کوردی کردووە.
ئەم هونەرمەندە چەندین ئاوازو گۆرانی و تێکستی شیعریی جوانی وەك یادگاری لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، کە بەهەمیشەیی بە نەمری ئەیهێڵنەوە.
هونەرمەند دوای ساڵانێکی زۆر لەخزمەتکردن و بەکولتووری کوردستان لە رۆژی١٧ی نیسانی١٩٩١ بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی شێخ موحێدینی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# شەماڵ سائیب



شـــەماڵ ســـــائیب هونەرمەنـــد و موزیكـــژەن و ماموّســـتایەكی دیـــار و ناســـراوی كوردســـتانەو بەپێشـــەنگی نوێكردنـــەوەی گـــۆرانی كـــوردی دادەنرێت و خاوەنی دەنگێكی خۆش و بەسۆزە.
ئـەم هونەرمەنـدە وەرچـەرخانێكی گـەورەی لـە بواری هونەری كوردیدا كرد و یەكەم كەس بوو لە دەرەوەی ستۆدیۆ گۆرانی و كلیپی تۆمار كرد.
شەماڵ جەلال سائیب، كە بەشەماڵ سائیب ناسراوە، لە باوەشی خێزانێكی ڕوناكبیریی شاری سلێمانیدا لـەدایك بـووە. لـە سـەرەتای ژیـانی لاویـدا خولیای هونەری مۆسیقاو گۆرانی بووەو لەو بوارەدا خزمەتێكی گەورەی پێشكەش كردووە و شوێن پەنجەی بە نوێكردنەوە و گەشەپێدانی هونەری گۆرانی كوردییەوە دیارە.
لە سلێمانی و بەغدا و ئەمریكا خوێندویەتی. بڕوانامەی پەیمانگای هونەرە جوانەكان و بەكالۆریۆسی مێژووی كۆلیجی ئابی بەغدا و ماستەری ئەدەبی لە ئەمریكا بەدەستهێناوە. وەك مامۆستای ئەدەب و هونەر لە زانكۆكانی سلێمانی و سەلاحەدین خزمەتی كردووە.
شەماڵ سائیب وەك موزیكژەن و گۆرانیبێژ و مامۆستای زانكۆ و نووسەر خزمەتی كردووە و كەسێكی دڵسۆز و بەئەمەك بووە بۆ وڵاتەكەی.
ئەم كەسایەتییە هەڵكەوتووەی كورد لە ڕۆژی ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦ بەنەخۆشی كۆچی دوایی كردو لەگردی سەیوان بە خاك سپێردرا.

# شوکروڵڵای بابان



شوکروڵڵای بابان لەڕێی خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کورد بە دەنگە بەسۆز و ئەفسوناوییەکەی لە بەرنامەی هەوارگەی دڵانی ڕادیۆی کوردی کرماشان وەك بێژەرێك لە سەرانسەری کوردستانی گەورەدا ناسرا. بەڵام ئەو بە تەنها بێژەر نەبوو، بەڵکو شاعیر و وەرگێڕو نووسەرێکی شارەزا و بە ئەزموونیش بوو. لەڕێی بەرهەمەکانییەوە خزمەتێکی گەورەی بەڕەوتی ڕۆشنبیریی کوردستان بەگشتی و خۆرهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی کرد.

شوکروڵڵا، لە ساڵی ۱۹۲۳ لە شاری سنە لەدایك بووە و هەر لەو شارە قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە و دواتر چۆتە تاران و لەوێ خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە. ساڵی ۱۹۵۸ چۆتە ڕادیۆی تاران و لەوێ وەك بێژەری بەشی کوردی دامەزراوە، دواتر بووە بە بەڕێوەبەری ئەو بەشە. پاشان چۆتە ڕادیۆی کوردی کرماشان و تاساڵی ۱۹٦۹ وەك بەڕێوەبەر و بێژەر کاری کردووە. لە ساڵانی ۱۹۵۹ تا ۱۹٦۳ هاوکاری دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستانی لە تاران کردووە.

شـوكروڵڵای بابـان وەك نووسـەر و زماننـاس خزمـەتی ئـەدەب و ڕێزمـان و مێـژووی كـوردی كـردووە و سـێ كتـێبی بـەنرخی لـەو بوارانـەدا بـە چـاپ گەیانـدووە كـە ئەمانـەن: (سـەلاحەدینی ئـەیوبی پاڵـەوانی كـورد، گـوڵزاری كوردسـتان، فەرهـەنگی زمانـەوانی فارسـی- كـوردی). ئـەم كەسـایەتییە ڕونـاكبیرەی كـورد پـاش نزیكـەی نیـو سـەدە لـە خزمـەتكردنی كایـەكانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لەرۆژی ١٦-١١-٢٠١٢ لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا لە شاری تـاران كۆچـی دوایـی كـرد و لـە بەشـی هونەرمەندانی گۆڕسـتانی بەهەشـتی زەهرا بە خاك سپێردرا.

# شوکور مستەفا



شوکور مستەفا، ناوێکی دیار و پرشنگدارە لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا.
ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی مامشەی ناوچەی قەرەحەسەنی کەرکووک لەدایك بووە.
ساڵی ١٩٣٢ بە ماڵەوە چوونەتە شاری کەرکوك و لەوێ خراوەتە بەر خوێندنی ئاینیو ساڵی ١٩٤٩ لە کۆلیجی شەریعەی زانکۆی بەغدا وەرگیراوەو تەواوی کردووە. دواتر بووە بە مامۆستای زمانی عەرەبیو لە چەند شارێکی کوردستان و عێراق مامۆستا بووە.
لە ساڵی ١٩٧٠ گواستراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە بەغدا.
ساڵی ١٩٧٥ چۆتە کۆڕی زانیاری کورد و بووە بە ئەمینداری گشتی ئەو کۆڕە.
ساڵی ١٩٩٦ خانەنشین کراوەو هاتۆتەوە کوردستانو لە هەولێر نیشتەجێ بووە.
شوکور مستەفا نزیکەی نیو سەدە خزمەتی لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا پێشکەش کردووە. ئەم پیاوە گەورەیەی کورد زیاتر لە ٥٠ کتێبی نوسراوو وەرگێڕدراوی لە بوارەکانی ڕۆمان و چیرۆك و مێژوو و شانۆگەری هەیە. لەوانە: (داستانی قەڵای دمدم، ئەفسانەی چیای ئاگری، ئەفسانەی کوێر ئۆغلی، کاریتە، زەوی و مس و ئاسن، تەنەکە، مێژووی ئەردەڵان، خەج و سیامەند) و چەندانی دیکە. ئەم زانا و بلیمەتەی کورد لە ڕۆژی ١٨ی ئەیلولی ٢٠٠٣ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

# شوكری فەزڵی



شـوكری فـەزڵی نـاوێكی دیـارو پرشـنگدارە لـە مێـــژووی ئـــەدەبی و روونـــاكبیریی عێـــراق و كوردستـاندا، لەچـەند بـوارو رشتـەیەكی جیـاوازدا خزمەتی زۆری پێشكەش بەوڵاتەكەی كردووە.

شـوكری كـوڕی مـەحمود ئاغـای كـوڕی ئەحمـەد ئاغایەو بەشوكری فەزڵی ناسراوە.

سـاڵی ١٨٨٢ لـە بنەماڵەیـەكی كـوردی گـەڕەكی فـەزڵی شـاری بەغـدا لـەدایك بـووە، هـەر بـەهۆی ئـەوەوە نازنـاوی فـەزڵی وەرگرتووە.

خالیـد سالح ئەفەنـدی خـاڵی كـە سـەرۆكی نووسـەرانی حامییـەی سلێمانی بووە، شوكری فـەزڵی بـەمناڵی هێنـاوە بۆ سلێمانی و لـەو شـارە خستۆتییە بەرخوێندن و هاوپۆلی خوێندنی شێخ مـەحموودی نـەمر بووەو قۆناغـەكانی خوێنـدنی لەشـاری سـلێمانی تـەواو كـردووەو دواتـر چـۆتە بەغـداو لـەوێ قوتابخانـەی روشـدییەی سـەربازی تـەواو كـردووەو لەبـەر توانـای زۆری لەهـەمان قوتابخانـە بۆتـەوە بەمامۆسـتا. هـەروەها لەقوتابخانـەی بـەرزی قەدیس یوسف دەرسی وتۆتەوە.

بەمەبەستی خوێنـدن چۆتە ئەستەنبوڵ و دوو ساڵ لە رۆژنامـە توركییـەكان كـاری رۆژنامەنووسـی كـردووەو ئـەو كۆلیجـەی ئـەو حـەزی كـردووە تێیـدا بخوێنـێ، بـەخت یـاری نـەبووەو وەرنـەگیراوە، لەبەرئـەوە گەڕاوەتـەوە شـاری بەغدا.

دوای داگیرکردنی بەغدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لەساڵی ١٩١٧دا، بۆ بژێوی ژیانی وەك فەرمانبەری حکومەت خزمەتی کردووەو سەرۆکی نووسەرانی مەحکەمەی سوڵح بووەو نووسینەکانی دادگای لەتورکییەوە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە.

ئەندامی لیژنەی وەرگێڕانی یاساکانی عێراق لەتورکییەوە بۆ عەرەبی بووە.

لەیەکەم کابینەی حکومەتی عەبدولڕەحمان نەقیب لەساڵی ١٩٢١ سەرۆکی نووسەرانی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بووە.

لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیو چەند کەسێکی تردا ئەندامی لیژنەی وەرگێڕانی پڕۆگرامەکانی خوێندن بووە بۆ زمانی کوردی.

مامۆستا شوکری فەزڵی بێ لەزمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبیو تورکیو فارسی بەباشی زانیوە.

هەر بۆیەش شیعرو بەرهەمەکانی بەو چوار زمانە نووسیوە.

لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی وتارو شیعری لە رۆژنامەکانی (التعاونو الزهور)ی بەغدای بڵاوکردۆتەوە.

فەزڵی بەدروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسی سەرسام بووەو ئەوەش لەوتارە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانیدا رەنگی داوەتەوە، هەر بۆیەش لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە تووشی گرتنو سزاو لێپرسینەوە بووە.

لەدوای داگیرکردنی بەغدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، بایەخی زۆر بەشوکری فەزڵی دراوەو بەهۆی ئەوەشی زمانەکانی عەرەبیو فارسیو کوردی بەباشی زانیوە، لەلایەن میجەر سۆنەوە راسپێردراوە کە لەشاری بەغدا لەسێ رۆژنامەدا کار بکات، ئەوانیش رۆژنامەکانی (لغة العرب) بەعەرەبیو (ایرانو ضفر عراق) بەفارسیو( تێگەیشتنی راستی) بەکوردی.

شوكری فەزڵی وەك ڕۆژنامەنووسیكی بەتوانا بۆ هەر سێ ڕۆژنامەكە وتارو بابەتی نووسیوە. پێدەچێ زۆربەی بابەتەكانی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی بەقەڵەمی ئەو نووسرابن.

فەزڵی خاوەنی چەند دەستنووسێكی بەنرخ بووە لەسەر مێژوو و جوگرافیای عێراق و فەلسەفەی خەیام و كتێبخانەكەی و كتێبێكی دەستنووسی تر لەسەر زانست. بەڵام هیچیان چاپ نەكراون و بزر بوون.

بێ لە وتارە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانی، فەزڵی بە زمانەكانی كوردی و عەرەبی و توركی و فارسی شیعری نووسیوە، بەڵام هەموو شیعرەكانی تا ئێستا كۆنەكراونەتەوە و چاپ نەكراون.

د. عەبدوڵڵا ئاگرین بەشێك لەشیعرە كوردی و فارسییەكانی لەدوو تویێ دیوانێكدا بەناوی دیوانی (شوكری فەزڵی) لەساڵی ١٩٨٨ چاپكرد.

شوكری فەزڵی لەبوارەكانی نیشتمانی و نەتەوەیی و غەزەل شیعری نووسیوە.

لەشیعری هەجوشدا شارەزا بووە و شەڕە شیعری لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا كردووە. بەرزترین شیعری نیشتمانی شوكری فەزڵی، ئەو شیعرەیە كە بۆ شێخ مەحموودی نەمری نووسیوە كە ئەڵێ:

ئیش كە ئێستا ڕووی لەهەورازە، سەرەو لێژی نەكەی
فكری وردیشی ئەوێ، هەر بەدوعا و نوێژی نەكەی
گێرەشوێنێ كە كای كۆنی بەبادا لەكنت
چاكە هەر لێی خوڕی، سەیری دەم و كاوێژی نەكەی
سەرەتای ئیش هەموو یەكبوونە، ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ كە لەدڵدا هەیە سارێژی نەكەی

نەوشیروان مستەفا لە کتێبە تازەکەیدا سەبارەت بەو شیعرە ئەڵێ:(ئەگەر چی ئەم شیعرە تەنها چەند بەیتێکە، بەڵام بەیەکێ لەگەوهەرە ناوازەکانی شیعری کوردی دائەنرێ).

ئەم شاعیرو ئەدیبو نووسەرە پایەدارەی کوردستان، لە رۆژی ١ی حوزەیرانی ١٩٢٦ لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کرد. زۆربەی رۆژنامە کوردیو عەرەبییەکانی ئەو سەردەمە لەسەریان نووسیووەو کۆچەکەیان بەزیانێکی گەورەو کۆستێکی بەئازار وەسف کردووە.

شاعیری گەورە جەمیل سدقی زەهاوی بەقەسیدەیەکی درێژی ٤٢ بەیتی شینی بۆ گێڕاوە. چەند نوسەرێکی تری هاوڕێی وتارو لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسیوە

# شێركۆ بێكەس



شێركۆ بێكەس، شاعیرێكی گەورەی كوردستانەو بە سوڵتانی شیعری نوێی كوردی ناو دەبرێ، شوێن پەنجەی بە نوێكردنەوەی شیعری كوردییەوە دیارە، خزمەتێكی گەورەی بە بوارەكانی شیعر و ئەدەب و كولتووری كوردی كردووە.

ڕۆژی ٢ی ئایاری ١٩٤٠ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. هەر لەمنداڵییەوە خولیای شیعر و ئەدەب بووە، لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا یەكەم شیعری بڵاوكردۆتەوە. ساڵی ١٩٦٨ یەكەم دیوانە شیعری بەناوی (تریفە و هەڵبەست) لە شاری بەغدا بە چاپ گەیاند. ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ ژمارەیەك شاعیری دیكەدا ڕەوتی ڕوانگەیان بۆ نوێكردنەوەی شیعرو ئەدەبی كوردی ڕاگەیاند. لە ناوەڕاستی شەستەكانەوە تێكەڵاوی دنیای سیاسەت بووە و لە شۆڕشەكانی كوردستاندا وەك پێشمەرگە بەشداری كردووە و هەردەم لە ڕیزی گەلەكەیدا بووە.

ساڵانی ١٩٨٦ تا١٩٩١ لە دەرەوەی وڵات ژیاوە. لە یەكەم خولی پەرلەمانی كوردستاندا بووە بەپەرلەمانتار و هەر لەو خولەدا بووە بە وەزیری ڕۆشنبیری. ساڵی ١٩٩٨ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمی دامەزراند و تا كۆچی دوایی سەرۆكی دەزگاكە بوو. خاوەنی ٣٠ كتێبە.

ساڵی ٢٠٠٩ هەموو بەرهەمەکانی لە دووتوێی ٨٠٠٠ لاپەڕەدا چاپکران. بەهۆی ڕۆڵی دیار و ئەو خزمەتە گەورانەی لە بواری شیعر و کولتووردا پێشکەشی کردووە، دەیان خەڵاتی ناوخۆیی و نێودەڵەتی وەرگرتووە. دیارترینیان خەڵاتی تۆخۆڵسکی بوو کە ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن سەرۆك وەزیرانی سویدەوە پێی بەخشرا. بەرهەمەکانی بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون.

ڕۆژی ٤ی ئابی ٢٠١٣ لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی سوید کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ شاری سلێمانی و لەسەر وەسێتی خۆی لەپارکی ئازادی بە خاك سپێردرا.

# عائیشه ڕەسول



عائیشــــه ڕەســـولْ ژنێکـــی نـــاودارو خـــەباتگێڕی کوردســـتان بـــوو، خـــەباتی نیشـتمانیو ژنـانی ئـاوێزانی یـەك کـردو هەموو ژیـانی خـۆی بـەو خـەباتە ئاوێتـەیە بەخشــیو شــوێن پەنجــەی دیــارەو وەك ســــیمبولێکی بــــەرزی تێکۆشــــان لەدەرگایەکی گەورەوە چووە نێو مێژووی نوێی کوردستانەوە.

ئەو بەهێمنیو بێدەنگیو دوور لـە ڕۆشنایی میدیاو خۆدەرخستن خزمـەتی کرد، کەم دواو کاری زۆری کرد.

عائیشــە ڕەســولْ ئیــبراهیم ، ســاڵی ١٩٤٦ لەگــەڕەکی دەرگــەزێنی شــاری سلێمانی لەدایك بووە.

لـەئامێزی خانەوادەیـەکی ناسـراوو کوردپـەروەر گـۆشو پـەروەردە بـوو. قۆناغەکانی خوێندنی سـەرەتاییو ناوەندی لەشاری سلێمانی تـەواو کرد. ئیـدی لەخوێندن دابڕاو وەك کچی گـەورەی مـاڵ خـۆی بـۆ کاروبـاری مـاڵو خزمەتکردنی خانەوادەکەی تەرخانکرد.

عائیشە هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە، هەستی بەئازارو چەوسانەوەی گەلەکەی کرد. هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئـەوەی لەدەروازەیەکـەوە خزمـەتی گــەلو نیشــتمانەکەی بکــات. ئیــدی لــەڕێی بەهییــە مــەعرووفو ئــەنجوم

زوهدییەوە، دەرگای تێکۆشانی بۆ ئاوالا بوو. ساڵی ١٩٥٩ لەرێی ئەو دوو ژنە ناودارەوە، پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانەوە کرد، هەردوو خەباتی سیاسی و پیشەیی ئاوێزانی یەك کردو لەهەردوو بوارەکەدا کەوتە تێکۆشانێکی سەختەوە،ماڵەکەیان بووە مەڵبەندی تیکۆشانی فەرهەنگی و سیاسی و پیشەیی، لەو ناوەندەدا عائیشە رۆڵی دیاری لەسەر هەموو ئەو ئاستانە بینی و خۆی و هاورێکانی توانیان بازنەی پەیوەندییەکان فراوان و پێگەی جەماوەری بەهێز بکەن. بەکارو چالاکییەکانیان ئەو راستییەیان سەلماند کە ژنان هاوشانی پیاوان دەتوانن رۆڵی شایستەو پێشەنگ بگێڕن.

لەکاری رێکخراوەیی نهێنی بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٧٤، ئیدی لەو ساڵەدا لەگەڵ ژنانی هاورێی چووە شاخ و وەك پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردو بەدڵسۆزی ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ کرد.

دوای شکستی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥، عائیشە گەڕایەوە شاری سلێمانی. ئیدی لەدوای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کورستان، پەیوەندی بەرێکخستنە نهێنیەکانی ئەو حزبەوە کردووەو لەخەباتی نهێنیدا رۆڵی دیاری خۆی بینی و تا راپەرینی ئازاری ١٩٩١ لەکایەی خەباتی نهێنی بەردەوام بوو.

دوای راپەرین قۆناغێکی نوێی خەباتی ئاشکرای مەدەنی و جەماوەری دەستی پێکرد، ئەو لە هەردوو مەیدانی خەباتی حزبی و پیشەیی خزمەتی کرد. لەسەر هەردوو ئاست پێشکەوت، لەئاستی حزبی بووە ئەندامی کۆمیتەو لە ژیانی پیشەییش بەهەڵبژاردن بووە بەئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی ژنانی کوردستان، لەهەردوو کایەدا بایەخی بە بەرزکردنەوەی

ئاستی هۆشیاری‌و رۆشنبیری ئەندامان‌و بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و هاوکاری هەژاران‌و خوێندکاران‌و ژنان داو بەهێمنی‌و بێدەنگی خزمەتێکی زۆری پێشکەش کردو پەیوەندییەکی بەرینی جەماوەری دروستکرد.

پاش زیاتر لەنیو سەدە خەبات‌و تێکۆشانی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و پیشەیی، رۆژی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٩، عائیشە رەسوڵ خەباتگێری ناودار، بۆ دوا جار چاوەکانی لێکناو لە گۆڕستانی (شێخ فەتاح)ی شاری سلێمانی لەرێورەسمێکی میللی‌و رەسمیدا بەخاك سپێردرا.

عائیشە رەسوڵ، هەموو ژیانی خۆی بۆ خەباتی نیشتمانی‌و پیشەیی تەرخانکردو بەهێمن‌و بێدەنگی خزمەتێکی زۆری کردو مێژوویەکی جوانی پڕ شانازی بۆ خۆی تۆمار کرد.

# عایشە شان



عایشــە شــان، دیــارترین ژنــە هونەرمەنــدی گۆرانبیــژی کــوردە کــە ســەرباری کێشــە و ئاســتەنگ‌و ڕێگرییــەکانی دابونــەریتی کــۆن، شــورەیی و بڤــەبوونی هونــەر بــۆ ژنــان، بەوپــەری بوێری و ئازایەتییــەوە توانیویــەتی لــە ســاڵانی پــەنجاکانی ســەدەی ڕابــردوودا، بێتــە نــاو کایــەی هونــەر و ســەرتەختی شــانۆ بکاتە مەیدانی کارکردنی هونەری.

بــەوەش بۆتــە ژنێکــی پێشــەنگی ئــەو بــوارە و خزمــەتێکی زۆری بــە هونــەری گــۆرانی و مۆسـیقای کـوردی کـردووە. عایشـە محەمـەد وەسمـان شـان، کـە بەعایشە شان ناسراوە. ساڵی ١٩٣٨ لـە شاری ئامـەدی باکوری کوردستان لـەدایك بـووە. هێشـتا منـاڵ بـووە کـە بـاوکی کـۆچی دوایـی کـردووە. عایشـە شـان هـەر لەمناڵییـەوە خولیـای هونـەری گـۆرانی ئـەبێ و سـەرەتا بـە زمـانی تورکی گۆرانی ئەڵێت و لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بە نهێنی یەکەم کاسێتی خۆی تۆمار ئەکات.

ساڵی ١٩٦١ دەچێتە ئەستەنبوڵ و لـەوێ چالاکی هونـەری زیـاتری ئـەبێ و زۆرتر ئەناسرێ و بە زمـانی کوردیش گۆرانی ئەڵێت و گـۆرانی (ئـەز خـەزاڵم) تۆمار ئەکات.

ساڵی ١٩٧٢ ئەچێتە دەرەوەی وڵات و لە وڵاتی ئەڵمانیا ئەگیرسێتەوە و لەوێ و لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا چەند ئاهەنگێكی گۆرانی ساز ئەكات.
ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە ئەستەنبوڵ و دواتر لەسەر داوای محەمەد عارف جزیری و عیسا بەرواری سەردانی بەغدا ئەكات و لە ئیزگەی كوردی بەغدا چەند ئاهەنگێكی گۆرانی ساز ئەكات.
ساڵی ١٩٩٠ لە سەردەمی ئۆزالدا چەند گۆرانییەكی كوردی تۆمار ئەكات.
لەدوای ساڵی ١٩٩٢ەوە بەهۆی نەخۆشییەوە لە چالاكی هونەری ئەكەوێت و لە چاوان ون ئەبێ. لە رۆژی ١٨ی كانونی یەكەمی ١٩٩٦ كۆچی دوایی كرد.

# ع. بەسۆز



(ع. بەسۆز ) شاعیرو روناکبیرێکی دیاری کوردستانەو لەرێی شیعرو بەرهەمەکانییەوە خزمەتێکی زۆری بەبواری ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی کردووە.

عەبدوڵڵا کوڕی کەریم ئەفەندی کوڕی غەفور ئەفەندی ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیەو لەجیهانی ئەدەبدا بە(ع. بەسۆز) ناسراوە. بەرەچەڵەك بابانن و لەدارەشمانەوە هاتونەتە قەڵاچوالان و سلێمانی، لەبەر ئەوەی باوکی کاتبی ناحیە بووە لەناوچەی شوان، ع. بەسۆز ساڵی ١٩٢٢ لەدێی شوان و شێخ بزێنی لەدایك بووە. لە ئامێزی خێزانێکی روناکبیریدا گەورە بووەو باوکیشی روناکبیرو نوسەر بووەو یاداشتی بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە.

ع. بەسۆز تاپۆلی سێیەمی ناوەندی لە سلێمانی خوێندووەو دواتر لەسالانی ١٩٤٢ تا ١٩٤٤سەربازی لیڤی بووەو پاشان بووە بەکاتبی تەموین لەبەرزنجە. دواتر وەك فەرمانبەر لەفەرمانگەی کشتوکاڵ خزمەتی کردووەو ساڵی ١٩٧٦ خانەنشین کراوە. ئەم شاعیرە پیاوێکی کوردپەوەر بووەو لەبەشێك لەحزبەکانی کوردستاندا خەباتی کردووەو کەسێکی پاك و دڵسۆز بووە. بەسۆز هەر لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای شیعر بووەو لەساڵی ١٩٣٨ەوە دەستی بەهۆنینەوەی شیعر کردووەو لەژێر کاریگەری شاعیرانی

وەك( عـەلی كـەمال بـاپیر، پیرەمێـرد، كـوردی، بێكـەس و حەمـدی و بـرایم ئەحمەد)دا بووە.

شـیعرەكانی بەسـۆز هەمەچەشـن بـوون، شـیعری نیشـتمانی و نەتـەوەیی و كۆمەڵایـەتی و ئـاینی و ئەشـق و دڵـداری و پەنـد و ئامۆژگـاری لـەخۆگرتووە. شیعریشـی بـۆ منـاڵانیش نووسـیوە. وەك خـۆی لەچاوپێكەوتنێكدا باسـی كـردووە خـاوەنی ٢٣٠٠ پارچـە شـیعر بـووە. بەسـۆز بـەهرەی دیكەشـی هـەبووە و بـێ لەشـیعر بایـەخی بەهونـەرەكانی نیگاركێشـان و خۆشنووسـی داوە و لـەو بـوارەدا شـوێن پەنجـەی دیـارە. لەلایـەكی تـرەوە لەسـاڵانی شەسـتەكانەوە بیرەوەرییـەكانی خـۆی نووسـیوتەوە و نزیكـەی هەشـت هـەزار لاپەرەی دەستنوسن.

مامۆسـتا بـەیاد عەبـەدولقادر لەسـاڵانی ٢٠٠٥ دووبـەرگی لەشـیعرو یاداشتەكانی بەناونیشانی( بۆتان ئەگێڕمەوە) چاپ و بڵاوكردەوە، بەڵام وەك مامۆسـتا بـەیاد باسـی ئـەكات خـەرمانێك بەرهـەمی دەستنووسـی لـەپاش بەجێماوە و هێشتا روناكیان نەدیوە. ئەم شاعیرو روناكبیرە گەورەیە لەرۆژی ٦ی ئاداری ٢٠٠٤ بەنەخۆشی كۆچی دوایی كردو لە گردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

# ع. ح. ب



ئەو سێ پیتە کورتکراوەی ناوی شاعیرێکی دیار و نیشتمانپەوەری کوردستانە، کە شیعرەکانی ئاوێنەی ڕوونی دەرخستنی خەمە چینایەتی و نیشتمانییەکان بووە و وشە ئاگرینەکانی کوانووی خەباتی کوردستانی جۆشداوە.

محەمەد شێخ حسێن بەرزنجی، سێ پیتی ناوی برا شەهیدەکەی ع. ح. ب (عەلی حسێن بەرزنجی) کردبووە نازناوی شیعری خۆی.

ساڵی١٩٢٣ لە ناحیەی بەرزنجە لەدایك بووە. ساڵی ١٩٣١ بە ماڵەوە چوونەتە شاری سلێمانی. لە بەرزنجەو سلێمانی قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٤٦ بە فەرمانبەر دامەزراوە. بەرزنجی کەسێکی کوردپەروەر بوو، هەر لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی بوو. ئەو کەسێکی چەپ و خاوەن بیروباوەڕی پێشکەوتنخواز بوو. بەهۆی هەڵویستە سیاسییەکانییەوە لە ساڵی ١٩٦٣ خرایە کونجی زیندان و ئەشکەنجە درا و لە وەزیفە دەرکرا.

ع . ح. ب، شاعیرێكی ڕیالیست و ڕەخنەگر بووە، سەرەتا لەژێر كاریگەری شیعرەكانی سالم و تاهیر بەگی جاف و ئەدەبدا بووە و دواتر كەتوتۆتە ژێر كاریگەری شیعرە نوێیەكانی گۆران و پیرەمێردەوە.
ع . ح. ب، یەكەم شیعری لە ساڵی ١٩٤٧ لە گۆڤاری گەلاوێژ بە ناوونیشانی (گەنجی و پیری و مردن) بڵاوكردۆتەوە. بێ لە شیعری نیشتمانی، ع . ح. ب، شیعری بۆ سروشت و جوانی نووسیوە. ئەم شاعیرە بەرزەی كورد چوار دیوانی شیعری بە چاپ گەیاندووە كە ئەمانەن: (ناسۆری دەروون، گرێی نهێنییەكان، زەردەخەنەی تاساو و تریفە و ڕێژاو). ئەم شاعیرە پایەبەرزەی كوردستان لە رۆژی ٦ی كانونی دووەمی ٢٠٠٠ كۆچی دوایی كرد و لە گردی سەیوان بە خاك سپێردرا.

# ع. ع. شەونم



جەژنە جەژنی کوردستانە، جەژنی
نەورۆزە
بەتیشکی ئاگر ئەنووسم، جەژنە پیرۆزە
چاوگی ئاگر هێزو گیانمە
باوەڕی بەرزی کوردستانمە

ع. ع. شەونم شاعیروئەدیبێکی ناوداری کوردستانەو لەرشتە جیاجیاکانی ئەدەبو هونەرو پەروەردە خزمەتێکی زۆرو زەوەندی بەگەلو نیشتمانەکەی کردووە.

عەلی عەبدوڵڵا سۆفی محەمەد ناوی تەواوی ئەو کەسایەتییە مەزنەیەو بە(ع. ع. شەونم) ناسراوە.

ساڵی ١٩٢٥ لەگەڕەکی پاشای شاری هەڵەبجە لەدایک بووە.

سەرەتا لەشارەکەی خۆی خراوەتە حوجرەو دەرسە ئاینییەکانی خوێندووە، دواتر قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو خانەی مامۆستایانی لە هەڵەبجەو سلێمانی و بەغدا خوێندووە.

ساڵی ١٩٤٥ لەکۆتایی جەنگی دووەمی گێتی، خانەی مامۆستایانی دێهاتی لەبەغدا تەواو کردووە، هەر لەو ساڵەدا بووە بەمامۆستا، لە هەورامانو هەڵەبجەو شارباژێرو سلێمانی وانەی بەخوێندکارانی کورد وتۆتەوەو بەگیانی نیشتمانپەروەری گۆشو پەروەردەی کردوون.

لەبەر هەڵوێستە سیاسییەكانی، تووشی دوورخستنەوەو راونان و گرتن بۆتەوە، بەندینخانەكانی سلێمانی و كەركووك و شارەكانی دیكەی عێراق، شاهیدی ئازایەتی و قارەمانێتی ئەو خەباتگێڕە رووناكبیرەن.

ئەدەب و هونەر مەیدانی سەرەكی تێكۆشانی كولتووری ئەون بوون، هەر لەتاف لاوییەوە خولیای شیعر بووە، ساڵی ١٩٤٣ یەكەم شیعری خۆی بڵاوكردۆتەوە، لەبواری شیعری نیشتمانی و نەتەوەییدا شوێن پەنجەی دیارەو خاوەنی چەندین شیعری بەرزە، كە بونەتە سروودی نیشتمانی و رۆڵی دیارییان لەجۆشدانی گیانی خەبات و بەرخوداندا هەبووە، سروودی جەژنی نەورۆز یەكێكە لەشاكارە مەزنەكانی و تائێستاش بەبەرزی و زیندوویی ماوەتەوە.

مامۆستا شەونم بایەخی زۆری بەئەدەبی منداڵان داوەو شیعرو چیرۆك و ئۆپەرێتی بۆ نووسیون، خاوەنی چەندین كتێبی ناوازەیە لەو بوارەدا.

خاوەنی چەندین كتێبی دیكەیەی ئەدەبی چاپكراوەو چەند دەستنووسێكیشی بەیادگاری لەدوا بەجێماوەو هێشتا چاپنەكراون.

فەرهەنگی( كورد واتەنی) كە١٠ بەرگە، شاكارێكی مەزنەو لەدوای كۆچی دوایی لەسەر ئەركی فاروقی مەلا مستەفا چاپكراوە.

مامۆستا شەونم ماوەیەكی زۆر بەرپرسی چالاكی قوتابخانەكان بووە لەسلێمانی، لەو رێیەوە خزمەتێكی زۆری بە جووڵانەوەی رۆشنبیری و هونەری كردووە.

مامۆستا شەونم ئەندامی دانانی پرۆگرامەكانی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی بووە، شوێن پەنجەی بەدانان و وەرگێڕانی ئەو پرۆگرامانەوە دیار بووەو بەكوردییەكی شیرین و پاراو دایڕشتوون.

مامۆستا شەونم کەسێکی فرە بەهرە بووە، لەبوارەکانی دیکەی وەك، هونەرەکانی شانۆو موزیكو گۆرانیو نیگارکێشانو خۆشنووسیو فۆلکلۆرو مێژوو، خزمەتی زۆری کردووەو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارە.

پاش خزمەتێکی زۆر بەکایەکانی ئەدەبو هونەر، بەرەبەیانی رۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ دواجار چاوەکانی لێکناو بەڤایرۆسی کۆرۆنا کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی گولانی شاری هەڵەبجە بەخاك سپێردرا.

مامۆستا شەونم، لە هەڵەبجەوە وەك خۆر هەڵهاتو هەموو کوردستانی گەورەی رۆشنکردەوە.

# عەباس ئەلبەدری



عەباس ئەلبەدری، ناوێکی دیار و پرشنگدارە لە جیهانی ڕۆژنامەگەری و تێکۆشانی کوردایەتیدا، ئەو خزمەتێکی گەورەی بەبوارەکانی میدیا و ڕووناکبیری و خەباتی کوردستانی کردووە.

عەباس باقر کازم، کە بە عەباس ئەلبەدری ناسراوە. ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی کوردانی شاری بەغدا لەدایك بووە. هەر لە سەرەتای ژیانی لاوێتیەوە لە دەرگای ڕۆژنامەنووسییەوە تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی بووەو لە کۆتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕۆژنامەی خەباتی کردە سەنگەری تێکۆشان و کاری ڕۆژنامەنووسی و لەوێوە کاروانی بەرخودانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کوردایەتی کەوتە ڕێ و دواتر لە بەشی ڕۆشنبیری ڕۆژنامەی دەنگی کورد و ڕۆژنامەی (النور ) و چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی دیکەی ئەو سەردەمە خزمەتی کردووە. لەبەر هەڵویستی سیاسی و کوردپەروەرانەی تووشی گرتن و ڕاونان و ئەشکەنجەی ڕژێمە جیاجیاکانی عێراق بۆتەوە و لە ساڵی ١٩٦٤ دەستگیراوە و ماوەی ٣ ساڵی پڕ لە ناخۆشی لە زیندانی دزێوی نوگرە سەلماندا بەسەر بردووە و لە سەرەتای هەشتاکانیش بە تاوانی کوردبوون لەگەڵ فەیلییەکاندا ڕەوانەی ئێران کراوە.

ساڵی ١٩٨٨ لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك مام جەلال پەیوەندی بەڕاگەیاندنی (ی. ن. ك)ەوە کردووە و وەك ڕۆژنامەنووسێکی دیار و بەئەزموون لە ڕۆژنامەی (الشرارە و بەشی عەرەبی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان) خزمەتی کردووە و ڕۆڵی دیاری لە گەشەپێدانی ئەو دەزگا میدیایانەدا هەبووە. لەدوای ڕاپەرینیش مامۆستا عەباس ئەلبەدری لە تێکۆشانی ڕۆژنامەنووسی و میدیایی بەردەوام ئەبێ و لەدوای گۆڕینی ناوی ڕۆژنامەی (الشرارە) بە (الاتحاد) ئەبێتە سەرنوسەری ئەو ڕۆژنامەیە و بە ئەزموون و سەلیقە و لێزانینی خۆی ڕۆڵی دیاری ئەبێ لە پێشخستن و گەشەپێدانی ئەو ڕۆژنامەیەدا. ئەلبەدری لەناو میدیای یەکێتیدا ئەرکی زیاتری لە ئەستۆ گرتووە و ماوەیەك بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بووە و لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و کەناڵی کوردساتیش خزمەتی کردووە و شوێن پەنجەی بەپێشخستنی ئەو دەزگا میدیایانەوە دیار بووە. لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەغدا چۆتەوە زێدی خۆی لە بەغدا و لەوێ تەوژمێکی گەورەی بەدەرکردن و گەشەپێدانی ڕۆژنامەی (الاتحاد) داوە.

لە ساڵانی ٢٠٠٦- ٢٠١١ لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك مام جەلال دەچێتە تۆڕی میدیایی عێراق و وەك نوێنەرێکی کورد لەوێ خزمەت ئەکات. عەباس ئەلبەدری خاوەنی خەرمانێك لە نووسینی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆژنامەنووسی چاپکراوە، لە دیارترین کتێبە چاپکراوەکانی: (ڕۆژانەی ڕاپەرین و عەشقستان)ە. دوا نووسینی مامۆستا ئەلبەدری نووسینێکی سەرنجڕاکێشە بەناوی (عەشق زۆرانبازێکە زۆرانی لەگەڵدا ناگیرێ). ئەم پیاوە هەڵکەتووەی کورد، ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

# عەباس ژاژڵەیی



عەباس ژاژڵەیی هونەرمەندی دیارو ناوداری كوردستان، لەرشتەكانی شانۆو دراماو فیلمدا خزمەتی زۆری بەنیشتمانەكەی كردووە، خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی هونەرییە.
عەباس مەلا مەعرووف مەلا عەلی مەلا مەمەد چاومار، ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندەیەو بە عەباس ژاژڵەیی ناسراوە.
ساڵی ١٩٥٠ لەگوندی ژاژڵەی ناوچەی شارباژێر لەدایك بووە. لەئامێزی خێزانێكی ئاینی رووناكبیردا گەورە بووە. قۆناغەكانی خوێندنی لە گوندەكەی خۆیو سلێمانی تەواو كردووە. ساڵی ١٩٧٤ بووە بەمامۆستا لە گوندی (گۆڵێ)و خزمەتی بەخوێندكاران كردووەو بەگیانی نیشتمانپەروەری گۆشو پەروەردەی كردوون. بەهۆی هەڵوێستی نیشتمانیو كوردپەروەرییەوە، تووشی ئازارو سزا بۆتەوەو دوای شكستی شۆڕشی ئەیلول بۆشاری بەسرە دوور خراوەتەوە.
دوای كۆتایی هاتنی ماوەی دوورخستنەوەكەی، گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانیو وەك فەرمانبەر لەفەرمانگەی بیناسازیی سلێمانی خزمەتی كردووە، بەهۆی نەبوونی بەجەیشی شەعبی لەفەرمانگەكەی فەسڵكراوە، دواتر گەڕاوەتەوە سەر كارەكەیو تا ساڵی ٢٠٠٤ بەردەوام بووە لەخزمەتو لەو ساڵەدا خانەنشین بووە.
مامۆستا عەباس ژاژڵەیی لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای هونەری نواندن بووە، ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ هونەرمەند حاجی مەكیو چەند

هونەرمەندێکی تر، تیپی هونەری میللیی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانییان دامەزراندووە، لەبەرلێهاتوویی بەسەرۆکی تیپیەکە دانراوە.

لەگەڵ ئەو تیپەدا چەندین تەمسیلیان بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کرد، تەمسیلییەکان تیشکییان دەخستە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییە دزێوەکان و خەڵکیان لەو دیاردە دزێوانە هۆشیار دەکردەوە.

لەو سەردەمە ئەو تەمسیلییانە لە تەلەفزیۆنە رەش و سپییەکانەوە وەك شۆڕشێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی کاریگەریان زۆریان لەسەر خەڵك هەبوو، بینەرێکی زۆریان لەخۆیان کۆکردبۆوە.

مامۆستا ژاژڵەیی لەبواری شانۆشدا خزمەتی زۆری کردووە، تیپە شانۆییەکانی (ئاشتی، ژاژڵەو ماوەت)ی دامەزراند و لەرێی ئەو تیپانەوە چەندین شانۆگەری پێشکەش کرد و وەك ئەکتەرو دەرهێنەر خزمەتی بەهونەرو خەڵك کرد.

مامۆستا عەباس لەبوارەکانی دراما و سینەماشدا رۆڵی دیاری هەبوو، خاوەنی چەندین بەرهەمی ناوازەیە، لەوانە (بووکی ژێر دەواری رەش، شەوێك لەژیانی خانزاد، گڵکۆی تازەی لەیل، بوون بەخۆر، ژیلەمۆی ئەوین) و چەندین بەرهەمی تر.

مامۆستا ژاژڵەیی چەند ساڵێکیش سکرتێری لقی سلێمانیی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان بوو، لەرێی ئەو لقەوە خزمەتی بەهونەرو هونەرمەندان کرد. پاش زیاتر لەنیو سەدە خزمەتکردن بەرشتە جیاجیاکانی هونەرە جوانەکان، رۆژی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا عەباس ژاژڵەیی هونەرمەندی ناودارو بەهەڵوێستی کوردستان، لەرێی بەرهەمە هونەرییەکانییەوە خزمەتی زۆری بەگەل و نیشتمانەکەی کرد و سیفەتی نەمری بۆ خۆی لەمێژوودا تۆمار کردووە.

# عەباسی کەمەندی



عەباسی کەمەندی هونەرمەند و ئەدیبێکی گەورە و خۆشەویستی کوردستانەو لە ڕشتە هونەرییەکانی گۆرانی و موزیك و شێوەکاری و شانۆو بوارە ئەدەبییەکانی شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و فۆلکۆر خزمەتی کردووە و شوێن پەنجەی بەگەشەپێدان و پێشخستنی ئەدەب و هونەری کوردییەوە دیارە.

ساڵی ١٩٥٢ لە شاری سنەی خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە. هەر لە سەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای دنیای ئەدەب و هونەر بووە و شیعری بۆ ١٥٠ گۆرانی کوردی نووسیوە و زیاتر لە ٦٠ گۆرانی بە دەنگە هێمن و بەسۆزەکەی چڕیوە. چەند تیپێکی مۆسیقای دامەزراندووە و لەو بوارەدا خزمەتی زۆری کردووە. لە مەیدانی ئەدەبیشدا قەڵەمێکی بە بڕشتی هەبووە و خاوەنی چەندین دەقی جوانی شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و شانۆگەرییە. سیناریۆی بۆ ٣٠ فیلمی کورت نووسیوە. زیاتر لە ٣٥ ساڵیش لە ڕادیۆی کوردی سنە خزمەتی بە هونەر و کولتووری کوردی کردووە.

عەباسی کەمەندی کەسێکی فرە بەهرە بووە و لە چەند بوارێکی جیادا خزمەتی کردووە. ئەم کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییەی کورد لەرۆژی ٢٢ی ئایاری ٢٠١٤ لە نەخۆشخانەی تەوحیدی شاری سنە بە نەخۆشی گیانی لەدەستدا و لە ڕێورەسمێکی شایستەدا بە خاك سپێردرا. ئەگەرچی کەمەندی بە جەستە ماڵئاوایی کرد، بەڵام بەرهەمە بەرزە ئەدەبی و هونەرییەکانی بە نەمری ئەیهێڵنەوە.

# مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس



بڕوانە خەیمەی بەرزی ئاسمان
لەرۆژو مانگ و لەئەستێرەکان
بەو نەخشانەوە کە فیکری مانی
سەرگەردان ئەبێ لەشێوەی جوانی
(مودەڕیس)

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس زانایەکی ناوداری کوردستان و عێراقە، لەرشتەکانی ئاین و ئەدەب خزمەتێکی زۆری کردووەو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارە.
عەبدولکەریم محەمەد عەبدولفەتاح ناوی تەواوی ئەو زانایەو بە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ناسراوە.
ساڵی ١٩٠١ لە گوندی تەکیەی سەر بەشارۆچکەی خورماڵ لەدایك بووە.
لەبیارەو سلێمانی دەرسە ئاینیەکانی خوێندووە، ساڵی ١٩٢٤ لەسەر دەستی زانای ناسراو شێخ عومەر قەرەداخی لەرێورەسمێکدا لەسلێمانی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. لە بیارەو هەڵەبجەو سلێمانی و بەغدا کاری مەلایەتی کردووە، مەلایەکی زیرەك و بەتوانا بووە.
مامۆستا مودەڕیس ئاینپەروەرێکی قوڵ و لەهەمان کاتدا کوردپەروەرێکی دڵسۆز بووە. یەکەم مەلای کورد بووە، وتاری نوێژی هەینی بە زمانی شیرینی کوردی پێشکەش کردووە.

ژیـانی بـۆ لێكۆڵینـەوەی ئـاینیو خواپەرسـتیو لێكۆڵینـەوەی ئـەدەبی كلاسیكی كوردی تـەرخانكردووەو دوانـەی ئاینو ئـەدەبی وەك دوو كۆرپـەو جگـەر گۆشـەی خۆشەویسـتی خـۆی سـەیر كـردووەو تەمـەنی خـۆی پێبەخشیون.

مامۆسـتا مـودەڕیس لەسـاڵی ١٩٦٠ەوە دەچێتە بەغـدا، لەمزگـەوتی شـێخ عەبـدولقادری گـەیلانی دادەمـەزرێو ئیـدی تـا كۆتـایی ژیـانی لەبەغـدا دەمێنێتـەوە، بەغدا دەرگایـەكی گـەورەی زانسـتیی ئـاینیو ئـەدەبی بـۆ ئـەو دەكاتـەوە، ئیـدی لـەو پایتەختـەوە بازنـەی پەیوەندییـەكانی فـراوان دەبـێ، كـاروانی بەخشـشـە ئـاینیو ئەدەبییـەكانی بەڕێدەكـەوێو تـا دوا ڕۆژەكـانی ژیانی خەرمانێك بەرهەمی ئەدەبیو ئاینی پێشكەش دەكات. كەخۆی لە ٨٣ كتێبدا دەبینیتەوە، ٤٧یان بەكوردیو ٢٩یان بە عەرەبیو ٧یان بەفارسی.

كتێـبو لێكۆڵینـەوەكانی بەگشـتی بابـەتی زانسـتیی بـەنرخن، لەناویانـدا بەرهەمە ئەدەبییـەكانی بۆ ساخكردنەوەو شیكردنەوەی دیوانی شاعیرانی كوردو بەچاپگەیاندنو بڵاوكردنـەوەیان خزمـەتێكی گـەورەی كـەم وێنەیـە، ئەوو كوڕەكانی نەبونایە ئەو سامانە نەتەوەییە بەپەرتەوازەیی دەمایەوە.

هەربۆیـەش هێمنی شاعیر هـەموو هاوڵاتییـەكی كورد بەقـەرزداری ئـەو زاتـە دەزانێت.

بەكۆششـی ئـەوو كوڕەكـانی دیـوانی شـاعیرانی وەك:(مەولـەوی، بێسـارانی، نالی، مەحوی، سالم، فەقێ قادری هەمەوەند) ساخ كراونەتەوەو چاپكراون.

مامۆسـتا مـودەڕیس خۆشـی شـاعیر بـووەو بـەنازناوی نـامی شـیعری بڵاوكردۆتـەوە. لێكۆڵینەوەشـی لەسـەر بەرهەمـەكانی مـەولانا خالیـدی نەقشبەندیو شێخ عوسمان سیراجەدین كردووە.

چەند کتێبی دیکەی هەیە لەوانە(مەکتوبانی کاك ئەحمەدی شێخ- چوار بەرگ، یادی مەردان- دوو بەرگ،بنەماڵەی زانیاران، عەقیدەی مرزیەی مەولەوی، تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز- حەوت بەرگ)و چەندانی تر.

مامۆستا مودەڕیس ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد بووە، لەرێی ئەو دەزگایەو گۆڤارەیەکەوە خزمەتێکی زۆری بەئەدەبی کوردی کردووە.

ئەندامو بەرپرس بووە لە چەند رێکخراوێکی بالآی ئاینیو پێگەی دیار بووە. پاش تەمەنێکی پڕ بەخششی زیاتر لە یەك سەدە، خزمەتێکی زۆر بەکاروانی ئاینیو ئەدەبی کردو لەشەوی٣٠ی مایسی ٢٠٠٥، بۆ دواجاری چاوەکانی لێکناو چووە بەر دلۆڤانی خوداو لەمزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخاك سپێردرا.

مودەڕیس، زانای گەورەی کورد لەرێی دوانەی ئاینو ئەدەبەوە خزمەتێکی زۆری کردو بەوشە جوانەکانی گوڵاوی رێزو خۆشەویستی پرژاند.

# عەبدولخالق مەعروف



عەبـدولخالق مـەعروف نوسـەرێکی دیـار و ناسراوی کوردستانە و خاوەن قەڵەمێکی بوێر و ئـازا و دیـد و تێـڕوانینی پێشـکەوتنخواز بـوو، لـەپێناو بیروبـاوەڕە پیرۆزەکەیـدا گیـانی خۆی بەخشی و بووە هێما و شەهیدی فیکر و قەڵەم.

ساڵی ١٩٣٥ لـە ناوچـەی کەنـدیناوەی هـەولێر لە بنەماڵەیەکی ئاینی دایك بووە.

لــە بــواری خوێنــدنی ئــاینی و ئاســایی خوێندویەتی. لە تەمـەنی لاوی لـە ناوەڕاستی ساڵانی پـەنجاکانی سـەدەی ڕابـردووەوە، چـۆتە دنیـای سیاسـەتەوە و پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانە کردووە.

عەبـدولخالق مـەعروف خولیـای زانسـت و تـەکنیك بـووەو سـاڵی ١٩٦٠ ئیزگەیـەکی ڕادیـۆی دروسـتکرد. سـاڵی ١٩٦٣ بەشـداری شۆڕشـی ئـەیلولی کرد و ڕۆڵی دیاری هەبوو لە دانانی ئیزگەی شۆڕش و لـەو بوارەدا خزمـەتی زۆری کرد. لە شۆڕشی نوێشدا سەرباری ئەوەی پشکۆی کوڕی پێشمەرگە و ئەنـدازیاری ئیزگـەی دەنگـی گـەلی کوردسـتان بـوو لـە بەرگـەڵو، خۆشـی هاوکـارێکی دڵسـۆزی شـۆڕش و یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان بـوو، بــەنهێنی ئــەرکی دانــانی ئێزگــەی شۆڕشــی نــوێی گرتۆتــە ئەســتۆ و پێداویستییەکانی بۆ دابینکرد.

عەبدولخالق مەعروف خاوەنی چەندین کتێبی زانستی و فیکرییە. کتێبی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا) بە دیارترین کتێبی فکری ئەو دادەنرێت و لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان نووسەری ئەو کتێبەیان بەلادەر لە ئیسلام لە قەڵەمداو دژایەتی خۆیان بۆ دەربڕی.

ئاماژەش بەوە دەکرێت کە تیرۆرکردنەکەی پەیوەندی بە بۆچوونەکانی ناو دووتوێی ئەو کتێبەوە هەبووە. دەستی ڕەشی تیرۆر گەیشتە خاوەنی ئەم قەڵەمە ئازایە و لەرۆژی ١٠ی نیسانی١٩٨٥ لە شاری هەولێر شەهیدیان کرد، بەڵام ناوو ناوبانگ و بیر و بۆچوونە پێشکەوتنخوازەکانی هەمیشە وەك چرایەکی پرشنگدار دەمێننەوە.

# د. عەبدولڕەحمانی قاسملو



د. عەبدولڕەحمانی قاسملو سیاسەتمەدار و ڕوناكبیرێكی دیاری نیوەی دووەمی سەدەی بیستە، سەرباری بایەخدانی بە بواری سیاسی، بواری ڕوناكبیریشی لەبیر نەكردووە، قەڵەمەكەی خزمەتێكی گەورەی بە بواری مێژوو و ئابووری و ڕوناكبیریی كوردستان كردووە.
ساڵی ١٩٣٠ لە ناوچەی قاسملوی نزیك شاری ورمێ لەدایك بووە. لە ورمێ و تاران و فەرەنسا و چیكۆسلۆفاكیا خوێندویەتی و خاوەنی بڕوانامەی دكتۆرا بووە.
لە ساڵی ١٩٤٥ەوە لەڕێی ڕێكخراوەكانی لاوان و حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانەوە تێكەڵ بە كاری سیاسی بووە و لە كۆنفرانسی سێیەمی ئەو حزبەدا لە ساڵی ١٩٧١ بۆتە سكرتێری گشتی و لە هەموو كۆنفرانسەكاندا هەڵبژێردراوەتەوە و ماوەی ١٨ ساڵ لەو پۆستەدا بووە.
زمانەكانی كوردی و فارسی و توركی و عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ڕوسی و چیكی بە باشی زانیوە. دكتۆر قاسلمو خاوەنی چەندین كتێب و نامیلكەو وتار و لێكۆڵینەوەیە، لە دیارترین كتێبەكانی (كوردستان و كورد) و (چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی)، لەڕۆژی ١٣ی تەموزی ١٩٨٩ لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا تیرۆر كرا.

# عەبدولڕەقیب یوسف



ڕەقیب ڕەقیبی ڕەقیبانت بێ
ئاهورامەزدا پشتیوانت بێ
خوای گەورە کەسی بێکەسانت بێ
سیماری مەزن نزا خوانت بێ
تاوسێ مەلەك پاسەوانت بێ
شیلەی تێکۆشان نۆشی گیانت بێ
سەد جەمال نەبەز بەقوربانت بێ
(جەمال نەبەز)

عەبدولرەقیب یوسف کەسایەتییەکی گەورەی کلتوورپەروەرو کولتوورپارێزی کوردستانە، زۆربەی تەمەنی خۆی تەرخانکردووە بۆ (نووسینی مێژوو، پاراستنی کولتورو کەلەپوورو شوێنەوار ، بەڵگەنامە، هونەرەکانی تەلارسازیو نەخشونیگاری خانووەکان). لەلایەن پسپۆڕانەوە بەفەرهەنگی گەورەی کولتووری شارستانی ناودێر کراوە.

ساڵی ١٩٤٣ لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووەو وەك مامۆستا لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان خزمەتی کردووە. دواتر بۆتە راوێژکاری کاروباری شوێنەوار لەئەنجومەنی وەزیرانو ماوەی ٩ ساڵ لەو پۆستەدا خزمەتی کردووەو ساڵی ٢٠١٠ خانەنشین بووە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای خوێندنەوەی بابەتە مێژووییەکان بووەو بایەخی بەشوێنەوار داوە.

مامۆستا سەعید دێوەچی بەڕێوەبەرو دامەزرێنەری مۆزەخانەی موسڵو مێژوونووسی ناوداری عێراق، هانی مامۆستا عەبدولڕەقیبی داوە بنووسێت، ئەویش لەشوباتی ١٩٦٠ەوە دەستی بەنووسین کردووەو تائێستا بەردەوامە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب شەست ساڵە دەنووسیٚو خاوەنی زیاتر لە ٥٠ کتێبی چاپکراوو دەستنووسە.

ساڵی ١٩٨٥ کتێبێکی بەناوی( بانگەوازێك بۆ رووناکبیرانی کورد) دەرکرد، لەم کتێبەدا داوای کۆکردنەوەو زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردو پاراستنی کرد. ئەگەرچی مامۆستا عەبدولڕەقیب چەندین کتێبی نایابی تری هەیە، بەڵام ئەم کتێبەی بەباشترین کتێب دادەنێت، لەبەرئەوەی بەوردی باسی پێویستی پاراستنی هەموو لقەکانی کولتووری شارستانی کوردستانی کردووە.

ئەمەش ناوی هەندێك لەکتێبە چاپکراوەکانی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف ( دیوانی کرمانجی، الدولە الدوستكیە فی کردستان ، تابلۆکانی شەرەفنامە، یاداشتی ئەحمەد حەمەئاغای پشدەر، حدود کردستان الجنوبیە، لەبەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحموود، بەرگریکردنمان لەقەڵای هەولێر، وێرانکردنی قەڵای کەرکوكو هەوڵدانم بۆ رزگارکردنی، پەیدابوونو دروستکردنی چەکی ئاگردار)و چەندان کتێبی تر.

سەدان وتارو لێکۆڵینەوەی بەزمانەکانی کوردیو عەرەبی لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی عێراقو کوردستانو دەرەوەدا بڵاوکردۆتەوە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، خولیای سەرەکی گەڕان بووە بەدوای شوێنەوارەکاندا، چەندان شوێنەوارو شاری کۆنی دۆزیوەتەوە، کە پێشتر نەدۆزرابوونەوە، زانایانو شارەزایانی شوێنەوار بەکارەکانی سەرسامو موحەیەر بوون.

مامۆستا عەبدولڕەقیب لەماوەی ٦٠ ساڵ کارکردنیدا، بەتەنها خەرمانێك بەرهەمی بەنرخی لەبەڵگەنامەو تۆماری کاسێتو فۆتۆو ڤیدیۆی کۆکردۆتەوە، کە ئەوە کاری دامەزراوەیەکی گەورەی نیشتمانییە، ئەو بەتەنهاو لەسەر ئەرکی خۆی ئەنجامی داوە.

١٨ ملیۆن لاپەڕەی بەڵگەنامەو١٣٠٠ سەعات تۆماری ڤیدیۆو کاسێتی دەنگی تەمەنداران‌و ٧٠هەزار وێنەی فۆتۆی هەیە، کە هەموو پێکەوە سامانێکی گەورەی کولتووری شارستانین. بەشی زۆری بەڵگەنامەکانی پێشکەش بەئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان کردووە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، زۆربەی ئەو ئەرشیفە بەنرخەی دیجیتاڵ کردووە، نزیکەی ١٢ ساڵ کاری تێدا کردووە بۆ ئەوەی لەرێی ماڵپەڕێکی تایبەت بەخۆیەوە، بۆ خوێنەران بخرێنەڕوو.

ئەو کارەشی تەواو کردووەو لەماڵپەڕەکەیدا بەشێکی زۆری زانیارییەکانی ئەرشیفەکەی لەژێر ٣٢ ناوونیشانی سەرەکیدا خراونەتەڕوو، بەدەوڵەمەنترین ماڵپەڕی بواری کولتووری شارستانی لەناوچەکەدا دادەنرێت.

لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتن‌و تەمەن درێژی بۆ مامۆستا عەبدولڕەقیب ئەخوازم، ئەو پیاوەی لەباکووری کوردستانەوە هات‌و باشوری کردە مەیدانی کارو خزمەت‌و بەخششەکانی‌و کوردستانی گەورەی وەك یەك نیشتمان سەیر کردو لەسەرانسەری ئەو نیشتمانەدا ئەوەی پێی کرا بۆ پاراستن‌و ناساندنی کولتووری شارستانیی کوردستان درێغی نەکرد.

# عەبدوڵڵا پەشێو



شیعر بۆ من
عەشق و چارەنووسە، نەك پیشە
میحرابە، نەك بازاڕ
نانبڕە، نەك نانده‌ر!

عەبدوڵڵا پەشێو شاعیرو رووناکبیرێکی گەورەی کوردستانە، لەرێی شیعرو بەرهەمە ئەدەبیەکانییەوە خزمەتێکی گەورەی بەکاروانی رۆشنبیریی کوردستان کردووەو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارە.

ساڵی ١٩٤٦ لەگوندی (بێرکۆت)ی نزیك شاری هەولێر لەدایك بووە، بەهۆی ناوبانگی پەشێوەوە، ئەو گوندە لەسەرانسەری کوردستاندا ناسرا.

قۆناغەکانی خوێندنی لەشاری هەولێر تەواو کردووە.

ماوەیەك وەك مامۆستا لەگوندی (کەنداڵ)ی دەشتی هەولێر خزمەتی بەرەوتی خوێندن و پەروەردەو خوێندکارانی کوردستان کردووە.

پەشێو لەتاڤ لاویدا، خولیای شیعر بوو، ساڵی ١٩٦٣ یەکەم شیعری بڵاوکردەوە. ساڵی ١٩٦٧ یەکەم کۆمەڵە شیعری بەناوی (فرمێسك و زام) بڵاوکردەوە.

ساڵی ١٩٧٣ لەرێی شەهید ساڵح یوسفی سەرۆکی ئەو کاتەی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە، زەمالەی خوێندنی لەیەکێتیی سۆڤیەت بۆ وەرگیراو بۆ خوێندن چووە مۆسکۆو بڕوانامەی بەرزی ماستەرو دکتۆرا بەدەستهێناو تێزی دکتۆراکەی لەسەر پیرەمێردی نەمرە.

ساڵی ١٩٨٥ روو دەکاتە لیبیاو بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەك ماموستا زانکۆ لەو وڵاتە خزمەت دەکات.

دواتر وەك پەناهەندە روو دەکاتە وڵاتی فینلاندەو لەشاری هلسنکی دەگیرسێتەوە.

پەشێو زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیو رووسی و ئەڵمانی بەباشی دەزانێت. ئەوەش وایکردووە کەسوود لەو زمانانە وەربگریو بەرهەمە ئەدەبییەکان بۆ زمانی شیرینی کوردی وەربگێڕێ، ئەو بابەتانەی لەسەر پوشکینو ویتمەن وەریگێڕاون، تواناو باڵادەستی ئەو لە هونەری وەرگێڕاندا دەردەخەن.

پەشێو خاوەنی چەندین دەقی شیعری بەرزە، کە لەدووتوێی دیوانەکانیدا چاپو بڵاوبوونەتەوە، لەوانە (بتی شکاو، شەونامەی شاعیرێکی تینوو، براکوژی، دوازدە وانە بۆ منالان، شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم، بروسکە چاندن، بەرەو زەردەپەڕ، پریسکەی عاشقێکی زگماك)و چەندانی تر.

شیعرەکانی پەشێو هێندە جوانو نازدارن لەلایەن هونەرمەندانی دیاری کوردستانەوە کراون بەگۆرانیو مەقام، لەوانە:( تایەر تۆفیق، حەمە جەزا، عەدنان کەریم، مریەم ئیبراهیم پور، مەرزییە فەریقی، خالید رەشید، عەزیزی شاروخی)و چەندانی دیکە.

شیعرەکانی پەشێو هێندە بەرزو سەرنجڕاکێش بوون، بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون. شیعرەکانی ( مانیڤێستی کۆبانی، عەفرینگراد) کە بۆ ئازایەتیو بەرخودانی ئەو دوو شارە قارەمانەی نووسیوە، بەجوانترین دەقی ئەدەبی بەرەنگاری دادەنرێن.

ماموستا عەبدوڵڵا پەشێو شاعیرێکی بزێوو یاخییە، شێرکۆ بێکەس گوتەنی، شیعرەکانی پڕن لەنماو جوڵەی جوانی. هیوای تەمەن درێژیو سەلامەتیو بەردەوامی و بەرهەمی زیاترو جوانتری بۆ دەخوازم.

# عەبدوڵڵاجەوهەر



عەبدوڵڵا تۆفیق جەوهەر کە بەعەبدوڵڵا جەوهەر ناسراوە، نووسەرو ئەدیبێکی دیاری کوردستانەو لەرێی نووسینەکانییەوە خزمەتێکی زۆری بەکاروانی ئەدەبیو روناکبیریی کوردستان کردووە. ساڵی ١٩٢٠ لەگوندی مێوڵیی ناوچەی قەرەداخی پارێزگای سلێمانی لەدایك بووە. لەمێوڵیو سلێمانیو کەرکوك قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە. لەکۆلێجی حقوقی بەغدا وەرگیراوە ، بەڵام بەهۆی هەژاریو کەم دەرامەتییەوە نەیتوانیوە بخوێنێ. بە فەرمانبەر لەسلێمانی دامەزراوەو لەو رێیەوە خزمەتی کردووە. مامۆستا عەبدوڵڵا لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای خوێندنەوەو نووسین بووە، سەرەتا بەرهەمەکانی لەرۆژنامەکانی ژیانو ژینو گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردۆتەوە. ساڵی١٩٣٨ نامیلکەیەکی ئەدەبی بەناوی (ئاوات) لەچاپخانەی ژیان چاپکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی نامیلکەکە ناوەڕۆکێکی نەتەوەیی هەبوو، حکومەتی ئەو کاتەی پاشایەتی دەستی بەسەردا گرتو نەیهێشت بڵاو بکرێتەوە. مامۆستا عەبدوڵڵا خاوەنی چەند بەرهەمێکی دیکەی ئەدەبییە لەوانە رۆمانی( بەرەو کودستان بەچنگێ خاکو خۆڵی هەورامانەوە) کە پاییزی ١٩٦٠ نووسیویەتیو ساڵی ٢٠١٣ دەزگای چاپو پەخشی سەردەم چاپی کردووە. پەخشانە شیعری (دایە

گیان) کە ساڵی ١٩٤٨ نووسیویەتی خانەی زاموا لەساڵی ١٩٩٩ چاپی کردووە. هەروەها فەرهەنگێکی زمانەوانی کوردی- ئینگلیزی بەناوونیشانی ( هەندێ دەنگی نامۆ لەزمانی کوردیدا) هەیە. وەك ڕێزلێنانێك لەم کەڵە پیاوە دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ژمارەیەکی تایبەتی ڕۆڤاری لەسەر دەرکردووە. مامۆستا عەبدوڵڵا هێشتا لەژیاندا بووە کە کتێبخانە تایبەتو دەوڵەمەندەکەی بەکتێبخانەی گشتیی سلێمانی بەخشیو بووە بەسەرچاوەکەی بەسوود بۆ خوێنەرانو توێژەران. مامۆستا عەبدوڵڵا پیاوێکی بەهەڵویستو نیشتمانپەروەر بوو، لەحزبەکانی برایەتیو دارکەر خەباتی کردووەو ئەندامی دامەزرێنەری کاژیك بوو، بەرنامەی ئەو حزبەی بەخەتی خۆی نووسیوە.

ئەم ئەدیبو روناکبیرە گەورەیەی کوردستان، لە ڕۆژی ١ی حوزەیرانی ١٩٨٢ بەنەخۆشی شێرپەنجەی گەدە کۆچی دوایی کردو لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# عەبدوڵڵاساڵح شارباژێڕی



ناوم شەهیدە، باوكم نیشتمان
خۆم بەخت كردووە، لە بۆ كوردستان
خوێنم رشتووە، لەسەر ئەم خاكە
بۆیە ئەیبینیت، سورو روناكە
تۆ وەكو داستان، ئەمەت لەیاد بێ
ئەو خوێنە گەشەم، پشتو پەنات بێ

ناوچەی شارباژێڕ سروشتێكی جوانو رەنگینو دڵگیری هەیە، هەر بۆیەش دیمەنە قەشەنگەكانی بۆتە ئیلهامبەخشی شاعیرانو ئەدیبانو هونەرمەندانو لەبەرهەمەكانیاندا رەنگی داوەتەوە.

عەبدوڵڵا مەلا ساڵح خۆی رۆڵەی ئەو ناوچەیەو لەئامێزیدا لەدایك بووەو پەروەردە بووە. لەخۆشەویستی بۆ ئەو ناوچەیە، نازناوی شارباژێڕی كردۆتە پاشگری ناوەكەی، بۆ ئەوەی هەمیشە وەك سێبەرەكەی لەگەڵیدا بێ.

عەبدوڵڵا كوڕی مەلا ساڵح كوڕی ئەحمەد، ناوی تەواوی ئەو شاعیرەیەو لە دنیای ئەدەبدا بە عەبدوڵڵا ساڵح شارباژێڕی ناسراوە.

ساڵی ١٩٣٩ لەگوندی گاپیڵۆنی ناوچەی شارباژێر لەدایك بووە، بەهۆی خەمو ئازارو ستەمە چینایەتییەكانەوە ، بەناچاری ئەو گوندەیان بەجێهێشتووەو لە گوندی سەدو بیستی ناوچەی تانجەرۆی نزیك سلێمانی گیرساونەتەوەو دواتر چونەتە گوندی زڕگوێز.

بەحوکمی ئەوەی باوکی مەلا بووە، لەمنداڵیدا قورئان و دەرسە ئاینییەکانی لای ئەو خوێندووە.

لەگوندی زڕگوێز چۆتە قوتابخانەو تاپۆلی سێی سەرەتایی خوێندووە، دواتر لەسلێمانی تاپۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووەو بەفەرمانبەر لەبانکی رافیدەین دامەزراوەو ماوەی ٢٦ ساڵ وەك فەرمانبەری میری لە سلێمانی و رانیەو چوارتاو دەربەندیخان و پشدەرو خەلەکان و سەنگەسەر خزمەتی کردووە.

ئەو لەخەمی خوێندندا بووە، بۆیە لەپاڵ کاری فەرمانبەریدا، ئێواران خوێندویەتی و توانیویەتی قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات.

عەبدوڵلا ساڵح هەر لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە، خولیای خوێندنەوە بووەو بەخوێندنەوەی دیوانی شاعیران دەستی پێکردووە، ئەوەش وایکردووە حەز بەنووسینی شیعر بکات، ئیدی خەمە نیشتمانی و چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هەوێنی شیعرەکانی و لەبەرهەمەکانیدا رەنگیان داوەتەوە.

عەبدوڵلا ساڵح شیعرەکانی لە گۆڤارو رۆژنامەکانی سەردەمی خۆی بڵاوکردۆتەوە. دواتر شیعرەکانی کۆکردۆتەوەو لەدوو توێی دوو کتێبدا چاپی کردووە کە ئەمانەن(رووباریکی هەڵچوو-١٩٨٦، شەپۆل و دەریا٢٠٠٥).

بایەخیشی بەئەدەبی منالان داوەو شیعری جوان و ناسکی بۆ منالان نووسیوەو لەنامیلکەیەکدا بەناوی (رێژنەو ڤیان) لەساڵی ١٩٩٢ چاپی کردووە.

بێ لەبەرهەمە چاپکراوەکانی، چەندین نووسین و دەقی شیعری لەدوا بەجێماوەو هێشتا چاپ نەکراون.

عەبدوڵڵا ساڵح، شیعری نیشتمانی ونەتەوەیی و غەزەلی نووسیوەو بایەخی بەجگەر گۆشەكانیش داوەو شیعری بۆ نووسیون.

عەبدوڵڵا ساڵح پیاوێكی نیشتمانپەروەرو دڵسۆز بووە، كوڕێكیشی بەناوی (د. سەردار) پێشمەرگەو دكتۆری شۆڕش بووە لەتیپی ٥١ی گەرمیانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، لە رۆژی ١٣ی نیسانی ١٩٨٢ لەشەڕیكی نابەرانبەردا لەگەڵ هێزەكانی دوژمن لەگەرمیان بە بۆردومانی كۆپتەرەكانی بەعس شەهیدبوو.

شەهید بوونی د. سەردار كاریگەری زۆری لەسەر باوكی بەجێهێشت، ئەو خەمە قووڵە لەشیعرەكانیدا رەنگی داوەتەوەو بەشیعر شیوەنی بۆگێراوە، ئەو پارچە شیعرەی سەرەوە نموونەیەكی زیندووی بەرهەمی شاعیرە.

پاش خزمەتێكی زۆر بەكایەكانی ئەدەب، لەرۆژی ٦ی ئەیلولی ٢٠١٣،عەبدوڵڵا ساڵح شاعیرو كوردپەوەر بەنەخۆشی كۆچی دوایی كرد، لەسەر راسپاردەی خۆی لەگوندی سەدوبیست لەتەنیشت گۆڕی كوڕە شەهیدەكەی بەخاكی پیرۆزی كوردستان سپێردرا.

# عەبدوڵڵا لوتفی



مزگەوتی عەبدوڵڵا لوتفی یەکێکە لەمزگەوتە گەورەو دیارەکانی شاری سلێمانیو بۆتە سیمای ئەو شارە. ئەم مزگەوتە ئەکەوێتە گەڕەکی چوار باخی شاری سلێمانی.

ئەگەرچی مزگەوتەکە زۆر ناسراوە، بەڵام خاوەنەکەی کە مزگەوتەکەی دروست کردووەو بەناوی خۆیەوەیە ناونراوە، وەك سەربازی ون ماوەتەوەو زانیاری ئەوتۆی لەسەر نییەو تیشك نەخراوەتە سەر ژیانو کارەکانیو لەپەراوێز ماوەتەوە..

ئەو بەرەچەڵەك خەڵکی شاری سلێمانییەو بەهۆی ئیشو کاری بازرگانییەوە، خانەوادەکەیان چوونەتە بەغداو لەوێ نیشتەجێ بوون.

عەبدوڵڵا لوتفی ناوێکی لێکدراوە، عەبدوڵڵا ناوی خۆیەتیو لوتفی نازناوێتی، لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان ئەوە باو بووە کە هەرکەس نازناوێکی خستۆتە دوای ناوی خۆی.

عەبدوڵڵا کوڕی حاجی عەلی ئاغا کوڕی مەعروف ئاغا کوڕی ئاغا تەهایەو بەعەبدوڵڵا لوتفی ناسراوەوئەو ناوە درێژەی لەکۆڵ بۆتەوە.

ساڵی ١٨٩٦ لەشاری بەغدا لەدایك بووەو هەرلەو شارە خراوەتە بەرخوێندنو قوتابخانەی روشدیەی سەربازی تەواو کردووەو لە حقوق وەرگیراوە، بەڵام نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات، بەهۆی ئەوەی لەیەکەمین جەنگی جیهانیدا بۆ خزمەتی سەربازی بانگ کراوە.

دوای خزمەتی سەربازی، لەگەڵ باوکی و برایەکیدا لەبواری بازرگانیدا ئیشی کردووەو لەو بوارەدا کەسێکی چالاك و زرنگ بووەو کارگەی جگەرەی لەبەغدا دامەزراندووەو تاساڵی ١٩٦٤ بەردەوام بووەو دوای ئەوە کارگەکەی خۆماڵی کر اوە.

لوتفی پیاوێکی خێرخواز بووەو لەو بوارەدا خزمەتی بەرچاوی کردووە. مزگەوتی عەبدوڵلا لوتفی یەکێکە لەپڕۆژە خێرخوازییەکانی و لەسەر ئەرکی خۆی دروستی کردووە. بەنیازی ئەوەش بووە نەخۆشخانەیەکی منالان لەگەڕەکی چوارباخ دروست بکات، بەلام بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانیوە جێبەجێی بکات، زەوییەکەی بەخشیوە بەدەوڵەت و خەستەخانەی منالانی چوارباخی لەسەر دروست کراوە.

عەبدوڵلا لوتفی زۆر پشتیوانی لەخوێندن و زانست و زانیاری کردووەو یارمەتی دەیان خوێندکاری داوە بۆ خوێندن لەناوەوەو دەرەوەی عێراق.

لوتفی لەرێکخراوە پیشەییەکانی سەردەمی خۆی خزمەتی کردووە، سەرۆکی فەخری کۆمەڵەی بانکەکانی عێراق و ئەندامی رێکخراوی مانگی سووری عێراقی و ئەندامی کۆمەڵەی مەبەستی خێرخوازی بووە.

ساڵی ١٩٣٠ بەئەندامی یانەی سەرکەوتنی کوردان لەبەغدا هەڵبژێردراوە.

پاش خزمەتێکی زۆر لەبوارەکانی بازرگانی و هاوکاری و خێرخوازیدا، لە٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ لەشاری بەیروتی پایتەختی لوبنان بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی برایەوە بۆ شاری بەغداو لەوێ بەخاك سپێردرا.

# عەبدوڵڵا میدیا



عەبدوڵڵا میدیا نووسەرو روناکبیرێکی دیاریی کوردستانەو لەچەند رشتەیەکی رۆشنبیری و پەروەردەییدا خزمەتی بەگەل و نیشتمانەکەی کردووە.
عەبدوڵڵا کوڕی محەمەدی حاجی ئەلیاسی چوارتا ناوی تەواوی ئەم روناکبیرەیەو بە(عەبدوڵڵا میدیا) ناسراوە
ساڵی ١٩٣٠ لەگەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووەو لەئامێزی خێزانێکی ناوداری ئەو شارە پەروەردە بووە.
قۆناغەکانی خوێندنی لەسلێمانی تەواو کردووەو بووە بەمامۆستا، لەقوتابخانەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری خزمەتێکی زۆری بەخوێندکاران و رەوتی خوێندن و پەروەردە کردووە.
مامۆستا عەبدوڵڵا پیاوێکی کوردپەروەر بووەو بەهۆی هەڵویستە نیشتمانییەکانی تووشی سزاکانی زیندان و راونان و دوورخستنەوەو نانبڕین بووە.
بەپێی بەڵگەنامەیەکی دەزگای ئەمنی سلێمانی کە رۆژێك پێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەرچووە، بڕیاری بەبارمتەگرتنی مامۆستا میدیا و ٢٤ هاوڕێی

نووسەرو ئەدیبی تر درابوو، بەڵام خۆشبەختانە راپەرین ئەو خەونەی بەعسییەكانی لەبار برد.

مامۆستا عەبدوڵڵا هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە، بایەخی بە رشتەكانی ئەدەب بەگشتی دابوو.

بەرهەمەكانی لەرۆژنامەو گۆڤارەكانی سەردەمی خۆی بڵاوكردۆتەوە. خاوەنی چەند كتێبێكی چاپكراوە، لەوانە (خەبات، دڵسۆزی نەمر، ئافرەتی كورد لەمێژوودا).

بەهۆی ئەوەشی كە زمانەكانی عەرەبی و كوردی بەباشی زانیوەو شارەزای هونەری وەرگێڕان بووە، كتێبی پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەكانی لەعەرەبییەوە بۆ سەر زمانی كوردی وەرگێڕاوە.

مامۆستا میدیا لەئەندامە دێرینەكانی یەكێتیی نووسەرانی كورد بووەو خزمەتی بەرچاوی لەرێی ئەو یەكێتییەوە پێشكەش كردووە. لەدوای كۆچی دوایی لەساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن یەكێتیی نووسەرانی كوردەوە لەهەولێر خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشراوە. وەك رێزێك بۆ خوێنەران، كتێبخانە تایبەتەكەی پێشكەش بە كتێبخانەی گشتیی بەكرەجۆ كراوە.

ئەم كەسایەتییە هەڵكەوتووەی كوردستان، لەرۆژی ٤ی تەمووزی ١٩٩٦ بۆ دواجار ماڵئاوایی كردو لەشاری سلێمانی بەخاكی نیشتمان سپێردرا.

# عەبدولواحید نوری



عەبدولواحید نووری کەسایەتییەکی روناکبیری فرە بەهرە بووە. لەچەند بوارو کایەیەکی جیاوازدا خزمەتی بەگەل‌و نیشتمانەکەی کردووە.
عەبدولواحید مەجید سەعید ناوی تەواوی ئەم روناکبیرەیە، بەهۆی ئەوەی لەدوای کۆچی دوایی باوکی، نوری عەلی خاڵی ئەرکی بەخێوکردن‌و پەروەردەکردنی ئەگرێتە ئەستۆ، بەعەبدولواحید نوری ئەناسرێ‌و هەر بەو ناوەوە بەرهەمەکانی بڵاو ئەکاتەوە. لەبەرئەوەی باوکی فەرمانبەر بووە لەشارۆچکەی چەمچەماڵ، ساڵی ١٩٠٤ عەبدولواحید لەو شارۆچکەیە لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی‌و کەرکووك تەواو کردووە.
ساڵی ١٩٢٧ خانەی مامۆستایانی تەواو کردووەو هەمان ساڵ بەمامۆستا دامەزراوەو لەقوتابخانەکانی سلێمانی‌و شارباژێرو هەڵەبجەو لەیلان خزمەتی بە رەوتی خوێندن‌و پەروەردەو خوێندکارانی کوردستان کردووە.
مامۆستا عەبدولواحید بێجگە لە بواری پەروەردە، لەبوارەکانی ئەدەب‌و هونەریشدا خزمەتی زۆری کردووە. لەرۆژنامەکانی ژیان‌و ژین‌و گۆڤاری گەلاوێژ بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە. خاوەنی چەندین کتێبی بەنرخی ئەدەبی‌و کۆمەڵایەتی‌و پەروەردەییە لەوانە(بەرەو روونـاکی، لەرێگای

سەركەوتنی ئینسانا، پیرۆزی منالٚ)و چەندانی تر. لەبواری وەرگێڕانیشدا خزمەتی كردووەو چەند كتێبێكی وەرگێڕدراوی هەیە لەوانە (لە وڵاتی ئادەمیزادە سەربەستەكان، دوانێك لەسەر پێڕەوی میللی)، هەروەها كتێبی پڕۆگرامی خوێندنی خوێندكارانی بۆسەر زمانی كوردی وەرگێڕاوە.

مامۆستا عەبدولواحید نوری بەیەكێك لەهونەرمەندە پێشەنگەكانی بواری شانۆی كوردی دادەنرێت‌و لەناوەڕاستی بیستەكانی سەدەی رابردووەوە وەك ئەكتەرو نووسەرو وەرگێڕی شانۆیی خزمەتی زۆری كردووەو بەیەكێك لە بناغەدانەرانی شانۆی كوردی دادەنرێت. ئەم روناكبیرە ناسراوەی كوردستان لەرۆژی ٥ی تەمووزی١٩٤٤ بۆ دوا جار ماڵئاوایی كرد.

# عەتا چاوشین



کێ راسپێرم هەواڵ بەرێ
بەکۆڕی گەرمی یارانا
کێ دڵ نەوایم باتەوە
لەجێی ئەو عەشقەی جارانا

عەتا چاوشین ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی هونەری کوردستان بوو، لەرشتەکانی گۆرانی و موزیك‌و شیعردا بەهێمنی و بەبێدەنگی خزمەتی گەل‌و نیشتمانەکەی کردو خاوەنی چەندین بەرهەمی جوان‌و ناوازەیەو باخچەی هونەری کوردستانی رەنگین کردووە.

عەتا ئەمین زۆراب ناوی تەواوی ئەو هونەرمەندەیەو بەعەتا چاوشین ناسراوە، لەشوباتی ١٩٦٢ لەگەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لەدایك بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی‌و ئامادەیی پیشەسازی لەشاری سلێمانی تەواو کرد.

وەك فەرمانبەر لەبەشی موزیکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری‌و هونەری سلێمانی خزمەتی کرد. دواتر خۆی گواستەوە بۆ بەرێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی‌و لە قوتابخانەکانی گەل‌و کاشما وەك مامۆستای پیشەیی خزمەتی کرد.

هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە، خولیای هونەری گۆرانی بوو، بەلاسایی کردنەوەی هونەرمەندانی ناودار دەستی پێکرد، دواتر ڕێچکەی تایبەتی هونەری خۆی گرتەبەرو بووە خاوەن ستایلی خۆی.

لەکۆتایی حەفتاکانەوە تێکەڵاوی ژیانی هونەری بوو، ساڵی ١٩٨٢ یەکەم گۆرانی خۆی بەناوی (ئەی غەریب مەڕۆ) تۆمار کرد، گۆرانییەکی هێندە بەسۆز بوو، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، ئیدی بەو گۆرانییە ناسراو دەرکەوت.

عەتا چاوشین ماوەیەك لە رۆژهەڵاتی کوردستان ژیاو ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندانی وەك ( محەمەدی مامڵێ، سەید محەمەدی سەفایی، برایانی زیزی، غەریبی خدریان)و چەندانی تر پەیدا کردو کاری هونەری لەگەڵ کردن و سوودی لەئەزموون و توانای هونەرییان وەرگرت.

عەتا چاوشینی هونەرمەند خاوەنی چەندین ئەلبومی گۆرانییە لەوانە:( ئەی غەریب مەڕۆ، سەوزە، میوان، گەردن بەرز، ئەی گوڵی من).

عەتا چاوشین هەر گۆرانیبێژ نەبووە، بەڵکو شاعیرو ئاوازدانەریش بووە، بەشێك لەگۆرانییەکانی شیعرو ئاوازی خۆی بوون.

هەندێ لەشیعرەکانی لەلایەن هونەرمەندانەوە کراون بەگۆرانی و چاوشین ئاوازیشی بۆ چەند هونەرمەندێك داناوە.

عەتا چاوشین، شیعرەکانی لەدوو توێی دیوانێکی بچووکدا بەناوی ( کێ راسپێرم) لەساڵی ٢٠٠٣ لەشاری سلێمانی چاپ و بڵاوکردەوە. هەندێ لەشیعرەکانی خۆی بەدەنگە بەسۆزەکەی لەدوو توێی ئەلبومێکدا تۆمارو بڵاوکردۆتەوە.

عەتا چاوشین، هونەرمەندێکی بەتوانا و خۆشەویست و بەهەڵوێست بوو، رێزی خۆی و هونەرەکەی گرت. بەشانازییەوە بۆ بژێوی ژیان کرێکاری ئەکردو بەباسکی خۆی نانی سەربەرزانەی پەیدا ئەکرد.

کەسێکی هێمن و لەسەرخۆو دوور لەگیانی خۆدەرخستن کاری ئەکردو بەرهەمە هونەرییە جوان و سەنگینەکانی پێشکەش ئەکرد.
هێشتا توانا و سەلیقەی خزمەتی هونەریی زۆری مابوو، چەندین پرۆژەی کاری هونەری لەمێشك و دڵ و دەروونیدا بوو، بەڵام بەداخەوە ڤایرۆسی نەگریسی کۆرۆنا، فرسەتی لێهێنا و کۆتایی بەژیانی هێنا. بەرەبەیانی ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٢٠ بۆ دواجار لەشاری سلێمانیی زێدی خۆی،ماڵئاوایی لەهونەرو ئازیزانی کرد.

# عەدنان كەریم



دەكەم جا سەیری ئەستێران و هەڵدەمژم
شنەی شەوبا
شەوو بێدەنگی چەند خۆشە خۆزگە هەر
شەوبا
(هێمن)

عەدنان كەریم هونەرمەندێكی ناوداری كوردستانە و لەرێی هونەری گۆرانی و موزیكەوە، خزمەتێكی زۆری بەكاروانی كولتووری كوردستان كردووەو توانیویەتی هونەری كوردی لەجوغزی لۆكاڵییەوە بباتە دنیای دەرەوەو لەگەڵ هونەری جیهانیدا ئاوێزانی بكات و سیفەتی گەردوونی پێببەخشێت.

عەدنان كەریم ساڵی ١٩٦٣ لەشاری كەركوك لەدایك بووە. خانەوادەكەی بەبنەچە خەڵكی گوندی (ژاژڵە)ی ناوچەی شارباژێرن. قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری سلێمانی تەواو كردووە.

عەدنان كەریم هەر لەمناڵییەوە خولیای هونەری گۆرانی بووە، هێشتا خوێندكار بووە لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی كاری كردووە. ساڵی ١٩٧٩ یەكەم گۆرانی بەناوی (دەسماڵێ) لەگەڵ ئەو تیپە تۆمار كردووە. ئیدی لەگەڵ ئەو تیپە بەردەوام دەبێ و چەند گۆرانییەكی تر تۆمار دەكات. دوای خوێندنی ناوەندی چۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەكانی سلێمانی و ساڵی

١٩٨٥ بەشی نیگارکێشانی ئەو پەیمانگایەی بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە.

هێشتا خوێندکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووە، لەساڵی ١٩٨٤ بەهاوکاری تیپی مۆسیقای پیرەمێرد سێ گۆرانی تۆمار کردووە ( ژاڵە، پەروانە، دولاڵە ئازیزەکەم).

دواتر لەگەڵ تیپی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکان، گۆرانییەکانی (شەوێ ئەی شەماڵ، بۆدڵ)ی تۆمار کردووە. لەکۆڕەوی ١٩٩١ دەچێتە شاری مەهاباد، هاوکاری هونەرمەندان (محەمەدی ماملێ، محەمەد دانش، ئەحمەد ئیسلامی، ئیسماعیل شاهی) دەکاتو چەند کارێکی هونەری پێکەوە دەکەن.

ساڵی ١٩٩٢ سەفەری دەرەوەی کردو لە وڵاتی سوید گیرسایەوە، لەوێ خوێندیو بەردەوام بوو لەکاری هونەری. ساڵانی دواترچەند ئەلبۆمێکی گۆرانی تۆمار کرد لەوانە: (بیرتان دەکەم، راز، شنەی با، ئەمشەو، شەوی یەڵدا، ئەڕۆی ئۆغر، وەفایی، خاتوون، بادەی گوڵڕەنگ، حەبیبە).

لەساڵانی ٢٠٠٠- ٢٠١٨ چەندین کۆنسێرتی گۆرانی لەشارەکانی کوردستانو ئەوروپاو خۆرئاوا ئەنجام دا.

دوا ئەلبومی گۆرانی کە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ بڵاوی کردەوە، ئەلبومی(شەوبا) بوو، ئەم ئەلبومەی جیاواز بوو لە بەرهەمەکانی دیکەی، ئەم ئەلبوومە لەسێ تراك پێکهاتووە کە ئەمانەن(عەشقو ئازادی، گریانی نیوەشەو، گۆمی خوێن)، هەرسێکیان شیعری شاعیری مەزن ( هێمن موکریانی)یە. هونەرمەندی موزیکژەن ( کارزان مەحموود) کاری دابەشکردنی بۆ کردووەو لەگەڵ ئۆرکیسترای نیشتمانی چیك کاری موزیکی بۆ کراوەو بەرهەم هاتووە.

بەوەش ئەم ئەلبومە بۆتە کارێکی هونەری جیهانیو عەدنان کەریمی کردۆتە هونەرمەندێکی گەردوونی.

هیجری تۆ چەند سەختە دولبەر، ماڵەکەم وێرانە بۆت

ڕۆژو شەو غەمباری رووتم، دیدەکەم گریانە بۆت

ئەشکی چاوم بادەیە، ناڵەی دڵم عەینی نەیە

خاکبەسەر بێکەس لەحەسرەت، جەرگەکەم بوریانە بۆت

(ئەحمەد موختار بەگی جاف)

# شێخ عەزیزی خانەقا



شێخ عەزیزی خانەقا کەسایەتییەکی دیاری رووناکبیریی کوردستان بوو، لەبواری ئەدەبی و رۆژنامەگەریدا خزمەتی زۆری کردووەو شوێن پەنجەی دیارە.

عەبدولعەزیز کوڕی شێخ عەبدولقادر کوڕی سەید ئەحمەدی خانەقا، ناوی تەواوی ئەم کەسایەتییەیەو بەشێخ عەزیزی خانەقا ناسراوە.

ساڵی ١٩٢٩ لەگەڕەکی خانەقای شاری کەرکوك لەدایك بووەو لەگەڵ شێخ سەمەدی برایدا دوانە بوون.

شێخ عەزیز لەئامێزی خانەوادەیەکی ئاینیی زانستپەروەردا پەروەردە بوو. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لەشاری کەرکوك تەواو کرد.

دواتر کۆلیجی بازرگانی لەشاری بەغدا تەواو کردو ساڵی ١٩٥٢ بەفەرمانبەر لە وەزارەتی ئیرشاد دامەزرا، ساڵی ١٩٦٢ پلەی وەزیفی بەرز بۆوەو بوو بە بەڕێوەبەری ئیرشاد. ساڵی ١٩٧٠ بوو بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن و ئیرشادو رۆشنبیریی ناوچەی باکور لەشاری کەرکوك.

شێخ عەزیز، لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای ئەدەب و رۆشنبیری بوو. بێ لەزمانی دایك، زمانەکانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی زانیوە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی سوود لەئەدەبیاتی ئەو گەلانە وەربگرێ و ئاسۆی رۆشنبیری فراوان بکات. وتارو نووسینەکانی لەگۆڤارەکانی گزنگ و شەفەق و رۆژنامەکانی ئەلتەئاخی و هاوکاری و کەرکوك بڵاوکردۆتەوە.

شێخ عەزیز بەحوکمی ئەوەی عەرەبیزانێکی باش بوو، بەرهەمەکانی لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی ناوخۆو دەرەوەی عێراق بڵاو دەکردەوە، نووسینەکانی هێندە جوانو پڕ مانا بوون، گۆڤارەکانی ئادابی لوبنانیو هیلالی میسری بۆیان بڵاو دەکردەوە.

لەبەر توانای ئەدەبیو رۆشنبیری، ساڵی ١٩٧٠ بەسەرۆکی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵبژێردرا، رۆڵی دیاری هەبوو لەگەشەپێدانی ئەو لقەو ئەنجامدانی چالاکی رۆشنبیریو ئەدەبیو کۆکردنەوەی نووسەرانو ئەدیبان لە دەوری ئەو لقە. بەهۆی جموجوڵەکانییەوە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ دەستگیرکراو بۆ بەغدا دوور خرایەوە، پاش ئازادبوونی لەشاری بەغدا مایەوەو لەکاری ئەدەبیو رۆشنبیری بەردەوام بوو. ساڵی ١٩٨٠ لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کردو هەرلەو شارە بەخاك سپێردرا.

# عەزیزی مەلا ڕەش



ئەگەرچـــی وەك ڕۆمانووســـێك نـــاوی ماموستا عەزیزی مەلا ڕەشم بیستبوو، بـــەڵام بەدیـــداری نەگەیشـــتبووم‌و نەمدەناســـــی. لـــــە ســـــەرەتای دەســـــتبەکاربوونم لـــــە وەزارەتـــــی ڕۆشنبیریو لاوان، نامەیەکی بـەڕێزیانم پێگەیشت کە بەنیگەرانیو زوویرییەوە باســی ئــەوەی دەکــرد کــە کتێبێکــی هێنـاوە بـۆ وەزارەت بـۆی چاپ بکرێ، پـاش چـەند مانگـێ چاوەڕوانی چـاپ نـــەکراوە، داوای دەستنووســـەکەی ئـەکردەوە. منـیش بـانگم کـردو داوای ئـەوەم لێکـرد کـە دەستنووسـەکەی نەباتەوەو هەوڵ ئەدەین بۆی چاپ بکـەین، پـاش گفتوگۆیـەکی زۆر قەناعـەتم پێکرد کە دەستنووسەکە نەباتەوە. ئیدی سەرباری قەیرانی دارایی بەهەوڵی هـەموان کتێبەکـە تایـپ و دیـزاین و چـاپکراو بـە نـاوی( واریقـاتی ژیـان) بڵاوبوەوە. لەوەوە لە نزیکەوە ماموستا عەزیزم ناسی، کە تا بڵێـی پیاوێکی سادە و خاکی و دڵسۆزە. بەپێویستم زانی ئەم چەند دێڕەی لەسـەر بنوسم. عەزیزی مەلا ڕەش ڕۆماننووس و ئـەدیبێکی ناسراوی کوردستانە و لـەڕێی بەرهەمەکانیـەوە خزمـەتێکی زۆری بـە بـواری ڕۆشـنبیریی کـوردی کـردووە. عەزیز مەلا ئەحمەد ڕەحیم، ناوی تەواوی ئەم ئەدیبە گەورەیە و بە ڕەچەڵەك خەڵکی ناوچەی پێنجوێنە و هەر زوو کۆچیان کردووە بۆ دەڤەری هـەولێر و

ماموٚستا عەزیز ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی (چەغەمیرە)ی ناوچەی کەندیناوەی سەر بە قەزای مەخموور لە خانەوادەیەکی ئاینی لەدایك بووە. خولێکی پەروەردەیی ئاینی تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٦٠ بە ماموٚستا دامەزراوە و ساڵی ١٩٨٨ خوٚی گوتەنی لە ترسی جەیشی شەعبی خوٚی خانەنشین کردووە و دوای ڕاپەرین گەڕاوەتەوە بوٚ پیشەی ماموٚستایی و لە ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین بووە. لە ساڵی ١٩٧٥ەوە خولیای خوێندنەوە و نووسین بووە و نوٚبەرەی بەرهەمەکانی نامیلکەیەکی شیعری منداڵان بووە بە ناوی (پشیلوٚکە) لە ساڵی ١٩٧٩ بە چاپی گەیاندووە. ماموٚستا عەزیز بەردەوام بووە لە نووسین و تائێستا زیاتر لە (٢٠) کتێبی بە چاپ گەیاندووە، کە نوٚیان ڕوٚمانن، لەوانە: (کوێخا سێوێ، غەوارە، لێقەومان، مێرێی دەرسیم ،پل، بوٚرە). چوار کتێبی دیکەی ئامادەی چاپکردنن.

# عەلادین سەجادی



عەلادین نەجمەدین عیسامەدین، کە بە عەلادین سەجادی ناسراوە. ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسیکی ناوداری کوردستانەو خزمەتێکی زۆری بە کایەکانی ڕۆشنبیریی کوردی کردووە.

ساڵی ١٩٠٧ لەگوندی باراوی ناوچەی چوارتا لەدایك بووە و لەوێ دەستی بەخوێندنی ئاینی کردووەو ساڵی ١٩٢٧ بۆ درێژەدان بە خوێندن هاتۆتە شاری سلێمانی و ساڵی ١٩٣٨ مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە. دواتر چۆتە شاری بەغدا و بووە بە ئیمامی مزگەوتی نەعیمە خاتوون. سەجادی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا خزمەتێکی گەورەی کردووە و لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەنێوان سالانی (١٩٣٩-١٩٤٩) گۆڤاری گەلاوێژیان دەرکردووەو سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بووە. لەگەڵ دەرکردنی ئەو گۆڤارە گۆڤاری نزاری بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرکردووە. لەدوای ساڵی ١٩٥٨ وەك مامۆستای وانەبێژ لە بەشی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا وانەی مێژووی ئەدەبی کوردی وتۆتەوە. ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد بووە و چەندین بابەتی ئەدەبی و زمانەوانی زانستی لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری بلاوکردۆتەوە. دوو ساڵ ئەمینداری گشتیی ئەوقاف بووە و دواتر وازیهێناوە و خۆی تەرخانکردووە بۆ تەواوکردنی کارە ڕۆشنبیرییەکانی.

مامۆستا سەجادی خاوەنی زیاتر لە ١٤ کتێبی ئەدەبی و مێژوویی و کەلەپوریو ڕەخنەییە لە دیارترینیان (مێژووی ئەدەبی کوردی و ڕشتەی مرواری و گەشتێك لە کوردستان). ئەم پیاوە پایەدارەی کورد لە ڕۆژی ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٨٤ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی عەبدولقادری گەیلانی بە خاك سپێردراوە.

# مەلا عەلی



شـەهید مـەلا عـەلی شـاعیرێکی شۆڕشـگێڕ و پێشـمەرگەی دەسـتە سـەرەتاییەکانی شۆڕشـی نـــوێ بـــوو ، بەچـــەك و قەڵـــەم خزمـــەتی کوردستانەکەی کرد.

شـەهید مـــەلا عـــەلی نموونـــەی تێکۆشـــەری بەهەڵوێســت بــوو، لــەناو زینــدان و لــە ژووری سێدارەدا، چەندین پارچە شیعری شۆڕشگێڕی نووسـی کـە بوونـە جۆشـدانی گیـانی تێکۆشـانی پێشـمەرگە و خـەباتگێڕانی کوردســتان. لــە ســاڵی ٢٠١١ لقــی ســلێمانی یــەکێتیی نووســەرانی کــورد، شــیعرەکانی لـــە دووتـــوێی دیوانێکـــدا بـــە نـــاوی (شـــیعر و هەڵوێســـت) بڵاوکردەوە، ئەمە نموونەیەکی شیعرەکانێتی:

نەڵێن ئەمرێ و لە ترسی مەرگ پەشێوە
پێشمەرگە بم هەر ئەکەومە پێش ئێوە
بە مەرگی پێش مەرگـــی ئێوە ئاسودەم
روشـــم زەردەی پێکەنینی هـــەر پێوە.

حسـێن مـەولود ئەحمـەد، ناسـراو بـە مـەلا عـەلی سـاڵی ١٩٥٣ لـە گونـدی بەربەردی ناوچەی ماوەت لەدایك بووە. لە ماوەت و سەرچنار و چەرمەگا و سلێمانی خوێندوویەتی. خوێندکاری زانکۆی سلێمانی بووە کە لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەنـدی بەهێزی پێشـمەرگەی (ی. ن. ك) کـردووە. لـە شـەڕێکدا لەگـەڵ دوژمـن لـە گونـدی کـرژەی ناوچـەی سـورداش بـە دیل دەگـیرێ و لەشەوی ٢٢/٢٣ی تەموزی ١٩٧٩ لە زیندانی موسڵ لە سێدارە ئەدرێ.

# عەلی ئەشرەف دەروێشیان



نووسەرو ئەدیبێکی گەورەی کوردستانەو خزمەتێکی زۆری بەکاروانی رۆشنبیریی کوردی کردووە.

لە ٢٦ی ئابی ١٩٤١ لەشاری کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە خانەوادەیەکی هەژارو زەحمەتکێش لەدایك بووە.

لەشارەکانی کرماشان‌و تاران خوێندوویەتی‌و خاوەنی بڕوانامەی ماستەر بووە لەبواری دەروونناسی. ماوەیەکی زۆر وەك مامۆستا خزمەتی بە خوێندکاران کرد.

عەلی دەروێشیان هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای خوێندنەوەو نووسین بوو. بەهۆی ئەوەشی کە لەخێزانیکی هەژاردا پەروەردە بوو، ئازارو مەینەتی زۆری چەشتووە، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە نووسینەکانی ئاوێنەی خەم‌و ئازارە چینایەتی‌و کۆمەڵایەتییەکان بن، ئەوەش زیاتر لە چیرۆك‌و رۆمانەکانیدا رەنگیان داوەتەوە. دەروێشیان نووسەرو ئەدیبێکی بەهەڵویست بوو، بەهۆی بیرو بۆچوون‌و هەڵوێستەکانییەوە لەسەردەمی شاهنشاهیدا زیندانی کراوەو لەوەزیفە دەرکراوەو نزیکەی شەش ساڵی تەمەنی لەزینداندا بەسەر بردووە.

کتێبەکانی قەدەغەکران و ڕێگەی نووسینی لێگیرا، هەر بۆیەش بەناوی خوازراوەوە نووسینەکانی بڵاوکردۆتەوە. بێ لەچیرۆك و ڕۆمان، بایەخیشی بەبواری وەرگێڕان داوەو چەندین کتێبی بەنرخی وەرگێڕاوە.

لەکایەی ئەدەبی منداڵانیشدا شوێن پەنجەی دیارەو چەندین بەرهەمی ناوازەی پێشکەش بەمنداڵان کردووە.

عەلی دەروێشیان خاوەنی زیاتر لە ٣٠ کتێبە کە بەزمانی فارسی نووسیونی، بەڵام ناوەڕۆکەکانیان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵی کوردەوارین.

لەدیارترین کتێبەکانی ئەمانەن(ئەفسانەی گەلانی ئێران –١٩ بەرگە، ساڵیانی هەوری – ڕۆمان، یادەوەری سەفەرخان)و چەندانی تر.

بەهۆی خزمەت و بەخششەکانی لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریدا چەند جارێك لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە خەڵات کراوە.

ئەم ئەدیب و نوسەرە گەورەیەی کوردستان لە ڕۆژی ٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ بۆ دوا جار ماڵئاوایی کرد.

# عەلی سیدۆ گۆرانی



نووسەر و وەرگێڕ و زمانەوان و دبلۆماتێکی دیاری کوردە. ساڵی ١٩٠٨ لە عەممان لەدایك بووە. لە عەممان و بەیروت خوێندویەتی. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی سیاسەتو ئابووری لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت بەدەستهێناوە. بەوەش یەکەم خوێندکاری ئوردنی بووە ئەو بڕوانامەیە بەدەست بهێنێ. وەك مامۆستای زمان دەرسی بە خوێندکاران وتۆتەوە. ١٥ ساڵ وەك دبلۆمات لە قونسڵخانەو باڵوێزخانەکانی ئوردن لە سعودیە و یەمەن و تورکیا و سوریا خزمەتی کردووە. خاوەنی چەندین کتێبی نوسراو و وەرگێڕدراوە لەسەر مێژوو و زمان و فەرهەنگی کوردی.

لە دیارترینیان کتێبی (لەعەممانەوە بۆ ئامێدی، یاخود گەشتێك بۆ کوردستانی باشور) کە ساڵی ١٩٣٩ چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. ئەم کەسایەتییە گەورەیە لە رۆژی ١٢ی ئابی ١٩٩٢ لە عەممان کۆچی دوایی کردووە.

# عەلی عارف ئاغا



گوڵو خونچەی بەهارانیش لەتۆ
نەشمیلەتر نابێ
نەمامی عەرعەری كۆرپەش لەتۆ
خنجیلەتر نابێ
لەعالەما لەتۆ چاتر،لەتۆ مەحبوبو
شیرین تر
ئەگەر دەعوا چییەك مابێ، درۆ ناكا
دەسا بابێ
(شاری)

عەلی عارف ئاغا كە بە(شاری) ناسراوە، شاعیرێكی ناوداری كوردستانە، لەزۆربەی بوارەكانی( دڵداریو نیشتمانیو كۆمەڵایەتی)و بواری تر شیعری نووسیوە، بەڵام پشكی شێری شیعرەكانی شیعری خۆشەویستیو دڵدارین. شیعرەكانی هێندە جوانو ناسكن، بەشێكیان كراون بە گۆرانی.

عەلی كوڕی عارف ئاغا كوڕی عەزیز ئاغا، ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیەو سەر بەبنەماڵەی (ئاغا تەها)یە، كە یەكێك لە بنەماڵە ناسراوەكانی شاری سلێمانین.

ئەم شاعیرە پایە بەرزە لەدنیای ئەدەبدا بە(شاری) ناسراوە.

ساڵی ١٩١٠ لە گەڕەكی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووە.

سەرەتا بۆ خوێندن چۆتە حوجرەی خواجە ئەفەندیو لەوێ قورئانی پیرۆزو گوڵستانی سەعدیو ئیسماعیلنامەی خوێندووە. بەهۆی خوێندنەوە زمانەكانی عەرەبیو فارسیو توركی فێر بووە.

ساڵی ١٩٢٠ چۆتە قوتابخانەی حکومی و پاش تاقیکردنەوە لەپۆلی دووەم وەرگیراوەو بەزمانی کوردی خوێندوویەتی، فێری کوردی نووسین و خوێندنەوە بووە قۆناغی ناوەندی تەواو کردووە، لەبەر کەمدەرامەتی خێزانەکەی نەیتوانیوە قۆناغەکانی دیکە بخوێنێ. لەساڵی ١٩٣٤ بە فەرمانبەر لەدادگای سلێمانی دامەزراوەو نزیکەی ٢٤ ساڵ خزمەتی کردووەو ساڵی ١٩٥٨ خانەنشین بووە.

شاری لەسەرەتای تەمەنی گەنجییەوە، خولیای خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کورد بووە. کەوتۆتە ژێر کاریگەری شاعیران(نالی، مەولەوی، تایەر بەگ، زێوەر، گۆران، هەردی، سەلام، دلزار،کوردی، سالم، شێخ رەزای تاڵەبانی و مەحوی). شیعری ئەو شاعیرانەو هی دیکەی لەکەشکۆڵێکدا نووسیبووەوە کە شیعری نزیکەی ١٠٠ شاعیری لەخۆگرتبوو. هەر لەو سەردەمەدا دەستی بەهۆنینەوەی شیعر کردووە، هەروەك خۆی باسی دەکات، شیعرەکانی نیشانی زێوەرو بێکەس و بەختیار زێوەر داوە، ئەگەر ئەوان پەسەندیان کردبێ، لەدەفتەرێکدا نووسیونێتەوە، ئەگەریش بەدڵیان نەبووبێ دڕاندوونی.

شاری زۆر سەرسام بووە بەشیعری شاعیرە کۆنەکان، هەر بۆیەش بەشێوەی کلاسیك شیعری نووسیوەو حەزی لەشیعری ئازاد نەبووە.

عەلی عارف ئاغا، حەزی کردووە شیعرەکانی بلاوبکاتەوە، سێ دیوانی خۆی بەناوەکانی (چەپکێ گوڵ و خونچە، بەرهەمی خاوێن، ئاشنایی و رۆشنایی) بلاوکردۆتەوە.

دواتر بەهیمەتی مامۆستا ئەحمەد حسێن، سەرجەم شیعرەکانی لەدیوانێکدا بەناوی (دیوانی شاری) لە دووتوێی ٥٣٩ لاپەڕەدا چاپ و بلاوکرایەوە.

پاش خزمەتێکی زۆر بەدنیای ئەدەب، عەلی عارف ئاغای شاعیر، لە رۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

# عەلی کەمال بەگ



ناوی (عەلی کەمال ) زیاتر وەك کەسایەتییەکی خێرخواز لەخەیاڵدانی خەڵکی سلێمانیدا بەرجەستە بووە، بەڵام ئەو بێ لەکاری خێرخوازی لەزۆر بوارو کایەی تردا خزمەتی وڵاتەکەی کردووە.

عەلی کەمال بەگ کەسایەتییەکی گەورەی سەربازیو پەرلەمانیو روناکبیری کوردستانو عێراق بووە. ئەو بایەخی زۆریشی بەکاری خێرخوازی داوەو لەو بوارەدا چەند مزگەوتو نەخۆشخانەو خانەی هەتیوانی لەسەر ئەرکی خۆی لەشاری سلێمانی دروستکردووەو یارمەتی خوێندکارانو هەژارانی داوە.

عەلی کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی حاجی قادر کوڕی وەهاب کوڕی قاسم ئاغایە. زیاتر بەعەلی کەمال بەگ ناسراوە، رۆژی ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٠٠ لەگەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووە. خوێندنی سەربازیی لە سلێمانیو بەغداو ئەستەنبوڵ تەواو کردووەو وەك ئەفسەر لەسوپای عوسمانی خزمەتی کردووە. کۆتایی ساڵی ١٩٢٠ کە فیرقەکەیان لەشاری ئورفەی باکوری کوردستان بووە، بەتۆمەتی پشتیوانی لەجولانەوەی کورد بۆ ماوەی سێ مانگ دەستگیر کراوە. لەرۆژی ١٢ی شوباتی ١٩٢٢ لەتورکیا هەڵهاتووەو لەرێی شنگالەوە گەڕاوەتەوە عێراق. دواتر وەك بەرێوەبەری پۆلیس لە شارەکانی کوردستانو عێراق خزمەتی کردووە.

عەلی کەمال وەك ئەندامی پەرلەمان و نوێنەری شاری سلێمانی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق متمانەی پێدراوە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٥ تا ١٩٥٨ پێنج خول بەئەندامی پەرلەمان و وەك نوێنەری سلێمانی هەڵبژێردراوە. لەپەرلەمان ئەندامێکی چالاك بووەو بەرگری لەمافەکانی گەلی کوردستان کردووەو بەهەوڵی ئەو بودجەی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکانی کوردستان زیاد کراوە. ڕۆڵی سەرەکی بینیوە کە یاسای زمانە ناوچەییەکان هەڵنەوەشێنرێتەوە. لەبەر هەڵویستە نیشتمانییەکانی لەساڵانی ١٩٦٢و ١٩٦٥ لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەوە دەستگیر کراوە. عەلی کەمال سەرباری ئەو کارو خزمەتانەی کە ئەماژەمان پێکردن، زۆر بایەخی بەبواری ڕۆشنبیری داوەو پشتیوانی و کۆمەکی کارو پرۆژە کولتوریەکانی کردووە. لەرۆژی ٢٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٢ تا مانگی ئابی ١٩٤٩ هەموو خەرجییەکی دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژی لەئەستۆ گرتووەو هۆکاری سەرەکی بەردەوامی ئەو گۆڤارە بووە لەرووی داراییەوە. عەلی کەمال خۆشی نووسەر بووەو وتاری لە گۆڤاری گەلاوێژ بلاوکردۆتەوە. هەروەها سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو، وتاری بۆ پشتیوانی شۆڕشی کوردستان لەرۆژنامە عەرەبییەکانی لوبناندا بلاوکردۆتەوە.

دوو کتێبی چاپکراویشی هەیە ئەوانیش یەکەمیان ڕەخنەو شیکردنەوەی کتێبی (جولانەوەی نەتەوەیی کورد)ی ئەدمۆن غەریبە کە ساڵ و شوێنی چاپی دیار نییە.

دووەمیان یاداشتەکانێتی بەناوی (یاداشتەکانی کەمال عەبدولڕەحمان) کەجەمال بابان ئامادەی کردووەو ساڵی ٢٠٠١ لەبەغدا چاپکراوە.

عەلی کەمال ساڵەکانی کۆتایی ژیانی لە شاری لەندەن بەسەر بردووەو هەر لەوێ لە شەوی ٣١ی تەمووزی ١٩٩٨ کۆچی دوایی کردووەو لەسەر راسپاردەی خۆی تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ شاری سلێمانی و لەمزگەوتەکەی خۆی بەخاك سپێردراوە.

# عەلی مەردان



عـەلی مـەردان هونەرمەنـد و مەقامبێـژێکی ناسـراوی کوردسـتانە. سـاڵی ١٩٠٤ لـە گـەڕەکی تەکیـەی شـێخ عـەلیی شـاری کـەرکوك لـەدایك بـووە. لـە قوتابخانـە ئاینییـەکانی ئـەو شـارە خوێندوویـەتی. دواتـر چـۆتەی لـەیلان و پاشـان چـۆتە شاری بەغدا. لە بەغدا هـەلێکی باشـی بۆ ڕەخساوە بۆ ئەوەی پـەرە بـە هونەرەکـەی بدات.

ساڵی ١٩٣٩ یەکەم مەقامی لە ئیزگەی کوردی بەغدا وتووە، دواتر چەندین گـۆرانی و مـەقامی لـەو ئیزگەیـە تۆمـار کـردووە. ناوەڕاسـتی شەسـتەکان ئەچێتە ئێران و چەند گۆرانی و مـەقامێك لـە ئیزگـەکانی کرماشان و تاران تۆمار ئـەکات. چـەند ئامێرێکی موزیکی زانیـوە، بـەڵام زیاتر خولیـای عـود بووەو لە خۆشەویستی بۆ ئـەو ئامێرە گۆرانی (خـۆم و عودەکـەم)ی وتـووە. شارەزای موزیکی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکمانی بووە.

عـەلی مـەردان بـەهۆی ئـەو توانـا هونەرییـە گەورەیـەی لـە بـواری مەقامـدا هەیبووە، بە مامۆستای مـەقامی کوردی نـاودێر کراوە. رۆژی ٢٤ی تـەموزی ١٩٨١ لە تەمەنی ٧٧ساڵیدا لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکـەی هێنرایەوە بۆ کەرکوك و لە گۆڕستانی شێخ موحێدین بە خاك سپێردرا.

# عەلی ناجی



کـە لاپـەڕەکانی مێـژووی سـەدەی رابـردووی کوردسـتان هەڵدەیتـەوە، چەند کەسایەتییەکی خێرەومەندت بەرچاو دەکەوێ، کە لەبەری رەنج و لەسـەر ئـەرکی خۆیـان قوتابخانـەو نەخۆشخانەو شوێنی تری گشتییان بـۆ خزمـەتی شـارو وڵاتەکـەیان دوستکردووە. بەوەش وەك کەسانی بەخشـندە چـونەتە مێـژووەوەو ناویـان بەنـەمری ماوەتـەوە. یـەکێك لـەو کەسایەتییانە (عـەلی ناجی)یـە لەشاری سلێمانی.

ئـەو پیـاوە لـەبواری خێرخوازیـدا شـوێن پەنجـەی دیـارەو وەسـێتی کردبـوو لـەدوای مردنـی خانووەکـەی بکـرێ بەنەخۆشـخانە. لـەدوای ئـەوەی لـەرۆژی ٢٤ی ئابی ١٩٧٥ کۆچی دوایی دەکات، خانووەکەی دەکرێتـە نەخۆشـخانەو لەو کاتەوە ئەو نەخۆشخانەیە لەخزمەتی هاووڵاتیانی شاری سلێمانی دایە. مزگەوتێکێشـی لەسـەر ئـەرکی خـۆی دروسـتکردووەو هـەر بـەناوی خۆیـەوە ناونراوە.

ئـەم کارانـەی ئـەم پیـاوە خێرخـوازە بۆتـە هـۆی ئـەوەی ناوەکـەی بەنـەمری بمێنێتـەوە، سـەرباری ئـەوەی کـە ئـەو مزگـەوت و نەخۆشـخانەیە بـەناوی ئەوەوەن، گەڕەکەکەش هەر بەناوی (عەلی ناجی)یەوە ناسراوە.

(عەلی ئاغا ناجی حاجی ساڵح حاجی عەبدوڵڵا كەركوكلی زادە) ناوی تەواوی ئەم كەسایەتییە خێرخوازەیە. لە رۆژی ٢٤ی ئابی ١٩٧٥ لەشاری سلێمانی كۆچی دوایی كردووەو هەر لەوێ بەخاك سپێردراوە.

بەداخەوە زانیاری تەواوم لەسەری نەبوو،هەر ئەوەندە زانیاریم لەسەر ئەم كەسایەتییە خێرخوازو نیشتمانپەرەوە هەبوو. كەشایستەی ئەوەیە زیاتر تیشك بخریتە سەر ژیانو خزمەتەكانی كە پێشكەش بەشاری سلێمانی كردووە.

عەلی ناجی، بەشێكی بەری رەنجو ماندووبوونی بۆ خزمەتكردنی شارەكەی تەرخانكرد. بەوەش وەك ناوێكی پرشنگدارو چرایەكی داگیرساو لەگردی (عەلی ناجی)یەوە دەدرەوشێتەوە.

# عەلی ناجی عەتار



عەلی ناجی عەتار شاعیرو نووسەرو روناکبیرێکی دیاری کوردستانەو لەچەند رشتەیەکی کولتووریدا خزمەتی بەگەل‌و نیشتمانەکەی کردووە.

سەرباری ئەوەی عەتار خزمەتێکی زۆری پێشکەش کردووە، کەچی وەك پێویست تیشك نەخراوەتە سەر ژیان‌و بەرهەمەکانی‌و تاڕادەیەك فەرامۆش کراوەو لەپەراوێزدا ماوەتەوە.

عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمینی عەتار لەنەوەی مەحموود ئاغای شێوەکەڵە کەیەکێك لەکەسایەتییە هەڵکەوتوو و بەدینەکانی سەردەمی خۆی بووە. عەتار لەرۆژی ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٠٩ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە. قۆناغی ئامادەیی لە ئامادەیی مەرکەزی لەبەغدا خوێندووە.

دوای تەواو کردنی خوێندن بەفەرمانبەری میری دامەزراوەو سەرەتا لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك خزمەتی کردووە. دواتر لەفەرمانگەکانی تەسوییەو ئینحساری توتن لەسلێمانی درێژەی بەراژەکەی داوەو ساڵی ١٩٦٧ خانەنشین کراوە.

عەلی ناجی کەسێکی زیرەك‌و بلیمەت بووە،خوێندکاری ناوەندی بووە لەساڵی ١٩٢٣ وتارێکی بەزمانی ئینگلیزی لەبەردەم مەندوبی سامی بەریتانیا لەسلێمانی خوێندۆتەوەو دواى لەمەندوب کردووە کە پشتیوانی

لەگەلی كوردستان‌و مافە رەواكانی بكات. دەقی وتارەكەی لە رۆژنامەی ژیان بلاو كراوەتەوە.

عەلی ناجی پیاوێكی دلسۆزو نیشتمانپەروەر بووەو پشتیوانێكی بەهێزی شێخ مەحموودی نەمر بووە، كە ئینگلیزەكان شاری سلێمانیان داگیر كردووە، لەگەل زێوەری شاعیرو خانەوادەی شێخ مەحموود سێ سال ئاوارەی ئێران بوون. هەر بەهۆی بەشداری رێورەسمی پێشوازی لەتەرمی شێخ مەحموودی نەمرو بەشداری لەخۆپیشاندانی ناڕەزایی لەو بۆنەیەدا، لەسالی ١٩٥٦ بۆماوەی سالێك لە وەزیفە بۆ بەغدا دوور خراوەتەوە.

عەتار شاعیرو نووسەر بووەو كەسێكی بەتوانا بووەو زمانەكانی عەرەبی‌و ئینگلیزی بەباشی زانیوەو كەمێكیش فارسی‌و توركی زانیوە.

وتارو شیعرەكانی لە (گەلاوێژ، ژین‌و هاوكاری) بلاوكردۆتەوە. بەحوكمی ئەوەی لە فەرمانگەی ئینحساری توتن فەرمانبەر بووە، شارەزایی زۆری لەسەر تووتن هەبووەو بەزمانەكانی كوردی‌و عەرەبی لەسەری نووسیوە. یەكەم كتێبی بەناوی (گیروگرفتی توتن) لەسالی ١٩٥٩ لەچاپخانەی كامەرانی چاپی كردووە. لەم كتێبەدا باشی گرفتەكانی وەبەرهێنان‌و بازرگانیكردن بەتوتنەوە ئەكات.

كتێبێكی تریشی لەسەر توتن بەزمانی عەرەبی نووسیوە بەناوی (التبغ) كەدەستنووسەو چاپ نەكراوە.

عەتار شاعیریش بووەو خاوەنی دیوانی خۆیەتی بەناوی(هەلبەستەكانم) كە سالی ١٩٨٦ ئەمینداریێتی گشتیی رۆشنبیری‌و لاوان لەهەولێر بۆی چاپ كردووە. ئەم دیوانەی چەندین شیعری بەرزی بوارە جیاجیاكانی لەخۆگرتووە.

هەروەها خاوەنی فەرهەنگێكی سێ بەرگییە بەناوی (گشتگری دەریای گفتوگۆ- زمان) كە ٣٥٠٠٠ وشەی كوردی لەخۆگرتووەو ماناكانیان

بەعەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە روو. ئەم فەرهەنگە ساڵی ٢٠١٠ لەچاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپکراوە.

کارێکی تری ناوازەی عەلی ناجی عەتار ئەوەیە کە بەهاوبەشی لەگەڵ سیروان بەکر سامی هەموو ژمارەکانی رۆژنامەی (پێشکەوتن ١٩٢٠-١٩٢٢)یان کۆکردۆتەوەو ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانەوە چاپکراوە.

ئەم روناکبیرە گەورەیەی کوردستان لەرۆژی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٩٨ لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی ئەبو غریب بەخاك سپێردرا.

# عوسمان خۆشناو



عوسمان خۆشناو ئەدیبێكی دیارو ناسراوی كوردستانە، لەرێی بەرهەمەكانییەوە خزمەتێكی زۆری بەكاروانی رۆشنبیریی كوردستان كردووە. عوسمان مستەفا ئەحمەد كە بەعوسمان خۆشناو ناسراوە، ساڵی ١٩٢٦ لەشاری كۆیەی مەكۆی ئەدەبو هونەر لەدایك بووە. هەر لەو شارە لە حوجرەو قوتابخانەی ئاسایی خوێندوویەتی. خۆشناو لەسەرەتای ژیانی گەنجیدا خولیای خوێندنەوەو نووسین بووەو لەبواری ئەدەبدا بایەخی بەشیعر داوەو لەناوەڕاستی چلەكانی سەدەی رابردووەوە دەستی بەهۆنینەوەی شیعرەكانی كردووەو رێبازێكی نوێی پەیرەو كردووە. مامۆستا عوسمان خۆشناو خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبییەو لەساڵی ١٩٥٨ كە خۆی لە (بەدرە) دەستبەسەر بووە، یەكەم بەرهەمی شیعری بەناوی (بەستەی باوەڕ) لەلایەن د. جەمال نەبەزو محەمەد تۆفیق وردی لەشاری بەغدا چاپكراوە. مامۆستا خۆشناو خاوەنی چەندین بەرهەمی دیكەی ئەدەبییە لەوانە (ئاوازی ژیان، لەدایك بوونەوەیەكی نوێ، گەڵا وەریوەكان). مامۆستا خۆشناو بایەخیشی بەبواری مێژوو داوەو بەهاوبەشی لەگەڵ چەند نووسەرێكی تر كتێبی (كۆیە لەرەوتی شارستانیەتدا)یان نووسیوە. كتێبێكی تری مێژوویی بەناوی ( كەركوك لەئامێزی مێژوودا)ی هەیە. هەروەها چەند بەرهەمێكی دیكەی دەستنووسی

ئـەدەبی‌و میـژوویی هەیـە کـە تائیسـتا چـاپ نـەکراون. مامۆسـتا خۆشـناو سـەرباری ئـەوەی کـە خـەڵکی شـاری کۆیـە بـووە، بەشـێکی ژیـانی لەشـاری کەرکوك بەسەر بردووەو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی‌و خۆشەویستی خـەڵك‌و روناکبیران بـووە. مامۆسـتا خۆشـناو ئەنـدامێکی کـارای یـەکێتی نوسـەرانی کـورد بـووەو دووجـار بەسـەرۆکی یـەکێتیی نوسـەرانی کـورد– لقـی کـەرکوك هەڵبژێردراوە. مامۆستا خۆشـناو وەك رۆژنامەنووسـیش خزمـەتی کـردووەو لەسـاڵانی شەسـتەکانی سـەدەی رابـردوودا ئەنـدامی لیژنـەی نووسـینی گۆڤـاری شـەفەق بـووە کـە بـەزمانی کـوردی‌و عـەرەبی لەشـاری کـەرکووك دەرچـووە. هـەروەها شـیعرو نووسـینەکانی لەرۆژنامـەو گۆڤارەکـانی دیکـەی کوردسـتان‌و عێراقـدا بڵاوکردۆتـەوە. ئـەم شـاعیرو نوسـەرە نـاودارەی کوردستان، رۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٥ بەهۆی نەخۆشی‌و لەتەمەنی ٨٩ ساڵیدا لەشـاری هـەولێر کۆچـی دوایـی کـردو چـووە ریـزی سـەروەرانی کوردستانەوە.

# عوسمان چێوار



عوسمان چێوار هونەرمەندی گەورەی كوردستان، لەرێی هونەری شانۆوە خزمەتێكی زۆری بەگەل‌و نیشتمانەكەی كردووەو شوێن پەنجەی رەنگینی لەو بوارەدا دیارەو بەشانازییەوە ناوی لەمێژووی هونەری كوردیدا بەپیتی گەورەی زێڕین تۆمار كراوە.

عوسمان محەمەد ئەحمەد ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندەیەو بە(عوسمان چێوار) ناسراوە.

ساڵی ١٩٤٦ لەگەڕەكی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووە.

قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و پەیمانگای مامۆستایانی لە شاری سلێمانی تەواو كردووە.

دوای تەواوكردنی پەیمانگا، بەمامۆستا دامەزراوە، لەسلێمانی‌و هەڵەبجەو شارباژێڕو قەرەداخ‌و چۆمان خزمەتی بەخوێندكارانی كوردستان كردووەو بەگیانی نیشتمانپەروەری گۆش‌و پەروەردەی كردوون.

چێوار هەر لەساڵانی شەستەكانەوە خولیای هونەری شانۆ بووە، هەربۆیەش لەخولێكی دەرهێنانی شانۆگەری لەبەغدا بەشداری كردووەو پلەی یەكەمی بەدەستهێناوە.

وەك ئەكتەرو دەرهێنەرو نووسەری شانۆگەری خزمەتی كردووە، رۆڵی دیاری لەپێشخستنی شانۆدا هەبووە.

وەك ئەكتەرو دەرهێنەر بەشداری دەیان شانۆگەری كردووەو رۆڵی دیاری تێدا بینیوون لەوانە:(بڕیارو ئەنجام، سەرینی باداری، لانەوازان، پاڵتۆ، ئابلۆقە، خەج و سیامەند، گوڵە مێخەك، ئەحەی كڕنوو، دڕندەی تۆرۆس، گوڵعومەر، مرۆڤو شارەكەی، مێژووی بەرخۆر، ئاسكو ریاڵ)و چەندانی تر هەروەها بەشداری فیلمی سینەمایی(بەهەشتی سووتاو)ی كردووە.
ساڵانی حەفتاكان بەهەردوو بەرهەمی( بەیتی رێزانكاو داپیرەی دانا) لەفیستڤاڵی سەرانسەری عێراق لەبەغدا بەشداری كردووە، خەڵاتی باشترین بەرهەمو دەرهێنانی بەدەستهێناوە.
چێوار بایەخی بە رێكخراوە پیشەییەكان داوە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەكێتیی هونەرمەندانی كوردستان بووەو لەو رێكخراوەدا خزمەتی زۆری بەهونەرو هونەرمەندان كردووە.
ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی پێشڕەوی شانۆی كوردی بووەو ماوەی ١٥ ساڵ سەرۆكی ئەو تیپە بووەو لەوێوە خزمەتی زۆری بەهونەری شانۆ كردووە.
وەك پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی كردووەو لەرادیۆی دەنگی كوردستانی عێراق، لەبوارەكانی هونەرو رۆشنبیری خزمەتی كردووە.
چێوار هونەمەندێكی ئازاو بەهەڵوێست بووە، ساڵی ١٩٨٨ بەئاشكراو بەدەنگی بڵند لەلای سەرای سلێمانی وتویەتی وەرن من بكوژن، بەڵام گەلەكەم ئەنفال مەكەن. لەدوای راپەڕینی ئازادیی١٩٩١ ، یەكێك لەدامەزرێنەرانی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان بووەو یەكەم كاری ئەو تەلەفزیۆنە لەماڵی ئەودا تۆمار كراوە. چێوار لەو تەلەفزیۆنە كاریكردو لەرووی هونەرییەوە خزمەتی زۆری كردو شوێن پەنجەی رەنگینی هونەری دیارە.

چـێوار شـاعیریش بـووەو بـۆ شـانۆگەرییەكانی شـیعری نووسـیوە، ئەمـە نموونـەی شـیعرێكیێتی كەسـاڵی ١٩٨٦ بـۆ شـانۆگەریی( ئاسـكو ریـاڵ)ی نووسیوە:

لە وڵاتەكەمان، لەرۆژی جەژنی گەورەدا
بەخۆشیو شاد
بۆ گەمەی خەڵك
گێژێك دێنن وای لێدەكەن
گورزێك لەناو دەستی ئەنێن
تاجێك لەسەر سەری ئەنێن
بەئاهەنگو سەماو یاری
ئەیبەن بۆ تەختی پاشایی
بەپاشای خۆیانی ئەكەن
لە وڵاتەكەمان.. لە وڵاتەكەمان

دوای خزمـەتێكی زۆر بـە هونـەرەكانی شـانۆو سـینەما، رۆژی ٢١ی ئایـاری ١٩٩٦، دڵە گەورەكەی عوسمان چێواری هونەرمەند لە لێدانكـەوتو لـەگردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

# عوسمان شاربـاژێڕی



عوسمان شاربازێڕی ناوێکی دیاری ناو کایەی هونەریو ڕۆشنبیریی کوردستانە. وەك هونەمەنـدی گۆرانیبێـژو شـاعیرو نووسـەر خزمـەتی بەگـەلی کوردسـتان کـردووەو خـاوەنی خـەرمانێك بەرهـەمی کولتوورییە.

عوسمـانی کـوڕی حـاجی عـەلی کـوڕی حـاجی مـارف، نـاوی تـەواوی ئـەم کەسـایەتییە کولتووریيـەو بـە عوسمـان شاربازێڕی ناسراوە.

سـاڵی ١٩٤٠ لەگەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایك بووە. لەچوارتاو سلێمانی قۆناغـەکانی خوێنـدنی تـەواو کـردووەو سـاڵی ١٩٦٣ بەمامۆسـتا دامەزراوە.

لەرواندزو شـەقڵاوەو پیـزینو هـەولێرو سـلێمانی، وەك مامۆسـتا خزمـەتی بەخوێندکارانی کوردستان کردووەو وانـەی سروودو مۆسیقای گوتۆتـەوەو خوێندکارانی بەو دوو ڕشتە هونەریو کولتوورییە ئاشنا کردووە.

مامۆسـتا عوسمـان هـەر لەسـەرەتای ژیـانی گەنجییـەوە خولیـای هونـەری گۆرانی بووە، لەرۆژی ١٦ ئابی ١٩٦٠ چۆتە رادیۆی کوردیی بەغداو یەکەم گـۆرانی بـۆ ئـەو رادیۆیـە تۆمـار کـردووە، دەنگـە خۆشـەکەی بۆتـە جێـی سەرنجی گوێگرانو لەسەرانسەری کوردستاندا ناسراوە.

زیـاتر لـە٣٠ گـۆرانیو مـەقامی هەیـە کـە بـۆ رادیـۆی کـوردیی بەغـداو تەلەفزیۆنەکانی کەرکووكو نەینەوا تۆماری کردوون. لەوانە(بەلەزرانە، گیانە

تۆبووی یەكەمین كەس، سوێند، ئەی كیژۆڵە، چاوەڕێ، چاوجوان، گەردانە، كچی جوان، دڵ، شیرین، خۆشەویست) و چەندانی تر. هاوینی ١٩٧٣ چەند گۆرانییەكی فۆلكلۆری بۆ (یۆركان پیتەر)ی مۆسیقاری دانیماركی تۆمار كردووە. كە مۆسیقاری ناوبراو بۆ كۆكردنەوەی گۆرانی فۆلكۆری و میلیی گەلانی خۆرهەڵات لەو سەردەمەدا هاتبووە عێراق.

شاربازێڕی شاعیریش بووەو لەناوەڕاستی ساڵانی پەنجاكانی سەدەی رابردوودا، شیعرەكانی لەگۆڤاری هەتاوو رۆژنامەی ژین بلاوكردۆتەوە. شیعرەكانی هێندە جوان و ناسك بوون لەلایەن چەند گۆرانیبێژێكی ناودارەوە كراون بەگۆرانی لەوانە (عەلی مەردان، باكووری، یەحیا مەرجان، محەمەد قەدری،ئەحمەد شێخانی، جەلال كۆچەر، قادر ئەحمەد، ناسر بەشیرو رەزا عەلی)و چەندانی تر.

شاربازێڕی بایەخیشی بەلێكۆڵینەوەی كولتووری داوەو لەو بوارەدا شوێن پەنجەی دیارە. هۆنراوەكانی لەدوو تویی چەند كتێبێكدا چاپكردوون، لەوانە:(دیاری و یادگاری، ئەستێرەی بەیان، كاروان، كوردنامە، دڵ و دەوڵەت).

چەند كتێبێكی دیكەی لەبواری نووسین و لێكۆڵینەوەی ئەدەبی هەیە لەوانە:(گەنجینەی گۆرانیی كوردی، گەوهەرێ- گۆرانییەكانی حەسەن زیرەك، بەستەو مەقام، لێدوانێكی كورت لەمۆسیقا و مەقامی كوردی،هەزارو یەك پەندی گەلان).

هەموو ئەو بەرهەمانەی چاپكراون، تەنها یەك كتێبی ماوە كە ئامادەی چاپكردنە، ئەویش كتێبی(نووسینەوەی مێژووی كۆن و نوێی گۆرانی و موزیكی كوردی)یە.

لەساڵانی ٢٠٠٠ چۆتە ولاتی كەنەداو پاش ماوەیەك ژیان لەو ولاتە بێسەرو شوێن بووە، بەداخەوە تا ئێستا چارەنووسی دیار نییە.

# عوسمان شەیدا



عوسمان شەیدا ناوێکی دیارو پرشنگداری نێو ئەدەبو هونەری کوردستانە، ئەو لەناو گوڵزاری شیعرو شانۆدا بەپەنجە رەنگینەکانی چەند گورزەیەك بەرهەمی جوانی چنی، ماڵی هونەرو ئەدەبی وڵاتی کوردەواری پێڕازانەوەو وەك دوو چەکی کاریگەری هۆشیاریی کۆمەڵایەتیو نیشتمانی، لەسەردەمی خۆیدا رۆڵی خۆیان وازیکرد. بەرهەمەکانی لەئامێزی مێژوودا بەنەمری دەمێننەوە.

عوسمان شەیدا، ساڵی ١٩٥٣ لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لەو شارە تەواو کردووە.

ئەو لەتاق لاویدا خولیای خوێندنەوە بوو، ئیدی دوای قاڵبوونی لەدنیای ئەدەبدا، بەشیعر تەعبیری لەئەندێشەی مێشكو دڵو دەروونی کرد. خەمەکانی ناو هەناوی خەڵكو کۆمەڵ هێندە قووڵو بەئازار بوون، بەتەنها بەشیعر دەرەقەتیان نەهات، هەربۆیەش شانۆو تەمسیلی بەکایەیەکی کاریگەرترو هێلێکی گەرمو نزیکتر لەخەڵك زانی، لەوێوە پەیامەکانی خۆی گەیاند.

شەیدا لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، چووە ناو دنیای هونەری شانۆو نواندن، بۆ یەکەمجار لەتەمسیلی (باوەژن خوا بناسە)، وەك ئەکتەر رۆڵی دکتۆر دلێری بەجوانی بینی، ئیدی لەو کاتەوە زیاتر ناسرا.

شـەیدا تـەنها وەك ئەكتـەر خزمـەتی نـەكرد، بـەڵكو وەك نووسـەرو وەرگێـڕ لەبواری هونەری شانۆدا خزمەتی كردو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارە.
شەیدا شانۆنامەی (ژن بەژنی) نووسیو تیشكی خستە سەر دیاردەیەكی دزێوی كۆمەڵایەتیو لەدەقێكی شانۆییدا بەرجەستەی كرد.
شەیدا لەبواری وەرگێڕانیشدا شارەزا بوو، هەر بۆیەش شانۆنامەی (كەللە سەری)ی نووسەری ناوداری تورك ( نازم حیكمەت)ی بۆ سەر زمانی كوردی وەرگێڕاو دواتر وەك شانۆگەری لەسلێمانی پێشكەش كراو بینەرێكی زۆری هەبوو.
عوسمان شەیدا، شان بەشانی هونەر، لەبواری ئەدەبیشدا خزمەتی كرد، بەشیعر تەعبیری لەخەمە كۆمەڵایەتیو نیشتمانییەكان كرد. شیعرەكانی لەگۆڤارو رۆژنامەكانی سەردەمی خۆی بڵاوكردەوەو وەك دەنگێكی نویو جیاوازی شیعری خۆی ناساند.
ساڵی ١٩٧٧ شیعرەكانی لەدوو توێی دیوانێكدا بەناوی (شەختە) چاپو بڵاوكردەوە، ئەو دیوانەی دەنگدانەوەیەكی زۆری لەو سەردەمەدا هەبوو.
دواتر بایەخی بەكاریكاتێرە شیعر داو لەو رێیەوە وەك بروسكە پەیامەكانی دەگەیاند، (گرانەتاو سێبەرۆ) دوو بەرهەمی ناوازەی ئەون، كاتی خۆی وەك شێوازێكی نویو كاریگەری شیعر، پێشوازییەكی گەرمیان لێكرا.
عوسمان شەیدا چۆتە شاخ وەك پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی نوێی كوردستانی كردووە، ساڵی ١٩٨٤ لەوێ كۆمەڵە شیعری (سروودی بەرەنگاری) چاپو بڵاوكردۆتەوە.
(نزا سپییەكانی من) دوا دیوانی شیعری عوسمان شەیدای نەمرە، كە شیعرەكانی لەئاستێكی بەرزی ئەدەبیدانو ئەزموونو قاڵبوونی ئەدەبیی شاعیری پێوە دیارە.
پاش خزمەتێكی زۆر بەرشتەكانی ئەدەبو هونەر، عوسمان شەیدا، رۆژی ٤ی نیسانی ٢٠٠٥ لەتەمەنی ٥٢ ساڵیدا بۆ دواجار چاوەكانی لێكناو لەگردی سەیوانی سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# عوسمان سەبری



عوسمان سەبری، نووسەر و ئەدیب و تێکۆشەرێکی ناسراوی کوردستانە، خزمەتێکی گەورەی بە کاروانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کردووە.
ساڵی ١٩٠٥ لە گوندی نارنجی سەر بەشاری ماردین لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری دیاربەکر تەواو کردووە. هەر زوو خولیای جیهانی ئەدەب بووە و وەك شاعیر و ڕۆژنامەنووس خزمەتی کردووە. سەبری وەك تێکۆشەرێکی دڵسۆزی کوردایەتی لە تافی لاویدا هاتۆتە مەیدانی تێکۆشان و بەشداری شۆڕشی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیرانی لە باکوری کوردستان کردووە. لەدوای شکستی ئەو شۆڕشە لە باکور هەڵهاتووە و ڕووی کردۆتە شام و لە دیمەشق گیرساوەتەوە. دیمەشق وێستگەیەکی گرنگ بووە بۆ ئەو، لەوێوە زیاتر بە دنیای ڕۆژنامەگەری ئاشنا بووە و بەشداری دەرکردنی گۆڤارەکانی ( ڕۆناهی، هاوار و ڕۆزا نوی)ی کردووە کە لەلایەن ئەمیر جەلادەت بەدرخانەوە سەرپەرشتی کراون. سەبری وەك تێکۆشەر و سیاسەتمەدار لە حزبەکانی خۆیبوون و حزبی دیموکراتی کوردستانی سوریادا خەباتی کردووە. ئەم پیاوە بەدیمەن و هەڵکەوتووەی کورد هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی کوردایەتی و ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی تەرخانکرد و خزمەتێکی گەورەشی پێشکەش بە ئەدەب و کولتوور و ڕێزمانی کوردی کرد و خاوەنی چەندین کتێب و بەرهەمی ناوازەیە. ڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ لە دیمەشق کۆچی دوایی کرد.

# عوسمان عوزێری



شاعیرو نووسەرێکی دیاری کوردستانەو لەرێی بەرهەمە ئەدەبییەکانییەوە خزمەتێکی زۆری بەکاروانی رۆشنبیریو هونەری کوردستان کردووە.

عوسمان ئەحمەد رۆستەم چەرمەگا کە بەعوسمان عوزێری ناسراوە، ساڵی ١٩٣٦ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. لەسلێمانیو بەغدا قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە.

مامۆستا عوسمان عوزێری لەهەرەتی لاویو لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا، لەدەروازەی رۆژنامەوە هاتۆتە ناو جیهانی ئەدەبیو روناکبیرییەوە، ئەو کاتەی مامۆستا گۆرانی شاعیر سەرنووسەری رۆژنامەی ژین بووە، عوزێری بۆتە پەیامنێری ئەو رۆژنامەیەو بەدڵسۆزی کارەکەی کردووە. بەردەوام بووە لەکاری رۆژنامەنووسیو لەشوباتی ١٩٥٩ بۆتە ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق. لەکۆتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، کە عوزێری خوێندکار بووە لەبەغدا، کەسێکی چالاكو هەڵسوڕاوی کایەی رۆشنبیری بووە. بەپشتیوانی یانەی سەرکەوتنی کوردان، لەگەڵ کۆمەڵێك خوێندکاری هاوڕێی (کۆمەڵەی ئاوازی کوردی)یان دامەزراندووە. لەئێزگەی کوردی بەغداش بەرنامەی (خەباتی کوردستان)ی پێشکەش کردووە کە بەرنامەیەکی تایبەت بووە بە خەباتو مێژووی کوردو کوردستان. عوزێری

ئارەزوو و خولیای هونەری شانۆشی هەبووەو شانۆگەری نووسیوەو وەك ئەكتەریش رۆڵی بینیوە.

مامۆستا عوسمان عوزێری شاعیرێكی بەتوانا بووەو چەندین شیعری بەرزو جوانی هەیەو هەندێ لەشیعرەكانی كراون بە گۆرانی. گوڵزاری كوردستان یەكەم كۆمەڵە شیعری ئەو شاعیرەیە كە ساڵی ١٩٥٨ چاپكراوەو مامۆستا محمەد ساڵح دیلان پێشەكی بۆ نووسیوە. ساڵی ١٩٦٠ دووەم كۆمەڵە شیعری بەناوی (كڵپەی دەروون ) لەچاپخانەی ژین بەچاپ گەیاندووە.

مامۆستا عوزێری چیرۆكیشی نووسیوەو ساڵی ١٩٦٠ كتێبی (لەپێناوی دادپەوەریدا)ی لەچاپخانەی ژین چاپكردووە كە دوو چیرۆك بوون یەكێكیان لەنووسینی خۆیو ئەوی تر وەرگێڕدراو بووە. عوزێری بایەخیشی بەبواری لێكۆڵینەوەی مێژوویی داوە، ساڵی ١٩٦١ نامیلكەیەكی بەناوی (شۆڕشی دیابەكر) نووسیوەو مامۆستا موحەڕەم محەمەد ئەمین پێشەكی بۆ نووسیوە. بەهۆی هەلومەرجی نالەباری سیاسی ئەو سەردەمەوە بەشێك لەوتارو بەرهەمە ئەدەبییەكانی مامۆستا عوزێری فەوتاونو روناكییان نەدیوە.

عوسمان عوزێری كەسێكی تێكۆشەرو بەهەڵوێستو كوردپەوەر بووە، هەر بەهۆی ئەوەوە تووشی راونانو زیندانیكردن بۆتەوە، بەڵام هەر كۆڵی نەداوەو وەك پێشمەرگەش بەشداری شۆڕشی ئەیلولی كردووەو لەرۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لەشاخ شەهید ئەكرێو ئەچێتە ریزی نەمرانی نیشتمانەوە. عەبدوڵلای براشی كە پێشمەرگە بووە، هەر لەو شۆڕشەدا شەهید بووە.

# عوسمان عەلی



عوسمان عەلی، هونەرمەندێكی دیار و ناسراوی كوردستانە و لەڕێی هونەری گۆرانییەوە خزمەتێكی زۆری بە هونەری كوردی كردووە و شوێن پەنجەی بەگەشەپێدانی ئەو هونەرەوە دیارە.

سالّی ١٩٤٤ لە گەڕەكی مەڵكەندی شاری سلێمانی لەدایك بووە. هەر لەو شارە خراوەتە بەر خوێندن و تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە و بەهۆی باروودۆخی ژیانی تایبەتی خۆیەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات. بۆ بژێوی ژیانی خۆی و خانەوادەكەی ،مەیدانی كار و كەسابەتی هەڵبژاردووە و بەشێكی زۆری ژیانی سەرقاڵی كاری بەرگدروویی بووە و لەو بوارەدا دەستڕەنگین بووە.

عوسمان عەلی پیاوێكی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بووە و لە ساڵی ١٩٦٣ەوە تێكەڵاوی ژیانی سیاسی بووە و بووە بەپێشمەرگە و هەردەم لە ڕیزی گەل و نیشتمانەكەیدا بووە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولیشدا هونەری فەرامۆش نەكردووەو لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی مۆسیقای شۆڕش خزمەتی هونەری كوردی كردووە. عوسمان عەلی لە سەردەمی ژیانی لاوێتییەوە خولیای هونەری گۆرانی بووەو لە ساڵی ١٩٦٥ەوە دەستی بە كاری هونەری كردووە و چل ساڵی تەمەنی بەخزمەتی هونەری گۆرانی

کوردی بەخشیوە. ئەندامێکی کارای تیپی مۆسیقای سلێمانی و یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان بووە و هاوکاریی تیپە مۆسیقییەکانی مەولەوی و شۆڕش و نەورۆزی کردووە. ئەم هونەرمەندە گەورەیە لە بۆنە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکانو کۆنسێرت و فیستڤاڵەکانی کوردستان و عێراق بەشداری کردووە.

هونەرمەند عوسمان عەلی خاوەنی چەندین گۆرانییە کە بە دەنگە بەسۆزەکەی تۆماری کردوون. ئەم هونەرمەندە ناسراو و گەورەیەی کورد لە شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ لە کاتی چڕینی مەقامدا لەسەر تەختەی شانۆ گیانی پاك و بێگەردی بە جیهانی هونەر بەخشی.

# عوسمان هەورامی



عوسمان هەورامی كەسایەتیی گەورەی رووناكبیریی كوردستان، لەرشتەكانی ئەدەبو پەروەردە، خزمەتێكی زۆری بەگەلو نیشتمانەكەی كردو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارەو بەشانازییەوە لە لاپەڕە درەوشاوەكانی مێژووی كوردستاندا تۆمار دەكرێت.

عوسمان محەمەد ساڵح فەرەج ناوی تەواوی ئەو كەسایەتییە مەزنەیەو بە عوسمان محەمەد هەورامی ناسراوە.

ساڵی ١٩٤٠ لەشارۆچكەی تەوێڵە لەدایك بووە.

قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لەشاری سلێمانی تەواو كردووە.

خوێندكارێكی زیرەك بووە، ساڵی ١٩٥٨ لەبەشی كوردیی كۆلیجی ئادابی زانكۆی بەغدا وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی هەژاریو نەدارییەوە نەیتوانیوە لەو كۆلیجە بخوێنێ.

بەناچاری بەشداری خولێكی شەش مانگی مامۆستایی لەسلێمانی كردووە. ئیدی بووە بەمامۆستاو ساڵانێكی دوورو درێژ خزمەتی بەخوێندكارانی كوردستان كردووەو بەگیانی كوردپەروەری گۆشو پەروەردەی كردوون.

مامۆستا عوسمان هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای ئەدەب بووەو لە چەند رشتەیەکی جیاوازدا خزمەتی کردووە.

مامۆستا عوسمان بایەخێکی زۆری بەئەدەبی منالان داوە، لەبوارەکانی شیعرو چیرۆك‌و ئۆپەریت‌و شانۆی منالاندا ، خاوەنی چەندین بەرهەمی ناوازەیەو بەوشە شیرین‌و پاراوەکانی خزمەتێکی فرەی بە جگەر کۆشەکان کردووەو بەرهەمەکانی ویردی سەر زمانی منالان بووە.

مامۆستا عوسمان خاوەنی چەندین دەقی شیعری جوانی پەروەردەییە، کە لەدووتوێی چەندین کتێبدا چاپکراون‌و دیدەو مێشکی منالانی کوردستانی رۆشن کردۆتەوە. لەوانە: (شاهۆ، خونچە گوڵ، منالۆ گوڵ، چاوانی باوان، شنەی شادی، لالەزار، گەشە، رۆشنایی، چریکە، باخەوانی جوان، ئاسۆی گەش).

چەندین شانۆگەری‌و ئۆپەرێتیشی بۆ منالان نووسیوە، لەوانە(جیهانە جوانەکەمان، کلپەی بابە گوڕ گوڕ).

مامۆستا عوسمان هەورامی خولیایەکی دیکەشی هەبوو، ئەویش بایەخدان بووە بەدیوانی شاعیران، لەو بوارەدا شیعرو بەرهەمەکانی چەندین شاعیری کۆکردۆتەوەو ساغی کردونەتەوەو بژاری کردوون‌و پەراوێزی بۆ نووسیون‌و لەچاپی داون‌و بلاوی کردونەتەوە. لەوانە( دیوانی صەیدی هەورامی، دیوانی وەلی دێوانە، دیوانی سەودایی، کەشکۆلی حاجی مەحموودی یارەویس، دیوانی حاجی باقی بەنگینە، کەشکۆلی نەجمەدین مەلا). کاری پێداچوونەوەو داڕشتنەوەی بۆ دەیان دیوانی شاعیران‌و کتێبی دیکەی لە رشتە جیاجیاکاندا کردووە.

مامۆستا عوسمان وەرگێڕێکی باش‌و بەسەلیقەش بووە، چەندین کتێبی بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی وەرگێڕاوە.

ماموٚستا عوسمان، شارەزایی زۆری لەزمانی کوردیدا هەبووە، خاوەنی فەرهەنگی تەقییە، کە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی کوردی– کوردییەو لەگەڵ لیژنەیەکدا نووسیویەتی. بەحوکمی شارەزاییشی لەزمان و ڕێنووسدا، سەرپەرشتی ڕێکخستن و داڕشتنی چەندین کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندنی کردووە.

پاش خزمەتێکی زۆر بە کایەکانی ئەدەب و پەروەردەو خوێندن، ڕۆژی ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، ماموٚستا عوسمان هەورامی بەنەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.

# مولازم عومەر



مولازم عومەر، کەسایەتییەکی گەورەی نیشتمانیی کوردستانە، ئەو زۆربەی تەمەنی خۆی بەخزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بەخشی و لەهەردوو رشتەی سیاسی و سەربازیدا خزمەتێکی زۆری پێشکەش کردو خاوەنی مێژوویەکی پرشنگدارو درەوشاوەیە.

بەحوکمی ئەوەی دەرچووی کۆلیجی سەربازیی بەغدا بوو، شارەزاییەکی باشی لەزانستی سەربازی هەبوو، ئەو شارەزاییەی بۆ خزمەتی شۆڕشەکانی کوردستان بەکارهێنا و وەك پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کرد.

لەسەرەتای شۆڕشی نوێشدا، پەیوەندی بەو شۆڕشەوە کردووە، بەحوکمی شارەزایی و ئەزموونی لەبواری سەربازی، ئەرکی بەرپرسیارێتی مەکتەبی عەسکەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پێسپێردرا.

لەوێوە لەناوچە جیاجیاکانی کوردستانی گەورەوە، سەرپەرشتی دەیان شەڕو داستانی گەورەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی کردو سەرکەوتنی گەورەی تۆمار کرد. بەوەش وەك سەرکردەیەکی جەسورو قارەمان و روخساری سەربازیی شۆڕشی نوێ ناسرا. هەربۆیەش لەناو سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەگشتی و لەلای

سەرۆك مام جەلال و كاك نەوشیروان بەتایبەتی زۆر خۆشەویست و جێگەی ڕێز بوو.

ساڵی ١٩٩٢ خزمانی ئابلاخ چووینە لای سەرۆك مام جەلال بۆ قەڵاچوالان، لەدیدارەكەدا باسی خەبات و قوربانی ئابلاخییەكان لەشۆڕشەكانی كوردستان بەگشتی و شۆڕشی نوێ بەتایبەتی و زۆر شتی تر كرا. سەرۆك مام جەلال وتی:(شتێكتان بیرچوو باسی بكەن، كە شانازییەكی گەورەیە بۆ ئێوە، ئەویش ئەوەیە شۆڕشی نوێ لەرووی سەربازییەوە لەلایەن رۆڵەیەكی ئێوەوە سەركردایەتی كرا كە كاك مولازم عومەرە، نابێ هەرگیز لەبیری بكەن، چونكە ئەوە سەروەرییەكی گەورەیە بۆ ئێوە و هەموو خەڵكی كوردستان).

سەرباری كاری سەربازی، مولازم عومەر كەسێكی شارەزای بواری سیاسیش بوو، ماوەیەكی زۆر ئەندامی مەكتەبی سیاسیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بوو، لەترۆپكی دەسەڵاتی سیاسی، كە كارگێڕی مەكتەبی سیاسی بوو، وازی لەكاری سیاسی هێنا و نموویەكی جوانی دەستبەرداربوونی لەپایەی سیاسی نیشاندا، ئەیتوانی چەند ساڵی تریش لەو پایەیەدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەو رای وابوو ئەوەندە بەسە و ئەبێ شوێنەكەی بۆ نەوەی دووەمی تێكۆشەرانی حزبەكەی چۆڵ بكات.

مولازم عومەر سەرباری ئەوەی زیاتر كەسایەتییەكی سەربازی بوو، بەڵام هەر لەگەنجییەوە خولیای ئەدەب و خوێندنەوە بوو، لەشاخ و لەدوای راپەڕینیش بەردەوام بوو لەو خولیایەی و بەهاوڕێی كتێب و ئەدیبان و هونەرمەندان و رۆشنبیران مایەوە و لەبۆنە رۆشنبیری و هونەرییەكاندا ئامادەبوونی بەرچاوی هەبوو.

لەبارەی خۆشەویستی بۆ كتێب، جارێكیان بۆی گێڕامەوە كەساڵی ١٩٨٨ لەكاتی ئەنفالەكان و هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر بارەگاكانی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەیاخسەمەر، سەرۆك مام

جەلال کە لە دەرەوەی وڵات بوو، تەکلیفی ئەوەی لەکاك نەوشیروان و کاك مولازم عومەر کردبوو، کتێبەکانی کتێبخانەکەی بارەگاکەی یاخسەمەری بۆ دەربکەن، بۆ ئەو مەبەستەش داوای لەئێرانیەکان کردبوو، کۆپتەرێك بنێرن بۆ یاخسەمەر، ئێرانیەکان رازی بوو بوون کۆپەرەکە بنێرن، مولازم عومەر لەدرێژەی قسەکانیدا وتی: کۆپتەرەکە تۆزێ دوا کەوت و هێرشی سوپای عێراقیش توندتر ئەبوو لەسەرمان، لەو دۆخەدا هەندێ لەفەرماندە سەربازییەکان کەوتنە بۆڵە بۆڵ، وتیان: لەم دۆخەدا کتێب چییە دەری بکەین، وەڵا ئێستا کتێبەکان ئەسوتێنین،لەسەر ئەو قسانە کاك نەوشیروان توڕە بوو، وتی مام جەلال بەو کتێبانە بووە بەمام جەلال، ئێوە ناخوێننەوە بەهای کتێب نازانن، من و مولازم عومەر بەڵێنمان بەمام جەلال داوە دوا کتێبی بۆ دەرئەکەین، لەو قسانەدا بووین کۆپتەرەکە هات و بەخۆشحاڵییەوە هەموو کتێبەکانمان بار کرد و لەسووتانی لای خۆمان و لای دوژمن رزگارمان کرد!.

شێرکۆ بێکەس لەیاداشتەکانیدا (نووسینەوە بەئاوی خۆڵەمێش)، باسی ئەوە ئەکات یەکێك لەو سەرکردانەی لەشاخ زۆر بایەخی پێداوە و رێزی لێگرتووە مولازم عومەر بووە، هەر ئەویش پێشنیازی ئەوەی بۆ مام جەلال کردووە، کە شێرکۆ بێکەس چیتر لەو هەلومەرجە سەختەدا لەشاخ نەمێنێتەوە و رەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێ، مام جەلالیش پێشنیازەکەی پەسەند ئەکات و لەرێی سوریاوە شێرکۆ بێکەس رەوانەی ئەوروپا ئەکرێت.

مولازم عومەر دیدو تێڕوانینێکی کوردستانی هەبوو، کوردستان لای ئەو یەك کوردستان بوو، کاری بۆ هەموو پارچەکانی کردووە و هاوکارێکی دڵسۆزو راستگۆیان بووە، هەربۆش، سەرکردەکانی پارچەکانی تری وەك ئۆجەلان و قاسملو بەدڵ خۆشیان ویستووە و جێی متمانەیان بووە.

مولازم عومەر پیاوێکی گەورەو جیاوازە لەزۆربەی سەرکردەکانی تر، سەرباری ئەوەی ساڵانێکی زۆری لەسەرکردایەتیی شۆڕش و حوکمڕانیدا بەسەر برد، بەپاکی و بێگەردی ماوەتەوەو سیاسەت و دەسەڵات لەکەداری نەکرد.

ئەم سەرکردەیە زانیاریو گەوهەرێکی بەنرخی شۆڕشی کوردستان و مەجلیسی سیاسیی لەسنگدایە، بەداخەوە یاداشتی خۆی نەنووسیوەتەوە، دەکرێ ئەو زانیارییانەی لەرێی چاوپێکەوتنەوە لێوەربگیرێ و بکرێنە هەوێنی چەند کتێب و فیلمی دیکۆمێنتاریو وەك سامانێکی بەنرخی نەتەوەیی و نیشتمانی سوودی لێوەر بگیرێت.

مولازم عومەر، ئەو ئەستێرەیەی لەگوندی ئابلاخی باوەشی شاری سلێمانی هەڵهات و لەرێی کاروانی سەختی خەباتی کوردایەتییەوە هەموو کوردستانی گەورەی روناك کردەوەو ئێستاش وەك چرایەکی پرشنگدار ئەدرەوشێتەوە.

# عومەر ئەمین



ماموّستا عومەر ئەمین یەکێکە لەماموّستاو روناکبیرە پێشەنگەکانی ساڵانی سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردووی شاری هەولێرو کوردستان، لە بواری روناکبیریو هونەری بەگشتیو بواری پەروەردە بەتایبەتی خزمەتێکی زۆری بەخوێندکارانی کوردستان کردووە.

ماموّستا عومەر کەسێکی فرە بەهرە بووە، ماموّستا بووەو لەبواری پەروەردەدا شوێن پەنجەی دیارەو خزمەتی زۆری بە رەوتی خوێندنو زانستو پەروەردەو خوێندکاران کردووە.

شاعیرو نووسەر بووە، وتارو شیعرەکانی لەگۆڤاری هەتاوی گیوی موکریانی بلاّوکردۆتەوە. هونەرمەندێکی شێوەکارو پەیکەرتاشی دەست رەنگین بووە.

ساڵی ١٩٠٥ لەشاری هەولێر لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێرو بەغدا تەواو کردووە.

خانەی ماموّستایانی لەبەغدا تەواو کردووەو بووە بەماموّستاو لەشارەکانی هەولێرو سلێمانیو کۆیەو شەقلاوەو باتاسو عەینکاوەو چەند ناوچەیەکی تر خزمەتی بە بوارەکانی خوێندنو پەروەردە کردووە.

ماموّستای كەسایەتیی گەورەی وەك مەسعود محەمەدو دڵدارو دڵزار و چەندانی دیكە بووە.

ماموّستا عومەر ئەمین كەسێكی كوردپەوەر بووەو لەسەر هەڵوێستەكانی سزا دراوەو لە وەزیفە دەركراوەو بوّ خوارووی عێراق دوور خراوەتەوە.

عومەر ئەمین یەكێكە لەئەستێرە پرشنگدارەكانی شاری هەولێرو كوردستان، دەبوو بایەخی زوّری پێبدرایەو رووناكی بخرایەتە سەر ژیان و بەرهەمەكانی و قوتابخانەو شەقامو دەزگای روّشنبیریی و پەروەردەیی بەناوەوە بكردایە، بەڵام بەداخەوە فەراموّش كراوەو مافی خوّی نەدراوەتێ.

ئەم كەسایەتییە گەورەیە لە روّژی ٤ی كانوونی دووەمی ١٩٦٤ بوّ دواجار ماڵئاوایی كردو لە گوّڕستانی ئیمام محەمەدی شاری هەولێر بەخاك سپێردرا. بەڵام هەمیشە بەنەمریی و وەك ئەستێرەیەكی درەوشاوە لەئاسمانی هەولێرو كوردستاندا بەداگیرساوی دەمێنێتەوە.

# عومەر رەزا



عومەر رەزا هونەرمەندێکی دیاری کوردستانەو لەرێی هونەری گۆرانییەوە خزمەتێکی زۆری بەکاروانی کولتووری کوردستان کردووە.

عومەر رەزا حەمە لەساڵی ١٩٤٢ لەگەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایك بووەو لە ئامێزی خێزانێکی رەنجدەرو زەحمەتکێش پەروەردە بووە.

هەر بەهۆی هەلومەرجی سەختی ژیانو قاتوقڕی جەنگی دووەمی جیهانەوە، بەماڵەوە باریان کردووەو چوون بۆ شاری هەڵەبجە.

عومەر رەزا لەو شارە ئەخرێتە بەر خوێندنو لەقوتابخانەی سەرەتایی هەڵەبجە ئەبێ بەخوێندکارو هەر لە قۆناغی سەرەتایی بەهرەی هونەری تێدا دەرئەکەوێو بۆ خۆشبەختی ئەو، مامۆستا عەلی شەونمی ئەدیبو هونەرمەند مامۆستا ئەبێ لەو قوتابخانەیەو سەرپەرشتیاری تیپی سروودی قوتابخانەکەی ئەبێ. ئیدی هەر زوو مامۆستا عەلی شەونم درك بەوە ئەکات کە عومەر رەزا بەهرەیەکی خۆڕسکی هونەری تێدایە، بۆیە زۆر بایەخی پێئەداو لەتیپی سروودی قوتابخانە دایئەنێت.

مامۆستا عەلی شەونم زیاتر بەدەنگی عومەر رەزا سەرسام ئەبێ، هەر بۆیەش دوو گۆرانی ( هاتم هاتم ، پەڵپ و بیانوونم پێمەگرە) کەلە ئاوازو

هەڵبەستی خۆی بوون بۆ ئامادە ئەكاتو ئەیداتێ تا بیانچڕیو لەرێی ئەو دوو گۆرانییەوە عومەر رەزا ئەناسرێ.
ساڵی ١٩٥٧ خانەوادەكەی ئەگەڕینەوە بۆ شاری سلێمانیو ساڵی ١٩٥٨ عومەر رەزا ئەچێتە رادیۆی كوردی بەغداو دوو گۆرانییەكەی مامۆستا عەلی شەونم تۆمار ئەكاو بەوەش لەسەرانسەری كوردستاندا ئەناسرێ.
دواتر لەرێی هونەرمەند قادر دیلانەوە ئەچێتە تیپی مۆسیقای مەولەوی لە سلێمانیو لەوێ لەگەڵ ئەو تیپەدا كار ئەكاتو چەند گۆرانییەكی تر تۆمار ئەكات.
ساڵی ١٩٨٤ تەلەفزیۆنی كەركوك هەموو كۆرانییەكانی عومەر رەزا بەشێوەی پلەی باك تۆمار ئەكەنەوە.
بەهۆی بارودۆخی سەختی ژیانەوە، عومەر رەزای هونەرمەند لەكاری هونەری دائەبڕیو سەرقاڵی دابینكردنی پێداویستییەكانی ژیان ئەبێ.
هونەرمەند عومەر رەزا پاش خزمەتێكی زۆر بەهونەری كوردیو تۆماركردنی چەندین گۆرانی ناوازە، ئێستا باری تەندروستی باش نییەو ژیانێكی سەخت بەرێ ئەكات.

# عومەر ساقی



ماموستا عومەر ساقی کەسایەتییەکی گەورەی نیشتمانپەروەرو روناکبیرو پەروەردەکاری کوردستان بوو، خزمەتێکی زۆری بەگەل‌و نیشتمانەکەی کردووەو شوێن پەنجەی بەخزمەتکردنی پەروەردەو زمانی شیرینی کوردییەوە دیارە.

ساڵی ١٩١٥ لە گەڕەکی سەعدوناوای ژێری قەڵای دێرینی شاری هەولێر لەدایك بووە.

بەڕەچەڵەك خەڵکی شارەدێی تەرکەڵانی سەر بە پارێزگای کەرکووك بوون. ساقی حەسەنی باوکی ئەو شارۆچکەیەی بەجێهێشتووەو لەشاری هەولێر نیشتەجێ بووە.

لەقوتابخانەی ئاینی‌و ئاسایی خوێندوویەتی‌و قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێرو بەغدا تەواو کردووەو بووە بەمامۆستا.

لەزۆبەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان وانەی بە منالانی کوردستان وتۆتەوەو فێری خوێندن‌و نووسینی کردن‌و بەگیانی کوردایەتی‌و نیشتمانپەروەری گۆش‌و پەروەردەی کردوون.

بەهۆی هەڵویستە نیشتمانییەکانەوە زۆر جار سزا دراوەو دوور خراوەتەوە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان‌و باشووری عێراق.

لەو چوارچێوەیەداو لەساڵانی چلەکاندا دەگوێزرێتەوە بۆ شاری سلێمانیو خۆی بەبایەخەوە باسی ئەو شارە ئەکاتو وەك مەڵبەندێکی گرنگی بیری نەتەوایەتیو رۆشنبیری پێناسەی کردووەو شاری سلێمانی زۆر خۆشویستووەو هەر بۆیەش هەروەك باسی ئەکەن زۆر جار ئەو شیعرە بەرزەی ئەسیری شاعیری گوتۆتەوە فەرموویەتی:

ئەی ئەسیری هێندە عیشقی میللەتی کوردت هەیە

لام وەهایە بشمری هەر گردی سەیوانت دەوێ

هەر لەخۆشەویستی بۆ ئەو شارە، لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوودا لەگەڵ کچێکی ئەو شارە بەناوی خاتوو ناجیەی کچی ئەمین ئەفەندیی فەرخە هاوسەرگیری ئەکاتو بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییە سێ کوڕو دوو کچ ئەبێ.

مامۆستا عومەر لەسلێمانی رایەڵەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تێکۆشەرانی ئەو شارەدا بەهێز ئەکاتو خزمەتێکی زۆری پەروەردەییش بەوشارە ئەکاتو چەندین کەسی ناسراو لەسەر دەستی ئەو فێری خوێندەواری بوون.

لەساڵانی شەستەکانی سەدەی رابروودا ئەگەڕێتەوە شاری هەولێرو وەك سەرپەرشتیاری پەروەردەیی خزمەت بەو شارە دێرینەو رەوتی پەروەردەو خوێندن ئەکات.

پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ روناکبیرانی شاری هەولێردا ئەبێ بەتایبەتی لەگەڵ مامۆستا گیوی موکریانی هاوڕێی گیانی بەگیانی بووەو زۆر جار چاپخانەکەی مامۆستا موکریانی بۆتە جێژوانی روناکبیرانو لەوێ کۆبوونەتەوە.

مامۆستا عومەر ساقی خولیای ئەوە بووە کە زمانی کوردی لەوشەی بێگانە پاك بکاتەوەو وشەی پەتیی کوردی بەکار بهێنی، لەو بوارەدا شوێن پەنجەی

دیارەو بەشێکی گەڕەکە نوێیەکانی هەولێر وەك(ئازادی، شۆڕش، زانیاری) لەلایەن ئەوەوە ناونراون. هەروەها چەند قوتابخانەیەکی شاری هەولێری بەناوی کوردیو ناوی شاعیرانەوە ناوناوە.

ئەم مامۆستا گەورە روناکبیرو بەهرەمەندی کوردستان لەرۆژی ٦ی ئابی ١٩٧٣ بۆ دواجار لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کردو هەر لەو شارە بەخاك سپێردرا.

لەدوای کۆچی دوایی مامۆستا گیوی موکریانی هاوڕێی شیعرێکی جوانی بۆ سەر کێلی قەبرەکەی نووسی کە ئەڵێ:

دەردم ئەو دەردە سەرم نایەوە
خاکی وڵاتم وەك خۆی مایەوە
دەرچووم لە دونیای پڕ لەکارەسات
پێش ئەوەی گەلم بگا بەئاوات

# عومەر عەبدولڕەحیم



مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم ئەمین، مامۆستایەکی دڵسۆز بووە و زۆربەی تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردنی منداڵانی کوردستان و خوێندن و پەروەردە تەرخان کرد. ئەم مامۆستا هێژایە ساڵی ١٩٢٠ لە گەڕەکی حاجی حانی شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٤١ خانەی مامۆستایانی لادێی لە شاری بەغدا تەواو کردو لە شاری سلێمانی بە مامۆستا دامەزرا، زیاتر لە ٣٠ ساڵ وەك مامۆستایەکی دڵسۆز دەرسی بەمناڵانی کوردستان وتەوە. دوای خانەنشینبوونیشی بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی لە خزمەتی منداڵانی کوردستاندا بوو. مامۆستا عومەر سەرباری خزمەت و بەخششەکانی لە بوارەکانی پەروەردە و خوێندندا، لە بواری نووسین و ئەدەبی منداڵانیشدا بەرهەمی جوان و ناوازەی پێشکەش بە منداڵان کرد و خاوەنی چەندین بەرهەمی بەپێزی ئەدەبییە.

مامۆستا عومەر کەسێکی نیشتمانپەروەر و بەهەڵویست بوو، لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی و کاری ڕێکخراوەیی پیشەیی بوو، لەو بوارەدا ڕۆڵی دیاری هەبوو، بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە تووشی گرتن و دوورخستنەوە بووەوە.

ڕۆژی ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا مامۆستا عومەری خۆشەویستی خەڵك و منداڵان کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

# عومەر عەلی ئەمین



مامۆستا عومەر عەلی ئەمین کەسایەتییەکی دیاری هونەری‌و روناکبیریی کوردستانەو خزمەتێکی گەورەی بەکاروانی هونەرو رۆشنبیری بەگشتی‌و هونەرەکانی شانۆو نیگار کێشان بەتایبەتی کردووە، شوێن پەنجەی رەنگینی بەو بوارانەوە دیارەو خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی هونەری‌و کولتوریە.

ساڵی ١٩٢٦ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا تەواو کردووەو بڕوانامەی خانەی مامۆستایانی بەغدای بەدەستهێناوەو بووە بەمامۆستا.

لەپەنجاکانی سەدەی رابردوودا، بایەخی بەهونەری نیگارکێشان داوەو بەپێشەنگ‌و سەرمەشقی ئەو هونەرە دائەنرێت‌و لەگەڵ ژمارەیەك هونەرمەندی شێوەکاری دیکەی هاوڕێیدا، هونەری نیگارکێشانیان لەهونەرێکی سادەی میللییەوە بۆ هونەرێکی تەکنیکی بەرزو پرۆفیشناڵ گواستۆتەوەو بەردی بناغەی هونەریی شێوەکاریی کوردییان داناوە.

خاوەنی چەندین تابلۆی جوان‌و رەنگینی دیمەنەکانی سروشتی کوردستانە کەبەفلچەو بۆیەی زەیتی‌و ئاو کێشاونی‌و وەك شاکارێکی بەرزی هونەری ماونەتەوە.

مامۆستا عومەر بێ لەهونەری نیگەرکێشان، لە کۆتایی سییەکانی سەدەی رابردوو و لە سەرەتای ژیانی گەنجییەوە بایەخی زۆری بە هونەری شانۆو

نوانـدن داوەو سـاڵی ١٩٤٦ یەكـەم كـاری شـانۆی بـەناوی (خـەلیلی كـافر) پێشـكەش كـردووەو كـە لـەئامادە كـردن‌و دەرهێنـانی خـۆی بـووەو كـاری نواندنیشی تێدا كردووە.

لەكۆتایی شەستەكانەوە خۆی بۆ كاری شانۆو نوانـدن تـەرخان كـردووەو یـەكێك لەدامەزرێنـەرانی تیپـی مۆسـیقاو نوانـدنی سلێمانی بووەو لەیەكـەم خولی كاركردنی ئەو تیپەدا بەسەرۆك هەڵبژێردراوە. ئەم تیپە كارو چالاكی هونەری زۆری ئەنجام داوە.

ساڵی ١٩٧١ تیپی هاوڕێیانی گەزیزەی دامەزراندووەو ئـەم تیپـە خزمـەتێكی زۆری لەبوارەكانی شانۆو نوانـدن‌و درامـای تەلـەفزیۆنی پێشـكەش كـردووە.

مامۆسـتا عومـەر كەسـێكی دڵسـۆزو كوردپـەروەر بـووەو سـاڵی ١٩٧٤ وەك پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی كردووەو لەئێزگەی شـۆڕش خزمـەتی بەهونەری كوردی كردووە.

مامۆسـتا عومـەر عـەلی ئـەمین كەسـێكی فـرە بـەهرە بـووەو لـە بوارەكـانی نووسـین‌و لێكۆڵینـەوەو وەرگێـڕان‌و نوانـدن‌و ئـەدەبی منالاَنـدا، خزمـەتێگی زۆری بەهونـــەر بەگشـــتی‌و هونـــەرەكانی شـــانۆو درامـــا و نیگاركێشـــان بەتایبـــەتی كـــردووەو خـــاوەنی خـــەرمانێك بەرهـــەمی ناوازەیـــە كـــە وەك سامانێكی بەنرخی هونەری ماونەتەوە.

بـێ لـە بوارەكـانی هونـەر، مامۆسـتا عومـەر لـەبواری پەروەردەشـدا وەك مامۆســتایەكی دڵســۆز خزمــەتێكی زۆری پێشــكەش بــە خوێنــدكارانی كوردستان كردووەو ٣٨ساڵی تەمەنی خۆی بەو بوارە بەخشیوە.

ئەم مامۆستاو هونەرمەندە گەورەیـەی كوردسـتان، لـەرۆژی ١٣ی كـانوونی دووەمـی ٢٠٠٨ بـۆ دواجـار چاوەكانی لێكنـاو ماڵئـاوایی یـەكجاری كـردو لـەگردی سـەروەران بـەخاك سـپێردرا. بـەڵام نـاوو ناوبـانگ‌و بەرهەمـەكانی هەمیشە بەزیندوویی‌و نەمری ئەمێنێتەوە.

# عومەر مەعرووف بەرزنجی



مامۆستا عومەر کوڕی خوالێخۆشبوو (مەعروف ئەحمەد بەرزنجی ١٩٠٥ – ٥/٤ /١٩٧٠) یە. باوکی یەکێك بووە لە خوێندەوارو رووە ناسراوەکانی بەرزنجە و هاوەڵ و دۆستی نزیکی – شێخی نەمری بەردەقارەمان بووە، لە ساڵی ١٩٤٦دا لە ئاوایی بەرزنجە لە دایکبووە، سێ پۆلی قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی – بەرزنجە – خوێندووە و دواتر بە ماڵەوە هاتوونەتە سلێمانی و چووەتە قوتابخانەی (مەڵکەندی) ئەو سەردەمە کە دەکەوتە گەڕەکی سابونکەران.

ساڵی ١٩٦٥بووە بەمامۆستاو لەچەندین قوتابخانەی دەرەوەو ناوەوەی سلێمانیدا وانەی زمانی ئینگلیزی وتووەتەوە، بۆنموونە: ئیسکان ، قەشان، ماوەت، گێڵدەرە، قەمچووغە، چەقژ ، وێڵەدەر، کانی پانکە، مەولانا خالید، ناوەندی رۆژهەڵاتی کوران، ناوەندی بابانی ئێواران، ناوەندی پەیامی کچان، ناوەندی کوردستانی کچان، دواناوەندی بناری کچان، ناوەندی تووی مەلیکی کچان. لە دەورو بەری شۆرشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨دا دەستەیەك هاوڕێ و قوتابی بوون وەك شەهیدی قوتابیانی کوردستان – محەمەد سدیق عەبدولڕەحمان پێنجوێنی – و نەوشیروان مستەفا و قادر شەریفە کوردە و شەرەف محێدین و بەکر حسێن و بەختیار

عەزیز فەرەج و بەهادین علی حسێن و عەلی توانا و ڕەوف حەسەن ، ئەمانە پێكەوە بوونە هاوڕێی سیاسەت و هۆگری خوێندنەوەو نووسین و هاوەڵی كتێب، ئەمانە بێجگە لە بەختیار و ڕەووف هەموویان سەر بە یەكێتیی قوتابیانی كوردستان بوون. لە تەمەنێكی منالییەوە خوی داوەتە خوێندنەوە و نووسین، یەكەم بەرهەمی بڵاوكراوەی دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی (١٣) ساڵی و لە ژ ٩٧ ی رۆژی ٢٣ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ ی رۆژنامەی (پێشكەوتن) دا بڵاوكراوەتەوە كە لەو كاتەدا لە قۆناغی ناوەندیدا بووە ، بابەتكە بەبۆنەی سێیەم ساڵی كۆچی دوایی مەلیكی كوردستانەوە بووە. لە ناو بنەماڵەیەكی خوێندەوار و دۆستی كتێبدا پێگەیشتووە، خوالێخۆشبووی باوكی و هەردوو برا گەورەكەی (عەبدولقادر مەعروف بەرزنجی) و یاساناسی خوالێخۆشبوو (عوسمان مەعروف بەرزنجی) و مامۆستای خوالێخۆشبوو (محەمەدلاو محەمەد عەلی بەرزنجی) پورزای كە یەكێك بووە لە مامۆستا دەركەوتووەكان و لە نووسەرانی گۆڤاری گەلاوێژ، دەوری دیارییان لە هاندان و رێنمایی كردنیدا بووە.

ساڵانی ١٩٦٠ –١٩٦١جگە لە بڵاوكردنەوەی بابەتی ئەدەبی و سیاسی، دەورێكی سەرەكی بووە لە نووسین و بەڕێوەبردنی گۆشەی (قوتابیانی كوردستان) ی رۆژنامەی (دەنگی كورد) كە لەشاری بەغدا لە لایەن (عومەر جەلال حەوێزی ) یەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و كوردی بڵاودەكرایەوە. لەو گۆشەیەدا كە بەناوی (ع . تینو) دەینووسی، چەندین بابەتی پەیوەندیداری سەبارەت بە خەبات و پێویستی بوونی (یەكێتیی قوتابیانی كوردستان) بڵاوكردووەتەوە. تەنانەت لەكاتی بەستنی دووەم كۆنگرەی مامۆستایانی كورد لە شەقڵاوە كە لە رۆژی دووشەممە رێكەوتی ١٥ ی ئابی ساڵی ١٩٦٠ دا بەسترا، نووسەر یەكەم كەس بووە كە لە رۆژنامەی (دەنگی كورد) داو لە گۆشە تایبەتییەكەی (قوتابیانی كوردستان) داو بە ناونیشانی

(کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە و لەم کۆنگرەیەدا سەرنجێك)، داوای بەستنی کۆنگرەیەکی بۆ قوتابیانی کوردستان کردووە و پێشنیارەکەیشی لەلایەن سەرکردایەتی ئەو سەردەمەوە پەسەند کراوە. نووسەر لە ساڵی ١٩٥٩ بەدواوە لەم رۆژنامەو گۆڤارانەدا بەرهەمی بەزمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردووەتەوە، بابەتەکانیشی بەزۆری سەبارەت بە لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبییە وەك: (پێشکەوتن، هەتاو، ژین، دەنگی کورد، رۆژی نوێ، بروا، هیوای کوردستان، نووسەری کورد، رۆژی کوردستان، هەولێر، برایەتی، پاشکۆی عێراق، دەفتەری کوردەواری، بەیان، رۆشنبیری نوێ، بیری نوێ، کاژاو، مامۆستای کورد، کوردستانی نوێ، النور، الترخی، العراق، گوڵان العربی).

نووسەر جگە لە ناوی راستەقینەی خۆی لە سەرەتاوە تائێستا بەم ناوانەیش بابەتی بڵاوکردووەتەوە : (ع. تینو، ئارام، خوێندەوارێك، ئاراس، ئاسۆ، ع. بەرزنجی) ساڵی ١٩٩٥ گۆشەیەکی تایبەتی بە ناونیشانی (بەڵگەی زیندوو) لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا هەبووە ، گۆشەکە رۆژانی دووشەممە و هەینی بڵاو دەکرایەوە، دوای سی و شەش ئەڵقە (فریاد رەواندزی) و هەندێکی تر بابەتەکەیان پێ هەزم نەدەکرا و (عیزەدین مستەفا رەسوڵ) یش بەردەوام لە گۆشەکەی دەخوێند، بەم پێیە گۆشەکە راگیرا و گۆشەیەکی مردوویان هێنایە شوێنی. (ساڵی ٢٠١٠ بابەتەکانی ئەو گۆشەیە کۆکرانەوە و بەناونیشانی بەڵگەی زیندوو بە پێشەکییەکەوە و لە کتێبێکی تایبەتیدا بڵاوکرایەوە).

لە ساڵی ٢٠٠٦ داو بەبۆنەی یادی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی مەلیکی کوردستان و سەبارەت بە کتێبی (نوربەخشی) کۆی شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی مەدالیای زێرینی پێشکەشکراوە.

## بیبلیۆگرافیای بەرهەمەكانی نووسەر

**یەكەم : كتێبی چاپكراو**

**١- لێكۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆكی كوردی، لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٨**

**٢- لێكۆڵینەوەی هونەری یان هەڵبژاركاندن؟ لە بڵاوكراوەكانی دەفتەری كوردەواری، چاپخانەی عەلا، بەغدا، ١٩٧٨ (باسێكی ڕەخنەییە سەبارەت بە هەڵە و كەم و كووڕییەكانی كتێبی - چیرۆكی هونەری كوردی - حسێن عارف)**

**٣- سەرجەمی بەرهەمەكانی مارف بەرزنجی شەهید، كۆكردنەوەو ساغكردنەوەو پێشەكی و پەراوێز، بە هاوكاری و كۆششی ئەندازیار سامان مارف بەرزنجی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣**

**٤- عوسمان مەعروف بەرزنجی، یاساناس و ڕۆشنبیر و مرۆڤ، سلێمانی، ١٩٩٧، (كۆمەڵێ بابەتی جیاوازە بەبۆنەی كۆچی دوایی و چلەی عوسمان مەعروف بەرزنجی یەوە ئامادەكراوە.**

**٥- مەحموودخانی دزڵی - شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی كوردستان - بابەتێكی مێژووییە، چاپی یەكەم، سلێمانی ١٩٩٧، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٢**

**٦- برایم ئەحمەد لە كارە زانستی و ئەدەبییەكانی پرۆفیسۆر دكتور مارف خەزنەداردا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤**

**٧- گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦**

**٨- نوربەخشی، شیعرەكانی مەلیكی كوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٦**

**٩- برایم ئەحمەد، كۆی بەرهەمە شیعرییەكانی، لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی ، ٢٠٠٧**

١٠- فازیل موحەمەد عیرفان ، کۆی بەرهەمە ئەدەبیەکانی ، سلێمانی ، چاپخانەی شڤان ، ٢٠٠٩

١١- بەڵگەی زیندوو ، سلێمانی ، چاپخانەی شڤان ، ٢٠١٠

دووەم : وەرگێران

١- جوگرافیای ئابووری بۆ پۆلی شەشەمی ئەدەبی، بەهاوکاری مامۆستایان خەسرەو مستەفا و عەبدولکەریم شێخانی، بەغدا، ١٩٨٣

٢- سەرەتاکانی کۆمەڵزانی و فەلسەفە بۆ پۆلی پێنجەمی ئەدەبی، بە هاوکاری دکتۆر ئیحسان فوئادو رەئوف حەسەن ، بەغدا ، ١٩٩٠

سێیەم: دەیان وتارو لێکۆڵینەوەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە، لەبەر زۆریان نەمانتوانی دایان بنێین.

*ئەم ژیاننامەیە بەقەڵەمی مامۆستا عومەر خۆی نوسراوە.

# عومەری مەکتەبە




(عومەر عەبدولڕەحمان رەحیم) کە بەعومەری مەکتەبە ناسراوە، کەسایەتییەکی دیاری روناکبیرو کتێبپەروەری شاری سلێمانی بوو، لەهەردوو کایەی خەباتی کوردستانیو کولتووریدا خزمەتێکی زۆری بەگەلو نیشتمانەکەی کرد.

زۆبەی تەمەنی خۆی لەگەڵ کتێبخانەو پەخشکردنی کتێبو گۆڤارو رۆژنامەو جیهانی چاپەمەنیدا بەسەربردو مێژوویەکی جوانو رەنگینی بۆ خۆی تۆمارکرد. ساڵی ١٩٣٥ لەگەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایك بوو. هەر لەو شارە خراوەتە بەر خوێندنو تاپۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە، بەهۆی هەلومەرجی ژیانی تایبەتیو سیاسی نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات، ژیانی بۆ کارو خەبات تەرخان کردووە.

لەهەرەتی لاویدا تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسیی کوردستان بوو، لەریزەکانی حزبی شیوعی عێراقدا خەباتی کردو کادرێکی دیارو چالاكو هەڵسوڕاوی ئەو حزبە بووە. تا کۆچی دوایی لەسەر بیروباوەڕەکەی ماوەتەوەو لاینەداوەو شانازی پێوە کردووە. بەهۆی تێکۆشانی سیاسیو بڵاوکردنەوەی کتێبی نیشتمانیی یاساخەوە، میوانی بەندینخانەکانی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بووەو هەشت جار زیندانی کراوەو ئێشو

ئازارو ئەشکەنجەی چەشتووە. بەڵام لە هێڵی نیشتمانیو خزمەتکردنی کایەی رۆشنبیری لاینەداوەو تا دوا رۆژەکانی ژیانی بەدڵسۆزیو پاکی ماوەتەوە. ئەم پیاوە مەزنە خولیای کتێبو خوێندنەوەو نووسین بوو، لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی خۆی بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە، تەنانەت ساڵی ١٩٥٨بەچیرۆکێك بەشداری پێشبڕکێی گۆڤاری شەفەقی کرد سەبارەت بەگرەوی چیرۆکی کوردی کردو ناویشی لەریزی بەشداربووەکاندا لە گۆڤارەکەدا بڵاوکرایەوە.

مامۆستا عومەر لەخۆشەویستی بۆ کتێبو خوێندنەوە، لەکۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوواو بەدیاریکراوی لەساڵی ١٩٦٩ کتێبخانەیەکی بەناوی کتێبخانەی سلێمانی لەناوجەرگەی شاری سلێمانی دانا. ئەم کتێبخانەیە تەنها ئەرکی فرۆشتنو دابەشکردنی کتێبو رۆژنامەو گۆڤار نەبووە، بەڵکو وەك مەڵبەندێکی رۆشنبیریو جێژوانی ئەدیبانو نووسەرانو رووناکبیرانو کەسایەتییە ناودارەکانی شاری سلێمانیو کوردستان و تەنانەت سیاسەتمەدارانیش بوو.

مامۆستا عومەر پشتیوانێکی بەهێزی نووسەرانو ئەدیبان بوو، هەر بۆیەش لەسەر ئەرکی خۆی زیاتر لە ٢٢ کتێبی بۆ چاپکردووە. کتێبو بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەدیبانو رۆشنبیرانی لەکتێبخانەکەی خۆی ساخ ئەکردەوەو بەسەر کتیبخانەکانی دیکەی ناوشارو شارۆچکەکانی کوردستانو عێراقو بەشەکانی تری کوردستاندا دابەشی ئەکرد.

مامۆستا عومەر کوردستان بەگشتیو شاری سلێمانیی بەتایبەتی خۆشئەویست، هەر بۆیەش لەسەر ئەرکی خۆی مانگنامەیەکی بەناوی (رۆژانەی سلێمانی) دەرئەکردو خۆی خاوەنی ئیمتیازی بوو.

رۆژی ٢١ی تەمووزی ٢٠١٢ بۆ سەردانی منداڵەکانی رووی کردە وڵاتی سوید، بەیانی رۆژی ٤ی ئابی ٢٠١٢ لەماڵی کچەکەی لەشاری یۆتۆبۆریی

وڵاتـی سـوید دەرچـووەو نەگەڕاوەتـەوەو مـاوەی نـۆ مـانگ بێسـەرو شـوێن بووە.
لە رۆژی ١ی ئایاری ٢٠١٣ تەرمەکەی دۆزرایەوەو پاش پشکنینی (دی ئێن ئەی) دەرکەوت تووشی جەڵتەی مێشك بووەو بەوە کۆچی دوایی کردووە.
رۆژی ٦ی حـوزەیرانی ٢٠١٣ تەرمەکـەی هێنرایـەوە بـۆ شـاری سـلێمانیو هـەمان رۆژ لـەرێورەسمێکی رەسمـیو میللـی شـکۆداردا لـەگردی سـەیوان بەخاکی نیشتمان سپێردرا.
مامۆسـتا عومـەر سـەرباری ئـەوەی پیـاوێکی نیشـتمانپەروەرو کتێبپـەوەری دڵسۆز بوو، کەسێکی کۆمەڵایـەتیی رووخـۆشو قسـەخۆشو نوکتـەباز بـوو، هەمیشە مەجلیسی قەرەباڵغ بوو.

# عیزەدین فەیزی



عیزەدین فەیزی کەسایەتییەکی گەورەی نیشتمانیو روناکبیریی کوردستانەو لەچەند رشتەیەکی جیاوازدا خزمەتی زۆری بەگەلو نیشتمانەکەی کردووە.
عیزەدین فەیزی عەبدوڵڵا عەبدولباقی ناوی تەواوی ئەم کەسایەتییە مەزنەیەو بەعیزەدین فەیزی ناسراوە. بەبنەچە ئەچنەوە سەر زانای ئاینی ناودار مەلا جەرجیس ئەربیللی.
ساڵی ١٩١٧ لەشاری هەولێر لەدایك بووە.
قۆناغەکانی خوێندنی لەشارەکانی هەولێرو بەغدا تەواو کردووەو ساڵی ١٩٣٩ خانەی مامۆستایانی لەبەغدا تەواو کردووە. هەمان ساڵ لەشاری هەولێر بەمامۆستا دامەزراوەو لەبوارەکانی خوێندنو پەروەردەدا وەك مامۆستاو بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیار خزمەتی زۆری بەخوێندکاران کردووە.
لەساڵانی چلەکاندا یەکێك لەسەرکردە دیارەکانی حزبی هیواو بەرپرسی شاری هەولێری ئەو حزبە بووە.
بەهۆی هەڵویستە نیشتمانیەکانییەوە تووشی زیندانو دوورخستنەوە لە وەزیفە بۆتەوە.

ماموّستا عیزەدین فەیزی خولیای كاری نووسین و رۆژنامەگەری هەبووەو لە سالآنی ١٩٥٠- ١٩٥٣ لەرۆژنامەی هەولێر كاری كردووەو ئەندامی دەستەی نووسەران و بەرپرسی بەشی كوردی ئەو رۆژنامەیە بووە.

سەرۆكی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نووسەری نوێ بووە، كە لەسەرەتای سالآنی حەفتاكانی سەدەی رابردوودا لەلایەن لقی هەولێری یەكێتیی نووسەرانی هەولێرەوە دەرچووە.

ماموّستا عیزەدین ئەندامی یەكێتیی ماموّستایانی كوردستان و یەكێتیی نووسەرانی كورد بووەو پۆستی بالآی لەو دوو رێكخراوە پیشەییەدا وەرگرتووە.

ماموّستا فەیزی خاوەنی چەندین وتارو لێكۆڵینەوەی بەپێزە كە لەرۆژنامەو گۆڤارەكانی سەردەمی خۆی بلآوی كردونەتەوە.

خاوەنی دوو كتێبە بەناوەكانی( یەكێتیی نووسەران و دوو كۆڕ، ئەلف و بێی كوردی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری).

چەند كتێبێكی پرۆگرامەكانی خوێندنی قوتابخانەكانی بۆ سەر زمانی كوردی وەرگێڕاوە.

وەك رێزلێنانێك بۆ خزمەتەكانی ئەم كەسایەتییە گەورەیە، لەسالّی ١٩٩٨ پەیكەرێكی لەسەر شەقامی شەستیی شاری هەولێر لەنزیك وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بۆ دانراوەو ئەو چوارڕییانەش بەناوی ئەوەوە كراوە.

ماموّستای پایەبەرز عیزەدین فەیزی لەرۆژی ٢٢ی كانوونی یەكەمی ١٩٨٥ كۆچی دوایی كرد.

# عیزەت بەگی جاف



عیــزەت بــەگ، کەســایەتییەکی گــەورەی نیشـــتمانیی کوردســـتانەو خزمـــەتێکی زۆری بە گەل‌و وڵاتەکەی کردووە.

عیــزەت کــوڕی وەسمــان پاشــا کــوڕی محەمـەد پاشا کـوڕی کەیخوسـرەو بـەگی جـاف نـاوی تـەواوی ئـەم کەسایەتییەو بەعیزەت بەگی جاف ناسراوە.

وەسمـان پاشـای بـاوکی کەسـایەتییەکی گەورەو بەدیمەنی سـەردەمی خۆی بووەو سـەرداری هـۆزی گـەورەی جـاف بـووەو دایکیشـی عادیلـە خـانم ژنێکـی ناسـراوو هەڵکەوتوو بوو.

تـاهیر بـەگ‌و ئەحمـەد موختـار بـەگی براشـی دوو شـاعیرو روونـاکبیری دیاربوون‌و بەهۆی شیعرو بەرهەمەکانیانەوە بەنەمری ماونەتەوە.

عیزەت بەگ، ساڵی ١٨٩٥ لەهەڵەبجە لەدایك بووەو لـەئامێزی ئـەو خانـەوادە ناودارەدا پەروەردە بووەو فێری خوێندنەوەو نووسین بووە.

بێ لەزمانی دایك، زمانەکانی عەرەبی‌و تورکی‌و فارسی‌و ئینگلیزی زانیوە.

کە گـەورە بووە لەسـەر راسپاردەی بـاوکی هاتۆتـە شاری سلێمانی‌و لـەوێ نیشتەجێ بووە، لەو شارە سەرپەرشتی موڵك‌و زەوی‌و زارەکانیانی کردووە.

لەبەرئەوەی کەسێکی دیارو زرنگ‌و وریا بووە، سـاڵی ١٩٢٣ ماوەیـەك کـراوە بەسەرۆکی شارەوانی سلێمانی، بەڵام زۆر لەو پۆستەدا نەماوەتەوە.

عیزەت بەگ، کەسێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بووە، هەر بۆیەش لەزۆربەی ڕێکخراوو کۆمەڵەکانی ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوودا کاری کردووە. کەسێکی چالاك و هەڵسوڕاو بووەو ماڵەکەی شوێنی کۆبونەوەی کەسایەتییە نیشتمانییەکان و نوێنەرانی چین و توێژەکانی شاری سلێمانی بووە.

لەدوای شکستی جوڵانەوەی شێخ مەحموودی نەمرو کۆتایی هاتنی حکومەتەکەی، عیزەت بەگ و چەند کەسایەتییەکی سلێمانی ڕێکخراوێکیان دروستکرد بەناوی (هەیئەی وەتەنییە) بۆ داواکردنی مافەکانی گەلی کوردستان، ئەم ڕێکخراوە بڕوای بەخەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانە هەبوو. لەڕێی خەباتی مەدەنی و یاداشتەوە داواکانیان پێشکەش ئەکرد. زۆربەی ئەو یاداشت و مەزبەتانەی پێشکەش بەڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەرپرسانی ئینگلیزو حکومەتی عێراقی ئەو سەردەمەدا کراوە، ناوو ئیمزای عیزەت بەگی بەسەرەوەیە.

ڕۆژی ١٠ی ئابی ١٩٣٠ کە وەکیلی مەندوبی سامی بەریتانیا و وەکیلی سەرۆك وەزیرانی عێراق هاتنە سلێمانی و لەگەڵ کەسایەتییەکانی ئەو شارە کۆبوونەوەو گوێیان لەداواو خواستەکانیان گرت، عیزەت بەگ یەکێك لەو کەسانە بوو زۆر بەجوامێرییەوە لەرووی وەکیلی مەندوبی سامی و وەکیلی سەرۆك وەزیرانی عێراق قسەی کردو وتی:(میللەتی کورد تەنها عیبارەت نییە لەسلێمانی، لەزاخۆوە تاخانەقین هەموو داوای ئەم حەقە ئەکات و هیچ کوردێك کەرەتێکی تر لەگەڵ عێراقا ناژی، بۆ ئیحقاقی حەقمان موراجەعەت بەحکومەتی مونتەدەبە ئەکەین، ئەگەر ئەویش نەیپرسی، شیکایەت ئەبەینە بەر عیسبەتول ئومەم، کورد حکومەتێکی موستەقیلەی ئەوێ لەژێر ئینتیدابد، بەهەموو هێزمانەوە بۆ ئەم غایەیە سەعی ئەکەین، ئەمجارە سیلاح و تفەنگمان قەڵەم و موراجەعاتە)!

ئەوەی جێگەی سەرنجە، نەوشیروان مستەفا ئەمین کە کتێبێکی لەسەر ئەو قۆناغە داناوە، هێندە سەرسام بووە بەو قسانەی عیزەت بەگ، کتێبەکەی ناوناوە (کوردستانی عێراق: سەردەمی قەڵەمو موڕاجەعات)!

عیزەت بەگ ئەندامی یەکەم ئەنجومەنی تەئسیسی عێراق بووە کە ئازاری ١٩٢٤ هەڵبژێردرا.

لەکۆتایی سییەکان تا ناوەڕاستی ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوودا لەخولەکانی (هەشتەمو نۆیەمو دەیەم)دا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو نوێنەری شاری سلێمانی بووە.

نوێنەرێکی راستگۆو چالاکو بەرگریکاری سەرسەختی مافەکانی گەلی کوردستان بووە.

ئەم کەسایەتییە ناودارەی کوردستان، دوای خزمەتێکی زۆر بەگەلو نیشتمانەکەی، رۆژی ٢٨ی تەمموزی ١٩٤٥ کۆچی دوایی کرد.

# د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ



د. عیـــــزەدین مســـــتەفا رەســـــوڵ كەســـایەتییەكی گـــەورەی نیشـــتمانیو زانایـــەكی مـــەزنی بوارەكـــانی ئـــەدەبو زمانو مێژووی كوردستانە. لەو بوارانەدا خزمــەتی زۆری بەگــەلو نیشــتمانەكەی كردووە.

ساڵی ١٩٣٤ لەگەڕەكی دەرگەزێنی شاری ســلێمانی لــەدایك بــووە، لــە ئــامێزی خانەوادەیەكی رووناكبیرو كوردپەروەردا گەورە بووە. قۆناغەكانی خوێندنی لەسلێمانیو بەغداو دیمەشقو باكۆو مۆسكۆ تەواو كردووە.

دكتــۆرای نــاوكی بەدەســتهێناوەو ســاڵانێكی زۆر لــەزانكۆكانی عێــراقو كوردستان خزمەتی كردووەو سەرپەرشتی دەیان نامەی ماستەرو دكتۆرای كــردووە. ســەدان خوێنــدكار لەسەردەســتی ئــەودا بڕوانامــەی باڵنــدیان وەرگرتووە.

بوارەكـانی نووسـینو رۆژنامــەوانی مەیـدانی سـەرەكی كـاری ئـەو بـوون، قەڵـەمێكی دیارو سـەنگینی ئـەو بوارانـە بووە، خـاوەنی زیاتر لـە٩٠ كتـێبی چاپكراوو دەیان وتارو لێكۆڵینەوەی زانستییە.

لـەبواری رێكخراوەكـانی كۆمـەڵی شارسـتانیدا، رۆڵـی دیـارو پێشـەنگی هــەبووە، ســاڵی ١٩٦٩ لەگــەڵ چــەند هاوڕێیەكیــدا یــەكێتیی نووســەرانی كوردیـان دامەزرانـدووە، لـەرێی ئـەو رێكخـراوەوە خزمـەتێكی زۆری بـەبواری

ئەدەبی و رۆشنبیری کردووەو سالآنێکی زۆر لەلوتکەی بەرپرسیارێتی ئەو رێکخراوەدا بووەو خزمەتێکی زۆری بەرشتەکانی ئەدەب و رۆشنبیریی کوردی کردووە.

لەبواری کاری پەرلەمانیشدا شوێن پەنجەی دیارەو ساڵی ١٩٩٢ لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە ئەندامی پەرلەمان، پەرلەمانی کردە سەکۆی بەرگری لەمافەکانی ئازادیو ئاشتی و رادەربڕین، لەو دەزگا تەشریعییەوە خزمەتێکی زۆری بەکایەکانی کولتووری کوردستان کردو شوێن پەنجەی بەدارشتنی چەندین یاساوە لەبوارەکانی رۆژنامەگەری و چاپەمەنی دیارە کە لەگۆشەنیگای باوەڕبوون بەئازادی بیروڕاوە دەرکراون.

لەبواری سیاسیشدا، رۆڵی دیارو پێشەنگی بینیوەو لە کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردووەوە لەریزەکانی حزبی شیوعی عێراقدا خەباتی کردو لەو کاروانی تێکۆشانەدا تووشی راونانو گرتنو چەرمەسەری زۆر بۆوە، تا دوا رۆژەکانی ژیانی لەسەر بیروباوەڕی کۆمۆنیستی مایەوەو بەشانازییەوە بەرگری لێکرد.

ئەم کەسایەتییە ناودارەی کوردستان، پاش خزمەتێکی زۆر لەکایەکانی سیاسەتو ئەدەب و زمانو مێژووو رووناکبیری، لە رۆژی ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، بۆ دواجار چاوەکانی لێکناو لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# د. عیسمەت شەریف وانلی



كەسایەتییەكی گەورەی سیاسی و ڕووناكبیری كوردستانە و خزمەتێكی گەورەی بەكاروانی تێكۆشانی كوردایەتی و ڕۆشنبیری كردووە. وانلی بە بنەچە خەڵكی شاری وانی باكوری كوردستانە و بەهۆی هەلومەرجی نالەباری سیاسییەوە خانەوادەكەیان كۆچیان كردووە بۆ شام و لە شاری دیمەشق گیرساونەتەوە.

لە ڕۆژی ٢١-١١-١٩٢٤ لە گەڕەكی كوردانی شاری دیمەشق لەدایك بووە و لەوێ تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە. دواتر لە بەیروت زانكۆی عەدالەی فەرەنسی و زانكۆی ئەمریكی تەواو كردووە. هێندە خولیای خوێندن و وەرگرتنی زانیاری زیاتر بووە سەفەری كردووە بۆ سویسرا و لەوێ لە زانكۆی لۆزان یاسای خوێندووە و بڕوانامەی دكتۆرای بەدەستهێناوە. لەبەر بەتوانایی وەك مامۆستای زانكۆ لە زانكۆی سۆربۆنی فەرەنسا وانەی مێژووی كورد و كوردستانی وتۆتەوە. وانلی هەر زوو تێكەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی كوردستان بووەو بە گیانێكی كوردستانییانە خەباتی بۆ هەر چوار پارچەكەی كوردستان كردووە و لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا نوێنەری شۆڕش بووە لە ئەوروپا و

ماوەیەکیش سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بووە. شانبەشانی خەباتی سیاسی، مەیدانەکانی خەباتی نووسین و ڕۆژنامەگەری فەرامۆش نەکردووەو مەیدانی گرنگی خەبات و تێکۆشانی وانلی بوون و کەسایەتییەکی کاریگەری ڕووناکبیری بووە بۆ ناساندنی کێشەی کورد بە ئەورووپا و خۆرئاوا.

وانلی خاوەنی سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی جیاجیایە و دەیان کتێبی لە ڕشتە جیاجیاکانی سیاسی و ڕۆشنبیریدا هەیە. ئەم کەسایەتییە دیار و بەئەزموونەی کورد لە ٩-١١-٢٠١٥ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا لە شاری لۆزان کۆچی دوایی کرد.

# غازی بامەڕنی



غـازی بامـەڕنی هونەرمەنـدی نـاوداری بـواری شانۆ، لەڕێی كارە هونەرییـە زانستییەكانییەوە وەك دەرهێنـەرو ئەكتـەرو نووسـەر خزمـەتێكی نـــاوازەی پێشـــكەش بەهونـــەری شـــانۆی كوردستان كردووە. بەرهەمە هونەرییەكانی لەو بوارانەدا گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن.

غازی عەبدوڵڵا، ساڵی ١٩٤٢ لەبامـەڕنی لـەدایك بـووە، هەربۆیـەش نازنـاوی بامـــەڕنی بۆتـــە پاشگری ناوەكەی‌و بەغازی بامەڕنی ناسراوە.

قۆناغـەكانی خوێنـدنی لـە بامـەڕنی‌و ئامێدی‌و دهۆك تەواو كردووە. هەر لە تاقی گەنجییەوە خولیای هونەری شانۆ بووە، بۆ هێنانـەدی ئـەو حـەزو خولیایـەی چـۆتە ئـەكادیمیای هونـەرە جوانـەكانی بەغداو بەشی شانۆی بەسەركەوتوویی تەواو كردووە.

دوای تەواو كردنی خوێندن، كاری دەرهێنانی شانۆیی كردە پیشەی خۆی‌و بەئەشقەوە خۆی بۆ ئەو كارە تەرخانكرد.

بامەڕنی بۆ جێبەجێكردنی ئەو پڕۆژە هونەرییەی شاری سلێمانی هەڵبـژارد، چـونكە دەیزانـی ئـەو شـارە خـاكێكی بـەپیتی هونەرییـە بـۆ چـرۆكردنی درەختی خەونە هونەرییەكانی.

ئیدی لەو شارەوە دەستی بەكارە هونەرییـەكانی كرد، ئەو لەبەشی چالاكی قوتابخانـەكانی سـلێمانی‌و تیپـی نوانـدنی سـلێمانی وەك دەرهێنـەرێكی

بەتوانا دەستی بەکارکردن کردو کارەکانی لەشاری سلێمانیو کوردستانو عێراقدا دەنگی دایەوە.

بەرهەمە شانۆییەکانی وەك (مانگرتن، کۆتایی زۆردار، فیلەکەی خاوەنشکۆ، شاخەوانی مەزن، نرخی ئازادی، ئابڵووقە)، وەرچەرخانیان لەهونەری شانۆی کوردی دروستکردو ئەو هونەرەیان لەدڵو دەروونی خەڵکی کوردستاندا خۆشەویست کرد.

لەساڵانی ١٩٧١ – ١٩٧٧، خزمەتێکی گەورەی لەبواری هونەری شانۆ پێشکەش کردو بەشێوەیەکی زانستیو هونەری بەرز پایەکانی ئەو هونەرەی لەسەر خاکی سلێمانی چەسپاندو وەك چرایەك رۆشنایی بەشارەکانی تری کوردستان بەخشی.

دواتر بۆ بەدەستهێنانی زانیاریو بڕوانامەی بەرزتر، رووی کردە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، لەپاریس بڕوانامەی دبلۆمی باڵای لەبواری دەرهێنانو ماستەری لەئەدەبی درامی ئەحمەدی خانی بەدەستهێناو لەکارو بەخششی هونەری بەردەوام بوو.

لەدووره وڵاتیش هەر دڵی لای خاكو نیشتمانەکەی بوو، ساڵی ٢٠٠٨ گەڕایەوە کوردستانو وەك مامۆستای زانکۆ لەبواری شانۆ لەزانکۆی دهۆك خزمەتی کرد.

مامۆستا بامەڕنی، لەخزمەتو بەخششی هونەری بەردەوام بوو، کتێبی (دەرویش عەبدی، بەیتی زەمبیلفرۆش)و چیرۆکی ( عەیشا بیتاری)ی نووسی.

کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەری (مەمو زین)ی ئەحمەدی خانی لەدهۆك کردو روخسارێکی نوێی هونەریی رەسەنی پێبەخشی.

پێش کۆچی دوایی، سەرقاڵی کارێکی هونەری بوو بەناوی (کۆماری مەهاباد)، بەڵام مەرگ مەودای نەدا ئەو بەرهەمە هونەرییەی ببینێ.

مامۆستا غازی بامەڕنی، خەون‌و خولیای هونەری زۆر بوو، بەڵام بەداخەوە نەخۆشی بووە ڕێگر لە هێنانە دی ئەو خەونانەی، لەدوا ڕۆژەكانی ژیانی لەپاریس چارەسەری پزیشكی وەرگرت، بەڵام پزیشكەكانی دەرەقەتی نەخۆشییەكەی نەهاتن‌و ڕۆژی ١٥ی كانوونی یەكەمی ٢٠٢٠ بۆ دواجار لە لەشاری پاریس چاوە پڕ هیواكانی لێكنا‌و تەرمەكەی هێنرایەوە بۆ كوردستان‌و لەبامەڕنی بەخاك سپێردرا.

مامۆستا غازی، ئەو پیاوەی لەبامەڕنییەوە هات‌و لەبەغدا بڕوانامەی شانۆی وەرگرت‌و سلێمانی كردە مەكۆی كاری هونەری شانۆ‌و لەپاریس بڕوانامەی بەرزتری وەرگرت‌و لەزانكۆی دهۆك شیلەی زانستی شانۆی بەخوێندكارەكانی بەخشی‌و بەهونەرە بەرزەكەی سەراپای كوردستانی ڕۆشن كردەوە.

# غەسان نەعسان



غەسان نەعسان هونەرمەندو نووسەرو وەرگێڕێکی دیاری کوردستان بوو، بەزمانەکانی عەرەبی و ئەڵمانی دەینووسی و هەر لەو دوو زمانەشدا کاری وەرگێڕانی دەکرد. چەند کتێبێکی ناوازەی لە زمانی ئەڵمانییەوە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕا، هەروەها لەزمانی عەرەبیشەوە چەند کتێب و بابەتی هونەری بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕا. ئەو کوردێکی دڵسۆزو رووناکبیری رۆژئاوای کوردستان بوو، ساڵی ١٩٥٦ لەشاری مەنبەج لەدایك بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی تا زانکۆی لە سوریا تەواو کرد. ساڵی ١٩٧٨ بەمەبەستی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر سەفەری بۆ ئەوروپا کردو لەزانکۆی میونخ لەئەڵمانیا بڕوانامەی ماستەری لەزانستی شانۆ وەرگرت.

لەشاری میونخ تیپێکی بۆ کاری هونەریی شانۆ دامەزراند و تیپەکە وەرشەیەکی بۆ کاری شانۆی منالاّن دامەزراند و کاری بۆ شانۆی منالاّن بەدیدێکی نوێ و هاوچەرخ کردو سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا، هەر بۆیەش وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی باڤاریا ماوەی هەشت ساڵ پشتیوانی مادی و مەعنەوی تیپەکەی کرد.

غەسان چەند شانۆگەرییەکی بەزمانی ئەڵمانی نووسی و هەرخۆشی ئەرکی دەرهێنانی گرتنە ئەستۆو لەگەڵ تیپی شانۆو لەسەر تەختی شانۆکانی

شاری میونخ و چەند شارێكی تری ئەڵمانیا و نەمساو سویسرا پێشكەش كراو پێشوازی گەرمی لێكرا. وەك ئەكتەرو دەرهێنەر لەچەند كارێكی تەلەفزیۆنی لە ئەڵمانیا بەشداری كردو سەركەوتنی بەدەستهێنا.

وەك مامۆستای وانەی شانۆ لەچەند پەیمانگاو ئەكادیمیەكی ئەڵمانیا دەرسی وتەوەو جێگەی رەزامەندی خوێندكارەكانی بوو. چەند شانۆگەرییەكی غەسان كەنەفانی و سەعدوڵڵا ونوس و ئیمیل حەبیبی لەزمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕا.

ساڵی ١٩٩٩ گەڕایەوە بۆ سوریا و لەچەند شانۆگەری و زنجیرە دراما و فیلمی سینەمایی بەشداری كردو توانا و لێوەشاوەیی خۆی نیشاندا.

لەزمانی ئەڵمانییەوە چەند كتێبێكی لەبوارەكانی سینەماو شانۆ بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕا.

ساڵی ٢٠٠٥ هاتە باشوری كوردستان و لەشاری سلێمانی گیرسایەوە. لەوێ وەك كادرێكی هۆشیارو دەستڕەنگین لە ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، خزمەتی زۆری بەكایەكانی نووسین و رۆژنامەگەری و رۆشنبیری كرد. چەند كتێبێكی ناوازەی تایبەت بەمەسەلەی كوردی لەزمانی ئەڵمانییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕا و بەوەش خزمەتێكی زۆری پێشكەش بەگەلی كوردستان كرد. لەوانە كتێبی جینۆسایدی ئەرمەن كە كتێبێكی گرنگی دۆكۆمێنتاری بوو، لە زمانی ئەڵمانییەوە بۆ زمانی عەرەبی وەریگێڕا. كتێبێكی دیكە ( كوردستان و سیاسەتی سۆڤێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا) كە نامەی دكتۆرای شەهید فازیڵی مەلا مەحموود بوو، پێشكەش بەزانكۆی ڤیەننا كرا بوو، ئەو زانكۆ ناودارە بەپلەی زۆر باشە پەسەندی كردبوو، نامەكە لێكۆڵینەوەیەكی زانستیی بێوێنەیە سەبارەت پەیوەندی سۆڤیەت و كورد، دەیان سەرچاوەو بەڵگەی مێژوویی تێدا بەكارهاتووەو لەبەر تیشكی لێكۆڵینەوەی زانستیدا

پەیوەندی سۆڤیەت و کوردی شیکردۆتەوەو ئەو راستییەی سەلماندووە، کە سۆڤیەت لەسیاسەتی خۆیدا وەك کارتێکی فشار بەرامبەر نەیارەکانی مەسەلەی کوردی بەکارهێناوە!.

غەسان کتێبێکی دیکەشی بۆ زمانی عەرەبی وەرگێرا بەناوی( نامەکان لە کوردستانەوە) کەهی هاملتۆن بوو، ئەو کەسەی کە ئەندازیاری رێگەی هاملتۆن بوو لەکوردستان، هەر لەو کاتەدا ئەو نامانەی لە کوردستانەوە بۆ کچەکەی ناردبوو، لەیەکێك لەنامەکاندا باسی ئەوە دەکات کە بەشاری کەرکوکدا تیپەڕیوەو ئەو شارەی وەك شارێکی کوردی بینیوە ، روخساری خەڵك و شارەکە لەو کاتەدا ئەوەی نیشانداوە، کە ئەو شارە کوردییە. هەر ئەو خاڵە وایکرد ئەو کتێبە بدریێ بە غەسان لە زمانی ئەڵمانییەوە بۆ زمانی عەرەبی بەناوی نامەکان لە کوردستانەوە وەریبگێڕێ.

ئەم کتێبە کە تەرجەمە کرا، بەرێکەوت لەستاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێشانگای کتێبی فرانکفۆرت لەئەڵمانیا نیشان درابوو، کچەکەی هاملتۆن بینیبووی، سکاڵای خۆی لەدژی غەسان گەیاند بووە سەرۆك مام جەلال، کەچۆن ئەو کتێبە بێپرسی ئەوان تەرجەمە کراوەو بڵاوکراوەتەوە. داوای قەرەبووی کردبوو، لەسەر راسپاردەی سەرۆك مام جەلال، د. ئەحمەد بەرواری نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاتەوە کوردستان و لەسلێمانی هاتە لای من لە ئەکادیمیای هۆشیاری نوسخەیەکی لەکتێبە تەرجەمە کراوەکە لێوەرگرتم و ئەرکی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی گرتە ئەستۆو چارەسەری کرد.

غەسان بێجگە لەکتێبە نووسراوو تەرجەمەکراوەکانی، چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی سیاسی و هونەری بۆ رۆژنامە عەرەبییەکانی کوردستان و عێراق نووسی و وەرگێرا.

ئەم نووسەرو هونەرمەندە دڵسۆزەی كوردستان رۆژی ٣ی كانوونی دووەمی ٢٠٠٧ بەشێوەیەكی كتوپڕو بەجەڵتەی دڵ كۆچی دوایی كردو لەشاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

غەسان نەعسانی هونەرمەندو نووسەرو وەرگێڕ، ئەو پیاوەی لە رۆژئاواوە بۆ ئەڵمانیاو لەوێوە بۆ سلێمانی، كاری بۆ خولیاو خەونەكەی ئەكرد كە خزمەت بەهونەرو كولتوورو مێژووی كوردستان بوو. ئەوەی لەتوانایدا بوو درێغی نەكردو بەرۆحێكی پێشمەرگانەو كوردانەوە خزمەتی كردو شوێن پەنجەی رەنگینی دیارەو یادو یادەوەریو بەرهەمو یادگارییەكانی بەزیندوویی و پیرۆزی ئەمێننەوە.

# غەفور رەشید داراغا



غەفور رەشید داراغا کەسایەتییەکی گەورەی رووناکبیریو نیشتمانیی کوردستانە، ئەو لەکایەکانی ئەدەبیو رۆشنبیریدا خزمەتێکی زۆری پێشکەش کردووەو شوێن پەنجەی دیارە.

غەفور رەشید مەحموود داراغا، بەرەچەڵەك خەڵکی گوندی دەرگەزێنی شاری هەمەدانی رۆژهەڵاتی کوردستانن، لەسەردەمی قاجاری بنەماڵەکەیان، هاتونەتە ناوچەی سلێمانیو گوندی داراغای باشوری رۆژئاوای شاری سلێمانییان ئاوەدانکردۆتەوەو بەهۆی ئەوەوە نازناوی داراغایان وەرگرتووە. دواتر هاتونەتە شاری سلێمانیو گەڕەکی دەرگەزێنیان بنیاتناوە.

غەفور رەشید داراغا لەساڵی ١٩٢٣ لەو گەڕەکە لەدایك بووە. سەرەتا خراوەتە حوجرە بۆ خوێندنو دواتر لەقوتابخانەی ئەیوبییە وەرگیراوەو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە.

دواتر لەخانەی مامۆستایانی باڵا لەبەغدا وەرگیراوە، بەهۆی جموجوڵی سیاسییەوە نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بداتو لەساڵی ١٩٤٨ فەسڵکراوە. لەدوای ئەوە بەکاری ئازادو بازرگانییەوە سەرقاڵ بووە.

كەسێكی زرنگ‌و زیرەك بووە، بێ لەزمانی دایك، زمانەكانی عەرەبی‌و فارسی‌و توركی‌و ئینگلیزی زانیوە. لەهەرەتی لاویدا، خولیای شیعرو نووسین بووە، بەرهەمەكانی لە رۆژنامەو گۆڤارەكانی سەردەمی خۆی بەناوی ئاشكراو نهێنی بڵاوكردۆتەوە لەوانە:(گەلاوێژ، شەفەق، سلێمانیی شەستەكان، شەفەق‌و برایەتی).

كتێبێكی بەناوی (ئەحەی ناسری هونەرمەند) لەساڵی ١٩٧١ لەچاپخانەی كامەرانی چاپكردووە. هەندێ دەستنووسی تەواو نەكراوی لەدوا بەجێماوە.

غەفوور داراغا پیاوێكی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بووەو بەهۆی هەڵویستی كوردپەروەرانەی چەند جارێك زیندانی كراوەو ئازارو ئەشكەنجە دراوە.

ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری لقی سلێمانیی یەكێتیی نووسەرانی كورد بووەو لەو رێكخراوەدا خزمەتی كردووە. پاش خزمەتێكی زۆر لە كایەكانی ئەدەب‌و هونەرو نووسین، لەرۆژی٢ی كانوونی یەكەمی ١٩٧٩ لەشاری سلێمانی كۆچی دوایی كرد.

# غەمناك



غەمناك شاعیرێكی قارەمانو بەهەڵوێستی كوردستان بوو، بەشیعرە نیشتمانیو چینایەتییەكانی خزمەتێكی زۆری بەكاروانی ئەدەبیو رۆشنبیریی كوردستان كردووەو شوێن پەنجەی دیارە.

محەمەد نوری محەمەد عەلی موسا ئاغا، ناوی تەواوی ئەو شاعیرەیەو لەدنیای ئەدەبدا بە غەمناك ناسراوە.

ساڵی ١٩١٨ لەگەڕەكی گۆیژەی سلێمانی لەدایك بووە.

لەئامێزی خانەوادەیەكی رووناكبیردا پەروەردە بووە، محەمەد عەلی موسای باوكی یەكەم خۆشنووسی شاری سلێمانی بووەو نووسەریش بووە، فەرهەنگێكی بەزمانەكانی كوردیو توركیو عەرەبی داناوە، بەڵام چاپ نەكراوە. عەبدولكەریمی براشی شاعیر بووە.

غەمناك هەر لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای شیعر بووە، لەژێر كاریگەری شیعرەكانی ئەحمەد موختار بەگی جافو مستەفا بەگی كوردیو سالمو ئەحمەد هەردیو گۆراندا بووە. خاوەنی چەندین دەقی شیعریی بەرزە.

زۆر سەرسام بووە بەچوارینەكانی بابە تاهیری هەمەدانیو خیام، لەژێر كاریگەری ئەواندا چوارینەی نووسیوەو ٣٠٠ چوارینەی جوانو پڕ مانای نووسیوە. خەمناك بەهۆی كاری باوكییەوە زۆر ناوچەی كوردستان گەڕاوەو

لەهەڵەبجە فەرمانبەری فەرمانگەی كارەبا بووەو كرێی كارەبای سەعاتی ماڵانی تۆماركردووە.
دوای كۆچی دوایی باوكی لەساڵی ١٩٥٢، بەیەكجاری چونەتەوە بۆ شاری سلێمانی، لەوێ كاری عەریزەنووسی كردووە.
بێ لە شیعر، غەمناك خولیای هونەری گۆرانی هەبووە، خاوەنی دەنگێكی خۆش بووە، لەكۆڕو مەجلیسی هاوڕێیانیدا گۆرانی وتوە.
ئەو سەر بەهیچ حزبو رێكخراوێكی سیاسی نەبوو، بەڵام ئینتیمایەكی قووڵی بۆ گەلو نیشتمانەكەی هەبووە، ساڵی ١٩٦٣ بەعسییەكان دەستگیریان كردو لەحامییەی سلێمانی زیندانیان كرد، وەك محەمەد مەردان لەدیوانەكەیدا باسی دەكات، لەزیندان داوایان لە غەمناكی شاعیر كردووە گەر تف لەوێنەی مەلا مستەفای بارزانی بكاتو جنێو بەشۆڕشی كوردستان بدات، لەزیندان ئازادی دەكەن، بەڵام ئەو بەو داوایە رازی نابێو مەرگ هەڵدەبژێرێ، لەسەر ئەو هەڵوێستەی لەرۆژی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ گوللەبارانی دەكەنو لەحامییە دەیكەن بەژێر خۆڵەوە، دوای ساڵێك لەشەهیدكردنی، لەرێورەسمێكی شكۆداری جەماوەریدا تەرمەكەی دەبەن بۆ گردی شەهیدانو لەوێ دەینێژن، هەر لەو كاتەوە ئەو گردە نازناوی شەهیدانی پێدەبەخشرێت. غەمناك لەشیعرێكیدا دەڵێت:

لەساڵی نۆسەدو هەژدەوە ئەبینم
بەتیری دەستی گەردوون دڵبرینم
بەئەشكی خوێنی گەش،چاوپڕگرینم
ئەبێ كەی بێ نەغمەخوێن بێ، بولبولی من

# فاتمە محیّدین



فاتمە محیّدین مامۆستایەکی پێشەنگو پێشڕەو بووە، وەك مامۆستایەکی ژن لەباشوری کوردستان خزمەتێکی زۆری بەکایەکانی پەروەردەو خوێندنو هونەر کردووە.

لەشاری بەغدا لەدایك بووە، بەهۆی ئەوەی باوکی فەرمانبەری کۆمپانیای (رێژی)ی فەرەنسی تایبەت بە بەرهەمهێنانو فرۆشتنی توتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە.

فاتمە سەرەتا لەقوتابخانەی (ئیتحادو تەرەقی) لەبەغدا خوێندوویەتی، بەهۆی روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، لەگەڵ خێزانەکەی گەڕاونەتەوە شاری سلێمانی.

فاتمە کچێکی شۆخ و شەنگو خوێندەوارو رۆشنبیر بووە، لەهەرەتی لاویدا شیعری بەزمانی تورکی نووسیوە. حەمدیی شاعیر کەئەم کچەی بینیوە پێی سەرسام بووەو داخوازی کردووەو بۆتە هاوسەری.

روناکبیرانی بیستەکانی سەدەی رابردوو، پشتیوانێکی بەهێزی خوێندنو پەروەردە بوونو بێ لەکوڕان، هانی کچانیشیان بۆ خوێندن داوە.

لەوکاتەی کە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ موتەسەریفی سلێمانی بوو، ئامادەیی دەربڕیوە کە قوتابخانەیەك بۆ کچان بکەنەوە.

لـەو كاتـەدا تـەنها (گوزیـدە خـانی كچـی عەبدولعـەزیز یـامولْكی) یـان شـك بردووە كە وەك مامۆستا سوودی لێوەربگرن. هەربۆیـە (شێخ نووری شێخ سالْح)ی شاعیر روو لە (فاتمە محێدین) ئەنێت كە بچێتە ئەو قوتابخانەیەو وەك مامۆسـتا خزمـەت بـە خوێنـدكارانی كچـی شـارەكەی بكـات، ئـەویش داواكەی پەسەند ئەكات.

لە رۆژی ٢١ی نیسانی ١٩٢٦ قوتابخانەیەكی كچان بەناوی (زەهرا) لەشاری سلێمانی كرایەوە. قوتابخانەكە لەخانووی (عەلی فەتحوڵلا بەگ) لەشەقامی سـابونكەران دەسـتی بەخوێنـدن كـرد. دواتـر بەهـەوڵی ئـەمین زەكـی بـەگ وەزیری ئیشغالْ، لەرۆژی ٢٠ی ئابی ١٩٢٧ بەردی بناغەی بینایەكی نویْ بۆ ئەو قوتابخانەیە لـەنزیك مزگـەوتی گـەورە دانـراو دوای تـەواو بوونی لـەویْ درێـژە بەخوێنـدن درا. پـاش چـەند سـاڵێك ئـەو قوتابخانـە گوێزرایـەوە بـۆ گەڕەكی دەرگەزێنو خانووی حاجی ئەحمەد پیرۆزی بۆ تەرخانكرا.

(گوزیـدە خـانی كچـی عەبدولعـەزیز یـامولْكی) مـاوەی سـێ سـالْ بەرێوەبـەری ئـەم قوتابخانەیـە بـوو، دواتـر زەهـرا خـانی كچـی مسـتەفا پاشـا یـامولْكی بەرێوەبەر بووە، فاتمە محێدنیش ٣٠ سالْ بەرێوەبەر بووە.

قوتابخانــەی زەهــرای كچــان كــە بەهــەوڵی ئەحمــەد بــەگی توفیـق بــەگی موتەسـەریفی ئـەو كاتـەی سـلێمانیو ئـەمین زەكـی بـەگی وەزیـری ئیشـغال كرایـەوە، لـەرووی مەعنەویشـەوە ، شـێخ نـوری شـێخ سـالْحو پیرەمێـردو روناكبیرانی دیكە پشتیوانی بەهێزی ئەم قوتابخانەیە بوون.

ئەم قوتابخانەیـە لـەو سـەردەمەدا ئـەركی تـەنها خوێنـدنو پـەروەردەی كچان نـەبووە، بـەڵكو خزمەتیشـی بەكایـەی هونـەر كـردووە، دوو شـانۆگەرییان بـۆ مـاوەی هەفتەیـەك لـەرۆژانی ٢٠-٢٧ی ئـازاری ١٩٣٠ لـە قوتابخانەكـەیان پێشكەش كردووە، كە دەنگدانەوەیەكی زۆری لەو سەردەمە هەبووە.

شانۆگەری یەکەمیان بەناوی دایك بووە، شێخ نووری شێخ ساڵح لەسەر داوای فاتمە محێدین بەشیعر بۆی نووسیون، بەهیجەی خوشکی فاتمە دەوری دایکی بینیوە، شەفیقە سەعیدیش دەوری دکتۆری بینیوە.
شانۆگەری دووەمیان بەناوی ( ئینسان ئەوەی ئەیچێنێ، ئەوە ئەدروێتەوە) لەو قوتابخانەیە نمایشکراوە.
ئەم قوتابخانەیە رۆڵی دیاری لە پێگەیاندنی سەدان خوێندکاری کچ هەبووەو پلەی بالاّیان بەدەستهێناوە.
درووود بۆ گیانی پاکی ئەو مامۆستا پێشەنگانەی لەسەردەمێکی تاریکدا، بێ ترس و سڵەمینەوە خزمەتیان کردو وەك چرا سووتان و سلێمانی و کوردستانیان رووناك کردەوە.
فاتمە محێدینی مامۆستای پێشەنگ و هۆشیار، پاش خزمەتێکی زۆر بەکاروانی پەروەردەو خوێندن و هونەر، لەساڵی ١٩٨٦ لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کرد.

# د. فازیل مەلا مەحمود



نووسەرو سیاسەتمەدارێكی ناسراوی كوردستانە، لە بوارەكانی سیاسی و ڕووناكبیری خزمەتێكی زۆری بەگەلی كوردستان كردووە.
ساڵی ١٩٤٩ لە گەڕەكی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووە. لە سلێمانی و بەغدا و ڤیەننا قۆناغەكانی خوێندنی تەواو كردووە.
لە زانكۆی ڤیەننا دكتۆرای لە زانستە سیاسییەكان بەدەستهێناوە.
كەسایەتییەكی چالاكی ڕێكخراوە پیشەیی و سیاسییەكان بووە و لە یەكێتیی قوتابیانی كوردستان و كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان ڕۆڵی دیار و پێشەنگی هەبووە.
دكتۆر فازیل وەك نووسەر و ڕۆژنامەنووس خزمەتی كردووە و خاوەنی چەندین وتار و لێكۆڵینەوە و كتێبی سیاسی و ڕۆشنبیرییە. خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری (الحوار) بووە كە بە زمانی عەرەبی دەریكردووە. بەهۆی هەڵویستی سیاسییەوە لە ساڵانی شەستەكانی سەدەی ڕابردوودا چەند جارێك لەلایەن ڕژێمەكانی عێراقەوە دەستگیر كراوە.
كتێبی (كوردستان و سیاسەتی سۆڤیەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا)، نامەی دكتۆرای د. فازڵ ڕەسوڵەو بە زمانی ئەڵمانی پێشكەش بە زانكۆی ڤیەننای كردووە و لەلایەن غەسان نەعسانەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی و لەلایەن خالید

مەجید فەرەج بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە، ئەم کتێبە بە شاکارێکی گەورەی زانستی دادەنرێت و بەپشتبەستن بەچەندین بەڵگەو سەرچاوەی زانستی، ڕۆشنایی خستۆتە سەر پەیوەندی کورد و سۆڤیەت و ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە دید و تێڕوانینی یەکێتیی سۆڤیەت لە چوارچێوەی ستراتیجی خۆی بووە لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست بۆ پشتیوانی کوردو وەکو کارتێکی فشار بەرامبەر نەیارەکانی بەکاریهێناوە، بەو شێوەیە نەبووە کە هیوای گەورەی لەسەر هەڵچنرابوو!.

ئەم سیاسەتمەدار و ڕوناکبیرەی کورد، لەرۆژی ١٣ی تەممووزی ١٩٨٩ لەگەڵ سەرکردەی ناسراو دکتۆر قاسملو لە ڤیەننا شەهید کران. دواتر تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ شاری سلێمانی و لەگردی سەیوان بەخاک سپێردرا.

# د. فازیڵ قەفتان



بنەماڵەی قەفتان یەكێك لەبنەماڵە دیارو ناسراوەكانی شاری سلێمانین، لەم بنەماڵەیەدا چەندین كەسایەتیی سیاسیی و رۆشنبیریی و كۆمەڵایەتیی و زانستی هەڵكەوتوون، كە هەریەكەیان لەبواری خۆیدا خزمەتی بەگەل و نیشتمان كردووە.

محەمەد عەزیز قەفتان بەسەرقافڵەو پێشەنگی ئەو بنەماڵە هێژایە دادەنرێ، ئەو لەبواری چاپ و چاپەمەنی خزمەتێكی زۆری كردووە، ساڵی ١٩٥٧ چاپخانەی (كامەران)ی لەشاری سلێمانی دامەزراند. لەرێی ئەو چاپخانەیەوە زیاتر لەنیو سەدە خزمەت بەپیت و وشەی پیرۆزی كوردی كرا، لە دڵی ئەو چاپخانەیەوە چەندین كتێب و نامیلكەو گۆڤارو رۆژنامە چاویان هەڵهێنا و خەرمانی ئەدەبی و رووناكبیری كوردییان دەوڵەمەند كرد.

محەمەد عەزیز قەفتان خۆشەویستی پیت و وشەو چاپخانەو چاپەمەنی لەدڵ و دەروونی جگەرگۆشەكانیدا رواند، هەر بۆیەش كورەكانی ئەو مەشخەڵە پیرۆزەیان بەبەرزی راگرت و درێژەیان بەكاری چاپ و چاپەمەنی داو خەرمانەكەیان پڕ بەرەكەت كرد.

د. محەمەد فازیڵ محەمەد عەزیز قەفتان، یەکێك لەئەستێرە درەوشاوەکانی ئەو خانەوادەیە، لەچەند رشتەو بواری جیاوازدا خزمەتی بەکوردستانەکەی کردووە.
ساڵی ١٩٤٣ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە.
بەکالۆریۆسی لەبواری کارگێڕی و دارایی لەزانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.
ساڵی ١٩٧٥ بڕوانامەی دکتۆرای لەبواری ئابووری پیشەسازی لەشاری بوخارستی پایتەختی رۆمانیا وەرگرتووە.
ساڵی ١٩٧٦ لەزانکۆی سلێمانی بەمامۆستا دامەزراوە، جگە لەکاری مامۆستایی وەك ئەمینداری کتێبخانەی زانکۆو بەڕێوەبەری چاپخانەی زانکۆ خزمەتی کردووەو سەرپەرشتی دەرچوونی چەند گۆڤارو بڵاوکراوەیەکی کردووە.
پاش گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ شاری هەولێر، بەهۆی پشتیوانی لە خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆ، وەك سزای سیاسی لەزانکۆ دوور خرایەوە. وەك فەرمانبەر لەکارگەی شەکرو فەرمانگەی ئاماری سلێمانی خزمەتی کرد، دواتر لەبەر پێویستی زانکۆ بەراژەکەی گەڕێنرایەوە بۆ سەر کارەکەی لەزانکۆی سەلاحەدین.
بێ لەکاری ئەکادیمی و خزمەتکردنی خوێندکاران و زانکۆ، لەبواری ئەدەبی و روناکبیریشدا قەڵەمێکی دیار بووەو خاوەنی چەندین کتێب و نامیلکەی نووسراوو وەرگێڕدراوە.
بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن:(نامیلکەی چالاك-چیرۆك بۆ منالان،نامیلکەی من کێم- زانیاری بۆ منالان، گەشتێك بەسروشت و زانستدا، کوخەکەی مام تۆم- وەرگێران، رژێمە ئابوورییەکان، پڕۆژەی

بەکوردیکردنی زانستو خوێندنی باڵا). دوو کتێبیشی بەزمانی عەرەبی هەیە.

بەهۆی توانای زانستیو شارەزایی لەبوارەکانی ئابووریو رووناکبیری، لەساڵی ١٩٩٢ لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان پاڵێوراو بووە ئەندامی پەرلەمانو شوێن پەنجەی بەدارشتنی یاساکانەوە دیار بوو.

بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە، دووجار هەوڵی تیرۆر کردنی دراو بۆیە ساڵی ١٩٩٤ بەناچاری کوردستانی بەجێهێشتو وەك پەناهەندە لەوڵاتی ئەڵمانیا گیرسایەوە، هەر لەغەریبیو لەدووری نیشتمان لەرۆژی ١٥ی مایسی ١٩٩٦ بۆ دوا جارماڵئاوایی کردو هەر لەوێش بەخاك سپێردرا.

بەڵام ناوو ناوبانگو بەرهەمەکانی هەمیشە بەنەمری دەیهێڵنەوە.

# د. فایق گوڵپی



ناسینی من بۆ د. فایق گوڵپی بۆ ناوەڕاستی ساڵانی هەشتەکانی سەدەی رابردوو ئەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کەپێشمەرگە بووم لەکەرتی دووی بازیانی تیپی ٥٧ ی سەگرمە، بەهاری ١٩٨٧ بۆ یەکەمجار د. فایقم لەگوندی بالآجۆی سنووری بازیان بینی، کە وەك هەر پێشمەرگەیەکی ئاسایی تاقمو تفەنگی بەستبوو، کۆڵەپشتێك دەرمانی هەڵگرتبوو، وەك فەرماندەی مەفرەزەی پزیشکی لەگەڵ هێزێکی گەورەی پێشمەرگەدا بوو، بەنیازی پەڕینەوە بۆ بەری سورداشو سەرکردایەتی هاتبوون، ئەوە یەکەم بینینو دوا بینیم بوو لەسەردەمی پێشمەرگایەتیدا. دوای راپەڕین بەڕێکەوت لەگەڕەکی مانگرتووەکانی سلێمانی بووین بەدراوسێو زیاتر ئەو پیاوەم ناسی.

لەم رۆژانەدا کتێبە نوێیەکەی(کەلێرەوە سەیری ژیانی خۆم ئەکەم، بەرگی یەکەم ١٩٦١-١٩٨٩) پێشکەش کردمو بەوردی خوێندمەوە.

ئەم کتێبە کە پانۆرامای ژیانی گوڵپی یە، وەك رۆمانێك بەزمانێکی کوردیی شیرینو پاراو نوسراوە، کە دەست بەخوێندنەوەی ئەکەی کێشت ئەکاو حەز ئەکەی تا تەواوی نەکەی دەستی لێهەڵنەگری.

نوسەر لەم كتێبەدا لاپەڕەكانی ژیانی منداڵی و خوێندكاریو خەباتی نهێنیو پێشمەرگایەتی هەڵئەداتەوە، بەشێوەی گێڕانەوەی حیكایەتو چیرۆكو رۆمان، بەژیانی كەسێكت ئاشنا ئەكات، كەژیانێكی سەختو دژوارو بەئازاری هەبووە. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەر منداڵییەوە بزێوو سەركەشو یاخی، بەلاّم بەوورەو گەشبین، لەهیچ زروفو سەردەمێكدا دەستبەرداری باوەڕو قەناعەتەكانی نەبووە، كە زۆر زیانیشی لێكردووە.

ئەو هێشتا منداڵ بووە، كە حەمە گوڵپی باوكی پێشمەرگەی قارەمانی شۆڕشی ئەیلول لەشەڕێكدا لەنزیك پردی زەڵم لەگەڵ سوپای داگیركەری عێراق لەهەڵمەتبردن بۆ سەر دەبابەیەك شەهید ئەكرێو وەك هێمای قارەمانێتی ئەچێتە مێژووەوە. ئیدی ئەم كوڕە شەهیدە بەهەژاریو بەنەداری، بەوورەیەكی بەرزەوە سەرباری كاركردنو چەرمەسەریو گرفتو ئاستەنگەكانی ژیان، قۆناغەكانی خوێندن بەناڕەحەتی تەواو ئەكاو لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی زانستی نمرەیەكی بەرز دێنێو سێیەمی پارێزگای سلێمانی ئەبێو لەكۆلیجی پزیشكی موسڵ وەرئەگیرێو تەواوی ئەكا.

هەموو خولیای ئەم پیاوە ئەوە ئەبێ ببێ پێشمەرگەو خزمەتی گەلەكەی بكات، هەرواش ئەكاو ئەبێ بەپێشمەرگە. ئەوەی زۆر جێگەی سەرنجە ئەو كاتەی ئەیەوێ ببێ بەپێشمەرگەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، ساڵێك پێشتر برایەكی كە پێشمەرگەی پارتی دیموكراتی كوردستان بووە، لەشەڕی ناوخۆدا لەگەڵ یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان شەهید بووە، ئەوە هەرچەند كاریگەری دەروونی لەسەر خۆیو خانەوادەو كەسوكاری هەبووە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بیرو باوەڕەكەی هەڵبژاردووەو بووە بەپێشمەرگەی یەكێتی!.

لەپێشمەرگایەتی وەك دكتۆرێكی شارەزا خزمەتی زۆری پێشمەرگەو خەڵكی كردووەو هەندێ جار لەو شاخانە لەبواری نەشتەگەریو چارەسەردا موعجیزەی دروست كردووەو دەیان كەسی لەمردن رزگار كردووە.

لەشاخیش سەرباری خزمەتە ناوازەکانی لەبواری پزیشکی، تووشی چەندین گرفتو کێشەی گەورە بووە، بەڵام هەر بەهەمان گیانی سرکو سەرکێشی منالی رووبەروو بۆتەوەو چۆکی دانەداوە.

ئەم کتێبە چیرۆکی ژیانی کەسێکە تالاوی هەژاریو مەینەتی زۆری رۆژگاری چەشتووە، هەر لەمنالییەوە باوکی شەهید بووە، بەبێ نازی باوک گەورە بووە، کاری سەختو تاقەت پڕوکێنی کردووە، خەباتی نهێنی کردووە، وەك دکتۆرێکی پێشمەرگە خزمەتی کردووەو چەندین جار لەکەناری مەرگ گەڕاوەتەوەو تووشی گرفتو ئاستەنگی زۆر بووە، خانەوادەکەی لەهەڵەبجە بەچەکی کیماوی شەهید بووە، بەڵام هەموو ئەوانە کۆڵیان پێنەداوەو لەتێکۆشانی کوردایەتی بەردەوام بووەو لەسەنگەری گەلەکەیدا بووە.

ئەم کتێبە دەیان بابەتی سەرنجڕاکێشی تێدایە، کە تەنها بەخوێندنەوەی چێژی تەواوی لێوەرئەگیرێ.

# فایەق هۆشیار



کەســـــایەتییەکی گـــەورەی نیشـــــتمانیو یاسایيو روناکبیریی کوردستانەو لەرشتە جیاجیاکــادا خزمــەتێکی زۆری پێشــکەش بەگەلو نیشتمانەکەی کردووە.

فایەق مستەفا ئەحمەد کە بە فایەق هۆشیار ناسـراوە لەسـاڵی ۱۹۲۱ لەشـاری سـلێمانی لــەدایك بــووە. قۆناغــەکانی خوێنــدنی لــە ســلێمانیو بەغــدا تــەواو کــردووەو ســاڵی ۱۹٤٤ بڕوانامــەی بەکالۆریۆســی لــە کۆلیجی حقوقی بەغدا بەدەستهێناوە. وەك پارێزەرو دادوەرو ســەرۆکی شــارەوانيو بەرێوەبــەری گشــتیی تــاپۆو شــارەزایەکی دیاری بواری یاسا لە سلێمانيو کەرکوكو کفريو بەغدا خزمەتی کردووە.

مامۆسـتا فایــەق هۆشـیار هــەر لەمنداڵییــەوە لــەژێر کاریگــەری (پیرەمێــرد)ی باپیریــدا بــووەو لــەئامێزی ئــەودا پــەروەردە بــووە، هەربۆیــەش خولیــای نووسـینو کــاری رۆژنامەگــەری هــەبووەو بەرهەمــەکانی لــە گۆڤــاری گەلاوێــژ بڵاوکردۆتــەوەو هاوڕێیــەکی نزیکــی مامۆســتا بــرایم ئەحمــەد بــووەو هــەر بۆیــەش کــە لەنیســانی ۱۹٤۰ مامۆســتا بــرایم ئەکرێتــە ئەفســەری ئیحتیات، گۆڤاری گەلاوێـژ وەك ئەمانـەتێك بـەو ئەسپێريو ئـەويش دڵسـۆزانە تاساڵی ۱۹٤۲ سەرپەرشــتی کــردووەو دەریکــردووەو دواتــر بــە مامۆســتا عــەلادین سەجادی سپێردراوە.

مامۆستا فایەق هۆشیار کەسێکی دڵسۆز بووەو دوای مردنی پیرەمێردی نەمر، پشتیوانێکی بەهێز ئەبێ بۆ درێژەدان بە کاروانی دەرکردنی رۆژنامەی ژین. سەرباری ئەوە هەموو دەستنوس‌و بەرهەمەکانی پیرەمێردی نەمری پاراستووەو لەفەوتان رزگاری کردوون‌و لەچاپ دراون. مامۆستا فایەق هۆشیار کەسێکی بوێرو کوردپەروەر بووەو لەسەر هەڵویستە سیاسییەکانی چەند جارێك دەستگیرکراوەو لە وەزیفە دور خراوەتەوە، بەڵام هەر کۆڵی نەداوەو بە پاکی‌و دڵسۆزی لەخزمەتی کوردستاندا بووە.

مامۆستا فایەق هۆشیار بەرهەمەکانی لە گۆڤارەکانی گەلاوێژو نزارو گۆڤارو رۆژنامەکانی دیکەدا بلاوکردۆتەوە. ساڵی ٢٠٠٠ بیرەوەرییەکانی لەشاری لەندەن چاپکراوە. ئەم کەسایەتییە هەڵکەوتووەی کوردستان پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشی، لەرۆژی ١ی ئایاری ٢٠٠٢ لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کردو لەسەر راسپاردەی خۆی تەرمە پیرۆزەکەی برایەوە بۆ شاری سلێمانی لەگردی مامەیارە بەخاك سپێردرا. بەڵام ناوو ناوبانگ وبەخشش و بەرهەم و دڵسۆزی و جوامێریی هەر بەنەمری ئەیهێڵنەوە.

# فەتحی



فەتحی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەرێی شیعرو بەرهەمەکانییەوە خزمەتی زۆری بەکاروانی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردستان کردووە.
ئەگەرچی ئەم شاعیرە خاوەنی دەیان پارچە شیعری بەرزو جوانەو لەمەیدانی وەرگێرانیشدا شوێن پەنجەی دیارە، کەچی وەك پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوەو لەسەری نەنوسراوەو تیشك نەخراوەتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی و لەپەراوێزدا ماوەتەوە.
بەڵام ئەوە لە بایەخ و گەورەیی ئەم شاعیرە کەم ناکاتەوەو شیعرو بەرهەمەکانی وەك زێری شاراوەن و هەرکاتێ دەرکەون ئەدرەوشێنەوە.
شێخ فاتیح کوڕی شێخ فەتاح کوڕی شێخ ئیسماعیلی دۆڵان، ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیەو لەجیهانی ئەدەبدا بە(فەتحی) ناسراوە.
ساڵی ١٩١٨ لەگوندی دۆڵانی خوارووی سەر بەناوچەی قەرەداخ لەدایك بووەو لەئامێزی خێزانێکی رووناکبیرو ئاینپەروەردا پەروەردە بووە. باپیریشی کەسایەتییەکی بەدیمەنی سەردەمی خۆی بووەو شاعیریش بووەو نازناوی (سەودایی) بووە.
فەتحی لەگوندی دۆڵان و شاری سلێمانی وانە ئاینییەکانی خوێندووەو دوا پلەی لەو بوارەدا بەدەستهێناوە.

فەتحی لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای دنیای ئەدەب بەگشتیو شیعر بەتایبەتی بووەو خاوەنی دەیان پارچە شیعری بەرزو جوانە کە لەدووتوێی دیوانەکەیدا خراونەتە روو. شیعرەکانی فەتحی شیعری ئاینیو نیشتمانیو خۆشەویستین. لە بۆنە ئاینیو نیشتمانیو تایبەتەکانیشدا بۆ مەرگی کەسانی بنەماڵەو خانەوادەکەیو کەسایەتییەکان شیعری لاوانەوەی نووسیوە.

بێ لەشیعر فەتحی کاری وەرگێڕانیشی کردووە، بەحوکمی ئەوەی زمانەکانی فارسیو عەرەبی بەباشی زانیوە، لەو دوو زمانەوە بەگشتیو زمانی فارسی بەتایبەتی چەندین کتێبی وەرگێڕاوە، لەدیارترینیان وەرگێڕانی چوار بەشی شانامەی فیردەوسییە. بەگشتی نۆ کتێبی وەرگێڕاوە. ئەوەی جێگەی سەرنجیشە، فەتحی شێوەزاری هەورامی بەباشی زانیوەو هەندێ بەرهەمی لەوشێوە زارەوە بۆ کرمانجی خواروو(سۆرانی) یاخود بەپێچەوانەوە وەرگێڕاوە.

ئەم شاعیرە پایە بەرزەی کوردستان لە رۆژی٦ی ئەیلولی ١٩٦٢بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لەدنیای شیعرو ئەدەب کردو لەگۆڕستانی شێخ فەتاحی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# فەرهاد شەریف



فەرهاد شەریف شانۆكار و دەرهێنەر و ئەكتەرێكی بەئەزموون و دیاری كوردستانە، ئەم هونەرمەندە گەورەیە لە شاری هەولێرەوە دەستی بەكاری هونەری كرد و لەو بوارەدا خزمەتێكی گەورەی بەبزاڤی هونەری بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی لە كوردستان كرد.

ساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەولێری دێرین لەدایك بووە. لە هەولێر و بەغدا خوێندویەتی و ساڵی ١٩٧١ بەشی شانۆی كۆلیجی هونەرە جوانەكانی بەغدای تەواو كردووە و لە بواری دەرهێناندا پسپۆڕی وەرگرتووە. ئیدی لەوكاتەوە لەسەر بنەمایەكی زانستی ژیانی خۆی بۆ كاری دەرهێنان و نواندن لە بواری بەشانۆ تەرخانكرد. زیاتر لە ٢٠ بەرهەمی دراما و شانۆی هەیە لەوانە: (كاوەی ئاسنگەر، مەم و زین، دووبرا، هەڵگەڕانەوە، گێلە پیاو، خۆتان بگرن هات) و چەندانی دیكە.

مامۆستا فەرهادی هونەرمەند لەدوای ڕاپەرینی ئازادیی ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵی دیاری هەبووە لە دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەكانی هەولێرو ماوەیەكیش بەڕێوەبەری ئەو پەیمانگایە بووە و شوێن پەنجەی بەگەشەپێدان و فراوانكردنی پەیمانگاو پەروەردەكردنی نەوەی نوێوە دیار بووە. كارو بەرهەمەكانی فەرهاد شەریف هی ئەوەن چەندین لێكۆڵینەوەو

نامــەی ماســتەرو دکتــۆراو کتێبیــان لەســەر بنوســرێ و لایەنــە گــەش و پرشـــنگدارەکانیان بخرێتـــە ڕوو. لـــەڕۆژی ١٧ی تـــەموزی ٢٠١٥ ئـــەم هونەرمەنـدە گـەورە و ناسـراوەی کوردسـتان بـەهۆی نەخۆشـییەوە کۆچـی دوایی کرد و لە ڕێورەسمێکی شکۆداردا لە شاری هەولێر بە خاك سپێردرا. وەك ڕێزلێنانێـك لـەم هونەرمەنـدە خۆشەویسـتە و بەرهـەم و بەخششـەکانی، لەناو بارەگای سـەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لـە هـەولێر پەیکـەرێکی بۆ دروستکراوە.

# فەرەیدون عەلی ئەمین



فەرەیدون عەلی ئەمین، ناوێكی دیارو پرشنگدارە لەلاپەڕە درەوشاوەكانی مێژووی كوردستاندا. ئەو وەك مامۆستا وپەروەردەكار و ئەدیب و پێشمەرگە خزمەتی بە گەلەكەی كرد.

مامۆستا فەرەیدون ساڵی ١٩٣٣ لە ئامێزی خانەوادەیەكی ڕووناكبیر و زانستپەروەری سلێمانیدا لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا تەواو كرد و بوو بە مامۆستای سەرەتایی و لە قوتابخانەكانی شاری سلێمانی و دەورو بەری خزمەتێكی زۆری بە منداڵانی كوردستان كرد و بە گیانی كوردپەروەری گۆشیكردن.

مامۆستا فەرەیدون هەر لە سەرەتای ژیانی گەنجییەوە تێكەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی بوو. بەهۆی هەڵویستە سیاسی و نیشتمانییەكانی لە سەردەمی پاشایەتیدا ڕووبەڕووی ڕاونان و گرتن و ئەشكەنجە بۆوە . لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول پەیوەندی بە شۆڕشەوە كردو وەك پێشمەرگەیەك خزمەتی كرد. لە ڕیزی پێشمەرگایەتیشدا بایەخی بەبواری ڕووناكبیری و ڕۆژنامەنووسی ئەدا و بەهاوكاری ژمارەیەك لەئەدیبان گۆڤاری دەنگی پێشمەرگەی دەكرد و بەهۆی شارەزایشی لە بواری یاسادا وەك دادوەرێك لە هێزی خەبات كاری كرد. سەرباری خەبات و تێكۆشانی سیاسی، بواری ئەدەب و كولتوور مەیدانی ئەساسی چالاكی ئەو بوون و

لـەو بوارانـــەدا ڕۆڵـــی کاریگـــەری گێـــڕاوە و لـــە ســـەرەتای پەنجاکانـــەوە بەرهەمـــەکانی بڵاوکردۆتـــەوە. لـــەدوای بـــەیانی ئـــازاری ١٩٧٠ هاتۆتـــەوە سـلێمانی و دواتـر چـۆتە بەغـدا و لـەوێ تـەوژمێکی گـەورەی بـە چـالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی یەکێتیی نوسەرانی کورد داوە و کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیریی کوردی دامەزرانـدووە. هێنـدەش خولیـای خوێنـدن بووە ئێـواران لـە زانکـۆی موستەنسـریە خوێندویـەتی و سـاڵی ١٩٧٥ بەکالۆریۆسـی لەپـەروەردە و دەروننـاسی بەدەستهێناوە. بەهۆی توانـای زۆری ڕۆشـنبیرییەوە لـە سـاڵانی ١٩٨٥ تـا ١٩٨٩ وەك مامۆسـتای وانەبێـژ لـە کـۆلیجی پـەروەردەی زانکـۆی بەغـدا، وانـەی ئـەدەبی کـوردی گوتۆتـەوە. مامۆسـتا فەرەیـدون وەك شـاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس خزمەتی کردووە. پشکی شێری بەرهەمەکانیشی بۆ خزمەتی منداڵانی کوردستان تەرخان کردووە و چەندین کتێبی پـەروەردەیی بۆ منداڵان هەیە کە بابـەتی شیعر و چیرۆکی لـەخۆگرتووە لەوانـە: (پاڵـەوانی دواڕۆژ بە هاوبەشی لەگەڵ مامۆستا عومەر عەبدولرەحیم، پیاوە بچکلۆلەکە، کارژۆلـــە، پاکـــژی، ســـێو، گەنمەشـــامی، جوجەڵـــە و بێچـــووە مـــراوی، پیرەمێردێکی ڕیش درێژ)، بابەتەکانی منداڵانی هێندە زانسـتی و بەپێز بوون بوونەتە بابـەتی نامـەی ماسـتەر و لـەو چوارچێوەیەدا خـاتوو (پـەری ڕەووف ئـەمین) لەسـەر بابـەتی ئـەدەبی منـداڵان لـە فیکـری فەرەیـدون عـەلی ئەمینـدا نامەی ماستەری لە کۆلیجی ئادابی زانکۆی لاهـای بەدەستهێناوە. هـەروەها خـاوەنی کتێبـی (چـەند سـەرنجێك لـەپیرەمێردی شـاعیر)ە. چـەندین وتـار و لێکۆڵینـــەوەی دیکـــەی ئـــەدەبی و سیاســـی و پـــەروەردەیی لـــە گۆڤـــار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

ئـەم پیـاوە بلیمـەت و هەڵکـەوتووەی کـورد لـەرۆژی ١٩٩١/١١/٢٥ بـۆ دواجـار ماڵئاوایی کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

# فەلەكەدین كاكەیی



فەلەكەدین كاكەیی، كەسایەتییەكی سیاسی و ڕووناكبیری و قەڵەمێكی دیاری كوردستانە. خزمەتێكی گەورەی بە بوارەكانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی كوردستان كردووە.
فەلەكەدین سابیر حمود كاكەیی، ساڵی ١٩٤٣ لە شاری كەركوك لەدایك بووە. لەسەرەتای لاوێتیدا دیدو تێڕوانینی چەپی هەبووە و پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە كردووە. دواتر پەیوەندی بە پارتی دیموكراتی كوردستانەوە كردووە و بووە بە یەكێك لە سەركردە و ڕوخسارە ڕۆشنبیرییە دیارەكانی ئەو حزبە. كاكەیی زیاتر لە ٦٠ ساڵ لە كۆڕی تێكۆشانی سیاسی و فیكری و ڕۆشنبیری و پێشمەرگەییدا بوو. لە دنیای سیاسەتیشدا بوارەكانی نووسین و ڕۆشنبیری، مەیدانی سەرەكی كاركردنی ئەو بوون. بەرپرسی چەندین دەزگای میدیایی و ڕۆشنبیری و سەرنوسەری چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری كوردی و عەرەبی بووە. پەرمانتار بووە و لە دوو كابینەی حكومەتیشدا وەزیری ڕۆشنبیری بووە. خاوەنی سەدان وتار و دەیان كتێبی ئەدەبی و سیاسییە.
لەرۆژی ٣١ی تەمموزی ٢٠١٣ كۆچی دوایی كرد.

# فەهمی قەرەداخی



فەهمی قەرەداخی نووسەرو رۆژنامەنووس و روونـاکبیرو تێکۆشـەرێکی گومنـاوی کوردستانەو لەچەند رشتەیەکی جیاوازدا خزمـەتی بـەکاروانی کولتـووریو خـەباتی سیاسیی کوردستان کردووە.

فـەهمی کـوڕی شـێخ ئـەنوەر کـوڕی شـێخ عومەری قەرەداخییە.

رۆژی ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ لەشاری هەڵەبجە لـەدایك بـووەو لـەئامێزی خانەوادەیەکی روونـاکبیریدا پەروەردە بووە.

لەسلێمانیو هـەولێرو بەغدا خوێندوویەتیو سـاڵی ١٩٧٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی زانستی رامیاری لە کۆلیجی یاساو رامیاریی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.

فەهمی هەر لەسەرەتای شەستەکانەوە تێکەڵاوی خەباتی پیشەیی بووەو هاوینی ١٩٦٢ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو کادیرێکی وریاو زرنگ بووەو لەو رێکخراوە پیشەییەدا پێشکەوتووەو بووە بە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

فەهمی دیدو تێڕوانینی چەپی هەبووە، هەر بۆیەش لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵـەی رەنجـدەرانی کوردسـتان لەسـاڵی١٩٧٠دا پەیوەنـدی بـەو رێکخراوەوە کردووەو کادیرێکی ژیرو هۆشیارو چالاکی کۆمەڵە بووە.

فـەهمی قـەرەداخی خولیـای کـاری نووسـین و رۆژنامەگـەری هـەبووە، هـەر بۆیـەش لـە سـاڵی ۱۹۷۱ەوە وەك پـەیامنێری رۆژنامـەی هاوکـاری خزمـەتی کـرد و کاروچالاکییە سیاسـی و رۆشـنبیری و رۆژنامـەوانی و هونەرییـەکانی پارێزگای سلێمانی بەقەڵەمی ئەو لەو رۆژنامەیەدا بڵاو بوونەتەوە.

لـەپاش ئـەوەی رژێمـی بـەعس، رۆژنامەکـەی خسـتە خزمـەتی سیاسـەتی دزێـوی خـۆی، فـەهمی خـۆی لـەکارکردن لـەو رۆژنامەیـە دزییـەوەو هـاوینی ۱۹۷۵ دەستبەرداری کاری رۆژنامەنووسی لە رۆژنامەی هاوکاری بوو.

زیاتر خۆی بۆکاری سیاسیی کۆمەڵە تەرخانکرد و بۆ شوێنە ونی لەچاوی دەزگا ئەمنییەکانی بەعس بەماڵەوە چووە شاری هەولێرو لەوێ نیشتەجێ بوو.

بـەڵام بـەهۆی هەڵسـوڕانی سیاسـییەوە، دیـارە هـەر جێـی سـەرنجی دەزگـا ئەمنییـەکان بـووەو هـەر بۆیـەش لـە رۆژی ۲۹ی تشـرینی دووەمـی ۱۹۸۰ دەستگیر کراو لەو کاتەوە بێسەرو شوێنە.

مامۆسـتا فوئـاد قـەرەداخی بـرای ، هـەموو نووسـین و دیمانـەو بەرهەمـە رۆژنامەنووسـییەکانی فـەهمی قـەرەداخی لـە دوو تـوێی کتێبێکـدا بەناوونیشانی (ناتوانن پەیڤەکانم زیندانی بکەن) کۆکردۆتەوەو پیشەکی بۆ نووسیوەو ساڵی ٢٠٠٤ چاپی کرد.

بەرهـەم و دیـدو تێڕوانـی فیکـری شارسـتانی و ژیـانی سیاسـیی فـەهمی قەرەداخی، هی ئەوەن چەندین وتارو لێکۆڵینەوە، تەنانەت نامەی ماستەرو دکتۆراشـی لەسـەر بنووسـرێ و زیـاتر تیشـك بخرێتـە سـەر ژیـان و بەرهـەم و گۆشەنیگا فیکرییەکانی.

# قادر دیلان



قـادر دیـلان هونەرمەنـدێکی دیـارو ناوداری کوردستان بوو، لەڕشتەکانی موزیـکو گۆرانیـدا خزمـەتێکی زۆری بەگـــەلو نیشـــتمانەکەی کـــردو بەپێشــــــەنگی نوێکردنـــــــەوەو بەئـەکادیمیکردنی هونـەری موزیـکو گۆرانیی کوردی دادەنرێت.

قـادر کـوڕی مـەلا ئەحمـەدی دیـلان کوڕی مەلا ساڵح کوڕی مەلا قادر، ناوی تەواوی ئەو هونەرمەندەیەو بە(قادر دیلان) ناسراوە.

سـاڵی ١٩٣٠ لەخانەوادەیـەکی هونەرپـەروەرو دەنگخـۆش لـەدایك بـووە، لـەئامێزی ئـەو خانەوادەیـەدا پـەروەردە بووە. بـاوکی مـەلا ئەحمـەدی دیـلان مەقامبێـژێکی دەنگخـۆش بـووە، حەمـە سـاڵح دیلانـی بـرا گـەورەی شـاعیرو هونەرمەنـد بـووە. لەسـایەی ئـەو خانـەوادە هونەرییـەدا، هـەر لەمنداڵییـەوە خولیای هونەر بووە.

دیـلان قۆناغـەکانی خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدیو ئامـادەیی لەشـاری سلێمانی تەواو کردووە. لەسـەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای هونـەر بووە، هێشـتا خوێنـدکاری ئامـادەیی دەبـێ، لەسـاڵی ١٩٤٧ بەشـداری خـولێکی فێربـوونی مـوزیکی کـردووە، کـە هونەرمەنـدی ناسـراوی عێـراق (حـەننا بوترس) سەرپەرشتی خولەکەی کردووە.

دوای خوێندنی ئامادەیی، دیلان بۆ خوێندنی زانکۆ چۆتە بەغدا، لـەکۆلێجی بازرگـانی دەسـتی بەخوێنـدن کـردووە، کـە خوێندنەکـەی بـەیانیان بـووە،

ئێـوارانیش لەپـەیمانگای هونـەرە جوانـەکان خوێندویـەتی. بـەڵام بـەهۆی جموجوڵی سیاسییەوە، نـەیتوانیوە درێـژە بەخوێنـدن بدات‌و لەهـەردووکیان فەسـڵکراوە. پـاش نائومێـد بـوونی لەخوێنـدن، سـاڵی ١٩٥١ وەك ژەنیـاری کلارنێت لە ئێزگەی بەغدا دامـەزراوە، لەگـەڵ هونەرمەنـدان( شـەماڵ سایب‌و باکوری) چونەتە تیپـی مۆسـیقای رادیـۆی بەغـدا، کـە هـەموو ئەندامـەکانی عـەرەب بـوون، دیـلان لـەو تیپـەدا خزمـەتێکی زۆری بەهونـەری کـوردی کـردووەو ئـاوازی گـۆرانی بـۆ چـەندین هونەرمەنـدی کـورد دانـاوە. دواتـر پەیوەنـدی بـە تیپـی مۆسـیقای ئـەنوار کـرد کەئەندامـەکانی لەمامۆسـتا دیارەکـانی مۆسـیقای عێـراق بـوون، ئـەم تیپـە هەفتانـە ئاهـەنگی گـۆرانی‌و موزیکی پێشکەش دەکرد، دیلان بەهۆی توانا هونەرییەکەوە خزمـەتی زۆری پێشکەش بەو تیپە کرد.

کە تیپی مۆسقای رادیۆی کوردی بەغدا دامەزرا، دیـلان بوو بەسـەرۆکی ئـەو تیپـە. لـەرێی ئـەو تیپـەوە خزمـەتێکی زۆری پێشـکەش بەهونـەری مـوزیکی کوردی‌و هونەرمەندانی کورد کرد، ئاوازی بۆ دەیان گۆرانیی کوردی دانا.

دیـلان سـاڵی ١٩٥٧، گەڕایـەوە شـاری سلێمانی، لـەوێ پرۆژەیـەکی نـوێی هونـەری پێشـکەش کـرد‌و لەگـەڵ هونەرمەنـدان( ولیـەم یۆحـەننا، بەهجـەت رەشـید، نـەجات عەبـدە)، مۆڵـەتی رەسمـی (تیپـی مۆسـیقای مەولـەوی)یان وەرگرت‌و لەرێی ئەو تیپـەوە خزمـەتێکی زۆریـان بەهونـەرو مـوزیکی کوردی کرد.

دیلان خەونی ئەوەی هەبوو کە لە وڵاتێکی ئەوروپی بەشێوەیەکی ئەکادیمی هونەری موزیك بخوێنێ، ساڵی ١٩٦٢ دەرگـای بـەدیهێنانی ئـەو خـەونـەی بۆ والاّ بوو، سەردانی ئەورووپای کرد‌و لە شاری پراگی دڵگیر گیرسایەوە، لـەوێ لـەبواری هونـەری موزیـك خوێنـدی‌و بڕوانامـەی بـەرزی لـە هونـەری ژەنـینی ئامێرەکانی( فلوت‌و پیانۆ) وەرگرت. شارەزایی زۆری لەو ئامێرانەو ئامێری کلارنێت پەیدا کرد.

لەپراگ چەندین بەرهەمی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی پێشکەش کرد، موزیکی بۆ چەند فلمێکی بەڵگەنامەیی تایبەت بەکوردو کوردستان دانا.
بەهۆی شارەزایی زۆری لەهونەری موزیك، لەرادیۆی پراگ دامەزراو لەو رێیەوە زیاتر ناسراو خزمەتی بە هونەری موزیك کرد. بەهۆی ناسینیەوە لەسەر ئاستی جیهان، تیپی مۆزیکی شاری تەفلیسی پایتەختی جۆرجیا، بەرەسمی داوایان لێکرد کاریان لەگەڵ بکات، ئەویش داواکەیانی پەسەند کردو بووە ئەندامی تیپەکەیان، لەبەر توانای بەرزی هونەریو خۆشەویستی زۆریان بۆی، تیپیەکەیان ناو نا (دیلان). ئیدی بەهۆی کارو بەرهەمە موزیکییەکانی، وەك هونەرمەندێکی جیهانی دەرکەوت. بەشداری چەندین ئاهەنگو فیستڤاڵی جیهانی کردو خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشرا.
ساڵی ١٩٨٩ ئەلبومێکی نوێی دەرکرد، کەچەندین گۆرانیو سروودی لەخۆگرتبوو، لەناویاندا پارچە موزیکێکی خەمگینی بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید دانابوو.
هەر لەساڵی ١٩٨٩ سەمفۆنیای (دەمی راپەڕین)ی پێشکەش کرد، کە سەمفۆنیایەکی سەنگینو بەرزی هونەری بوو، پێش دوو ساڵ لەراپەرین، مامۆستا دیلان ئەو کارەی کرد، وەك ئەوەی گوێچکەی سووکی مۆسیقی بەئومێدەوە پێی بڵێ، بەم زوانە راپەڕین روو ئەدات، خۆتی بۆ ئامادە بکە!
دوای خزمەتێکی زۆر بەکایەکانی هونەری کوردی، رۆژی ١٨ی ئازاری ١٩٩٩، هونەرمەندی گەورەی کوردی جیهانی، قادر دیلان کۆچی دوایی کرد. هەرچەند وەسێتی کردبوو لە سلێمانی بنێژرێ، بەڵام لەو کاتەدا نەتوانرا تەرمەکەی بۆ سلێمانی بهێنرێتەوە، بەشێوەیەکی کاتی لەپراگ نێژرا.
دواتر لەسەر ئەرکی خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد)، تەرمی مامۆستا قادر دیلان لەرۆژی ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ هێنرایەوە بۆ شاری سلێمانیو لەرێورەسمێکی شکۆداردا لەگردی سەیوان بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

# قادر زیرەك



قادر زیرەك هونەرمەندێكی ناسراوی كوردستانەو لەرێی هونەری گۆرانییەوە خزمەتی بەكاروانی كولتووریی كوردستان كردووە.
قادر ئەحمەد مستەفا ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندەیەو بە(قادر زیرەك) ناسراوە.
ساڵی ١٩٥٤ لەگوندی بێركۆتی سەر بەشاری هەولێر لەدایك بووە.
بێركۆت ئەو گوندە بچووكەی نزیك شاری هەولێر، بەهۆی ئەوەی زێدی چەند كەسایەتییەكی سیاسیو ئەدەبیو هونەری وەك ( عەزیز محەمەدو عەبدوڵڵا پەشێوو قادر زیرەك) بووە، لەسەر ئاستی كوردستانو عێراق ناسراوە.
قادر زیرەك لەو گوندەو لەناو شاری هەولێر قۆناغەكانی سەرەتاییو ناوەندی خوێندو بەهۆی سەختی ژیانو گوزەرانی خانەوادەكەیەوە نەیتوانی لەوە زیاتر بخوێنێ.
قادر زیرەك هەر لەمنداڵییەوە خولیای هونەری گۆرانی بەگشتیو دەنگی هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەك بەتایبەت بوو، هەر بۆیەش لاسایی ئەو هونەرمەندەی كردەوە، بەهۆی ئەوەشەوە نازناوی زیرەكی وەرگرت.
قادر زیرەك لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە دەستی بەگۆرانی گوتن كردو ساڵی ١٩٧٧ دەرفەتی بۆ رەخسا یەكەم گۆرانی خۆی بەناوی (دوورم

لەیاران) لەئیزگەی کوردیی بەغدا تۆمار بکا. ئەو گۆرانییە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بووە مایەی ئەوەی کە لەسەر ئاستی کوردستان بناسرێ.
لەدوای ئەوە چەند بەرهەمێکی تری بۆ ئیزگەو تەلەفزیۆن تۆمار کرد لەوانە (ئەمان ساقی، لەدوگمەی سینە، لەبنەوار، بازی کوێستان)و چەندانی تر.
ئەگەرچی ئەم هونەرمەندە ماوەیەکی کەم ژیاو بەجوانەمەرگی سەری نایەوە، بەڵام ناوو ناوبانگ‌و دەنگە بەسۆزو بەرهەمە رەسەنەکانی بەنەمری ئەمێنێتەوە.
ئەم هونەرمەندە لەرۆژی ١٧ی تەمووزی ١٩٨١ لەسەر رێگەی خەلیفان- هەریر بەکارەساتی ئۆتۆمبیل کۆچی دوایی کرد.

# قادر كابان



قادر كابان هونەرمەندێكی ناسراوی كوردستانە، خاوەنی دەنگێكی بەسۆزو ئەفسوناوی بوو، لەڕێی هونەری گۆرانییەوە خزمەتێكی زۆری بەكایەی هونەری‌و كولتووریی كوردستان كرد.
قادر جەلال مەحمود ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندەیەو بەقادر كابان ناسراوە. ساڵی ١٩٣٧ لەگەڕەكی مەڵكەندیی شاری سلێمانی لەدایك بووەو لەباوەشی خانەوادەیەكی هونەریدا پەروەردەو گەورە بووەو هەر ئەوەش وایكردووە كە لەژێر كاریگەری هونەردا بێ‌و ئەو ڕێچكەیە بگرێتە بەر. قادر كابان تا قۆناغی سەرەتایی خوێندووەو بۆ بژێوی پەیداكردنی خێزانەكەی شانی داوەتە بەر كاسبی كردن‌و بووە بەشاگردی سەرتاش‌و دواتر بووە بەوەستای سەرتاش‌و خاوەنی دوكانی خۆی بووە.
قادر كابان بەهۆی ژینگەی هونەری خانەوادەكەیەوە هەر لەمنداڵییەوە خولیای هونەری گۆرانی بووەو لەدوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ دەستی بەبلاوكرنەوەی بەرهەمەكانی كردووەو لەڕێی دەنگە بەسۆزەكەیەوە لەسەرانسەری كوردستاندا ناسراوە. كابان هونەرمەندێكی دڵسۆزو كوردپەروەر بووەو لەڕێی تۆماركردنی چەند سروودێكی نیشتمانییەوە جەماوەرو پێشمەرگەی بۆ خەبات‌و تێكۆشان جۆشداوە.
كابان هونەرمەندێكی بەسەلیقەو ناسك بووەو شیعری وەسف‌و جوانی

شاعیرانی وەك گۆران و وەلی دیوانەی کردووە بەگۆرانی و گۆرانییەکانی هێندە جوان و هەست بزوێنن، ئێستاش خەڵك بەتاسەوە گوێیان لێئەگرێ.

هونەرمەند هەرچەند خاوەنی چەند گۆرانییەکی کەمە، بەڵام چونکە خاوەن دەنگێکی رەسەن و ئەفسوناوی بووە، بەو گۆرانیانە وەك هونەرمەندێکی گەورە ناسراوە. گۆرانی لەدرزی پەچەوە کە بەگۆرانی جادە چۆڵ و سێبەر بوو ناسراوە و لەشیعری شاعیری گەورە گۆرانە و یەکێکە لەو گۆرانیە خۆشانەی کە کابانی زیاتر بەخەڵك ناساند. گۆرانیەکانی تری وەك (دەربەدەری، شەم، بەجارێ ماڵی وێرانم، فریشتە، چاوەڕوانی بێهودە، بۆ کچێکی شۆخ، لەرێی دڵداریداو گوڵی سوور) هەریەکەیان بەشاکارێکی هونەریی بەرز دادەنرێن.

هونەرمەند قادر کابان لەگەڵ تیپەکانی مۆسیقای سلێمانی و مەولەوی و هەولێر کاری کردووە و بەرهەمەکانی لەگەڵ ئەواندا تۆمار کردووە.

هونەرمەند سەرباری کاری هونەری کەسێکی دڵسۆزو کوردپەروەر بوو، هەر بۆیەش دەزگا ئەمنییەکانی بەعس لە رۆژی ٢٨ی شوباتی ١٩٨١ لەدوکانەکەی خۆی لەشاری سلێمانی دەستگیری دەکەن و بێسەرو شوێنی دەکەن و دواتر شەهیدی ئەکەن و تەنانەت تەرمە پیرۆزەکەشی بەکەسوکاری نادەنەوە. هونەرمەندی شەهید قادر کابان بەهۆی دڵسۆزی و کوردپەوەری و بەرهەمە هونەرییەکانیەوە هەمیشە بەنەمری ئەمێنێتەوە.

# قاله مەڕە



ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا
خرۆشی رۆحی بێگانە
میزاجی كوردەواریم تێكچووە،
دەروێش عەبدوڵڵا
دەخیلت بم دەسا بەو لاوك‌و
ئای ئای‌و حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ
دەروونی مات‌و چۆڵم كە!
لە بیتهۆڤن زیاتر بەرۆحم
ئاشنای، وەڵڵا
دە ئەی دەروێش، سكاڵایەك
لەگەڵ رۆحی كلۆڵم كە!
(گۆران)

قادر عەبدوڵڵا زادە (قالە مەڕە)، هونەرمەندی میللیی كوردستان، لەرێی شمشاڵەكەیەوە خزمەتی بەهونەری كوردی كردووە، ناوی بەشانازییەوە لەمێژووی كوردستاندا تۆمار كراوە.

سالی ١٩٢٠ لەگوندی كولیجەی نێوان شارەكانی بۆكان‌و مەهاباد لەدایك بووە.

قالە مەڕە باوكی خۆی نەبینیوە، لەتەمەنی ٦ ساڵیدا دایكیشی كۆچی دوایی كردووە. ئیدی بەكولەمەرگی‌و نەهامەتی رۆژگاری منالی بەرێكردووە.

هەر لە مێرمنداڵییەوە خولیای هونەر بووە، بۆ دەربڕینی ئەو خولیایە شمشاڵی هەڵبژاردووە، ئەو ئامێرە کوردەوارییە هاوڕێ و هاوخەمی بووەو تا ڕۆژانی کۆتایی تەمەنی بەراستگۆیی لەگەڵیدا ماوەتەوە.

قالەمە مەڕەی هونەرمەند، کەسێکی کوردپەوەر بووەو هەمیشە لەگەڵ خەم و ئازاری گەلەکەیدا بووە. بەشداری ڕێوڕەسمی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی کردووەو فرمێسکی شادی بۆ ڕشتووە. هاوڕێی نزیکی شاعیرانی ناودار( هێمن و هەژار ) بووە.

دوای روخانی کۆمارو لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد، خۆی شاردۆتەوەو ئاوارەی باشوری کوردستان بووەو ماوەیەك لەسەرکەپکان و کۆیە ژیاوە.

قالە مەڕە لەسالآنی پەنجاکانەوە، چەندین پارچە موزیکی رەسەنی لە ڕێی شمشاڵەکەیەوە داوە بە ئیزگەو تەلەفزیۆنەکانی (کرماشان، تاران، سنە، مەهابادو ورمێ)، لەڕێی ئەو میدیایانەوە ئاوازە بەسۆزەکانی بەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا بڵاوبۆتەوەو خەڵکی پێی ئاشناو سەرسام بوون.

ئەو هاوڕێی هونەرمەندی گەورە ( حەسەن زیرەك) بووە، هاوکاری کردووەو لەئاهەنگەکانیدا شمشاڵی بۆ ژەنیوە.

ئاوازی ئەو کاریگەری لەسەر هونەرمەندانی تری وەك (خالقی و مامڵێ و شاروخی) هەبووەو لەگۆرانییەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

بێژەن کامکار لە بارەی شمشاڵەکەی قالە مەڕەوە وتویەتی(کاریگەری ئەم دەنگە رەسەنە لەسەر گرووپی کامکاران زۆر بووە، بەداخەوە نەمانتوانی و دەرفەت نەبوو، کارێکی هونەری پێکەوە بکەین. بەلآم لەگۆرانی و بەرهەمە موزیکییەکانماندا ئەو ڕۆحە هونەرییە کوردییە هەیە).

ئەم هونەرمەندە زیاتر لەنیو سەدە شمشاڵی ژەنی و لەڕێی ئەو ئامێرە ساکارەوە، خزمەتێکی گەورەی هونەری پێشکەش بەگەلەکەی کرد. ئەو

بەشداری چەندین فیستڤاڵی هونەری لەناوخۆو دەرەوەی ئێراندا كردووە، بەئاوازی رەسەنی شمشاڵەكەی گوێگرانی دڵخۆش‌و سەرسام كردووە.
چەندین جار خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشراوە، تەنانەت دەستنیشان كرا بۆ ئەوەی خەڵاتی باشترین شمشاڵژەنی هاوچەرخی لەئەڵمانیا پێببەخشرێت، بەڵام بەهۆی هەژاری‌و كەمدەرامەتییەوە نەیتوانی سەردانی ئەو وڵاتە بكات‌و خۆی خەڵاتەكە وەربگرێت.
لەشاری سلێمانیش خەڵات كراوەو سەرۆك مام جەلال پێشوازی لەوو چەند هونەرمەندێكی تر كردووە. لەو دیدارەدا قالە مەڕە باسی ئەوەیكردووە كە كاتی خۆی خەڵاتی شای ئێرانی رەتكردۆتەوەو رای وابووە خەڵاتی دوژمنان بەهای هونەرەكەی كەم دەكاتەوەو لەهەوادارانی دوور دەخاتەوە.
سەرۆك مام جەلال بەقسەكانی سەرسام بووەو وتویەتی: (جێی شانازییە بۆ كورد خاوەنی ئەم هونەرمەندە گەورانەیە، ئەو دەستانە دەبێ ماچ بكرێن كەئامادەیە برسی‌و سەربەرز بێت، بەڵام هەرگیز ئامادە نییە لەپێناوی موڵك‌و سەروەرت‌و ساماندا، سەردانەوێنێ بۆ دوژمنانی گەلەكەی).
دوای خزمەتێكی زۆر بەهونەری كوردی، درەنگانێكی شەوی ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٩ لەشاری بۆكان كۆچی دوایی كردو لەسەر راسپاردەی خۆی لەتەنیشت مەزاری (حەسەن زیرەك) لەناڵەشكێنە بەخاكی نیشتمان سپێردرا.

# قانع



قانع شاعیرێکی ناوداری کوردستانە و لەڕێی شیعرەکانییەوە ،خزمەتێکی زۆری بەکاروانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی کردووە.

شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ سەعیدی دۆڵاشی، ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیە و قانع نازناوی شاعیری بووە. لەڕۆژی ١٥ی ئەیلولی ١٨٩٨ لە گوندی (ڕیشێن)ی بناری شارەزوور لەدایك بووە. لە نەوەی محەمەد کابولی مەریوانن. قانع ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و چەرمەسەری‌و کولەمەرگی ژیاوە، بە مەبەستی کار و کاسپی و خوێندن، زۆربەی شارەکانی باشور و خۆرهەڵاتی کوردستان گەڕاوە. قانع هەر لە سەردەمی ژیانی لاوێتییەوە خولیای شیعر بووە و سەرەتا بە شیعری ئاینی دەستی پێکردووە و دواتر زیاتر بایەخی بە شیعری نیشتمانی و شۆڕشگێڕی داوە و لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری فکر و ڕێبازی سۆسیالیستی و بەڕوونی خەمە چینایەتییەکان لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوەو لایەنگری هەژاران و جوتیاران و ڕەنجدەران بووە. هەر بۆیەش بەشاعیری چەوساوەکانی کوردستان ناسراوە. لەلایەکی دیکەوە قانع لە شیعرەکانیدا داکۆکی لە مافەکانی ژنان کردووە و داوای کردووە بە چاوێکی یەکسان سەیریان بکرێ. مامۆستا قانع بۆ بژێوی ژیانی

چەند كار و پیشەیەكی كردووە لەوانە: (مامۆستایی، كرێكاری، مەلایی، جوتیاری، ئاشەوانی و فەرمانبەرێتی).

قانع شاعیرێكی ئازا و بەهەڵوێست بووە و بەهۆی ئەوەوە چەند جارێك زیندانی كراوە و هەر لە زیندان جوانترین شیعری بەرگری نووسیوە و كونجی زیندانی بەقوتابخانەی تێكۆشان وەسف كردووە.

قانع خاوەنی چەند بەرهەم و دیوانێكی شیعرییە و لە سەرەتای پەنجاكانی سەدەی ڕابردوو بە هاوكاری عەلادین سەجادی و شوكر مستەفا پێنج دیوانی چاپكراون كە ئەمانەن: (گوڵاڵەی مەریوان، باخچەی كوردستان، چوارباخی پێنجوێن، شاخی هەورامان، دەشتی گەرمیان). لەدوای كۆچی دوایی كۆی شیعرەكانی لە دووتوێی دیوانێكدا چەند جارێك چاپ و بڵاوكراوەتەوە. ئەم شاعیرە پایەبەرزەی كورد لە ڕۆژی ٧ی ئایاری ١٩٦٥ كۆچی دوایی كرد.

# قەدری جان



عەبدولقادر عەزیز مەعروف جان، کە بە (قەدری جان) ناسراوە شاعیر و ئەدیبێکی تێکۆشەر و ناسراوی کوردستانە. ساڵی ١٩١١ لە ناوچەی (دیرک)ی ئامێزی چیای مازی نزیك شاری ماردین لەدایك بووە. بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیەوە ڕووبەڕووی سیاسەتی گرتن و ڕاونان بۆتەوە، بەهۆی ئەوەوە باکوری کوردستانی بەجێشهێشتووە و لە سوریا نیشتەجێ بووە. لە سوریا کەسایەتییە ناودارەکانی ماڵباتی بەدرخانیانی ناسیوەو لەڕێی ئەوانەوە تێکەڵ بە دنیای نووسین بووەو بەرهەمە ئەدەبییەکانی لە گۆڤاری هاوار بڵاوکردۆتەوە کە میر جەلادەت بەدرخان لە دیمەشق دەریکردووە. هەروەها بەرهەمەکانی لە گۆڤارەکانی (ڕوناهی، ڕۆژانو، گەلاوێژ و هیوا ) لە سوریا و لوبنان و عێراق بڵاوکردۆتەوە. ئەگەر چی قەدری جان بە شاعیر ناسراوە، بەڵام لە ڕشتەکانی دیکەی ئەدەبدا شوێن پەنجەی دیارە و چیرۆکی نووسیوە و لە بواری ڕەخنەشدا وتاری هەیە و وەرگێڕیش بووە.

قەدری جان توانایەکی گەورەی ئەدەبی هەبووە، شیعرەکانی ئاوێنەی ڕوونی نووسینەوەی مێژووی گەلەکەیەتی و لەڕێی شیعرەوە زۆر ڕووداوی گرنگی مێژوویی تۆمار کردووە. قەدری جان خاوەنی دیوانی شیعر و چەند کتێبێکی دیکەی ئەدەبی و مێژوویی نوسراوو وەرگێڕدراوە.

لەرۆژی ٩ی ئابی ١٩٧٢ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی مەولانا خالید لە گەڕەکی کوردانی شاری دیمەشق بە خاك سپێردراوە.

# قەناتی کوردۆ



قەناتی کوردۆ خۆرهەڵاتناس و زانایەکی گەورەی بوارەکانی زمان و ئەدەب و کولتووری کوردییە، لەو بوارانەدا خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بەگەلی کورد کردووە.

کوردۆ ساڵی ١٩٠٩ لە گوندێکی ناوچەی قارسی باکوری کوردستان لە ئامێزی خێزانێکی ئێزیدی لەدایك بووە. لەبەر زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیە بەخێزانەوە کۆچیان کردووە و سەرەتا چوونەتە ئەرمەنستان و دواتر لە شاری تەفلیسی پایتەختی گورجستان گیرساونەتەوە. لە تەفلیس قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە. بۆ خوێندنی زانکۆ چۆتە شاری سانتپترسبۆرگ (لینینگراد)و لەزانکۆی ئەو شارە بەشی زمانە ئێرانییەکانی خوێندووە، هەر لەو زانکۆیە ماستەرو دکتۆرای خوێندووە و بووە بە مامۆستا و تا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوو لەو زانکۆیە وانەی وتۆتەوە.

لە سەرەتای شەستەکانەوە بووە بە سەرۆکی بەشی زمانی کوردی لەپەیمانگای گەلانی ئاسیا.

قەنانی کوردۆ وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی پرۆفیشناڵ خزمەتی زۆری بەزمان و ئەدەبی کوردی کردووە و زۆربەی ژیانی بۆ ئەو بوارە تەرخانکردووە و خاوەنی دەیان کتێبی تایبەت بە زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردییە. ئەم زانا ناودار و دڵسۆزە پاش خزمەتێکی زۆر لەرۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کرد.

# کاردۆخی



هەورامان مەڵبەندی چەندین شاعیر و ئەدیب و ڕوناکبیرە، کە ڕۆڵی دیاریان لە خزمەتکردنی ئەدەب و کولتووری کوردیدا هەبووە. یەکێك لەو شاعیرانە محەمەد ئەمین کاردۆخییە. کاردۆخی شاعیرێکی دیاری کوردستانەو خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش بە بواری ئەدەب کردووە.

ساڵی ١٩١٦ لەشارۆچکەی تەوێڵەی هەورامان لەدایك بووە. سەرەتا بەخوێندنی ئاینی دەستی پێکردووە، دواتر چۆتە قوتابخانەی ئاسایی و هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە و خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە و بووە بە مامۆستاو ماوەی ٣١ ساڵ لە بواری پەروەردەدا خزمەتی بە منداڵانی کوردستان کردووە.

کاردۆخی هەر لەمنداڵییەوە حەزی لە ئەدەب و شیعر بووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و مەولەوی و کوردی، ئەو شاعیرانە بۆ دنیای شیعر و ئەدەب کێشیان کردووە و بۆتە شاعیر.

کاردۆخی خاوەنی چەند بەرهەمێکە لەوانە: (دیوانی سەیدای هەورامی، دیوانی مەردۆخی، دیوانی شاهۆ). پاش خزمەتێکی زۆر بە بوارەکانی پەروەردە و ئەدەب، لە ڕۆژی ٦ی ئابی ١٩٨٢ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

# شێخ كاكە حەمەی خانەقا



كەسایەتییەكی ناسراوی نیشتمانیو ئاینیو پەرلەمانیو كۆمەڵایەتی بوو. لەچەند بوارێكی جیاوازدا خزمەتی گەلو نیشتمانەكەی كردووە.

شێخ كاكە حەمە كوڕی سەید ئەحمەدی خانەقایە، ساڵی ١٩١٨ لەشاری كەركوك لەدایك بووە.

قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لەشاری كەركوك تەواو كردووە.

بۆ خوێندنی زانكۆ چۆتە شاری بەغداو لەوێ لە كۆلیجی حقوقی زانكۆی بەغدا وەرگیراوەو چوار ساڵ خوێندوویەتی، ساڵی ١٩٤٥ بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە حقوق بەدەستهێناوە. نەكاری پارێزەری كردووە، نەدامەزراوە، لە گوندەكانی خۆیان لەدەوروبەری كەركوك بەكاری كشتوكاڵیو ئاژەڵداری خەریك بووە.

شێخ كاكە حەمە، كەسێكی كوردپەروەر بووە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی گەلەكەی لەحزبەكانی هیواو رزگاریو پارتی دیموكراتی كوردو دواتر پارتی دیموكراتی كوردستان خەباتی كردووە، كەسایەتییەكی كاریگەر بووەو رۆڵی دیاری لە ژیانی حزبایەتیدا هەبوو. ساڵی ١٩٥٨ بەنوێنەرایەتی شاری كەركوك بەئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردراوە، ئەندامێكی دڵسۆزو چالاك بووە. لەسەر داوای مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سكرتێری ئەو كاتەی پارتی دیموكراتی كوردستان، یاداشتێكی پێشكەش بە سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران كردووەو داوای ئەوەی كردووە كە

مافـەکانی گــەلی کــورد لــەکاتی یــەکگرتنی ئــوردنی هــاشمی و عێراقــدا لەدەستووری نوێدا زامن بکرێت. سەرباری ئەوەی نوێنـەرانی کوردو چەند نوێنـەرێکی عـەرەب پشـتیوانیان لەیاداشـتەکە کـردووە، کەچـی سـەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران رەتیکردۆتەوە. لەکاتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٦١دا، لەرێی عەلی عەسکەریی پورزایەوە هاوکاریی دڵسۆزانەی شۆڕشی کردووە.

لەساڵی ١٩٦٣ حکومەتی عێراق لەرێی فەرماندەی فیرقەی دووی کەرکووک و بەرێوەبەری ئەمنی کەرکوك، شێخ کاکە حەمەیان راسپاردووە ناوەندگیری بکـات لەگـەڵ سـەرکردەکانی شۆڕشـی کـورد بـۆ گفتوگـۆ، دوای شکسـتی گفتوگۆ شـێخ کاکـە حەمـە رۆژی ١ی تـەمووزی ١٩٦٣ تـیرۆر کـراو لەخانـەقا بەخاك سپێردرا.

# كاكەمەم بۆتانی



كاكەمەم بۆتانی ناوێكی دیارو درەوشاوەی ئەدەبی و رۆشنبیریی كوردستانە، خاوەنی خەرمانێك وشەی كولتووریی چاپكراوە، شوێن پەنجەی رەنگینی دیارە.

كاكەمەم فەخری سامی سەید سلێمان ناوی تەواوی ئەوەو بەكاكەمەم بۆتانی ناسراوە.

بەرەبەیانی ١٠ی كانوونی دووەمی ١٩٣٧ لەشاری كۆیەی مەڵبەندی رۆشنبیری و هونەر لەدایك بووە.

بەرەچەڵەك خەڵكی شاری (جزیرە)ی ناوچەی (بۆتان)ی باكوری كوردستانن، سامی باپیری لەوێ هاتۆتە دنیاوەو گەورە بووە، سامی فەرمانبەری فەرمانگەی پۆست و تەلەفۆنی دەوڵەتی عوسمانی بووە، بۆ ئەو كارە گواستراوەتەوە شاری هەولێرو لەو بوارەدا خزمەتی كردووە، ئیدی لەهەولێر جێگیر بووەو تا كۆچی دوایی لەو شارە بووە.

فەخری باوكی كاكەمەم، لەهەولێر خوێندوویەتی و بووە بەمامۆستا، خزمەتێكی زۆری بەخوێندكارانی كورد كردووە.

مامۆستا فەخری كەسێكی كوردپەروەر بووەو خوێندكارانی بەگیانی نیشتمانپەروەری گۆش و پەروەردە كردووە، دژی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتداران بووە، هەر بۆیەش نەیانهێشتووە لەشارو ناوچەیەكی

دیاریکراو ئۆقرە بگریو بحەوێتەوە، زوو زوو گواستویانەتەوە بۆ شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستانو عێراق. لەنێوان ساڵانی (١٩٣٢-١٩٤٦) بۆ ئەم شوێنانە گواستراوەتەوە( چەمچەماڵ، کۆیە، شەقڵاوە، ئەسکەندەرییە، پردێ، دیوانیە، هەرتەل).

ساڵی ١٩٤٨ لە هەرتەل کۆچی دوایی کردووەو لە شاری کۆیە نێژراوە.

کاکەمەم بۆتانی لەئامێزی ئەو خانەوادە روناکبیرو نیشتمانپەروەرەدا گەورە بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە هەرتەلو کۆیەو سلێمانیو کەرکووكو بەغدا تەواو کردووە، بڕوانامەی دبلۆمی لە پەیمانگای باڵای دارستان وەرگرتووە.

بۆتانی، هەر زوو تێکەڵاوی جووڵانەوەی سیاسیی کوردستان بووە، سەرەتا بەخەباتی پیشەیی لەیەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە دەستی پێکردووەو دواتر لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان درێژەی بە تێکۆشان داوەو ساڵی ١٩٦٣وەك پێشمەرگەو رابەری سیاسی بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە.

ساڵی ١٩٦٤ دوای وتوێژی شۆڕشو حکومەت، بەرەزامەندی سەرکردایەتیی شۆڕش چۆتەوە بەغداو خوێندنی پەیمانگای دارستانی تەواو کردووە.

کە پارتی دیموکراتی کوردستان دوو کەرت بوو، بۆتانی بێلایەنی هەڵبژاردو لەگەڵ هیچ باڵێکدا کاری نەکرد، ساڵی ١٩٧٤ وەك پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی کردەوە. هەر لەتاق لاوییەوە بۆتانی خولیای وەرزشو خۆشنووسی بوو، دواتر لە ناو دنیای ئەدەبدا خۆی بینیەوەو زۆربەی ژیانی بۆ پەیامی پیرۆزی ئەدەب تەرخانکرد.

ساڵی ١٩٥٧ یەکەم چیرۆکی لە گۆڤاری (هەتاو)ی گیوی موکریانی بڵاوکردەوە. ئیدی بەردەوام بوو لەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لەو گۆڤارەو گۆڤارو رۆژنامەکانی دیکەی وەك ( هیوا، ژین)و ئەوانی تر.

چیرۆکەکانی لەسەر رێبازێکی نوێ دەنووسیو جێگەی سەرنجی ئەدیبانو رووناکبیران بوو، ئیدی لەگەڵ شاعیرانو ئەدیبانی نوێخواز تێکەڵ بوو، لەو

سۆنگەیەوە ساڵی ۱۹۷۰ لەگەڵ (حسێن عارف، شێرکۆ بێکەس، جەمال شارباژێڕی، جەلالی میرزا کەریم)، گروپی (روانگە) یان بۆ نوێکردنەوەی ئەدەب راگەیاندو کاتی خۆی دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو.

لە ۱۰ی شوباتی ۱۹۷۰ لەگەڵ چەند نووسەرو ئەدیبێکی هاوڕێی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی عێراقیان وەرگرت و رێکخراوی ( یەکێتیی نووسەرانی کورد) یان دامەزراند، کاکە مەم بۆتانی رۆڵی دیاری هەبوو لە ئامادەکردنی پەیڕەوو پرۆگرامی نووسەران و وەرگرتنی مۆڵەتەکە.

کاکە مەم بۆتانی، لەچەند بوارێکدا نووسیویەتی و بەرهەمەکانی بلاوکردۆتەوە لەوانە:

- کورتە چیرۆك (بوومەلەرزە لەگۆمی مەنددا-۱۹٦۹، سمکۆڵی ئەهریمەن-۱۹۷۳، مەلە لەئازارەکاندا-۲۰۱۷).
- چیرۆکی زۆر کورت(خەرەندی مەرگ-۱۹۹۲).
- رۆمان(درز-۱۹۹۷، کەوشەنی پەیکەرتاشێکی تر- ۲۰۰۳، میری ئاوایی وەرزێر- ۲۰۰۷، وازیەکانی رەشە گۆم-۲۰۱۰).
- پەخشانە شیعری شیوەن (هۆ، تاکە برا-۲۰۰۷، گڵکۆی پەنگران-۲۰۱٦).
- بۆتانی یاداشتەکانی خۆشی لەدووتوێی سێ کتێبدا نووسیوتەوەتەوە.

خاوەنی چەند کتێبێکی ترە کە لەبوارەکانی مێژوویی و سیاسی و ئابووری و کشتوکاڵی نووسیونی.

بەهۆی ئەو خزمەتە زۆرەی لەبواری ئەدەبی و رۆشنبیریدا پێشکەش بەگەلەکەی کردووە، زیاتر لە ۳۰ جار خەلاتی رێزلێنانی پێبەخشراوە.

کاکە مەم بۆتانی لەبواری کاری پیشەیی و رێکخراوەیشدا، خزمەتێکی زۆری کردووەو دوا کاری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کوردە بووە.

**ڕۆژی ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ ، بەهۆی ڤایرۆسی نەگریسی کۆرۆناوە کۆچی دوایی کردو لەرێوڕەسمێکی شکۆداردا لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەدی شاری هەولێر بەخاك سپێردرا.**

**ئەم نووسەرە مەزنە لەرێی قەڵەمەکەیەوە خزمەتێکی زۆری ئەدەبی و رۆشنبیری پێشکەش کردو شوێن پەنجەی دیارە، بەپاکی و دڵسۆزی و سەرڕاستی ناسراو وەك قەڵەمێکی ئازای کوردستانی دەچێتە دیرۆکی نیشتمانەوە.**

# کاکەی فەلاح



کاکەی فەلاح نوسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووسیکی دیاری کوردستانەو لەو بوارانەدا خزمەتی زۆری بە کاروانی کولتووری کوردی کردووە. حەمە ئەمین قادر، کە نازناوی ئەدەبی کاکەی فەلاحە، ساڵی ١٩٢٨ لە قەزای چوارتا لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە چوارتا و سلێمانی تەواو کردووە. لە سەرەتای ژیانی لاویدا تێکەڵاوی ژیانی سیاسی بووەو بووە بە ئەندامی حزبی شیوعی عێراق و کەسێکی چالاك و هەڵسوڕاو بووەو بەشداری کاریگەری لە خۆپیشاندانەکانی ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی رابردوو کردووە. کاکەی فەلاح کە نازناوەکەی تەعبیری لە توێژێکی ڕەنجدەر کردووە، هەوێنی زۆربەی شیعرەکانیشی هەر خەمە چینایەتی و نیشتمانییەکان بووە. بەهۆی هەڵویستە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکانییەوە ڕووبەڕووی زیندان و ڕاونان بۆتەوە و چەندین جار زیندانی کراوە و ئازار و مەینەتی نۆشیوە. سەرباری خەباتی سیاسی، مەیدانێکی دیکەی خەباتی کاکەی فەلاح مەیدانی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی بووە و خاوەنی دیوانی شیعر و چەند کتێبێکی دیکەیە. شوێن پەنجەی بە بواری ڕۆژنامەگەری کوردییەوە دیارە و لە ساڵانی حەفتاکاندا درێژەی بەدەرکردنی ڕۆژنامەی(ژین)، ڕۆژنامەکەی پیرەمێرد داوە.

ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ کاکەی فەلاحی تێکۆشەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا ماڵئاوایی کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

# د. کامەران بەدرخان



د. کامەران عالی بەردخان کەسایەتییەکی سیاسی و ڕوناکبیریی کوردستانە و خزمەتێکی زۆری لە ڕشتە جیاجیاکان پێشکەش بەگەلەکەی کردووە.

ڕۆژی ٢١ی ئابی ١٨٩٥ لە شاری ئەستەنبول لەدایك بووە. لە تورکیا و ئەڵمانیا خوێندویەتی و بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەڵمانیا بەدەستهێناوە. بەهۆی هەڵوێستی کوردپەروەرانەی بنەماڵەکەیەوە، لە تورکیا هەڵهاتوون و لەگەڵ جەلادەت بەردخانی برای چوونەتە شام و لەپاڵ خەباتی سیاسیدا، کاری ڕۆژنامەنووسییان کردووە و گۆڤارەکانی (هاوار، ڕوناهی، ڕۆژا نو و ستێر) یان دەرکردووە.

ساڵی ١٩٤٧ چۆتە فەرەنسا و لەپاریس پەیمانگای خوێندنی کوردی دامەزراندووەو لە زانکۆی سۆربۆن بۆتە مامۆستا و وانەی وتۆتەوە. دکتۆر کامەران بەدرخان خزمەتێکی زۆری بە بواری کولتووریی کوردی کردووەو ١٥ کتێبی بەزمانەکانی کوردی و فەرەنسی چاپ و بڵاوکردۆتەوە. لەرۆژی ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ لە شاری پاریس کۆچی دوایی کردووە.

# كامەران موكرى



كامـــەران مـــوكرى، شـــاعيرێكى نيشـــتمانپەروەرو شۆڕشـگێڕى كوردسـتانە، بـە شـيعرە ئاگرينـەكانى كوانووى خـەبات و تێكۆشانى كوردايەتى جۆشداوەو خزمەتێكى گەورەى بە كاروانى ئەدەبى و ڕۆشنبيريى كوردستان كردووە.

محەمـەد ئەحمـەد تـەها، كـە بـە كامـەران مـوكرى ناسـراوە، سـاڵى ١٩٢٩ لـە شـارى سـلێمانى لـەدايك بـووە. مـوكرى هـەر زوو چـۆتە نێـو كـۆڕى تێكۆشـانى كوردايـەتى و بـەهۆى هەڵويستە نيشتمانييەكانيەوە تووشى گرتن و ئازاردان و ڕاونان بۆتـەوەو لـە ساڵانى ١٩٤٩ تا ١٩٦٣ شەش جار زيندانى كراوە.

كامەران موكرى شاعيرێكى پايەبەرز و هەڵكەوتووى كوردستانە و بەشى زۆرى شـيعرەكانى شـيعرى نيشـتمانى و شۆڕشـگێڕين، بـەڵام بوارەكـانى ديكەشـى فـەرامۆش نـەكردووەو جـوانترين دەقـى شـيعرى بـۆ جـوانى و خۆشەويسـتى چنيوە. خاوەنى حەوت ديوانى شيعرە و لە ديارترينيان: (ئاشتى، ئاگرو ژيلـە، ديارى، گوڵاڵەسورە).

لەدواى كۆچى دوايى سـەرجەم بەرهەمە شـيعرييەكانى لـە دووتـوێى ديوانێكدا بەناوى (ديوانى كامەران موكرى) لە ساڵى ١٩٨٧ چاپكراوە. مامۆستا كامـەران چيرۆكنووسيش بووەو چيرۆكەكانى لـە ڕۆژنامـەى ژيـن بڵاوكردۆتـەوە. لەبـەر تواناى زۆرى ڕۆشنبيرى و ئەدەبى، ڕێگەى پێدراوە وەك مامۆستاى وانەبێژ لـە زانكۆكـانى سـلێمانى و سـەلاحەدين وانـەى ئـەدەبيانى كـوردى بڵێتـەوە. ئـەم ئەديب و ڕووناكبيرە پايەبەرزەى كوردستان لەڕۆژى ٧ى كانونى يەكەمى ساڵى ١٩٨٦ لـە شـارى هـەولێر كۆچـى دوايـى كـرد و تەرمـە پيرۆزەكـەى برايـەوە بـۆ شارى سلێمانى و لە گردى سەيوان بە خاك سپێردرا.

# د. کامیل بەسیر



کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی دیاری کوردستانەو زانای بوارەکانی زمان و ئەدەبە.

کامیل حەسەن عەزیز مەعرووف، ناوی تەواوی ئەو زانایە، بەڵام بە کامیل بەسیر ناسراوە، بەسیر ساڵی ١٩٣٣ لە ئامێزی خێزانێکی کوردی فەیلی لە شاری بەغدا لەدایك بووە. هەر لە بەغدا چووە بەر خوێندن و هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لەو شارە تەواو کرد و لە ساڵی ١٩٦٦ بڕوانامەی ماستەری لە بواری ئەدەبدا بەدەستهێنا. لە ساڵی ١٩٧٥ بڕوانامەی دکتۆرای لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر بەدەستهێنا. لە زانکۆکانی بەغداو سلێمانی خزمەتی زۆری کرد. لە بواری زمان و ئەدەب و ڕەخنەشدا دکتۆر کامیل بەسیر خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە گەلەکەی کرد و خاوەن ١١ کتێبی چاپکراو و دەیان وتار و لێکۆڵینەوەیەی زانستییە. ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد و یەکێتیی نوسەران بووە. لە بواری کاری سیاسیشدا خزمەتی بە کاروانی تێکۆشانی کوردایەتی کردووە. ئەم زانا ناودارەی کورد خزمەتێکی گەورەی زانستی لە بوارەکانی زمان و ئەدەب پێشکەش بە گەلی کوردستان کردووە. لە ڕۆژی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ کۆچی دوایی کرد.

# کانی



کانی شاعیرێکی ناوداری کوردستانە، لەرێی شیعرە بەرزەکانییەوە، کە بەکوردییەکی شیرین‌و پاراوو رەوان نووسیونی، خزمەتێکی زۆری بەکاروانی ئەدەبی کوردستان کردووە.

عەبدولجەبار ئاغا کوڕی حاجی مەلا عەبدولرەحمان کوڕی حاجی تەها، ناوی تەواوی ئەم شاعیرەیەو بە(کانی) ناسراوە.

بەبنەچە دەچنەوە سەر بەگزادەکانی جاف.

ساڵی ١٨٩٤ لە گەڕەکی قەڵاتی شاری هەولێر لەدایك بووە، لەخانەوادەیەکی ئاینیی زانستپەوەر پەروەردە بووە. (دۆغرەمەچی) نازناوی بنەماڵەکەیان بووە، ئەویش لەوەوە هاتووە کە کاری دارتاشییان کردووە، ئەو وشەیە بەمانای دروستکردنی نەخش‌و نیگار لەسەر کەلوپەل‌و بەرهەمی دارتاشی دێت.

کانی بەهۆی ئەوەی زوو باوکی دەمرێ لەخوێندن دوا دەکەوێت، دواتر بەهەوڵی مەلا تۆفیقی برای‌و مەلا حاجی برایمی مامی لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا دەخرێتە حوجرەی مزگەوتی قەڵات‌و لەوێ دەرسە ئاینیەکان دەخوێنێ‌و فێری خوێندنەوەو نووسین دەبێ، ئیدی فێری زمانەکانی فارسی‌و عەرەبی‌و تورکی دەبێت، لەرێی ئەوەوە بەئەدەبیاتی ئەو گەلانە ئاشنا دەبێت.

ساڵی ١٩٢٨ بەفەرمانبەری میری دامەزراوە، لە فەرمانگەکانی هەولێرو کۆیەو ڕواندزو شەقڵاوەو کەندیناوەو گوێڕو قوشتەپە خزمەتی کردووە.

کانی لە هەرەتی گەنجیدا خولیای ئەدەب دەبێت دەست بەخوێندنەوەی شیعری شاعیران وەك ( نالی، سالم، کوردی، شێخ رەزای تاڵەبانی، تاهیر بەگی جاف، وەفایی، بێخود، سافی هیرانی) دەکات. لەژێر کاریگەری ئەواندا دەست بەهۆنینەوەی شیعر دەکات. شیعرەکانی سەعدیو حافزی شیرازیو مەسیحا دەخوێنێتەوەو پێیان سەرسام دەبێ.

کانی شیعرەکانی لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی خۆی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە( هەتاو، برایی، هەولێر، رووناکی، دەنگوباس).

بەحوکمی ئەوەشی زمانی تورکی بەباشی زانیوە، لەیلەو مەجنونی شاعیری ناوداری تورك (فزووڵی)، بەشیعر بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە، هێندە جوانو سەرنجڕاکێش بووە، لەسالانی شەستەکاندا ٣جار چاپکراوە.

بەحوکمی پێگەی کۆمەڵایەتیی خانەوادەکەیەوە، پەیوەندی لەگەڵ شاعیرانی وەك ( بێخود، دڵدار، رەفیق حیلمی، میهری، محمەد سائیب) و چەندانی تر دەبەستێو ئاڵوگۆڕی شیعر دەکەن.

کانی پێنج خشتەکی لەسەر شیعری هەندێ لەشاعیران داناوە، یاخود ئەوان لەسەر شیعرەکانی ئەو پێنج خشتەکیان داناوە ، یاخود شیعریان بۆ یەکتری نووسیوە لەوانە: ( رەشاد موفتی، دڵدار، بێخود، میهری، مەسیحا، محەمەد سائیب، بورهان جاهید).

بۆ کۆچی دوایی کانی، شاعیران بەشیعر شیوەنیان بۆ گێڕاوە، لەوانە(رەشاد موفتی، جاهید، حەبیب عەلی میرانی، مەدحەت بێخەو).

موەفەق ئەکرەم کانی، کۆی شیعرەکانی کانی کۆکردۆتەوەو کەریم شارەزا پێشەکی بۆ نووسیوەو لێکدانەوەی بۆ کردووە، لە دووتوێی دیوانێکدا بەناوی (دیوانی کانی) لەساڵی ١٩٨٠، بەیارمەتی ئەمینداریێتیی گشتیی رۆشنبیریو لاوان لەهەولێر چاپکراوە.

شیعرەکانی (کانی)، شیعری نیشتمانیو خۆشەویستیو بوارەکانی دیکەیە.

ئەمەش نموونەیەکی شیعری نیشتمانیی ( کانی) یە:

خزمینە وەرن تاکو قوربانی وەتەن بین
قوربانی چیاو دەشتو بیابانی وەتەن بین
تاکەی لە کونو قوژبنی وێرانە بمێنین
با ئیدی لەسەر کۆششی عمرانی وەتەن بین

ئەمەش نموونەیەکی شیعری دڵداریی ( کانی) یە:

جانا چی یە ئەمشەو بەفیدای زوڵفی خەمت بم
میوانی سەروسینەو لیمۆی مەمت بم
چەند خۆشە بەشەو تا بە سەحەر ئەی گوڵی رەعنا
بێ خەوفو خەتەر دەس لەملو دەم بە دەمت بم

کانی،پێش مردنی، ئەم دێرە شیعرەی وتووە، کە دوا شیعرێتی:

رۆژ لەوەختێکی خراپ ئاوا بوو
کۆزی مندالم هێشتا ساوا بوو!

پاش خزمەتێکی زۆر بەکایەکانی ئەدەب، رۆژی ١٢ی ئایاری ١٩٥٧ بۆ دواجار چاوەکانی لێکناو ماڵئاوایی کردو لەشاری هەولێر بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

# د. کاوس قەفتان



د. کاوس قەفتان کەسایەتییەکی گەورەی ئەدەبی و ئەکادیمی کوردستانە، خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە ڕشتە جیاجیاکانی ئەدەبی و زانستی و خوێندن و پەروەردە کردووە.
ساڵی ١٩٣٣ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا و مۆسکۆ تەواو کردووە. کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی دکتۆرای لە مۆسکۆ بەدەستهێناوە و ساڵی ١٩٦٧ گەڕاوەتەوە بەغدا و وەك توێژەر لە وەزارەتی پەروەردە خزمەتی کردووە. لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆتە مامۆستا لە بەشی کوردیی کۆلیجی ئادابی زانکۆ بەغدا.
ساڵی ١٩٨١ خانەنشین کراوەو ئیدی وەك ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد خزمەتی کردووە. جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بواری خوێندن و فێرکردن و لەساڵانی ١٩٨٧- ٢٠٠٠ وەك مامۆستای مێژوو لە کۆلیجی ئاداب و بەشی کوردی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا خزمەتی بە خوێندکاران کردوو. دواتر گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و لە بەشی مێژووی کۆلیجی زانستە مرۆییەکانی زانکۆی سلێمانی درێژەی بە خزمەت داوە.

د. كاوس وەك چیرۆكنووسیش خزمەتێكی زۆری بە بواری ئەدەبی كردووەو لەو بوارەدا شوێن پەنجەی دیارە و خاوەنی چەندین چیرۆكە كە لە دووتوێی چەند كتێبێكدا چاپكراون. خاوەنی چەند كتێبێكی دیكەیە لە بواری لێكۆڵینەوەی مێژوویی و ئەدەبی. لە زمانی ڕوسیشەوە چەند كتێبێكی بەنرخی وەرگێڕاوە. بەگشتی ٢٨ كتێبی لە بوارە جیاجیاكاندا بە چاپ گەیاندووە. ئەم پیاوە هەڵكەتوو و ڕوناكبیر و ئەكادیمییەی كورد لەرۆژی ٢٢ی ئازاری ٢٠٠٩ بۆ دواجار ماڵئاوایی كردو لەشاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# کاوێس ئاغا



کـــاوێس ئاغـــا هونەرمەنـــدێکی گـــەورەی کوردســـتانەو لـــەڕێی چڕینی گۆرانی و مـەقامو لاوکـەوە خزمـــەتێکی زۆری بەهونـــەری کوردی کـردووە و شـوێن پـەنجـەی بـــەو بـــوارەوە دیـــارە، کـــاوێس ئەحمـەد جـەمیل کانـەبی هـەرکی، ناوی تـەواوی ئـەم هونەرمەندەیـەو بـە کـاوێس ئاغـا ناسـراوە. سـاڵی ١٨٨٩ لـە کوێستانی چوار چەلی لـەدایك بووە. بەشێکی ژیانی گـەنجی بە شـوانی بردۆتـە سـەر و گـەرمیان و کوێسـتانی کـردووە و دیمەنـەکانی سروشـتی کوردسـتان سـەرنجی ڕاکێشاوە و وایلێکـردووە بـە زمـانی هونـەر تـەعبیر لـەو جوانیانـە بکات. ساڵی ١٩١٥ چۆتە ڕەواندز و لـەوێ نیشـتەجێ بووە، ساڵی دواتر چۆتە شاری شەقڵاوەو لەوێ گیرساوەتەوە.

کاوێس ئاغا هـەر لـە سـەرەتای ژیانی لاوییـەوە خولیـای هونـەری گـۆرانی و مـەقام و لاوك بـووە . سـاڵی ١٩٣٠ لـە شـاری موسـڵ لـەڕێی کۆمپانیـای بیزانفۆنەوە بەشێك لە بەرهەمەکانی تۆمار کردووە. دواتر دەرگـای ئیزگـەی کـوردیی بەغـدا بـە ڕوویـدا کراوەتـەوە و لـەڕێی ئـەو ئیزگەیـەوە دەنگـە بەسـۆزەکەی لـە سەرانسـەری کوردسـتاندا دەنگـی داوەتـەوە و بەشـێوەیەکی بەرفراوان ناسراوە.

كاوێس ئاغا خاوەنی چەندین بەرهەمی هونەریی گۆرانی و لاوك و مەقامەو بەشێكی چیرۆكە فۆلكلۆرییەكانی كردووە بە لاوك و گەنج خەلیل بە یەكەم لاوكی ئەو دادەنرێ و لاوكی بۆ كەسایەتییە مێژووییەكانی وەك شێخ مەحمودی نەمر و سمایل ئاغای شكاك وتووە. كاوێس ئاغا شاعیریش بووەو چەندین شیعری جوانی هۆنیوەتەوە.

ئەم هونەرمەندە گەورەیە لەڕێی بەرهەمە هونەرییەكانیەوە خزمەتێكی زۆری پێشكەش بە كاروانی هونەری و ئەدەبی كوردی كردووە.

كاوێس ئاغا لە ناوەڕاستی شوباتی ١٩٣٦ كۆچی دوایی كردووە و لە گۆڕستانی هەرشەمی ناوچەی پیرمام بە خاك سپێردراوە. بەڵام دەنگ و بەرهەمەكانی بە نەمری دەیهێڵنەوە.

# کەریمی حسامی



سیاسەتمەدار نووسەرو ڕۆژنامەنووسێکی دیاری کوردستانە. عەبدولکەریم حیسامی، کە بە کەریمی حیسامی ناسراوە. ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی بەیرەمی ناوچەی مەنگوڕایەتیی شاری مەهاباد لەدایك بووە. خوێندنی ئاینی خوێندووەو لە هەرەتی گەنجیدا پەیوەندی بە کۆمەڵەی ژێکافەوە کردووە و دواتر لەناو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژەی بە تێکۆشان داوە و تا ساڵی ١٩٨٤ لە ڕیزەکانی ئەو حزبەدا بووەو چەندین پلەو بەرپرسیارێتی جیاجیای وەرگرتووە. بەهۆی تێکۆشانی سیاسییەوە چەندین جار زیندانی کراوە. هەر بەهۆی ئەوەوە لە ساڵی ١٩٥٨ لە ژیانی دەستبەسەری هەڵدێ و دێتە عێراق و وەك پەنابەری سیاسی دەژی. ساڵی ١٩٦٠ چۆتە دەرەوەی وڵات و لە چیکۆسلۆفاکیا و بولگاریا بووەو بە خوێندن و کاری سیاسی و ڕاگەیاندنەوە سەرقاڵ بووە . دوا جار لە وڵاتی سوید گیرساوەتەوە و تا کۆچی دوایی لەوێ بووە. حیسامی سەرباری کاری سیاسی، نووسەر و ڕووناکبیرێکی دیار بووە و لە بواری ڕۆشنبیریدا خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش کردووە.

لە بوارەکانی نووسین و وەرگێڕان و ڕۆژنامەنووسی شوێن پەنجەی دیارە. ٥ساڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (سەردەمی نوێ ) بووە و خاوەنی خەرمانێك وشەی نوسراوە. ٢٢ کتێبی چاپکراو و ١٧ کتێبی وەرگێڕدراوی هەیە. لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە. ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٦ بەهۆی نەخۆشییەوە لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد.

# کەریم زانستی



کەریم بەگی سەعید بەگ، کە بە کەریم زانستی ناسراوە. ساڵی ١٩٠٠ لە شاری سلێمانی لە ئامێزی خێزانێکی خوێنەوار و زانستپەروەردا هاتۆتە دنیاوە. قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووە. زانستی کەسێکی ڕووناکبیر بووە و وەك مامۆستا و شاعیر و وەرگێڕ خزمەتی کردووە. لە سەرەتای ژیانی لاویدا خولیای ئەوەی هەبووە کە زانست و زانیاری و خوێنەواری بڵاو بکاتەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە لەگەڵ ژمارەیەك ڕووناکبیری ئەو سەردەمە وەك: (پیرەمێرد، ڕەشید زەکی کابان، ڕەفیق حلمی، ڕەشید نەجیب، ئەحمەد عەزیز ئاغا و عەبدوڵڵا عەزیز هەولێری)، بە مۆڵەتی ڕەسمی میری (کۆمەڵەی زانستی)یان لەرۆژی ٢٤ی شوباتی ١٩٢٦ پێکهێناوە. ئامانجی کۆمەڵەکە نەهێشتنی نەخوێندەواری و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری بووە. لە ڕێی چاپکردنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و کۆڕ و کۆبوونەوەوە. بەمەبەستی نەهێشتنی نەخوێندەواری، کۆمەڵەکە قوتابخانەی زانستی کردەوە و مامۆستا کەریم بووە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەو ئیدی بە کەریم زانستی ناسراو قوتابخانەکە ڕۆڵی دیاری هەبووە لە بڵاوکردنەوەی

خوێندەواری و چەندین کەس لەو ڕێیەوە فێری خوێندنەوەو نووسین بوون و تەنانەت کەسایەتی دیاریشی پێگەیاند لەوانە بەنگینەی شاعیر.
سەرباری خزمەتەکانی وەك مامۆستا و پەروەردەکار، وەك شاعیرو وەرگێڕیش ڕۆڵی دیاری هەبووەو لە ساڵی ١٩٢٨ لە چاپخانەی فورات لە بەغدا کتێبی( گۆرانی) کە کۆمەڵە شیعرێکی خۆی بوون بەچاپ گەیاند.
وەرگێڕێکی بەسەلیقەش بووە و لە زمانی عەرەبییەوە بابەتی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە. ئەم پیاوە بلیمەتەی کورد دوای ساڵانێکی زۆر لە خزمەت و بەخشش لە ڕۆژی ٤ی کانونی دووەمی ١٩٩٦ و لە تەمەنی ٩٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

# كەریم زەند




كـــەریم زەنـــد نـــاوێكی دیـــارو پرشـــنگداره لەمێـــژووی گـــەلی كوردســـتاندا، لەچـــەند رشـــتەو بـــوارێكی جیـــاوازدا خزمـــەتی بەگەلەكەی كردووه.

وەك نووســـەرو رۆژنامـــەنووس و مێـــــژوونووس و گەڕیـــــدەو جوگرافینـــاس، خزمـــەتی كـــردووەو خـــاوەنی خـــەرمانێك بەرهـــەمی نووسراوو چاپكراوه.

كەریم كوڕی محەمەد ساڵح كوڕی حاجی سەلیم كوڕی ئەمین ئاغای چنگیان ناوی تەواوی ئەوەو بە (كەریم زەند) ناسراوه.

ســاڵی ١٩٢٤ لەگــەڕەكی مەڵكەنــدیی شــاری ســلێمانی لــەدایك بــووه. قۆناغــەكانی خوێنــدنی لەســلێمانی و بەغــدا تــەواو كــردووه. ســاڵی ١٩٤٤ بڕوانامەی خانەی مامۆستایانی بەغدای بەدەستهێناوەو زیاتر لە ١٥ ساڵ خزمەتی بـەرەوتی پـەروەردەو خوێنـدن لەباشـوورو رۆژهـەڵاتی كوردسـتان كرد. لەسـەردەمی كۆمـاری كوردسـتان لەمـەهاباد، بـەزمانی شـیرینی كـوردی وانەی بەمناڵانی ژێر سایەی ئەو كۆمارە ئازادە وتۆتەوه.

مامۆستا كەریم زەند پیاوێكی تێكۆشەرو ئازادیخواز بـوو، لەبەشێكی زۆری حزب و رێكخراوەكانی كوردستان خەباتی كردووه، لەوانە (كۆمەڵی برایەتی، هیوا، ژێكاف، پارتی دیموكراتی كوردستان).

بەهۆی هەڵوێستە سیاسیو نیشتمانییەکانییەوە تووشی گرتنو راونانو دوورخستنەوە بووە، لەو چوارچێوەیەدا دوو ساڵ زیندانی کراوەو ١٣ ساڵیشی بەدوورخراوەیی لەنیشتمان بەسەر بردووە. لەرێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانو نووسەراندا خزمەتی کردووەو رۆڵی دیارو پێشەنگی لەو دوو رێکخراوەدا هەبووە. و خزمەتی زۆری بەنووسەرانو مامۆستایان کردووە.

مامۆستا کەریم زەند خاوەنی قەڵەمێکی دیارو سەنگین بوو، وەك نووسەرو رۆژنامەنووس خزمەتی کرد، خاوەنی سەدان وتاری هەمەجۆرو دەیان کتێبی ناوازەی مێژوویيو جوگرافییە، دیارترین کتێبەکانی کتێبی (تۆماری تەمەن)ە، کە بەهەشت بەرگ بڵاوکراوەتەوە. ئەوەشی کە جێگەی سەرنجو تێڕامانە ئەوەیە مامۆستا کەریم زەند وەك گەڕیدەیەك زۆربەی خاکی کوردستانی گەورە بەپێ گەڕاوەو ئاشنای جوگرافیای کوردستان بووەو بەنووسین تۆماری کردووە. پاش خزمەتێکی زۆر بەکایەکانی پەروەردەو رۆشنبیریو مێژوو و جوگرافیای کوردستان، رۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ کۆچی دوایی کردو لەشاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# كەریم شارەزا



كـــەریم شـــارەزا نووســـەرو ئـــەدیبێكی دیـــارو گـــەورەی كوردستانەو نزیكەی ٦٠ ساڵی تەمـەنی بەخزمـەتكردنی رشـتە جیاجیاكـــــانی كولتـــــوورو پەروەردەی وڵاتەكەی بەخشی. كەریم كوڕی مستەفا ئاغا كوڕی حەمـە ئاغـای حـەوێزی، نـاوی تـەواوی ئـەم روناكبیرەیـەو بـە كـەریم شـارەزا ناسـراوە. رۆژی ٤ی ئـازاری ١٩٢٨ لەشـاری كۆیـەی مەڵبەنـدی رۆشـنبیریو هونـەر لـەدایك بووە. لەكۆیەو بەغدا خوێندویەتیو ساڵی ١٩٥٠ بە مامۆستا دامەزراوەو لەو بوارەدا وەك مامۆستاو بەڕێوەبەرێكی زیرەكو بەتوانا لەلایەكو وەك دانـەری پرۆگرامی خوێندنی قۆناغەكانی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لەلایـەكی تـرەوە، خزمـەتی زۆری بە بوارەكـانی پـەروەردەو زمـانی شـیرینی كـوردیو نەوەكانی كوردستان كرد. كـەریم شارەزا هـەر لەسـەرەتای ژیانی لاویو لـە ناوەڕاسـتی سـاڵانی پەنجاكانـەوە خولیـای ئـەدەبو نووسـین ئـەبێو وەك نووسـەرو شـاعیرو لێكۆڵیـارو وەرگێـڕ خزمـەتێكی زۆر بـەكاروانی ئـەدەبیو رۆشـنبیریی كوردسـتان ئـەكاتو خـاوەنی سـەرمایەكی گـەورەی كولتوریـەو هێندە زیرەكو شارەزا بووە بەگەنجینـەی زانیاری پێناسە كراوە. مامۆسـتا شارەزا لەسەرەتای دامەزراندنی یەكێتیی نوسەرانی كورد بووە بە ئەندامی

ئـەو ڕێکخـراوەو دوو خـول بەسـەرۆکی لقـی هـەولێری یـەکێتیی نوسـەران هەڵبــژێردراوەو خزمــەتی زۆری بەنووســەرانو بــەو ڕێکخــراوە کــردووە. مامۆسـتا شـارەزا ئەنـدامی کـۆڕی زانیـاری کـوردو ئـەکادیمیای کوردسـتان بووەو شوێن پەنجەی بەخزمەتی ئەو دوو دەزگا گرنگەوە دیارە. لەسـەرەتای دامەزرانـدنی پەرلـەمانی کوردسـتانەوە تـا سـاڵی ٢٠١٣ وەك وەرگێڕێکـی شـارەزاو بەئـەزموون یاسـاو بڕیارەکـانی پەرلـەمانی کوردسـتانی بـۆ زمـانی کوردی وەرگێـڕاوە. مامۆسـتا شـارەزا خـاوەنی بەرهـەمێکی زۆری چاپکراوە کـە خـۆی لـە ١٧ کتـێبی بـە نـرخو دانسقەدا ئەبینێتـەوەو چـەند بەرهـەمێکی دەستنووسو چاپنەکراویشی هەیە. ئەم کەسایەتییە گەورەیـەی کوردستان، لـە ڕۆژی ٢٣ی مایسـی ٢٠١٥ لەتەمـەنی ٨٧ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـردو لـە گۆڕستانی دەرویش خدری شاری کۆیە بەخاك سپێردرا.

# كەریمی عەلەكە



عەبدولكەریم ئەلیاس پۆڵس ئیبراهیم، كە بە كەریمی عەلەكە ناسراوە. ساڵی ١٨٦٧ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە.

ئەو كەسایەتییەكی گەورەی نیشتمانی و كۆمەڵایەتیی كوردستانەو بە خەمخۆرو فریادڕەسی هەژارانی شاری سلێمانی دادەنرێت و لە سەردەمی جەنگی یەكەمی جیهان و قاتوقڕی سەفەر بەلكدا بە هانای هەژاران و نەدارانی ئەو شارەوە چووە و چەندان هاووڵاتی لە مردن ڕزگار كردووە. بەوەش بەشانازییەوە ناوی لەلاپەڕە درەوشاوەكانی مێژوودا تۆمار كراوە.

كەریمی عەلەكە پیاوێكی مەسیحی بووە و بە ڕەچەڵەك خەڵكی گوندی هەرمۆتەی نزیك شاری كۆیەن. ئەلیاس پۆلسی باوكی كە بازرگانێكی گەورە بووە، كاری بازرگانی لەنێوان شارەكانی سنە و سلێمانی و كۆیە و بەغدا كردووە، بەهۆی فراوانبوونی كارەكەیەوە بە باشی زانیوە كە خۆی و هاوسەرەكەی بێنە شاری سلێمانی و ئیدی كۆچیان كردووەو لە گەڕەكی گۆیژەی سلێمانی نیشتەجێ بوون و منداڵیان بووە و منداڵەكانیان لەم شارە گەورە بوون.

کەریمی عەلەکە یەکێك لەو منالانە بووە، کەسێکی زرنگ و وریا بووەو خوێندنی تەواو کردووەو بێ لە زمانی دایك، زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی بە باشی زانیوە. عەلەکە هەمان ڕێچکەی کاری باوکی گرتۆتە بەرو بووە بە بازرگان و بازرگانێکی سەرکەوتوو بووەو کاری بازرگانی لەنێوان سلێمانی و سنە و بەغدا و شام کردووە. عەلەکە کەسێکی دەست و دڵباش و خێرخواز بووە . لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان و نەهامەتی سەفەر بەلکدا فریای هەژاران و لێقەوماوانی سلێمانی کەوتووە، دەیان خێزانی لە مردن ڕزگار کردووە، بەوەش مێژوویەکی پڕ لە شانازی و سەروەری بۆ خۆی و بنەماڵەکەی تۆمار کردووە. هەربۆیەش وەك کەسایەتییەکی بەدیمەنی کۆمەڵایەتی لە هەموو لایەك ڕێزلێگیراو بووە و لە سەردەمی عوسمانییەکاندا پلەی دادوەری هەبووە لە دادگای سزای سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە دارایی و بازرگانییەکان. ئەم کەسایەتییە گەورەیە جێگەی ڕێز و متمانەی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی نەمر بووە و هەربۆیەش کە لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ کابینەی حکومەتی پێکهێناوە، کەریمی عەلەکەی کردووە بە وەزیری دارایی. لەو ڕێگەیەوە عەلەکە خزمەتێکی زۆری بە حکومەت و خەڵك کردووە. دوای تێکچوونی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، کەریمی عەلەکە بەماڵەوە دەچێتە شاری کەرکوك و لەوێش خزمەتێکی زۆر بە خەڵك ئەکات. پاشان ئەچێتە شاری بەغدا و لەوێ نیشتەجێ ئەبێ و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەو شارە ئەمێنێتەوە. ئەم کەسایەتییە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییە گەورەیە، لە ڕۆژی ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ لە شاری بەغدا ماڵئاوایی کردو لە گۆڕستانی کاسۆلیکی بە خاك سپێردرا.

# كەریم قەرەنی



كە لاپەڕەكانی مێژووی گەلی كوردستان هەڵدەدەیتەوە، هەڵوێستی جوانو جوامێرانەی هەندێ كەسایەتی سەرنجت رادەكێشێ، كە خۆبوردوانە خزمەتیان بەگەلو نیشتمانەكەیان كردووە، بەشێوەیەك ئەو خزمەتە بۆتە هۆی ئەوەی ئەو كەسە بەنەمری بهێڵێتەوە.

كەریم قەرەنی یەكێكە لەو كەسایەتیانەی بۆ بڵاوكردنەوەی زانستو رۆشنبیریو خزمەتكردن بەخوێندكارانی زانكۆ، كەپارێزگاری سلێمانی بوو، لەسەرەتای دامەزراندنی زانكۆی سلێمانیدا خانووەكەی خۆی بەو زانكۆیە بەخشیووە، ئەوەش بەهەڵوێستێكی مەردانە لەقەڵەم دراو بووە جێی ستایشو پێزانینو ئەو كەسایەتییەی بەزیندوویی و نەمری هێشتەوە، هەر بۆیەش ساڵی ٢٠١٨ زانكۆی سلێمانی لەپای ئەو هەڵوێستەی، لەیادی یۆبیلی زێڕینیدا نیگاری شكۆمەندیی بەخانەوادەكەی بەخشی.

كەریم قەرەنی ساڵی ١٩٢٥ لەگەڕەكی مەڵكەندیی شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی لەشارەكانی سلێمانیو بەغدا تەواو كردووە. لەبەغدا كۆلیجی سەربازی تەواو كردووەو بووە بەئەفسەرو وەك ئەفسەرێكی نیشتمانپەروەر خزمەتی كردووە.

وەك جێگـری بەڕێوەبـەری گشـتی پۆلیسـی عێـراق و فەرمانـدەی ئینزبـاتی سـلێمانی خزمـەتی کـردووە. ماوەیـەك بەڕێوەبـەری کارگـەی چـیمەنتۆی سەرچنار بووە. بەر لەچەند مانگێك لەکودەتای بەعسییەکان لەساڵی ١٩٦٨، لەلایـەن تـاهیر یـەحیای سـەرۆك وەزیرانـی عێراقـەوە، ئـەرکی پارێزگـاری سلێمانی پێسپێردراوە. لەسـاڵی ١٩٧٠ خـۆی خانەنشین دەکـات و لـەکاری رەسمی دوور دەکەوێتـەوە. هەرچـەند بەعسییەکان هـەوڵ دەدەن کـە پۆسـتی باڵای بدەنێ، بەڵام ئـەو رازی نابێ و وەك کەسایەتییەکی نیشـتمانی بێلایـەن دەمێنێتەوە.

ساڵی ١٩٩٤ لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا، بەهۆی جەڵتەوەی دڵـەوە لەشاری بەغدا کۆچـی دوایـی کـرد و بـەهۆی بـارودۆخی سیاسـی ئـەو کاتـەوە نـەتوانرا تەرمەکـەی بهێنرێتـەوە بـۆ شـاری سـلێمانی و هـەر لەشـاری بەغـدا بـەخاك سپێردرا.

# كەریم كابان



كـەریم كابـان هونەرمەنـدێكی گـەورەی كوردستانەو خزمەتی زۆری بەكاروانی هونـەریی گـۆرانیی كـوردی كـردووەو شـــوێن پەنجـــەی بەنوێكردنـــەوەو گەشەپێدانی ئەو هونەرەوە دیارە.
(كەریم جەلال مەحموود) ناوی تـەواوی ئـەم هونەرمەندەیـەو بـە كـەریم كابـان ناسراوە.
سـاڵی ١٩٢٧ لـە گـەڕەكی مەڵكەنـدیی شێخانی شاری سلێمانی لەدایك بووە.
مامۆسـتا كـەریم لـەئامێزی بنەماڵـەی كابانـدا گـەورە بـووە، كەبنەماڵەیـەكی دیارو ناسـراوی شـاری سـلێمانین‌و چـەندین كەسایەتیی گـەورەی سیاسـی‌و كۆمەڵایـەتی‌و رونـاكبیری‌و هونـەرییان تێـدا هەڵكـەوتووەو خزمـەتی زۆریـان بەكاروانی تێكۆشانی كوردایەتی‌و هونەری‌و روناكبیری كردووە.
مامۆستا كەریم كابان رۆڵـەی ئـەو ماڵباتـە رۆشـنگەرو روناكبیرەیـەو لـەژێری شەپۆلی كاریگـەری ئـەوان بەگشتی‌و خانـەوادە دەنگخۆشـەكەیدا بەتایبـەتی پـەروەردە بـووە، هـەر لـەقۆناغی خوێنـدنی سـەرەتاییەوە خولیـای هونـەری گۆرانی بووەو بەشداری چالاكییە هونەرییەكانی قوتابخانەكەی كردووە.
ساڵی ١٩٤١ یەكەم گۆرانی وتوە. رادیۆی ئینگلیزەكان لەسلێمانی‌و رادیـۆی كـوردی بەغـداو رادیـۆی شۆڕشـی ئـەیلول سـێ دەروازەی گـرنگ بـوون بـۆ

ئەوەی دەنگی کابان سنوری شارەکەی ببڕێت و لەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا دەنگ بداتەوە.
دواتریش لەرێی تیپی مۆسیقای سلێمانی و کەناڵەکانی دیکەی دەنگ و رەنگی میدیا و بەهۆی دەنگە بەسۆزو رەسەنەکەیەوە، زیاتر ناسراو جێگەی خۆی لەدڵ و دەروونی خەڵکی کوردستاندا کردەوە.
ئەم هونەرمەندە گەورەیە سەرباری خزمەت و بەخششە زۆرەکانی لەکایەی هونەردا، لەمەیدانی تێکۆشانی کوردایەتیشدا شوێنی دیارەو پیاوێکی کوردپەروەرو بەهەڵوێست بووەو هەر بۆیەش رووبەڕووی راونان و نەفیکردن بۆتەوە، بەڵام ئەوانە کۆڵیان پێنەداوەو لەگەڵ کاروانی تێکۆشانی کوردایەتی لەشارو شاخ رێی کردووەو خۆشترین گۆرانییەکانیشی (یاران وەسێتم و شەو) لەسەردەمی شاخ و لەرێی تیپی مۆسیقاو رادیۆی شۆڕشەوە پەخشکران و خەڵکی کوردستانیان سەرسام کرد.
ئەگەرچی مامۆستا کەریم کابان دەرچووی هیچ دەزگاو دامەزراوەیەکی هونەری نەبووەو نزیکەی بیست گۆرانیشی هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خاوەن دەنگێکی رەسەن و ئەفسوناوی و خاوەن سەلیقەو ستایلی تایبەتی خۆی بوو، بووە ئەو هونەرمەندە گەورەیەی کەجێی شانازیی هەموان بێت.
ئەم هونەرمەندە گەورەیەی کوردستان لە رۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد. بەڵام بەهۆی خزمەت و گۆرانییە خۆش و دەنگە بەسۆزەکەیەوە هەمیشە بەنەمری ئەمێنێتەوە.

# كەمالی



عەلی كەمال باپیر ئاغا جوامێر ئاغا، كە نازناوی شاعیری (كەمالی) یە. شاعیرێكی ناودارو هەڵكەوتووی كوردستانە و بە شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەكانی ڕۆڵی دیاری هەبووە لە جۆشدانی خەباتی كوردایەتیدا.

كەمالی ساڵی ١٨٨٦ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. لای خواجە ئەفەندی دەرسی ئاینی خوێندووە. دوای تەواوكردنی خوێندن بەفەرمانبەر دامەزراوەو لە شارەكانی سلێمانی و بەغداو كەركوك و هەڵەبجە خزمەتی میری كردووە. كەمالی لە گۆڤار و ڕۆژنامەكانی سەردەمی خۆی وەك: (بانگی كورد، بانگی كوردستان، ڕۆژی كوردستان، ئومێدی ئیستقلال، پێشكەوتن، ژیانەوە، ژیان، ژین، زاری كرمانجی و گەلاوێژ) شیعرو بەرهەمەكانی بڵاوكردۆتەوە. كەمالی زمانەكانی توركی و عەرەبی و فارسی بە باشی زانیوە و ئەو زمانانە سەرچاوەی دەوڵەمەندكردنی زانیارییەكانی بوون. كەمالی كەسێكی نیشتمانپەوەر بووە و هاوكارێكی دڵسۆزی شێخ مەحموودی نەمر بووە و خاوەنی چەندین شیعری نیشتمانی و نەتەوەییە. كەمالی ١٣ كتێب و نامیلكەی چاپكراوی هەیە دیارترینیان دیوانەكانی باخی میر و باخی شارەزوورە.

ئەم شاعیرە هەڵكەوتووەی كورد، لە شەوی ٣٠/٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤ كۆچی دوایی كرد.

# کەمال جەلال غەریب



کەمال جەلال غەریب کەسایەتییەکی دیارو ناسراوی کوردستانە، ئەو بڕوای وابوو زانستو زانیاری بناغەی پێشکەوتنو گەشەپێدانی هەر گەلێکە، بۆیە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردن لەبواری زانستدا تەرخانکرد، بەرهەمە زانستییەکانی گەواهی ئەو راستیەنو وەك سامانێکی نەتەوەیی بەیادگاری ماونەتەوە.

ئەم پیاوە زانستپەروەرە لەساڵی ١٩٢٩ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، لەئامێزی خانەوادەیەکی ناسراوو رووناکبیری ئەو شارەدا پەروەردە بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە.

بەشی زانستی کیمیای لە خانەی مامۆستایانی باڵا لەبەغدا تەواو کردووە. ساڵانێکی زۆر وەك مامۆستاو بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیار لەکایەی پەروەردەو خوێندندا خزمەتی کردووەو شوێن پەنجەی لەو بوارانەدا دیارە.

مامۆستا کەمال لەرێکخراوە پیشەییەکانی وەك مامۆستایانو نووسەرانو کۆڕی زانیاری کورد کاری کردووەو کەسێکی چالاكو هەڵسوڕاو بووەو خزمەتی زۆری کردووە.

مەیدانی نووسینو لێکۆڵینەوەی زانستی، مەیدانی سەرەکی کارکردنی ئەو بوون، لەرێی قەڵەمە بەبڕشتەکەیەوە خزمەتێکی زۆری لەبواری زانستی

پێشکەش کردووە. ئەو چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی زانستی لەگۆڤارو رۆژنامەکانی سەردەمی خۆی بڵاوکردۆتەوە.

خاوەنی چەندین کتێبی زانستییە لەوانە:(ئەتۆم لەمێژوودا، بیست پیشەسازیی کیمیاگەری، یەکەم ئادەمیزاد پێی نایە سەر مانگ)و چەندانی تر.

مامۆستا کەمال بەحوکمی ئەوەی بێ لەزمانی دایك، زمانەکانی دیکەی عەرەبی و ئینگلیزی بەباشی زانیوە، بایەخێکی زۆری بەدانانی فەرهەنگی زانستی بەو زمانانە داوەو خاوەنی چەند فەرهەنگێکی زانسییە، کە کەلێنێکی گەورەی کتێبخانەی کوردییان پڕ کردۆتەوە.

دیارترین فەرهەنگە زانستییەکانی فەرهەنگی (کەمالنامە)یە کە وشەو زاراوەکانی بەزمانەکانی کوردیو عەرەبی و ئینگلیزی نوسراون و ئەکرێ بەفەرهەنگی تەمەنو دایکی فەرهەنگەکان دابنرێ، چونکە فەرهەنگێکی قەبارە گەورەی ١٧٠٠ لاپەڕەییە.

بەحوکمی پێگەو توانای مەزنی زانستیو هەڵوێستی کوردپەروەرانەی، بۆ ئەندامێتی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستاندا لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ پاڵێوراو بووە ئەندامی پەرلەمان، لەوێش لەبواری پسپۆڕی خۆی خزمەتێکی زۆری بەکایەی زانستی کردو شوێن پەنجەی بەدارشتنی یاساکانی ئەو بوارەوە لەپەرلەمان دیار بوو.

دوای خزمەتێکی زۆر بەگەنجینەی زانستیی کوردستان، لەرۆژی ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ بەیەکجاری ماڵئاوایی کرد، بەڵام ناوو ناوبانگو بەرهەمەکانی هەمیشە بەنەمری ئەمێننەوە.

# کەمال ڕەووف محەمەد



کەمال ڕەووف محەمەد کەسایەتییەکی گەورەی کولتووریو ئەرشیفی کوردستانە، لەبوارەکانی نووسینو ڕۆژنامەگەریو مێژوو و ئەرشیف خزمەتێکی گەورەی بەگەلی کوردستان کردووە، ناوی بەشانازییەوە لەلاپەڕە زێڕینەکانی مێژوودا دەنوسرێتەوە.

مامۆستا کەمال ڕەووف، ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٢ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لەو شارە تەواو کردووە.

خوێندکاری قۆناغی دووەمی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدابووەو ساڵی خوێندنی ١٩٦٠-١٩٦١ وازی لێهێناوەو دەستبەرداری خوێندن بووە.

ساڵی ١٩٦٦ لەرادیۆی کوردی بەغدا دامەزراوە، لەو رادیۆیە وەك وەرگێڕو بێژەرو دەرهێنەرو پێشکەشکاری بەرنامە خزمەتی زۆری کردووەو بۆ چەند مانگێکیش لەساڵی ١٩٧١ بەڕێوەبەری رادیۆکە بووە. لەو رادیۆیەوە چەندین بەرنامەی هونەریو ڕۆشنبیری پێشکەش کردووەو لەبەر سەنگینی بەرنامەکانی گوێگرێکی زۆری لەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا هەبووە، بەرنامەکانی ئەمانە بوون (دەنگی هونەر، چیرۆکی هەفتە، دنیای ئەدەبو

هونـەر، دنیـای فۆلكلـۆر، دیـاری ئـەمڕۆ، بـۆ خۆشـیتان، شەوچـەرەیەكی كـوردەواری، سـەدای چـیرۆكی كـوردی، هـاوار خاڵـە رەجـەب، راپـۆرتی مـایكرۆفۆن، فەرهـەنگی رۆشـنبیری، رۆژی لـە رۆژان). بـەهۆی هەڵویسـتە نیشتمانییەكانی سێ جار لە رادیۆیەكە دوورخراوەتەوە.

بەحوكمی ئـەوەی سـاڵانێكی زۆر لـەرادیۆی كـوردی بەغدا خزمـەتی كردبوو، زانیاری بەنرخی لەسەر ئەو رادیۆیە هەبوو، كتێبێكی پڕ زانیـاریی مێژوویی ئەرشیفی بەناوی (مێژووی رادیـۆی كـوردی بەغدا) بەسـێ بەرگ نووسیوەو بڵاوی كردۆتەوە.

مامۆسـتا كـەمال لـەبواری رۆژنامەگـەریش خزمـەتی كـردووەو لەرۆژنامـەی هاوكاری كاری كردووە، لەبەر توانا و لێوەشاوەیی لەساڵی ١٩٧٠ بۆ ماوەی چەند مانگێك وەك سەرنووسەر سەرپەرشتی رۆژنامەكەی كردووە.

مامۆستا كەمال لە رۆژنامەی هاوكاریو رۆژنامەو گۆڤارەكـانی تـر بـە زمـانی كوردیو عەرەبی بەرهەمەكانی بڵاوكردۆتەوە.

لەدەزگای چاپ و بڵاوكردنـەوەی بەغدا و گۆڤـاری كـاروان خزمـەتی كـردووە.

رۆژی ٦ی حوزیرانی ١٩٨٦ لەسـەر داوای خـۆی بـەبیانووی نەخۆشـی خـۆی خانەنشین كردووە.

لەتەلەفزیۆنـەكانی بەغـدا و كـەركووك بەرنامـەی هـەبووە، لەوانـە: بەرنامـەی (ئاوێنەی شیعریی كوردی- ١٩٦٨) لەتەلـەفزیۆنی بەغدا، بەرنامەی(پـەیامی هونـەر)ی لەسـاڵانی (١٩٧٠-١٩٧٣) لەتەلـەفزیۆنی كـەركووك پێشـكەش كردووە.

مامۆسـتا كـەمال، خـاوەنی چـەندین كتـێبی بەنرخـە كـە لـەبوارەكانی كولتووریو مێژوویی بەزمانەكانی كوردیو عـەرەبی نووسـیونی، لەبەرهەمـە چاپكراوەكانی (ببورە-دراما، بژی مرۆڤ - كورتە چیرۆك، مستەفا سایب - لێكۆڵینـەوە، هونـەری درامـایی رادیـۆی كـوردی - لێكۆڵینـەوە، ئـەدەبی

نامەنووسینی کوردی – سێ بەرگ – لێکۆڵینەوە، عەقیدەی ئیمان – عەقیدەی کوردی – مەولانا خالیدی شارەزووری نەقشبەندی– لێکۆڵینەوە، دەستەوارەیێ نان بۆ مێژوو– لێکۆڵینەوە، باقە دراسات کوردیە، لێکۆڵینەوە، گەڕان بۆ راستی– لێکۆڵینەوە، رۆژێ لەرۆژان– تۆماری رادیۆیی، مێژووی ئەدەبییاتی خۆرئاوا لەئەدەبی کورددا – لێکۆڵینەوە، مێژووی رادیۆی کوردی بەغدا – سێ بەرگ – لێکۆڵینەوە)و چەند کتێبی دیکە. چەندین بەرهەمی دەستنووسی لەدوا بەجێماوەو چاپ نەکراون.

مامۆستا کەمال بۆ چەند ساڵێك لەنیشتمان دوورکەوتەوەو لەغەریبیو لەولاتی هۆڵەندا ژیانی بردە سەر، رۆژی ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٨، لەدووری نیشتمانو لەولاتی هۆڵەندا کۆچی دوایی کردو تەرمە پیرۆزەکەی هێنرایەوە بۆ کوردستانو لەگردی سەیوانی سلێمانی بەخاك سپێردرا.

مامۆستا کەمال رەئوف محەمەد، ئەو پیاوە دڵسۆزو پاکەی، هیچ زروفو زۆردارێك نەیتوانی گەردنی بەرزی پێ کەچ بکاتو بەسەر بڵندی ژیاو، هەڵوێستو وشەو بەرهەمەکانی بەهەمیشەیی بەزیندوویی و نەمری دەیهێڵنەوە.

# كەمال سابیر



هونەرمەندێكی ناوداری كوردستان بوو، لەبوارەكانی شانۆو دراما خزمەتێكی زۆری پێشكەش بەهونەری كوردی كرد.

ساڵی ١٩٤٤ لەگەڕەكی مەڵكەندیی شاری سلێمانی لەدایك بووە.

قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو خانەی مامۆستایانی تەواو كردووە.

مامۆستا كەمال سابیر هەر لەسەردەمی گەنجییەوە خولیای كاری هونەری بوو، سەرەتا بەشانۆ دەستی پێكردو دواتر بەشداری دراماو كاری هونەریی تەلەفزیۆنی كرد.

مامۆستا كەمال وەك هونەرمەندێكی كۆمیدیش خزمەتی كردو بەشداری چەندین بەرهەمی كۆمیدیی دراماو شانۆو تەلەفزیۆنی كردووە. لەرێی چەند كۆمەڵەو تیپێكی هونەرییەوە خزمەتی بە هونەر كردووە.

مامۆستا كەمال سابیر ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەكێتیی هونەرمەندانی كوردستانو تیپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزەو تیپی پێشڕەوی شانۆی كوردی بووە.

یەكێك بووە لەدامەزرێنەرانی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستانو لەرێی ئەو تەلەفزیۆنەوە خزمەتی زۆری هونەری كردووە. لەگەڵ چەند هونەرمەندێكی دیكەدا بەرنامەی كەشكۆڵیان لە تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان پێشكەش

کـردو لـەرێی ئـەو بەرنامەیـەوە بەشـێوازی کۆمیـدی رەخنـەیان لـەدیاردە دزێوەکان ئەگرت.

ساڵی ١٩٩٤ کرایە بەڕێوەبەری تەلـەفزیۆنی هـەرێم کـە تەلـەفزیۆنی رەسمـی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.

هونەرمەنـد کـەمال سـابیر بـێ لـەکاری نوانـدن، کـاری نووسـین و وەرگـێران و دەرهێنانیشی کردووەو لەو بوارانە شوێن پەنجەی دیارە.

ئـەم هونەرمەنـدە ناسـراوو خۆشەویسـتەی کوردسـتان کـە حزمـەتێکی زۆری پێشکەش بەهونەری کوردی کرد، لـەرۆژی ٢ی حوزەیرانی ١٩٩٧ لەکاتێکدا کە سەرقاڵی پرۆڤەی شانۆیی ئاوایی بێکەسە بوو لەشاری سلێمانی، کۆچی دوایـی کـرد. بـەڵام بـەهۆی بەرهـەمو بەخشـشـە هونەرییەکانیـەوە هەمیشـە بەنەمری ئەمێنێتەوە.

# د. كەمال فوئاد



كتێبی( كەمال فوئاد پیاوێك لەیاقوت) لەچەند گۆشەنیگایەكی جیاوازەوە تیشك ئەخاتە سەر كەسایەتیی د. كەمال فوئاد.
لەسەرەتای كتێبەكەدا چەند هاوڕێو قەڵەمێكی دیار، ئەم پیاوە كەم وێنەیە وەك سیاسەتمەدارو نووسەرو ڕۆژنامەنووس و مرۆڤێكی یاقوتی و نورانی دەناسێنن.
دواتر بەئەلبومێكی وێنەیی و بەڵگەنامەیی وێستگەكانی ژیانی د. كەمال فوئاد لەمنداڵی و هەرزەكاری و لەكۆڕی تێكۆشانی بێوچانی لەشارو شاخ و ئەوروپادا خراوەتە ڕوو.
لەهەمووشی گرنگتر بۆ یەكەمجار هەردوو نامەی ماستەرو دكتۆراكەی لەم كتێبەدا نمایش كراون.
ئەم كتێبە بەكتێبێكی گرنگ و بایەخدار دادەنرێ و ڕوناكی خستۆتە سەر ژیان و خەبات و بەرهەمەكانی ئەو سیاسەتمەدارو ڕوناكبیرە گەورەیە.
د. كەمال فوئاد كەسایەتییەكی گەورەی سیاسی و ڕوناكبیریی كوردستانەو زیاتر لە ٦٠ساڵ لەكۆڕی تێكۆشانی سیاسی و ڕۆشنبیری خزمەتی زۆری بەگەل و نیشتمانەكەی كرد.

کەمال عەبدولکەریم محمەد فوئاد کەبەد. کەمال فوئاد ناسراوە، ساڵی ۱۹۳۲ لەبنەماڵەکی دیارو ناسراوی شاری سلێمانی لەدایك بووە.

لەسلێمانی و بەغداو ئەڵمانیا خوێندویەتی. لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا چۆتە ئەڵمانیاو لەوێ ماستەری لە فۆنیمەکانی زمانی کوردی لە زانکۆی هامبۆرگ و دکتۆرای لەسەر دەستنوسە کوردییەکان وەرگرتووە.

دکتۆر کەمال هەر لەسەرەتای ژیانی لاوی لەتەمەنی ۱۵ساڵی تێکەڵاوی جولانەوەی سیاسی بووەو سەرەتا پەیوەندی بەحزبی شیوعی عێراقەوە کردووە یەکێك لە کادیرە دیارو چالاك و هەڵسوڕاوەکانی ئەو حزبە بووە. لەبەغدا هەمیشە رابەرو پێشەنگی خۆپیشاندانەکان بووەو هەر بەهۆی ئەوەوە دەستگیرکراوەو دوو ساڵ لەزیندان ماوەتەوە.

دواتر لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان درێژەی بەخەبات داوەو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی و ساڵانێکی دوورو درێژ ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە.

بێ لەکاری سیاسی، د. کەمال خولیای ئەدەب و رۆژنامەنووسی بووەو لەو بوارەدا شوێن پەنجەی دیارەو دیارترین کاری ئەوەبووە کەساڵی ۱۹٦۸ لەئەڵمانیا ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستانی دۆزییەوەو لەساڵی ۱۹۷۲ چاپی کردن. لەساڵانی ۱۹۷۱-۱۹۷٤ وەك مامۆستای زانکۆ لەبەشی کوردی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا خزمەتی کرد.

ئەم سیاسەتمەدارو روناکبیرەی کورد لەرۆژی ۱۵-۱۱-۲۰۱٤ لەوڵاتی ئەڵمانیا بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردو لەوێ بەخاك سپێردرا.

# کوردستان له ویژدانی جەواهیریدا



(کوردستان لە ویژدانی جەواهیریدا) ناوونیشانی کتێبێکی پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمینە، کە بە زمانی عەرەبی لە دووتوێی ١٣١ لاپەڕەدا نووسیویەتی. دکتۆر وریا لەم کتێبەدا تیشك دەخاتە سەر وێستگەکانی ژیانی محەمەد مەهدی جەواهیری شاعیری گەورەی عەرەب و مرۆڤایەتی و دۆستی دێرینی گەلی کورد. هەر لەم کتێبەدا نووسەر هەموو ئەو شیعرانەی خستۆتە ڕوو کە جەواهیری بۆ کورد و کوردستانی نووسیون. لەو ڕووەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە جەواهیری لە ئابی ١٩٦٣ یەکەم شیعری بۆ کورد بەناوی (کوردستان ئەی نیشتمانی پاڵەوانان) نووسیوە و لە کۆنگرەی یەکێتیی خوێندکارانی کورد لە شاری میوشنی ئەڵمانیا خوێندویەتیەوە. لە بەشێکی دیکەی کتێبەدا دکتۆر وریا باسی پەیوەندی نێوان مام جەلال و جەواهیری دەکات و نامەکانی مام بۆ جەواهیری و نامە و شیعرەکانی جەواهیری بۆ مام بڵاوکردۆتەوە و لەو بارەیەوە دکتۆر وریا ئاماژە بەوە دەکات، کەپەیوەندی نێوان مام و جەواهیری بۆ کۆتایی ساڵانی پەنجاکان دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە جەواهیری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق بووە. مام لەوکاتەوە بە جەواهیری سەرسام بووە و بەشی زۆری شیعرەکانی

لەبەرکردووە. بەهەمان شێوە جەواهیریش بە چاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە سەیری مام جەلالی کردووە و دوو شیعری زۆر جوانی بۆ نووسیوە. یەکێکیان لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە لەپراگەوە بۆی نووسیوە و ئەوی دیکەیشیان لە شامەوە بۆی نووسیوە لەدوای ئەوەی کە ساڵی ١٩٨٠ مام نامەیەك بۆ جەواهیری دەنوسێ و پێی دەڵێ بێدەنگی بشکێنێ و شیعری نوێ بنوسێ، ئەویش بە شیعرە بەناوبانگەکەی (**ماذا اغنی**) وەڵامی ئەداتەوە کە دێری یەکەمی دەڵێ:

**شوق جلال کشوق العین للوسن**

**کشوق ناء غریب للدار و الوطن.**

هەر لەم کتێبەدا دکتۆر وریا ئەو شیعرەی جەواهیری بڵاوکردۆتەوە کە ساڵی ١٩٦١ لەپراگەوە بە بۆنەی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی بێکەسی شاعیرەوە نووسیویەتی.

ئەم کتێبە هەوڵێکی باش و دڵسۆزانەی دکتۆر وریا عومەر ئەمینە بۆ کۆکرکردنەوە و چاپکردنی هەموو ئەو شیعرانەی کە جەواهیری بۆ گەلی کورد و کەسایەتییە دیارەکانی نووسیوە، جێکەی ستایش و دەستخۆشییە.

جەواهیری شاعیرێکی ناودارە و بە شاعیری گەورەی عەرەب ناسراوە. ساڵی ١٨٩٩ لە شاری نەجەف لەدایك بووە. باوکی زانایەکی ئاینی دیاری نەجەف و لە خانەوادە دیار و دێرینەکانی ئەو شارەبوون و بە ئەلنەجەفی ناسرابوون. نازناوی جەواهیری لە ناوی کتێبێکی فیقهەی شێخ محەمەد حەسەن ئەلنەجەفی باپیرانی وەرگیراوە و دواتر بووە بە نازناوی خانەوادەکەیان. باوکی ویستویەتی جەواهیری ڕێگەی خۆی بگرێت و ببێت بە زانای ئاینی، بۆ ئەو مەبەستە خستویەتیە خوێندگای ئاینی، بەڵام

جەواهیری خولیای شیعر و ئەدەبی هەبووە، بۆیە ئەو ڕێگەیەی گرتۆتەبەر و بووە بە شاعیر. بەشداری شۆڕشی بیستی لە دژی ئینگلیزەکان کردووە.
لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کاری کردووە سەرنوسەری چەندین ڕۆژنامە بووە.
چەند جارێك سەرۆکی یەکێتی ئەدیبان و ڕۆژنامەنووسانی عێراق بووە.
بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانییەکانییەوە لە عێراق دوور خراوەتەوەو ڕەگەزنامەی عێراقی لێسەندراوتەوە، بەشێکی تەمەنی لە تاراوگە بەسەر بردووە. خاوەنی چەندین دیوان و بەرهەمی شیعرییە و دەیان لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی کراون. دۆستێکی ڕاستگۆی گەلی کورد بووە.
لەرۆژی٢٧ی تەموزی ١٩٩٧ لە تەمەنی ٩٨ ساڵیدا لە شاری دیمەشق کۆچی دوایی کرد.

# کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد




کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ کۆمەڵێك هونەرمەندو ئەدیبی ناسراوی کورد وەك دەستەی دامەزرێنەر کە ئەمانە بوون (نوری محەمەد ئەمین وەشتی، محەمەد سدیق مەحمود، رەووف یەحیا، عەلی ئەحمەد، نەوزاد مەجید، موحەڕەم محمەد ئەمین، ئەمین میرزا کەریم، مەحمود زێوەر، جەمال بەختیار، جیهان عومەر، تەها خەلیل، عەبدولقادر نوری) داوایەك پێشکەش بەپارێزگاری سلێمانی دەکەن‌و تێیدا داوای مۆڵەتی رەسمی دامەزراندنی کۆمەڵەیەك بەناوی (کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی) دەکەن. داواکەیان بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرز ئەکرێتەوە، وەزارەتی ناوخۆش بەنوسراوێکی رەسمی بەژمارە(٢٧٩٤) لە ٢٨ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩ بۆ نوری وەشتی‌و هاوڕێکانی‌و وێنەیەکیشی داوە بە پارێزگای سلێمانی، مۆڵەتی رەسمی دامەزراندنی بەو کۆمەڵەیە داوە. رۆژی ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٦٩ بەڕەسمی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردیی مەڵبەندی گشتی سلێمانی دامەزراوەو دەستی بەکارە هونەری‌و ئەدەبییەکانی کردووە.

ئـەم كۆمەڵەیـە هـەنگاو بەهـەنگاو لقـەكانی لەشـارەكانی بەغـداو كـەركوكو هــەولێرو كۆیــەو رەوانــدزو پیرمــامو دەربەنــدیخانو كــەلارو چەمچــەماڵ كردۆتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەشاری دهۆك لقی نەبووە!.

ئـەم كۆمەڵەیـە بـۆ مـاوەی ١٠سـاڵ زیـاتر بـەناوی( كۆمـەڵی هونـەرو وێـژەی كوردی) كارو چالاكییەكانی ئەنجام داوە.

لەیەكــەم كۆنفرانســی خۆیــدا لــەرۆژی ١٩ی ئایــاری ١٩٨٠ نــاوی خــۆی لە(كۆمـەڵی هونـەرو وێـژەی كـوردی) یـەوە بـۆ (كۆمەڵـەی هونـەرە جوانـەكانی كورد) گۆڕیوەو تائێستا بەو ناوەوە كار ئەكات.

ئـەم كۆمەڵەیـە بـەناوی كـۆنو نوێیـەوە وەك رێكخراوێكـی پیشـەیی، لەپـەنجا ساڵی رابردوودا،خزمەتێكی زۆری بەكاروانی هونـەریو ئـەدەبیی كوردسـتان كردووەو خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی ناوازەیە، كە بەشانازییەوە لـەدیرۆكی گەلی كوردستاندا تۆمار كراون.

راستە ئەم رێكخراوە رێكخراوێكی پیشەییو مـەدەنیی نـاو شـار بـووە، بـەڵام لەسـەردەمی رژێمـی دزێـوی بەعسـدا، سـەنگەرێكی نهێنیـی ناوشـار بـووەو هونــەرو ئــەدەبو وشــە هاوشــانی تفـەنگی شــانی پێشــمەرگەی كوردســتان لەجەنگی بەرگریی پیرۆزدا بوونو لـەو جەنگـە هاوبەشـەدا چەندین كەسیان دەستگیر كراونو ئازار دراون، خوێنی ئاڵی چەند پێشمەرگەیەكی هونـەرو قەڵـەم، مێـژووی هاوبەشـی ئـەو دیرۆكـە پیرۆزەیـان نووسـیوەتەوە كـە ئـەم ئەستێرە نـەمرو درەوشاوە بـوون (جـەمیل رەنجبـەر، كاردۆ گـەلاڵی، عیـزەت ئەحمـەد كـەریم، حسـێن قـەرەداخی، ماجیـدی حەمـە جـوان، جەوهـەر بـاپیر، نەوزاد مستەفا).

هونەرمەنـدی دەسـترەنگین ( غـەفور عەبـدوڵڵا) لـەیادی یـۆبیلی زێـڕینی ئـەم كۆمەڵـە جەسـورەدا، كتێبێكـی بـەنرخو سـەنگینی بـەناوی (بیبلۆگرافیـای

یـــۆبیلی زێـــڕینی کۆمەڵـــەی هونـــەرە جوانـــەکانی کـــورد ۱۹٦۹-۲۰۱۹) دەرکردووە.

کاکـە غـەفور لـەم کتێبـەدا مێـژووی کـارو چـالاکییەکانی نیـو سـەدەی ئـەو کۆمەڵەیەی بەشێوەیەکی جوانو زانستی پۆلێنو ئارشیفو تۆمار کردووە.

ئـەم کـارەی کاکـە غـەفوری هونەرمەنـدو نووسـەر، پاراسـتنی گەنجینەیـەکی بەنرخی هونـەریو ئـەدەبیی کوردستـانەو سەرچاوەیەکی بـەنرخی زانیـاریی بەپیتـە بـۆ خوێنـەرانو توێـژەران. پـڕ بـەدڵ دەستخۆشـی لـە بـراو هـاوڕێی خۆشەویســـتم کاکـــە غـــەفور ئەکـــەم، بـــەم کـــارەی هاوشـــانی بەخششـــە هونەرییـەکانی، شـانازییەکی گـەورەی مێـژوویی بـۆ خـۆی تۆمـار کـردووەو ئەبێتە تاجی سەری کارو بەرهەمە هونەرییەکانی.

کاکە غـەفووری هونەرمەنـد لـەم کتێبـەدا لـە دوو تـوێی ٤٢٨ لاپـەڕەی ڕەنگـاو ڕەنگو قەشەندا، هەموو کاروچالاکییەکانی نیـو سـەدەی مەڵبەنـدی گشـتیو لقـەکانی ئـەو کۆمەڵەیـەی، بەنووسـینو بەڵگـەو وێنـەی مێـژوویی نـاوازە خستۆتەڕوو.

لەوەش گرنگتر ناوی دەستەی دامەزرێنەرو دەسـتەی بەڕێوەبـەری مەڵبەنـدی گشتیو هەموو لقەکانی لەپەنجا ساڵی رابردوودا تۆمار کردووە.

# كۆڕی زانیاری كورد




بەپێی قانونی ژمارە (١٨٣)ی ساڵی ١٩٧٠، كۆڕی زانیاری كورد دامەزرا. بەپێی ئەو یاسایە ئەو دەزگایە كەسایەتییەكی مەعنەوی سەربەخۆی هەبوو لە ڕووی كارگێڕی و داراییەوە. ئامانج لە دروستكردنی ئەو دەزگایە ئەوەبوو كە بایەخ بەلێكۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی بدات و هەوڵی پاراستنی زمان و مێژوو و كەلەپوری كوردی بدات لەڕێی دانانی فەرهەنگی زمان و سازدانی كۆنگرەی زانستی و ئەدەبی و دەركردنی گۆڤارو چاپكردنی كتێبو بەڵگەنامە كۆن و مێژووییەكان. كۆڕی زانیاری كورد لەڕێی گۆڤارەكەی و كتێب و بڵاوكراوەكانی و كۆڕ و كۆبوونەوەكانی خزمەتێكی گەورەی بە بوارەكانی ئەدەبی و فەرهەنگی و زانستی كورد كرد. بەڵام ڕژێمی بەعس لە چوارچێوەی سیاسەتە دزێوەكانیدا، لە ساڵی ١٩٨٥ ئەو دەزگایەی كرد بە بەشێك لە كۆڕی زانیاری عێراق و مەودای كاركردنی بەرتەسك كردەوە. لەدوای ڕاپەرین ئەو دەزگایە بە ناوی كۆڕی زانیاری كوردستان بەپێی قانونی ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٧ ی پەرلەمانی كوردستان دامەزرایەوە و ساڵی ٢٠٠٧ ئەو قانونە هەموار كرایەوە و ناوەكەی بوو بە ئەكادیمیای كوردی و ئەو ئەكادیمیایە بەردەوامە لە خزمەتی وشەی پیرۆزی كوردی.

# کۆمەڵەی کوردستان

دوای جەنگی یەکەمی جیهان، مستەفا پاشا یاموڵکی گەڕایەوە شاری سلێمانی. یاموڵکی لەدوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری دروست بکات بۆ خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد. ئەوەبوو کۆمەڵەیەکی بەناوی (کۆمەڵەی کوردستان) دامەزراند و ئەم کۆمەڵەیە مۆرکێکی سیاسیو ڕوناکبیری هەبوو.

لەرۆژی ۲۱ی تەموزی ۱۹۲۲ لە کۆبوونەوەیەکی گشتی پیاوماقوڵان و ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانیدا دامەزراندنی کۆمەڵەکە بە فەرمی ڕاگەیەنرا و دەستەی بەڕێوەبردنی هەڵبژێردرا. لە هەڵبژاردنەکەدا مستەفا پاشا یاموڵکی بە سەرۆکی کۆمەڵەکە و هەر یەك لە: (ڕەفیق حیلمی، ئەحمەد تۆفیق بەگ، شێخ محەمەد گولانی، فائق مەعروف، سالح قەفتان، شێخ عەلی سەرکار و سدیق ئەلەکە)، بە ئەندام هەڵبژێردران. ئەم کۆمەڵەیە ڕۆژنامەیەکی بە ناوی بانگی کوردستان دەرکرد، کە مستەفا پاشا یاموڵکی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری بوو. یەکەم ژمارەی لەرۆژی ۲ی ئابی ۱۹۲۲ دەرچوو. ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی هەمەڕەنگی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسیی نیشتمانی بوو، تا مانگی ئابی ۱۹۲۳، (۱۳) ژمارەی لێدەرچوو، دواتر لە ساڵی ۱۹۲٦ لە شاری بەغدا، مستەفا پاشا یاموڵکی سێ ژمارەی دیکەی لێدەرکرد. ڕۆژنامەی بانگی کوردستان سەرەتا زمانحاڵی کۆمەڵەی کوردستان بوو، بەڵام دوای دامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحموود و بوونی مستەفا پاشا یاموڵکی بە وەزیری مەعاریفی حکومەت، ڕۆژنامەکەش بووە زمانحاڵی حکومەتی شێخ و مستەفا شەوقی ئەفەندی بووە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە و کەریم ڕۆستەمیش بە بەڕێوەبەری کارگێڕی، دواتر ناوی ڕۆژنامە بۆ ڕۆژی کوردستان گۆڕا.

# گوڵبەهار



گوڵبەهار، ژنە هونەرمەندێکی ناسراوی کوردستانە و بەژنێکی ئازا و ڕچەشکێن لە بواری هونەردا دادەنرێت و وەك گۆرانیبێژ و ئەکتەر خزمەتێکی زۆری بە هونەری کوردی کردووە. ئەم هونەمەندە بە ڕەچەڵەك خەڵکی ناوچەی ئامێدی باشوری کوردستانە، بەڵام بەهۆی هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتییەوە خانەوادەکەی بەماڵەوە باریان کردووەو چوونەتە باکوری کوردستان و لە ناوچەی جولەمێرگ نیشتەجێ بوون. گوڵبەهار لەوێ و لە ساڵی ١٩٣٢ لەدایك بووە، دواتر خانەوادەکەی کۆچی پێچەوانەیان کردووە و هاتوونەتەوە باشوری کوردستان.

گوڵبەهار لە موسڵ و بەغدا خوێندویەتی، ئیزگەی کوردی بەغدا ویستگەیەکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی لەو دەرگایەوە خزمەت بەهونەری کوردی بکات و لەوێ وەك ئەکتەر بەشداری چەندین درامای کوردی ڕادیۆیی کردووە. پشکی شێری خزمەتەکانی لە بواری گۆرانیدا بووە و ٢٧٢ گۆرانی تۆمارو بڵاوکردۆتەوە و بەوەش وەك هونەرمەندێکی ڕچەشکێن و دژەباو و دەنگخۆش لە سەرانسەری کوردستان ناسرا.

گوڵبەهار لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی هاوڕێی بەشداری چەندین ئاهەنگی

گۆرانی لەناوخۆ و وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپا و خۆرئاوا کردووە. پاش خزمەتێکی زۆر لە ئیزگەی کوردی بەغدا، لە ساڵی ١٩٨٧ خانەنشین دەبێت. ئەم هونەرمەندە گەورەیە کە نزیکەی نیوسەدە خزمەتی هونەری کوردی کرد لەرۆژی ٢٣ی شوباتی ٢٠١٠ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە شاری نەجەف پیرۆز بە خاك سپێردرا.

گوڵبەهاری هونەرمەند، لە قۆناغێکی دژوارو بڤەدا مەشخەڵی هونەری بەرز کردەوەو لەو ڕێیەوە خزمەتی بە هونەر و کولتووری کوردی کردو بەنەمری ئەمێنێتەوە.

# گۆران



گۆران، شاعیر و نوسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس بووە، بە شیعرە جوان و کوردییە پاراوەکەی شۆڕشێکی بۆ نوێکردنەوەی شیعرو ڕێنووسی کوردی بەرپا کرد و وەسفەکانی ناو شیعرەکانی خۆی گوتەنی وەك کامێرای فۆتۆگراف وێنەی جوانییەکانی گرتووە و ڕۆحی کردووە بە بەریاندا.

عەبدوڵڵا بەگی سلێمان بەگی عەبدوڵڵا بەگ، ناوی تەواوی شاعیرە و نازناوی شیعری گۆران ئەو ناوە دوور و درێژەی لە کۆڵ کردۆتەوە. گۆران ساڵی ١٩٠٤ لە ئامێزی خێزانێکی خوێنەوار و ئەدەبدۆستی شاری هەڵەبجە لەدایك بووە. سەرەتا لە قوتابخانە ئاینییەکان خوێندویەتی و بووە بە فەقێ. دواتر خوێندنی ئاسایی خوێندووە و بووە بەمامۆستا. گۆران هەر زوو بە دنیای ئەدەب ئاشنا ئەبێ و دەست بەهۆنینەوەی مرواری شیعرەکانی ئەکات و جوانترین دەقی شیعری کوردی ئەنووسێ و تا ئێستا شیعرەکانی جێگەی سەرنج و تێڕامانن. بێجگە لە شیعر گۆران پەخشانیشی نووسیوە و پەخشانەکانیشی نموونەی بەرزی دەقی ئەدەبین.

گۆران وەك نووسەر و ڕۆژنامەنووسیش خزمەتی كردووە و دوای مەرگی پیرەمێردی نەمر لە ساڵانی ١٩٥٢- ١٩٥٤ سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژین بووە. سەرەتای ساڵی ١٩٥٩ بۆتە سەرپەرشتیاری گۆڤاری شەفەق و ناوەكەی كردووە بە بەیان و لە سلێمانی دەریكردووە. لە بواری وەرگێڕانیشدا خزمەتی كردووە و چەندین دەقی ئەدەبی جوانی لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی كوردی وەرگێڕاوە. گۆران لە مەیدانی سیاسەتیشدا چالاكوانێكی سیاسی دیار و بەهەڵوێست بووە و لەسەر هەڵویستە سیاسییەكانی چەند جارێك زیندانی كراوە و بەشێكی تەمەنی لە زیندانەكاندا بەسەر بردووە. گۆران خاوەنی چەندین بەرهەمی جوانی شیعرو پەخشانە كە لە دووتوێی شەش كتێبدا چاپكراون. ئەم شاعیرە گەورەیە لە ڕۆژی ١٨-١١-١٩٦٢ كۆچی دوایی كرد و لە گردی سەیوان بەخاكی نیشتمان سپێردرا.

# گۆڤاری گەلاوێژ


گەلاوێژ
گوفاریکی أدبی وثقافی مانگی کوردیه
ژماره ۱ سال ۱ کانون أول ۹۳۹
خوێندەوارانی خوشەویستا

بنکەی ژین بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، لەسەر بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیری هەموو ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژی چاپ کردەوە.
ئەم گۆڤارە کە بۆ ماوەی ۱۰ساڵ و لە ساڵانی ۱۹۳۹-۱۹٤۹ دەرچووە و بە گۆڤارێکی دیار و کاریگەری کاروانی ڕۆژنامەوانی کوردی دادەنرێت و ئەدمۆنزی کوردناس بە یەکێك لە گرنگترین گۆڤارەکانی ئەوسای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەسفی کردووە.
گۆڤاری گەلاوێژ ۱۱۵ ژمارەی لێدەرچووە و لە چوارچێوەی ۱۷ بەرگی قەشەنگ و بەرگ تێگیراودا لە چاپخانەی ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر چاپکراوە.
چاپی نوێی گۆڤاری گەلاوێژ بە شاکارێکی گەورە دادەنرێت و نامەخانەی کوردی دەوڵەمەند دەکات و دەبێتە سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ توێژینەوەی زانستیی قۆناغێکی گرنگی مێژووی گەلی کوردستان. ئەگەرچی لە کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا گەلاوێژ وەك گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە کایەی کولتووریدا خۆی ناساند و بەشی زۆری بابەتەکانی بۆ ئەو بوارانە تەرخان کرد بوو. بەڵام لە ناوەڕۆکدا بایەخیشی بە بواری سیاسی دابوو، چەندین بابەتی ئەو بوارەشی بڵاوکردۆتەوە.

ئەم گۆڤارە لەنێوان ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٩) بۆ ماوەی ١٠ ساڵ دەرچووە و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی ئیمتیاز و مامۆستا عەلادین سەجادی سەرنووسەری بووە.

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٤٩ نوری سەعید بووە بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، بڕیاری قەدەغەکردنی حزبە سیاسییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دا و لە چوارچێوەی ئەو بڕیارەدا گۆڤاری گەلاوێژیش داخرا.

گۆڤاری گەلاوێژ بایەخی بە بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی داوە ئەوەش لەوکاتەدا خزمەتێکی گەورەی بە ڕەوتی ڕوناکبیری لە کوردستان کردووە و هۆکاری سەرەکی گەشەپێدانی ڕۆژنامەگەری و پاراوکردنی زمانی کوردی بووە. ئەم گۆڤارە شێوازی ڕێنووسی نوێی کوردی هێنایە ئاراوە و زمانی کوردی لە وشەی بێگانە بژار کرد و کوردییەکی جوان و پاراوی هێنایەکایەوە. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە ژمارە چواری ساڵی یەکەمی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٧ ی گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا، چیرۆکی هەڵهاتنی گەلاوێژی دێرین دەگێڕێتەوە و ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕۆژنامەگەری جێگەی بایەخی بووە و خەون و خولیای ئەوە بووە کە کاری ڕۆژنامەنووسی بکات. سەرباری ئەوەی ڕەمزی فەتاحی مامی حەزی کردووە کە بەشی زانستی تەواو بکات و ببێتە پزیشك، بەڵام مامۆستا برایم حەزی لەوە بووە کە بەشی ئەدەبی تەواو بکات و بچێتە کۆلیجی ماف، بۆ ئەوەی ببێتە پارێزەر و ببێت بە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارێك. مامیشی لەبەرئەوەی پیاوێکی ڕۆشنبیر بووە، ڕێگەی پێداوە بەپێی خواست و خولیای خۆی ڕێ بکات و ئیدی مامۆستا برایم دەچێتە بەشی ئەدەبی و دواتر دەچێتە کۆلیجی ماف لە شاری بەغدا و ئەو کۆلیجە بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی بۆ ئەوەی خەون و خولیاکەی بکاتە ڕاستی و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ گۆرانی شاعیر و

حامید فەرەج و مستەفا سائیب و کامل حەسەن‌و چەند هاوڕێیەکی دیکەیدا بیرۆکەکەی خۆی بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی کوردی دەخاتەڕوو، ئەوانیش پشتیوانی مادی و مەعنەوی بۆ دەردەبڕن و لەسەر پێشنیازی گۆرانی شاعیر بڕیار دەدەن کە گۆڤارەکە ناوبنێن گەلاوێژ. ئیدی مامۆستا برایم لەڕێی مەجید یەعقوبی پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانییەوە داوایەك پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکات بۆ ئەوەی مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤارەکەی پێ بدەن. هەرچەند یەعقوبی کە مامۆستا برایم دەبینێ پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکات کە واز لە بیرۆکەی دەرکردنی ئەو گۆڤارە بهێنێ‌و لەڕێی وەزیفەی حکومییەوە خزمەت بکات و پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکات کە پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی سەرچنار وەربگرێت کە پۆستێکی باش بووە و موچەی مانگانەی ١٨ دینار بووە کە پارەیەکی زۆر بووە بۆ ئەو سەردەمە، بەڵام مامۆستا برایم وەرگرتنی ئەو پۆستە ڕەت دەکاتەوە و لەسەر دەرکردنی گۆڤارەکە سوور دەبێ. هەرچەند جاری یەکەم مۆڵەتی گۆڤارەکەی نادەنێ، بەڵام مامۆستا برایم هەر سوور دەبێ لەسەر داواکەی و بۆجاری دووەم داوایەکی دیکە پێشکەش دەکات و مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ وەردەگرێت و سەرباری کۆسپ و ئاستەنگەکان بە هاوکاری هاوڕێکانی دەست بە دەرکردنی گۆڤارەکە دەکات، یەکەم ژمارەی لە مانگی کانونی یەکەمی ١٩٣٩ دەردەکات و بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و تا مانگی ئابی ١٩٤٩ بەردەم دەبێ و بە هەمووی ١١٥ ژمارەی لێدەردەکات.

گۆڤاری گەلاوێژ گۆڤارێکی سەنگین بووە و قەڵەمی دیاری وەك: (ئەمین زەکی، پیرەمێرد، تۆفیق وەهبی، شاکر فەتاح، شێخ محەمەدی خاڵ، حسین حوزنی، عەبدوڵلا جەوهەر) و چەندانی دیکە بەرهەمەکانیان تێدا بڵاوکردۆتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو گۆڤارە لەو سەردەمەدا بە

ئابوونەی ئەندامان و یارمەتی عەلی کەمال بەگ دەرچووە و بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەردەوام بووە.

گەلاوێژ لە سەردەمی خۆیدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبووە و خەڵکی لە سەرانسەری کوردستانی گەورە و تاران و بەغدا و سوریا و لوبنانەوە بەتاسەوە چاوەڕێی دەرچوونیان کردووە و پێشوازییان لێکردووە و بابەتەکانیان خوێندۆتەوە.

ئەم گۆڤارە بایەخی بە بڵاوکردنەوەی بابەتی هەمەچەشنی وەك: (شیعر، چیرۆك، وتار، زانیاری گشتی، بابەتی مێژوویی، جوگرافی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، لێکۆڵینەوە، پزیشکی، وەرگێڕان، ڕەخنەی ئەدەبی، زمانی کوردی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق) و چەندین بابەتی دیکە داوە. دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ لەو سەردەمە تاریکەی جەنگی دووەمی جیهان و ساڵانی دوای شەڕ بە شۆڕشێکی ڕۆشنبیری گەورە دادەنرێت کە خزمەتێکی گەورەی بە هەموو کایە فیکری و ڕۆشنبیری و مەعریفییەکانی کۆمەڵی کوردستان کردووە . گۆڤاری گەلاوێژ بە بابەتە زۆرو دەوڵەمەندەکانی هی ئەوەیە لە چەندین گۆشەنیگاوە لێکۆڵینەوەی جیاجیای لەسەر بکرێ و ڕۆڵی لە خزمەتکردنی کایەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ڕوون بکرێتەوە.

# گیوی موکریانی



بنەماڵــەی موکریــانی، بنەماڵەیــەکی ڕووناکبیرو خوێنەوار بوون، بەپێشەنگ‌و ســەرقافڵەی ئــەو کەســانە دادەنــرێن لەکوردســـتانی باشـــور، کەبایــەخیان بەچاپخانەو چاپەمەنی داوەو لەو بوارانە خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش بەکایەی ڕۆشنبیریی کوردی کردووە. هـەردوو بـرا حســێن حــوزنی موکریــانی‌و گیــوی موکریانی دوو شۆڕەسواری ئەو مەیدانە بوون‌و بەپێشـەنگی هێنانی چاپخانە بۆ کوردستان‌و شۆڕشی چاپەمەنی‌و ڕۆژنامەگەری دادەنرێن‌و شوێن پەنجەیان بەو بوارەوە دیارە.

عەبدولڕەحمان کوڕی سەید عەبدوللەتیف کوڕی شێخ ئیسماعیلی غـەزایی ناسراو بە(گیوی موکریانی)، لەساڵی ١٩٠٣ لەشاری مەهاباد لەدایک بووە. لەتەمەنی ١٠ساڵیدا لەگەڵ حسێن حوزنی موکریانی برای چۆتە شام‌و لەوێ خوێندویـەتی. لەسـاڵی ١٩١٥ حـوزنی بـرای مەکینەیـەکی چـاپی ئـەڵمانی دەکڕێ‌و لەشـاری حەڵـەب دایـدەنێ، ئـەویش بـۆ مـاوەی ١٠ سـاڵ هاوکـاری دەبێ لەبواری چاپەمەنیداو چەندین کتێب‌و گۆڤار لەشام چاپ ئەکەن.

لەساڵی ١٩٢٥ هەردووکیان گەڕاونەتەوە کوردستان‌و چاپخانەکەیان بردۆتـە ڕەوانـدزو لــەوێ ڕۆژنامــەی (زاری کرمــانجی) و گۆڤــاری ( ڕوناکی)یــان دەرکردووە.

لەناوەڕاستی سییەکانەوە چونەتە هەولێر و چاپخانەی هەولێریان دامەزراندووە. لەساڵی ١٩٤٧ حسێن حوزنی موکریانی برای کۆچی دوایی ئەکات. ئیدی ئەرکی بەڕێوەبردنی چاپخانەکە ئەکەوێتە ئەستۆی گیوی موکریانی و ساڵی ١٩٤٨ ناوی چاپخانەکەی بۆ چاپخانەی کوردستان گۆڕیوە. گیو لە ساڵی ١٩٥٤ ەوە تا ١٩٦٠ گۆڤاری (هەتاو)ی لەشاری هەولێر دەرکردووەو ١٨٨ ژمارەی لێ بڵاوکردۆتەوە.

گیو دیوانی شاعیرانی وەك (مەلای جزیری، نالی، سالم، کوردی، حاجی قادری کۆیی، وەفایی، دڵدار،خانی، ئەدەب، سافی)و چەندانی تری لەچاپخانەکەی چاپکردووە.

گیوی موکریانی خاوەنی چەندین فەرهەنگو بەرهەمی بەنرخو ناوازەیە لەوانە(فەرهەنگی رابەر، فەرهەنگی کۆلکە زێرینە، فەرهەنگی مەهاباد، فەرهەنگی نۆبەرە، فەرهەنگی کوردستان، گیونامە، کەشکۆڵی گیو )و چەندانی تر. گیو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردو ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاری کورد بووە.

گیوی موکریانی تا ماڵئاوایی لەژیان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکانی چاپو چاپخانەو رۆژنامەگەری و نووسینی کردووە. ئەم روناکبیرەی گەورەیەی کوردستان، پاش خزمەتێکی زۆر بەکایەی کلتووری کوردی لەرۆژی ٢٤ی تەمووزی ١٩٧٧ لەنەخۆشخانەی موسڵ بەنەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردو تەرمە پیرۆزەکەی برایەوە بۆ شاری هەولێرو لە گۆڕستانی ئیمام محەمەد بەخاك سپێردرا.

مامۆستا گیوی موکریانی لەمەهابادەوە بەدوای زانستو روناکبیری و مەکینەکانی چاپەمەنی وێڵ بوو، چەندین شاری کوردستانو وڵاتی دیکەی تەیکردو دواجار لەرواندزو هەولێر گیرسایەوەو خەرمانێك بەرهەمی ناوازەی پێشکەش بەوڵاتەکەی کرد.

# لەتیف حامد



لـــەتیف حامیـــد، نـــاوێکی دیـــار و پرشـــنگدارە لـــە دنیـــای ئـــەدەب و ڕونـــاکبیری کوردیـــدا و خزمـــەتێکی زۆری لـــــەو بوارانــــەدا پێشــــکەش کردووە. ئەو لە ڕشتە جیاجیاکانی چـــیرۆك و شـــیعر و وەرگێڕانـــــدا بەرهـەمی هەیـە و بـەڵام زیـاتر وەك چیرۆکنوس ناسـراوە. سـاڵی ١٩٤٠ لـە شاری چەمچەماڵ لـەدایك بـووە، لـە چەمچـەماڵ و کفری و کـەرکوك و بەغدا خوێندویەتی. لەتیف حامید هەر لە سەرەتای ژیانی لاویدا خولیای ئەدەب بووە و خزمەتێکی زۆری بە بوارەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی کـردووە. ئەگەرچی ئەم ئەدیبە تەنها شەش چیرۆکی هەیە، بەڵام وەك چیرۆکنووسێکی دیـار ناسـراوە، کـە خـاوەن ڕێبـازێکی نـوێ و ڕچەشـکێن بـووە لـەو بـوارەدا. لەتیف حامد وەرگێڕێکی باش و بەسەلیقەش بووە و زمانەکانی کوردی و عـەرەبی بە باشی زانیوە و بەشێك لە هۆنراوەکانی گۆران و حاجی قادری کـۆیی و لـەتیف هەڵمـەتی بـۆ سـەر زمـانی عـەرەبی بـە شـێوازێکی جـوان وەرگێڕاوە. هەروەها چیرۆکی چەند چیرۆکنووسێکی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێـڕاوە. لـەتیف حامیـد پیـاوێکی بەهەڵویسـت و کوردپـەروەر بـووە و هەمیشە لە سەنگەری گەلەکەیدا بووە و لە شۆڕشی ئەیلولدا وەك پێشمەرگە بەشداری کردووە.

ئەم ئەدیب و ڕوناکبیرە ناسراوەی کوردستان لەرۆژی ٢٢ی شوباتی ١٩٧٤ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردو لەکەرکوك بەخاك سپێردرا.

# شێخ لەتیفی حەفید



کەسایەتییەکی گەورەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو روناکبیریی کوردستانەو لەو بوارانەدا خزمەتێگی زۆری بەگەلو نیشتمانەکەی کردووە.
شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموودی نەمری مەلیکی کوردستانەو لەساڵی ١٩١٧ لەشاری سلێمانی لەدایك بووەو لەئامێزی ئەو خانەوادە تێکۆشەرو کوردپەروەرەدا گەورە بووە، هەر بۆیەش لەسەرەتای ژیانی لاویدا تێکەڵاوی جوڵانەوەی کوردایەتی بووەو هاوکارو هاوخەباتی شێخی نەمر بووەو لەساڵی ١٩٣١ بەشداری شەڕی ئاوباریکی کردووە.
دواتر لەحزبو رێکخراوە سیاسییەکاندا درێژەی بەتێکۆشان داوەو سەرۆکی پارتی برایەتیو جێگری یەکەمی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانو پشتیوانو هاوکاری حزبی هیوا و حزبو رێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی گەورە بووە.
لەسەر هەڵویستە سیاسییەکانی دوو جار لەسەردەمی پاشایەتیدا دەستگیر کراوە.
بێجگەلە بواری سیاسی، شێخ لەتیف وەك زۆربەی کەسایەتییەکانی خانەوادەکەی بایەخی بەدنیای ئەدەبو کولتوور داوە. شێخ لەتیف شاعیر

بووەو خاوەنی چەندین شیعری بەرزە کە لەدووتوێی دوو دیواندا چاپکراون بە ناوەکانی (گوڵی وەریو )و( گیاکەڵەی کۆمەڵایەتی).

وەك نوسەریش خزمەتی کردووەو یاداشتەکانی خۆی سەبارەت بەشۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمر نووسیوە. ئەم کەسایەتییە هەڵکەوتووەی کوردستان لە رۆژی ١٢ی مایسی ١٩٧٢ لە نەخۆشخانەیەکی شاری بەغدا بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردو تەرمە پیرۆزەکەی برایەوە بۆ شاری سلێمانی و لەناو ئاپۆرەیەکی گەورەی جەماوەریدا بەخاك سپێردراوەو چووە ریزی نەمرانی کوردستانەوە.

# شێخ لەتیف قەرەداخی



شێخ لەتیف قەرەداخی کەسایەتییەکی دیاری بواری ئەدەبی و چاپەمەنییە، لەهەردوو کایەی چاپەمەنی و ئەدەبیدا خزمەتی زۆری بەگەل و نیشتمانەکەی کردووە. ئەو زۆربەی تەمەنی خۆی بەرێکخستن و چنینی پیتەکانی چاپخانەو ئەدەب و هۆنینەوەی مرواری شیعر بەخشی. هەر وەك خۆی لەشیعری ژیانی چاپخانەدا ئەڵێ:

ژیانی من لەچاپخانە لەناو پیتا توایەوە

چاوم کز بوو هەموو لەشم بەئاسانی پوکایەوە

شێخ لەتیف شێخ عارف قەرەداخی کە بەشێخە ناسراوە، ساڵی ١٩٣٦ لەگەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووە. هەر لەم شارەدا سەرەتا خراوەتە حوجرەو لای مامۆستا ئاینییەکانی ئەو سەردەمە دەرسە ئاینییەکانی خوێندووە، دواتر چۆتە قوتابخانەی ئاسایی و قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی خوێندووە. بەهۆی سەختی ژیان و گوزەرانەوە وازی لەخوێندن هێناوە. ئیدی هەموو ژیانی خۆی بەدیار ڕێکخستنی پیتەکانی چاپخانەو هۆنینەوەی مرواری شیعرەوە بەسەر بردووە.

ئەو تەمەنێك سەرقاڵی وشە چنین بووە، لەدوو بواردا مرواریی وشەكانی هۆنیوەتەوە، لەسەرەتای تەمەنی مێرمنداڵی لەرێی چاپخانەی ژینی پیرەمێردی نەمرەوە خۆی گوتەنی دەستلەملانی پیتو وشە بووەو بەوپەڕی عیشقەوە كاری پیتچنینی كردووەو كاروانی كاروخزمەتو بەخششەكانی بەچاپو چاپەمەنی لەو چاپخانەیەوە بەرێخستووە، دواتر لەچەندین چاپخانەی تر لەسلێمانیو هەولێرو بەغدا خزمەتی كردووە. لەناوەڕاستی سالآنی شەستەكانیشدا وەك پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی كردووەو بۆ ماوەی دوو ساڵ لە چاپخانەی شۆڕش لە گوندی سونێی سەر بەشارۆچكەی قەلادزێ خزمەتی كردووەو ئەدەبیاتی شۆڕشی چاپكردووە.

بێ لەكاری پیتچنینو چاپەمەنی، شێخ لەتیف قەرەداخی خولیای شیعریش بووەو هەر لە كۆتایی سالآنی پەنجاكانی سەدەی رابردووەوە دەستی بەهۆنینەوەی شیعر كردووەو خاوەنی چوار دیوانە شیعری چاپكراوە، كە ئەمانەن (دەردەكانی كۆمەڵ، چەپكە گوڵ، بەركوڵ، گڕی عەشق). چەند دەقێكی شیعریی دەستنووسو چاپنەكراویشی هەیە.

شێخ لەتیف قەرەداخی سەرباری راژەكانی لە بوارەكانی ئەدەبو چاپەمەنیدا، بایەخیشی بە نووسینەوەی یاداشتەكانی داوەو لەدوو تویی كتێبیكدا بەناوونیشانی(تەمەنێك لە وشەچنین) تۆماری كردوون. شێخ لەتیف لەو كتێبەدا لاپەڕەكانی ژیانو تەمەنی زیاتر لە ٧٠ ساڵی خۆی هەڵداتەوەو یادگارییە شیرینو تاڵەكانی لەحوجرەو قوتابخانەو چاپخانەو بازاڕو گەڕەكو شارو شاخ خستۆتە روو. ئەوەی جێگەی بایەخێكی زۆرە لەم یاداشتنامەیەدا ئەوەیە، كە شێخ لەتیف تیشكی خستۆتە سەر ئەو چاپخانانەی كە وەك پیتچنو رێكخەری پیتو كادیری بواری چاپەمەنی كاری تێدا كردوون، لەو چوارچێوەیەدا باسی (١٠) چاپخانەی كردووە كە ئەمانەن (ژین، كامەرانی، كاكەی فەلاح، شۆڕش، نەورەس، ئەنوەر جاف، كوردستان، زانكۆ، ئاشتی، سەلاسا).

زانیـــاری وردو بـــەنرخی لەســـەریان نووســـیوە، باســـی چـــاپخانەکان‌و خاوەنـەکانیان‌و ئامێرەکـان‌و کارمەنـدەکان‌و ئـەو نووسـەرو رووناکبیرانـەی کـردووە کـە بەمەبەسـتی چـاپکردنی بەرهەمـەکانیان سـەردانیان کـردوون. بـەوەش خزمـــەتێکی زۆری بـــەتۆمارکردنی مێـــژووی چـــاپخانەو چـــاپ‌و چاپەمەنی لەکوردسـتان کـردووە. هـەروەها رووناکی خستۆتە سـەر ژیـانی کۆمەڵایەتیی شاری سلێمانی‌و وێنـەو نیگاری قۆناغێکی گرنگی مێـژوویی ئەو سەردەمەی کێشاوە.

شێخ لـەتیف قـەرەداخی زیاتر لـە ٧٠ سـاڵ خزمـەتی بەرشـتەکانی ئـەدەب‌و چـاپەمەنی کـرد. رۆژی ٢٠ی حـوزەیرانی ٢٠١٨و لەتەمــەنی ٨٢ سـاڵیدا بەیـەکجاری ماڵئـاوایی کـردو لـەگردی سـەیوانی شـاری سـلێمانی بـەخاك سپێردرا. ئـەو تەمـەنێك لەگـەڵ پیـت‌و وشـەو ئامێرەکـانی چاپخانەدا ژیـا‌و لێیـان بێـزار نـەبوو، شـوێن پەنجـەی بەچاپکردنی کتێب‌و نامیلکەو گۆڤارو رۆژنامەکانی زیاتر لە نیو سەدەی باشوری کوردستان‌و عێراقەوە دیارە.

وەك سەربازێکی ون خزمەتی کردو بەهێمنی ژیا‌و بەهێمنی ماڵئاوایی کرد، بـەڵام نـاوو ناوبـانگ‌و بەرهەمـــەکانی هەمیشـــە وەك مەشـــخەڵ‌و چـــرایەکی داگیرسا‌و ئەمێننەوە.

# ماجید مستەفا



ماجید مستەفا کەسایەتییەکی دیاری سیاسی و سەربازی و کارگێڕی بوو، لەچەند وێستگەیەکی مێژوویيدا ڕۆڵی دیارو بەرچاوی هەبووە.

ماجید مستەفا مەحمود ساڵی ١٨٩٦ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، لەئامێزی خێزانێکی ناوداری ئەو شارەدا پەروەردە بووە، کە لەنەوەی بنەماڵە دیارەکانی بابان بوون.

خاڵی کەسایەتیی ناسراو (فوئاد عارف)ە.

ماجید مستەفا لەشاری سلێمانی خراوەتە بەرخوێندن و قوتابخانەی ڕوشدیەی سەربازیی خوێندووە. دواتر چۆتە شاری ئەستەنبوڵ و لەوێ قوتابخانەی جەنگی خوێندووە و بووە بەئەفسەر لە سوپای عوسمانی و بەشداری شەڕەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە و بریندار بووە. بەهۆی ئازایەتییەوە چەند مەدالیایەکی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.

دوای بڕانەوەی شەڕ، کۆتایی ساڵی ١٩١٩ گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی، لێرەوە قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان دەست پێکردووە، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا،

(کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان) یان دامەزراندووەو لەساڵانی (١٩٢٠-١٩٢٢) لەو کۆمەڵەیەدا کاری کردووە.

دوای گەڕانەوەی مەلیك مەحموود لەدوورخراوەیی بۆ شاری سلێمانی، ماجید مستەفا پەیوەندی پێوە کردووەو وەك فەرماندەیەکی بەئەزموونی سەربازی بۆ پاراستنی شێخو بارەگاکانی لەگەڵیدا بووە.

ماجید مستەفا وەك ئەفسەرێکی دڵسۆز لەشارو لەشاخ لەگەڵ شێخی نەمر بووەو تاکۆتایی دەسەڵاتەکەی لەگەڵی ماوەتەوە.

ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ شێخ مەحموود بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ مەلیك فەیسەڵی یەکەم چوونەتە بەغدا. لەسەر راسپاردەی شێخی نەمر، مەلیك فەیسەڵی پۆستی کارگێڕی بە ماجید مستەفا داوەو کردوویەتی بە بەڕێوەبەری ناحیەی عەزیزیەی پارێزگای کوت. دواتر بەهۆی لێوەشاوەیی و توانای کارگێرییەوە پۆستی قائیمقامو پارێزگاری وەرگرتووە. وەك قائیمقامی ئامێدیو پارێزگاری پارێزگاکانی ناسریەو دیوانیەو عەمارە خزمەتی کردووە.

هێندە خۆشەویستی خەڵك بووە لە عەمارە گەڕەکێك بەناوی (ماجدی) بەناوی ئەوەوە ناونراوە. دواتر بووە بەوەزیر لەکابینەی نووری سەعیدو چەند کابینەیەکی تر، سەرەتا بووە بەوەزیری دەوڵەتو دواتر بەوەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی.

ماجید مستەفا کاری پەرلەمانیشی کردووە، پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی لەشاری سلێمانی هەبووەو لەدوو خولی پەرلەمانیدا بەئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانو نوێنەری پارێزگای سلێمانی هەڵبژێردراوە. لەخولی ٩ لە(١٩٣٩-١٩٤٣)و لەخولی ١٤ لە( ٩ی حوزەیران -٣ی ئابی١٩٤٥) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بووەو ئەندامێکی بەتواناو چالاك بووە.

ماجید مستەفا هەرچەند ئەو پۆستە بالآیانەشی لەحكومەتی عێراق هەبووە، بەلآم هەمیشە هەر دلّی لای میللەتەكەی بووەو بەنهێنی لەحزب و رێكخراوەكانی ئەو سەردەمە ئیشی كردووە.

ئەندامی كۆمەلّەی برایەتی بووە كەسالّی ١٩٣٨ دامەزراوەو كۆمەلّەیەكی نەتەوەیی بووەو شێخ لەتیفی حەفید سەرۆكایەتی كردووە.

هەروەها ئەندامی حزبی هیوا بووە كە مامۆستا رەفیق حیلمی سەرۆكی بووە، لەسالآنی ١٩٣٩-١٩٤٢ لەو حزبەدا خەباتی كردووە.

لەچلەكانیشدا ئەندامی یانەی سەركەوتن بوو لەبەغدا. كەیانەیەكی رۆشنبیریو سیاسی بووەو لەسەردەمی خۆی رۆلّی دیاری لەهۆشیاركردنەوەی نەتەوەییو كایەی رۆشنبیری هەبووە.

لەبەرئەوەی لەسالّی ١٩٤١ هاوسۆزی جولآنەوەی رەشید عالی گەیلانی بووە لەوەزیفە دوورخراوەتەوە.

لەچلەكاندا نێوەندگیری لەنێوان حكومەتی نوری سەعیدو مستەفا بارزانی كردووە. دوای خزمەتێكی زۆر لەكایەكانی سەربازیو سیاسیو كارگێری، رۆژی ٢ی ئابی ١٩٧٤ ماجید مستەفای كەسایەتیی دیاری نیشتمانی كۆچی دوایی كردو لەگۆڕستانی غەزالی لەبەغدا بەخاك سپێردرا.

# شێخ مارف بەرزنجی



شێخ مارف بەرزنجی تێکۆشەرو ڕووناکبیرێکی گەورەو بەهەڵویستی کوردستانەو لەچەند ڕشتەیەکی کولتووری کوردی، وەك شاعیرو چیرۆکنووس و ڕەخنەگر خزمەتی کردووەو کەسێکی چەپ و خاوەن بیروباوەڕێکی شارستانی و پێشکەوتنخواز بووەو لەپێناوی بیرو باوەڕەکەیدا گیانی خۆی بەخشیوە.

شێخ مارف کوڕی شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەمە، باوکی کەسایەتییەکی ناسراوو بەدیمەنی سەردەمی خۆی بووە. شێخ مارف لەشوباتی ١٩٢١ لە ناوچەی قادرکەرەم لەدایك بووەو لەباوەشی خانەوادەیەکی ئاینی و ڕۆشنبیردا پەروەردە بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لە قادرکەرەم و کەرکوك و بەغدا تەواو کردووەو ساڵی ١٩٤٨ بڕوانامەی حقوقی لە بەغدا بەدەستهێناوەو لەشاری کەرکووك بووە بەپارێزەر.

شێخ مارف لەکۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە، تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی بووەو لە ساڵی ١٩٣٩ بۆتە ئەندامی حزبی هیوا، دواتر لە حزبی شیوعی عێراق درێژەی بەتێکۆشانی خۆی داوە، ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد وەك نوێنەرانی بەرەی نیشتمانی بۆ هەڵبژاردنی

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پاڵێوراون، قانعی شاعیر ئەم شیعرەی بۆ وتون:

لاوی كــــوردی نیشتمانی مارف و نوری و بلە
چەندەها رۆڵەی تریش ئامادە بوون بۆ ئەم پلە

ساڵی ١٩٥٨ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شەفەق بووە كە لەشاری كەركووك دەرچووە، بەرهەمەكانی لەم گۆڤارەو رۆژنامەو گۆڤارەكانی تری ئەو سەردەمەدا بڵاوكردۆتەوە.

بەهۆی ئەوەی شێخ مارف كادرێكی دیارو چالاكی شیوعی بووە لەساڵی ١٩٥٩ دەستگیر دەكرێ و دەدرێ بەدادگای سەربازی و ئەو دادگایە بڕیاری لەسێدەرانی بۆ دەردەكات و تا ساڵی ١٩٦٣ لەزیندان دەمێنێتەوەو تا لە ٢٣ی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا خۆی و برایەكی و چەند هاوڕێیەكی لەسێدارە دەدرێن. سەرباری ئەوەی كە بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت و چوار ساڵ لەزیندان دەمێنێتەوە، ئەو بڕیارە نەیترساندووەو لەسەر هەڵویستە شۆڕشگێڕییەكانی بەردەوام بووە، لەزیندانەوە شیعرو چیرۆك و وتارە رەخنەییەكانی نووسیوەو بەناوی خۆی و نازناوی پشكۆ لەرۆژنامەو گۆڤارەكاندا بڵاو بۆتەوە.

شێخ مارف لەبەر ئەوەی خاوەنی فیكری چەپ بووە، هەمیشە ئەو فیكرە لەنووسینەكانیدا رەنگی داوەتەوەو هەردەم لایەنگرو پشتیوانی هەژاران و رەنجدەران بووە. سەرەتای نووسینی شێخ مارف بۆ ساڵانی كۆتایی سییەكانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، یەكەم هۆنراوەی نەتەوەیی لەساڵی ١٩٣٧ نووسیوەو ساڵی ١٩٤٢ دەرفەتی بۆ رەخساوە لەرۆژنامەی دەستنووسیی باسەرەی مامۆستا شاكر فەتاح كە لە قادر كەرەم دەرچووە، هۆنراوەكانی بڵاو بكاتەوە.

شێخ مارف چیرۆكیشی بەشێوەی تەكنیكی نوێ نووسیوەو خاوەنی چەندین چیرۆكی جوان و ناوازەیە كە لە گۆڤارەكانی شەفەق و هیواو روناهی

بڵاوی کردونەتەوە. شارەزای بواری شانۆش بووەو شانۆگەری نووسیوەو رەخنەو لێکۆڵینەوەشی لەو بوارەدا پێشکەش کردووە. نووسینەکانی لەسەر مەمو زینی خانیو شانۆگەرییەکانی عەبدولڕەزاق بیمارو شیعرەکانی کامەران موکری، نموونەیەکی جوانی لێکۆڵینەوەو وتاری ئەدەبیو رەخنەیین. شێخ مارف لەپیشەی پارێزەریشدا پارێزەری هەژارانو جوتیارانو رەنجدەران بووەو بەپارێزەری هەژاران ناسرابوو.

ساڵی ١٩٩٣ چاپی یەکەمی بەرهەمەکانی کە لەئامادەکردنی مامۆستا عومەر مەعرووف بەرزنجی و شێخ سامانی کوڕی شەهید بوو بڵاوکرایەوە. ئەم کەسایەتییە هەڵکەوتووە سیاسیو روناکبیرییەی کوردستان لەرۆژی٢٣ی حوزەیرانی١٩٦٣ لەسەر فیکرو هەڵوێستە شۆڕشگێرییەکانی لەسێدارە دراو چووە ریزی نەمرانی نیشتمانەوەو بوو بەشەهیدی فیکرو قەڵەم.

# د. مارف خەزنەدار



د. مارف خەزنەدار كەسایەتییەكی زانستی و نوسەرێكی ناودار و هەڵكەوتووی كوردستانە.
ساڵی ١٩٣٠ لە شاری هەولێر لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی لە هەولێر و بەغدا تەواو كردووە. دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زمانی عەرەبیدا لە بەغدا، ڕووی كردۆتە یەكێتیی سۆڤیەت و لە مۆسكۆ ماستەر و دكتۆرای لە زمان و ئەدەبی كوردیدا بەدەستهێناوە. پاش گەڕانەوەی وەك مامۆستای زانكۆ لە زانكۆكانی بەغدا و سەلاحەدین خزمەتی كردووە و ڕۆڵی دیاری لە پێگەیاندنی خوێندكاراندا هەبووە و سەرپەرشتی سەدان نامەی ماستەر و دكتۆرای كردووە. خەزنەدار لە بوارەكانی نووسین و ڕۆژنامەنووسیشدا خزمەتی كردووەو لەپەنجاكانی سەدەی ڕابردووەوە هاتۆتە ناو ئەو كایەیەو لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا بەرهەمەكانی بڵاوكردۆتەوە و خاوەنی سەدان وتار و لێكۆڵینەوەی زانستی و ٣٠ كتێبی بەنرخە. دیارترین بەرهەمەكانی یاداشتەكانی و مێژووی ئەدەبی كوردییە كە هەریەكەیان حەوت بەرگە. ئەم نووسەرو زانا بەهرەمەندەی كورد، پاش ٨٠ ساڵی تەمەنی پڕ لە بەخشش و خزمەتكردن لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری و خوێندن و پەروەردە، لە ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٥ لە نەخۆشخانەی شیفای شاری هەولێر كۆچی دوایی كرد و هەر لەو شارە دێرینە بە خاك سپێردرا.

# شێخ مارفی نودێ



شێخ مارف نودێ، زاناو رووناکبیری مەزنی کوردستان، لەرشتەی زانستەکانی ئاینی و ئەدەبی و رۆشنبیرییدا خزمەتی زۆری بەگەل و نیشتمانەکەی کردووە. ئەو لەمەدرەسەکانی قەڵاچوالان و سلێمانییەوە، بەتیشکی زانست و زانیاری کوردستانی گەورەو ناوچەکەی رۆشنکردەوە.

ساڵی ١٧٥٢ لەگوندی (نۆدێ)ی نزیک شاری سلێمانی لەدایک بووە، لەئامێزی خێزانێکی ئاینیی رووناکبیردا پەروەردە بووە.

سەرەتا لەسەر دەستی باوکی دەرسە ئاینییەکانی خوێندووە، دواتر بەدوای زانستەکاندا وێڵ بووەو چۆتە خوێندنگاکانی قەڵاچوالان و هەزارمێرد و زانا ناسراوەکانی وەك محەمەد غەزایی و مەلا محەمەد(بن الحاج)و مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی دەرسیان پێگوتووەو مۆڵەتی مامۆستای ئاینی لەسەر دەستی بێتووشی وەرگرتووە.

ئیدی وەك مامۆستایەکی ئاینی و شاعیرێکی بەهرەمەند لە خوێندنگاکانی قەڵاچوالان و مزگەوتی گەورەی سلێمانی خزمەتی بە بواری خوێندن و زانست کردووەو چەندین زانای گەورەی وەك (شێخ حسێنی قازی، مەعرووف خەرپانی، موفتی زەهاوی، شێخ مەحموودی نەقیب، شێخ عەبدولڕەحمان تاڵەبانی، مەلا ئەحمەدی موفتیی چاومار، مەولانا خالیدی

تەقشبەندیو دەیانی دیكە) لەسەر دەستی ئەو لەزانستەكان بەهرەمەند بوونو پێگەیشتوون.
نۆدێیی لە بوارەكانی ئایینیو ئەدەبیو زانستی خزمەتی كردووە، خوێندنگاكانی قەڵاچوالانو مزگەوتی گەورەی سلێمانی دوو ناوەندی گرنگی زانستیو رۆشنبیری بوون كە رۆڵی دیاریان لە هۆشیاریی ئاینیو كۆمەڵایەتیو نەتەوەییدا هەبووە.
شێخ مارف خاوەنی نزیكەی پەنجا كتێبە كە لەرشتەكانی ئاینو زانستدا نووسیونی، بەشێكی ئەو كتێبانەی بەزمانەكانی عەرەبیو فارسیو كوردی بەشیعر بۆ خوێندكارەكانی دارشتوون، كە توانا و سەلیقەی بەرزی ئەو نیشان دەدەنو بوونەتە جێی سەرنجی زانایانی گەلانی دیكە لەسەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
فەرهەنگێكی بەناوی ( ئەحمەدی) بۆ كاكە ئەحمەدی شێخی كوڕی نووسیوە، بۆ فێربوونی زمانی عەرەبیو بەشیعر داڕشتووە، كە ١٣٨٢ وشەی لەخۆگرتووە، ئەم فەرهەنگەی مامۆستا نۆدێیی لەدوای فەرهەنگی نەوبەهاری ئەحمەدی خانی بەدووەم فەرهەنگ دادەنرێت.
شێخ مارف نۆدێ، پاش تەمەنێكی پڕ بەخششو داهێنانو خزمەتكردن بەكایەكانی زانستو ئەدەبو رۆشنبیری، لەساڵی ١٨٣٨ كۆچی دوایی كردو لەگردی سەیوان بەخاكی نیشتمان سپێردرا.
هێندە پایەی نیشتمانیو ئاینیو كۆمەڵایەتی بەرز بووە، سلێمان پاشای بابان وەسێتی كردبوو، لەتەنیشت مەزاری شێخ مارف نۆدێ بەخاكی بسپێرن، وەسێتەكەی جێبەجێكراو لەتەنیشت ئەو لەس ەیوان بەخاك سپێردرا.
شێخ مارف نۆدێ، لەگوندێكی بچووكی دوورە دەستی وەك (نۆدێ) وە هاتو بەچرای زانستەكەی كوردستانو ناوچەكەی رۆشنكردەوە.

# مام جەلال



مــام جــەلال کەســایەتییەکی گــەورەی سیاسی و دەوڵەتی بوو، نەك لەسەرئاستی کوردستان و عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهــان وەك ســەرکردەو تێکۆشــەرێکی گــەورەو هێمــای گــەلێکی خــەباتگێڕ ناسراوە.

هــەزاران لاپــەڕە لەســەر ژیــان و تێکۆشــانی سیاســی و پێشــمەرگانەی ئــەم ســەرکردە مەزنــە نوســراوە، ئــەوەی مــن ئەمــەوێ ڕۆشــنایی بخەمــە ژیــانی نووســین و ڕۆژنامەگەری (مام جەلال)ە. مام هەر لەسەرەتای ژیانی لاوی و کە هێشتا خوێندکاری ناوەندی بووە لـە شاری کۆیـە خولیای خوێندنـەوەی ڕۆژنامـەو کتــێبی هــەبووەو هــەر بۆیــەش لەســاڵی ١٩٤٦ لەگــەڵ هاوڕێکانیــدا کۆمەڵەیــەکیان بــۆ هانــدانی خوێندنــەوە پێکهێنــاوە بــەناوی (کۆمەڵــەی پێشخســتنی خوێندنــەوە) و خۆشــی بەســکرتێری کۆمەڵەکــە هەڵبــژێردراوە. ئیــدی لــەوێوە کــاروانی تێکۆشــانی خوێندنــەوەو نووســین و ڕۆژنامەگــەری بەرێکــەوتووە. دوای ئەوەشــی کــە پەیوەنــدی بــەپارتی دیمــوکراتی کوردســتانەوە کــردووەو لــە ســەرەتای پــەنجاکانی ســەدەی رابــردوو ئەبێتــە یــەکێك لەســەرکردە دیارەکــانی ئــەو حزبــە، خــۆی بــۆ سەرپەرشــتیکردنی ڕۆژنامەگــەریی نهێنی و ئاشکرای ئەو حزبە لەبەغداو کەرکوك و سلێمانی تــەرخان ئــەکات و وەك پــەیامنێرو نووســەرو تایپیســت و سەرپەرشــتیاری چاپ و سەرنووسەر خزمەت ئەکات.

ساڵی ١٩٥٩ پێشنیازێك ئاراستەی مامۆستا برایم ئەحمەد سكرتێری ئەو كاتەی پارتی دیموكراتی كوردستان ئەكات بۆ ئەوەی گۆڤارێك بەناوی (رزگاری) بەزمانی كوردی لە بەغدا دەربكەن، مامۆستا برایم پێشنیازەكەی پەسەند ئەكات و ساڵح حەیدەری ئەبێتە خاوەنی ئیمیتیازو فوئاد جەواد بەسەرنووسەرو مام جەلال بەهەڵسوڕێنەری كاروباری گۆڤارەكە. گۆڤاری رزگاری تەنها سێ ژمارەی لێدەرچووە.

دواتر رۆژنامەی خەبات وەك رۆژنامەیەكی سیاسیی رۆژانە بە هەردوو زمانی كوردیو عەرەبی لەشاری بەغدا دەرئەكەنو مامۆستا برایم ئەحمەد خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری ئەبێو مام جەلال هاوكارو پشتیوانیی سەرەكی رۆژنامەكە ئەبێ. لەچواری نیسانی ١٩٥٩ تا ٢٨ی مارسی١٩٦١، (٤٦٢) ژمارەی لێدەرئەچێت. دوای ئەوەی كە پارتی دیموكراتی كوردستان مۆڵەتی رەسمی كاركردن لەحكومەتی عێراق وەرئەگرێ، ناوی رۆژنامەی خەبات ئەگۆڕن بە(كوردستان)و مامۆستا برایم ئەحمەد خاوەن ئیمتیازو مام جەلال سەرنووسەری ئەبێو عەبدولڕەحمانی زەبیحی و هەژارو حیلمی عەلی شەریف سێ هاوكارو پشتیوانی سەرەكی رۆژنامەكە ئەبنو رۆژنامەكە رۆژنامەیەكی سیاسیی هەفتانە بووەو لە٤ی مارسی ١٩٦١ تا ١ی نیسانی ١٩٦١ پێنج ژمارەی لێدەرچووە.

مام جەلال لەو سەردەمەدا بەهۆی ئەوەی ئەفسەری یەدەگ بووە لەسوپای عێراق بەناوی (پیرۆت)ەوە نووسینەكانی بلاوكردۆتەوە. دواتر بەناوی خۆیەوە نووسینەكانی بلاوكردۆتەوە. مام خاوەن قەڵەمێكی دیار و سەنگین بووەو بەهەردوو زمانی كوردیو عەرەبیو نووسیویەتیو هەربۆیەش بەئەندامی ئەنجومەنی سەندیكای رۆژنامەنوسانی عێراق هەڵبژێردراوە كە شاعیری ناسراو محەمەد مەهدی جەواهیری سەرۆكی بووە. بواری رۆژنامەگەریو میدیا جێگەی بایەخی مام جەلال بووەو لەهەموو قۆناغو سەردەمەكاندا بایەخی زۆری پێداوە. لەكاتی دامەزراندنی یەكێتیی

نیشتمانیی کوردستان و لەیەکەم کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەردا لەسەر پێشنیازی مام جەلال، بڕیاری ئەوە ئەدەن دوو ڕۆژنامە بەزمانەکانی کوردیی و عەرەبی دەربکەن. ئەوەبوو هەر لەشامەوە ڕێبازی نوێ و ئەلشەرارە دەرکران. دواتریش رادیۆی دەنگی شۆڕشی عێراق خرایە گەڕ و وەك سێ ناوەندی میدیایی ڕۆڵی دیاریان لەجۆشدانی شۆڕشی نوێدا هەبوو، کە بێگومان مام جەلال سەرپەرشتیارو بزوێنەری سەرەکی ئەو میدیایانە بوو.

مام جەلال خاوەنی چەندین کتێبی ناوازەیە لەوانە( بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، دەربارەی مەسەلەی کورد- ئەم دوو کتێبە بەزمانی عەرەبی نوسراون، کوردایەتی، لەپێناوی پاراستن و سەرخستنی شۆڕشەکەی کوردستاندا، پێشمەرگەی کوردستان) و چەندانی تر. لەدوای راپەرینی ئازادیی ١٩٩١، مام جەلال ڕۆڵی دیاری هەبوو لەدەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ڕۆژنامەی الاتحادو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرباری ئەرکە سیاسییەکانی، بایەخی زۆری بەبواری میدیا ئەداو لەرێی نووسینی وتارو ئامۆژگاری ئەو بلاوکراوانەی بەسەر ئەکردەوە.

سەرۆك مام جەلال، ئەو سەرکردە گەورەیەی لە خەباتی نهێنی و لەشاخ و لەکۆشکی کۆماری بایەخی بەرۆڵی میدیا ئەداو هەمیشە داوای ئەکرد بەزمانی گوڵ بنووسن و بڕوایان بە پرەنسیپی چەپکە گوڵەکە هەبێ.

ڕۆژی ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ سەرۆك مام جەلال بەنەخۆشی لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردو ڕۆژی ٦ی تشرینی یەکەم تەرمە پیرۆزەکەی هێنرایەوە بۆ شاری سلێمانی و لەرێوڕەسمێکی شکۆداری رەسمی و میللی و لەناو ئاپۆرەی بەرینی جەماوەردا لە دەباشان بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

بۆ هەتا هەتایە ناوو ناوبانگ و ڕێبازە پیرۆزەکەی بەنەمری ئەمێنێتەوە و مەشخەڵی درەوشاوەی ڕێگای تێکۆشانی کوردایەتی دەبێت.

# مام جەلال لوتکەی گەورەیی




مام جەلال لووتکەی گەورەیی، ناوونیشانی کتێبێکی مامۆستا (مومتاز حەیدەری)یە، کە تایبەتە بەسەرۆك مام جەلال.

مامۆستا حەیدەری لەم کتێبەدا تیشك ئەخاتە سەر پەیوەندیی نێوان بنەماڵەکەیان و مام جەلال کە مێژووی ئەو پەیوەندییە بۆ ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو ئەگەڕێتەوە، بەهاوڕێیەتی و هاوخەباتی ساڵح حەیدەری و جەمال حەیدەری دەستی پێکردووەو دواتر لەگەڵ مومتاز حەیدەری و براکانی و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی حەیدەری ئەو پەیوەندییە درێژەی پێدراوەو بەردەوام بووە.

ئەو بنەماڵە ناودارە سیاسی و روناکبیرە جێگەی رێزو بایەخی زۆری مام بوون، هەر بۆیەش لەهەموو وێستگەکاندا ئەو پەیوەندییەی پاراستووەو بەردەوام بووە.

مامۆستا مومتاز حەیدەری لەوتارو چاوپێکەوتن و بروسکەکانی دوو توێی ئەم کتێبەدا، بەوپەڕی رێزو وەفادارییەوە باسی رۆڵی دیاری مام جەلال لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە ئەکات و وەك سەرکردەیەکی بێ وێنەو دووبارە نەبۆوە پێناسەی ئەکات.

هەر لەم کتێبەدا حەیدەری تیشك ئەخاتە سەر پانۆرامای پەیوەندییەکانی مامو بنەماڵەکەیانو وەك هاوڕێو دۆستێکی بەوەفاو راستگۆی خۆیان باسی ئەکات.

مامۆستا مومتاز حەیدەری باسی پشتیوانیو هاوکاریی سەخییانەی مام بۆ پڕۆژە رۆشنبیرییەکانیان ئەکاتو وەك دڵسۆزێکی بەئەمەکی ئەو بوارەو بە کتێبپەروەر پێناسەی ئەکات.

حەیدەری بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی کتێبەکەی چەندین وێنەو بەڵگەنامەو دەستنووسو بەرگی کتێبە کۆنەکانی مام جەلالی خستۆتە روو.

# مەحمود جەودەت



مەحمود جەودەت کەسایەتییەکی گەورەی نیشتمانی و رۆشنبیریی کوردستانەو لەچەند بوارو رشتەیەکدا خزمەتی زۆری بەگەل و نیشتمانەکەی کردووە.

مەحمود جەودەت کوڕی ئەحمەد جەودەت کوڕی مەحمود ئاغا، بەمەحمود جەودەت ناسراوە، ساڵی ١٨٨٩ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە.

حەسەن ئاغای دەوڵەتی مامی ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی گرتۆتە ئەستۆو خستویەتییە بەرخوێندن، سەرەتا لەقوتابخانە ئاینییەکان و دواتر لەمەدرەسەی روشدیەی عەسکەریی سلێمانی و مەدرەسەی جەنگی لەئەستەنبوڵ خوێندوویەتی و بووە بەئەفسەر لەسوپای عوسمانی.

دوای شکستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەجەنگی یەکەمی جیهان، گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و پەیوەندی بەشێخ مەحموودی نەمرەوە کردووەو وەك ئەفسەرێکی شارەزاو بەئەزموون هاوکاریی سەربازی کردووە.

مەحمود جەودەت هەموو ئاواتی سەرکەوتنی گەلەکەی بووە، بۆ ئەو مەبەستەش لەچەند کۆمەڵەیەکدا کاری کردووە. لەوانە کۆمەڵی سەربەخۆیی کوردستان کە لەساڵی ١٩١٩ رۆڵی دیاری لەدامەزراندنیدا هەبووە. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی سەرکەوتنی کوردان بووە.

مەحمود جەودەت هاوکاری کۆمەڵەی ژێکاف کردووەو تەشکیلاتی سەربازی بۆ دامەزراندوون.

مەحمود جەودەت کەسێکی رووناکبیر بووە، بایەخێکی زۆری بەو بوارە داوە. زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزیو پۆڵەندیو تورکی و فارسی و عەرەبی بەباشی زانیوە، بەهۆی ئەوەوە سوودی لەئەدەبیاتی ئەو گەلانە وەرگرتووە.

مەحموود جەودەت بایەخی بە پەلەکانی ئەدەب بەگشتی داوە، لەو چوارچێوەیەدا سروودی نیشتمانی بۆ خوێندکارانی قوتابخانەکان داناوە، وتاری بۆ گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە نووسیوەو لە (پێشکەوتن، ئومێدی ئیستقلال، ژیانەوە، هاوار، زاری کرمانجی) بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە.

خاوەنی چەند کتێبێکی چاپکراوە، لەوانە کتێبێکی سەبارەت مێژوو و جوگرافیا و راپەرینەکانی گەلی پۆلۆنیا بۆ ئازادیو سەربەخۆیی بەناوی (پۆلۆنیا- پۆلەندا یا لهستان) لەساڵی ١٩٣٦ نووسیوەو لەچاپخانەی مەعاریفی شاری بەغدا لەساڵی ١٩٤٠ لەدوای مردنی چاپکراوە. شایانی باسکردنە ئەم کتێبە زانیاری بەنرخی لەسەر ئەو وڵاتە تێدایە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی دوو ساڵ لەو وڵاتە ژیاوەو زمانی پۆلەندی بەباشی زانیوە.

کتێبێکی تری بەناوی (بەهائوڵلاو دەوری نوێ ) لەساڵی ١٩٣٣ لەزمانی ئینگلیزییەوە بۆسەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

چیرۆکێکیشی لەسەر مامە یارە نووسیوەو ساڵی ١٩٣٣ لەگۆڤاری (یادگاری لاوان) دا بڵاوی کردۆتەوە.

چەند پارچە شیعرێکی شاعیری ناوداری فەرەنسی(سوللی) بۆ زمانی کوردی تەرجەمە کردووەو ئەحمەد موختار بەگی جاف جارێکی ئەو

شـــیعرەی داڕشـــتۆتەوەو بـــەناوی (گـــوڵی خـــوێنین) بـــڵاوی کردۆتـــەوەو لەدیوانەکەیدا هەیە.

لـەزمانی ئینگلیزییـەوە شـیعری بـۆ سـەر زمـانی کـوردی وەرگێـڕاوە، لەوانـە شیعری (گوڵو بەهار)ی تنسیۆنی شاعیری ئینگلیزی بۆسـەر زمـانی کـوردی وەرگێڕاوە.

ئەم کەسایەتییە ناودارەی کورد لە ساڵی ١٩٣٧ مامەڵـەی خانەنشینی ئـەبێ لەفەرمانگەی خانەشینی بەغدا، بەهۆی ئـەوەی بەرپرسێکی ئـەو فەرمانگەیـە سوکایەتی بەکوردو سەرکردەکانی ئەکات، ئەیکوژێ.

لەسـەر ئـەوە مـەحموود جـەودەت دەسـتگیر ئـەکرێو لـەرۆژی ٢٠ی تشـرینی دووەمی ١٩٣٧ لەسێدارە ئەدرێو تەرمەکەی ئەبرێتەوە بۆ شاری سلێمانیو لەگردی سەیوان بەخاك ئەسپێردرێ.

ئـەوەش ئەبێتـە مایـەی نیگـەرانیو خـەمباری خـەڵکی کوردسـتان بەگشـتیو شـاعیران بەتایبـەتی، شـاعیران (حەمـدی، پیرەمێـرد، شـێخ سـەلام، بێکـەسو گۆران ) بەشیعر شیوەنیان بۆ گێراوە.

شێرکۆ بێکەسی شاعیریش جوانترین دەقی شانۆگەری بۆ نووسیوە.

# شێخ مەحمودی حەفید



شـێخ مــەحمودی نــەمر زیــاتر وەك ڕابــەر و سـەرکردەو مـەلیکی کوردسـتان باسـی کـراوە و هەزاران لاپەڕەی لەسەر نوسراوە. بەڵام لایـەنێکی دیکـەی ژیـانی شـێخی نـەمر کـە کـەمتر ڕۆشـنایی خراوەتە سەر لایەنی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە.

سـاڵی ٢٠٠٦ لـە یـادی پەنجاهــەمین سـاڵیادی کۆچـی دوایـی شـێخی نـەمردا، مامۆسـتا عومـەر مـەعرووف بـەرزنجی کتێبێکـی نـاوازەی بـەناوی (نوربەخشـی، شـیعرەکانی مـەلیکی کوردسـتان شـێخ مـەحموود بـەرزنجی) بڵاوکردەوە. مامۆستا عومەر لەو کتێبەدا زۆربەی شیعرەکانی شێخی نەمری ساغ کردۆتـەوە و پـەراوێزی بـۆ نووسیون و ئـەوەی خستۆتەڕوو کە شێخ شاعیرێکی گەورە و خاوەنی چەند شاکارێکی بەرزی شیعرییە و نازناوی شاعیری (نوربەخشی) بووە.

شێخ مەحمود لە بنەماڵەیەکی زانا و خوێنەوار و ڕۆشنگەر پەروەردە بووە، شێخ سەعیدی باوکی شاعیر بووە، کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ مارف نودێ زانا و نووسەر بوون و چەند کتێبێکی ناوازەیان هەیە. شێخ کاریگـەری ئەو بنەماڵـە خوێنـەوارەی بەسـەرەوە بـووە، بۆیـە هـەر لـە حـوجرەوە خولیـای شیعرو ئـەدەبیات بووە و دواتـر بووە بە شاعیر و چەندین شیعری جوانی نیشـتمانی و نەتــەوەیی بــۆ بــەرگری لــە وڵات و بەدەسـتهێنانی مــافی سەربەخۆیی گەلی کوردستان نووسیوە.

لــە ســەرەتای بیســتەکانی ســەدەی ڕابــردوودا، پشــتیوانێکی بــەهێزی بزووتنـەوەی ئـەدەبی و ڕۆشـنبیری بـووە و پەیوەندییـەکی بـەهێزی لەگـەڵ شـاعیران و ڕووناکبیرانـدا هـەبووە. لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی شـێخدا چـوار

ڕۆژنامــه دەرچــوون: (بــانگی كوردســتان ١٩٢٢، ڕۆژی كوردســتان ١٩٢٢، بـانگی حـەق ١٩٢٣، ئومێـدی ئیسـتقلال ١٩٢٤). هێنـدە ڕۆژنامـە لای شـێخ بایـەخی هـەبووە كـە شـاری سـلێمانی بەجێهێشـتووە و چـۆتە ئەشـكەوتی جاسـەنە، ئـامێری چـاپەمەنی بـردووە و لـەوێ ڕۆژنامـەی بـانگی حـەقی دەركـردووە. بێجگـە لـە شـیعرەكانی، نامـەكانی شـێخ مـەحموود كـە بـۆ كەسایەتی و شاعیران و هاوڕێیـانی نووسـیوە، نرخێكـی بـەرزی ئـەدەبییان هەیــە، چــونكە بــە شــێوازێكی ئــەدەبی جــوان نووســیونی و شیعریشــی تێهەڵكێش كردوون. ئەم پیاوە مەزنە تەنانەت لە كاتی دوورخستنەوەشی بۆ ناوەڕاستو خوارووی عێراق بایـەخی بـە چاپكردنی دەستنووسـە بـەنرخ و دەگمەنەكانی بنەماڵەكەی داوە و لە ساڵی ١٩٣٣ لە شاری بەغدا دوو كتێبی دەستنووسی شێخ مارف نودێ و كاكە ئەحمەدی شێخی بەچاپ گەیانـدووە. جوانترین شیعری كە بۆ ڕەتكردنەوەی ژیانی دیلی و تاجی شاهیی دوژمنـان نووسیویەتی، ئەم شیعرە بەرزەیە، كە ئەمە بەشێكێتی:

نامەوێ ژینی ئەســارەت بەسمـە عومری گومڕەهی
نایكەمە سەرخۆم بە دەستی موددەعی تاجی شەهی
قــەد بــە ئەمـــری دوژمـــنانم نامەوێ فەرمـانڕەهی
نامـــەوێ تەختی كەی و بەختی جەم و شاهنشەهی

لــە ســەردانی ڕۆژی ٤ی ئـەیلولی ٢٠١٦ بـۆ مـاڵی كـاك شـێخ مـەحموود حەفیدزادە، گفتوگۆی گەرممان كرد سەبارەت بەلایەنی ئـەدەبی و ڕۆشنبیری بنەماڵـەی حەفیـد بەگشـتی و شـێخ مـەحمودی نـەمر بەتایبـەتی و لاپـەڕە درەوشـاوەكانی ژیـانی ئـەدەبی و ڕووناكبیری ئـەو كەسـایەتییە گـەورەمان هەڵدایـەوە. ئـەوەی زۆر خۆشحاڵی كـردم ئـەوەبوو كـە كـاك شـێخ مـەحمودی حەفیـدزادەش لەسـەر هـەمان ڕێچـكەی بنەماڵەكـەی ئـەڕوا و بایـەخی زۆر بەبواری كولتووری ئەدات و لە هەوڵی پاراستنی ئەرشیف و بەڵگەنامەكانی بنەماڵەكـەیان و لـە چاپدانەوەیاندایە. ئـەو دیـدارە سـەرنجی ڕاكێشـام ئـەم چەند دێڕەم نووسی.

# مەحمود زامدار



مەحمود زامدار نووسەرو وەرگێڕو ڕۆژنامەنووسێکی گەورەو دیاری کوردستانە، هێندە زانیاری لەبوارە جیاجیاکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریو هونەریدا هەبووە بە فەرهەنگی زانیاری پێناسە کراوە. زامدار ساڵی ١٩٤٤ لەشاری هەولێر لەدایك بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێرو بەغدا تەواو کردووە. سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەشی زمانی کوردیی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. هەرلەسەردەمی لاوییەوە خولیای جیهانی ئەدەبو ڕۆشنبیری بوو.

وەك ڕۆژنامەنووسێك لە ڕۆژنامەکانی هاوکاریو تەئاخیو بەیانو ڕۆشنبیری نوێو خەباتی قوتابیانو برایەتیو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تردا بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە. زامدار بایەخیشی بەدنیای منداڵان دابوو و چەندین بەرهەمی جوانی ئەدەبی تایبەت بەوانی نووسیوە. خاوەنی ٣٠ کتێبی چاپکراوو سەدان وتارو لێکۆڵینەوەیە.

ڕۆژی ٨ی ئەیلولی ٢٠١١ کۆچی دوایی کردو لەشاری هەولێر بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

# مەحموودی مەلا عیززەت



مـــەحموودی مـــەلا عیـــززەت کەســـــایەتییەکی گـــــەورەی رووناکبیریی کوردستانەو وەك نووســـەرو رۆژنامـــەنووس‌و مێـژوونووس خزمـەتێکی زۆری پێشــکەش بەگــەل‌و نیشــتمان کردووە.

مامۆستا مەحموود ساڵی ١٩٣٩ لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغـەکانی خوێـندنی سـەرەتایی و ناوەنـدی‌و ئامـادەیی لـە شـاری سـلێمانی تـەواو کـردووە. سـاڵی ١٩٦٢ بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی بەشـی مێـژووی کـۆلیجی پـەروەردەی زانکـۆی بەغـدای بەدەسـتیهێناوە. لـەدوای تەواوکردنی زانکۆ وەك مامۆستای مێژوو خزمـەتی کردو لەوبوارەدا شوێن پەنجەی دیارە.

مامۆستا مـەحموود هـەر لەسـەرەتای ژیـانی گەنجییـەوە تێکـەڵاوی ژیـانی سیاســی بــوو، ســـەرەتا لـــەرێی رێکخـــراوە پیشـــەییەکانی قوتابیـــان‌و مامۆســتایانەوە دەســتی بەخــەباتی رێکخراوەیــی کــردو گەیشــتە ئاســتە باڵاکانی ئەو دوو رێکخراوە. دواتر لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا وەك کـادرێکی چـالاك کـاری حزبـی کـرد. مامۆسـتا مـەحموود کەسـێکی دڵسـۆزو نیشـتماپەروەر بـوو، هەمیشـه لـەریزی گەلەکەیـدا بـووەو سـاڵی ١٩٨٠ بەتۆمـەتی هاوکـاریکردنی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان لەلایـەن دەزگـا ئەمنییەکانی رژێمی بەعسەوە دەستگیر کراو لەزیندانەکانی کـەرکوك‌و بەغدا

ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە، بەڵام هیچی نەدرکاندو ساڵی ١٩٨١ ئازاد کراو هەمان ساڵی پەیوەندی بەشۆڕشەوە کرد. سەرباری کاری سیاسیو ڕێکخراوەیی، مامۆستا مەحموود خولیای کاری نووسینو ڕۆژنامەگەری بوو، وەك ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکانی دەنگی مامۆستاو رزگاری خزمەتی کردووە.

ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٢ سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بوو. مامۆستا مەحموود بەحوکمی ئەوەی لە بواری ئەرشیف لە وڵاتی سوید خزمەتی کردبوو و شارەزای ئەو بوارە بوو، لەو سونگەیەوە ساڵی ١٩٩٧ ڕەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرت بۆ دامەزراندنی دەزگای ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستانو کاری جدی بۆ ئەو مەسەلەیە کرد.

مامۆستا مەحموود بێ لەکاری ڕۆژنامەنووسی، وەك نووسەرێکی دیارو خاوەن قەڵەمێکی بەبڕشت خزمەتی کردو لەوبوارەدا خزمەتێکی زۆری بەکتێبخانەی کوردی کردووەو خاوەنی چەندین کتێبی بەنرخی سیاسیو فیکریو مێژووییە، لەدیاترینیان ئەمانەن (کاروانی بێ کۆتایی، جەمهوریەتی کوردستان، کورتەی ململانێی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە، کورتەی مێژووی فەلسەفە، دیپلۆماسێتی بزووتنەوەی کوردایەتی)و چەندانی تر. پاش خزمەتێکی زۆر بە کایەکانی مێژوو و فکرو ڕۆشنبیری، مامۆستا مەحموودی مەلا عیززەتی نووسەرو ڕووناکبیرو سیاسەتمەداری دڵسۆزی کوردو کوردستان لە ڕۆژی ٤ی مایسی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کرد.

# مەحوی



مـــــەحوی، شـــــاعیرێکی نـــــاوداری کوردســـــتانەو لـــــەڕێی شـــــیعرە بەرزەکانییـــەوە خزمـــەتێکی زۆری بـــە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کردووە.
مـەلا محەمـەدی کـوڕی مـەلا عوسمـانی باڵخی، نـاوی تـەواوی ئـەم شـاعیرەیە و لـەدنیای ئەدەبـدا بـە مـەحوی ناسـراوە. خانەوادەکەی لە سەرەتای دروستبوونی شـاری سلێمانی هاتوونەتـە ئـەم شـارە. سـاڵی ١٨٣٠ لـەدایك بـووە و لـە ئـامێزی خێزانێکـــی ئـــاینی و خوێنـــەواردا پـەروەردە بـووە. لـە سـلێمانی و سـنە و سـابلاخ و بەغـدا دەرسـی ئـاینی خوێنـدووە و سـاڵی ١٨٥٩ لـە شـاری بەغـدا لـە سـەردەسـتی زانـای پایەبـەرز (موفتی زەهاوی) ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتـووە و لـەوێ لەمزگـەوتی ئیمام ئەعزەم بووە بەپێشنوێژ.
ساڵی ١٨٦٢ گەڕاوەتـەوە شاری سلێمانیو بووە بە دادوەر و دوای کۆچی دوایی باوکی بووە بە مەلا و لە خانەقای مەحوی تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی خزمـەتی کـردووە . لـە سـاڵی ١٩٠٦ کۆچـی دوایـی کـردووە و چـۆتە بـەر دلۆڤانی خوا. مەحوی هەر لە سەرەتای ژیانی گەنجییەوە بایەخی بە ئەدەب داوەو شیعری هۆنیوەتـەوەو بـووە بـە شـاعیر. شیعرەکانی مـەحوی شیعری زۆر جـوان و بـەرزن و بایـەخی بـە ڕشـتە جیاجیاکـان داوە و شـیعری نیشتمانیو ئاینی نووسیوەو بایەخی بە بوارەکانی دیکەی وەك عیشق و

خۆشەویستی و جوانی داوە و شیعری زۆر جوان و ناسکی لەو بوارانەدا هەیە.

مەحوی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی شیعری هۆنیوەتەوە، جێگەی ڕێزی شاعیرانی سەردەمی خۆی بووە و هەربۆیەش بە شیعر ستایشیان کردووە. هەموو شیعرەکانی مەحوی لە دووتوێی دیوانێکدا کۆکراونەتەوە و چەند جارێك چاپ و بڵاوکراوەتەوە. مەحوی لەسەردەمێکی تاریکدا بەدیدێکی کراوە و شارستانییەوە سەیری ژیانی کردووە و وەك مەلا و شاعیر خزمەتی بە گەلەکەی کردووە.

# مەدهۆش



محەمەد عەلی مەدهۆش، شاعیرێكی دیار و ناسراوی كوردستانەو لەڕێی شیعرە ناسك و جوانەكانییەوە خزمەتێكی زۆری بە ڕەوتی ڕۆشنبیری و ئەدەبی كوردستان كردووە.

محەمەد عەلی محەمەد حاجی مستەفا قوربانی، ناوی تەواوی ئەو شاعیرەیە و لە جیهانی ئەدەبدا بە مەدهۆش ناسراوە. ساڵی ١٩١٩ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو كردووە. هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بووە و لەژێر كاریگەی شیعرەكانی نالی و گۆران و پیرەمێرد و عەلی كەمال باپیردا بووە. مەدهۆش بەشی زۆری شیعرەكانی بۆ ئەوین و جوانی و سروشتی كوردستان نووسیوە. ساڵی ١٩٤٠ یەكەم پارچە شیعری بەناوی (بە عەشقی تۆ بریندارم) لە ڕۆژنامەی ژین بڵاوكردۆتەوە. ئەم شاعیرە شاعیرێكی واقعی پێشكەوتنخواز بووە و خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی ئەدەبییە.

مەدهۆش بە تەنها هەر شاعیر نەبووە، بەڵكو چیرۆكنووسیش بووە و چیرۆكێكی هەیە بە ناوی (نەریمان چی بەسەر هات)، كە ساڵی ١٩٦٨ بەچاپی گەیاندووە. خاوەنی حەوت دیوانی شیعرییە كە ئەمانەن: (هەمیشە بەهار، دڵ و گوڵ، سەرگوڵ، دڵی كچان، شیرین، دڵی كوڕان، یانەی دڵان).

ئەم شاعیرە هەڵكەوتووەی كوردستان، لە ڕۆژی ٢٧ی شوباتی ١٩٩٤ بۆ دواجارماڵئاوایی كرد و لە گردی شێخ محێدینی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا. بەڵام بەرهەم و خزمەتە ئەدەبییەكانی هەمیشە بەزیندوویی ئەیهێڵنەوە.

# مەرزییەی فەریقی



مەرزییـــــەی فـــــەریقی خانمـــــە هونەرمەنـدێکی دیـاری کوردسـتانەو لەرێی هونەری گۆرانییەوە خزمـەتێکی زۆری بەگەل‌و نیشتمانەکەی کردووە.
(مەزرییــە شــەهاب عەبــدوڵلا) نــاوی تـەواوی ئـەو هونەرمەندەیـەو لـەدنیای هونەردا بەمەرزییەی فەریقی ناسراوە.
رۆژی ٢٢ی ئایـــاری ١٩٥٨ لەشـــاری مــــەریوانی خۆرهـــەڵاتی کوردســـتان لەدایك بووە. بەڵام بەرەچەڵەك خەڵکی شاری سنەن. لەشارەکانی مـەریوان‌و سنە قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووەو بڕوانامەی دبلۆمی پـەروەردەیی بەدەستهێناوەو بۆتە مامۆستا.
مەرزییە هـەر لەتەمـەنی گـەنجی‌و خوێندکارییـەوە خولیـای هونـەر بەگشـتی‌و هونـەری گـۆرانی بەتایبـەتی بـووەو لـەیادو بۆنەکانـدا لـە قوتابخانـە گـۆرانی وتووە.
بۆ یەکەمجار لەتەمەنی نۆ ساڵیدا گۆرانی (لەسـەر کـانی دێتـەوە)ی فەتانـەی وەلیدی لەسەر شانۆی قۆتابخانەکەی وتۆتـەوەو مامۆسـتایان‌و خوێنـدکاران بەدەنگە بەسۆزەکەی سەرسام بوون.
ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هونەرمەنـدی ناسـراو ناسـری رەزازی زەمـاوەند ئـەکات‌و دواتـر لەسـاڵی ١٩٨٠ پێکـەوە ئـەبن بـە پێشـمەرگەی کۆمەڵـەو لەخەباتیشـدا وەك دوو هونەرمەنـدو دوو پێشـمەرگە لـەرێی هونـەرەوە خزمـەت بەخـەبات‌و

تێكۆشـانی گـەلی كوردسـتان ئەكـەن، سـرووده شۆڕشـگێڕییەكانیان ڕۆڵـی دیارییـان لـە جۆشـدانی خـەباتی كوردایـەتی لەسەرانسـەری كوردسـتانی گەورەدا هەبووه.

ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ ڕەزازی روو ئەكەنە وڵاتـی سویدو لـەوێ وەك پەنابـەر لـە وڵاتی غەریبی ئەگیرسێنەوه.

مەرزییـە لـە غـەریبی لەخـەمی هونـەری گەلەكەیـدا ئـەبێ و چـەندین گـۆرانی تۆمار ئەكات.

فـەریقی خـاوەنی چـەندین سـروودو گـۆرانی ناوازەیـە كـە بەدەنگـە خـۆش و بەسۆزەكەی چڕیونی. ئەم خانمە هونەرمەندەی كورد لەڕۆژی ١٨ی ئـەیلولی ٢٠٠٥ لەسـتۆكهۆڵمی پایتـەختی سـوید بـە یـەكجاری چـاوەكانی لێكنـا و ماڵئاوایی كردو ڕۆژانی دواتر لەشاری سلێمانی لەڕێو ڕەسمێكی شایستەدا بەخاك سپێردرا.

بەڵام سروودو گۆرانییە بەرزەكانی هەمیشە بەنەمری ئەیهێڵنەوه.

# مەزهەری خالقی



هونەرمەندێکی گەورەی کوردستانەو لەرێی هونەرەکانی موزیكو گۆرانیو بەرهەمە رۆشنبیریو کەلەپوورییەکانیەوە، خزمەتێکی فرەی پێشکەش بەکاروانی کولتووریی کوردستان کردووە.

ساڵی ۱۹۳۸ لەشاری سنەی خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە. لەسنە تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووەو لەو شارە بۆ ماوەیەك بووە بەمامۆستاو لەبواری پەروەردەو خوێندندا خزمەتی بەخوێندکارانی کورد کردووە.

ساڵی ۱۹۵۸ بۆ خوێندن چۆتە تارانو لەزانکۆی تاران بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە فیزیاو ماستەری لە بەڕێوەبردنی پیشەسازی بەدەستهێناوە.

مامۆستا مەزهەر هەر لەقۆناغی سەرەتاییو کە هێشتا تەمەنی ۸ ساڵ بووە، خولیای هونەری گۆرانی بووە.

مامۆستا ئەسەدی کە مامۆستای هونەری خالقی بووە لەقۆناغی سەرەتایی، هەر زوو درکی بەوە کردووە کە خالقی منداڵێکی بەهرەمەندو دەنگ خۆشە،

هەربۆیــەش بایــەخی زۆری پێــداوەو فێــری ســۆڵفێچو مــەقاماتی كــوردیو فارسیی كردووە.

خــالقی لــە تەمــەنی ١٤ ســاڵیدا زیــاتر دەركــەوت، ئــەوەش بــەهۆی ئــەوەی كەچووە رادیۆی سنەو هەفتانە راستەوخۆ لەو رادیۆوە گۆرانی پێشكەش ئەكرد، بەهۆی دەنگە خۆشو ئەفسوناوییەكەوە زیاتر لەناو خەڵكدا ناسرا.

مامۆستا مەزهەر خولیاو ئاواتی ئەوە بوو زیاتر پەرە بەهونەرەكەی بداتو لەرووی زانسیتییەوە زیاتر خۆی پەروەردە بكات، بۆ ئەوەش چووە لای مامۆستا حەسەن كامكارو سوودێكی زۆری لەوانە هونەرییەكانی بینیو لە كوالیتی كارو بەرهەمە هونەرییەكانیدا رەنگی دایەوە.

ئـەو كاتەشـی خـالقی چـووە تـاران، دەرگایـەكی گـەورەی هونـەری بەروویـدا كرایــەوەو چــەندین مامۆســتای دیــارو بــەناوبانگی ئێرانــی وەك( حەنانــە، كەسرەوی، مەللاح، بەهاری، یوسف زەمانی، ناسریو موجتەبا میـزادە)ی ناسیو سوودی زۆری لەتواناو ئەزموونی ئەو هونەرمەندە گەورانە بینیو هونەرەكەی خۆی پێ دەوڵەمەندو موتوربە كرد.

هەرلـە پایتـەخت، خـالقی چـووە رادیـۆی تـارانو لـەرێی ئـەو رادیـۆوە، وەك بێژەرو وەرگێڕو میدیاكار كاری كردو بەرهە هونەرییەكانیشی بلاوكردەوەو خزمەتی زۆری پێشكەش بەكایەكانی كولتووری كوردی كرد.

هەر لەتاران دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا لەگەڵ چەند ئۆركسترای بەناوبانگی وەك ( ئۆركســترای ســەمفۆنیك، ئۆركســترای گــەورەی رادیــۆی تــارانو ئۆركسترای وەزارەتـی هونـەرە جوانـەكان)و ئۆركسـتراكانی تـردا كـار بكاتو دەیــان ئــاوازو گــۆرانی تۆمــار بكــات كــە دەنگدانــەوەی زۆریــان لەكایــەی هونەریی كوردیو زیاتر ناساندنی ئەم هونەرمەندە گەورەیە هەبوو.

مامۆسـتا خـالقی بـەهۆی هەلومـەرجی دژواری سیاسـیی ئێرانـەوە، لەسـاڵی ١٩٨٣ رووی لەباشوری كوردستانی كردو لەناوچە ئازاد كراوەكانی شۆڕش

لـە سـەرگەڵو و بەرگـەڵو گیرسـایەوەو مـاوەی شـەش مـانگ لـەو ناوچـەیە مایـەوەو دواتـر سـەفەری کـرد بـۆ دەرەوەی وڵاتو بـووە پەناهەنـدە لەشـاری لەندەن.

لەئاوارەیی و پەناهەندەییش لە لەندەن هەر دڵی لای هونەرو کولتـوور بـووەو لەو بوارەدا خزمەتی کردووەو شوێن پەنجەی دیارە. ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایـەوە باشوری کوردستانو لە شاری سلێمانی جێگیر بوو.

وەك خولیـای هونــەری و کولتــووری هەمیشــەیی خــۆی، لەگــەڵ کــاروانی رۆشــنبیری کوردســتان رێــی کــردو ئــەمجارە ئنســتیتویەکی بــەناوی (ئینستیتوی کەلەپووری کورد) دامەزراند، دوو بنکەی سەرەکی لەشارەکانی سـلێمانی و دهـۆك و ئۆفیسـی لـە کـەرکوك و پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتان کردەوە.

ئامـانجی ئـەم ئینسـتیتویە پاراسـتن و ئارشـیفکردنی کولتـورو کەلـەپووری زارەکیی کوردستانو هەموو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی دیکە بوو.

ئــەم ئینســتوتە خزمــەتێکی گــەورەی بــەبوارەکانی هونــەرو کەلــەپوورو کولتووری کوردی لەچەند رشتەیەکی جیاوازدا کردووە لەوانە:

-کۆکردنـەوەی چەندین بابـەتی فەرهـەنگی و هونـەری رەسـەنی کوردسـتانی تۆمارکراوی سەد ساڵی رابردوو بەشێوەی دیجیتاڵ.

- ئامادەکردنی کۆمەڵێك بەرهـەمی هونـەری و کولتـووری لـە شـێوەی دەنـگ و رەنـگ و فـیلم و کتێـب و بڵاوکردنـەوەی زیـاتر لـە ٢٠٠ کتێـب بەزمانـەکانی کوردی ( زاراوە جیاجیاکان) و عەرەبی و ئینگلیزی.

-دەیان بەرهـەمی کولتـووری بـەدەنگ و رەنـگ و لەشـێوەی سـی دی و دی ڤـی دی و فیلم تۆمار کردووەو لەرێی میدیا و بازارەوە بڵاوکراونەتەوە.

مامۆسـتا مەزهــەری خــالقی خاوەنێــك خــەرمانێك بەرهــەمی هونــەری و کولتـووری و کەلەپووریيـەو هەمیشـە وەك سـەربازێکی ون خزمـەتی زۆری

بەكاروانی رۆشنبیریو هونەری كوردستان كردووەو شوێن دەستی دیارەو جێگەی ستایشو دەستخۆشییە.

یەكێك لەكارە جوانەكانی ئینستیوتی كەلەپووری كورد ئەوەیە كە هەموو گۆرانییەكانی مامۆستا مەزهەری خالقی لە دوو تویێی ١٢ سی دی تۆمار كردووەو لەگەڵ نامیلكەیەكی بچووك لەسەر ژیانی ئەم هونەرمەندە گەورەیە بڵاوی كردۆتەوە.

خزمەتو بەرهەمەكانی خالقی هی ئەوەیە زیاتری لەسەر بنوسریٚو لێكۆڵینەوەی هەمەچەشنەی لەسەر بكریٚو نامەی ماستەرو دكتۆرای لەسەر بهێنریٚ.

وەك رێزلێنانێك لەم هونەرمەندە گەورەیە، زانكۆی سلێمانی دكتۆرای فەخریو رێكخراوی برایم ئەحمەد خەڵاتی بلەی پێبەخشووە.

پڕ بەدڵ دەستخۆشی لە مامۆستا مەزهەری خالقی ئەكەم بۆ كارو بەرهەمو بەخششە هونەریو كولتوورییەكانیو هیوای تەمەن درێژیو تەندروستی باشو سەركەوتنی زیاتری بۆ ئەخوازم.

# مەسعود محەمەد



کەسایەتییەکی گەورەی ڕوناکبیری و نوسەر و بیرمەندێکی هەڵکەوتووی کوردستانە و لە بوارەکانی زمان و ئەدەبی کوردی و فەلسەفەدا خزمەتێکی گەورەی پێشکەش کردووە.

مەسعود محەمەد، ساڵی ١٩١٩ لە شاری کۆیە لەدایك بووە و لە ئامێزی بنەماڵەی ناودار و پایەدارو زانستپەروەری جەلیزادەدا پەروەردە بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لە کۆیەو هەولێر و بەغدا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٤٥ کۆلیجی ماق زانکۆی بەغدای تەواو کردووە و بۆتە پارێزەر. دواتر وەك پەرلەمانتار و وەزیر لە حکومەتی عێراق خزمەتی کردووە.

مەسعود محەمەد بایەخێکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبی کوردی و فەلسەفە داوە و خاوەنی چەندین کتێبی بەنرخە لەو بوارانەدا کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسیونی. لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی لەسەر حاجی قادری کۆیی و نالی و توێژینەوەکانی دیکەی لە بواری زمانەوانیی کوردی بابەتی گرنگ و بایەخداری زانستین. لێکۆڵینەوەکانی دیکەی لە بواری فەلسەفە بەگشتی و بیری مارکسیزم بەتایبەتی بابەتی گرنگی

فیكرین و هەموو ئەوانە ئەم كەڵە نووسەرە وەك بیرمەندێك پێناسە دەكەن.
مەسعود محەمەد، بە حوكمی توانا زانستییەكەی ماوەیەكی زۆر وەك ئەندامی كارای كۆڕی زانیاری كورد و جێگری سەرۆكی كۆڕ خزمەتێكی زۆری پێشكەش كرد و شوێن پەنجەی بەپێشخستنی ئەو دەزگایەو ئەدەبیاتی كوردییەوە دیارە. ئەم پیاوە بە دیمەن و هەڵكەوتووەی كورد لە ڕۆژی ١ی نیسانی ٢٠٠٢ لە شاری هەولێر كۆچی دوایی كرد و ڕۆژی دواتر تەرمە پیرۆزەكەی لە گۆڕستانی دەروێش خدری شاری كۆیە لەتەنیشت گۆڕی مەلای گەورەی باوكی بە خاك سپێردرا.

# مەعرووف جیاوك



مەعرووف جیاوك، كەسایەتییەكی گەورەی سیاسی و قانونی و پەرلەمانی و ڕوناكبیری كوردستانە، لەو بوارانەدا خزمەتێكی زۆری بەگەل و نیشتمانەكەی كردووە و ناو و ناوونیشانی وەك ئەستێرەیەكی پرشنگدار لە ئاسمانی كوردەواریدا دەدرەوشێتەوە.

مەعرووف عەلی ئەشعەر ئەفەندی، كە بەمەعرووف جیاوك ناسراوە. ساڵی ١٨٨٥ لە ئامێزی خێزانێكی ناسراوو كوردپەروەری شاری ڕواندز لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی لە بەغدا و بەكالۆریوسی حقوقی لە ئەستەنبوڵ بەدەستهێناوە.

ساڵی ١٩٠٩ گەڕاوەتەوە بەغدا و وەك یاساناسێك ساڵی ١٩١٢ گۆڤاری حقوقی بەزمانی عەرەبی دەركردووە. دواتر وەك پارێزەرو دادوەر خزمەتی كردووە.

ساڵی ١٩٢٨ وەك نوێنەری شاری هەولێر بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردراوە و هەر لەو خولەدا بووە بە جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران. نوێنەرێكی زیرەك و لێهاتوو و بەسەلیقە بووە و بەرگری شێلگیرانەی لە مافەكانی گەلی كورد كردووە. لە ساڵانی (١٩٤٢-١٩٤٦) پارێزگاری سلێمانی بووە. جگەلە كاری ئیداری و پەرلەمانی، جیاوك وەك نووسەر و ڕووناكبیر خزمەتی بە ئەدەب و مێژووی كورد كردووە.

له سالآنی ۱۹۳۰-۱۹٤۳ سەرپەرشتی یانەی سەرکەوتنی کوردانی له شاری بەغدا کردووه و ئەو یانەیە ناوەندێکی گرنگی هۆشیاریی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی بووه. مەعرووف جیاوك له ژیانی خۆیدا خزمەتێکی زۆری به بواری مێژوو و ڕووناکبیری کوردی کردووه و چەند کتێبێکی نایاب و بەنرخی به زمانەکانی کوردی و عەرەبی لەو بوارانەدا نووسیوه، لەوانە: (نووسینی کوردی، مەسەلەی کورد، نوێنەرایەتیم، تراژیدیای بارزانی زولٚملێکراو). ئەم کەسایەتییه گەورەیەی کورد له ڕۆژی ۲۱ی کانونی دووەمی ۱۹٥۸ له شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد و تەرمه پیرۆزەکەی برایەوه بۆ شاری هەولێر و له گۆڕستانی شێخی چۆلی به خاك سپێردرا.

# مەلای جزیری



مەلای جزیری شاعیرێکی دیار و گەورەی کوردستانە. ناوی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ محمەدی جزیریە، بە مەلای جزیری ناسراوە. ساڵی ١٥٧٠ لە جزیرەی بۆتان لەدایك بووە. هەر لە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندنی ئاینی و بە فەقێیەتی ناوچەکانی جزیرە و هەکاری و ئامێدی و ئامەد گەڕاوەو دواتر ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و وەك مەلایەك خزمەتی کردووە. ئەم مەلا ڕووناکبیرە، بێجگە لە زانستی ئیسلامی، بایەخی بە زانستەکانی دیکەی وەك: کیمیا و فیزیا و پزیشکی و ئەستێرەناسی و فەلسەفە داوە. سەرباری ئەوانە خولیای شیعر بووە و چەندین شیعری تەڕ و پاراوی هەیە و شیعرەکانی لە دووتوێی دیوانێکدا لە ساڵی ١٩٠٤ لە بەرلین و هەولێر و بەغدا و تاران و قامشلۆ چاپکراوە. هەژاری شاعیر دیوانەکەی بە شێوە زاری کرمانجی خواروو شەرح کردووە. شیعرەکانی جزیری شیعری نەتەوەیی و خواناسی و عیرفان و وەسفی کوردستان و دڵداری و خۆشەویستی و ستایشی میرەکانی بۆتان بوون. زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی بە باشی زانیوە. لەڕۆژی ٣٠ی تەموزی ١٦٤٠ کۆچی دوایی کردووە. مەلای جزیری لە سەردەمی خۆیدا خزمەتێکی زۆری بە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی کردووە و ئێستاش دەقە شیعرییەکانی وەك شاکاری بەرزی ئەدەبی سەیریان دەکرێ.

# مەلیحە نەزهەت



لەزۆربـــــەی نووســـــین و لێكۆڵینــــەوە مێژووییەكانـدا ئامـاژە بـەوە كـراوە كـە ٢١ی نیســانی ١٩٢٦ یەكــەم قوتابخانــەی كچــان لەشاری سلێمانی بەناوی قوتابخانەی زەهرا كراوەتــەوەو خاتوو(گوزیــدە عەبدولعــەزیز یــامولكی) یەكـــەم بەڕێوەبــەری بـــووە. مێژوونووسـی گـەورەی كوردستان( د. كـەمال مەزهــەر) لەوتارێكیـدا كــە لەســەر (فاتمــە مجێــدین) لـــەكتێبی (چـــەند لاپەڕەیـــەك لەمێـژووی گـەلی كـورد)دا بـڵاوی كردۆتـەوە، جـەخت لـەوە ئەكاتـەوە كـە قوتابخانەی زەهرا یەكەم قوتابخانەی كچان بووە لە سلێمانی.

بـەڵام مامۆستا( كـەمال ڕەووف محەمـەد) نووسـەرو لێكۆڵیـار رایـەكی تـری هەیەو ئەڵێ راستە قوتابخانەی زەهـرا یەكـەم قوتابخانـەی كچـانی سـەردەمی دەوڵـەتی عێراقـی پاشـایەتی بـووە لەسـلێمانی، بـەڵام پێشـترو لەسـەردەمی فـەرمانڕەوایی عوسمانییەكانـدا قوتابخانەیـەكی دیكـەی كچـان لـە سـلێمانی هەبووە.

مامۆســـتا كـــەمال ڕەووف لـــە لێكۆڵینەوەیەكــدا بەناوونیشــانی (یەكـــەم قوتابخانـەی كیـژانی سـلێمانی) كـە لـەكتێبی (دەسـتەوارەیێی نـان بـۆ مێـژوو) نووسـیویەتی ئامـاژە بـەوە ئـەكات كەقوتابخانـەی زەهـرا یەكـەم قوتابخانـەی كچانی سەردەمی عێراقی پاشایەتییە لەشاری سلێمانی. بەڵام پێش ئـەوەو لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیدا قوتابخانەیەكی دیكەی كچان لەشاری

سـلێمانی هـەبووە، بـەپێی ریزبەنـدی مێـژوویی دەکـرێ ئـەوە بەیەکـەم قوتابخانەی کچان لەسلێمانی دابنرێ.
مامۆستا کەمال رەووف ئاماژە بەوە ئەکات لەساڵی ١٨٨٢ ئەنجومەنەکانی مەعاریف لە ویلاتەکانی موسڵو بەغداو بەسرە دامەزرا، ئەو ئەنجومەنانە ئـەرکی دامەزرانـدنو سەرپەرشـتی قوتابخانـە مـەدەنیو عەسـکەرییەکانیان کەوتە ئەستۆو لەسایەی ئەوەدا چوار قوتابخانـەی مـەدەنیو سـەربازی بـۆ کوڕان لەسلێمانی کرانەوە.
لـەرۆژی١٧ی کـانوونی یەکـەمی ١٩١٥، لەگەرمـەی جـەنگی یەکـەمی گـێتی، یەکـەم قوتابخانـەی کچـان لەشـاری سـلێمانی کرایـەوەو خاتوو(مەلیحـە نەزهەت) کرا بە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە.
مەلیحە نەزهەت کێیە؟
مەلیحـە نەزهـەت کچـی سـەید عەبـدولقادر ئەفەنـدیی کـوڕی شـێخ عەبدولسـەلامی ئەفەندییـە کـە یـەکێك لەقازییـە ناودارەکـانی عێـراق بـووە. بەبنەچـەش خـەڵکی شـاری سـلێمانین. سـەید عەبـدولقادر لەشـارەکانی ناسریەو دیوانیەو کەربەلای باشوری عێراق قازی بووە.
بەهۆی ئەوەوە مەلیحەی کچی لەساڵی ١٨٩٤لەشاری دیوانیە لەدایك بووە.
مەلیحـە سـەرەتا وانـەی ئاینیی لای مـەلا ئەحمـەد لـە سلێمانی خوێنـدووەو دواتر لای سەید عومەر عیرفان ئەفەندیی خاڵی فارسی خوێندووە. باوکیشی وانـەکانی تـورکیو فارسـی پێوتـووە. مەلیحـە لـە دیوانیـەو کەربـەلاش خوێندوویـەتیو سـاڵی ١٩١١ گەڕاونەتـەوە شـاری سـلێمانیو لەگـەڕەکی گۆیژە نیشتەجێ بوون.
لەرۆژی١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٥ دەرگای قوتابخانەی کچانی سلێمانی کرایەوەو مامۆستا مەلیحە نەزهەت وەك یەکەم بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە دەسـتبەکار بـوو. لـەو قوتابخانەیـەدا منـاڵانی کچـی رۆشـنبیرانو

دەوڵەمەندەکان دەیانخوێند وەك مامۆستا مەلیحە نەزهەت باسی کردووە وانەکانی( مێژوو، حساب، ئەندازە، رەوشت، موساحەبات، نیگار) لەو قوتابخانەیەدا خوێندراون . ئەم قوتابخانەیە ماوەی چوار ساڵ دەرگای بەڕووی خوێندکاراندا کراوە بوو، تا ئەو کاتەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەجەنگی یەکەمی گێتیدا دۆڕاو ناوچەکەی لەدەستدا، بە هاتنی ئینگلیزەکان بۆ سلێمانی، ئیدی دەرگای ئەم قوتابخانەیەو قوتابخانەکانی دیکە لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩١٨کلۆم دران.

مامۆستا مەلیحە نەزهەت پاش هەشت ساڵ دابڕانی لەهۆڵەکانی خوێندن، لە ساڵی ١٩٢٦ لەسەر بڕیاری مەعاریفی گشتیی عێراق لەقوتابخانەی بەعقوبەی کچان بە مامۆستا دامەزرایەوە، بەڵام بەهۆی نەخۆشکەوتنی منداڵێکییەوە نەیتوانی دەوام بکاتو مۆڵەتی وەرگرتو بۆ ساڵی دواتر لەقوتابخانەی زەهرای کچانی سلێمانی بەمامۆستا دامەزرایەوەو لەو قوتابخانەیەو قوتابخانەکانی سەدیقەو گۆیژەی کچان وەك مامۆستاو بەڕێوەبەر خزمەتی کرد.

پاش خزمەتێکی زۆر بەبوارەکانی پەروەردەو خوێندن لەقۆناغێکی تاریكو دواکەوتوودا، وەك ژنێکی ئازاو پێشەنگ، لەکلاورۆژنەی زانستو زانیارییەوە رێگا تاریکەکانی رۆشنکردەوەو بەردی بناغەی خوێندنی مەدەنیو شارستانی دانا.

ئەم تەوارەی کوردستان لەرۆژی ٢ی نیسانی ١٩٦٧ بۆ دوا جار لە دووری خاكو نیشمان لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ شاری سلێمانیو لەوێ بەخاك سپێردرا.

ئەو مامۆستا پێشەنگە، جەنگو کێشەو گرفتە گەورەکانی ئەو سەردەمە، لەشاڕێی خەباتی زانستیو پەروەردەیی لایان نەداو مەشخەڵی زانستی بەبەرزیو پیرۆزی راگرت.

مامۆستا کەمال رەئوف محەمەد کە وەك سەربازێکی ون خزمەتێکی زۆری بەمێژوو و ئەدەبو هونەرو زانست کردو دەیان کتێبی بەنرخی لەو بوارانەدا خستە نامەخانەی کوردییەوە. ئێستا ئەویش کۆچی دوایی کردووەو وەك لەو نووسینەیدا لەسەر یەکەم قوتابخانەی کچانو مامۆستا مەلیحە نەزهەت ئامارژەی پێداوە، لەساڵانی ١٩٨٦ەوە تا ١٩٩٧ بەئاواتی ئەوەوە بووە کە قوتابخانەیەکی کچان بەناوی مامۆستا مەلیحەوە ناوبنرێ، داواکەی هێندەش قورس نەبووە، کەچی جێبەجێ نەکراوەو فەرامۆش کراوە.

# محەمەد ئەمین زەکی



محەمەد ئەمین زەکی، کەسایەتییەکی دیاری کوردستانەو وەك ئەفسەرێکی باڵای سەربازی و وەزیر و پەرلەمانتار و ئەدیب و شاعیر خزمەتی کردووە، لە سەرووی هەموو ئەوانەوە مێژوونووسێکی گەورەیە و شوێن پەنجەی بە نووسینەوەی مێژووی کوردەوە دیارە و بە باوکی مێژووی کورد ناودێر کراوە.

محەمەد ئەمین زەکی، ساڵی ١٨٨٠ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایك بووە. خوێندنی سەربازی لە ئیستەنبوڵ تەواو کردووە، وەك ئەفسەرێکی پلە بەرز لە سوپای عوسمانی خزمەتی کردووە. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان ئەگەڕێتەوە بۆ عێراق و وەك ئەفسەر و پەرلەمانتار و وەزیر خزمەت ئەکات. ئەوەی زیاتر ئەمین زەکی بە نەمری و ناسراوی هێشتۆتەوە کتێیب و بەرهە نووسراوەکانێتی بەگشتی و بەرهەمە مێژووییەکانیەتی بەتایبەتی، کە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی نووسیونی.

لە کتێبە دیارەکانی (خولاسەی مێژووی کوردو کوردستان، مێژووی سلێمانی، مەشاهیرەکانی کوردو کوردستان) و چەندان بەرهەمی دیکە. ئەم کەسایەتییە دیارەی کورد لەرۆژی ١٠ی تەموزی ١٩٤٨ لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

# محەمەد تۆفیق وردی



محەمـــــــەد تۆفیـــــــق وردی، وەك پــەروەردەكار و شـاعیرو فۆلكۆریسـت خزمــەتی بــە بوارەكـانی پــەروەردە و ئـــەدەب و كەلـــەپووری كـــوردەواری كردووە.

ســـاڵی ١٩٢٣ لـــە شـــاری كۆیـــەی مەڵبەندی ئەدەبو هونەر و تێكۆشانی كوردایـەتی لـەدایك بـووە. لـە كۆیـە و بەغـدا خوێندویـەتی و سـاڵی ١٩٤٤ خانـەی مامۆسـتایانی لـە بەغـدا تـەواو كــردووە و لــەدوای ئــەوە لــە شــاری قــەلاّدزێ بــە مامۆســتا دامــەزراوە. مامۆســتا وردی كەسـێكی ڕوونـاكبیر و خـاوەن بیروبـاوەڕی پێشـكەوتنخواز بـووە. سـاڵی ١٩٤٦ دەچـێتە شـاری مـەهاباد و بەشـداری ڕێـورەسمی ڕاگەیانـدنی كۆمـاری كوردسـتان دەكـات و ماوەی ١١ مانگ لە سایەی ئەو كۆمارەدا وەك مامۆستا خزمـەت بـە منالاّنی ئـەو پارچـەیەی كوردسـتان دەكـات. دوای ڕوخانـدنی كۆمـار دەگەڕێتـەوە شاری كۆیە و پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە دەكات و لـە ڕیـزی ئـەو حزبەدا خەبات دەكات.

بەلاّم مەیدانی سەرەكی خزمەتی وردی، مەیدانی پەروەردە و نووسین بووەو لـەو بوارانـەدا خزمـەتی گـەورەی پێشـكەش بـە گەلەكـەی كـردووە. مامۆسـتا وردی خاوەنی ٣٩ كتێبی چاپكراوە بـە هـەردوو زمـانی كـوردی و عـەرەبی و

ناوەرۆكی كتێبەكانی شیعر و چیرۆك و داستان و بابەتی فۆلكلۆری و كەلەپوورین.

مامۆستا وردی هەستێكی بەرزی نیشتمانی هەبووە و خاوەنی چەندین پارچە شیعر و سروودی نیشتمانییە. لە دیارترین سروودەكانیشی سروودی (ئەی شەهیدانە) كە سروودێكە وەك سروودی ئەی ڕەقیب بەزیندوویی و بەرزی ماوەتەوە. ئەم مامۆستا و شاعیرە گەورەیەی كورد لە ڕۆژی ٢ی كانونی یەكەمی ١٩٧٥ لە شاری بەغدا كۆچی دوایی كردو لەوێ بە خاك سپێردرا.

# مەلا کاکە حەمەی حاجی سەیفوڵڵا



مەلا کاکە حەمەی حاجی سەیفوڵڵا کەسایەتییەکی گەورەی پەروەردەیی بوو، خزمەتێکی زۆری بەرشتەکانی پەروەردەو خوێندن لەسەرانسەری کوردستاندا کردو لەدەرگایەکی زێڕینەوە بەنەمری چووە مێژووی کوردستانەوە.

ساڵی ١٨٩٠ لەگەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووەو لەئامێزی خانەوادەیەکی ناودارو خوێندەواردا پەروەردە بووە.

لەسەر دەستی دایکی و باوکی و مامۆستا ئاینیەکانی باشوورو خۆرهەڵاتی کوردستان دەرسە ئاینییەکانی خوێندووەو ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، بەڵام کاری مەلایەتیی نەکردووە. لەسەرەتای ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیست و لەسەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحموودی نەمردا ماوەیەك وەك قازی لەسەنگاوو قەرەداخ خزمەتی کردووە.

دوای ئەوە مامۆستا مەلا کاکە حەمە هەموو ژیانی بۆ پرسێکی گرنگ تەرخانکرد، ئەویش پرسی خوێندن و بەرەنگاربوونەوەی نەخوێندەواری بوو. بۆ ئەو مەبەستە پرۆگرامێکی بۆ خوێندنی منداڵان و گەوران بەزمانی کوردی دانا کە ٤٤ بابەتی ئاینی و زانستی و رشتە جیاجیاکانی تر. ئەلف و بێی گەورانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دانا، کە پرۆگرامێکی

دەوڵەمەندو تێرو تەسەل بوو، لەماوەی چوار پێنج ساڵدا خوێندکارەکانی ئاستێکی بەرز پێئەگەیاندو وەك ئەوەبوو کە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی تەواو بکەن.

مەلا کاکە حەمە ئەو بەرنامەیەی لە دەرەوەی شارەکان و لەگوندو ناوچە دوورە دەستەکان جێبەجێکردو نزیکەی ٣٦ ساڵی تەمەنی بەو پرۆژە مەزنە پەروەردەیی و خوێندەوارییە بەخشی و لەناوچەکانی شارەزوورو سەنگاوو داودەو هۆرێن و خانەقین و هەندێ ناوچەی خۆرهەڵاتی کوردستان وانەی بەمندالان و گەنجانی کوردستان وتەوەو سەدان کەسی فێری خوێندنەوەو نووسین کردو چەندین مامۆستاشی پێگەیاند بۆ ئەوەی لەدوای خۆی درێژە بەرەوتی خوێندن و پەروەردە بدەن.

ئەم مامۆستا گەورەو بلیمەتە ساڵانێکی دوورو درێژ خزمەتی بەزانست و پەروەردەو خوێندن کردو لەرۆژی ١٠ی ئایاری ١٩٦١ بەنەخۆشی لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کردو لەگردی سەیوان بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

بەڵام ناوو ناوبانگ و خزمەت و بەخشەکانی هەمیشە بەنەمری ئەمێنێتەوە.

# مەلا محەمەدی چروستانی



چروستانی کەسایەتییەکی گەورەی ئاینیو کەلتووریی کوردستانەو لەو دوو بوارەدا خزمەتێکی زۆری بەگەلو نیشتمانەکەی کردووەو شوێن پەنجەی دیارە.
مەلا محەمەد کوڕی مەلا عەبدولڕەحیم کوڕی مەلا عومەرەو نەوەی پیر خدری شاهۆیەو بەمەلا محەمەدی چروستانی ناسراوە.
ساڵی ١٨٩٤ لەگوندی ئابڵاخی نزیك شاری سلێمانی لەدایك بووەو لەخانەوادەیەکی ئاینیدا پەروەردە بووە.
باوکی مەلای گوندی ئابڵاخ بووە، سەرەتا لای باوکی دەرسە ئاینیەکانی خوێندووەو دواتر بۆ خوێندنو بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر چەندین ناوچەی کوردستان گەڕاوەو لەو زانستانە بەهرەمەند بووەو بووە بەمامۆستای ئاینی.
مەلا محەمەدی چروستانی وەك مەلایەکی دیارو بەتوانا لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان خزمەتی کردووە. سەرباری کاری ئاینیو مەلایەتی، هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە، چروستانی خولیای ئەدەب بەگشتیو شیعر بەتایبەتی بووەو لەژێر کاریگەری شیعرەکانی شاعیری گەورە (نالی)دا بووەو بە بەهارنامە دەستی پێکردووەو دواتر جوانترین دەقی

شیعری كلاسیكی هۆنیوەتەوە. كە لەئاستێكی بەرزدان و وەك شاكارێكی ئەدەبی ماونەتەوە. شیعرەكانی چروستانی، شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی و كۆمەڵایەتی بوون. شیعرەكانی لە گەلاوێژو دەنگی گێتیی تازەو هەتاو بڵاوكردۆتەوە.

چروستانی بێ لەزمانی دایك، زمانەكانی عەرەبی و فارسی بەباشی زانیوەو ئەوەش بۆتە مایەی ئەوەی كە سەرچاوەی زانیارییەكانی زۆر بن و بۆ دەوڵەمەندكردنی بەرهەمەكانی سوودی فرەی لێوەربگرێت.

لەبەرهەمە دیارەكانی مامۆستا چروستانی، دیوانەكەی و یاداشتەكانێتی كە لەلایەن خاتوو (نوخشە ئەحمەد چروستانی) یەوە ئامادە كراون و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٢ لەچاپ دراون.

پاش خزمەتێكی زۆر لەكایەكانی ئاینی و ئەدەبی و كەلتوریدا، ئەم مامۆستا پایەبەرزە لە نیسانی ١٩٦٣ كۆچی دوایی كردو لە گۆڕستانی گردی جۆگەی سلێمانی بەخاك سپێردرا.

مامۆستا چروستانی دوانەی ئاین و ئەدەبی كردە مەشخەڵێك بۆ رۆشنكردنەوەی رێگا تاریكەكان.

# شێخ محەمەدی خاڵ



شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ ئەمینی خاڵ، ناسراو بە شێخ محەمەدی خاڵ، کەسایەتییەکی دیاری ئاینی و ڕوناکبیری کوردستانە.

ساڵی ١٩٠٤ لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەری شاری سلێمانی لەدایک بووە. هەر لەمنداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندنی ئاینی و لای مامۆستا و زانا ئاینییەکانی ئەو سەردەمە خوێندوویەتی و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. سەرباری خزمەتی ئاینی و دادپەروەری، شێخی خاڵ خولیای ئەدەب و فەرهەنگ بووە، خزمەتێکی گەورەی بەبواری ڕۆشنبیری و ڕێزمانی کوردی کردووە. فەرهەنگی خاڵ یەکێکە لەو شاکارانەی مامۆستا خاڵە کە کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کردووە. سەرباری خزمەتەکانی لە بواری ئاینی و ڕۆشنبیریدا، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە بواری دادوەریشدا خزمەتی کردووە و ماوەی ٢٨ ساڵ لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و عێراق دادوەر بووە. مامۆستا خاڵ بەهۆی توانای ڕوناکبیرییەوە، ماوەیەکی دوورو درێژ ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق و جێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد بوو. مامۆستا خاڵ خاوەنی خەرمانێک بەرهەمی چاپکراوە،

كه خۆی له ٤٠ كتێبی تایبه‌ت به ڕشته‌كانی ئه‌ده‌بی و زمانه‌وانی و ئاینی ده‌بینێته‌وه. شێخی خاڵ كوردپه‌روه‌رێكی پاك و دڵسۆز بوو ڕای وابوو كه كوردایه‌تی خواپه‌رستییه و یه‌كه‌م وتاریشی به‌ناوونیشانی (خۆشه‌ویستی نیشتمان) له كانونی دووه‌می ١٩٤٠ له گۆڤاری گه‌لاوێژ بڵاوكردۆته‌وه.

له‌رۆژی ١٥ی ته‌موزی ١٩٨٩ له ته‌مه‌نی ٨٥ ساڵیدا، مامۆستا شێخ محه‌مه‌دی خاڵ بۆ دواجار ماڵئاوایی كرد، به‌ڵام ناو و ناوبانگی و به‌رهه‌مه‌كانی به‌زیندوویی ئه‌مێننه‌وه و چرای ڕێ ڕۆشنكه‌ره‌وه‌ی نه‌وه‌ی نوێ ئه‌بن.

# محەمەد دانش



ڕۆژی ١٣ی ئەیلولی ٢٠١٥ هونەرمەندو موزیکژەنی خۆرهەڵاتی کوردستان محەمەد دانش کۆچی دوایی کرد.

دانش ساڵی ١٩٤٥ لە بنەماڵەی تارژەنی دیار و بەناوبانگ میرزا قادر عارفیی شاری مەهاباد لەدایك بووە. لە ئامێزی ئەو بنەماڵە هونەرییەدا پەروەردە بووە، هەربۆش زوو خولیای هونەری گۆرانیو موزیك بووە. محەمەد دانش خزمەتێکی گەورەی بە بواری هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی کردووە و زیاتر لە ١٥٠ گۆرانی تۆمارکراوی هەیە. ئەم هونەرمەندە کەسێکی نیشتمانپەروەر بووە و چەندین سروودی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی تۆمار کردووە. بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانی و خزمەتە هونەریەکەیەوە خاوەنی پێگەیەکی بەهێز بووە و خۆشەویستی خەڵك بووە. هەربۆیەش لە ڕێوڕەسمی ناشتن و پرسەی ئەم هونەرمەندەدا خەڵکێکی زۆری مەهاباد و شارەکانی دیکە بەشداریان کرد.

# محەمەد ڕەسوڵ هاوار



محەمەد ڕەسوڵ هاوار، نووسەر و شاعیر و مێژوونووسیکی ناسراوی کوردستانە و لە ڕشتە جیاجیاکاندا خزمەتێکی گەورەی بەکاروانی ئەدەبی و ڕوناکبیری و مێژوویی کوردستان کردووە.

ساڵی ١٩٢٤ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا تەواو کردووە و بەکالۆریۆسی یاسای لە زانکۆی موستەنسریەی بەغدا بەدەستهێناوە. وەك فەرمانبەر لە سلێمانی و دهۆك و بەغدا خزمەتی کردووە. مامۆستا هاوار خاوەنی بیروباوەڕی چەپ و پێشکەوتنخواز بووە. سەرەتا بە شیعر دەستی پێکردووە و خاوەنی چەندین دەقی جوانی شیعرییە و بەشێك لە شیعرەکانی شیعری نیشتمانی و نەتەوەین و شیعری دیکەشی بۆ جوانی و ئازادی و ئاشتی هۆنیوەتەوە. یەکەم کۆمەڵە شیعری بە ناوی (یادی بادینان) لە ساڵی ١٩٥٩ بە چاپ گەیاندووە. مامۆستا هاوار لە ڕۆژنامەی ژین گۆشەی هەبووە و شیعر و بەرهەمەکانی لەو ڕۆژنامەیە و لە گۆڤارەکانی گەلاوێژ و ئازادی بڵاوکردۆتەوە. لەدوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ کتێبخانەی ئازادی لە شاری سلێمانی کردۆتەوە.

مامۆستا هاوار لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، چۆتە دەرەوەی وڵات و لە لەندەن نیشتەجێ بووە و لەوێ شێوازی نووسین و بیرکردنەوەی

گـۆڕاوەو بایـەخی بـە بـواری لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی داوە و ئەرشـیفەکانی وڵاتـی بـەریتانیای هەڵداوەتـەوە لـەڕێی ئـەو ئەرشـیفانەوە چـەند کتێبێکـی لەسـەر مێـژووی کـورد دانـاوە کـە دیارترینیـان کتـێبی (شـێخ مـەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان)ە.

مامۆستا هاوار خاوەنی کۆمـەڵێك کتـێبی بـەنرخی ئـەدەبی و مێژووییـە. ئـەم کەسایەتییە هەڵکەوتووەی کـورد لـەرۆژی ٣٠/١١/ ٢٠٠٦ لـە شـاری لەنـدەن کۆچی دوایی کرد و تەرمە پیرۆزەکەی هێنرایـەوە بۆ شاری سلێمانی و لـە گردی مامە یارە بە خاك سپێردرا.

# محەمەد عارف سیامەنسوری



محەمەد عارف، هونەرمەندێكی دیارو ناسراوی شێوەكارییەو كەسێكی ئەكادیمی و پرۆفیشناڵ بوو، زۆربەی تابلۆكانی ڕەنگدانەوەی سروشتی جوانی كوردستانن، هەر بۆیەش دەتوانرێ بە هونەرمەندی سروشتپەروەر ناودێر بكرێ.

ئەم هونەرمەندە مەزنەی كورد لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری ڕەواندز لەدایك بووە. لە ڕەواندز و هەولێر و بەغدا خوێندویەتی و ساڵی ١٩٥٦پەیمانگای هونەر جوانەكانی بەغدای تەواو كردووە و دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ ماستەری لە مۆسكۆ خوێندووە و بڕوانامەی دكتۆراشی لە فەلسەفەی هونەر لە ساڵی ٢٠٠٤ لە زانكۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە.

مامۆستای هونەر بووە لەپەیمانگا و ئەكادیمیای هونەر لە شارەكانی بەغداو بابل و عەمیدی كۆلیجی هونەرە جوانەكانی زانكۆی سەلاحەدین بووە. ئەم هونەرمەندە گەورەیە هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی هونەر لە بوارەكانی وانەوتنەوە و نووسیندا تەرخان كردووە. خاوەنی ٤٨ كتێبی هونەرییە و ٢٣ كتێبی دیكەشی لە زمانی ڕوسییەوە بۆ زمانەكانی كوردی و عەرەبی وەرگێڕاوە. دەیان پێشانگای لەناوخۆو دەرەوەی وڵات كردۆتەوە. ئەم هونەرمەندە گەورەیەی كورد، لەرۆژی ٩ی تشرینی یەكەمی ٢٠٠٩ لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا كۆچی دوایی كرد.

# محەمەد عارف جزیری



هونەرمەندێکی دیاری کوردستانەو خزمەتێکی گەورەی بەهونەری گۆرانیی کوردی کردووە.

جزیری لەدایکبووی ناوچەی جزیرەی بۆتانی باکوری کوردستانەو هەر زوو تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی بووەو یەکێك لەبەشدارانی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران ئەبیّو دوای شکستی شۆڕشەکە دەستگیر دەکریّو چوار ساڵ لە کونجی زیندانندا ئەبیّ. دوای ئازادکردنی دەچێتەوە ناوچەکەی خۆیو ئیدی هەوڵ دەدات لەرێگەیەکی دیکەوە خزمەت بکاتو رێگەی هونەر هەڵدەبژێرێتو دەست دەکات بەگۆرانی وتن. بەهۆی هەلومەرجی دژواری باکور لەگەڵ برایەکیدا دێنە باشوری کوردستانو لە شاری دهۆك دەگیرسێنەوە.

جزیری لەباشور زیاتر گەشە بەهونەرەکەی دەداتو هەلی بۆ دەرخسێت لە ساڵی ١٩٤٧ دەچێتە شاری بەغداو لەویّ هونەرمەندە کوردەکانی وەك (نەسرین شیروانو ئەڵماس خانو تاهیر تۆفیقو مریەم خانو عەلی مەردان) دەناسیّو لەرێی ئەوانەوە دەچێتە ئیزگەی کوردی بەغدا لەویّ دەست بەتۆمارکردنی گۆرانییەکانی دەکاتو ٣٥٠ گۆرانی میللیو مێژوویی تۆمار دەکاتو بەوەش خزمەتێکی گەورە بە گۆرانیو پاراستنی فۆلکلۆری کوردی دەکات. لەو رێگەیەوە لەسەرانسەری کوردستاندا دەناسریّ.

ئەم هونەرمەندە گەورەو ناسراوەی کورد لەرۆژی ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٨٦ بەهۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەی ئازادی شاری دهۆك کۆچی دوایی کردو هەر لەوشارە بەخاك سپێردرا.

# محەمەد عەزیز قەفتان



بنەماڵەی قەفتان یەكێك لەبنەماڵە دیارو ناسراوەكانی شاری سلێمانین، لەم بنەماڵەیەدا چەندین كەسایەتیی سیاسیو رۆشنبیریو كۆمەڵایەتیو زانستی هەڵكەوتوون، كە هەریەكەیان لەبواری خۆیدا خزمەتی بەگەلو نیشتمان كردووە.

محەمەد عەزیز قەفتان بەسەرقافڵەو پێشەنگی ئەو بنەماڵە هێژایە لەبواری دەزگای چاپەمەنی دادەنرێ.

محەمەد عەزیز قەفتان لەساڵی ١٩١٤ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. هەر لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای جیهانی چاپو چاپخانە بووە، خەونی ئەوەی هەبووە كە ببێتە خاوەنی چاپخانە، ساڵی ١٩٥٧ خەونەكەی هاتە دیو لەكۆمپانیای بەهبەهان لەشاری بەغدا چاپخانەیەكی كڕیو هێنایەوە بۆ شاری سلێمانی، چاپخانەكەی دامەزراندو ناوینا چاپخانەی (كامەران). ئەم چاپخانەیە سەرەتا كلێشەو دەفتەری حسابو پێداویستی تری بۆ دوكاندارەكانی شار چاپ ئەكرد، دواتر رۆژنامەو گۆڤارو كتێبو نامیلكەو دیوانی شاعیرانی چاپ ئەكردو لەو بوارانەدا خزمەتێكی زۆری بەرەوتی رۆشنبیریی كوردستان كرد. بەنهێنی بەیاننامەو بڵاوكراوەكانی شۆڕشی كوردستانی چاپ ئەكرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی كە محەمەد عەزیز قەفتانو هۆشیاری كوڕی دەستگیر بكرێن. ئەم چاپخانەیە تا ساڵی ١٩٧٠

بەناوی چاپخانەی کامەران خزمەتی کرد. دوای ساڵی ۱۹۷۰ لەسەر داوای کامەران موکری شاعیر، ناوەکەی بۆ چاپخانەی کامەرانی گۆڕاو تاساڵی ۲۰۰۸ کاری کرد، ئیدی بەهۆی کۆنی ئامێرەکانییەوە لەکارکەوتو بەشێکی ئامێرەکانی پێشکەش بەمۆزەخانەی ئەنتۆگرافی کرا. ئەو چاپخانەیە نیو سەدە خزمەتی بەپیتو وشەی پیرۆزی کوردی کرد، لەدڵی ئەو چاپخانەیەوە چەندین کتێبو نامیلکەو گۆڤارو رۆژنامە چاویان هەڵهێناو خەرمانی ئەدەبیو روناکبیری کوردییان دەوڵەمەند کرد.

محەمەد عەزیز قەفتان خۆشەویستیی پیتو وشەو چاپخانەو چاپەمەنی لەدڵو دەروونی جگەرگۆشەکانیدا چاند، هەر بۆیەش کوڕەکانی، لەدوای مردنیشی، ئەو مەشخەڵە پیرۆزەیان بەبەرزی راگرتو درێژەیان بەکاری چاپو چاپەمەنی داو خەرمانەکەیان پڕ بەرەکەت کرد.

رۆژی ١٥ی شوباتی ۱۹۹۳ دوای خزمەتێکی زۆر بەکاروانی چاپو چاپەمەنی لەکوردستان، محەمەد عەزیز قەفتان کۆچی دوایی کرد، بەڵام هەر بەنەمری ئەمێنێتەوە، کارە چاپکراوەکانی وەك سامانێکی بەنرخی رۆشنبیریو هونەریی نەتەوەییو یادگاری ئەو لەلاپەڕە زێڕینەکانی مێژوودا تۆمار ئەکرێن.

محەمەد عەزیز قەفتان، ئەو پیاوەی لەدوای چاپخانەکەی پیرەمێردی نەمرەوە، وەك دووەم چاپخانەی ئەهلی درێژەی بەکاروانی چنینو چاپکردنی پیتو وشەی پیرۆزی کوردی داو سەروەرییەکی گەورەی بۆ خۆیو ماڵباتەکەی لەمێژوودا تۆمار کرد.

# محەمەد عەلی عەونی



محەمــەد عــەلی عــەونی، مێـژوونووس و وەرگێڕێکـی ناسراوی کوردە و خزمـەتێکی گـەورەی لـە بوارەکـانی وەرگێڕان و مێژوودا پێشکەش کردووە.
لە ساڵی ١٨٩٨ لە ناوچەی سیورکی سەر بەپارێزگای ئامــەدی بــاکوری کوردســـتان لـــە خانەوادەیــەکی زانستپەروەر لـەدایك بـووە. تـا قۆنـاغی ئامـادەیی لـە تورکیـا خوێنـدووە و دواتـر چـۆتە زانکـۆی ئەزهـەر و بڕوانامــەی بــەرزی بەدەســتهێناوە کــە لــە ئاســتی دکتــۆرادا بــووە. عــەونی ڕووناکبیرێکی بەتوانا بووە و زمانـەکانی کوردی و عـەرەبی و فارسـی و تـورکی و فەرەنسی بە باشی زانیوە، هەربۆیـەش بەوەرگێڕی زمانە ڕۆژهەڵاتییـەکان لـە کۆشکی شا لە میسر دامەزراوە و لـە سـەردەمی هـەردوو پادشـا فوئـاد و فـاروق وەك وەرگێڕ خزمەتی کردووە..
عەونی کەسێکی نیشتمانپەوەر بووە و هەمیشە لە خزمەتی گەلی کوردا بـووە، لە سـاڵی ١٩٢٧ یـەکێك بـووە لـە دامەزرێنـەرانی حزبـی خـۆیبوون لـە لوبنـان. لـە هەموو ئەوانـەش گرنگتر محەمـەد عـەلی عـەونی زمـانزان و ڕۆشـنبیرێکی گـەورە بـووە و خزمـەتێکی گـەورەی لـە بوارەکـانی وەرگێـڕان و مێـژوودا پێشـکەش بـە گەلەکەی کردووە. لەو چوارچێوەیەدا کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی لــە زمــانی فارسـییەوە بـۆ زمـانی عـەرەبی وەرگێـڕاوە. هـەروەها کتێبـەکانی خولاسەی مێژووی کورد و کوردستان و مەشاهیری کورد و کوردسـتانی ئـەمین زەکی بەگی لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی عـەرەبی وەرگێڕاوە. لـەرۆژی ١١ی تـەموزی ١٩٥٢ لـە شـاری قـاهیرە کۆچـی دوایـی کـردووە و هـەر لـەوێ بـە خـاك سپێردراوە.

# محەمەد عومەر عوسمان



محەمەد عومەر عوسمان ناسراو بە(ژەنراڵی پایین)، شاعیرێکی دیارو هەست ناسکو یاخیی کوردستان بوو، خاوەنی ستایلێکی تایبەتی شیعری خۆی بوو، هێندە شیعرەکانی جوانو ناسک بوون، جێگەی سەرەنجی روناکبیران بەگشتیو هونەرمەندان بەتایبەتی بوو، هەربۆیەش چەند هونەرمەندێکی ناودار شیعرەکانی ئەویان کردووە بە گۆرانی، بەوەش شیعرەکانی ئاوێتەی موزیك بوونو بوونەتە بەرهەمێکی جوانو ناوازە.

ژەنراڵی پاییز لە ساڵی ١٩٥٧ لەگەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووە. هەر لەو شارە خراوەتە بەرخوێندنو هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە.

هەر لەسەردەمی مێرمنداڵییەوە خولیای خوێندنەوە بووە، دواتر چۆتە ناو دنیای نووسینو سەرەتا بەچیرۆك دەستی پێکردووەو بایەخیشی بەهونەری نیگارکێشان داوە.

دواتر گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە بە چیرۆكو تابلۆ ناتوانێ تەعبیری تەواو لەخەمو خولیاو خەونەکانی بکات، هەر بۆیەش چۆتە ناو دنیای

ئەفسوناوی شیعرو لەوێوە لەگۆشەنیکای شیعرە جوانو بەرزەکانییەوە، تابلۆی خەمو خەونەکانی لەدەقە ئەدەبییەکاندا نەخشاندووە.
ساڵی ١٩٨٥ بۆ یەکەم جار شیعرەکانی لە دووتوێی دیوانێکدا بەناوی (لەغوربەتا) چاپکرد، دیوانەکەی دەنگدانەوەیەکی زۆر هەبوو، هەر بۆیەش چەند جارێکی ئەو دیوانەی چاپکرایەوە.
لەبەر بەرزی شیعرەکانی، چەند نامەیەکی ماستەرو دکتۆرای لەسەر نوسراون. شیعرەکانی بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون.
ژەنراڵی پاییز لەچەند رێکخراوێکی پیشەیی و ئەدەبیو رۆشنبیریدا کاری کردووەو لەرێی ئەو رێکخراوانەوە خزمەتی زۆر پێشکەش بەگەلو نیشتمانەکەی کردووە.
ئێوارەی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ ئەم شاعیرە ناودارو خۆشەویستەی کوردستان، لەماڵەکەی خۆیدا کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا. درود بۆ رۆحی سپیو پاکو بێگەردی ژەنراڵی پاییز، کە هەمیشە لەپاییزی خەمناکدا لەرێی شیعرەکانییەوە، بەهارێکی جوانو رازاوەی ئەنەخشاند.

# محەمەد قودسی



محەمەد قودسی تێکۆشەرو روناکبیرێکی دیارو ناسراوی کوردستانە، لەپێناو گەل‌و نیشتمانەکەیدا بەوپەڕی ئازایەتییەوە چووە پای سێدارەو بەمەرگی ژیان‌و نەمرییەکی ئەبەدی تۆمار کردو ناوی پیرۆزی بەدرەوشاوەیی لە لاپەڕەکانی مێژووی کوردستاندا دەمێنێتەوە.

محەمە کوڕی مەحموود ئەفەندی ڕەسامەو بەمحەمەد قودسی ناسراوە، ساڵی ١٩٢١ لەشاری قودس لەدایك بووە، بەهۆی ئەوەی لەو کاتەدا باوکی ئەفسەری سوپای عوسمانی بووە لەو شارە.

دواتر گەڕاونەتەوە شاری سلێمانی، قودسی خراوەتە بەر خوێندن‌و لەشارەکانی سلێمانی‌و بەغدا خوێندنی تەواو کردووە. کۆلیجی سەربازی بەغدای خوێندووە، سەرەتا بووە بەجێگری ئەفسەرو دواتر بەئەفسەر لەشارەکانی هەولێرو ڕەواندز خزمەتی کردووە.

قودسی لاوێکی نیشتمانپەروەر بووەو هەر زوو تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٣٨ لە کۆمەڵی برایەتی کاری کردووەو دواتر پەیوەندی بەحزبی هیواوە کردووەو لەباڵی سەربازی ئەو حزبە خەباتی کردووە.

ساڵی ١٩٤٥ ریزی سوپای عێراقی بەجێهێشتووەو پەیوەندی بەجوڵانەوەی بارزانەوە کردووە. بەهۆی ئەوەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە. هەمان ساڵ لەگەڵ بارزانییەکان چوونەتە خۆرهەڵاتی کوردستان‌و وەك ئەفسەر لەسوپای کۆماری کوردستان لەمەهاباد خزمەتی کردووە.

دوای روخانی کۆماری کوردستان، لەگەڵ سێ ئەفسەری هاوڕێیدا (مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا عەبدولکەریم‌و عیزەت عەبدولعەزیز) گەڕاونەتەوە بۆ عێراق، لەرۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ رژێمی پاشایەتی هەرچواریانی لەسێدارەدا.

محەمەد قودسی، سەرباری ئەوەی تێکۆشەرێکی ئازای خەباتی کوردایەتی بوو. شاعیرو نووسەرێکی هەڵکەوتوو، وتاربێژێکی بەتوانا بووەو بەوتاربێژی شۆڕشی کوردستان ناسراوە. شیعری بەرزی نیشتمانی‌و نەتەوەیی نووسیوە.

قودسی بەرهەمەکانی لە گەلاوێژو رۆژی نوێ بڵاوکردۆتەوە. چەند کتێبێکی چاپکراویشی هەیە لەوانە (بزووتنەوەکانی بارزان، نیشتمان‌و نیشتمانپەروەری چیە؟ نەسرین – چیرۆك).

وەسێتنامەی چوار ئەفسەرە شەهیدەکە کە بەناوونیشانی( نامەی شانازی)یە بەقەڵەمی قودسی نوسراوە، ئەم وەسێتە وەك بەڵگەنامەیەکی وەفاداری‌و شانازی بەنەمری ماوەتەوەو داوای درێژەدان بەتێکۆشان بۆ رزگاری وڵات دەکەن.

# محەمەدی ماملێ



محەمەدی ماملێ، هونەرمەندێکی گەورە و ناسراوی کوردستانە و بە دەنگە خۆش و ئەفسوناوییەکەی خزمەتێکی گەورەی بەهونەری گۆرانی و موزیکی کردووە و شوێن پەنجەی بە گەشەپێدان و پێشخستنی ئەو هونەرەوە دیارە.

محەمەد کوڕی میرزا سەعید کوڕی میرزا عەلی، بەمحەمەدی ماملێ ناسراوە. ساڵی ١٩٢٥ لە شاری مەهابادی مەڵبەندی هونەر و ڕۆشنبیری و لە ئامێزی خێزانێکی دەنگخۆش و هونەرپەروەردا لەدایك بووە. ماملێ هەر لە منداڵییەوە خولیای هونەری گۆرانی بووە و لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا یەکەم گۆرانی بە ناوی (ڕۆیی بەجێی هێشتم) تۆمار کردووە. سەرچاوەی شیعری گۆرانییەکانی ماملێ شیعری شاعیرانی وەك: (وەفایی، هێمن، هەژار، گۆران، هەردی، هاشمی نانەوا زادە) بووە و سوودیشی لە سامانی نەتەوەیی فۆلکۆری کوردی وەرگرتووە و هەندێ گۆرانیشی شیعری خۆی بووە.

ماملێی هونەرمەند زیاتر لە نیو سەدە لە مەیدانی هونەردا خزمەتی کردو خاوەنی زیاتر ٣٥٠ گۆرانی و مەقامی بەنرخ و ناوازەیە.

ماملێ سەرباری خۆ سەرقاڵکردنی بەکاری هونەرییەوە، خەمی گەل و

نیشتمانەکەشی هەر لە بیر بووە و بۆی تێکۆشاوە و وەك پێشمەرگەیەك لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد خزمەتی کردووە. بەهۆی هەڵویستە نیشتمانیی و نەتەوەییەکانییەوە تووشی کێشە و چەرمەسەری زۆر بووە و چەند جارێك زیندانی کراوە و ئازار و ئەشکەنجە دراوە، بەڵام هەر لەسەر هەڵویستەکانی سوور بووەو لە بەرەی گەل و نیشتمانەکەیدا ماوەتەوە.

ئەم هونەرمەندە گەورەیەی کورد دوا گۆرانی خۆی لە ساڵی ١٩٩٤ تۆمار کرد و ئیدی بەهۆی نەخۆشییەوە لە کاری هونەری وەستا و پاش پێنج ساڵ لە نەخۆشی لە ڕۆژی ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٩٩ بۆ دواجار چاوەکانی لێکنا و ماڵئاوایی کرد و لە ڕێوڕەسمێکی شکۆداردا لە گۆڕستانی (بوداغ سوڵتان)ی شاری مەهاباد بە خاك سپێردرا. ڕاستە ماملێ بەجەستە ون بووە، بەڵام دەنگە بەسۆز و خۆشەکەی و هونەرە بەرز و ڕەسەنەکەی هەر بەنەمری ئەمێنێتەوە.

# محەمەدی مەلا کەریم



ماموستا محەمەدی مەلا کەریم زانایەکی گەورەی ئەدەبی و کولتووریی کوردستانەو لە رشتەکانی نووسین و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خزمەتێکی زۆری بەکاروانی رۆشنبیریی کوردستان کردو وەك قەڵەمێکی ئازاو پێشکەوتنخواز لەدەرگایەکی گەورەوە چووە لاپەڕە درەوشاوەکانی مێژووی کوردستانەوە.

ماموستا محەمەد لەرۆژی ١٤ی ئابی ١٩٣١ لەناحیەی بیارەی سەر بەهەڵەبجە لەدایك بووە. لەئامێزی خانەوادەی مودەڕیسدا پەروەردە بوو کە بنەماڵەیەکی شکۆداری ئایینی زانستپەروەرو ئەدەبپەروەر بوون و لەسەردەستی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی باوکی و زانا ئایینیەکانی دیکەی دەرسە ئایینیەکانی خوێندو مۆڵەتی مەلایەتیی وەرگرت و بەڵام کاری مەلایەتی نەکردو خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەتی کولتوورو ئەدەب.

ماموستا محەمەدی مەلا کەریم کەسێکی چەپ و خاوەن بیرێکی پێشکەوتنخوازو شارستانی بوو، بەهۆی بیرو بۆچوون و هەڵویستە سیاسی و نیشتمانییەکانییەوە تووشی راونان و زیندان و ئازاردان بوو، بەڵام هەموو ئەوانە کۆڵیان پێنەداو لەسەر باوەڕەکەی خۆی سوور بوو، تەنانەت زیندانیشی وەك قوتابخانەیەك و وێستگەیەکی تێکۆشان و کارکردن سەیر ئەکرد، هەر بۆیەش کونجی زیندانیشی بۆ خزمەتی نووسین وەبەرهێنا و

هەردوو كتێبی( جەنگاوەرێكی ڤێتنامی)و (لاوكو حەیران)ی لەزیندان ئامادە كرد. مامۆستا محەمەد وەك لێكۆڵیارێك خزمەتێكی فرەی بەئەدەبی كوردی كردووەو دیوانی چەند شاعیرێكی گەورەی كوردی ساغ كردۆتەوەو بەچاپی گەیاندوونو لە فەوتان رزگاری كردوون، لەوانە( مەولەوی، نالی، مەحوی، حاجی قادری كۆیی، سالم، بێسارانی، گۆرانو بێخود)ی چەندان كاری ناوازەی دیكە. زمانەكانی عەرەبیو فارسی بەباشی زانیوەو ئەوەش هاوكارێكی باشی بووە بۆ ئەوەی وەك وەرگێڕێكی بەسەلیقە خزمەت بكاتو لەو بوارەشدا شوێن پەنجەی دیارە.

مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەكێتیی نوسەرانی كوردو سكرتێری نووسینی گۆڤارەكەی بوو، وەك نووسەرو رۆژنامەنووسێكی بەتوانا لەو گۆڤارەو رۆژنامەو گۆڤارەكانی تر خزمەتی كردو چەندین وتارو لێكۆڵینەوەی زانستی بەپێزی پێشكەش كرد. ماوەیەكی زۆریش ئەندامێكی چالاكی كۆڕی زانیاری كورد بوو، لەرێی ئەو كۆڕەو گۆڤارەیەكەوە خزمەتی زۆری بەئەدەبو كولتووری كوردی كرد. ئەم زانا ناودارەی كورد نزیكەی نیوسەدە لەتەمەنی خۆی بەخزمەتی ئەدەبو روناكبیریی كوردستان بەخشیو خاوەنی زیاتر لە ٢٠ كتێبی ناوازەو دەیان وتارو لێكۆڵینەوەی بەنرخە. ئەم زانا پایەدارو پێشكەوتنخوازو بیر رۆشنەی كوردستان، پاش ململانێیەكی درێژ لەگەڵ نەخۆشی بەرەبەیانی ١٢ی ئازاری ٢٠١٧ بۆ دواجار لەشاری سلێمانی چاوەكانی لێكناو ئۆغری كرد. محەمەدی مەلا كەریم بیرو قەڵەمەكەی بەپاكیو دەروشاوەیی مایەوەو هیچ زروفو زەمانێك كاری تێنەكردو وەك سوڵتانی ئەدەبی كوردی چووە دیرۆكەوە.

# محەمەد مەولود مەم



محەمەد مەولود مەم، نووسەر و ئەدیبێکی دیاری کوردستانە و لەڕێی بەرهەمە ئەدەبییەکانیەوە خزمەتێکی زۆری بەکایەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی کردووە.
ساڵی ١٩٢٧ لە قەزای شەقڵاوە لەدایك بووە.
مەم سەرەتا خولیای دنیای شیعر بووەو بەهۆنینەوەی شیعر دەستی پێکرد و دواتر زیاتر بایەخی دا بە چیرۆك و ڕۆمان.
ساڵی ١٩٥١ یەکەم چیرۆکی بە ناوی (برسێتی بەهێزترە) نووسی. چیرۆکەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وەك: (هیوا، ڕۆژی نوێ، بڵێسە، برایەتی، هەولێر، کاروان) بڵاوکردۆتەوە. چیرۆکەکانی هێندە جوان بوون بۆ زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی تەرجەمە کراون.
محەمەد مەولود مەم وەك ڕۆژنامەنووسیش خزمەتی کردووەو سەرنوسەری ڕۆژنامەی هەولێر بووە کە شارەوانی هەولێر لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٢) دەریکردووە. مامۆستا مەم لە دامەزراندنی لقی هەولێری یەکێتیی نوسەرانی کورد ڕۆڵی دیاری هەبووە و ماوەیەك سەرۆکی ئەو لقە بووە. ئەم ئەدیبە دیارەی کورد لە ڕۆژی ٧ی ئایاری ١٩٨٧ لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد و بۆ دواجار ماڵئاوایی کردو لە شاری شەقڵاوەی زێدی خۆی بە خاك سپێردرا، بەڵام ناو و ناوبانگو بەرهەمەکانی بەزیندوویی دەمێننەوە.

# محەمەد موکری



محەمەد موکری، نووسەر و ئەدیب و ڕوناکبیرێکی گەورەی کوردستانەو نزیکەی نیو سەدە لە خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا بوو.

موکری ساڵی ١٩٤٥ لە گەڕەکی قەڵای شاری کەرکوك لەدایك بووە. هەر لە سەرەتای ژیانی گەنجیەوە خولیای جیهانی ئەدەب و نووسین بووەو خاوەنی چەندین چیرۆك و ڕۆمانی ناوازەیە کە لە دیارترینیان ئەمانەن (سەگوەڕ، تۆڵە، هەرەس، ئەژدیها، نێچیر). موکری بایەخیشی بەشانۆ داوە و چەند شانۆگەرییەکی نووسیوە لەوانە شانۆگەری (هارونە ڕەشید، دادگا). لە بواری وەرگێڕانیشدا شوێن دەستی دیارە و ١٠ شاکاری شانۆیی گەورە شانۆنووسانی جیهانی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

محەمەد موکری وەك نووسەرێکی بەهەڵویست چۆتە ڕیزی شۆڕشی نوێ و بە چەك و بە قەڵەم بەرگری لە گەلەکەی کردووە. هەر لە شاخ موکری بایەخیشی بە کاری ڕۆژنامەنووسی داوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی شۆڕشدا بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە و گۆڤاری کەلتووری لە شاخ و پەیڤینی لە شار دەرکردووە کە دوو گۆڤاری سەنگین بوون. هەر لە شاخ چەند چیرۆك و ڕۆمانێکی نووسی و بڵاوکردەوە. لەناو ئەوانەدا ڕۆمانی

سەگوەڕ کە بە شێوازێکی ڕەخنەیی لەسەر شۆڕش نوسرا بوو، ئەم رۆمانە گفتوگۆ و مشتومڕی زۆری لەسەرکرا و کاردنەوەی توندی لێکەوتەوە، تا مام جەلال هاتە سەر خەت و ئامازەی بەوە کرد، کە دەبێ قەڵەم بەقەڵەم وەڵام بدرێتەوە و دروشمی نان و ئازادی بۆ نووسەران بەرجەستە کرد. لەدوای ڕاپەرینیش موکری لە خزمەتکردنی ئەدەبی و ڕوناکبیری و ڕۆژنامەنووسی بەردەوام بوو، چەندین بەرهەمی نوێی خستە سەر خەرمانی بەرهەمەکانی دیکەی. ئەم کەڵە نووسەرەی کورد لە ڕۆژی ٦ی ئایاری ٢٠١٢ بە نەخۆشیماڵئاوایی یەکجاری کرد و لە شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

# مریەم خانی خانەقا



بنەماڵەی خانەقا، یەكێك لەبنەماڵە دیارو ناسراوەكانی شاری كەركوكن، ئەم بنەماڵەیە لە دوو سەدەی رابردوودا، خزمەتێكی زۆریان بەكایەكانی نیشتمانی و ئاینی و زانستی و ئەدەبی و رۆشنبیریی كوردستان كردووە، شوێن پەنجەیان لەو بوارانەدا دیارەو مێژوو بەشانازییەكی زۆرەوە لەلاپەرە زێڕینەكانیدا تۆماری كردووە.

خانەقای كەركوك مەڵبەندێكی گەورەی ئاینی و زانستی و كۆمەلایەتی و ئەدەبی و عیرفانی و نیشتمانی بووە.

ئەم بنەماڵە هێژایە، چەندین كەسایەتیی گەورەی تێدا هەڵكەوتووەو رۆڵی دیارو درەوشاوەیان لەمێژووی كوردستاندا هەبووە، لەوانە سەید ئەحمەدی خانەقا، كە كەسایەتییەكی دیارو ناودار بووەو وەك هێمایەكی بەرزی كوردەواری سەیری كراوە.

سەید ئەحمەد لەزۆر بواردا خزمەتی گەورەی بەگەل و نیشتمانەكەی كردووە، زانایەكی ژیرو وریا و كراوە بووە، ئەوەشی زۆر لەم پیاوە گەورە ئاینیەدا سەرنجی راكێشام، ئەوە بووە كە زۆر باوەڕی بەمافەكانی ژنان و رۆڵیان لەكۆمەڵدا هەبووە، ئەم پیاوە لەسەرەتاكانی سەدەی رابردوو، لەو قۆناغە تاریكەدا، زەمینەی بۆ مریەم خانی كچی خۆشكردووە، كە لای مامۆستا و زانا ناودارەكانی سەردەمی خۆی، دەرسەكانی ئاین و زمان و

ئـــەدەب بخوێنـــێ و دواتـــر ئـــەرکی بـــەڕێوەبردنی دیـــوانی خانەقاکـــەی پێدەسپێرێت و بەجوانترین شێوە بەڕێوەی دەبات.

ئەم هەڵوێستە جێگای ستایش و لێکۆڵینەوەیە، کەچۆن ئەم ئەقڵە رووناکانە لەدڵی خانەقایەکی ئاینییەوە داگیرساون!.

مریـــەم خـــان کچـــی ســـەید ئەحمـــەد کـــوڕی ســـەید حســـێن کـــوڕی شـــێخ عەبدولقادری سوور کوڕی شیخ ئەحمەدی سەردارە.

ســاڵی ١٩٠٨ لەشــاری کــەرکوك لــەدایك بــووە، لــەئامێزی خانەوادەیــەکی ناوداری ئاینیی زانستپەروەر گۆش و پەروەردە بووە.

ســەید ئەحمــەدی بــاوکی چــۆن بایــەخی بــە بــەخێوکردن و پــەروەردەکردنی کوڕەکــانی داوە، بەهــەمان شــێوە و زیــاتریش بایــەخی بەکچــە تاقانــەو نازدارەکەی داوە.

هەربۆیەش مشووری ئەوەی بۆ خواردووە، کەوەك کوڕەکانی بخوێنێ، هـەر بۆیـەش مریـەمی کچـی ناردۆتـە لای سێ مامۆسـتای بـەناوبانگی سـەردەمی خـۆی، هەریەکـەیان لەبوارێکـدا دەرسـیان پێـداوە، یەکـەمیان دەرسـی فێرکردنـی قورئـان و زمـانی عـەرەبی، دووەمیـان دەرسـی مێـژوو و زمـانی تـورکی، سـێهەمیان دەرسـی ئـەدەب و زمـانی فارسـی. سـەیر ئەکـەی لـەو سەردەمەدا تـەنها دەرسە ئاینیـەکان نـەخوێنراوە، بـەڵکو ئـەدەب و فێربـوونی زمانەکانیشی تێدا بووە.

ئیـدی بـەو شـێوەیە و بـەڕێنوێنی سـەید ئەحمـەد، مریـەمی کچـی پـەروەردە بـووە و پێگەیشـتووە، هاوکـاری بـاوکی بـووە لـە بـەڕێوەبردنی کارەکانیـدا، تاوەکو بۆتە جێی متمانـەی بـاوکی ئـەرکی بەڕێوەبردنی دیوانی خانەقاکـەی پێسپاردووە و مریەم خان بەزیرەکی و کارامەیی خۆی بەڕێوەی بردووە.

ئـەو خانەقایـە لـەو سـەردەمەدا مەڵبەنـدێکی گرنگـی ئـاینی و زانسـتی و ئەدەبی و رۆشنبیری بووە.

چین و توێژە جیاوازەكان بە تایبەت شاعیران و ئەدیبان و كەسایەتییە ناودارەكان لە سەرانسەری كوردستان و عێراق و دەرەوە روویان تێكردووە و سەرسام بوون بە كەسایەتیی سەید ئەحمەدو خانەقاكەی. هەندێكیان لە یاداشتەكانیادا یادگاری و بیرەوەری خۆیان لەو بارەیەوە نووسیوە، شاعیران بەشیعر هەستی خۆیان سەبارەت بەخانەقاو كەسایەتییە ناودارەكانی دەربڕیوە و لەدیوانەكانیاندا تۆماریان كراوە.

مریەم خان، لەنێو ئەو خانەقایەوە هاوكاری هەژاران و رێبواران و غەریبان بووە. هەر لەو سۆنگەیەوە ساڵی ١٩٥٤ بەسەرۆكی لقی كەركوكی رێكخراوی مانگی سوری عێراقی هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ١٩٥٨ سەرۆكی ئەو لقە بووە. لەرێی ئەو لقەوە خزمەتێكی زۆری بەلێقەوماوو هەژاران كردووە.

بەحوكمی پێگەكەی لە خانەقا، مریەم خان ناسراو بووە و پەیوەندیی لەگەڵ ژنە ناودارەكانی عێراق و كوردستان هەبووە. لەو چوارچێوەیەدا پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ (مەلیكە عالیە)ی دایكی مەلیك فەیسەڵی دووەم و حەپسە خانی نەقیب و چەندین ژنی دیكە هەبووە و سەردانی یەكیان كردووە.

مریەم خان ژنێكی نیشتمانپەروەر بووە و هاوكاری مادیی خۆراك و پێداویستیەكانی دیكەی شۆڕشی كوردستانی كردووە. پاش خزمەتێكی زۆر بەگەل و نیشتمانەكەی، لەرۆژی ٩ی كانوونی یەكەمی ١٩٩٣ لەشاری كەركوك كۆچی دوایی كردو بەخاكی خانەقا سپێردرا.

مریەم خان، ئەو ژنە بەتواناو هەڵكەوتووە، بەكارو خزمەتەكانی ئەو راستییەی سەلماند، كە ژنان هیچیان لەپیاوان كەمتر نییە و هاوشانی یەكن.

# مستەفا پاشا یامولکی



مستەفا پاشا یامولکی کەسایەتییەکی گەورەی سیاسی و سەربازی و ڕووناکبیری کوردستانە. ئەو ناوێکی دیار و درەوشاوەیە لە مێژووی کورد و کوردستاندا، خزمەتێکی گەورەی لە بوارەکانی خوێندن و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری و تێکۆشانی کوردایەتی پێشکەش کردووە.

یامولکی ساڵی ١٨٦٦ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. لە سلێمانی و بەغدا و ئەستەنبوڵ خوێندویەتی و ساڵی ١٨٨٨ کۆلیجی ئەرکانی سەربازی لە ئەستەنبوڵ بەپلەی نایاب تەواو کردووە، وەك ئەفسەر لە سوپای عوسمانی خزمەتی کردووە و دوا پلەی سەربازی میر لیواو فەرماندەی فیرقە بووە. لەدوای بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهان، یامولکی سەرۆکی لیژنەی دادگای عورفی سەربازی تایبەت بە دادگایکردنی مستەفا کەمال ئەتاتورك بووە و بە غیابی حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرکردووە.

بەڵام دوای هاتنە سەرکاری ئەتاتورك ئەو وڵاتەکەی بەجێهێشتووە و لەمانگی تەموزی ١٩٢١ گەیشتۆتەوە شاری سلێمانی. لەدوای گەیشتنەوەی بۆ شاری سلێمانی هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ خزمەتکردنی گەلەکەی، بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵەیەکی سیاسی بە ناوی (کۆمەڵەی کوردستان) بۆ

بەدەستهێنانی مافەكانی گەلی كوردستان دروستكرد و لەڕۆژی ٢١ی تەموزی ١٩٢٢ بە سەرۆكی كۆمەڵەكە هەڵبژێردرا. ئەم كۆمەڵەیە ڕۆژنامەیەكی بە ناوی بانگی كوردستان بە زمانەكانی كوردی و فارسی و توركی دەركرد ، كە یامولكی سەرنووسەری بوو.

لەدوای گەڕانەوەی مەلیكی كوردستان شێخ مەحمودی نەمر لە هندستانەوە بۆ كوردستان لەرۆژی ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٢، مستەفا پاشا و ئەندامانی كۆمەڵەكەی پشتیوانی تەواوی خۆیان بۆ دەربڕی. لە كابینەی دووەمی حكومەتی شێخدا، یامولكی بە وەزیری مەعاریف دانرا و لەڕێی ئەو وەزارەتەوە خزمەتی بە بوارەكانی خوێندن و زانست و ڕۆشنبیری كرد.

لەدوای تێكچوونی حكومەتەكەی شێخ مەحمود چووە بەغدا و لەوێ لە بواری ڕۆژنامەگەریدا خزمەتی كرد. یامولكی خاوەنی چەندین نووسین و وتارە ، نامیلكەیەكی شیعریشی بەناوی (مەتروكاتی مستەفا پاشای یامولكی) لە سییەكانی سەدەی ڕابردوودا چاپكراوە.

ئەم كەسایەتییە گەورەی كورد لە ڕۆژی ٢٥ی كانونی دووەمی ١٩٣٦ لە شاری بەغدا كۆچی دوایی كرد و لەسەر وەسێتی خۆی لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

# مستەفاساڵح کەریم



مستەفا ساڵح کەریم کەسایەتییەکی دیاریی رووناکبیریی کوردستانە، بەهەردوو زمانی کورردی و عەرەبی لە رشتەکانی ئەدەبو رۆشنبیریو وەرگێڕانو پەروەردەدا خزمەتێکی زۆری بە گەلو نیشتمانەکەی کردووەو خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی چاپکراوە.

رۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٣ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لەسلێمانیو بەغدا تەواو کردووەو بووە بەمامۆستا، ماوەی ٣٢ساڵ وەك مامۆستاو بەڕێوەبەر لەگوندو شارەکانی کوردستان خزمەتی بەخوێندکارانی کورد لەبوارەکانی پەروەردەو خوێندندا کردووە.

لەتەمەنی ١٥ ساڵییەوە تێکەڵاوی کاروباری سیاسیو رێکخراوەیی بووە، سەرەتا پەیوەندی بەحزبی شیوعی عێراقەوە کردووەو لەو حزبەدا خەباتی کردووەو ئەو حزبە لەرووی رۆشنبیرییەوە کاریگەری لەسەر هەبووە.

بەهۆی تێکۆشانی سیاسیو هەڵوێستەکانییەوە، تووشی گرتنو راونانو دوورخستنەوە بووەو چەند ساڵێکی تەمەنی لە دوورخراوەییو زینداکانی عێراقدا بەسەر بردووە.

مامۆستا مستەفا لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای دنیای ئەدەبو رۆشنبیری بووە، ساڵی ١٩٤٩ کە هێشتا تەمەنی ١٦ ساڵ بووە، چیرۆکێکی تۆلستۆی لەزمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوەو لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی کردۆتەوە. ئیدی لەو کاتەوە لەکایەی رۆشنبیریو ئەدەبیدا کاری کردووەو بەزمانەکانی عەرەبیو کوردی بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە.

خاوەنی چەندین کتێبی ناوازەیە لەبوارەکانی نووسینو چیرۆكو وەرگێڕاندا لەوانــە(زڕەی زنجــیر، شــەهیدانی قــەڵای دمــدم، پەنــدەکانی پیرەمێــرد، رەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، دیوانی پیرەمێرد، باخێك لەوشە، یەکێتیی نووســەرانی کــورد – رێبــازو هەڵوێســت). لــەبواری وەرگێرانیشــدا شــوێن پەنجەی دیارەو چەندین کتێبی بەنرخی لەزمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کــوردی وەرگێــڕاوە، لەوانــە (پەتاســێلکە، هونــەری کورتــە چــیرۆك نووســین، دایکی ئازادیخوازان).

چــەند کتێبێکیشــی لــە کوردییــەوە بــۆ ســەر زمــانی عــەرەبی وەرگێــڕدراوە. مامۆســتا مســتەفا وەك نووســەرو رۆژنامــەنووس خزمــەتی کــردووەو وتــارو گۆشــەی تایبــەتی رۆژنامــەوانی بەزمانــەکانی کــوردیو عــەرەبی نووســیوەو لەرۆژنامــەو گۆڤارەکــانی وەك (ژیــن، هاوکــاری، نووســەری کــورد، دەنگــی مامۆســتا، کــاروان، بــەیان، کوردســتانی نــوێ، الاتحــاد)، وتــارو گۆشــەو بەرهەمــەکانی بڵاوکردۆتــەوە. لــەبواری کــاری پیشــەییدا خزمــەتی کــردووەو لەئاســتی بــاڵای رێکخراوەکــانی مامۆســتایانو نووســەرانو رۆژنامەنووســان کاری کردووەو شوێن پەنجەی بەگەشەپێدانی ئەو رێکخراوانەوە دیار بووە.

لەکایــەی حزبیشــدا خــەباتی کــردووەو لــە(حزبی شــیوعی عێــراقو پــارتی دیمــوکراتی کوردســتانو یــەکێتیی نیشــتمانیی کوردســتان)دا، خــەباتی کردووەو لەرووی رۆشنبیریو رۆژنامەوانیو میدیاییەوە خزمەتی زۆری بەو حزبانە بەگشتیو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی کردووە.

پاش خزمــەتێکی زۆر بەکایــەکانی ئــەدەبیو رۆشــنبیری، رۆژی ١٦ی کــانونی یەکــەمی ٢٠١٨مامۆســتا مســتەفا ســاڵح کــەریم لەتەمــەنی ٨٥ ســاڵیدا بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردو لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# مستەفا ساییب



مستەفا سایيب کەسایەتییەکی گەورەی سیاسیو روناکبیریی کوردستانەو وەك سەربازێکی ون لەزۆر بوارو رشتەی جیادا خزمەتی بەگەلو نیشتمانەکەی کردووە.

مامۆستا کەمال رەووف محەمەد لەکتێبێکدا بەناوی (مستەفا سایيب ئەستێرە گەشەی کورد) کە ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن دەزگای چاپو پەخشی سەردەمەوە بڵاو کراوەتەوە، بەوردی تیشك ئەخاتە سەر ژیانو بەرهەمەکانی ئەم کەسایەتییە گەورەیەو بەنەتەوەپەروەرو مەردێکی ونو قەڵەمێکی دیارو پێشەنگی چەند بوارێکی نووسینو ئەدەبی کوردی وەسفی ئەکات.

مستەفا کوڕی مەلا ئەحمەدی سایيبی قازیی کوڕی مەلا قادری کوڕی مەلا حەسەنی قەرەداخییە. بە مستەفا سایيب ناسراوە. بەهۆی ئەوەی کە باوکی قازی بووە لەشاری کفری، لەرۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٠٤ لەو شارە لەدایك بووە. لەکفریو سلێمانیو کەرکوكو بەغدا خوێندوویەتی.

چەند ساڵێك وەك فەرمانبەری میری خزمەتی کردووە. مستەفا سایيب کەسێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرو هەڵسوڕاوێکی چالاکی سیاسی بووە لەساڵانی بیستەکانو سییەکانی سەدەی رابردوودا، دامەزرێنەری کۆمەڵەی لاوانی کوردو کۆمەڵەی زەردەشتی بووەو ئەندامی کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردو موعتەمەدی لقی سلێمانی کۆمەڵەی خۆیبوون بووە.

لەبەر چالاكی سیاسی چەندین جار دوور خراوەتەوە بۆ شارەكانی رواندزو موسڵو دیوانییەو حلەو كەربەلاو بەسرە.

لەبواری رۆشنبیریشدا رۆڵی دیاری هەبووەو خاوەنی چەندین بەرهەمی ناوازەی ئەدەبیو سیاسیو رۆشنبیریی گشتییە. بەرهەمەكانی لە رۆژنامەكانی (پێشكەوتن، بانگی كوردستان، ژیانەوە، ژیان، زاری كرمانجیو گەلاوێژ) بڵاوكردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٢٠ لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا پەخشانێكی بەناوی (بۆچرووك) لەرۆژنامەی پێشكەوتنی سلێمانی بڵاوكردۆتەوە، هێندە جوان بووە خەڵاتی دووەمی رۆژنامەكەی بەدەستهێناوە. بەوەش بەیەكەم نوسەری رچەشكێنی باشوری كوردستان لەبواری پەخشانی هونەریدا دادەنرێت.

نامەكانی بۆ نوێنەرانی كوردو چینو توێژەكانی میللەتو سكاڵاكانی لەرۆژنامەو گۆڤارەكانی سەردەمی خۆیو یاداشتەكانی، دەقو شاكاری بەرزی ئەدەبینو بەنەمری ماونەتەوە.

مستەفا سایب چیرۆكنووسیش بووەو لەو بوارەدا شوێن پەنجەی دیارە. زمانەكانی فارسیو توركیو عەرەبی و ئینگلیزی زانیووە، هەر بۆیەش چیرۆكی لەزمانی بیانیەوە بۆ سەر زمانی كوردی وەرگێڕاوەو لەو بوارەشدا سەرمەشق بووە.

دیارترین خزمەتەكانی بەبواری ئەدەبیو رۆشنبیری ئەوەیە كە لەگەڵ تاهیر بەهجەت مەریوانی دەزگایەكی چاپو بڵاوكردنەوەیان بەناوی (نەشریاتی كوردی- مەریوانی) دامەزراندووەو ئەو دەزگایە لەنێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٨دا ١٣ كتێبی بەنرخی بەچاپ گەیاندووە.

ئەم كەسایەتییە سیاسیو روناكبیرییە گەورەیەی كوردستان، لە رۆژی ٩ی كانونی یەكەمی ١٩٨٠ لەشاری سلێمانی بۆ دواجار چاوەكانی لێكناو چووە ریزی نەمرانی نیشتمانەوەو لەگردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

# مەلا مستەفای سەفوەت



مەلا مستەفای سەفوەت، شاعیر و وەرگێڕ و مامۆستایەکی ئاینی بلیمەت و بیر ڕۆشنی دیاری کوردستانە و خزمەتێکی بەرچاوی بەڕشتە جیاجیاکانی ئاین و ئەدەبی کوردی کردووە.

ناوی تەواوی ئەم شاعیرە مەلا مستەفای سەفوەت کوڕی حاجی مەلا ڕەسوڵی کوڕی مەلا شەریفی دێلێژەیە. ساڵی ١٩٠٢ لە ئامێزی خێزانێکی ڕووناکبیر و ئاینپەروەر لە گوندی دێلێژەی سەر بەناوچەی قەرەداخ لەدایك بووە. مستەفای سەفوەت خراوەتە بەر خوێندنی ئاینی و هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوەو بووە بە مەلا، وەك مەلایەکی ڕووناکبیر خزمەتی کردووە.

مەلا مستەفای سەفوەت بە حوکمی ئەوەی لە ئامێزی خێزانێکی ڕووناکبیردا پەروەردە بوو، هەر زوو و لە سەرەتای ژیانی لاویدا خولیای شیعر و ئەدەب بوو. لەوکاتەوە دەستی بە هۆنینەوەی شیعر کردووە و خاوەنی چەندین شیعری بەرزە کە لە دووتوێی دیوانەکەیدا چاپ کراون.

لە بواری وەرگێڕانیشدا خزمەتی کردووە و چەندین شاکاری وەك گوڵستانی سەعدی و دیوانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە. چەند بەرهەمێکی دیکەی ئاینی وەك: (ڕابەری حەج، ڕابەری نوێژ، میعراجنامە)ی هەیە. ئەم شاعیرە هەڵکەوتووەی کورد، لەڕۆژی ٩ی کانونی یەکەمی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کرد.

# مستەفا سلێمان



مستەفا سلێمان عەبدوڵڵا كەسایەتییەكی دیاری زانستی و رووناكبیریی كوردستانەو بەهێمنی وەك سەربازی ون، لەرێی بەرهەمە ئەدەبی و زانستییەكانییەوە خزمەتێكی زۆری بەكاروانی رۆشنبیری و زانستیی كوردستان كردووە.

ساڵی ١٩٣٨ لەگەڕەكی كانێسكانی شاری سلێمانی لەدایك بووەو لەئامێزی خانەوادەیەكی رووناكبیرو نیشتمانپەروەردا گەورە بووە.

قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەشاری سلێمانی تەواو كردووە.

خوێندكارێكی زیرەك و بەتوانا بووەو لە دوا قۆناغی ئامادەیی نمرەی بەرزی بەدەستهێناوەو لە كۆلیجی ئەندازیاریی زانكۆی بەغدا وەرگیراوەو سەركەوتوانە تەواوی كردووە.

دواتر وەك ئەندازیار لە وەزارەتی پیشەسازی عێراق و كارگەی شەكری سلێمانی خزمەتی كردووەو ئەندازیارێكی زیرەك و بەتوانا بووە.

مستەفا سلێمان هەر لەسەردەمی لاوی و لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاكانی سەدەی رابردووەوە، خولیای جیهانی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بووەو بەرهەمەكانی لەرۆژنامەو گۆڤارەكانی وەك (هەتاو، ژین، هیوا و روناكی) بڵاوكردۆتەوە.

ئۆپەرێتیشی نووسیوەو ئۆپەرێتی (کوردستان) کە نەورۆزی ١٩٥٨ نووسیویێتی یەکێکە لە بەرهەمە جوان و رەنگینەکانی کە تەعبیری لەهەر چوار پارچەی کوردستان کردووەو لەلایەن خۆی و خوێندکارانی زانکۆی بەغداوە نمایش کراوە.

بێ لەبواری ئەدەب، مستەفا سلێمان بایەخی زۆری بەفەرهەنگی زانستی داوەو خاوەنی شاکارێکی زانستی گەورەیە، ئەویش (فەرهەنگی زاراوەی زانستی)یە کە بەزمانەکانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی لەدووتوێی ٥٥٠ لاپەڕەی قەبارە گەورەدا نووسراوەو ساڵی ٢٠١٤ بۆ جاری دووەم چاپکراوە. ئەم فەرهەنگە فەرهەنگێکی زانستیی گرنگەو رشتە زانستییەکانی وەك (بیرکاری و زیندەوەرزانی و فیزیا و کیمیا و پزیشکی و ئابوری و جیۆلۆجی و ئەندازیاری و یاسا و جوگرافی و گەردووناسی و زمانناسی) لەخۆگرتووەو سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ خوێندکاران بەگشتی و خوێندکارانی بەشە زانستییەکانی زانکۆکان بەتایبەتی.

لەبواری کوردایەتی و نیشتمانپەروەریشدا رۆڵی دیارو پرشنگداری لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا هەبووە، مامۆستایان (د.جەمال نەبەزو مەحموودی مەلا عیزەت و قادر میرزا کەریم) وەك هاوڕێی ئەو، لەنووسین و یاداشتەکانیاندا بەوپەڕی رێزەوە باسی ئازایەتی و جوامێریی ئەو لەتێکۆشانی کوردایەتیدا ئەکەن.

پاش زیاتر لەنیو سەدە لەخزمەتکردن لەکایەکانی ئەدەبی و زانستی و کوردایەتیدا، ئەم کەسایەتییە هەڵکەتووەی کوردستان، لەرۆژی ٢٧ی شوباتی ٢٠١٩ بۆ دواجارماڵئاوایی کردو لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا

# مستەفا شەوقی



هەندێ رۆشنبیری گەلەکەمان لەقۆناغێکی مێژوویيدا وەك سەربازی ون خزمەتیان کردووە، ئەگەر لاپەڕەکانی ژیانیان هەڵنەدرێتەوەو باسی نەکرێن، ناویان کوێر دەبێتەوەو دەچنە فەرهەنگی لە بیرچوونەوە.

مستەفا شەوقی یەکێکە لەو سەربازە ونانە، بەهەوڵو هیممەتی زۆری مامۆستا (کەمال رەووف محەمەد و مامۆستا مومتاز حەیدەری) تیشك خراوەتە سەر تۆماری ژیانیو ساخ کراوەتەوە، لەمستەفا شەوقییەکی تری جیا کراوەتەوە، کە ئەو شاعیرو قازی زادەو خەڵکی مەهاباد بووە. مستەفا شەوقی رۆژنامەنووسێکی کوردپەروەر بووە، لەرێی کاری رۆژنامەنووسییەوە خزمەتی گەلو نیشتمانەکەی کردووە.

مستەفا شەوقی کوڕی رەمەزان ئاغایە، ساڵی ١٨٨٩ لەشاری بەغدا لەدایك بووە، بەڵام بەرەچەڵەك خەڵکی شاری سلێمانینو لە بنەماڵەی ئاغاکانی ئەو شارەن.

بەحوکمی ئەوەی باوکی ئەفسەری سوپای عوسمانی بووە، بەهۆی کارەکەی باوکییەوە لەشوێنێك جێگیر نەبووە، چەند شارو ناوچەیەك گەڕاون، لەشاری کۆیە خوێندنی ئاینیو رەسمی خوێندووە، دواجار بۆ خوێندن چۆتە ئەستەنبوڵو ساڵی ١٩١٦مەکتەبی حەربییەی ئەستەنبوڵی تەواو کردووەو

پلەی ئەفسەری وەرگرتووەو لەسوپای عوسمانی خزمەتی کردووەو بەشداری جەنگی یەکەمی گێتی کردووە.
دوای بڕانەی جەنگ، گەڕاوەتەوە بەغداو لەساڵی ١٩٢٤ لەسوپای عێراق بەئەفسەر دانراوەتەوەو ساڵی ١٩٢٥ خانەنشین بووە.
مستەفا شەوقی خولیای کاری ڕۆژنامەنووسی دەبێ، ساڵی ١٩٢٦ نووسینەکانی لەڕۆژنامەی بانگی کوردستان بڵاوکردۆتەوە، هەر لەو کاتەدا وانەکانی کوردیو فارسیو تورکی بەخەڵك وتۆتەوە.
دوای ڕاگیرانی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، حەزی کردووە خۆی ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك لەبەغدا دەربکات، لەڕۆژی ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٦ مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤاری (پەیژە)ی وەرگرتووە، کە گۆڤارێکی ئەدەبیو کۆمەڵایەتی بووەو تەنها یەك ژمارەی لێدەرچووە.
مستەفا شەوقی خاوەن بیری نەتەوەیی کوردپەروەرانە بووە، وتارەکانی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی وەك: (ژیانەوە، بانگی کوردستان، ژیان، پەیژە، زاری کرمانجی) بڵاوکردۆتەوە.
مستەفا شەوقی کەسێکی کوردپەروەر بووە، بێ لەکاری ڕۆژنامەنووسی، بەشداری خەباتی سیاسیشی کردووە، ساڵی ١٩٢٧ سەرۆکی کۆمەڵەی سیاسیی نهێنی (پشتیوان) بووە، بەپێی بەڵگەنامەکانی ئینگلیز، ساڵی ١٩٢٨ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی (خوێبوون) لەبەغدا بووە.
ساڵی ١٩٣١ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری (یانەی سەرکەوتن) لەبەغدا بووە. ساڵی ١٩٣٦ گەڕاوەتەوە بۆ سوپاو سەرەتا لەبەسرەو دواتر لە ڕواندز خزمەتی کردووەو تاکۆتایی ژیانی لەوێ ماوەتەوە.
مامۆستا مومتاز حەیدەری کتێبێکی بەنرخی لەسەر مستەفا شەوقی نووسیوە بەناونیشانی (مستەفا شەوقیو پەیژە)، کتێبەکە مامۆستا سەعید ناکام پێشەکی بۆ نووسیوەو ساڵی ١٩٨٥ لەبەغدا چاپو بڵاو

كراوەتـــەوە. حەیـــدەری لـــەم كتێبـــەدا تیشـــكی خســـتۆتە ســـەر ژیـــانی و بیروبۆچـــوونی مســـتەفا شـــەوقیی ڕۆژنامـــەنووس و نـــاوەڕۆك و ڕێبـــازی نیشـتمانی و نەتـەوەیی گۆڤـاری پەیـژەی شـیكردۆتەوە و دەقـی ژمـارە (١)ی گۆڤارەكەشی وەك خۆی بڵاوكردۆتەوە.

پیرەمێـرد لـە ڕۆژنامـەی ژیانـدا بـەم جـۆرە باسـی مسـتەفا شـەوقی دەكـات (كـوڕێكی دڵسـۆزی قـەوم و خاوەنـدی هونـەرو زانسـتیمان چـەنێك لەبەغـدا خـەریكی خـەڵك فێـری خوێنـدن كـردن بـوو، دوو كاغـەزمان لێـوەرگرت، یەكێكیان داوای ژیانی كردووە، زاتەن ژیان خۆی عاشقی ئەو نەوعە زاتەیە، بۆمان نارد. ئەمجارەیش لەئاساری پایەدارو بەكاری ئوستادی نامدار سەید ئەمین زەكی دوو جەڵدی كوردو كوردستانی بۆ زانستی ناردووە. سـەیر كـەن چـەند بەهیممەتـە، خـۆی نایەتـە ئێـرە دەرس بڵێتـەوە، ئـەو شـا ئەسـەرەی لەباتی خۆی ناردووە، ئافەرین مستەفا شـەوقی كـە شـەوقی سادەتتان هـەر لەزیادایە).

پـاش خزمـەتێكی زۆر بـەبواری ئـەدەبی و ڕۆژنامەگـەری، مسـتەفا شـەوقی ساڵی ١٩٤٢ لە ڕواندز كۆچی دوایی كردو هـەر لـەوێ لەگۆڕستانی (گـەردە گـەرد) بـەخاك سـپێردراوە. لـەدوای كۆچـی دوایـی هـیچ دانراوێكـی لـەدوا بەجێنەماوە، وتارو نووسینە بڵاوكراوەكانی كۆنەكراونەتەوە.

مستەفا شەوقی، هەر لەمەراقی ئازادی گەلەكەیدا بوو، بەو ناسۆرەوە سەری نایـەوە، بـەڵام هەمیشـە بەنـەمری دەمێنێتـەوە، پیرەمێـرد وتـەنی شـەوق و ڕەونەقی ئەو پیاوە بەدروەشاوەیی دەمێنێتەوە.

# مستەفا مەجید خەزنەدار



مستەفا مەجید کەسایەتییەکی گەورەی یاسایی کوردستان بوو، لەبوارەکەی خۆیدا خزمەتێکی زۆری کردو بەردی بناغەی تاپۆی دانا و چەندان یاسای لەبوارەکانی تاپۆو زەوی و زارو خانووبەرە دانا، کە تائێستاش لەکوردستان و عێراق کاریان لەسەر دەکرێت.

مستەفا مەجید عەزیز خەزنەدار کە بەمستەفای تاپۆ ناسراوە، ساڵی ١٩٢٢ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، هەر لەو شارە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواو کردووە. لەساڵی ١٩٤٠ وەك فەرمانبەر لەتاپۆی سلێمانی دامەزراوە، پاش ١٥ ساڵ خزمەت و بەحوکمی زیرەکی و شارەزایی و پاکی بوو بە بەڕێوەبەری تاپۆی سلێمانی.

بەهۆی پاکی و ڕێگریکردنی لەکاری نایاسایی، کێشەو گرفتی زۆری بۆ دروست کراوەو بەزۆر گواستراوەتەوە بۆ تاپۆی بەغدا. لەوێش کۆڵی نەداوەو شارەزایی و پاکی بۆتە هۆی ئەوەی چەندین پۆستی باڵا وەربگرێت. بەغدا بۆ ئەو مەڵبەندێکی گرنگی خۆپێگەیاندن بووە لەبواری یاسادا، خۆی گوتەنی، نەقڵەکەی بۆ بەغدا خێری پێوە بووە.

بەهۆی شارەزایی و قاڵبوونەوەی لەبواری یاسادا، ١١ کتێبی گرنگی یاسایی لەبوارەکانی تاپۆو زەوی و زارو خانووبەرەو رشتە پەیوەندارەکانی دیکەی یاساوە نووسیوە، کە کۆی ژمارەی لاپەڕەکانیان (٢٦٣٠) لاپەڕەیە. ئەم یاسایانە ئێستاش لەتاپۆکانی کوردستان و بەغدا کاریان لەسەر دەکرێت.

هەروەها سەدان وتاری یاسایی لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی ناوخۆو دەرەوەدا بڵاوکردۆتەوە.

ئەم پیاوە یاساناسە، گەرچی کۆلیجی یاسای نەخوێندووە، بەڵام بەهۆی زیرەکی و شارەزایی و کارکردنی لەفەرمانگەکانی تاپۆی کوردستان و عێراق و قاڵبوونەوەی لەبواری یاسا، بووە ئەو کەسە ناودارەی بواری یاسا کە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و نیشتمانی عەرەبی بناسرێ، لەکۆڕو کۆبوونەوەو کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی ناوەوەو دەرەوەدا وەك زانایەکی بواری یاسا پەنجەی بۆ رابکێشرێت. لەپای خزمەت و بەخششەکانی دەیان سوپاسنامەی بۆ نوسراوە.

ئەم پیاوە ناودارەی بواری یاسا زیاتر لەنیو سەدە لەرشتەکانی یاسادا لە سلێمانی و هەڵەبجەو هەولێرو بەغدا بەپاکی و دڵسۆزی خزمەتی کردو فشارو هەڕەشەی هیچ دەسەڵاتدارێك نەیتوانی ئیمزایەکی نایاسایی پێ بکات.

مستەفای تاپۆ کوردێکی پاك و نیشتمانپەروەر بوو، ئەو ماوەیەی لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابردوودا لەتاپۆی هەولێر بوو، هەوڵی دا یادی نەورۆز لەو شارە بکاتەوە، هەروەك خۆی باسی دەکات، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ عاسم حەیدەری و چەند هاوڕێیەکی تری سەردانی شێخ محێدینی خانەقایان کردووە بۆ ئەوەی رەزامەندی مەلاکانیان بۆ وەربگرێت، کە دژی ئەو بۆنەیە قسە نەکەن، شێخیش پێیان دەڵێ مەلاکان لەسەر من،

بڕۆن ڕەزامەندی سەعید قەزاز پارێزگاری هەولێر وەربگرن، ئەوانیش دەچنە لای پارێزگارو ڕەزامەندی وەردەگرن.

ڕۆژی ٢١ی ئازاری ١٩٤٦ بۆ یەکەمجار لە نزیك منارەی چۆلی، ئاهەنگێکی شایستە بەبۆنەی نەورۆزەوە سازدراو خەڵکێکی زۆری ئامادەی بوون.

ڕۆژی دواتر مستەفا مەجید نامەیەکی بۆ پیرەمێرد ناردو مژدەی ئاهەنگی نەورۆزی هەولێری پێداو ئەویش ئەو مژدە خۆشەی لە ڕۆژنامەی ژین بڵاوکردەوە، ئیدی ساڵانە یادی نەورۆز لە هەولێر دەکرایەوە.

# مستەفا مەزهەر



مستەفا مەزهەر مامۆستاو رۆژنامەنووسێكی ناسراوی كوردستان بوو. لەرشتەكانی رۆژنامەنووسیو خوێندنو فێركردندا خزمەتێكی زۆری گەلو نیشتمانەكەی كردووە.

مستەفا مەزهەر عەبدولكەریم، كە بەمستەفا مەزهەر ناسراوە، ساڵی ١٨٨٨ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. لەو شارە خوێندنی ئاینیو حكومی خوێندووە. چۆتە شاری ئەستەنبوڵو لەوێ خانەی مامۆستایانی تەواو كردووە. ساڵی ١٩١٣ گەڕاوەتەوە وڵات، وەك مامۆستا لە نەجەفو ناسریەو سلێمانی خزمەتی كردووە.

كە ئینگلیزەكان هاتونەتە شاری سلێمانی، وەك كەسێكی زیرەكو زمانزان، لەگەڵ هەردوو حاكمی سیاسیی ئینگلیز(مێجەر سۆنو مێجەر گۆڵد) لەسالانی ١٩٢٠- ١٩٢٢ كاری كردووە، سەرپەرشتی دەركردنی رۆژنامەی پێشكەوتنی لەرووی نووسینو چاپكردنو كۆكردنەوەی ئابوونەی بەشدارانی رۆژنامەكەی كردووە.

رۆژنامەی پێشكەوتن لە ٢٩ ی نیسانی ١٩٢٠ تا ٢٧ی تەمووزی ١٩٢٢ بەردەوام بووەو ١١٨ ژمارەی لێدەرچووە.

لەدوای وەستانی رۆژنامەکە، مستەفا خۆی بۆ کاری مامۆستایی لەشاری سلێمانی تەرخانکردووەو چەند ساڵێك موفەتیشی مەعاریفی کەرکوك بووەو وەك موفەتیش سەردانی قوتابخانەکانی سلێمانی کردووە، لەوانە (ئەیوبیە، سلێمانی سانیە)، دواتر بووە بە بەڕێوەبەری ناوەندی سلێمانی تا ساڵی ١٩٣٥ بەردەوام بووە، پاشتر بووە بەیاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی مەعاریفی کەرکوك‌و تاساڵی ١٩٣٩ لەو پۆستەدا ماوەتەوە.

لەساڵی ١٩٣٩-١٩٤٦ بەڕێوەبەری مەعاریفی سلێمانی بووە. ساڵی ١٩٤٦ کۆچی دوایی کردووەو لەگردی سەیوان بەخاك سپێردراوە.

پیرەمێرد بۆ مردنەکەی زۆر بەداخ بووەو بەشیعر شیوەنی بۆ گێڕاوەو شیعرەکەی لە رۆژنامەی ژین بڵاوکردۆتەوە.

# مستەفا نەریمان



مستەفا نەریمان نووسەرو پەروەردەكارێكی ناسراوی كوردستانەو خزمەتێكی زۆری پێشكەش بەكایەكانی رۆشنبیریو پەروەردە كردووە. مستەفا سەید ئەحمەد بەرزنجی ناوی تەواوی ئەم رووناكبیرەیەو لەجیهانی ئەدەبدا بەمستەفا نەریمان ناسراوە. لە رۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٥ لەشاری كفری لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی لە كفریو كەركوكو بەغدا تەواو كردووە. بەمامۆستا دامەزراوەو نزیكەی چل ساڵ خزمەتی بەرەوتی خوێندنو پەروەردە كردووە. مامۆستا نەریمان هەر لە سەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای دنیای ئەدەب بووەو لەساڵی ١٩٤٢ەوە دەستی بەبڵاوكردنەوەی بەرهەمەكانی كردووە. یەكەم كەس بووە كە رۆژژمێری كوردی لەساڵی ١٩٥٧ داناوەو لەسەر ئەوە زیندانی كراوە. دواتر دوو رۆژژمێری دیكەی بەناوەكانی كوردستانو پیرەمێرد داناوە. مامۆستا نەریمان یەكەم كەسیش بووە كە بیبلۆگرافیای بۆ كتێبی كوردی داناوە. مامۆستا نەریمان خاوەنی بەرهەمێكی زۆری ئەدەبیو پەروەردەییە. خاوەنی ٢٠ كتێبی چاپكراوە لەوانە(هاواری لاوان، هەڵبەست بۆ قوتابیان، عەلی ئەفەنی، كتێبخانەی كوردی، مامۆستای نەمر، بیبلۆگرافیای كتێبی كوردی١٨٧٨-١٩٧٥، رێنووسی كوردی لەرەگو ریشەوە، فەرهەنگی

ئەدیبانو نوسەرانی کورد، دیوانی مینە جاف) و چەندانی تر. هەروەها هاوبەشی لەوەرگێڕانو دانانی زیاتر لە ٢٠ کتێبی پرۆگرامی قوتابخانەکاندا کردووە. مامۆستا نەریمان کەسێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بووەو لەبەر هەڵوێستە سیاسییەکانی چەند جارێك زیندانی کراوەو لەوەزیفە دوور خراوەتەوە، بەڵام هەر بەدڵسۆزیو پاکی بۆ گەلەکەی ماوەتەوە. مامۆستا نەریمان وەك رۆژنامەنووس خزمەتی کردووەو سکرتێری گۆڤاری بەیانو سەرنووسەری گۆڤاری رەنگین بووە. بەرهەمەکانی لە گۆڤارو رۆژنامەکانی (گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە، رۆژی نوێ، هاوکاری، رۆشنبیری نوێ، بەیان، رەنگین) بڵاوکردۆتەوە. ئەم کەسایەتییە کولتوریە ناودارەی کوردستان لەرۆژی ٢٧ی مایسی١٩٩٤ لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کردو هەر لەوێ لەغەریبی لەگۆرستانی (محەمەد سەکران) بەخاك سپێردرا.

# موجتەبای میرزادە



موجتـــەبای مـــیرزادە، هونەرمەنـــدێكی موزیسیانی گەورەی كوردە، خزمـەتێكی زۆری بــە هونــەری مۆســیقای كــوردی كردووە.
ساڵی ١٩٤٥ لـە شاری كرماشان لەدایك بووە. هەر لەمنداڵییەوە خولیای مۆسیقا بــووە، ســەرەتا بـە ئامێرەكـانی نـەی و سـەنتور دەسـتی پێكـردووە و دواتـر لـە هــەموو ئامێرەكـانی دیكـەدا شـارەزایی پەیدا كردووە. لە ڕادیۆكانی كرماشـان و تـاران خزمـەتی بە هونـەر بەگشـتی و هونـەری مۆسـیقا و گـۆرانی كـوردی بەتایبەتی كردووە.
ڕێبـەری ئۆكسـترای ڕادیـۆی تـاران بـووە و سـەدان گـۆرانی بـۆ هونەرمەنـدانی كــوردی وەك: (حەســەن زیــرەك، مەزهــەری خــالقی، محەمــەدی مامڵــێ، ئیبراهیمـی خۆشـنەوا) و دەیـانی دیكـە تۆمـار كـردووە. كـاری مـوزیكی بـۆ دەیـان فیلمـی فارسـی كـردووە. زیـاتر لـە چـل سـاڵ لـە خزمـەتی كـاروانی هونــەری مۆسـیقادا بـووە. ڕۆژی ١٨ی تـەموزی ٢٠٠٥ بـۆ دواجـار چـاوی لێكنـاوو ماڵئاوایی لە دنیای هونەر كرد.

# موحەڕەم محەمەد ئەمین



موحـەڕەم محەمـەد ئـەمین، نوسـەر و چیرۆکنووسێکی دیاری کوردستانە و لــەڕێی قەڵەمەکەیــەوە خزمــەتێکی گــەورەی بـــەکاروانی ئـــەدەبی و ڕووناکبیری کـوردی کـردووە. سـاڵی ١٩٢١ لــە بنەماڵەیــەکی ناســراوی شــاری ســلێمانی لــەدایك بــووە. قۆناغـەکانی خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەیی لـە سـلێمانی و شـەقڵاوە و ڕەوانـدز و زاخـۆ تـەواو کــردووە. هەرچــەند لــە کــۆلیجی حقــوقی زانکــۆی بەغــدا وەرگــیراوە، بــەڵام بــەهۆی دۆخــی سیاســی و دەستگیرکردنی نـەیتوانیوە ئـەو کۆلیجـە تـەواو بکـات. دواتـر بەفەرمانبـەری میری دامەزراوە و خزمەتی کردووە و ماوەیەك سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بـووە و سـاڵی ١٩٧٦ خانشین کراوە. موحـەڕەم محەمـەد ئـەمین، بایـەخێکی زۆری بەبواری نووسین داوە و زۆربەی کاتەکانی ژیانی بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشـنبیری تـەرخان کـردووە. مامۆسـتا موحـەڕەم چیرۆکنووسـێکی دیـار و بەسەلیقە بووە و خاوەنی چەندین چیرۆکی ناوازەیە. جگەلە چیرۆك، وتـاری نووسیوە و کاری وەرگێڕانیشی کـردووە، وەك ڕۆژنامەنووسـیش لـە گۆڤـار و ڕۆژنامەکان خزمەتی کردووە.

مامۆستا موحەڕەم کەسایەتییەکی سیاسی و نیشتمانپەروەر بووە و لەسـەر

هەڵویستە سیاسییەكانی تووشی گرتن و ڕاونان و ئازار و ئەشكەنجە بۆتەوە، تا دواجار لەرۆژی ١٥ی تەموزی ١٩٨٠ لەلایەن دەزگای ئەمنی سلێمانییەوە دەستگیر دەكرێ و ئازار و ئەشكەنجەیەكی زۆر دەدرێ و بەهۆی ئەو ئازاردانەوە، رۆژی ٢٢ی تەموزی ١٩٨٠ كۆچی دوایی ئەكات، بەڵام ناوو ناوبانگی و هەڵوێست و بەرهەمەكانی بە نەمری و زیندوویی دەمێننەوە. مامۆستا موحەرەم خاوەنی چەندین بەرهەمی ناوازەیە لەوانە: (مام هۆمەر، گۆمی شڵەقاو، گردی شەهیدان، یادی گۆڕستانەكە، ڕێگای ئازادی، مەبدەئە بنەڕەتییەكانی فەلسەفە، شۆڕشی بارزان لە نووسینی هەمزە عەبدوڵڵا و وەرگێڕانی م. موحەڕەم).

# موسا عەنتەر



موسا عەنتەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و خەباتگێڕێکی دیاری باکوری کوردستانە.
ساڵی ١٩١٨ لە ناوچەی نسێبینی سەر بەپارێزگای ماردین لەدایك بووە. هێشتا منداڵ بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە ماردین و ئەدەنە تەواو کردووە. بۆ خوێندنی زانکۆ چۆتە ئەستەنبوڵ و لەوێ کۆلیجی یاسای خوێندووە. هەر لە ئەستەنبوڵ تێکەڵاوی ژیانی سیاسی بووە و سەرەتا لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی کۆمەڵەی هێڤی ڕۆشنبیری دامەزراندووە و سەرۆکی ئینستیتۆی کورد بووە لە ئەستەنبوڵ و دواتر بەشداری کردووە لە دامەزراندنی پارتی خەباتی گەل. لەدوای ساڵانی نەوەدەکان پارتێکی کوردی بە ناوی هەپ دامەزراند. شانبەشانی خەباتی سیاسی، موسا عەنتەر سەرقاڵی کاری نووسین و ڕۆژنامەنووسی بووە و هەردەم بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان و هەموو ئازادیخوازان کردووە. بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانییەوە چەندین جار زیندانی کراوە و ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجە بۆتەوە و ١١ ساڵ و نیوی ژیانی لە زیندانەکانی تورکیادا بەسەر بردووە. موسا عەنتەر خاوەنی چەندین کتێب و نامیلکە و وتار و لێکۆڵنەوەیە لەوانە: (یادگارییەکانم، برینی ڕەش، کمل، فورات دەڕژێتە مەڕمەڕە) و چەندانی دیکە. ئەم کەسایەتییە گەورەیەی کورد، لەڕۆژی ٢٠ی ئەیلولی ١٩٩٢ لە شاری ئامەد تیرۆر کرا و وەك شەهیدی قەڵەم چووە ڕیزی نەمرانەوە.

# موفتی پێنجوێنی



پێنجوێن بەبێ تۆ نزیکە مـــەرگم
لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم
تازە بوکێ بووی بەســـــەر چیاوە
ئەهاتنە ســـەیرت لەملاو ئەولاوە

موفتی پێنجوێنی شاعیرێکی پێشکەوتنخوازو رۆشنگەرو ناوداری کوردستانەو لەشەوەزەنگی قۆنـاغێکی دواکـەوتوودا، شـیعرە بـەرزەکانی کـردە مەشـخەڵی رۆشـنکەرەوەی وڵاتو خەمـە چـینایەتیو کۆمەڵایـەتیو نەتەوەییەکانی لەکۆڵناو پێی وابوو مەکتەبو زانستو زانیاری چارەسەری هـەموو ئـەو خـەمو دەردانـە ئـەکات، هەربۆیـەش بەشـێکی شـیعرەکانی بـۆ هاندانی خوێندنی کچانو کوڕان تەرخان کردووە.

مـەلا عەبـدوڵڵای کـوڕی مـەلا کـەریم نـاوی تـەواوی ئـەم شـاعیرەیەو لـەدنیای ئەدەبدا بە موفتی پێنجوێنی ناسراوە.

سـاڵی ١٨٨١ لەگونـدی بیسـتانی ناوچـەی پێنجـوین لـەدایك بـووە. سـەرەتا لەحوجرەکـەی بـاوکی دەسـتی بەخوێنـدنی ئـاینی کـردووە، دواتـر بـۆ وەرگـرتنی زانیـاری زیـاتر بەشـێکی زۆری شـارەکانی باشـورو خۆرهـەڵاتی کوردستان گەڕاوە، لەوانە: (بیارە، مەریوان، مەهاباد، بۆکان، سەقز، سـەراو، سەرچـاوە). مامۆسـتا مـوفتی کـاری عـەتاریو جگـەرەو تـوتن فرۆشـتی کردووە، هەربۆیەش بە(توتنچی)یش ناسراوە.

موفتی پێنجوێنی هەر لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای شیعری هەبووەو لـە ناوەڕاسـتی سـییەکانی سـەدەی رابـردوودا دەرفـەتی بـۆ هەڵکـەوتووە

شیعرەکانی بڵاوبکاتەوەو ساڵی ١٩٣٦ یەکەم پارچە شیعری لەرۆژنامەی ژیان بڵاوکردۆتەوەو ئیدی تا کۆچی دوایی بەردەوام ئەبێ لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی لەگۆڤارو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا لەوانە (ژیان، ژین، دەنگی گێتیی تازە، گەلاوێژو هەڵاڵە).

ساڵی ١٩٣٩ عەلی باپیر ئاغای شاعیر لە کتێبی (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، لەسەر موفتی پێنجوێنی نووسیوەو ستایشی شیعرەکانی کردووە. ساڵی ١٩٥٩ محەمەد تۆفیق وردی بەشێك لەشیعرەکانی بەناوی (سۆزی نیشتمان) لە بەغدا چاپکردووە. ساڵی ١٩٩٠ هەموو شیعرەکانی لەدووتوێی (دیوانی موفتی پێنجوێنی) چاپکراوە.

موفتی پێنجوێنی شیعری زۆر بووە، بەڵام بەشێکیان بەهۆی بوومەلەرزەی پێنجوین‌و سوتانی دوکانەکەیەوە فەوتاون. زۆربەی شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی شیعری نەتەوەیی‌و نیشتمانین‌و داوای ئازادی‌و سەربەخۆیی بۆ کوردستانەکەی کردووە. بەشێکی تریان شیعری بەرگرین لەهەژاران‌و جوتیاران‌و رەنجدەران.

موفتی پێنجوێنی زۆریش بایەخی بەخوێندن‌و پەروەردە داوەو هانی خەڵکی داوە کە کچان بنێرنە قوتابخانەو لەو بوارەدا خۆی سەرمەشق بووەو کچی خۆی لەو سەردەمەدا ناردۆتە بەر خوێندن. ئەم شاعیرە نیشتماپەروەرو رۆشنگەرە، لە رۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٢ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد. هەر چەند بەشیعریش وەسێتی کردبوو کە لە گردی سەیوانی سلێمانی بینێژن، بەڵام خزم‌و کەسوکاری وەسێتەکەیان جێبەجێ نەکردو بردیانەوە بۆ زێدی خۆی‌و لە گۆڕستانی حاجی شێخی پێنجوێن بەخاکیان سپارد. موفتی پێنجوێنی ئەو چرایەی لە پێنجوێنەوە هەڵهات‌و هەموو کوردستانی رۆشنکردەوە.

# مونیره قەفتان



بنەماڵـەی قـەفتان، یـەكێك لەبنەماڵـە دیـــارو ناســـراوەكانی شـــاری سلـێمانین، لـەم بنەماڵەیـەدا چـەندین كەسـایەتیی سیاسـی و رۆشـنبیری و كۆمەڵایـەتی و زانسـتی هەڵكـەوتوون، كـــە هەریەكـــەیان لـــەبواری خۆیـــدا خزمەتی بەگەل و نیشتمان كردووە. ساڵح قەفتان یەكێكە لە كەسایەتییە دیارو پێشەنگەكانی ئەم بنەماڵەیەیە.

مامۆستا ساڵح قەفتان پشتیوانیی بەهێزی جوڵانەوەكەی شێخ مەحموودی حەفیدی كردووەو ئەندامی (جەمعیەتی كوردستان) بووە كە مستەفا پاشا یامولكی سەرۆكی بوو.

ئـەم پیـاوە روونـاكبیرو نـاودارە لـە بوارەكـانی سیاسـی و رۆژنامـەوانی و پـەروەردەو مێـژوو خزمـەتی زۆری كـرد و بـەهۆی توانـا زۆرەكانییـەوە، لـەو بوارانەدا داهێنەرو پێشەنگ بووە. ئەو كەسایەتییەی دەمەوێ تیشك بخەمـە سەر كاروانی تێكۆشان و بەخششەكانی، خاتوو( مونیرە قەفتان)ی كچی ئەو پیـاوە مـەزن و ناودارەیـە، ئـەم خاتوونـە لەسـەر دەسـتی ئـەو بـەگیانی نیشتمانپەروەری گۆش و پەروەردە كراوە.

(مونیرە ساڵح عەبدولڕەحمان) كە بەمونیرە قەفتان ناسراوە، ژنێكی دیارو پێشـەنگ بـووەو لەهەلومـەرجێكی دژواردا مەشخەڵی خـەباتی كوردایـەتی و ژنـانی پێكـەوە بـەرز كـردەوەو بەئازایـەتی و بـوێری خزمـەتێكی زۆری بـەو

کاروانە سەختە کردو مێژوویەکی پڕ شانازی بۆ خۆیو گەلەکەی تۆمار کرد.

مونیرە قەفتان ساڵی ١٩٢١ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، لەئامێزی خانەوادەیەکی ناودارو رووناکبیریدا، گەورەو پەروەردە بوو.

قۆناغەکانی خوێندنی لەسلێمانیو بەغدا تەواو کرد. ساڵی ١٩٣٩ خانەی مامۆستایانی بەغدای تەواو کرد. دوای تەواوکردنی خوێندن بەمامۆستا لە باخچەی ساوایانی سلێمانی دامەزرا، پاش ماوەیەکی کەم گواسترایەوە بۆ ئامادەیی سلێمانی کچانو دواتر لەئامادەیی سەدیقەی کچان وەك مامۆستا خزمەتی کرد.

مونیرە قەفتان، هەر زوو تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی بوو، لەرێی رێکخراوە پیشەییەکانەوە خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٤٢ پەیوەندی بەرێکخراوی ئافرەتانی کوردستانەوە کردو ژنێکی ئازاو جەسورو دڵسۆز بوو، هەربۆیەش گەیشتە ترۆپکی ئەو رێکخراوەو لە ساڵی ١٩٥٩ بووە سەرۆکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانو تاساڵی ١٩٦١ لەو پێگەیەدا مایەوە.

مونیرە قەفتان ژنێکی سەرکردەو پێشەنگو چالاك بوو، هەمیشە بەرنامەدارێژەرو سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانو چالاکییە سیاسیو پیشەییەکان بوو. بەهۆی ئەو هەڵوێستانەیەوە تووشی دروورخستنەوەو راونانو زیندانیکردن بۆتەوە.

لەدوای بەشداری لەخۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٤٨ لەسلێمانی، سزا دراو بۆ ناحیەی بەلەدروزی سەربەشاری دیالە دوور خرایەوە، پاش شەش مانگ بۆ شاری سلێمانی نەقڵکرایەوەو بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی نیشتمانی کچان.

لەسالآنی ١٩٥٤ تا ١٩٥٨ وەك مامۆستا لەشارۆچکەی چوارتا خزمەتی کرد. دواتر گواسترایەوە بۆ شاری سلێمانی و بوو بە بەڕێوەبەری ئامادەیی خانزادی کچان.

ساڵی ١٩٦٠ کە ئاگری نەورۆز بەرەسمی لەشاری سلێمانی کرایەوە، ئەرکی داگیرساندنی مەشخەڵی نەورۆز بەو سپێردرا، ئەو وەك ژنێکی پێشڕەوو شارستانی بێ عەبا، مەشخەڵەکەی داگیرساند.

ئەم مامۆستا پێشەنگە تا سەرەتای حەفتاکان وەك مامۆستاو بەڕێوەبەر خزمەتی بە رەوتی پەروەردەو فێرکردن لەشاری سلێمانی کردو دواتر خۆی خانەنشین کرد.

لەسالآنی ١٩٧١-١٩٧٥ خۆی‌و هاوسەرەکەی چوونەتە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش لە رایاتو حاجی هۆمەرانو لەوێ خزمەتیان کردووە، ماوەیەك لەشاری رەزاییەی خۆرهەلآتی کوردستانو وەك مامۆستا خزمەتی بەمندالآنی کورد کردووە.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول گەڕاوەتەوە سلێمانی‌و لەسالآنی ١٩٧٥ تا راپەڕینی ١٩٩١ بەنهێنی لەنێو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا خەباتی کردو رۆڵی دیارو جوامێرانەی بینی.

دوای راپەڕین جارێکی تر چووەوە کۆڕی تێکۆشانو لەریزەکانی یەکێتیی ژنانی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا درێژە بەخەبات دا.

ساڵی ١٩٩٢ بەشداری یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد. ئیدی تا دوا رۆژەکانی ژیانی، بەشدارییەکی چالاکی کۆڕو کۆبوونەوەو چالاکییە مەدەنی‌و رۆشنبیرییەکان بوو.

پاش کاروانێکی درێژی خەباتی سیاسی‌و پیشەیی، لەرۆژی ٢٩ی ئاداری ٢٠٠٩ بۆ دواجار لەتەمەنی ٨٨ ساڵیدا چاوەماندووەکانی لێکناو لە گردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

مونیرە قەفتان، ئەو ژنەی لەکۆڕی تێکۆشاندا، چەندین هەورازو نشێوو چەرمەسەری بینی، بەڵام جوامێرانەو سەربەزرانە کۆڵی نەداو لەدەرگایەکی زێڕینەوە چووە نێو مێژووی گەلی کوردستانو هەمیشە وەك پرشنگی هەتاو لەسەیوانەوە هەڵدێ، سلێمانیو کوردستان ڕۆشن دەکاتەوە.

# میر جەلادەت بەدرخان



بەردخانییەکان بنەماڵەیەکی دیاری کوردستانن و خزمەتی گەورەیان بەبزووتنەوەی کوردایەتی و کاروانی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیریی کوردستان کردووە.

میر جەلادەت بەدرخان، کەسایەتییەکی ناسراوی ئەو بنەماڵە هێژایەیە، کە وەك سیاسەتمەدار و ڕووناکبیر خزمەتی کردووە. میر جەلادەت کوڕی ئەمین عالی کوڕی بەردخان پاشایە، لەرۆژی ٢٦ی نیسانی ١٨٩٧ لە شاری ئەستەنبوڵ لەدایك بووە. هەر لەوێ خوێندویەتی و بڕوانامەی ماستەری لە یاسا بەدەستهێناوە و دواتر چۆتە ئەڵمانیا دكتۆرای خوێندووە. لە ئەڵمانیا گەڕاوەتەوە توركیا و بەشداری شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی کردووە. دوای شکستی شۆڕشەکە، چۆتە سوریا و لەسەرەتای سییەکانەوە تا ناوەڕاستی چلەکان گۆڤارەکانی ڕوناهی و هاواری بە زمانی کوردی دەرکردووە.

میر جەلادەت ڕوناکبیرێکی بەتوانا بووە، زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی و کوردی و یۆنانی و ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ڕوسی بەباشی زانیوە. ئەم زانا گەورەیە خزمەتێکی زۆری بە ڕێزمان و فەرهەنگ و

کولتــووریی کــوردی کــردووە. کتێبێکــی لەســەر ڕێزمــانی کــوردی و دوو فەرهەنگی کوردی و کوردی- فەرەنسـی دانـاوە. لەپێشـەنگی ئـەو کەسانەدا بــووە کــە پــیتی لاتــینی بــۆ زمــانی کــوردی بــەکارهێناوە. مــیر جــەلادەت کەســـایەتییەکی سیاســـیی نیشـــتمانپەروەر و ئـــەکادیمی و نووســـەر و ڕوونــاکبیرێکی گــەورە بــووە و خزمــەتی گــەورەی لــە بــوارە جیاجیاکانــدا پێشکەش بە گەلەکەی کردووە.

لەڕۆژی ١٥ی تەموزی ١٩٥١دا لە سوریا کۆچی دوایی کرد.

# میرزا مەنگوڕی



میرزا مەنگوڕی، یەکێکە لەو ڕوناکبیرانەی لە سەردەمێکی تاریك و نوتەکدا، وشەکانی وەك چرا داگیرسان و کوردستانیان ڕوناك کردەوە. ئەو خاوەنی بیروباوەڕێکی زانستی و پێشکەوتنخواز بوو، تێڕوانینەکانی هێندە تازە و مودێرن بوون، دەسەڵات و کۆمەڵگە پێشوازی لێنەکرد. هەربۆیەش فتوای کوشتنی ئەدرا و شار بەدەر ئەکرا و زیندانی ئەکرا و کتێبەکانی یاساغ ئەکران و کۆئەکرانەوە. ئەم نووسەرو مونەوەرەی کورد هێندە لە بیروباوەڕو تێڕوانینەکانی دڵنیابوو زۆر بەگەشبینیەوە نزیکەی نیو سەدە لەمەوبەر وتبووی ڕۆژێ دێ ڕاستی بۆچوونەکانم بۆتان دەرئەکەوێ و پەیکەرم بۆ دروست ئەکەن، هەر واش دەرچوو شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەرین ئامێزی خۆشەویستی بۆ کردەوەو پەیکەرەکەی لەسەر سەری دانا. میرزا محەمەد ئەمین ئەحمەد مەنگوڕی، کە بە میرزا مەنگوڕی ناسراوە. ساڵی ١٩١٠ لە شاری قەڵادزێ لەدایك بووە. ساڵی ١٩٣٣ بە ماڵەوە چوونەتە سلێمانی و لەوێ نیشتەجێ بوون. مەنگوڕی وەك ئەدیب و نووسەر و مێژوونوس خزمەتی کردووە و خاوەنی قەڵەمێکی بوێر و ئازا و بیر و تێڕوانینی شارستانیو پێشکەوتنخواز بووە ، کتێبەکانی وەك بۆمبای سەردەم دەنگدانەوەی گەورەیان هەبوو.

مەنگوڕی ساڵی ١٩٣٨ کتێبی (هەنگاوێك بۆ سەرکەوتن)ی نووسی. ئەم کتێبە کە چەمك و تێڕوانینی نوێی سەبارەت بە دەوڵەت و ماف و

ئازادییەکان لەخۆ گرتبوو، سەرئێشەی گەورەی بۆ دروستکرد و کتێبەکە قەدەغە کراو هەموو نوسخەکانی کۆکرانەوە و لەناوبران. لە سزای ئەو کتێبەشدا مەنگوڕی شەش مانگ زیندانی کراو لە کارەکەی دەرکرا. بەڵام مەنگوڕی لەسەر هەڵوێست و بیروباوەڕی خۆی سوور بوو، ساڵی ١٩٧١ کتێبی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ)ی نووسی کە چیرۆکێکی خەیاڵیی زانستی بوو، لەسەر ئەم کتێبەش فتوای کوشتنی درا و بەردباران و شار بەدەرکرا. لەو کاتەدا مەنگوڕی وتبووی ڕاستە ئێستا ئاوا مامەڵەم لەگەڵدا ئەکەن، بەڵام ڕۆژێ دێ پەیکەرم بۆ دروست ئەکەن، هەر واش دەرچوو.

مەنگوڕی لە مەیدانی تێکۆشانی کوردایەتیدا خزمەتی کردووەو ئەو وەك پێشمەرگەیەکی کوردستانی بەشداری پێکهێنانی کۆماری کوردستانی لە مەهاباد کردووە و جێگری فەرماندەی هێزەکانی بۆکان بووە. شانبەشانی ئەرکی پێشمەرگایەتی، لە ڕۆژنامەی کوردستانی کۆمار وتار و شیعری بەرزی بڵاوکردۆتەوە. بێجگە لەو دوو کتێبەی ئاماژەمان پێکردن، مەنگوڕی خاوەنی دەیان کتێبی دیکەی چاپکراوو چاپنەکراوە. لە چاپکراوەکانی وەك:(زێڕینای ئامێدی، دوو بەرگی بەسەرهاتی سیاسیی کورد، حەقائقی بەسەرهاتی شێخ مەحمود لەپەنای ئیستیقلالدا، بەهەشتی دڵداری، جیهانی ئازاد، بوکێکی ناکام) و چەندانی دیکە.

ئەم ڕووناکبیرە گەورە و هەڵکەوتووەی کورد، لە ڕۆژی ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٨٨ لە شاری سلێمانی بۆ دواجار ماڵئاوایی کردو لە گردی سەیوان بەخاك سپێردرا. دوای ڕاپەڕینی ئازادیی ١٩٩١ وەسێتەکەی جێبەجێ کرا و ڕۆژی ١٦ی ئەیلولی ١٩٩٢ تەرمە پیرۆزەکەی برایەوە بۆ شاری ڕانیە و لە ئامێزی کێوەڕەشی سەرکەشدا بە خاك سپێردرایەوە.

# مێجەر سۆن



ئەگەر چی مێجەرسۆن بە ناوی غوڵام حسێن شیرازی، لە وڵاتی ئێمە وەك جاسووس وێنا كراوەو باسی كراوە، بەڵام ئەو یەكێكە لەو ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدانەی كە خزمەتی گەورەی بە بوارەكانی ئەدەب و خوێندن و كولتووری كوردی كردووە. ئیلی بانستەر سۆن كە بە مێجەرسۆن ناسراوە. لە ڕۆژی ١٦ی ئابی ١٨٨١ لە ئامێزی خێزانێكی دیار و دێرینی شاری كینگستۆنی بەریتانیا چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە.

ساڵی ١٨٩٨ بەپلەی شەرەف زانكۆی كامبریجی تەواو كردووە. سۆن هەر لە سەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای فێربوونی زمانە ڕۆژهەڵاتییەكانی بووەو هەربۆیە ساڵی ١٩٠٢ سەفەری ئێران دەكاتو لە تاران وەك ژمێریار لە بانكی شاهنشاهی دادەمەزێ و دواتر ئەچێتە شاری شیراز و لەوێ خۆی فێری فارسی ئەكات و چوارینەكانی خەیام لە فارسییەوە بۆ ئینگلیزی وەرئەگێڕێت. ساڵی ١٩٠٥ ئەچێتە بوشەهر و لەوێ لەسەر مەزهەبی جەعفەریی بووە بە ئیسلام. ساڵی ١٩٠٦ وەك بەڕێوەبەری بانك لە كرماشان

خزمەتی کردووە و لەویّ زۆر بە باشی خۆی فێری زمانی کوردی کردووە و زانیاری لەسەر کورد کۆکردۆتەوە.

ساڵی ١٩٠٧ گەڕاوەتەوە بەریتانیا دوای ئەوە گەشتە بە ناوبانگەکەی لە ئەستەنبوڵەوە بە ناوی (غولام حسێن شیرازی) دەست پێدەکات و هەموو پارچەکانی کوردستان بەسەر ئەکاتەوە و زانیاری ورد لەسەر مێژوو و جوگرافیا و دابونەریتی گەلی کورد کۆ ئەکاتەوە و هەموو ئەوانە لە دووتوێی کتێبە بەناوبانگەکەی (گەشتێکی شاراوە بۆ وڵاتی میسۆپۆتامیا و کوردستان) لە ساڵی ١٩١٢ بڵاوکردۆتەوە.

مێجەرسۆن ساڵی ١٩١٦ لەگەڵ سوپای ئینگلیزدا ئەچێتە شاری بەسرە و لەویّ ڕۆژنامەی بەسرە تایمز بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی دەر ئەکات. ساڵی ١٩١٨ لە شاری بەغدا رۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی بەهاوکاری شوکری فەزلی دەرکردووە و ڕۆژنامەکە ٦٧ ژمارەی لێدەرچووە.

ساڵی ١٩٢٠ مێجەرسۆن کە حاکمی سیاسی ئینگلیز بووە لە سلێمانی چاپخانەیەکی لەو شارە داناوە و بە سەرپەرشتی خۆیان و بە هاوکاری هەندێ ڕۆشنبیری شاری سلێمانی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) یان دەرکردووە. ڕۆژنامەکە بایەخی بە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مێژوویی داوەو بەگشتی ١١٨ ژمارەی لێدەرچووە.

سەرباری ئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەرکراوە، بەڵام بایەخێکی زۆریشی بۆ گەلی کورد هەبووە، چونکە مێژووی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و ناوچەکەی تۆمار کردووە و گرنگی بە زمان و ئەدەب و مێژووی کورد داوە و بۆتە بەردی بناغەی چەسپاندنی ڕۆژنامەگەری لەناوچەی سلێمانی. هەموو ڕۆژنامەکانی دیکە، کە دوای

پێشکەوتن دەرچوون سوودیان لە ئەزموون و شێواز و ناوەرۆکی ئەو ڕۆژنامەیە وەرگرتووە. بێجگەلە لە ڕاژەکانی لە بواری ڕۆژنامەگەری، مێجەر سۆن بایەخیشی بە زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردی داوە و ١٥ کتێبی بەنرخی لەو بوارانەدا پێشکەش بە نامەخانەی کوردی کردووە.

ڕاستە مێجەرسۆن وەك کەسایەتییەکی سیاسی و موخابەراتی بەریتانی خزمەتی بە سیاسەت و ستراتیجی وڵاتەکەی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەوەش نادیدە بگیرێ کە ئەو پیاوە خزمەتی زۆری بە ڕەوتی چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی و خوێندەواری و ڕۆشنبیریی کوردی کردووە. مێجەر سۆن لە ڕۆژی ٢٤ی شوباتی ١٩٢٣ لەدوای گەڕانەوەی لە چارەسەری پزیشکی لە تونسەوە بۆ وڵاتەکەی لەناو دەریا و لەسەر پشتی پاپۆڕ کۆچی دوایی کرد.

# ن. ئاری



نەجمەدینی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە، کە نازناوی شاعیری (ن. ئاری) یە، شاعیرێکی ناوداری کوردستانە.

ساڵی ١٩١٠ لە بنەماڵەیەکی ڕووناکبیر و ئەدەبدۆست لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. لەحوجرە و خوێندنی ئاسایی خوێندویەتی. دواتر وەك فەرمانبەر دامەزراوە و خزمەتی کردووە.

ئاری شاعیرێکی نیشتمانپەروەر بووە و چەندین شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی هەیەو ساڵی ١٩٤٦ شیعری بۆ کۆماری مەهاباد نووسیوەو ستایشی ئەو کۆمارەی کردووە، بەهۆی ئەو شیعرەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە دەستگیر کراوە و بۆ شارەکانی حللە و کەربەلا لە باشوری عێراق دوور خراوەتەوەو ماوەی ٣ ساڵ لە دووری نیشتمان ماوەتەوە. زۆربەی شیعرەکانی شیعری نیشتمانی و نەتەوەیین، بەڵام بوارەکانی دیکەشی فەرامۆش نەکردووە و شیعری بۆ سروشتی جوانی کوردستان و خۆشەویستی و کۆمەڵایەتی نووسیوە. بێجگە لە شیعر، ئاری چیرۆکیشی نووسیوە و خاوەنی دوو چیرۆکە. ئاری بەشی زۆری شیعرەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردۆتەوە. خاوەنی دیوانێکی شیعرییە بەناوی (هۆنراوەکانم ) کە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، پێشەکی بۆ نووسیوە و ساڵی ١٩٦٧ بە چاپی گەیاندووە.

ئەم شاعیر و ڕوناکبیرەی کورد، بەهۆی نەخۆشی دڵەوە لە ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٨ بۆ دواجار ماڵئاوایی کردو لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

# نارى



مەلا كاكە حەمەى بێلوو كە لەدنياى ئەدەبدا بە(نارى) ناسراوە شاعيرێكى گەورەى كوردستانەو لەرێى شيعرە بەرزو جوانەكانييەوە خزمەتێكى زۆرى بەكاروانى ئەدەبى و رۆشنبيرى كوردى كردووە.

نارى ساڵى ١٨٧٤ لەگوندى بادەڵانى ناوچەى شلێرى سەر بەقەزاى پێنجوێن لەدايك بووەو لەئامێزى خێزانێكى ئاينپەروەردا گەورە بووە. لاى باوكى خوێندويەتى و بۆ خوێندن و وەرگرتنى زانيارى ئاينيى زياتر چۆتە ناوچە جياجياكانى باشوورو خۆرهەڵات و باكورى كوردستان و ساڵى ١٨٩٧ ئيجازەى مەلايەتى وەرگرتووەو وەك زانايەكى ئاينى رووناكبير خزمەتى كردووە. نارى ئەچێت بۆ گوندى بێلووى ناوچەى مەريوانى كوردستانى رۆژهەڵات و لەساڵى ١٩٠٤ەوە تا دوا رۆژەكانى ژيانى وەك مامۆستاى حوجرەو مزگەوتى ئەو گوندە خزمەت ئەكاو هەر بۆيەش لەناو خەڵكدا بە مەلا كاكە حەمەى بێلوو ناسرابوو.

نارى هەر لەسەرەتاى ژيانى گەنجييەوە بايەخى بەبوارى ئەدەب دابوو و دەستى بە هۆنينەوەى شيعر كردبوو، لەرشتە جياجياكاندا شيعرى نووسيوەو خاوەنى دەيان شيعرى بەرزە. نارى خاوەنى ديوانى خۆيەتى و چەند جارێك ديوانەكەى چاپ كراوەتەوەو لەم ساڵانەدا عوسمان عارف نارى زادەى نەوەى شاعير، ديوانەكەى بەشێوەيەكى جوان چاپ و بڵاوكردەوە.

ئەم شاعيرە گەورەيەى كورد لەرۆژى ٢ى نيسانى ١٩٤٤ بۆ دوا جار چاوەكانى لێكناو لە گوندى بێلووى ناوچەى مەريوان بەخاك سپێردرا.

# ناسح حەیدەری



ناسح عەبدوڵڵا سەبغەتوڵڵا کەبەناسح حەیدەری ناسراوە، شاعیرو ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتووی کوردستانە.

ساڵی ١٨٩٨ لەئامێزی خێزانیکی ڕووناکبیرو زانستپەروەردا لە قەڵای هەولێر لەدایك بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووەو ساڵی ١٩٢٥ بەفەرمانبەر دامەزراوەو ماوەی ٣٠ ساڵ خزمەتی کردووەو ساڵی ١٩٥٥ خانەنشین بووە.

حەیدەری بەحوکمی ئەوەی لەخانەوادەیەکی ڕۆشنبیردا گەورە بوو، هەر لەمنداڵیەوە خولیای شیعرو ئەدەب بووەو لەژێر کاریگەری شیعرەکانی نالی و سالم و کوردی و حاجی قادری کۆیی و مەحویدا بووە.

حەیدەری زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی زانیوەو بەزمانەکانی عەرەبی و کوردی شیعری نووسیوە.

هەموو شیعرەکانی لە دووتوێی دیوانێکی ٢٦٨ لاپەڕەییدا کۆکراوەتەوەو چاپکراوە.

ئەم شاعیرو ڕووناکبیرە ناسراوەی کوردستان، لەڕۆژی ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦ لەتەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی تایبەتی خانەوادەی حەیدەری لەشاری هەولێر بەخاك سپێردراوە.

# نەجمەدین مەلا



نەجمەدین مەلا، وەك شاعیر و چیرۆكنووس و نووسەر و مامۆستا خزمەتی بە كاروانی ڕوناكبیری و خوێندەواریی كوردستان كردووە.
نەجمەدین كوڕی مەلا غەفور كوڕی مەلا عەلی كوڕی مەلا برایم، كە بە نەجمەدین مەلا ناسراوە. ساڵی ١٨٩٨ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە و لە ئامێزی خێزانێكی ئاینیی ڕۆشنبیر و زانستپەروەردا گەورە بووە. لای باوكی فێری خوێندنەوە و نووسین بووە و لەسەر دەستی زانای ناودار شێخ مستەفا قازی بڕوانامەی خوێندنی ئاینی بەدەستهێناوە.
ماوەیەك وەك فەرمانبەری میری لە ڕانیە خزمەتی كردووە. نەجمەدین مەلا لە سەرەتای ژیانی لاوییەوە خولیای كاری ڕۆژنامەنووسی بووە و وتاری ئەدەبی و شیعر و چیرۆكی فۆلكلۆری و كەلەپووری لە ڕۆژنامەی زاری كرمانجی بڵاوكردۆتەوە كە مامۆستا حسێن حوزنی موكریانی لە شاری ڕەواندز دەریكردووە. هاوكارێكی بەردەوامی ڕۆژنامەكانی ژین و ژیان بووەو وتار و چیرۆك و شیعری تێیاندا بڵاوكردۆتەوە. چیرۆكی لە زمانەكانی عەرەبی و فارسیشەوە وەرگێڕاوە و لەو دوو ڕۆژنامەیەدا بڵاوی كردونەتەوە. هەروەها ژیاننامە و شیعری چەند شاعیرێكی بەدەست

نووسیوەتەوە و بڵاوی کردونەتەوە و لە فەوتان ڕزگاری کردوون.
نەجمەدین مەلا خەمخۆری پەروەردە و خوێندن بووە و قوتابخانەیەکی تایبەتی بە ناوی کەشتی نوح دامەزراندووە و منداڵانی فێری خوێندەواری کردووە و نزیکەی حەوت هەزار کەسی فێری خوێندنەوە و نووسین کردووە. لەدوای کۆچی دوایی ژیان و بەرهەکانی لە دووتوێی چەند کتێبێکدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە. ئەم کەسایەتییە هەڵکەوتووەی کورد لەرۆژی ٢٣ی نیسانی ١٩٦٢کۆچی دوایی کرد. هەرچەند وەسێتی کردبوو کە لە چیای ئەزمڕ بەخاك بسپێردرێ، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سیاسیی ئەو کاتەوە لە گردی سەیوانی سلێمانی بە خاك سپێدرا. لەدوای مۆرکردنی ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ وەسێتەکەی جێبەجێ کرا و لە ڕێوڕەسمێکی شکۆداردا لەسەر شاخی ئەزمڕ بە خاك سپێردرا.

# نەسرین شیروان



هونەرمەندێكی دیارو رچە شكێنی كوردستانەو خزمەتێكی گەورەی بەبواری گۆرانیو مۆزیكی كوردی كردووە.

لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانەوە، خانەوادەكەی لەباكوری كوردستانەوە كۆچیان كردو لەباشورو لەشاری زاخۆی دەلال گیرسانەوە.

نەسرین عومەر عوسمان كە دواتر بەنەسرین شیروان ناسرا لەساڵی ١٩٢٢ لە شاری زاخۆ لەدایك بووە.

هەرچەند لەهیچ قوتابخانەیەك نەیخوێندبوو، بەڵام نەخوێنەواری رێگر نەبوو لەوەی كەدوای خولیای هونەری خۆی بكەویێو لەسەردەمانێكدا گۆرانی وتن بۆ ژنان بڤە بوو، نەسرین ئەو رچەیەی شكاندو لەساڵی ١٩٤٤ چووە بەغداو لەرێی هونەرمەند عەلی مەردانەوە چووە رادیۆی كوردی بەغداو لەوێوەو لەرێی دەنگە بەسۆزەكەیەوە پەیامی هونەری خۆی گەیاندو كاروانی هونەری كەوتەرێو بۆ ماوەی نیو سەدە زیاتر لەبزاوتندا بوو.

نەسرین شیروان توانی ٤٢٠ گۆرانی تۆمار بكاتو بەوەش وەك ژنە هونەرمەندێكی كورد خزمەتی مەزنی پێشكەش بەگەلەكەی كرد. بۆ پاراستنی ئاستی هونەری لە ناوەڕاستی حەفتاكانەوە لە گۆرانی گوتن وەستا.

ئەم هونەرمەندەی كورد لە رۆژی ١٩٩٠/١٠/١٠ لەشاری بەغدا بەبێدەنگی كۆچی دوایی كردو هەر لەو شارە بەخاك سپێردرا.

# د. نەسرین فەخری



پرۆفیسۆر د. نەسرین فەخری زاناو ڕووناکبیرێکی ناودارو هەڵکەوتووی کوردستانەو لەرشتەکانی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری خزمەتێکی زۆری پێشکەش بەگەلەکەی کردووەو خاوەنی خەرمانێك وشەی نووسراوو چاپکراوە.

نەسرین محەمەد فەخری سابونچی کە بە د.نەسرین فەخری ناسراوە، لە ڕۆژی ٢٧ی کانونی یەکەمی ١٩٣٧ لەگەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی لەدایك بووەو لەئامێزی خێزانێکی ڕۆشنبیرو کوردپەروەردا پەروەردە بووە.

بەحوکمی ئەوەی باوکی ئەفسەری سوپای عێراق بووە، زۆربەی شارەکانی کوردستان و عێراق گەڕاون. لەکەرکوك و هەولێرو بەغدا قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووەو ساڵی ١٩٥٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەپلەی شەرەف لەزمان و ئەدەبی عەرەبی لەکۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.

لەناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیست، بۆ خوێندن چۆتە یەکێتیی سۆڤیەت و لەشاری باکۆی پایتەختی ئازەربایجان خوێندوویەتی و هەرچەند بەکالۆریۆسەکەی لەسەر زمان و ئەدەبی عەرەبی بووە، بەڵام لەخۆشەویستی بۆ زمانی دایك، بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردی لەسەر

(فەرمان لەهەردوو شێوەزاری كرمانجی خواروو و ژووروو) دا وەرگرتووە.
لەو كاتەدا یەكەم نامەی دكتۆرا بووە كە لەسەر ئەو بابەتە بنووسرێت.
د. نەسرین فەخری دوای تەواوكردنی خوێندن، گەڕاوەتەوە بەغداو لە كۆلیجەكانی ئاداب و پەروەردەو زمان وەك مامۆستا خزمەتی زۆری بەزمان و ئەدەبی كوردی كردووەو تا پلەی زانستی بووە بەپرۆفیسۆر، سەدان خوێندكاری بەكالۆریۆس و ماستەرو دكتۆرا لەسەر دەستی ئەو پەروەردە بوون و بڕوانامەی بەرزیان وەرگرتووە.
د. نەسرین قەڵەمێكی دیاری زانستی بووەو لەڕێی قەڵەمەكەیەوە خزمەتی زۆری بەزمانی كوردی كردووەو خاوەنی دەیان لێكۆڵینەوەی زانستییە لەو بوارەداو شارەزاو زانایەكی دیاری زمانەوانییەو شوێن پەنجەی دیارە.
د. نەسرین فەخری خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی چاپكراوو دەستنووسە، خاوەنی نزیكەی ٤٠ كتێبە كە بەهەردوو زمانی كوردی و عەرەبی نووسیوونی.
١١ كتێبی بەزمانی شیرینی كوردی نووسیوەو ١٢ كتێبی دەستنووسی كوردیشی لەدوا بەجێماوە. ١٠ كتێبی بەزمانی عەرەبی نووسیوەو سێ دەستنووسی عەرەبیشی لەپاش بەجێماوە.
د. نەسرین بایەخیشی بەشیعر داوەو بەزمانەكانی كوردی و عەرەبی شیعری نووسیوەو چوار دیوانی چاپكراوی هەیە.
د. نەسرین فەخری سەدان وتارو لێكۆڵینەوەی زانستی لە گۆڤارو رۆژنامە كوردی و عەرەبییەكاندا بڵاوكردۆتەوە. وەك مامۆستاو رووناكبیرێكی گەورە رۆڵی دیاری لەدامەزراندنی یەكێتیی نووسەرانی كوردو كۆڕی زانیاری كورددا هەبووەو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئەو دوو دامەزراوەیە بووەو خزمەتی زۆری لەڕێی ئەوانەوە پێشكەش بەگەل و

نیشتمانەکەی کردووە. ئەندامی لیژنەی دانانی کتێبی پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان لەوەزارەتی پەروەردە بووە.

د. نەسرین لەهەردوو بەشی عەرەبی و کوردی رادیۆی بەغدا خزمەتی کردووەو شوێن دەستی لەو بوارەدا دیارە. لەهەمووشی گرنگتر بیرەوەری و یاداشتەکانی لەلایەن رۆژنامەنووس (سەرکەوت عەلی)یەوە نووسراوەتەوە.

بەشێك لەکتێبخانە بەنرخەکەی فەوتاوەو ئەوەی ماوەتەوە خۆی پێشکەشی بنکەی ژینی کردووەو بەرپرسانی ئەو بنکەیە کتێبەکانیان لە کتێبخانەی بنکە رێکخستۆتەوە.

د. نەسرین فەخری بەشداری دەیان کۆنگرەو کۆنفرانسی زانستی و ئەدەبی لەناوخۆو دەرەوەی وڵات کردووەو چەندان خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشراوە.

ئەوەی لەدوا چاوپێکەوتنی د. نەسرین فەخری لەگەڵ تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤ لەبەرنامەیەکی دیکۆمێنتاریدا سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو، کە وتی: زۆر رقم لەوشەی خانەنشینە، من خانەنشین نیم، خاکنشینم تامردن خزمەتی گەلەکەم ئەکەم.

وتیتشی: حەزم لەبۆنی خاکی دوای باران بارین، ئێستا بەداخەوە بۆنەکەشی نەماوە! پاش خزمەتێکی زۆر بە بوارەکانی زمان و ئەدەب و کەلەپوورو کلتووری کوردی، رۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، د.نەسرین فەخری بۆ دوا جار ماڵئاوایی کردو لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# نەوشیروان مستەفا



نەوشیروان مستەفا سەرکردەیەکی گەورەو ناوداری سیاسیو قەڵەمێکی سەنگین و دیاری کوردستانەو لەو بوارانەدا خزمەتی زۆرو زەوەندی پێشکەش بەگەلو نیشتمانەکەی کردووە. ناکرێ باسی مێژووی نیو سەدەی رابردووی کوردستان بەبێ باسی ئەم سەرکردەیە بکرێ.

تێکۆشانی سیاسی ئەو بۆ سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو ئەگەڕێتەوە ، لەکایەی رێکخراوەیی وحزبیدا خۆی پێگەیاندو تا بووە بەو سەرکردە دیارە. وەك سەرکردەیەك شوێن پەنجەی بەتێکۆشانی کوردایەتییەوە دیارەو لەریزی سەرکردە پێشەنگەکانی کوردستاندا بووە، کەسایەتیەکی سادەو خاکیو خۆشەویستو خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەرین بووە. ئەوەی من ئەمەوێ رۆشنایی بخەمە سەر، نەوشیروان مستەفای نووسەرو رووناکبیرە، نەك سیاسەتمەدار.

ساڵی ١٩٤٤ لەگەڕەکی سەرشەقامی سلێمانی لەدایك بووە. لە سلێمانی و بەغداو نەمسا خوێندوویەتیو هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و خوێندکاری دکتۆرا بووە. نەوشیروان مستەفا لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە، خولیای خوێندنەوەو نووسینو رۆژنامەگەری بووە، بەرکوڵی نووسینە ئەدەبی و

سیاسـییەکانی لـە ڕۆژنامـەکانی ڕۆژی نـوێو ژیـن و گۆڤـاری ڕونـاهی و بڵاوکردۆتـەوە، لـەدەرگای نووسـینەوە لـەدەرگای سیاسـەتی داوە. سـاڵی ١٩٦٨ بۆتـە خـاوەن ئیمتیـازی گۆڤـاری ڕزگـاریو ئـەرکی سەرنووسـەری گۆڤارەکەی بە شازاد سایب سپاردووە. نووسینە سیاسی و ئەدەبییەکانی لـەم گۆڤـارەدا بڵاوکردۆتـەوە. دوای بەیاننامـەی ئـازاری ١٩٧٠ نووسـینی ئەدەبی و سیاسی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی هاوکاری و ڕۆشنبیری نوێ و بەیان بڵاوکردۆتـەوە. بـواری نووسینو ڕۆژنامەگـەری جێگـەی بایـەخی ئـەو بوون، هـەر بۆیـەش لـەدوای دامەزرانـدنی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان لەگەڵ مام جەلالو ئەندامانی تری دەستەی دامەزرێنـەر بڕیاری دەرکردنی ڕۆژنامـەکانی (ئەلشـەرارەو ڕێبـازی نـوێ) لەشـامەوە ئـەدەن. نەوشـیروان مستەفا دیدو بۆچوونەکانی لەو دوو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردۆتەوە.

لەسەرەتای ئایاری ١٩٧٨ لەچیای قەندیل هەواڵنامەی کوردستانی عێراقی دەرکـردو ڕۆڵـی سەرنووسـەری ئـەو بڵاوکراوەیـەی بـینیو ئـەو بڵاوکراوەیـە توانی مێـژووی کـارو چالاکییەکانی شۆڕشو هێـزی پێشـمەرگە دۆکۆمێنـت بکـات. لەتشرینی دووەمـی هـەمان ساڵدا یەکـەم ژمـارەی گۆڤـاری کۆمەڵـەی دەرکـرد کـە گۆڤـارێکی فیکـریو سیاسـی گـرنگ بـوو، بۆ چـەندین سـاڵ ئـەم گۆڤـارە بـەردەوام بـوو لەدەرچـوون. سەرپەرشـتی ڕۆژنامـەی ڕێبـازی نـوێی کردو وتارەکانی تێدا بڵاوکردۆتـەوە. ئیزگـەی دەنگی گـەلی کوردسـتان وەك کەناڵێکی میـدیایی شۆڕشـی نوێ، جێـی بایـەخی ئـەو بوونو سەرپەرشـتی ئـەکردو وتـاری بـۆ ئەنووسـی. نەوشـیروان مسـتەفا زۆربـەی نووسـینەکانی بـەناوی خۆیـەوە نووسـیوە، لەهەنـدێ وێستگەشـدا نـاوی خـوازراوی بـەکار هێنـاوە. نەوشـیروان مسـتەفا بایەخیشـی بـە بـیرەوەری و لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی داوەو خـاوەنی چـەندین کتـێبی بـەنرخو دانسقەیە لەوانـە (کـوردو عەجەم، حکومەتی کوردستان کورد لەگەمەی سۆڤێتیدا، لەکـەناری دانوبـەوە

بۆ خڕی ناوزەنگ، پەنجەكان یەكتر دەشكێنن، خولانەوە لەناو بازنەدا، بەدەم ڕێگاوە گوڵ چنین) و چەندانی تر.. دوای كاروانێكی دوورو درێژی خەباتی سیاسیو پێشمەرگانەو كاری نووسینو ڕۆژنامەگەری ئەم سەركردە مەزنو بیرمەندو ڕووناكبیرەی كوردستان، لە ڕۆژی ١٩ی مایسی ٢٠١٧ بۆ دواجار ماڵئاوایی كرد. ڕۆژی دواتر لە ڕێورەسمێكی شكۆداری میللی و ڕەسمیدا لە ناو ئاپۆرەی جەماوەردا لەگردی زەرگەتەی شاری سلێمانی بەخاكسپێردرا. بۆ هەتا هەتایە ناوو ناوبانگی وەك سەركردەیەكی پاكو ناودارو ڕووناكبیرێكی گەورە ئەمێنێتەوە.

# شێخ نوری شێخساڵح



شێخ نوری شێخ ساڵح کەسایەتییەکی گەورەی فرە بەهرە بوو، لەنیوەی یەکەمی سەدەی رابردوودا، رۆڵێکی دیارو درەوشاوەی لەبوارەکانی سیاسی و کارگێڕی و ئەدەبی و رۆژنامەگەری و هونەریدا بینی. ساڵی ١٨٩٦ لەشاری سلێمانی لەدایک بووە.

شێخ نوری کەسێکی زاناو منەوەرو نوێخواز بوو، پشتیوانێکی بەهێزی شێخ مەحمودی نەمرو حکومەتەکەی بوو. لە بواری ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، رۆڵی دیارو پێشەنگی هەبووە، لەو بوارەدا مەشخەڵی شۆڕشێکی نوێی کولتووری داگیرساندو شیعری کوردی نوێکردەوەو بەسەرمەشق و رچەشکێنی ئەو بوارە دادەنرێت. گۆرانی شاعیر بەسەرۆک و سەرقافڵەی کاروانی شیعری نوێی کوردی وەسفی دەکات.

شیعرەکانی شێخ نوری، خزمەتی زۆریان بەبژارکردن و پاراوکردن و گەشەپێدانی زمانی شیرینی کوردی کردووە. لەکایەکانی دیکەشدا خزمەتی کردووە، وتاری سیاسی و سروودی نیشتمانی و چیرۆکە شیعرو ئۆپەرێت و شانۆگەری نووسیوە. لەبواری وەرگێڕاندا دەست رەنگین بووە، لەزمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکییەوە چەندین بەرهەمی ناوازەی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

شێخ نوری لەبواری رۆژنامەگەریدا خزمەتی كردووەو بەیەكێك لەشاسوارو پێشەنگەكانی ئەو بوارە دادەنرێت. موحەڕڕی بەشی كوردیی رۆژنامەی (بانگی كوردستان) بووە، كە مستەفا پاشا یامولكی سەرنووسەری بووە. هەروەها خاوەن ئیمیتیازو سەرنووسەری رۆژنامەی (رۆژی كوردستان)ی زمانحالی حكومەتی كوردستانی خواروو بە ڕابەرایەتی شێخ مەحمودی حەفید بووە.

شێخ نوری، بەرهەمەكانی لەو دوو رۆژنامەیەو رۆژنامەو گۆڤارەكانی دیكەی وەك (ئومێدی ئیستیقلال، ژیانەوە، ژیان، ژین، پێشكەوتن، گەلاوێژ، زاری كرمانجی، زبان) بلاوكردۆتەوە. بەهرەیەكی دیكەی شێخ نوری، كەسێكی هونەرپەروەر بووە، ئۆپەریتو شانۆگەریو سروودی نیشتمانی نووسیوەو خاوەنی دەنگێكی بەسۆزو ئەفسوناوی بووەو لەمەجلیسی هاوڕێكانیدا گۆرانی چڕیوە..

شێخ نوری، لەبواری كارگێڕیشدا وەك فەرمانبەرو سەرۆكی شارەوانی سلێمانیو بەڕێوەبەری ناحیە لەناوچە جیاجیاكانی كوردستاندا خزمەتی كردووە، كەسێكی پاكو دڵسۆزو خزمەتگوزار بووە.

پاش خزمەتێكی زۆر لەكایەكانی سیاسیو ئەدەبیو هونەریو رۆژنامەگەریو كارگێڕی، لەرۆژی ٢٠ی كانونی یەكەمی ١٩٥٨ كۆچی دوایی كردو لەگردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

# نوری عەلی ئەمین



نوری عەلی ئەمین زانایەکی ناوداری بواری زمان و ڕێزمانی کوردی بوو، لەو بوارانە خزمەتی زۆری کردووەو شوێن پەنجەی ڕەنگینی دیارە. یەکەم کەس بووە بەشێوەی زانستی لەسەر ڕێزمانی کوردی بنووسێت، ساڵی ١٩٥٦ بەرگی یەکەمی کتێبی (قەواعیدی زمانی کوردی لەسەرف و نحودا) لەبەغدا چاپکرد. ساڵی ١٩٥٨ بەرگی دووەمی ئەو کتێبەی چاپکرد، ئیدی ئەوە بووە بناغەیەك بۆ ڕێزمانی کوردی و بووە پرۆگرامی خوێندنی خوێندکارانی بەشی زمانی کوردی.

مامۆستا نوری چەندین کتێبی دیکەشی لەسەر زمان و ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی نووسیوەو کتێبخانەی کوردی بە بەرهەمە زانستییەکانی دەوڵەمەند کردووەو خزمەتی زۆریشی بەپرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆو قۆناغەکانی دی کردووە.

نوری عەلی ئەمین، ساڵی ١٩٢٢ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لەسلێمانی و بەغدا تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٤٢ پەیمانگای مامۆستایانی بەغدای تەواو کردووەو بەمامۆستا دامەزراوە، لەسلێمانی و دهۆك و پێنجوین و تەقتەق و گوندەکانی کوردستان

دەرسی بەخوێندكاران وتۆتەوەو خزمەتی بە رەوتی پەروەردەو خوێندن كردووە.

تەمووزی ١٩٥٨ كراوە بە بەڕێوەبەری خوێندنی كوردی لە وەزارەتی پەروەردە لەبەغداو زیاتر لە ٢٠ساڵ لەو دەزگایە خزمەتی بەزمانی شیرینی كوردی كردووە. بەحوكمی شارەزایی زۆری لەبواری زمانی كوردیدا، پتر لە ١٥ ساڵ وەك ئەندامی یاریدەدەری كۆڕی زانیاری عێراق‌و ئەندامی دەستەی كوردیی كۆڕ لە لیژنەكانی زمان‌و رێنووس‌و زاراوەسازی كاری كردووەو خزمەتی زۆری بەزمانی كوردی كردووە.

ساڵی ١٩٩٢ لەسەر پێشنیازی د. وریا عومەر ئەمین سەرۆكی بەشی كوردی كۆلیجی پەروەردەی زانكۆی بەغدا، وانەی بەخوێندكارانی ماستەرو دكتۆرای بەشی خوێندنی باڵای ئەو بەشەدا وتۆتەوەو لەو بوارەدا خزمەتی زۆری كردووە.

وەك رێزلێنان لە خزمەت‌و بەخششەكانی لە بواری رێزمانی كوردیدا، ساڵی ٢٠٠٤ خاتوو(سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی) نامەیەكی ماستەری بەناونیشانی ( رۆڵی نوری عەلی ئەمین لەبواری رێزمانی كوردیدا) لە بەشی كوردی كۆلیجی پەروەردەی زانكۆی بەغدا بەدەستهێناوە.

لەنامەكەدا تیشكی خستۆتە سەر ژیان‌و بەرهەمە زانستییەكانی مامۆستا نوری‌و رۆڵی درەوشاوەی ئەوی لەبواری رێزماندا بەیان كردووە.

مامۆستا نوری عەلی ئەمین، خەمخۆرێكی دڵسۆزی زمان‌و ئەدەب‌و رۆشنبیریی كوردی بوو، یەكێكیشە لەدامەزرێنەرانی یەكێتیی نووسەرانی كوردو لەو رێكخراوە پیشەییە پێشەنگەدا خزمەتی زۆری كردووە. وتاری

رۆشـنبيرىو زمانـەوانى بـۆ رۆژنامـەو گۆڤارەكـانى ئـەو سـەردەمەو راديـۆى كوردى بەغدا نووسيوە.

سـاڵى ١٩٨٠ خانەنشـين بـووە، بـەڵام لـەكارى نووسـينو لێكۆڵينـەوەو وانەوتنەوە بەردەوام بووە.

پـاش خزمـەتێكى زۆر بەكايـەكانى زمـانو ئـەدەبو رۆشـنبيرى، رۆژى ٢٩ى كـانونى يەكـەمى ٢٠٠٦ لەشـارى سـلێمانى كۆچـى دوايـى كـردو بـەخاكى نيشتمان سپێردرا.

مامۆسـتا نـورى عـەلى ئـەمين، هـەموو ژيـانى خـۆى بەخزمـەتكردنى وشـەى پيرۆزى كوردى بەخشى.

# نوری غەربی



نــوری كاكــه حەمــه ئــەمینی عــەتار كەســایەتییەكی نــاوداری كوردســتانەو لەرشـــــــــتەكانی ( ئەنـــــــــدازەو ئاوەدانكردنــەوەو ئــەدەبو ئارشــیفو مێــژوو)، خزمــەتێكی زۆری كــردووەو بەرهەمــەكانی وەك ســامانێكی بــەنرخی نەتەوەیی ماونەتەوە.

نوری كاكە حەمە ساڵی ١٩٢٠ لەگەڕەكی سەرشــەقامی شــاری ســلێمانی لــەدایك بووە.

سـەرەتا بـراوە بـۆ حـوجرەی شـێخ سـەعید بـۆ خوێنـدنو لەیەكـەم رۆژی خوێندنیــدا، خــاڵی بەشــێخ ســەعیدی وتــوە: (گۆشــتی نــوری بــۆ تــۆو ئێستقانەكەی بۆ ئێمە)، نوری كاكە حەمە خۆی باسی دەكات، دەڵیت: زۆر لەو قسەیەی خاڵم ترسام. حەوت مانگ لەو حوجرەیە دەخوێنێو دواتر دەچێتە قوتابخانەی حكومیو قۆناغەكانی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لەسلێمانی تەواو دەكاتو نمرەیەكی بەرز دەهێنێو ساڵی ١٩٣٩ لە كۆلێجی ئەندازیاریی زانكۆی بەغدا وەرگیراو پاش پێنج ساڵ خوێندن، ساڵی ١٩٤٤ بڕوانامــەی بەكالۆریۆســی لەئەنــدازەدا بەدەســتدەهێنا. وەك ئەنــدازیار دامەزراو لەبواری پسپۆڕی خۆی لەشارەكانی كوردستانو عێراق خزمەتی كرد. سەرپەرشتی چەند پرۆژەیەكی گرنگی كرد لەوانە ( نەخشەی نوێی بۆ

شاری سلێمانی دانا و سەرپەرشتی پرۆژەکانی بەنداوی دەربەندیخان و ڕێگای سلێمانی– عەربەت و نەخۆشخانەی قەلادزێ)ی کرد.
ساڵی ١٩٦٠ بەمەبەستی خوێندن سەردانی ئەمریکای کرد و لەزانکۆی هوستن لە ویلایەتی تەکساس وەرگیرا. بەڵام هێندە بیری لای سلێمانی و کوردستان بوو، نەیتوانی لەغەریبی و دوورە وڵاتی درێژە بەخوێندن بدات و گەڕایەوە سلێمانی.
نوری کاکە حەمە لەبەرئەوەی سەردانی خۆرئاوای کردبوو، خەڵك نازناوی (نوری غەربی) یان بەسەردا بڕی و خۆشی پێی ئاسایی بوو.
نوری غەربی هەر لەسەرەتای ژیانی لاوییەوە، خولیای ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بوو،خاوەنی چەندین شیعری جوانە، کە بەشێوازی کلاسیك دایڕشتوون، شیعرەکانی زۆربەی شیعری نیشتمانین بۆ کوردستان و سلێمانی نووسیون، بوارەکانی دیکەشی فەرامۆش نەکردووە و شیعری بۆ خۆشەویستی و زانست و سەربەستیی ژنان نووسیوە.
نازناوی شیعری (بێباك) بووە، بەڵام زیاتر بە (نوری غەربی) ناسراوە.
نوری کاکە حەمە، خولیایەکی دیکەی هەبووە، ئەویش بایەخدانی بووە بەئەرشیفکردن، چەندین بەرهەمی ناوازەی ڕۆژنامەگەری ئارشیف کردووە لەوانە ڕۆژنامەکانی (پێشکەوتن، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ژیان، ژین و زوبان). زانیاریشی لەسەر بنەماڵەکانی سلێمانی کۆکردۆتەوە و ئەرشیفێکی بەنرخی لەسەر شەجەرەی ئەو بنەماڵانە هەیە.
کتێبێکیشی بەناونیشانی (ئەندازیار نوری کاکە حەمە ئەمینی عەتار– شاعیرو مێژوو زان و ئەرشیفەوانی قایمکار) لەلایەن بەڕێوەبەراتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانییەوە چاپکراوە.
نوری کاکە حەمە، کۆمەڵێك بەرهەمی لەدوا بەجێماوە لەوانە (شیعرەکانی و یاداشتەکانی) کەلای (د. محەمەد)ی کوڕی پارێزراون، ساڵی ٢٠٠٧ لەدوو

تـوێی کتێبێکـدا لەلایـەن مامۆسـتا (ئەحمـەد حسـێن)ەوە چـاپکرا، بـەڵام مامۆستا (جەمال بابان) لەکتێبی (اعلام الکرد) نووسیویەتی ئەو کتێبە پڕە لە هەڵەی چاپ، لەبەر ئەو هۆکارەو هەندێك هۆکاری تر ئەو کتێبە لەلایەن خانەوادەکەیەوە کۆکرایەوە.

ئەرشـیفی نـوری کاکـە حەمـە، ئەرشـیفێکی دەوڵەمەنـدەو زانیـاری بـەنرخی لەسـەر قوتابخانـە سـەرەتایی و ناوەندییـە رەسمییـەکانی شـاری سـلێمانی لەسـالانی بیسـتەکان و سـییەکانی سـەدەی رابـردوودا تێدایـە. شایسـتەی ئەوەیە بایەخی پێبدرێ و چاپ بکرێ.

دوای خزمەتێکی زۆر بە بوارەکانی ئەندازیاری و ئاوەدانکردنەوەو ئەدەب و مێژوو و ئەرشیف، نوری کاکە حەمە لەساڵی ١٩٩٥ لەتەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لەگۆرستانی سەیوان بەخاك سپێردرا.

# نوری وەشتی



نـــوری وەشـــتی کەســـایەتییەکی دیـــارو نـــــاوداری کولتـــــووری کوردســـــــتانەو لەرشتەکانی ئەدەبو هونەردا خزمەتێکی زۆری بەگـــەلو نیشـــتمانەکەی کـــردووەو شـــوێن پەنجـــەی لـــەو بوارانـــەدا دیـــارو درەوەشاوەیە.

نـوری حـاجی ئـەمین کـە بـەنوری وەشـتی ناســـــراوە، ســــــاڵی ١٩٣٥ لەگــــەڕەکی کانێســـکانی شـــاری ســـلێمانی لـــەدایك بـــووەو لـــــەئامێزێکی خانەوادەیـــــەکی ناسـراوی ئـەو شـارەدا پـەروەردە بـووە. قۆناغـەکانی خوێـندنی سـەرەتایی‌و ناوەنـدی‌و ئامـادەیی بازرگـانی لەشـاری سـلێمانی تـەواو کـردووە. لەسـەرەتای قۆنـاغی گەنجییـەوە خولیـای ئـەدەب بـووەو بایـەخی بەشیعرو پەخشـانو چیرۆك و شـانۆ داوەو بەرهەمـەکانی لەرۆژنامـەو گۆڤارەکـانی ئـەو سـەردەمە ( ژیـن، هـەتاو، بڕوا) بڵاوکردۆتـەوە. وەشتی خاوەنی چەندین شیعری بەرزە کە دەربڕی ئێش و ئازاری گەلەکەی بووە، بەبۆنەی لافاوەکـەی ساڵی ١٩٥٧ی شاری سلێمانی، جـوانترین دەقی شیعری بـەناوی ( ناڵـەی لێقـەوماو) نووسیوە. هـەروەها شیعرێکی دیکـەی بۆشـەهیدانی ٩ی حـوزیرەیرانی ١٩٦٣ نووسـیوە، کـە هونەرمەنـد رەفیـق چالاك بەدەنگـە زوڵاڵەکـەی چڕی‌و لـەکاتی خۆیـدا دەنگدانەوەیـەکی زۆری هەبوو.

نوری وەشتی وەك هونەرمەندو ئەکتەری بواری شانۆش خزمەتی کردووەو ڕۆڵی دیاری لەچەندین شانۆگەریدا بینیوە، لەوانە( پیسکەی تەڕ پیر، لەڕێی نیشتماندا ، بوکێکی ناکام، هێزی خۆشەویستی، تاوانێك لەئاسمانەوە ،تێکۆشانی ڕەنجبەران، لەناخی دڵەوە، بلیتو زاوا، بەڕێوەبەری نوێ)و چەندانی تر. وەك دەرهێنەرو نووسەرو وەرگێڕی دەقی شانۆیی خزمەتی کردووەو لەو بوارانەدا شوێن پەنجەی دیارە.

نوری وەشتی کەسێکی کوردپەوەر بووەو لەسالآنی پەنجاکاندا لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکانی زیندانی کراوەو دووساڵ لەکونجی زیندانەکانی کەرکووك و بەغدا بووە.

نوری وەشتی وەك فەرمانبەریش خزمەتی کردووەو کەسێکی پاكو دڵسۆز بووەو چەند ساڵێك وەك سەرۆکی یانەی فەرمانبەران خزمەتی کردووە.

وەشتی بایەخیشی بەکۆمەڵە هونەرییەکان داوەو لەساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی هاوڕێی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردیان دامەزراندووەو چەند ساڵێك سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە بووە.

بایەخیشی بەخزمەتکردنی بواری وەرزش داوەو ماوەیەك وەك ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی وەرزشی سلێمانی خزمەتی کردووە.

پاش خزمەتێکی زۆر بەکایەکانی ئەدەبو هونەرو وەرزشو کارگێڕی، ڕۆژی ١٢ی مایسی ٢٠٠١ بەیەکجاری ماڵئاوایی کردو چووە دنیای نەمرانەوە.

# هاشم عەلی مەندی



هاشم عەلی مەندی کەسایەتییەکی ناوداری کولتووریی کوردستان و عێراق و جیهانە، لە رشتەکانی میدیا و هونەر و رۆژنامەنووسی خزمەتێکی زۆری کردووە و خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی رەنگاو رەنگە.

ساڵی ١٩٥١ لەژێر سێبەری دارگوێزەکانی گوندی نێروە، چاوی بۆ ژیان هەڵهێنا، تەنها شەش مانگی سەرەتای تەمەنی منداڵی لەو گوندە بردە سەر، بەمەلۆتکەیی لەباوەشی دایکیدا خاکی شیرین و دڵگیری نیشتمانی جێهێشت و لەحەدیسەی شاری رومادی گیرسایەوە، بەهۆی ئەوەی باوکە وەتەنپەروەرەکەی بۆ ئەو شوێنە نەفیکرا بوو،حەوت ساڵی تەمەنی لەو شوێنە بردە سەر. دواتر باوکی بۆ شاری کەرکوك و پاشتر بۆ بەغدا نەفیکرا. هاشم، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەشاری کەرکوك تەواو کرد.

لە قۆناغی سەرەتاییەوە خولیای هونەر بوو، هێشتا خوێندکاری چواری سەرەتایی بوو، ئەو خولیایە لەدەروونیدا چەکەرەی کرد، (قادر مەردان)ی مامۆستای وانەی هونەر، هەر زوو هەستی بەتوانا و بەهرەی ئەو منداڵە کرد و بایەخی پێدا و بۆ ناو جیهانی هونەر کێشی کرد، لەچالاکییە هونەرییەکانی قوتابخانە، وەك وتنی سروود و کاری شانۆیی بەشداری

پێکرد. ئیدی هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ كاروانی هونەر رێی كردو بەردەوام بوو، كۆتایی ساڵانی شەستەكانی سەدەی رابردوو، یەكەم تیپی هونەری میللی لە شاری كەركوك دامەزراند، كە تیپێكی رەنگاو رەنگی پێكهاتەكانی كوردو عەرەبو توركمانی شارەكە بوو، ئیدی تیپ كەوتە چالاكیو بەرهەمەكانی لە سینەما سەلاحەدینو تەلەفزیۆنی كەركووك پێشكەش كرد. هەر لەو شارە بەشداری دامەزراندنی تیپی نواندنی كردو وەك ئەكتەر بەشداری چەند تەمسیلییەكی كرد.

ساڵی ١٩٧٠ شاری كەركووكی بەجێهێشت، بەهۆی ئەوەی لەبەشی هونەری شانۆی ئەكادیمیای هونەرە جوانەكانی بەغدا وەرگیراو ساڵی ١٩٧٤ بەسەركەوتوویی تەواوی كرد.

وەك خۆی باسی دەكات لەمنداڵییەوە حەزی لەرادیۆ بوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی باوكی عاشقی رادیۆ بوو، بەهەمیشەیی گوێی لەهەواڵو بەرنامەكانی بی بی سیو دەنگی ئەمریكا دەگرت. هەر بۆیەش لەیەكەم ساڵی خوێندنیدا هاشم عەلی مەندی، بۆ كاركردن داخوازیی پێشكەش بەرادیۆی كوردی بەغدا كردو وەرگیرا. ئیدی لەو رادیۆیە وەك بێژەرو دەرهێنەرو ئامادەكارو پێشكەشكاری بەرنامە ئیشی كرد.

ئەو یەكەمو دوا كەس بوو، كە بە هەردوو شێوەزاری كرمانجی خواروو و سەروو لەئیزگە هەواڵو بەرنامەی پێشكەش دەكرد. هەر لەو رادیۆیە، بایەخی بە هونەری درامای كوردی داو بووە سەرۆكی بەشی دراما، تیپی هونەری هەمیشەیی لە خوێندكارانی پەیمانگاو ئەكادیمیای هونەرە جوانەكانو بەشی كوردی كۆلیجی ئاداب دروستكرد. چەندین چیرۆكو داستانی كوردی كردە دراما، گەشەی زۆری بەو بەشەداو توانی درامای ٣٠ هەڵقەیی بەرهەم بهێنێ، كە پێشتر تەنها تا سێ هەڵقەیی بەرهەم هاتبوو.

هاشم عەلی مەندی، بایەخیشی بە بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەداو لەبەغداوە بەرنامەی تۆمار دەکردو لەتەلەفزیۆنی کەرکووك پەخش دەکرا، لەو بەرنامانە: (جیهانی هونەر، شانۆو شانۆگەری) کە بینەرێکی زۆریان هەبوو. ئەو خەونی ئەوەی هەبوو، کە لەبواری هونەردا بڕوانامەی بڵندتر بەدەست بهێنی، زانکۆکانی عێراق بەرووی خوێندکارانی کوردی سەربەخۆدا داخرابوو، تەنها بەعسییەکان بۆیان هەبوو لەو بوارانددا بچنە خوێندنی بالآ. ئیدی ئەو چاوی هیوای بڕییە ئەوروپا، ساڵی ١٩٨٠ عێراقی بەجێهێشت و لەوڵاتی نەمسا گیرسایەوە. لەوێ دەرگای رەحمەتی خوێندنی لێکرایەوە، لەزانکۆی ڤیەننا بڕوانامەی دبلۆمی بالآی لەهونەری شانۆ بەدەستهێنا، هەر لە هەمان زانکۆ دووساڵیش لەبواری رۆژنامەگەری خوێندیو بڕوانامەی وەرگرت.

لەوێ دەستی بەکارو چالاکی میدیایی کردو وەك هەنگ ئیشی کرد. کاری پەیامنێری بۆ چەند دەزگایەکی میدیایی کرد، لەوانە: (بی بی سی، ئیزگەی نەمسای نێودەوڵەتی، ئاژانسی ئەسیوشتدپرێس، ئیزگەو تەلەفزیۆنی کوێت، رۆژنامەکانی جەزیرەو ریازی سعودی، رۆژنامەی حەیاتی لەندەنی، گۆڤاری مەجەلە). کاری پەیامنێری بۆ ئاژانسەکانی دەنگوباسی وڵاتانی (سعودیە، عێراق، قەتەرو عەمان) کرد.

لەسەرەتای دامەزراندنی رادیۆی عێراقی ئازاد، لەو رادیۆیە کاری کردو تا دواجار بووە موحەڕڕی بەرپرس لەو رادیۆیە.

ساڵی ٢٠٠٤ چووە واشنتۆن، لەوێ لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی حورە و رادیۆی سەوا، وەك بێژەر و پێشکەشکاری بەرنامەی دیالۆگی تا ساڵی ٢٠١٠ کاری کرد. دواتر گەڕایەوە رادیۆی عێراقی ئازادو بووە موحەڕڕی بەرپرس.

بەحوكمی توانا و ئەزموون و زیرەكی ئەندامی چەند رێكخراوێكی پیشەیی جیهانییە، لەوانە: (ئەندامی دامەزرێنەری كۆمەڵەی رۆژنامەنووسان لە نەتەوەیەگرتووەكان لەبارەگای دووەم لەنەمسا، ئەندامی كۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی بیانی لە نەمسا، ئەندامی كۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی جیهان لە برۆكسل).

ساڵی ٢٠١٩ وەك یەكەم كورد و یەكەم عێراقی، بەباڵوێزی ئاشتی لەنەتەوەیەكگرتووەكان دیاریكرا. ئەندامی دەزگای ئاشتیخوازی عەرەبیشە.

پاش ماندوو بوونێكی زۆر دەیەوێ پشوو بدات و كاتەكانی لەگەڵ خانەوادەكەی بەسەر ببات.

هیوای تەمەندرێژی بۆ ئەو پیاوە گەورەیە دەخوازم، كە بەساوایی و مەلۆتكەیی لەكوێستانی نێروەی شۆخ و شەنگەوە، برایە بیابانە گەرمەكەی رومادی، ئیدی چەندین شارو ناوچەی تەیكرد، چوار كیشوەرو چەند ئۆقیانووس و وڵات و شاری جوانی بڕی و بینی. كەچی ئەو هەر خەیاڵی لای گوندی نێروەیە و كەمترین یادگاریشی لەوێ هەیە، بەڵام دایكی و باوكی هێندەیان بۆ باسكردووە لای شیرین بووە، شانازی بەدار گوێزەكانی و قەڵا سەركەشەكەی و چیاكانی دەوری دەكات.

سەرباری نێروە، خۆشەویستییەكی سەیری بۆ كەركووك هەیە، دەڵێ: (لەساڵی حەفتای سەدەی رابردووەوە ئەو شارەم بەجێهێشتووە، بەڵام تەنها بەجەستە لێم دوور بووە و هەردەم لەرۆحمدا بووە).

یادگارییە شیرینەكانی منداڵی و گەنجی لە كەركووكە، زوو زوو شاترلۆو بەگلەرو ئیمام عەباس و عەرەفە و مەكتەبە و شوێنەكانی دی شار وەك فلمێكی سینەمایی بە بەرچاویدا گوزەر دەكەن.

# هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد



هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کەسایەتییەکی گەورەو ناوداری کوردستانو سیمبوڵی بەرخودانە، ئەو وەك پێشمەرگەیەکی ئازاو جەسوور بەشداری شۆڕشی نوێی کوردستانی کردووە، لەچاوی کامێرەکەیەوە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەو بۆردۆمانی فڕۆکەو تۆپخانەکانی رژێمی بەعسی بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان تۆمار کردووە، خاوەنی گەورەترین ئەرشیفی شۆڕشی نوێیە.

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کە بە( هێرۆ خان) ناسراوە، رۆژی ١٢ی حوزەیرانی ١٩٤٨ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. لەئامێزی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سیاسەتمەدارو رووناکبیرو خاتوو گەلاوێژ سالّحی نووسەرو رۆماننووسدا پەروەردە بووە، ئیدی هەر لەمنداڵییەوە ئاشنای کتێبو خولیای خوێندنەوە بووە. بەهۆی کاری سیاسیی باوکییەوە، وەك خۆی ئەڵێ ماڵەکەیان وەك جانتایەکی سەفەری گەڕۆك بووە، هەر بۆیەش قۆناغەکانی خوێندنی لەچەند شارێك تەواو کردووە.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو ئامادەیی لەنێوان شارەکانی کەرکوكو بەغداو سلێمانیو تاران تەواو کردووە. دواتر بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی دەروونناسیی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.

سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٠ لەگـەڵ سـەرۆك مـام جـەلال ژیـانی هاوسـەرگیری پێكهێناوەو بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییە، دوو كوڕە ( بافڵ، قوباد).

ئیـدی هێرۆخـان وەك هـاوژینو هاوخـەباتیی سـەرۆك مـام جـەلال ڕێگـەی سـەختی تێكۆشـانی هەڵبـژاردووە. لەگەرمـەی شۆڕشـی نوێـدا، جگـەر گۆشـەكانی لای باوكو دایكـی لـە لەنـدەن بەجێدەهێڵێ، لەگـەڵ سـەرۆك مـام جەلال ئەچێتە كۆڕی تێكۆشانەوە.

لەشاخ خولیای كاری میدیایی بووە، هەربۆیـەش لـەرێی چاوە بچووكەكانی كامێراكانی ڤیدیۆو فۆتۆوە، چالاكییەكانی هێـزی پێشمەرگەی كوردستانو بۆردومـانی فرۆكـەو تۆپخانـەكانی رژێمـی بـەعس تۆمـار ئـەكاتو وەك رۆژنامەنووسـێكی پێشـمەرگەی ئـازاو بوێر، لەمەیـدانی جەنگـدا موجازەفـە بەژیانی خۆی ئەكات. خاوەنی گەورەترین تۆمارو ئەرشیفی شۆڕشـی نـوێی كوردستانە.

ئـەوەش خزمـەتێكی گەورەیـە بەمێـژووی شـۆڕشو ئەڕژێتـە نـاو مێـژووی گەورەی كوردستانەوە.

نـاوی ( هێرۆخـان)یش وەك یەكـەم ژنـە وێنـەگری پێشـمەرگە بەشـانازییەوە ئەچێتە دیرۆكی زێڕینی كوردستانەوە.

دوای راپـەڕینی ئـازادیی كوردسـتان، هێـرۆ خـان لەچـەند بـوارێكی دیكـە خزمەتی كرد. سەرەتا رێكخراوی مندالٌپارێزی كوردستانی دروستكرد، ئەو رێكخراوە خزمەتی زۆری بەمندالان كردو بەردەوامە لەكارو خزمەت.

ئەو چۆن لەشـاخ خولیـای كـاری میـدیایی بـوو، لەشاریش بەدیـدێكی نوێـوە درێـژەی بـەو خولیایـەدا، تەلـەفزیۆنی خـاكو كـەناڵی ئاسمـانی كوردسـاتی كردەوە، ئـەو دوو كەناڵە میدیاییـە، كـە بـەردەوامن لـە كـار، خزمـەتی زۆریـان بەبوارەكانی سیاسیو كۆمەلایەتیو فەرهەنگی كوردستان كردووە.

هــەروەها بڕیــاری دەرکردنــی گۆڤــاری خــاكو پەپوولــەو ســیخورمەی دا. ئەوانەش هەریەکەیان لەبواری خۆیدا خزمەتی زۆریان کرد.

هێرۆ خـان بـەحوکمی پێگـەی سیاسـی، ڕۆڵـی دیـاری هـەبوو لـە پاراسـتنی شــوێنەوارەکانو خــانووە کولتوریــەکانو مــوڵکی گشــتی. وەك کەســێکی قاڵبووی ناو کاری سیاسی، ڕۆڵی دیاری سیاسیی لـەترۆپکی ڕێکخراوەیـی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بینی.

بـەهۆی ئـەو خزمەتـە زۆرانـەی هێـرۆ خـان لـەبوارەکانی کـاری خێرخـوازیو میدیاییو پاراستنی شوێنە کولتوریەکان پێشکەشی کردووە، چەند جارێك لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.

لەکۆتاییـدا هیـوای لەشسـاغیو تەمـەن درێـژی بـۆ هێرۆخـان ئـەخوازم، ئـەو ژنـەی لـەکۆڕی تێکۆشـانی شـاخو خـەباتی مـەدەنی شـاردا، زۆربـەی ژیـانی خـۆی بەخزمـەتکردنی گەلەکـەی بەخشـیو مێژوویـەکی جـوانی تۆمـار کـردو وەك هێمای تێکۆشانو بەرخودانو بەخشندەیی ئەچێتە دیرۆکەوە.

# هێمن



هێمن، شاعیرێكی دیار و ناسراوی كوردستانە و خزمەتێكی زۆری بەبوارەكانی ئەدەب و فەرهەنگ و زمانی كوردی كردووە.
سەید محەمەد ئەمین سەید حەسەنی شێخوئیسلامی موكری، ناوی تەواوی ئەو شاعیرەیە. ئەگەر نازناوەكەی نەخرێتە ڕوو زۆر كەس ئەو شاعیرە بەو ناوە دوور و درێژەوە ناناسێتەوە. هەرچەند هێمن ناوی نهێنی ئەو بوو لە ڕیزەكانی كۆمەڵەی ژێكافدا، بەڵام ئەو ناوە بوو بە نازناوی شاعیریو پێی ناسرا.
هێمن خۆی لەپێشەكی دیوانی تاریك و ڕووندا ئاماژە بەوە ئەكات كە شاعیرێتی دەردەسەری و مەینەتی زۆری بۆ دروستكردووە، بەڵام ئەو باشییەشی هەبووە ئەو ناوە دوورو درێژە حەوت وشەییەی لە كۆڵ كردۆتەوە!
هێمن لە ساڵی ١٩٢١ لە گوندی لاچینی نزیك شاری مەهاباد لەدایك بووە. سەرەتا خراوەتە بەر خوێندنی ئاسایی و تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندووە. دواتر باوكی لە خوێندن دەریهێناوە و بردوویەتییە خانەقای شێخ بورهان بۆ ئەوەی دەرسە ئاینییەكان بخوێنێ، بە ئومێدی ئەوەی ئیجازەی مەلایەتی وەربگرێ و ببێتە مەلا و شوێنی مەلا جامیی باپیرە گەورەی بگرێتەوە. بەڵام بەپێچەوانەی خواستی باوكی، هێمن هەر لە

سەرەتای لاوێتییەوە، خولیای شیعر و ئەدەب بوو، لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە دەستی بە هۆنینەوەی شیعر کرد و بەوەش بوو بە شاعیر نەك مەلا. هێمن، هەستێکی بەرزی نیشتمانیی هەبووە و ئەو هەستە لە شیعر و بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵەی ژێکافەوە پەیوەندی بەو کۆمەڵەیەوە کردووەو یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی بووە. دوای ئەوەشی کە ژێکاف کرا بە حزبی دیموکراتی کوردستان لەو حزبەدا درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داوە. هێمن بایەخێکی زۆری بە شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی داوە، چەندین شیعری بەرزی لەو بارەیەوە هەیە و یەکێك لەو شاعیرانەش بووە کە لە ڕێوڕەسمی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد شیعری خوێندۆتەوە. بەهۆی هەڵوێستە سیاسی و نیشتمانییەکانییەوە، هێمنی شاعیر تووشی کێشە و گرفت و ڕاونان و ئاوارەیی بۆتەوە و لەدوای ڕوخانی کۆماری کوردستان ئاوارەی باشوری کوردستان بووە و لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگییەوە خزمەتی زۆری لە باشور پێشکەش کردووە.

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران گەڕاوەتەوە خۆرهەڵاتی کوردستان و لەوێ گۆڤاری سروەی دەرکردووە.

مامۆستا هێمن خاوەنی چەند بەرهەمێکی ئەدەبییە لە دیاترینیان ئەمانەن: (تاریك و ڕوون، ناڵەی جودایی، هەواری خاڵی و شازادە و گەدا).

ئەم شاعیرە گەورەیەی کوردستان، لە ڕۆژی ١٧ی نیسانی ١٩٨٦ لە شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی (بوداق سوڵتان)ی شاری مەهاباد بە خاك سپێردرا.

# هۆشیار قەفتان



بنەماڵەی قەفتان یەکێك لەبنەماڵە دیارو ناسراوەکانی شاری سلێمانین، لەم بنەماڵەیەدا چەندین کەسایەتیی سیاسیو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو زانستی هەڵکەوتوون، کە هەریەکەیان لەبواری خۆیدا خزمەتی بەگەلو نیشتمان کردووە.

محەمەد عەزیز قەفتان بەسەرقافڵەو پێشەنگی ئەو بنەماڵە هێژایە دادەنرێ، ئەو لەبواری چاپو چاپەمەنی خزمەتێکی زۆری کردووە، ساڵی ١٩٥٧ چاپخانەی (کامەران)ی لەشاری سلێمانی دامەزراند. لەرێی ئەو چاپخانەیەوە زیاتر لەنیو سەدە خزمەت بەپیتو وشەی پیرۆزی کوردی کرا، لەدڵی ئەو چاپخانەیەوە چەندین کتێبو نامیلکەو گۆڤارو رۆژنامە چاویان هەڵهێناو خەرمانی ئەدەبیو رووناکبیری کوردییان دەوڵەمەند کرد.

محەمەد عەزیز قەفتان خۆشەویستی پیتو وشەو چاپخانەو چاپەمەنی لەدڵو دەروونی جگەرگۆشەکانیدا رواند، هەر بۆیەش کوڕەکانی ئەو مەشخەڵە پیرۆزەیان بەبەرزی راگرتو درێژەیان بەکاری چاپو چاپەمەنیداو خەرمانەکەیان پڕ پیتو بەرەکەت کرد.

هۆشیار قەفتان کوڕی محەمەد عەزیز قەفتانەو هەمان ڕێچکەی باوکی گرتووەو خولیای پیتو وشەو چاپو چاپەمەنی بووەو لەو بوارانەدا خزمەتی زۆری گەلو نیشتمانەکەی کردووەو شوێن پەنجەی دیارە.
هۆشیار قەفتان ساڵی ١٩٤١ لەگەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لەدایك بووە. هەر لەو شارەدا خراوەتە بەرخوێندنو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو ئامادەیی پیشەسازی تەواو کردووە. دوای تەواوکردنی خوێندن، بەمامۆستای ئامادەیی پیشەسازی دامەزراوەو لەو بوارەدا خزمەتی کردووە.
بەڵام ئەو خولیاو ئەشقی پیشە دێرینەکەی خانەوادەکەی بوو، بۆیە هەر لەتاقی لاوییەوە چاپخانە بووەماڵی دووەمیو زۆربەی تەمەنی بەدیار پیتو وشەو کاغەزو مەرەکەبو ئامێرەکانی چاپخانەوە بەسەر برد.
هۆشیار قەفتان خولیایەکی دیکەی هەبوو، ئەویش دانانی ڕۆژژمێر بوو، وەك پرۆژەیەکی نیشتمانیو پرۆژەی تەمەن کاری لەسەر کردووەو لەدوای مردنیشی هاوژینی جگەرگۆشەی بەردەوامی پێداوە.
هۆشیار قەفتان بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٦٠دا ڕۆژژمێرێکی بەرباخەڵی بەناوی (کاوە)و ڕۆژژمێرێکی دیواری چاپو بڵاوکردەوە. ئەوەش بووە هۆی ناڕەزایی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەو دەستگیرییان کردو ئەشکەنجەیان داو لە وەزیفەش دەریانکرد.
بەڵام ئەو هەڵسوکەوتە نالەبارو دزێوەی دەسەڵاتداران کۆڵی پێنەداو هەوڵی زۆری بۆ بەدیهێنانی خەونەکەی دا، ئەوەبوو ساڵی ١٩٦٨ ڕۆژژمێرێکی دیکەی بەناوی ڕۆژژمێری هاوسەر دەرکرد. ڕۆژژمێرەکە گەنجینەیەکی بەنرخەو زانیاریی فەرهەنگیو ناودارانی کوردو ساڵەکانی کوردیو زایینیو کۆچیو زانیاری گشتیو کورتە هۆنراوەو پەندی پێشینانو قسەی نەستەقی لەخۆگرتووە.

هۆشیار قەفتان بەدرێژایی تەمەنی ئەم ڕۆژژمێرە نازدارەو ڕۆژژمێری دیوارو ڕۆژژمێری سەرمێزی دەرکردووەو لەدوای کۆچی دواییشی لەسەر ڕاسپاردەی خۆیو وەك یادگارییەکی شیرینی ئەو، هاوژینی کوڕی درێژەی بەدەرکردنی ئەو ڕۆژژمێرانە داوە. زیاتر لەنیو سەدەیە ڕۆژژمێرەکانی هاوسەر دەرئەچنو بەدیدەی خوێنەران شاد ئەبن.

هۆشیار قەفتان پرۆژەیەکی دیکەی ڕۆشنبیری هەبوو، ئەویش بەناوی پڕۆژەی هاوسەر، لەچوارچێوەی ئەوپرۆژە بەنرخەدا، چەندین کتێبو نامیلکەو دیوانی شاعیران چاپکران، لەوانە (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دیوانی عارف عورفی، دیوانی سەلام)، هەروەها چەند کتێبو نامیلکەیەکی تر چاپکرا.

هۆشیار قەفتان بایەخیشی بەمنداڵان داوەو حەزی بەوە کردووە، کە دایکانو باوکان ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن، بۆ ئەو مەبەستە نامیلکەی (ناوی کوردیی نوێ) ی چاپکرد، کە چەندین ناوی کوردی تازەی کوڕانو کچانی لەخۆگرتبوو، نامیلکەکە لەکتێبخانەکاندا خواستی زۆری لەسەر بوو، هەر بۆیەش چەند جارێك چاپی کردەوە.

ئەم کەسایەتییە ناودارو کەلتوورپەروەرەی کوردستان، ڕۆژی ١ی شوباتی ٢٠٠٧ کۆچی دوایی کردو لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

# وەفایی



وەفـایی شـاعیرێکی گـەورە و نـاوداری کوردسـتان، لـەڕێی شـیعرەکانییەوە خزمـەتێکی زۆری بە بوارەکـانی ئـەدەب و ڕۆشنبیری و هونـەری کوردی کـردووە، لەبـەر ناسـکی و بەرزی شیعرەکانی بەشێکیان لەلایـەن گۆرانیبێـژە گەورەکانـەوە کـراون بـە گۆرانی.

حـاجی میرزا عەبـدولڕەحیمی مـەلا غـەفور، کـە لـە دنیـای ئەدەبدا بە (وەفایی) ناسراوە. ڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٨٤٤ لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لـەدایك بووە. لە شارەکەی خۆی خراوەتـە بەر خوێنـدنی ئاینی و قۆناغـەکانی ئـەو جۆرە خوێندنـەی تـەواو کـردووە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتـووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەك لە بەردەستدا نییە کە مەلایـەتی کردبێـت. وەفـایی قوتابخانەیـەکی تایبـەتی خـۆی هـەبووەو لـەو قوتابخانەیەدا منـاڵانی مـەهابادی فێری خوێندنـەوەو نووسین کـردووە، لـەو ڕێیەوە خزمەتێکی زۆری بەپەروەردە و خوێندن کردووە.

وەفایی هەر لە سەردەمی ژیانی گەنجییـەوە خولیای شیعر و ئـەدەب بووەو لـەژێر کاریگـەری شـاعیری گـەورە حـەزرەتی نـالی دا بـووە. وەفـایی خـاوەنی

چەندین شیعری بەرزی نیشتمانی و خۆشەویستییە. هەموو شیعرەکانی لە دووتوێی دیوانێکدا بە ناوی دیوانی وەفایی کۆکراونەتەوە و ساڵی ١٩٥١ بۆ یەکەمجار گیوی موکریانی دیوانەکەی چاپ کردو بڵاوی کردەوە و دواتر مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداخی چاپی کرد و چەند جارێکی دیکە ئەو دیوانە لە باشور و خۆرهەڵاتی کوردستان چاپو بڵاو کرایەوە.

وەفایی لە زێدی خۆی ئۆقرەی نەگرتووە و سەردانی باشور و باکوور و ئەستەنبوڵی کردووە و لەگەڵ پیرەمێردی شاعیر سەفەری حەجی کردووە و لەڕێی گەڕانەوەدا لە بیابانی شام بەهۆی نەخۆشییەوە لەرۆژی ١٠ی نیسانی ١٩٠٢ کۆچی دوایی کردووە و پیرەمێرد لە یاداشتەکانیدا ئەڵێ بەدەستەکانی خۆم ناشتوومە.

# د. وریا عومەر ئەمین



کەسایەتییەکی گەورەی ئەکادیمی و ئەدەبی و ڕووناکبیری کوردستانە و زیاتر لە نیو سەدەیە لە ڕشتە جیاجیاکانی زمان و ئەدەب و فەلسەفە و مێژوودا خزمەت ئەکات و خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی جۆراوجۆرە.

د. وریا لە ڕۆژی ١٥ی ئاداری ١٩٤٧ لە شاری کۆیەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و هونەر و زانست لە خانەوادەیەکی ڕووناکبیر و زانستپەروەردا لەدایك بووە. لە عەینکاوەو هەولێر و بەغدا و مۆسکۆ و لەندەن خوێندوویەتی و ئاستی زانستی گەیشتۆتە پلەی پڕۆفیسۆر.

لە ساڵی ١٩٨٠ بە مامۆستای زمانەوانی بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا دامەزراوە و بوو بە سەرۆکی ئەو بەشە و تا ساڵی ١٩٩٩ بەردەوام بووە. جگەلە بواری زمان، د. وریا بایەخیشی بە مێژوو داوە و ساڵی ٢٠٠٤ بڕوانامەی دکتۆرای لەو بوارەدا بەدەستهێناوە. لەبەر توانای زانستی وەك زانا و شارەزا لە کۆڕی زانیاری عێراق و کۆڕی زانیاری کوردستان خزمەتی کردووە و ئێستاش لە ئەکادیمیای کوردی بەردەوامە لە خزمەت.

د. وریا وەك ئەکادیمیستێك خزمەتێکی زۆری بە کایەی پەروەردەو خوێندن کردووە، ڕۆڵی دیاری هەبووە لە کردنەوەی بەشی خوێندنی باڵا لە بەشی کوردی زانکۆی بەغداو زانکۆکانی کوردستان و سەرپەرشتیارو و سەرۆك و

ئەندامی لێژنەی گفتوگۆی زیاتر لە ٣٥٠ نامەی ماستەر و دكتۆرا بووە. ئەم پیاوە هەڵكەتووە كەسێكی زیرەك و بەتوانایە و زمانەكانی عەرەبی و ئینگلیزی و توركمانی و كلدانی و ڕوسی و فارسی بە باشی ئەزانێ و خاوەنی ٢٧ كتێبی چاپكراوو سەدان وتار و لێكۆڵینەوەی زانستییە لە بارەی زمان و ئەدەب و فەلسەفە و مێژوو و زانست. لە زۆربەی زانكۆكانی عێراق و كوردستان لە خزمەتی زانستی بەردەوامە. لەبەر هەموو ئەو توانا و بەهرە و خزمەت و بەخششانەی پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە شایستەی ئەوەی زانی كە ڕۆژی ٣٠ی ئاداری ٢٠١٦ لە دیوانی وەزارەت ڕێورەسمێكی شكۆداری ڕێزلێنانی بۆ ساز بكات و ئەو بۆنەیە بووە هۆی ئەوەی كە زیاتر تیشك بخرێتە سەر ژیان و بەرهەم و هەڵوێستەكانی و لەلایەن ناوەندە ئەكادیمی و ڕۆشنبیرییەكانیەوە چەپكە گوڵ و دیاری پێشكەش كرا.

# ولیەم یوحەننا



ولیــەم یوحــەننا هونەرمەنــدێکی گــەورەو نــاوداری کوردســتانەو خزمــەتێکی گــەورەی بەهونــەری مۆسیقای کوردی کردووەو شوێن پەنجــەی بەپێشخســتنی ئــەو هونەرەوە دیارە.

ئەم هونەرمەندە گەورەیە بەیەکێك لەبناغەدانەرانی تەلاری مۆسیقای کــوردی دادەنــرێو زیــاتر لــەنیو سەدە تەمەنی خۆی بەو هونەرە بەخشی.

ساڵی ١٩٣٤ لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایك بووە، لەئامێزی خانەوادەیەکی مەسیحی هونەرپەروەردا گەورە بووە.

ئەو خێزانە هونەرپەروەرە کاریگەری زۆریان لەسەر ولیەم یۆحەننا هەبوو، هەر لەمنداڵیو لەباخچەی ساوایانەوە هۆگری هونەری مۆسیقا بوو، ئیدی لەوێوە کاروانی هونەری کەوتەرێو لە ماوەی زیاتر لەنیو سەدەدا بەخششێکی زۆری پێشکەش کردو وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوەی هونەری مۆسیقای کوردی لەلاپەرە زێرینەکانی مێژوودا بەنەمری ئەمێنێتەوە.

ساڵی ١٩٤٠ خرایە بەرخوێندنو لە قوتابخانەی فەیسەڵییەو ناوەندی سلێمانی ئەو دوو قۆناغەی خوێندنی بەسەرکەوتوویی بڕی.

ساڵی ١٩٥٤ لە بەشی موزیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراو وەك یەکەم خولی ئەو پەیمانگایە، بڕوانامەی دبلۆمی بەدەستهێناو بەمامۆستای هونەر لەسلێمانی دامەزرا.

زیاتر لەنیوسەدە لەکەرتی پەروەردە وەك مامۆستای هونەر خزمەتی بەهونەر بەگشتیو هونەری موزیك بەتایبەتی کردو چەندین خوێندکاری بەو هونەرە گۆشو پەروەردە کرد.

مامۆستا ولیەم یوحەننا رۆڵی دیاری هەبوو لەدامەزراندنی چەند تیپێکی هونەری مۆسیقا لەشاری سلێمانیو ئەو تیپانە خزمەتێکی زۆریان بەهونەری موزیكو گۆرانی کردو پایەکانی ئەو هونەریان لەکوردستان بەهێز کرد.

ساڵی ١٩٥٥ وەك ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر، بەشداری لەدامەزراندنی تیپی مۆسیقای مەولەوی کردو لەرێی ئەو تیپەوە خزمەتی دیارو بەرچاوی هونەری پێشکەش کرد.

ساڵی ١٩٦٢ بووە بەرپرسی بەشی موزیکی فەرمانگەی تێبینیاری چالاکی هونەری سلێمانی.

ساڵی ١٩٦٧ بەشداری لەدامەزراندنی تیپی مۆسیقای سلێمانی کرد. ساڵی ١٩٧٥ کە مامۆستای وانەبێژ بوو لە زانکۆی سلێمانی، تیپی مۆسیقای(زێرینو زوین)ی دامەزراند. ساڵی ١٩٧٧ (تیپی مۆسیقای مەولەوی نوێ)ی دامەزراند.

مامۆستا ولیەم یوحەننا لەماوەی زیاتر لەپەنجا ساڵی تەمەنی هونەری پڕ لەداهێنانو سەروەریدا خزمەتێکی زۆری بەکاروانی هونەری موزیکی کوردی کرد.

سەرپەرشتی و بەشداری دەیان کارو چالاکی و فیستڤاڵی هونەری لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی کوردستان کردووەو سەرکەوتنی گەورەی هونەری بەدەستهێناوەو چەندین خەڵاتی وەرگرتووە.

ئەم هونەرمەندو کەسایەتییە هونەرییە گەورەیە، پاش خزمەتێکی زۆرو خەرمانێك کاری هونەری جوان و بەرز، لەرۆژی ١٤ی ئەیلولی ٢٠٠٥ ماڵئاوایی کردو لەگۆڕستانی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا. ناوو ناوبانگ و کارو بەرهەمە هونەرییەکانی مامۆستا ولیەم یوحەننا بەنەمری و زیندوویی دەمێنێتەوە.

# یەحیا ئەفەنی



یەحیا ئەفەنی، وێنەگر کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش بووەو لەڕێی زوومی کامێراکەیەوە خزمەتێکی زۆری بە شاری سلێمانی کردووە و بەشێك لە مێژووی ئەو شارەی بە وێنە تۆمار کردووە و پاراستوویەتی. ئەو وێنەی کەسایەتییە دیارەکان و قوتابخانە و مزگەوت و شەقام و شوێنە گشتییەکانی دیکەی گرتووە و ئێستا ئەو وێنانە بوونەتە سامانێکی بەنرخی ئەم میللەتە.

یەحیا سەعید کەریم ئاغا، کە بە یەحیا ئەفەنی مسەور ناسراوە. ساڵی ۱۸۸۹ لە شاری خانەقین لەدایك بووە. لەو شارە خوێندوویەتی و لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان وەك ئەفسەر و وەرگێڕ لە سوپای ئینگلیز خزمەتی کردووە و کەسێکی زیرەك و لێهاتوو بووە و زمانەکانی ئینگلیزیو عەرەبی و فارسی و تورکی و سریانی بە باشی زانیوە. هەر لە منداڵییەوە خولیای کاری وێنەگری هەبووە و لە شارەکانی بەغدا و موسڵ و هەولێر و کەرکووك کاری وێنەگری کردووە.

تەمووزی ۱۹۲٤ چۆتە شاری سلێمانی و ئیدی لەوێ خۆی بۆ کاری وێنەگری تەرخان کردووە و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەو شارە ئەو کارەی کردووە. یەحیا ئەفەنی وەك خۆی باسی ئەکات لەدوای مەحمود ئەفەنی، دووەم کەس بووە کە ستۆدیۆی وێنەگری لە شاری سلێمانی داناوەو لەو

بوارەدا خزمەتێکی زۆری کردووە و چەند گەنجێکی فێری کاری وێنەگری کردووە و ئەوانیش ستۆدیۆیان داناوە و کاری وێنەگرییان کردووە.
یەحیا ئەفەنی جگەلە کاری وێنەگری، خولیای ئەدەبی هەبووەو شاعیر بووە، چەندین شیعری جوانی نووسیوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی شیعرەکانی فەوتاون و تەنها حەوت پارچە شیعری ماوەتەوە. بەهۆی خولیای شیعرەوە لە شاعیرانی ئەو سەردەمەوە نزیك بووە و ستۆدیۆکەی شوێنی ژوانی ئەدەبی شاعیران و ڕووناکبیران بووە، ( بێکەس و قانع و زێوەر و هەردی) هاوڕێی بوون و سەردانیان کردووە. لە شێخ مەحموودی حەفید و بنەماڵەکەیەوە نزیك بووە و خۆشەویستی ئەوان بووە، چەندین وێنەی شێخی نەمر و ئەندامانی بنەماڵەکەی گرتووە.
یەحیا ئەفەنی کەسێکی نیشتمانپەروەر بووە و بەهۆی ئەوەوە چەند جارێك گیراوە و زیندانی کراوە و تەنانەت بڕیاری لە سێدارەدانیشی دراوە و دواتر لەو سزایە بەخشراوە. ئەم کەسایەتییە سەرنجڕاکێش و خزمەتگوزارە زیاتر لە نیو سەدە لەڕێی زوومی کامێرەکەیەوە خزمەتی کرد و چەندین بیرەوەریو یادگاری سلێمانی و کوردستانەکەی لە وێنەی مێژووییدا تۆمارو بەرجەستە کرد. نووسەری خەمخۆر و ئەرشیفپارێز (ڕەووف شێخ جەمیل)، کتێبی (یەحیا ئەفەندی وێنەگر)ی لەسەر ئەم کەسایەتییە گەورەیە نووسیوەو نەیهێشتووە بچێتە فەرهەنگی لە بیرچوونەوە.
یەحیا ئەفەندی، لەرۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ بۆ دواجار چاوەکانی لێکناو لە گۆڕستانی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.
یەحیا ئەفەنی لە گەرمەسێرەوە هات و سلێمانی کردە مەکۆی کارو چالاکیو لە چاوی کامێرا بچووکەکەیەوە مێژوویەکی گەورەی تۆمار کرد.

# یەحیا مەرجان



هونەرمەندێكی دیار و هەڵكەوتووی كوردستانە و لە ڕشتە جیاجیاكانی هونەر و كولتوور و پەروەردەدا خزمەتی زۆری پێشكەش بە گەلەكەی كردووە. یەحیا خدر مەرجان، ناوی تەواوی ئەو هونەرمەندەیە و بە یەحیا مەرجان ناسراوە . ساڵی ١٩٣٦ لە شاری هەولێر لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی لە هەولێر و بەغدا تەواو كردووەو ساڵی ١٩٦١ پەیمانگای هونەرە جوانەكانی بەغدای تەواو كردووە. ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپەكانی مۆسیقای دەرسیم و تیپی هونەری هەولێر بووە.

مامۆستا یەحیا مەرجان وەك مامۆستا و هونەرمەند لە ڕشتە جیاجیاكانی پەروەردەو ڕۆشنبیری و هونەرەكانی مۆسیقا و گۆرانی خزمەتی كردووە و ڕۆڵی دیاری لە پێشخستنی ئەو هونەرانە لە هەولێر و كوردستان هەبووە. ئەم مامۆستا و هونەرمەندە ناسراوەی شاری هەولێر، لە ڕۆژی ٣٠ی ئابی ٢٠١٦ بەیەكجاری ماڵئاوایی لە دنیای هونەر كردو لە شاری هەولێر بە خاك سپێردرا.

# یەشار کەمال



(قازو قوڵنگ، قازو قوڵنگ، ئەی ئەو قازو قوڵنگانـەی بـەئاسمانی بـەرزدا دەفـڕن، سـڵاوم بگەیـەنن بـە دەریاچـەی وان، بـەئاوی شـینی، بـەکانیاوی تـەزیوی، بەکارمامزە رندەکانی چیا، بەو پێدەشتە سـەوزانەی شـیرو هـەنگوینیان پێـدا دەڕوات)!

یەشـار کـەمال نووسـەرو ئـەدیبێکی ناسـراوی جیهانییـە، ئەگەرچـی بەرهەمەکانی بەزمانی تورکی نووسیوەو بـەهۆی هەلومـەرجی سـەختی وڵات لـە خوێنـدنو نووسـین بـەزمانی دایـك بێبـەش بـووە، بەڵام هـەرگیز ئـەو راستییەی نەشاردۆتەوە کە ئـەو کـوردەو خەڵکی ناوچەی وانی باکوری کوردستانە.

ساڵی ٢٠١٠ کـە بەسـەفەر لەسوید بـوو، پـەیامنێری بەشـی کـوردی رادیـۆی سوید، پرسیاری ئەوەی لێکرد، کوردە یان تورك؟

ئـەویش لـە وەڵامـدا وتـی: (ئەوانـەی بـەمن دەڵـێن کـورد نـیم، لەبەرئـەوەی بەکوردی نەمنووسـیوە، ئەوانـە کـوڕی کـەرن، مـن کرمـانجی زۆر چاك دەزانم، چوون من کرمانجم، کرمانجێکی رەش، دەزانی کرمانجی رەش یانی چی؟).

کرمانجی رەش واتە کوردی دەرەوەی سیستمی باڵادەستی تورکیا.

رۆمانـەكانی یەشـار كـەمال ئەگەرچـی بـە زمـانی تـوركی نووسـراون، بـەڵام ناوەرۆكـەكانیان ئـێش و ئـازارو خـەم و چەوسـانەوەی خـەڵكی كـورد و گەلـە بەشمەینەتەكانی دیكەیە.

خانەوادەكـەی بەئەسـڵ خـەڵكی كـەناری دەریاچـەی وانـن، بـەڵام كۆچـیان كردووە بۆ گوندی هەمیتـەی قەزای عوسمانییـەی پارێزگـای ئەدەنە. یەشـار كەمال لەساڵی ١٩٢٣ لـەو گونـدە لـەدایك بـووە. تەمـەنی پێـنج سـاڵ بـووە بـە بەرچـاوییەوە لەمزگەوتێكـدا بـاوكی دەكـوژن، ئـەو كارەسـاتە شـوێنەوارێكی سـەخت لەدەروونیـدا بەجێـدەهێڵێت، لـەبیری ناكـات و دەیكاتـە هـەوێنی رۆمانێك.

یەشار كەمال لە گوندی بورهانلیی ناوچەی قادیرلی شاری ئەدەنە بەتوركی خوێندوویـەتی، بـەهۆی سـەختی ژیانـەوە نـەیتوانیوە دوا پـۆلی قۆنـاغی ئامادەیی تەواو بكات.

ئیـدی رووی كردۆتـە بـازاڕی ژیـان، وەك فەرمانبـەرو شـۆفێرو چـاودێرو پاسەوان كاری كردووە.

لەگەنجیـدا خولیـای نووسـین بـووە، سـەرەتا بەكۆكردنـەوەی لاواندنـەوەو شـیعری فۆلكلـۆری تـوركی دەسـتی پێكـردووە، سـاڵی ١٩٤٣ لـەدووتوێی كتێبێكدا بەناوی (لاواندنەوەكان) چاپی كردووە.

یەشـار كـەمال، هـەر زوو تێكـەڵاوی سیاسـەت بـوو، بـەهۆی ژیـانی پـڕ لەنەهامـەتی خۆیـەوە، بـەبیرو بـاوەڕی ماركسـی سەرسـام بـوو، لەسـەرەتای پەنجاكاندا بانگەشەی بۆ ئـەو بـاوەڕە كـرد، بەهۆی ئـەوەوە لـە شـاری ئەدەنـە زینـدانی كـراو بـۆ مـاوەی سـاڵێك لـە كـونجی زینـدان مایـەوەو دواتـر بێتـاوان دەرچوو، ئازاد كرا.

ئیـدی دوای ئـەوە سـەفەری كـرد بـۆ ئەسـتەنبوڵ و لـەوێ وەك رۆژنامـەنووس لەرۆژنامـەی (جمهوریـەت) كـاری كـرد، بـۆ ئـەو رۆژنامەیـە ریپۆرتـاژی ئامـادە

دەکرد، کارەکەی جێی سەرنج و رامانی خوێنەران بوو، بۆیە هەر زوو وەك رۆژنامەنووسێکی شارەزا ناسرا.

یەشار کەمال ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی کرد بەحزبی کارگەری تورکیاوەو گەیشتە ئاستی سەرکردایەتیی ئەو حزبە. بەهۆی نووسین و هەڵسوڕانی سیاسییەوە چەند جارێك زیندانی کراو ئازارو ئەشکەنجەی زۆری چەشت.

خەون و خولیای سەرەکی ئەو ئەدەب بوو، هەربۆیەش سیاسەتی بەجێهشت و خۆی بۆ ئەدەب تەرخانکرد.

سەرەتا بە کۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری و چیرۆکی کورت و کاری رۆژنامەنووسی دەستی پێکرد، هاوشانی ئەوانەش رۆمانی ئەنووسی، ساڵی ١٩٥٥ بەرگی یەکەمی رۆمانی حەمەدۆکی نووسی، ئەو رۆمانە زۆر جوان و سەرنجراکێش بوو، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بۆ زۆر زمانی زیندووی جیهان تەرجەمە کرا، بەوەش یەشار کەمال لەسەر ئاستی جیهان ناسراو بۆ خەڵاتی نۆبل پاڵێورا، بەڵام وەرینەگرت. دواتر سێ بەرگی تری ئەو رۆمانەی نووسی و هەر چوار بەرگەکەی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون.

نۆ رۆمانی تری بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون.

چەندین رۆمانی تری نووسی، رۆمانەکانی بۆ زیاتر لە ٥٠ زمانی بیانی وەرگێڕدراون و بەتیراژی زۆر چاپکران.

یەشار کەمال خاوەنی ٤٥ کتێبی چاپکراوە، کە نیوەیان زیاتر رۆمانن. بەهۆی بەرهەمە جوان و بەهادارەکانی، زیاتر لە ٤٠جار خەڵاتی بەنرخی لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات و جیهان پێبەخشراوە. تەنانەت دکتۆرای فەخریشی لە ئەورووپا دراوەتێ.

سەرباری ئەوەی بەهۆی نووسین و هەڵویستەکانی چەندین جار زیندانی کراو ئازارو ئەشکەنجە درا، بەڵام کۆڵی نەدا، ئەو کۆڵی بەدەسەڵاتدارانی

توركیادا، عەبدوڵڵا گویل سەرۆكی توركیا لەكۆشكی كۆماری پێشوازی لێكردو لەرێورەسمێكدا گەورەترین خەڵاتی دەوڵەتی پێبەخشی.

لەبەر ئەوەشی ئازارو مەینەتی ئەرمەنییەكان لە رۆمانەكانیدا رەنگی داوەتەوە، لای ئەرمەنەكان خۆشەویست بوو، سەرۆكی ئەرمینیا خەڵاتێكی بەنرخی وڵاتەكەی پێبەخشی.

دوای خزمەتێكی زۆر بە ئەدەب و فەرهەنگ، رۆژی ٢٨ی شوباتی ٢٠١٥ لەشاری ئەستەنبوڵ كۆچی دوایی كرد، رۆژی دووی ئادار، هەر لەو شارە لەرێو رەسمێكی میللی و رەسمیدا بەخاك سپێردرا.

یەشار كەمال، ئەو نووسەرو رۆمان نووسە گەورەیەی كورد، زمان رێگر نەبوو لەوەی خەم و ئازارو مەینەتی گەلەكەی و گەلانی دیكەی چەوساوە بەجیهان بگەیەنێ.

# یەکێتیی نوسەرانی کورد

یەکێتیی نوسەرانی یەکێکە لەو ڕێکخراوە پیشەییانەی ڕۆڵێکی دیارو درەوشاوەی لە خزمەتکردنی کاروانی ئەدەبی و ڕوناکبیری کوردیدا هەبوو ئەم ڕێکخراوە هەمیشە لە بەرەی گەل‌و نیشتماندا بووەو هەردەم داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان کردووە. پاش هەوڵ و هیممەتی دەستەی دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوە (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، د.نەسرین فەخری، د.کاوس قەفتان، د.ئیحسان فوئاد، د.مارف خەزنەدار، جەمال بابان، خالید دلێر، محەمەدی مەلا کەریم، حسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی، نوری عەلی ئەمین)، لە ڕۆژی ١٠ی شوباتی ١٩٧٠ ڕێکخراوەکە مۆڵەتی ڕەسمی کارکردنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق وەرگرت‌و هاتە مەیدانی کار و خزمەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە. ئەگەرچی ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی پیشەیی شار بوو، بەڵام ڕێکخراوێکی تێکۆشەر و بەهەڵوێست بووەو هەردەم لەگەڵ هێڵی شۆڕش‌و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستاندا بووە، لەو پێناوەشدا قوربانی زۆری داوەو چەندین قەڵەمی بەهەڵوێستی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە تووشی گرتن‌و ڕاونان بوون و بەشێك لەو قەڵەمانە لەکۆڕی خەباتی شار و شاخدا گیانی خۆی بە ئازادیی کوردستان بەخشی.

ڕژێمی بەعس وەك ڕێكخراوێكی یاخی سەیری یەكێتیی نوسەرانی كوردی ئەكرد، هەربۆیەش لە ساڵی ١٩٨٠ هەڵیوەشاندەوەو كردی بە بەشێك لە ڕێكخراوی (ئەدیبان و نووسەرانی عێراق). بەوەش ئەو یەكێتییە هەڵوەشایەوە، بەڵام نووسەرانی خاوەنی هەڵوێست هەر لە بەرەی گەل مانەوەو قەڵەمەكانیان لە خزمەتی شۆڕش و پێشمەرگە بوو، بەناوی نهێنی لە بڵاوكراوەكانی شاخ بەرهەمەكانیان بڵاو ئەكردەوە. لەدوای ڕاپەرینی ئازادیی١٩٩١، جارێكی دیكە یەكێتیی نوسەرانی كورد دامەزرایەوەو هاتەوە مەیدانی تێكۆشانی ئەدەبی و ڕووناكبیری و تا ئێستا بەردەوامە.

یەكێتیی نوسەرانی كورد لە مێژووی پڕ شكۆی تەمەنیدا خزمەتێكی زۆری كردووەو خاوەنی خەرمانێك دەستكەوتی ئەدەبی و ڕوناكبیرییە. سڵاوی ڕێز و وەفا بۆ قەڵەمە ئازاكانیو ڕۆحی پاكو بێگەردی ئەوانەی ماڵئاواییان كردووە.

# یەڵماز گۆنای



نوسـەرو هونەرمەنـدو دەرهێنـەرێکی ناسـراوی کوردستانو جیهانە.
لـە١ی نیسـانی ١٩٣٧ لەگونـدی ئینجـەی شـاری ئەدەنـەی بـاکوری کوردسـتان لـەدایك بـووە. ژیـانێکی زۆر نـاخۆشو کولەمـەرگی ژیـاوە. لەتەمەنی ١٧ ساڵییەوە چۆتە ئیستەنبوڵو لەوێ لەگەڵ خوێندندا کاریشی کردووە.
بەکالۆریۆسی لەزانستی سیاسیو ئابووری بەدەستهێناوەو دواتر بڕوانامەی حقوقی وەرگرتووە. گۆنای لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوەوە، چۆتە نێو دنیای ئەدەبو سەرەتا بەشیعرو چیرۆك دەستی پێکردووە. دواتر خۆی بۆ سینەما تەرخانکردووەو رۆڵێکی دیاری لەنووسینو بەرهەمهێنانی دەیان فیلمی سینەماییدا هابووە، فیلمەکانی گۆنای دەبڕی ئازارو مەینەتییەکانی گەلەکەی بووە. بەهۆی باشی فیلمەکانییەوە ١٧ خەڵاتی وەرگرتووە، دیارترینیان خەڵاتی فیستڤاڵی (کان) بوو بۆ فیلمی (رێگا) لەساڵی ١٩٨٢دا. بەهۆی هەڵویستە سیاسییەکانی چەندین جار زیندانی کراوەو بەشێکی تەمەنی لەزینداندا بردۆتە سەرو هەر لەزیندانیش هەڵهاتووەو خۆی گەیاندۆتە پاریس. لەوێ هەلی بۆ هەڵکەوت کە لەرێی هونەری سینەماوە کێشەی رەوای گەلی کوردستان بەدنیای دەرەوە بناسێنێ. بەوەش وەك هونەرمەندێك ناوبانگێکی زۆری دەرکرد. رۆژی ٩ی ئەیلولی ١٩٨٤ لەتەمەنی ٤٧ ساڵیدا لەشاری پاریس کۆچی دوایی کردو چەندین کەسایەتی سیاسیو حکومیو هونەری بەشداری رێورەسمی ناشتنەکەیان کرد.